**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 59

**ساڵی/ 2010 – بەرگی پەنجاو نۆ**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2010**

له بلاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2010)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 59
چاپی یەكەم: 2010
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرِیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (17) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/6/22 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (18)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/6/23 ل 96

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (19)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2010/6/27 ل 135

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/6/28 ل 217

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/6/29 ل 365

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/6/30 ل 377



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)ی**

**سێ شەممە رێکەوتی 22\6\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (17)ی

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2010/6/22

كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێكـەوتی 2010/6/22 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (17)ی خـولی سـێیەم, سـاڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (17)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2010/6/22 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژە یاسـای وەزارەتـی كشـتوكاڵ و سەرچـاوەكانی ئـاو لـە هـەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنـی پـرۆژە یاسای هـەموار كردنـی یەكـەمی یاسـای یـەكێتی ژووری بازرگـانی پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (14)ی ساڵی 1993.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی یەكـەم، خـولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (17)، ڕۆژی دانیشتن 2010/6/22، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمـەكانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی كـاری دانیشتنی ژمارە (17)ی ئاسایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی سـێ شەممە ڕێكەوتی 2010/6/22دا بەم شێوەیە بێت:

1- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژە یاسـای وەزارەتـی كشـتوكاڵ و سەرچـاوەكانی ئـاو لـە هـەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنـی پـرۆژە یاسای هـەموار كردنـی یەكـەمی یاسـای یـەكێتی ژووری بازرگـانی پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (14)ی ساڵی 1993.

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری کاك جەمیل سلێمان دەکەین، بەخێر هاتنی برای بەڕێز کاك ئەنوەر دەکەین، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری دەکەین کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، ، کەرەم بکەن بۆ خوێندنەوەی پرۆژە یاساکە بە کوردی و بە عەرەبی، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پرۆژە یاساکەمان بە ڕاپۆرتێکی هاوبەش ئامادە کردووە، لەنێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڵام دیارە بەنیسبەت تەرجومە کوردیەکەی زۆر زۆر خراپ تەرجومە کراوە، تەتابوقیش ناکاتن لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی کە بە عەرەبی نووسراوە، بۆیە ئێمە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ڕاپۆرتە عەرەبیەکە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە، ئێستا دەست پێ دەکەین بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشتر پرۆژە یاساکە بخوێننەوە، پاشان ڕاپۆرتی هاوبەش.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەو ئامانجەکان**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتی ئاو.

سێیەم: وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و دەرامەتی ئاو.

چوارەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت.

ماددەی دووەم:

وەزارەت بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە هەوڵ دەدات:

یەکەم: دانانی ستراتیج و سیاسەت و پلانگەلێك بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی دەرامەتی ئاوی (سەرزەوی و بن زەوی) لە هەرێمدا، بۆ بەدیهێنانی باشترین (الامثل) بەکارهێنانی سامانی ئاوو، جێ بەجێ کردنی پلانی ستراتیجیی پێنج ساڵەی کەرتی کشتوکاڵ، لەپێناوی بەدیهێنانی خۆ کیفایەتی لە قەرتاڵەی خۆراکی بەروبوومی کشتوکاڵی هەرێم.

دووەم: ئامادە کردنی لێکۆڵینەوەی سوودی هونەری و ئابووریی بۆ ئەو پرۆژانەی کە پابەستن بە وەزارەت و، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت، لەوانەش: لێکۆڵینەوەی پێوانی خاك و ئامادە کردنی نەخشەی بەروبوومی کشتوکاڵ و ڕێکاری توێژینەوەی زانستی و دانانی نەخشەی ئەندازەیی و ئامادە کردنی بەرنامەی گەشەپێدان و کارکردن لەسەر سەرپەرشتی بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی وەزارەت، بەپێی پلانە بڕیار لەسەر دراوەکان.

سێیەم: دامەزراندنی پرۆژەی ستراتیجی، لەوانەش: دامەزراندنی بەنداو (السدود) و پرۆژەی ئاودان و پرۆژەی پاراستنی سامانی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێر زەوی و، بە بەکارهێنانی مەکینەی تازە بابەت.

چوارەم: کارکردن بۆ ڕێکخستنەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵ، بەجۆرێك کە گەشەپێدانی بەروبوومی رووەکی و ئاژەڵی گەشە پێ بدات.

پێنجەم: دانانی پلانی تایبەت بۆ نەهێشتنی مەترسیی لافاوو، کۆنترۆڵ کردنی سیول و بەڕێوەبردنی ئاوەڕێژەی رووبارەکان و، ڕێکخستنی دابەش کردنی ئاو، رووبەڕوو بوونەوەی وشکەساڵی و چارەسەر کردنی ئاسەوارەکانی لەسەر دەرامەتی ئاو.

شەشەم: بنیادنانی تاقیگەو، وێستگەی تاقیکردنەوەو، گەشە پێدانی مەرکەزەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی و، ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی بەهاوکاری لەگەڵ زانکۆکان و، کار کردن بۆ گشتاندنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکان و گەیاندنیان بە وەزیرەکان لە ڕێگەی دامودەزگای ڕێنمایی کردنی کشتوکاڵی، بە ئامانجی پەرەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتی و بەروبوومی کشتوکاڵ.

حەوتەم: پێشنیاز کردن و توێژینەوە لەو ئامرازانەی کە دەبنە هۆی سەرخستنی بەکارهێنانی زەوی وزاری کشتوکاڵ و، کارکردن بۆ وەبەرهێنان و پاراستنی ئەو زەوی و زارانەو، پەرەپێدانی جۆری ئاوو، پەرەپێدان و چاکتر کردنی دامەزراوەکانی ئاودێری و خاك لە ڕێگای جێ بەجێ کردنی توندی یاساکانی کشتوکاڵ و یاساکانی ئاوو یاساکانی ژینگەوە، بە جۆرێك کە لەگەڵ پێوەرەکانی نێودەوڵەتیدا بگونجێن.

هەشتەم: جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە چەسپاندنی مافەکانی دەستکاری کردنی زەوی و زاری کشتوکاڵ لەلایەن وەزیرانەوە، لەگەڵ یەکلا کردنەوەی ئەو زەوی وزارانەی کە هێشتا یەکلا کردنەوەیان بە کۆتا نەگەیشتووە، یان ئەوانەی کە هێشتا بڕیارەکانی چەسپاندنی مافەکانی زەوی وزار تێیاندا پلەی کۆتایی وەرنەگرتووە بەپێی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ.

نۆیەم: هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی یەکەی گەورە گەورەی وەبەرهێنانی (الانتاج) کشتوکاڵ و، هاندانی (تشجیع) یەکە بچکۆڵەکان بە تێکەڵ کردن و یەکتر تەواو کردن.

دەیەم: کارکردن لەسەر هاندان و ڕێکخستنی وەبەرهێنانی رووەکی و ئاژەڵی لە کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی ئاویدا، لەگەڵ پێشکەش کردنی ئاسانکاریی پێویست بۆ ئەو کەرتانە، لە پێناوی بەشدار بوون لە گەشە کردنی کشتوکاڵی لە هەرێمدا.

یازدەم: کارکردن بۆ بووژاندنەوەو گەشەپیدان و پەرەپێدانی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ و پاشکۆکانی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمداو، بەکارهێنانی ئامرازی زانستی بۆ پاراستنی ئەم سامانە لە نەخۆشی، هەروەها بۆ زۆر کردنی بەروبووم و چاکتر کردنی جۆرایەتی بەروبووم.

دوازدەم: کارکردنی بەردەوام و دانانی پلانی زانستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەلاو نەخۆشی و درم، لەگەڵ فەراهەم کردنی ئەو رێگایانەی کە دەبنە هۆی پاراستن و رێگا لە بلاو بوونەوەیان دەگرن.

سێزدەم: خزمەت کرنی بەروبوومی کشتوکاڵ و، دارستانە (سروشتی و دەستکردەکان)و، لەوەڕگاکان و، پاراستنیان، چونکە ئەمانە سامانی نیشتمانین، لەگەڵ پشتیوانی کردن لە قەدەغە کراوە سروشتییەکان (المحميات الطبيعية).

چواردەم: گەشەپێدانی دەرامەتی بەشەری و پێشکەش کردنی خزمەتی رێنمایی کردن و، تێگەیاندنی وەرزێرو رەزەوانان دەربارەی باشترین بەکاهێنانی سامانی ئاوی و، بنەماکانی رەنێوهێنانی کشتوکاڵ و، پشت بەستن بە تەکنۆلۆجیاو پێداویستە هاوچەرخەکانی کشتوکاڵ، بە جۆرێك کە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمدا گەشە پێ بدات.

پازدەم: بەکارهێنانی سیاسەتی تایبەت بە بەرێوەبردنی تەواوکاری بۆ دەرامەتە ئاوییەکان و، توندکردنەوەی یاساکان و، ملکەچ کردنی ئەو کەرتانەی کە بەکاریان دەهێنن، بۆ ئەوەی ئەو یاسایانە جێ بەجێ بکەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە سامانی ئاوی لەهەرێمدا پارێزراو بێت بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان، یان لەگەڵ دامودەزگاکانی دیکەی حکومەتدا، هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە حکومیەکانی واوەست بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەپێناوی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و، دەرامەتی ئاوی و، گێڕانی رۆڵی سەرەکی لە بڕیارەکانی ناوخۆ و، نیشتمانی و، هەرێمایەتی و، نێودەوڵەتی دەرامەتە ئاوییەکان و راسپاردەکانیاندا.

شازدەم: هاندانی وەرزێرەکان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی پسپۆری هەرەوەزیی کشتوکاڵی و، بۆ بەشداری کردن لە یەکە گەورەکانی رەنێوهانیندا.

حەڤدەم: هاندانی پیشەسازیی کشتوکاڵی بەو رێگایانەی کە دەبنە هۆی سەرخستنی ئەو پیشەسازییە، لەگەڵ فەراهەم کردنی کەرەستە خاوەکانی کشتوکاڵی بۆ ئەو پیشەسازییە.

هەژدەم: گرنگیدان بە سامانی ماسی و پەروەردە کردنی مێش هەنگ.

نۆزدەم: پاراستنی بەروبوومی کشتوکاڵی ناوخۆو، دانانی سیاسەتی بۆ بازارِناردن و، هەڵگرتن و (التخزينية)، بەشداری کردن لە چەسپاندنی نرخ لەسەر بەروبوومەکانی کشتوکاڵ.

## بەشی دووەم

## پسپۆڕی و دەسەڵاتەکان

ماددەی سێیەم:

**یەکەم: وەزیر:**

**1- وەزیـر، بەرپرسـی یەکـەمی وەزارەتەکەیـەو، بەرپرسـە لـە کارەکـانی و ئاراسـتەکردنی سیاسـەتەکەی و سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنیان، هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییـەك کـە پەیوەنـدیی بـە کارەکـانی وەزارەتەکـەو پێکهاتـەکان و دەسـەڵاتەکان و کاروبـاری دیکـەی هونـەری ودارایـی و کـارگێڕی و ڕێکخسـتنەوە هـەبێت، لەلایـەن وەزیـرەوە دەردەچـێت و خـۆی سەرپەرشـتیان دەکـات، بـەپێی حوکمـەکانی یاسـا، وەزیـر بەرامبەر بـە ئەنجومـەنی وەزیـران بەرپرسـە، چـونکە خۆشـی ئەنـدامێکی هاوکاری وەزارەتەکەیـەو، بۆشـی هەیـە هەنـدێ لـە دەسـەڵاتەکانی بـدات بـە هـەردوو بریکـاری وەزارەت، یـان بەبەڕێوەبـەرە گشـتیەکان، یـان بەوەی کە بەگونجاوی بزانێت لە وەزارەتەکەدا.**

**2- وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ کەسانی سروشتی، یان مەعنەوی لە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕان، لەناو هەرێم و لە دەرەوەی هەرێمیشدا گرێبەست بکات، بۆ ئەوەی چەند کارێك کـە پێیـان دەسـپێردرێت، لەماوەیەکـدا کـە خۆی بە گونجاوی دەزانێت تەواو بکەن، ئەمەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەنـدیی ئەنجومـەنی وەزیـران و، دیـار کردنی مافەکانیان دەبێت.**

**دووەم: وەزارەت دوو بریکاری هەیە، بریکارێك بۆ کاروباری کشـتوکاڵ و، بریکارێـك بـۆ کاروبـاری دەرامـەتی ئاو، ئەو کارانە دەکەن کە وەزیـر پێیـان دەسـپێرێت و لـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری وەزارەتەکەشـدا یاریـدەی دەدەن، ئەو دوو بریکارە پێویستە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیان بەدەست هێنـا بێـت و خـاوەن ئـەزموون و پسپۆڕ بن.**

**سێیەم: ڕاوێژکارەکان: لە چوار تێ پەڕ ناکەن، پێویستیشە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بـن و، هـەر یەکەشیان لە پسپۆڕێك و ئیشێکی سەرەکیی وەزارەتەکەدا ئەزموون و پسپۆڕیی هەبێت.**

**چوارەم: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت، لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

**1- وەزیر.**

**2- هەردوو بریکاری وەزارەت.**

**3- ڕاوێژکارانی وەزارەت.**

**4- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت.**

**5- سەرۆکی یەکێتیی وەرزێران لە هەرێمدا.**

**6- وەزیـر بـۆی هەیـە نوێنـەرانی دی لـە وەزارەتـە پەیوەندیدارەکانـەوە، یـان شـارەزایان لـە دەرەوەی وەزارەتەکەدا، لەکاتی پێویستدا بۆ ئەنجومەنەکە زیاد بکات.**

## بەشی سێیەم

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی چوارەم:**

یەکەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و، خاوەن ئەزموون و لێهاتوو بێت، ژمارەیەکیش فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.

دووەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری دەرامەتی ئاو: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و، خاوەن ئەزموون و لێهاتوو بێت، ژمارەیەکیش فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.

سێیەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کشتوکاڵ: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و، خاوەن ئەزموون و لێهاتوو بێت، ژمارەیەکیش فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان: تایبەتە بەکاروباری کارگێڕی و دارایی لە دیوانی وەزارەتەکەداو، سەرپەرشتی پێکهاتەکانی وەزارەت دەکات و، بەپێی پسپۆریی خۆی بە دوایاندا دەچێت، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و خاوەن ئەزموون و شارەزا بێت (الممارسة).

پێنجەم: بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون: تایبەتە بە دانانی پلانگەلی ئاسایی و ستراتیجی و پلانگەلی وەبەرهێنان و، ئامادە کردنی نەخشەی پرۆژە ئەندازەییەکان و، بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی پلانەکان و، کار کردن بۆ ڕێکخستنی ئامارو هێزی کارو، سیستەمەکانی زانیاری، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و خاوەن ئەزموون و کردە بێت.

شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێکۆڵینەوەی ئاوو توێژینەوەو ڕێ نیشاندانی کشتوکاڵی: تایبەتە بە ئامادە کردنی لێکۆڵینەوەکانی بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی ئاوو ژینگە ئاوییەکان و، ئامادە کردنی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بۆ بەکارهێنانی ئاوو زەوی وزارو، ئامادە کردنی پرۆژە ئەندازەییەکان و ئەنجامدانی توێژینەوەی کشتوکاڵی و ڕێگانیشاندان بە وەرزێرەکان و، گواستنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکان بۆ سەر کێڵگەی وەرزێرەکان، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و خاوەن ئەزموون و کردە بێت.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوو کۆگاکانی ئاو: تایبەتە بە ئامادە کردنی پێداویستیەکانی پرۆژەی بەنداوە گەورەکان و بەنداوە بچووکەکان و، سەرپەرشتی کردنیان و جێ بەجێ کردنیان و، وەگەڕخستن و پاراستنی دامەزراوەکانیان و، ڕێکخستن و خەزن کردن و بەردانی ئاو، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و خاوەن ئەزموون و کردە بێت.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زاری کشتوکاڵ: تایبەتە بە بەکارخستنی یاسا بەرکارەکانی زەوی وزار لە هەرێمدا، ڕێکخستن و فەراهەم کردنی زەوی وزار بۆ وەبەرهێنان و بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکان،

بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بـەڕێوەی دەبـات، بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکـۆی بەدەسـت هێنـا بێت و خاوەن ئەزموون و کردە بێت.

نۆیـەم: بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی ئـاوی سـەرزەوی و بـن زەوی: تایبەتـە بـە سەرپەرشـتی جـێ بـەجێ کردنـی پرۆژەکانی ئاوی سەرزەوی و بن زەوی، لەوانەش، پرۆژەکانی ئاودێری و قەرساندنی (تقییم) ئاوەکانی بـن زەوی و بیر لێدان و فەراهەم کردنی ئاو، بۆ مەبەستە جۆراو جۆرەکان، بەڕێوەبـەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و خاوەن ئەزموون و کردە بێت.

دەیـەم: بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی سـامانی ئـاژەڵ (بەیتـەری): تایبەتـە بـە سـامانی ئـاژەڵی پەلـەوەرو ماسـی وپزیشـکی بەیتـەری، بەڕێوەبـەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات، بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و خاوەن ئەزموون و کردە بێت.

یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستان و بێستان و خزمـەتی کشـتوکاڵی: تایبەتـە بـە دارسـتان و بێسـتان و لەوەڕگاو سەوزەو پاراستنی باخەکان و بەروبوومی کێڵگەیی (پیشەسازی و، زەیتی و، پاقلەمەنی و، ئالیك)و، ناردنە بازاڕو سلفەدانی کشتوکاڵی و پێدانی شمەکی کشتوکاڵی، بەڕێوەبەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکـات و بەڕێوەی دەبات، بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و خاوەن ئەزموون و کردە بێت.

دوازدەم: بەڕێوەبەرایــەتی گشــتی کشــتوکاڵ لــە مەرکــەزی پارێزگاکــانی هــەرێم و ئیــدارەی گەرمیانــدا: هەریەکـەیان بەڕێوەبـەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات، بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکـۆی پسپۆڕیی بەدەست هێنا بێت و، خاوەن ئەزموون بێت، کە بتوانێت سەرپەرشتی پرۆژە کشـتوکاڵیەکان بکـات لە پارێزگاکاندا، بەڕێوبەرایەتی و لقەکانی کشتوکاڵی تر لە سنووری هەریەکەیاندا پێوەی واوەست دەبن.

## بەشی چوارەم

## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: پێکهاتەو بەشەکانی وەزارەتەکە، بەپێڕەو دیار دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك، یان لقێك، یان بەشێك، یان هۆبەیەك، یان یەکەیەك لەناو پێکهاتەکانی وەزارەتدا بکاتەوە، یان تێکەڵی بکات، یان هەڵیوەشێنێتەوە.

سـێیەم: وەزیـر بـۆی هەیـە ڕێنمـایی پێویسـت بـۆ ئاسـانی جـێ بـەجێ کردنـی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە دەربچوێنێت.

**ماددەی شەشەم:**

هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دەرامەتی ئاو، لەهەر جێگایەکی یاساو پێڕەوی بـەرکاردا هـات بـێ و تایبەت بێت بە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دەرامەتی ئاو، ئەم وەزارەتە جێگەیان دەگرێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

**هەردوو یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ ژمارە (1)ی ساڵی (2007) و یاسای وەزارەتی دەرامەتی ئاو ژمارە (9)ی ساڵی (2006) پووچەڵ دەکرێنەوە.**

**ماددەی هەشتەم:**

**ماف و مەوجودات و پابەندی و میلاکەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دەرامەتی ئاو دەگەڕێنەوە بۆ ئەم وەزارەتە.**

**ماددەی نۆیەم:**

**کار بەهیچ دەقی یاسایەك، یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.**

**ماددەی دەیەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی یازدەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا جێ بەجێ دەکرێت.**

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

**لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان – عێراق، هەرێمێکی کشتوکاڵییەو لە دەرامەتی ئاودا دەوڵەمەندەو، لەبەر گرنگی ئاویش لە زۆربەی بوارەکانی ژیان و، لەبەر ئەوەش کە رۆڵێکی گەورەی لە گەشەپێدانی ئابووریدا هەیەو، بەو مەبەستەش کە بەروبوومی کشتوکاڵ لە هەرێمدا پەرەبسێنێ و چاکتر بکرێت و چارەسەری تەواو بۆ ئەو کێشانە بدۆزرێتەوە، کە رێگا لە چاکتر بەکارهێنانی توانستی سروشتی و ماددی و بەشەری و دەرامەتی ئاو لەهەرێمدا دەگرن و بە مەبەستی رەخساندنی کەش و هەوای لەبار بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی هەردوو کەرتی پیشەسازی و ئاوو بەدیهێنانی خۆکیفایەتی (الاكتفاء الذاتي) لە قەرتاڵەی خۆراك و دابین کردنی ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی ئاوو بووژاندنەوەی دێهات و گوندەکان و، لەبەر ئەوەش کە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دەرامەتی ئاو کران بە یەك وەزارەت بەناوی (وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتی ئاو)، لەبەر ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە پێکهاتەکانیدا روویاندا، ئەم یاسایە دانرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەرەم بکەن بە عەرەبیش بخوێننەوە.**

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون رقم ( ) لسنة ( )**

**قانون وزارة الزراعة والموارد المائية في اقليم كوردستان – العراق**

**الفصل الاول**

## التعاريف والاهداف

**المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:**

**اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.**

**ثانياً: الوزارة: وزارة الزراعة والموارد المائية.**

**ثالثاً: الوزير: وزير الزراعة والموارد المائية.**

**رابعاً: المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.**

**المادة الثانية: تهدف الوزارة الى:**

**اولاً: وضع الاستراتيجيات والسياسات والخطط لتطوير وتنمية واستثمار الموارد المائية (السطحية والجوفية) في الاقليم لتحقيق الاستخدام الامثل للثروة المائية وتنفيذ الخطة الاستراتيجية الخمسية للقطاع الزراعي من اجل تحقيق الاكتفاء الذاتي في السلة الغذائية للاقليم من المنتجات الزراعية.**

**ثانياً: اعداد دراسات الجدوى الفنية والاقتصادية للمشاريع العائدة للوزارة والقيام بالدراسات الخاصة منها دراسات مسح التربة واعداد خارطة الانتاج الزراعي واجراء الابحاث العلمية ووضع التصاميم الهندسية واعداد المناهج التنموية والعمل على الاشراف والمتابعة لتنفيذ مشاريع الوزارة وفقاً للخطط المقررة.**

**ثالثاً: انشاء المشاريع الاستراتيجية منها انشاء السدود والمشاريع الاروائية ومشاريع الحفاظ على ثروات المياه السطحية والجوفية باستخدام التقنيات الحديثة.**

**رابعاً: العمل على اعادة تنظيم البنية التحتية للقطاع الزراعي بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيها النباتي والحيواني.**

**خامساً: وضع الخطط الخاصة بدرء اخطار الفيضان والسيطرة على السيول وادارة احواض الانهر وتنظيم توزيع المياه ومواجهة الجفاف ومعالجة اثاره على الموارد المائية.**

**سادساً: اقامة المختبرات ومحطات التجارب وتطوير مراكز البحوث الزراعية واجراء التجارب العلمية بالتعاون مع الجامعات والعمل على تعميم نتائج البحوث وايصالها الى الفلاحين عن طريق اجهزة الارشاد الزراعي بهدف تطوير الانتاج كماً ونوعاً.**

**سابعاً: اقتراح وبحث الوسائل الكفيلة باستغلال الاراضي الزراعية والعمل على استثمارها وحمايتها وتطوير نوعية المياه وتطوير وتحسين منشأت الري والتربة بالتشديد على تنفيذ القوانين الزراعية والمائية والبيئية بما تنسجم مع المعايير الدولية.**

**ثامناً: تنفيذ القوانين الخاصة بتثبيت الحقوق التصرفية في الاراضي الزراعية للفلاحين وتسوية الاراضي غير المنتهية تسويتها او التي لم تكتسب قرارات تثبيت حقوق الاراضي فيها الدرجة النهائية بموجب قانون الاصلاح الزراعي.**

**تاسعاً: التوجه نحو تكوين الوحدات الكبيرة للانتاج الزراعي وتشجيع الوحدات الصغيرة بالدمج والتكامل.**

**عاشراً: العمل على تشجيع وتنظيم الاستثمار في القطاع الزراعي بشقيه النباتي والحيواني والقطاع المائي وتقديم التسهيلات اللازمة لها بغية المساهمة في التنمية الزراعية في الاقليم.**

**الحادية عشرة: العمل على احياء في تنمية وتطوير مشاريع الثروة الحيوانية وملحقاتها في الاقليم واتباع الاساليب العلمية لحماية هذه الثروة من الامراض وزيادة الانتاج وتحسين نوعياتها.**

**الثانية عشرة: العمل الدؤوب والتخطيط العلمي لمواجهة الافات والامراض والاوبئة وتوفير السبل الكفيلة للوقاية منها والحد من انتشارها.**

**الثالثة عشرة: الاهتمام بالانتاج الزراعي والغابات (الطبيعية والاصطناعية) والمراعي وحمايتها لكونها ثروة وطنية ودعم المحميات الطبيعية.**

**الرابعة عشرة: تنمية الموارد البشرية وتقديم الخدمات الارشادية وتوعية الفلاحين والمزارعين للاستخدام الامثل للثروة المائية وعناصر الانتاج الزراعي والاعتماد على التكنولوجيا والمستلزمات الزراعية العصرية بما يخدم تنمية القطاع الزراعي في الاقليم.**

**الخامسة عشرة: اعتماد السياسات الخاصة بالادارة المتكاملة للموارد المائية والتشديد على القوانين والزام القطاعات المستخدمة لها على تطبيقها حفاظاً على الثروة المائية في الاقليم والعمل بالتنسيق مع الوزارات او المؤسسات الحكومية الاخرى وكذلك المنظمات الحكومية التابعة للامم المتحدة من اجل تطوير القطاع الزراعي والموارد المائية والاضطلاع بالدور الحيوي في القرارات المحلية والوطنية والاقليمية والدولية للموارد المائية وتوصياتها.**

**السادسة عشرة: تشجيع الفلاحين في اقامة الجمعيات التعاونية الزراعية التخصصية ومساهمتها من اجل تكوين الوحدات الانتاجية الكبيرة.**

**السابعة عشرة: تشجيع التصنيع الزراعي بالسبل الكفيلة لذلك وتوفير الخامات الزراعية للصناعة.**

**الثامنة عشرة: الاهتمام بالثروة السمكية وتربية النحل.**

**التاسعة عشرة: حماية المنتجات الزراعية المحلية و وضع السياسات التسويقية والتخزينية والمشاركة في تحديد الاسعار للمنتجات الزراعية.**

## الفصل الثاني

## الاختصاصات والصلاحيات

**المادة الثالثة:**

**اولاً: الوزير:**

1- **هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء**

بأعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيلي الوزارة او المدراء العامين او من يـراه مناسباً في الوزارة.

2- للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية او المعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم او خارجه للقيام بالمهام التي توكل اليهم وللمدة التي يراها مناسبة بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء وتحدد حقوقهم وواجباتهم من قبل الوزير وفقاً للقوانين والتعليمات المعمول بها.

ثانياً: للوزارة وكيلان، وكيل للشؤون الزراعية ووكيل لشؤون الموارد المائية، يمارسان المهام الموكلة لهما من الوزير ويساعدانه في ادارة شؤون الوزارة، على ان يكونا حاصلين على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

ثالثاً: المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية او لكل واحد منهم خبرة وممارسة في احدى اختصاصات واعمال الوزارة الاساسية.

رابعاً: المجلس الاستشاري للوزارة ويتألف من:

1- الوزير.

2- وكيلا الوزارة.

3- المستشارون في الوزارة.

4- المدراء العامين في الوزارة.

5- رئيس اتحاد الفلاحين في الاقليم.

6- للوزير اضافة ممثلين عن الوزارات الاخرى ذات العلاقة او خبراء من خارج الوزارة عند الضرورة.

## الفصل الثالث

## تشكيلات الوزارة

المادة الرابعة:

اولاً: مكتب الوزير: يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والكفاءة ويعاونه عدد من الموظفين.

ثانياً: مكتب وكيل الوزارة لشؤون الموارد المائية: يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والكفاءة ويعاونه عدد من الموظفين.

ثالثاً: مكتب وكيل الوزارة للشؤون الزراعية: يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والكفاءة ويعاونه عدد من الموظفين.

رابعاً: المديرية العامة للديوان: تختص بالشؤون الادارية والمالية في ديوان الوزارة وتشرف على تشكيلات الوزارة وتتابع اعمالها ضمن اختصاصها ويرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**خامساً: المديرية العامة للتخطيط والمتابعة:** تختص بوضع الخطط الاعتيادية والاستراتيجية والاستثمارية واعداد التصاميم للمشاريع الهندسية ومتابعة تنفيذ الخطط والعمل على ضبط الاحصاء والقوى العاملة والنظم المعلوماتية ويرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**سادساً: المديرية العامة للدراسات المائية والبحوث والارشاد الزراعي:** تختص باعداد دراسات ادارة ومشاريع المياه والبيئة المتعلقة بها ودراسة الاستراتيجية لاستخدامات المياه والاراضي واعداد التصاميم للمشاريع الهندسية واجراء الابحاث الزراعية وارشاد الفلاحين ونقل نتائج البحوث الى حقول الفلاحين ويرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**سابعاً: المديرية العامة للسدود والخزانات المائية:** تختص بتهيئة مستلزمات مشاريع السدود الكبيرة والسدات الصغيرة وتنفيذها واشرافها وتشغيل وصيانة منشاتها وتنظيم وخزن واطلاق المياه ويرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**ثامناً: المديرية العامة للاراضي الزراعية:** تختص بتطبيق قوانين الاراضي المعمولة في الاقليم وتنظيم وتوفير الاراضي للاستثمارات والمشاريع الزراعية ويرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**تاسعاً: المديرية العامة للمياه السطحية والجوفية:** تختص بالاشراف على تنفيذ مشاريع المياه السطحية والجوفية منها مشاريع الري وتقييم الخزانات الجوفية وحفر الابار وتوفير المياه لاغراض متعددة ويرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**عاشراً: المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة:** تختص بالثروة الحيوانية والدواجن والاسماك والطب البيطري ويرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**الحادية عشرة: المديرية العامة للغابات والبستنة والخدمات الزراعية:** تختص بالغابات والبستنة والمراعي والخضروات ووقاية المزروعات والمحاصيل الحقلية (الصناعية والزيتية والبقولية والعلفية) والتسويق والتسليف الزراعي والتجهيزات الزراعية ويرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**الثانية عشرة: المديرية العامة للزراعة في مركز محافظات الاقليم وادارة گرميان:** يترأس كل منها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية اختصاصية ومن ذوي الخبرة لتولي الاشراف على تنفيذ المشاريع الزراعية في المحافظة وترتبط بها مديريات وفروع الزراعة في حدود كل منها.

## الفصل الرابع

## احكام عامة وختامية

**المادة الخامسة:**

**اولاً: تحدد مهام التشكيلات وتقسيمات الوزارة بنظام.**

ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الفروع او الاقسام او الشعب او الوحدات ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الاقتضاء.

ثالثاً: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السادسة:

تحل الوزارة محل وزارتي الزراعة والموارد المائية اينما وردتا في القوانين والانظمة النافذة والتي تخص الزراعة والموارد المائية.

المادة السابعة:

يلغى قانوني وزارة الزراعة رقم (1) لسنة 2007 و وزارة الموارد المائية رقم (9) لسنة 2006.

المادة الثامنة:

تؤول حقوق وموجودات والتزامات وملاكات وزارتي الزراعة والموارد المائية الى الوزارة.

المادة التاسعة:

لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة

لكون اقليم كوردستان – العراق اقليماً زراعياً وغنياً بالموارد المائية ولاهمية المياه في معظم مجالات الحياة ودورها الكبير في تنمية الاقتصاد ولغرض تطوير وتحسين الانتاج الزراعي وايجاد الحلول السليمة للمعوقات الموجودة لتحقيق الاستخدام الامثل للامكانيات الطبيعية والمادية والبشرية والموارد المائية في الاقليم لغرض تهيئة الاجواء الملائمة لاعادة بناء البنية التحتية للقطاعي الزراعي والمائي وتحقيق الاكتفاء الذاتي من السلة الغذائية والامن الغذائي والمائي واحياء القرى والارياف وبالنظر الى دمج وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية في وزارة واحدة (وزارة الزراعة والموارد المائية) والتغييرات الحاصلة في تشكيلاتها شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێستا راپۆرتی هاوبەش دەخوێندرێتەوە بە زمانی عەرەبی، عەرەبیەکە دەبێتە ئەساس، چونکە دیارە لە کوردیەکە هەر لە حکومەتەوە کە بۆمان هاتووە هەڵەیەکی یەکجار زۆری تێدایە، بۆیە دەبێت بە رەسمی داوایان لێ بکەین، کە پرۆژەکەیان دەهێنن بە رێك و پێکی بۆمان بنێرن، ئەگینا مەجبور دەبین ئیعتیماد لەسەر عەرەبیەکە بکەین، کەرەم بکەن فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان.**

**ئێستا دەقی ڕاپۆرتی هاوبەش دەخوێنینەوە لەنێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير مشترك**

**استناداً لحكم المادتين (6/39و46) من النظام الداخلي للبرلمان رقم 1 لسنة 1992 المعدل، اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة الزراعة والري بتأريخ 2010/5/3 بحضور وزير الزراعة والموارد المائية ومستشاريه لدراسة مشروع قانون وزارة الزراعة والموارد المائية لاقليم كوردستان – العراق المقدم من قبل مجلس الوزراء الى البرلمان والمحال الى اللجان المعنية واعضاء البرلمان بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (5) والمؤرخة في 2010/4/2 وبعد المناقشة وتبادل الآراء بشأن المشروع تقدم اللجنتان ملاحظاتهما المشتركة حول المشروع بالشكل الآتي:**

**اولاً: بالنسبة للمادة الاولى نقترح صياغة مقدمة المادة كالآتي مع تنظيم تسلسلاتها:**

**( يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون)**

**ثانياً بالنسبة للمادة الثانية من المشروع نقترح:**

**1- حذف جملة (السلة الغذائية) من الفقرة اولاً منها واحلال جملة (المواد الغذائية) لان عبارة السلة الغذائية مأخوذة من كلمة (Food basket) الواردة في قرار الامم المتحدة 986 لسنة 1991.**

**2- تبديل عبارة الاهتمام بالانتاج الزراعي الى الاهتمام بالبستنة والغابات واضافة جملة (ثروة قومية و وطنية الى الفقرة (13) منها).**

**3- تبديل جملة (التصنيع الزراعي) الى (الصناعات الغذائية) في الفقرة (17) منها.**

**ثالثاً: بالنسبة للمادة الثالثة من المشروع نقترح مايلي:**

**1- اعادة صياغة مقدمة البند (6/ من الفقرة رابعاً) كالآتي:**

**(للوزير استضافة ممثلين ........... الخ).**

**رابعاً: بالنسبة للمادة الرابعة تقترح اللجنتين اعادة صياغة المادة بالشكل الاتي:**

**(تشكيلات الوزارة)**

**تتكون الوزارة من التشكيلات الاتية:-**

**أولا : الوزير:**

**هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى اي من وكيلي الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.**

**ثانيا: و كيلي الوزراة:**

**(أ ) وكيل الوزارة للشؤون الزراعية:**

**يساعد الوزير في تنفيذ سياسة الوزراة والاشراف على شؤونها الخاصة بالزراعة، ويمارس المهام الموكلة له من قبل الوزير في ادارة شؤون الوزارة على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص لمدة لاتقل عن عشر سنوات.**

**( ب ) وكيل الوزراة لشؤون الموارد لمائية:**

**يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها الخاصة بالموارد المائية ويمارس المهام الموكلة له من قبل الوزير في ادارة شؤون الوزارة على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص لمدة لاتقل عن عشر سنوات.**

**ثالثا: مكتب الوزير:**

**يراسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والكفاءة ويعاونه عدد من الموظفين.**

**رابعا : مكتب وكيلي الوزارة:**

**يدار كل مكتب من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**خامسا: المستشارون:**

**لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية ولكل واحد منهم خبرة وممارسة في احدى اختصاصات واعمال الوزارة الاساسية.**

**سادسا: المديريات العامة:**

**ترتبط بالوزارة المديريات الآتية:-**

**اولاً: المديرية العامة للديوان: تختص بالشؤون الادارية والمالية في ديوان الوزارة وتشرف على تشكيلات الوزارة وتتابع اعمالها ضمن اختصاصها، يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**ثانياً: المديرية العامة للسدود والخزانات المائية: تختص بتهيئة مستلزمات مشاريع السدود الكبيرة والسدات الصغيرة وتنفيذها واشرافها وتشغيل وصيانة منشأتها وتنظيم وخزن واطلاق المياه يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**ثالثاً: المديرية العامة للاراضي الزراعية: تختص بتطبيق قوانين الاراضي المعمولة في الاقليم وتنظيم وتوفير الاراضي للاستثمارات والمشاريع الزراعية يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

رابعاً: المديريات العامة للزراعة في مركز محافظات الاقليم وادارة گرميان: يرأس كل منها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية اختصاصية ومن ذوي الخبرة لتولي الاشراف على تنفيذ المشاريع الزراعية في المحافظة وترتبط بها مديريات وفروع الزراعة في حدود كل منها.

خامساً: المديرية العامة للتخطيط والمتابعة: تختص بوضع الخطط الاعتيادية والاستراتيجية والاستثمارية واعداد التصاميم للمشاريع الهندسية ومتابعة تنفيذ الخطط والعمل على ضبط الاحصاء والقوى العاملة والنظم المعلوماتية والاشراف ومتابعة مهمات مديرية الخدمات الزراعية في الوزارات والمحافظات، ويرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

سادساً: المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي: مهامها اجراء الابحاث الزراعية والمائية وارشاد الفلاحين ونقل نتائج البحوث الى حقول الفلاحين، يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

سابعاً: المديرية العامة للبستنة والغابات والمراعي: تختص بشؤون الغابات الطبيعية والاصطناعية والبستنة والمراعي يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

ثامناً: المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة: تختص بالثروة الحيوانية والدواجن والاسماك والطب البيطري، يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

تاسعاً: المديرية العامة للموارد المائية: تختص بالاشراف على تنفيذ مشاريع المياه السطحية والجوفية منها مشاريع الري وتقييم الخزانات الجوفية وحفر الآبار وتوفير المياه لاغراض متعددة، يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

خامساً: بالنسبة للمادة الخامسة لاتوجد عليها اية ملاحظات سوى تصحيح الاخطاء اللغوية فيها

سادساً: اما بالنسبة للمادة السادسة نقترح اعادة صياغتها كالآتي:

سادساً: تحل وزارة الزراعة والموارد المائية محل وزارتي الزراعة والموارد المائية اينما وردت في القوانين والانظمة والتعليمات التي تخص الزراعة والموارد المائية.

سابعاً: نقترح دمج المادتين السابعة والثامنة من المشروع في مادة واحدة بتسلسل المادة (السابعة) وكالاتي:

المادة السابعة:

اولاً: يلغى قانونا وزارة الزراعة رقم (1) لسنة 2007 وقانون وزارة الموارد المائية رقم (9) لسنة 2006.

ثانياً: تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وملاكات وزارتي الزراعة والموارد المائية الى الوزارة.

ثامناً: بالنسبة للمادة التاسعة: لاتوجد عليها اية ملاحظات.

تاسعاً: بالنسبة للمادة العاشرة: لاتوجد عليها اية ملاحظات.

عاشراً: بالنسبة للمادة الحادية عشرة: لاتوجد عليها اية ملاحظات.

اما بالنسبة للاسباب الموجبة: ترى اللجنتان بانها تفي بالغرض من تشريع هذا القانون على ان يتم تبديل جملة (السلة الغذائية) الواردة فيها الى (المواد الغذائية الضرورية).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕاستی ئێمە دوو مولاحەزەی سەرەکیمان هەیە، پێش ئەوەی بچینە موناقەشەی ماددەکان، مولاحەزەکانیش ئەوەیە، ئێمە رەنگە وەکو لیژنەی یاسایی بەرپرسیار بین لەو مولاحەزەیە.

یەکەم/ پێویست بوو ئێمە لەناو راپۆرتەکەی خۆمان باسی ئەوە بکەین، کە پێویستە ماددەی سێ و ماددەی چوار دەمج بکرێت، باسمان نەکردووە، بەلاَم لە رووی عەمەلیەوە لە راپۆرتەکە بەو شێوەیە هاتووە، ئەمە یەك.

دوو/ پێویست بوو ئێمە لە راپۆرتەکە باسی ئەوە بکەین، کە فەسڵی دووەم و فەسڵی سێیەم دەمج بکرێت، چونکە فەسڵی یەکەم مەهام و ئیختیصاصاتە، بەلاَم باسی تەشکیلات دەکات، فەسڵی سێیەم باسی تەشکیلاتە، دووبارە باسی تەشکیلات دەکاتەوە، بۆیە ئێمە حەز دەکەین ئەو دوو فەقەرەیە ئیعتیبار دەکەین لە زیمنی راپۆرتەکە، چونکە نەوەك ئیلتیباسێك پەیدا بکات لەناو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەکاتی خوێندنەوەی یاساکە بڕگە بە بڕگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە رەئی گشت لیژنەیە، یان رەئی سەرۆکایەتیە، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر رەئی سەرۆکایەتی نییە، رەئی لیژنەی هاوبەشیشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن ئێستا بۆ خوێندنەوەی ماددەی یەك.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی چاککراوی یاساکەیە کە لیژنەی کشتوکاڵ لەگەڵ لیژنەی یاساییدا چاکمان کردووە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی هەڵەی زمانەوانی و وەرگێڕانی تیا بوو، بۆیە بەباشمان زانی بەچاککراوی و تەعدیل کراوی بۆ جەنابتان بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی چ مولاحەزات و ئەوەتان هەبێت پێمان بڵێن.

**یاسای ژمارە (  ) ساڵی ( )**

**یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەو ئامانجەکان**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

سێیەم: وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

چوارەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە زمانی عەرەبیش کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموون لەگەڵ خوێندنەوەی یاسای وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو بە زمانی عەرەبی:

**قانون رقم ( ) لسنة ( )**

**قانون وزارة الزراعة والموارد المائية في اقليم كوردستان – العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف والاهداف**

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً: الوزارة: وزارة الزراعة والموارد المائية.

ثالثاً: الوزير: وزير الزراعة والموارد المائية.

رابعاً: المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ مولاحەزەمان نییە، تەنها ئیعادەی صیاغەی موقەدیمەی ماددەکە نەبێت کە بەم شێوەیە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، ناویان تۆمار دەکەین، ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نووسیووە (رێزدار عەونی بەزاز، رێزدار عبدالسلام بەرواری، رێزدار صباح بەرزنجی، رێزدار سیوەیل عثمان، رێزدار حمە سعید، رێزدار حسن محمد، رێزدار تارا ئەسعەدی، رێزدار ئەڤین عمر)، رێزدار عەونی بەزاز کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم لە بڕگەی دووەم و سێیەم (للاقلیم) ئیزافە بکرێت، واتا (وزارة الزراعة والموارد المائية للاقليم)، هەتا هەموو یاساکانمان صیاغەیان وەکو یەك بێت، دوێنێ یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری بەم شێوەیە ڕۆیشت، بەنیسبەت بڕگەی چوارەم/ (المجلس الاستشاري) ئیستیشارییەکە لابچێت، بە تەنیا (المجلس بمێنێتەوە) وەکو دوێنێ کردمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك/ ئێستا ناوی وەزارەت بە دوو شێوە خوێندرایەوە، سەرچاوەو دەرامەت، هەروەها مەواریدو مەصادر، من حەز دەکەم بگەڕێینەوە ئەو یاسایەی کە وەزارەتەکەمان پێ تەعریف کردو موەحەد بێت ناتوانین، نازانم کامیان ئێستا دروستە؟ سەرچاوەکانی ئاو، یان دەرامەتە ئاوییەکان هاتووە، هەروەها مەدصادرو مەوارید هەبوو، ئەمە یەك مولاحەزە.

دوو/ وابزانم ئەو ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لە یاساکە دووجار نەهاتووە، تەنها لە کاتی باس کردنی هاتووە، بۆیە داعی نییە لە ماددەی یەکەم وەکو چەند باس بکرێت، مادام دووبارە بووە، یەك جار باس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار د.صباح بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من دەمەوێت بڵێم کە باسی فەسڵی یەکەم دەکرێت، پێش ماددەی یەکەمەکە، دەڵێت (التعاريف والاهداف)، کە من سەیری ماددەکە دەکەم، ئەو ماددانەی کە تیایەتی هیچی تەعاریفی تێدا نییە، تەنها موجەرد ئیختیساڕاتی تێدایە، کە ئیقلیم کراوە بە ئیقلیمی کوردستان – عێراق، ئەمە لەڕاستیدا تەعریف نییە، ئەمە تەنها ئیختصاڕاتێکە لە زۆربەی قانونەکاندا پەیڕەو دەکرێت، ئینجا مەسەلەی دەرامەت و سەرچاوە، بەڕاستی هەرێمی کوردستان هەرێمێك نییە، کە دەرامەتی ئاوی بەو شێوەیە هەبێت، وشەی مەورد کە تەرجەمە کراوە بە دەرامەت ڕاستیەکەی ئەوەیە کە تەرجەمە بکرێت بە سەرچاوە، چونکە لەڕاستیدا کانی لە زمانی عەرەبیدا لەو ڕووەوە کە خەڵك دەچێتە سەری پێی دەگوترێت مەورد، لەو ڕووەوە کە لێی دێینەوە پێی دەڵێن مەصدر، بۆیە هەر سەرچاوەکە لە ڕووی زمانییەوە ڕاسترە، ئینجا کە باسی ئەو پێشنیارەی لیژنەی هاوبەش دەکەم، کە دەڵێت (يقصد بالمصطلحات والتعابير الاتية)، ئەوەی ئەسڵەکە هیچ کەموکورتیەکی تێدا نییە، چونکە ئێمە تەنها مەجموعەیەك موستەڵەحاتمان هەیە،

تـەعابیرمان نییـە لـە ماددەکـە، بۆیـە داوکـارم ئیکتیفـا بکرێـت لـە ئەسـڵی ماددەکـەو لـە ئەسـڵی پـرۆژەکـەدا هاتووەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عثمان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم/ چوارەم، منیش هاوڕام لەگەڵ کاك عـەونی، کـە دەڵێـت ئیستیشـاری لابـدرێت، مەجلیسـی وەزارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیەکانم کاك عەونی و کاك دکتۆر صباح گوتیان دەربارەی مەجلیسی ئیستیشاری و دەربـارەی ئـەو موستەڵەحاتە، هەر ئەو دوو ڕەئیەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حسن محمد فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەکانی ئێمەش زۆربەی کرا، بەلاَم من لێرە یەك ڕەئیم هەیـە، ئـەویش (الـری) بـە مانـای ئـاودێری دێـت، چونکە بەنیسبەت زراعە ئاودێری موهیمترە لە ئاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ماددەکە زۆر هەڵناگرێت، قسەی زۆری لەسەر کرا، بەنیسبەت چوارەم/ مەجلیسی وەزارەت بگوترێـت، مەجلیسـی ئیستیشـاری پێویسـت ناکـات، (تعریـف واهـداف)یـش هـەر (المصـطلحات والتعـایف) بێـت باشـترە، چونکە لەوە ناچێت هیچ ئەهدافێك و شتێکی وا لە ماددەی یەکەم نەگوتراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەڤین عمر فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من لە سەرەتاوە دەست پێ دەکەم، کە هاتووە دەڵێت قانونی وەزارەت، هەڵبەتە ئەمە هێشتا یاسا نییە، بەڵکو پرۆژە یاسایە، کەواتە بڵێین (مشروع قانون الوزارة) چاکترە، پاشان من هاوڕام لەگەڵ کاک عبدالسلام، مەجلیسی ئیستیشاری تەنها و تەنها یەك جار باس کراوە، باوەڕ بکەم پێویست ناکات لێرە لە تەعاریفدا بێت، بەڵکو ئەگەر زەرور بێت، دەبێت لە جێگای ئەو مەجلیسە، لێرە پێناسەی وەکیل بکرێت، چونکە ئەم وەزارەتە وەکیلی هەیە، چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە، لە چەند ماددەیەکی تردا دووبارە دەبێتەوە، بەلاّم لێرە هیچ باسێکی لێ نەکراوە، یاخود تەعریفیش نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت سەرچاوە، یان دەرامەت، ئێمە لە خوێندنەوەکە گوتمان وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، چونکە بە بۆچوونی ئێمە دەرامەت بۆ ئاو ناگرێتەوە، بۆ شتی تر، دەخل دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە تەسبیتمان کردووە، کە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بە عەرەبیەکەشی (وزارة الزراعة والموارد المائية)، بەنیسبەت راوێژکاری کە لا ببرێت، هەر مەجلیسی وزاری بێت، دیارە وەزیر کە کێشەیەکی دەبێت، یان لە شوێنێکەوە مەسەلەیەك دێتە ئەوێ، راستە وەزارەت جیهەتێکی تەنفیزییە، بەلاّم وەزیر لەگەڵ وەکیلەکانی، یان لەگەڵ مودیر عامەکان، لەگەڵ موستەشارەکان ئیستیشارە دەکەن، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك، یان بۆ رەئیەکی هاوبەش، لەبەر ئەوە من پێم باشە، وا تێگەیشتووم و ئەو ماوەیە ئیشم کردووە، کە ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت بێت، چونکە زۆر جار بۆ راوێژ خەڵکی تر لە دەرەوەی وەزارەت بانگ دەکرێن، کە راوێژ بکرێت لە حادیسەیەکی ئانییە، یان لەئافەیەك، یان لە موشکیلەیەك دروست دەبێت، هیچ شتی ترمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ رەئیسی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـە راپـۆرتی خۆمـان وازیحـە، کـە ئێمـە لەگـەڵ ئـەوەین کـە مەجلیسـی ئیستیشـاری وەزارەت بمێنێتـەوە، هەمووشمان ئیمزامان لەسەر کردووە، ئەوە یەك.

دوو/ بەنیسبەت تەعریفەکە، رەنگە وەجهەت نەزەرەکە راست بێت، مەجلیسی ئیستیشاری وەزارەت دووبارە نەبۆتەوە لەناو یاساکەدا، هەتا ئێمە لێی ئیختیصاری بکەین، تەنها و تەنها لە یەك شوێن ناوی هاتووەو، بـە کاملیش ناوی هاتووە، بۆیە ئەگەر لە تەعاریف لاببەین موشکیلەی تێدا نییە، ئیمکان هەیە پاش ئەوەی کـە نیزامێك بۆ خۆیان دادەنێن بە تەفسیل ئیش وکاری ئـەم مەجلیسـە دیـاری بکـەن لـەناو پـەیڕەوی نـاوخۆی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو پێشنیارە هەبوو، هەرچەند بەڕێزێك کـە موقتـەرەحی پێشـنیار کـرد، لـە راپۆرتەکـەش ئیمزای کردووە، کە بەو شێوەیە بێت، بەڵام لەگەڵ ئـەوەدا ئێمـە دەیخەینـە دەنگدانـەوە، ئێسـتا پێشـنیارێك هات کە مەجلیسی ئیستیشاری لابچێت، چەند بەڕێزێك لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان پیشـتوانیان لـێ کـرد، کـێ لەگەڵدایـە ئـەو کەلیمەیـە لابچێت لـە فەقـەرە چـوار دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ (37) بـەڕێز لەگەڵدایـە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (27) کەس لەگەڵدا نییە بەرامبەر بە (37) کەس، کەواتە لاچوو، زۆر سوپاس، ئێستا وشەی (اقلیم) کە داوا کـرا ئیزافـە بکرێـت، لیژنـەی هاوبـەش رەئیتـان چـیە کـە ئیقلیم لە دووەم و سێیەم ئیزافە بکرێت؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش هیچ مانعمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مادام پێویست بە تەصویت ناکات، ئێستا ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینـە دەنگدانـەوەو بـە ئیزافەی وشەی ئیقلیم و لابردنی ئەوی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مشروع قانون وزارة الزراعة والموارد المائية في اقليم كوردستان – العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف والاهداف**

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- الوزارة: وزارة الزراعة والموارد المائية للاقليم.

3- الوزير: وزير الزراعة والموارد المائية للاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، یەك کەس لەگەڵدا نییە، تکایە بۆ ماددەی دوو کەرەم بکەن.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

وەزارەت بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە هەوڵ دەدات:

یەکەم: دانانی ستراتیج و سیاسەت و پلان بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی سەرچاوەکانی ئاوی (سەرزەوی و ژێر زەوی) لە هەرێمدا، بۆ وەدیهێنانی باشترین (الامثل) بەکارهێنانی سامانی ئاوو، جێ بەجێ کردنی پلانی ستراتیجیی پێنج ساڵەی کەرتی کشتوکاڵ، لە پێناوی وەدیهێنانی خۆ تێر کردن لە خۆراکە پێویستیەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی هەرێم.

دووەم: ئامادە کردنی لێکوڵینەوەی سوودی هونەری و ئابووریی بۆ ئەو پرۆژانەی کە پابەستن بە وەزارەت و، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەتی، لەوانەش: لێکۆڵینەوەی روو پێوی خاك و ئامادە کردنی نەخشەی بەروبوومی کشتوکاڵ و رێکاری توێژینەوەی زانستی و دانانی نەخشەکانی ئەندازەیی و ئامادە کردنی بەرنامەی گەشەپێدان و کارکردن لەسەر سەرپەرشتی بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی وەزارەت، بەپێی پلانە بڕیار لەسەر دراوەکان.

سێیەم: دامەزراندنی پرۆژەی ستراتیجی، لەوانەش: دامەزراندنی بەنداو (السدود) و پرۆژەی ئاودێری و پرۆژەی پاراستنی سامانی ئاو و، بە بەکارهێنانی ئامێری هاوچەرخ.

چوارەم: کارکردن بۆ رێکخستنەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵ، بەجۆرێك کە گەشەپێدانی بەروبوومی رووەکی و ئاژەڵی گەشە پێ بدات.

پێنجەم: دانانی پلانی تایبەت بۆ نەهێشتنی مەترسیی لافاوو رامالین و کۆنترۆڵ کردنی لافاو (السیول) و بەڕێوەبردنی ئاوەڕێژەی حەوزی رووبارەکان و، رێکخستنی دابەش کردنی ئاو، رووبەڕوو بوونەوەی وشکەساڵی و چارەسەر کردنی ئاسەوارەکانی لەسەر سامانی ئاو.

شەشەم: بنیادنانی تاقیگەو، وێستگەی توێژینەوەو، گەشە پێدانی سەنتەرەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی و، ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی بەهاوکاری لەگەڵ زانکۆکان و، کار کردن بۆ گشتاندنی ئەنجامەکانی

**توێژینەوەکان و گەیاندنیان بە جوتیاران لە ڕێگەی دامودەزگای ڕێنمایی کردنی کشتوکاڵی، بە ئامانجی پەرەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتی و بەروبوومی کشتوکاڵ.**

**حەوتەم: کارکردن و توێژینەوە لەو ئامرازانەی کە دەبنە هۆی سەرخستنی بەکارهێنانی زەوی وزاری کشتوکاڵ و، ڕێکخستنی وەبەرهێنان و پاراستنی ئەو زەوی و زارانەو، چارەسەر کردنی جۆری ئاوو، پەرەپێدان و چاکتر کردنی دامەزراوەکانی ئاودێری و خاك لە ڕێگای جێ بەجێ کردنی توندی یاساکانی کشتوکاڵ و ئاوو ژینگەوە، بە جۆرێك کە لەگەڵ پێوەرەکانی نێودەوڵەتیدا بگونجێن.**

**هەشتەم: جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە چەسپاندنی ماڤ بەکارهێنانی زەوی و زاری کشتوکاڵ لەلایەن جوتیاران، لەگەڵ یەکلا کردنەوەی ئەو زەوی وزارانەی کە هێشتا یەکلا نەبوونەوەی، یان ئەوانەی کە هێشتا بڕیارەکانی چەسپاندنی مافەکانی زەوی وزار تێیاندا پلەی کۆتایی وەرنەگرتووە، بەپێی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ.**

**نۆیەم: هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی یەکەی قەبارە گەورەی بەروبوومی (الانتاج) کشتوکاڵ و، هاندانی (تشجیع) یەکە بچکۆڵەکان بە تێکەڵ کردن و یەکتر تەواو کردن.**

**دەیەم: کارکردن لەسەر هاندان و پەرەپێدانی وەبەرهێنانی ڕووەکی و ئاژەڵی لە کەرتی کشتوکاڵ و ئاویدا، ئاسانکاریی پێویست بۆ ئەو کەرتانە، لە پێناوی بەشدار بوون لە گەشە کردنی کشتوکاڵی لە هەرێمدا.**

**یازدەم: کارکردن بۆ بووژاندنەوەو گەشەپیدان و پەرەپێدانی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ و پاشکۆکانی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمداو، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ بۆ پاراستنی ئەم سامانە لە نەخۆشی، هەروەها بۆ زۆر کردنی بەروبووم وزیاد کردن و چاکتر کردنی.**

**دوازدەم: کارکردنی بەردەوام و دانانی پلانی زانستی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەردو ئافاتەکان، لەگەڵ فەراهەم کردنی ئەو ڕێگایانەی کە دەبنە هۆی پاراستن و ڕێگا لە بلاّو بوونەوەیان دەگرن.**

**سێزدەم: گرنگیدان بە کەرتی بایەخداری و دارستانە (سروشتی و دەستکردەکان)و، لەوەڕگاکان و، پاراستنیان، چونکە ئەمانە سامانی نەتەوەیی و نیشتمانین، لەگەڵ پشتیوانی کردن لە پارێزراوە سروشتییەکان (المحميات الطبيعية).**

**چواردەم: گەشەپێدانی دەرامەتی بەشەری و پێشکەش کردنی خزمەتی ڕێنمایی کردن و، وشیار کردنەوەی جوتیاران و ڕەزەوانان دەربارەی باشترین بەکاهێنانی سامانی ئاوی و، بنەماکانی بەرهەمی کشتوکاڵ و، پشت بەستن بە تەکنۆلۆجیاو پێداویستە هاوچەرخەکانی کشتوکاڵ، بە جۆرێك کە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمدا گەشە پێ بدات.**

**پازدەم: بەکارهێنانی سیاسەتی تایبەت بە بەڕێوەبردنی تەواوکاری بۆ سامانە ئاوییەکان و، توند کردنەوەی یاساکان و، پابەند کردنی ئەو کەرتانەی کە بەکاریان دەهێنن، بۆ ئەوەی ئەو یاسایانە جێ بەجێ بکەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە سامانی ئاو لەهەرێمدا پارێزراو بێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان، یان لەگەڵ دامودەزگاکانی دیکەی حکومەتدا، هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە حکومیەکانی پابەست بە**

نەتەوە یەکگرتووەکان، لەپێناوی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و، سامانی ئاوی و، گێڕانی رۆڵی سەرەکی لە بڕیارەکانی خۆجێی و، نیشتمانی و، هەرێمایەتی و، نێودەوڵەتی سەرچاوە ئاوییەکان و راسپاردەکانیاندا.

شازدەم: هاندانی جوتیاران بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی پسپۆری هەرەوەزیی کشتوکاڵی و، بۆ بەشداری کردن لە یەکە گەورەکانی بەرهەمهێناندا.

حەڤدەم: هاندانی پیشەسازیی خۆراکی کشتوکاڵی بەو رێگایانەی کە دەبنە هۆی سەرخستنی ئەو پیشەسازییە، لەگەڵ فەراهەم کردنی کەرەستە خاوەکانی کشتوکاڵ.

هەژدەم: هاندان و پەرەپێدانی سامانی ماسی و پەروەردە کردنی مێش هەنگ.

نۆزدەم: پاراستنی بەروبوومی کشتوکاڵی ناوخۆو، دانانی سیاسەتی بە بازاڕ کردن و، گەنجینە کردن و بەشداری کردن لە دیاری کردنی نرخ لەسەر بەروبوومەکانی کشتوکاڵ.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية: تهدف الوزارة الى:

اولاً: وضع الاستراتيجيات والسياسات والخطط لتطوير وتنمية واستثمار الموارد المائية (السطحية والجوفية) في الاقليم لتحقيق الاستخدام الامثل للثروة المائية وتنفيذ الخطة الاستراتيجية الخمسية للقطاع الزراعي من اجل تحقيق الاكتفاء الذاتي في السلة الغذائية للاقليم من المنتجات الزراعية.

ثانياً: اعداد دراسات الجدوى الفنية والاقتصادية للمشاريع العائدة للوزارة والقيام بالدراسات الخاصة منها دراسات مسح التربة واعداد خارطة الانتاج الزراعي واجراء الابحاث العلمية ووضع التصاميم الهندسية واعداد المناهج التنموية والعمل على الاشراف والمتابعة لتنفيذ مشاريع الوزارة وفقاً للخطط المقررة.

ثالثاً: انشاء المشاريع الاستراتيجية منها انشاء السدود والمشاريع الاروائية ومشاريع الحفاظ على ثروات المياه السطحية والجوفية باستخدام التقنيات الحديثة.

رابعاً: العمل على اعادة تنظيم البنية التحتية للقطاع الزراعي بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيها النباتي والحيواني.

خامساً: وضع الخطط الخاصة بدرء اخطار الفيضان والسيطرة على السيول وادارة احواض الانهر وتنظيم توزيع المياه ومواجهة الجفاف ومعالجة اثاره على الموارد المائية. في الجفاف و معالجة اثاره على الموارد المائية.

سادساً:اقامة المختبرات و محطات التجارب و تطوير مراكز البحوث الزراعية و اجراء التجارب العلمية بالتعاون مع الجامعات و العمل على تعميم نتائج البحوث و ايصالها الى الفلاحين عن طريق اجهزة الارشاد الزراعي بهدف تطوير الانتاج كماً و نوعاً.

سابعاً:اقتراح و بحث الوسائل الكفيلة باستغلال الاراضي الزراعية و العمل على استثمارها و حمايتها و تطوير نوعية المياه و تطوير و تحسين منشأت الري و التربة، بالتشديد على تنفيذ القوانين الزراعية و المائية و البيئية بما تنسجم مع المعايير الدولية.

ثامناً:تنفيذ القوانين الخاصة بتثبيت الحقوق التصرفية في الاراضي الزراعية للفلاحين، و تسوية الاراضي المنتهية تسويتها او التي لم تكتسب قرارات تثبيت حقوق الاراضي فيها الدرجة النهائية بموجب قانون الاصلاح الزراعي.

تاسعاً:التوجه نحو تكوين الوحدات الكبيرة للانتاج الزراعي و تشجيع الوحدات الصغيرة بالدمج و التكامل.

عاشراً:العمل على تشجيع وتنظيم الاستثمار في القطاع الزراعي بشقيه النباتي و الحيواني و القطاع المائي و تقديم التسهيلات اللازمة لها بغية المساهمة في التنمية الزراعية في الاقليم.

الحادي عشر:العمل على احياء و تنمية و تطوير مشاريع الثروة الحيوانية و ملحقاتها في الاقليم و اتباع الاساليب العلمية لحماية هذه الثروة من الامراض و زيادة الانتاج و تحسين نوعياتها.

ثاني عشر:العمل الدؤوب و التخطيط العلمي لمواجهة الافات و الامراض و الاوبئة و توفير السبل الكفيلة للوقاية منها و الحد من انتشارها.

الثالث عشر:الاهتمام بالانتاج الزراعي و الغابات الطبيعية و الاصطناعية و المراعي و حمايتها لكونها ثروة وطنية و دعم المحميات الطبيعية.

الرابع عشر:تنمية الموارد البشرية و تقديم الخدمات الارشادية و توعية الفلاحين و المزارعين للاستخدام الامثل للثروة المائية و عناصر الانتاج الزراعي و الاعتماد على التكنولوجيا و المستلزمات الزراعية العصرية بما يخدم تنمية القطاع الزراعي في الاقليم.

الخامس عشر:اعتماد السياسات الخاصة بالادارة المتكاملة للموارد المائية و التشديد على القوانين و الزام القطاعات المستخدمة لها على تطبيقها، حفاظاً على الثروة المائية للاقليم و العمل بالتنسيق مع الوزارات او المؤسسات الحكومية الاخرى و كذلك المنظمات الحكومية التابعة للامم المتحدة، من اجل تطوير القطاع الزراعي و الموارد المائية و الاضطلاع بالدور الحيوي في القرارات المحلية و الوطنية و الاقليمية و الدولية للموارد المائية و توصياتها.

السادس عشر:تشجيع الفلاحين في اقامة الجمعيات التعاونية الزراعية التخصصية و مساهمتها من اجل تكوين الوحدات الانتاجية الكبيرة.

السابع عشر:تشجيع التصنيع الزراعي بالسبل الكفيلة بذلك و توفير الخامات الزراعية للصناعة.

الثامن عشر:الاهتمام بالثروة السمكية و تربية النحل.

التاسع عشر:حماية المنتجات الزراعية المحلية و وضع سياسات تسويقية و تخزينية و المشاركة في تحديد الاسعار للمنتجات الزراعية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش راپۆرتی لێژنەی هاوبەش بخوێننەوە، کەرەمکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی هاوبەش لەگەڵ دەقی ماددەی دووینە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەند تێبینیەکمان هەیە:
تێبینی یەکەم:لابردنی وشەی (السلة الغذائية) کە لە بڕگە (1)ی ماددەکەدا هاتووە.
تێبینی دووەم:گۆڕینی وشەی(الاهتمام بالانتاج الزراعي) بۆ (الاهتمام بالبستنة و الغابات) و ئیزافە کردنی دەستەواژەی (ثروة قومية وطنية) بۆ بڕگە 13 لە ماددەکە.
تێبینی سێیەم: گۆڕینی دەستەواژەی (التصنيع الزراعي) بۆ (الصناعات الغذائية) کە لە بڕگە (17)دا هاتووە.

ئێمە تەنها ئەو سێ تێبینیەمان هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟

**بەڕێز جميل سليمان حيدر/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس فەقەرەی 7 ، کەلیمەت( تطوير)ئەبێتە (معالجة)، (تطوير نوعية المياە)، ببێتە (معالجة نوعية المياە)، قەصدمان لەوە ئاوی پیس موعالەجە بکرێ و بەکار بێت بۆ ئاودێری، جا ئەو کەلیمەیەی (تطوير) ببێتە (معالجة)، لە فەقەرە (7)، بەرای من، ئەوەمان باس کردبوو لە لێژنەی موشتەرەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نووسیومانە، چارەسەرکردنی جۆری ئاو، بە کوردیە، بەڵێ، موعالەجەیە. تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێت قسە بکەن، لە ئاخیرەوە یەك یەك ناوتان بڵێن، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسی:
عبدالرحمن حسين،ئاشتی عزیز، دلێر محمود، فازڵ بەشارەتی، عومەر نورەدینی، هاوڕاز خۆشناو، صباح بەرزنجی، شەونم محمد، صباح بيت الله، کاروان صالح، سیوەیل عثمان، شلێر محمد نجيب، سەردار رشيد، بەيان احمد، دانا سعيد صوفی، حسن محمد سورە، تارا تحسين ئەسعەدی، پەروين عبدالرحمن، پەيمان عزالدين، پەریهان قبلای، د.بشیر خلیل، هاژە سلێمان، ئارام قادر.
کەس ماوە ناوی نەنووسرابێ؟بەڵێ، بەفرين حسين، کەسی تر ماوە؟، نیە، رێزدار عبدالرحمن کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی بە ڕەئی من، ئەم پرۆژە یاسایە زۆر کەم و کوری تێدایە، هەر پرۆژە یاسایەك کە هەبێت، لە ئەرك و مەهام پێك دێت، بەڵام پاشان دەچێتە باسی پێکهاتەکانی لە دەرەوەی وەزارەت و لە ناوەوەی وەزارەتەکان، ئەمە هەر لە یەکەم جارەوە باسی ئامانجەکانی دەکات وەکو لـە خیتـابی سیاسـی ئەچـێت، وەکـو شـتێکی کـە دیعایەی ئینتیخابی بکرێ، ئەم پرۆژەیە وا باس ئەکات، وا دەرئەچێ، وا دیـار ئـەبێ لـە لای منـەوە، چـونکە ئەم هەموو باسەی تێدا کردیە دەبێ بچێتە ناو پەیڕەوی ناوەخۆی وەزارەت، نەك لە یاسا باس بکرێ، ئەمـە زۆر بە تەفاصیل و بە وردەکاری چوویتە ناوەوە و هەموو باسێکی کردیە کە ئەڵێ، لە ماددەی دووەمـدا لـە 19 بڕگەی پێك هاتووە، کە هەمووی ئەڵێ، مەسەلەن یەکەم، لە یەکەمدا ئەڵێ:دانانی ستراتیج و سیاسەت و پلان گەلێگ بۆ پەرەپێدان و گەشە پێدانی کەم دەرامەت، ئیتر پێی ئەچێتە خوارەوە، هـەر یـەك لـە یـەکی تر زیاتر باس ئەکات کە من چی ئەکاتن وەکو بڵێن، ڕێـزم هەیـە، کـە عـەزەڵات دەربـێنێ، وەکـو ئـەوەی لـە مەیدانێکی خیتابی قسە ئەکات، وا بە ڕەئی مـن دەردەچـێ، مـن پـێم وایـە ئـەم پرۆژەیـە زۆر کـەم و کـوڕی تێدایە، بگەڕێتەوە بۆ لای وەزارەت دووبارە ئـەم کـەم و کوڕیانـە چـاك بکرێتـەوە و دووبـارە بگەڕێتـەوە بـۆ پەرلەمان زۆر زۆر باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێوەیەکی سەرەکی کە سەیری ئەم پرۆژەیە ئەکەیت، بڕگەی یەکەمی، وا تێبینی ئەکرێت کە وا پێویستە قسە لەسەر ئامانج بکرێت، چونکە ئامـانج پـەیامێکی گشـتگیرە، یاسـا بـەو پێیـەی کـە خصوصـیەتی ئـەوەی هەیە کە جۆرێك لە جێگیری و سابتی بە خۆیەوە ئەبینێ، لە دوای ئەم دەوری پەرلەمانـە و لـە دوای تـەواو بوونی، پلانی پێنـج ساڵەی وەرزارەتی کشتوکاڵیش ئـەم یاسـایە بـە جـێگیری ئەمێنێتـەوە و ئەگـەری ئـەوەی هەیە کە ڕووبەڕووی هـەموارکردن ببێتـەوە و ئیزافەیـەك ببێتـەوە، یـان کـەم کردنەوەیـەك، بـەڵام لێـرەوە شتێکی جیاواز ئەبینین، ئەوەیە کە پلانی ستراتیجی بە تەواوەتی ڕێگایەکە بـۆ ئـەوەی کـە ئامـانج هاتووتـە ئەوەی کە خزمەت بە پلانـی سـتراتیجی بکات، کـە ئەمـە خـۆی ڕێگایـەکی پێچەوانەیە، پێویسـتە هەمیشـە هەموو پلانێکی ستراتیجی لە خزمەتی ئامانجی دا بێ، بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەیە، ئـەبینین ئامانجەکـە بـە شێوەیەکی گشتی ورد کراوەتەوە و لە خاڵی یەکەمدا بۆ ئەوەی کە خزمەت بە پلانی یەك ساڵەیی وەزارەتی کشتوکاڵ بکات، لە کاتێکدا کە پلانی پێنـج ساڵەیی وەزارەتی کشتوکاڵ، پلانێکی سابت نیـە، ئەگـەری ئـەوەی هەیە لە دوای ئەو پێنـج ساڵە، پێویستە ئەو وەزارەتە پلانێکی پێنـج ساڵەی تری هەبێ، ڕێگایەکـە بـەردەوام لە تازەبوونەوەدایە، بەڵام یاساکە شتێکی جێگیرە و ئەگەری هەیە پێنـج ساڵ و دە سـاڵی تـریش ئـەم یاسـایە نەگۆڕێ، بەڵام لێرە ئەبینین، بە شێوەیەکی ئاشکرا لە بڕگەی یەکەمـدا ئامانجەکە کراوەتـە خزمـەتی پلانـی ستراتیجیەکەوە، کەواتە ئامانج لەوەیە کە پلانی ستراتیجی پێنـج ساڵە کە ئەمە ڕێگایەکی پێچەوانەیە، یەك

ناگرێتەوە لەگەڵ مەفهومی ئامانجەکە، تەواوی خاڵەکانی تریش ئەوەی تێبینی ئەکرێ کە زۆرتر لە دووتۆی ئەرکا خۆی ئەبێنێتەوە، میکانیزمە، چالاکیە، لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا، وەزارەت ئەیەوێت چی بکات، یان بە پێی پلانی پێنج ساڵەیی خۆی ئامانجی چیە، میکانیزمی بۆ جێبەجێ کردن چیە؟، ئەمانە هەمووی ئەرکە کە بە بڕوای من ئەمانە ئامانج نیە، پێویستە بڕگەیەکی تری، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بڕگەیەکی موستەقیل هەبێ کە ئامانج ببێتە بڕگەیەکی موستەقیل، ئامانج و پەیامی سەرەکی ئێمە کە ئەمانەوێ چی بکەین، وەزارەت ئەیەوێ چی بکات؟، لەناویشیدا پلانی ستراتیجی ورد بکرێتەوە، نەك ئامانج بچێتە خزمەتی پلانی ستراتیجی، چونکە وەکو پێشتر وتم ئامانج شتێکی سابیتە، موتەغەیر نیە، جۆرێك لە سوبوتی پێوە دیارە، چونکە ئەمە ئەبێ بە تەشریع، ئەبێ بە قانون، بەڵام پلانی ستراتیجی ئەگەری هەیە کە گۆڕانکاری تێدا بکرێ، هەموو پێنج ساڵ جارێکیش خۆی تازە ئەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی 16دا باسی جەمعیاتی تەعاونی کراوە، بەراستی جەمعیاتی تەعاونی یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە پەیوەستە بە سیستەمی ئیشتراکی و سیستەمە شمولیەکانی دونیاوە کە هەیە، ئەم ڕێکخراوانە، لەم سیستەمانەدا کەمتر ڕێگە بە وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت دایە کە لە بوارەکانی کشتوکاڵ و سامانەکانی ئاژەڵ و سامانە پەلەوەریەکاندا کار بکەن، کەواتە ئەم جەمعیاتانە لە هەموو دونیا خۆی فەشەلی هێناوە، شکستی هێناوە، جەمعیەتی تەعاونی کە لە دونیادا هەبوو، لەبەر ئەوە باشتر وایە لەو بڕگەیەدا باسی ئەوە بکرێ کە هاندان و پێکهێنانی شەریکاتی موساهەمات، شەریکاتی موساهەمەی وەربەرهێنەر لە بواری کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ و سامانی پەلەوەریدا، یاخود لەگەڵ بڕگەی 9دا دەمج بکرێ باشترە، لە بڕگەی 9 خۆی ئەم شتەی باس کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار فازڵ بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل بشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (2) خاڵی 16، باس لەوە دەکات، هاندانی جووتیار بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی پسپۆڕی هەرەوەزی کشتوکاڵی، هەر چەندە لە ئەو خاڵەدا، ناوی جوتیار بە وەرزێر هاتووە، بە بڕوای من وەرزێر زیاتر بۆ ئەو خەڵکە ڕەوتەنیانە بەکار دێن کە ساڵێك ئەو عەرزە دەچێنێ و بە جێی دێنێ، من پێشنیار دەکەم ئەو وەرزێرە بکرێ بە جوتیار، چونکە جوتیاری کوردستان سابت و خاوەن موڵکە لە کوردستان، بە بڕوای من

باشتر وایە ئەمەشی بۆ ئیزافە بکرێ، زیادی بکەین (دانانی سەنتەرێکی تایبەت بۆ کۆکردنەوە و رێکخستنی زانیاریـە دروستەکانی جوتیـارانی پێشووتر)، واتـە شـێوازی خۆماڵیانـەی دروسـتی کشـتوکاڵ بـە زینـدوویی رابگێرێ، هەر لە هەمان مادده، لە خاڵی 19، باسی پاراسـتنی بـەروبوومی کشـتوکاڵی نـاوەخۆیی دەکات، بـە دوو رێگە دەکرێت بە بڕوای من، یەکەم: وەرگرتنی بەرووبوومی تایبەت لە لایـەن حکومەتـەوە، و کۆنـترۆڵ کردنی هێنانی بەروبوومی بیانی بە تایبەت لە دراوسێیەکان، چونکە بە حەقیقـەت ئەمانـە بـە بـڕوای مـن گرفتێکی زۆر گەورەیە و ساڵانە لەگەڵ ئەو بەروبوومە کەم و کوڕیانەی کە بەرەنجە شانی جوتیار خۆی لـە کوردستان بەبەرهەم دێ، بە حەقیقەت زۆر کات ئەو جوتیارە بایی مەسرەفەکەی دەست ناکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوەندە کەرستەی خۆماڵی لەو کاتەی کـە بـەروبوومی کشـتوکاڵی لـە کوردسـتان پێـدەگات، ئەوەنـدە دەڕژێتە کوردستان، ئەوەی تر لەناو جاڕی خاوەن جوتیارەکە ئەگەنێ و خراپ دەبێ، لە خاڵێکی تردا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە حەقیقەت من ئەوەندەی پرۆژەکەم خوێندەوە، چونکە بە بڕوای مـن ئەمـە خـاڵێکی زۆر زۆر گرنگە کە ئیشارەتی پێنەدراوە و لە زۆربەی ئەوەی کە دەبینین لەناو بڵاوکراوە و ئیعلامی وڵاتانی تریش، ئەو وڵاتانەی کە وڵاتی زیراعین بـە حەقیقـەت دائیمـەن، وەکو بڵێـی موکافەئـەی بـۆ ئـەو جوتیـارە هەیە کە خاوەنی گەورەترین دەسکەوت یان وەربەرهێنانن لە کوردسـتاندا، بـەڵام لـەناو ئـەم پرۆژەیـە هـیچ موکافەئەیەکی بۆ ئەو جوتیارە تێدا نیە کـەوا باشـترین بـەروبووم، یـان زیـاترین بـەروبووم لـە کوردسـتاندا بەدەست دێنی کە بە بڕوای من ئەمە خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە، جوتیاری کوردستانی تێـدا بەشـدار نـەکراوە، ئەگەر مەسەلەن سەیر بکەین، هەمووومان دەزانین کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵیە، وڵاتێکی زیراعیـە، ئەگـەر لە ناوچەیەکدا تراکتۆرێك بە بەخشیش بدرێ بە جوتیارێکە کە باشترین بەروبوومی بەدەست هێناوە، پێم وایە باشترین هاندان دەبێ بۆ هـەموو جوتیـارانی ناوچـەکە کـەوا زیـاتر خۆیـان مانـدوو بکـەن لـە بەدەست هێنانی بەربوومی کشتوکاڵیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار عومەر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمدامین نورالدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا لە کوردستان دیاردەیەك هەیە کە کاریگەری سیلبی و شوێنەواری خراپی بۆ سەر بەرژەوەنـدی گشتی وڵاتەکەمان هەیـە، ئـەویش بریتیـە لـە دیـاردەی کـۆچ کـردن لـە لادێیـەوە بـۆ شـار، کـە ئەمـە پەیوەنـدی بـە دابەشبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە هەیە، پەیوەندی بـە هاوسـەنگی ژمـارەی دانیشـتوانەوە هەیـە، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم، پـێش گـرتن لـە دیـاردەی کـۆچ کـردن لـە لادێـوە بـۆ شـار بکرێتـە یـەکێك لـە ئامانجـەکانی وەزارەت، چونکە ئەمە، ئەمەش لە رێگای پشتیوانی کردن لە کەرتی کشتوکاڵ و پـرۆژە بەرهەمهێنـەرەکانی گوند نشینان و جوتیاران لە گوند نشینەکانن لەو رێگایەوە هـەوڵ بـدرێ کـە پـێش لـەم دیاردەیـە بگـیرێ و ئەمەش بکرێتە یەکێك لە ئامانجەکانی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە بەراستی، ئەوەی مولاحەزەم هەیە لەسەر ئەم پرۆژەیە، ئەمە پرۆژە یاسای وەزارەتە، لە كاتێكدا دەبینین بەراستی ئامانج و چالاك و ئەرك تێكەڵ كراینە هەرسێكیان بەیەكەوە، بێجگە لەوە بەراستی هەندێ لەو خاڵانەی كە هاتوون زۆر دوور و درێژن، هەندێكیان تەحصیل حاصلن، یەعنی هەر بۆ خۆی ئەگەر وەزارەت ئیشی ئەوە نەبێت ئیشی چیە بیكات؟، هەندێكیان دەكرێ تێكەڵ كێش بكرێ، دەمج بكرێ بە یەكەوە، بۆ نموونە بڕگەی 1 و 2، دەكرێ دەمج بكرێ بە یەكەوە، هەندێكیان لە ڕێنماییدا دەكرێ جێگایان بكرێتەوە، ئەمە بەراستی ئەم ئامانجە من پێم وایە تێكەڵ كردنێكی تێدایە، ئەرك و چالاكی و ئامانجەكە تێكەڵە دەبێ جیاكردنەوەیەكی تێدا بێ، بە دوو بڕگە ببێت یان بە دوو مادده ببێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ماددەیەكی زۆر گرنگە بەراستی، گرنگیەكەی لەوەدایە كە هەموو غایە و ئامانج و فەلسەفەی بوونی ئەم وەزارەتە روون دەكاتەوە بۆ هەر كەسێك كە ئەم یاسایە بخوێنێتەوە، ئەم پرۆژە یاسایە بخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی كە جێی سەرنجە، یەعنی كاتێك كە پرۆژە یاسایەك دێتە پەرلەمان، پێویستە پەرلەمان ئەوەندە بیدات لە بێژنگ و لە كەوڵ بۆ ئەوەی بە تەواوی هیچ، كەمترین یەعنی كەم و كورتی صیاغە و تەدوینی تێدا بمینێ، لە هەموو دونیادا وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی سەرچاوەی ئاوی و وەزارەتی ئاودێری و ئەمانە هەیە، وا ئەزانم ئەرك و فەرمانی ئەم وەزارەتانە لە هەموو دونیادا، بە بوونی هەندێ جیاوازی لە وردەكاری و لە جوزئیاتدا، بەڵام لە كولی كارەكاندا تەماشا بكەین یەك كاریان هەیە، بۆیە بەراستی كە سەیری ئەم ماددەی 2 ئەكەین، ئەم ماددەیە، مەهام و ئەهداف و ستراتیجیەت و ئەوانەی هەموو پێكەوە تێكەڵ كردووە، پێم وایە ئەگەر جێبەجێ بكرێ هیچ كێشە نیە، بەڵام لە رووی صیاغەی قانونیەوە پێویست بوو كە ئێمە بە كورتتر و بە پوختەتر و بە گوشراوتر ئاماژەمان بكردبایە، یەكەم بە سیاسەت گوزاری، یەعنی كاری ئەم وەزارەتە لە رووی سیاسەت گوزاریەوە چی ئەكات، ئینجا لە رووی پلان دانانەوە و ئەو خوتە و بەرنامانەی كە دایئەڕێژێ، پاشان لە رووی چاودێری و رەقابەوە لەسەر هەموو ئەو بوارانە، بوارێكی تر كە زۆر گرنگە لەم ماددەیەدا باسی پێ بكرێ و دیارە هەندێ لە بڕگەكانی كە ئاماژەی

پێـدراوە، بـەڵام بـە پەراگەنـدەیی مەسـەلەی لێکۆڵینـەوە و دیراسـە و بـەحس و توێژینەوەیـە لـە هـەموو بوارەکانی پەیوەندیدار بە کشتوکاڵ و ئاودێری بەسەرچاوەی ئاو، ئینجا فێرکردن و پەرەپێـدان، فێرکردنـی کادیری پسپۆڕ، کادیری شارەزا، بـۆ دووبـارە هەسـتانەوەی ئـەم کەرتـە گرنگـە، کـەرتی کشتوکاڵە، هـەروەها پاراستنی ئـەو سەرچـاوە ئاویانـەی کـە لـە کوردسـتاندا هەیـە، بـوارێکی تـر کـە پێویسـتە ئامـاژەی پێبـدرێ، مەسەلەی برەوپێدانە، ئەوەی کە بەڕێز کاك فازڵ ئاماژەی پێدا، ئەتوانین لـە ژێـر ناونیشـانی برەوپێـدان و تەشجیع و هاندانی جوتیاران و ئەوانەی کە کار دەکەن لەو بوارەدا، جێگای بکرێتـەوە، مـەوزوعێکی تـر کـە ئێمە ئەتوانین ئاماژەی پێبدەین، کاتێك کـە باسـی خوتـەی سـتراتیجی خەمسـی ئـەکرێ لـەم هینـەدا، ئێمـە بۆمان هەیە بپرسین ئایا فیعلەن ئێمە ئەو پلانە سـتراتیجیە پێـنج ساڵیەمان هەیـە؟ و لـە کەییـەوە دەسـت پێدەکات؟ و زۆر جێی خۆیەتی کە وەزارەت بەڕاستی کار لەسەر ئەوە بکات، بەگەڕانەوە لە سەر هەندێ لەو یاسایانەدا کـە لـە وڵاتـانی دەوروبـەردا هەیـە سـەبارەت بـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سەرچـاوەئاوییەکان، یـان سـەبارەت بـە ئـاودێری، هەسـت دەکـەین زۆربـەی وڵاتـەکان هـاتوون زۆر بـە تەفصـیلاتەوە باسـی ئـەو مەوزوعـەیان کـردووە، بـەڵام هـاتوون تـەبویبیان کـردووە، یـەعنی نەهاتوونـە ئەوانـە هـەمووی بـە یـەکجار ئـاواهی لـێ بکـەن، ئەگـەر بەشـێك ئـەو بڕگانـەی کـە لـە ماددەکـەدا هـاتوون بەراسـتی ئـەرك و فـەرمانی وەزارەتەکەیە، یەعنی وەکو ئەڵێ تەحصیلی حاصڵە کە ئەبێ ببێ، بەڵام کە لە دەقێکی یاساییدا دەبـێ ئـەوە گرنگیەکەی زیاتر دەچەسپێ، من لێرە ئاماژە بە هەندێك دەکەم کە ئەگەر بەڕێزان لە لێژنەی یاسایی و لـە لێژنەی کشتوکاڵ عینایەت بفەرموون، بۆ نموونە، (وضع السیاسات و الخطط للقطاع الزراعي و تنمیة القری و الاریاف و تنظیم و تنفیذ مشاریع التنمیة الزراعیة في اطار سیاسات التنمیـة المسـتدامة)، کـە لـە زۆربـەی یاسـاکاندا گرنگـی پـێ دەدرێ و جـەختی لەسـەر دەکـرێ، (اعـداد و تنفیـذ الـنظم المعلوماتیـة فیمـا یتعلـق بالزراعة و تنمیـة الاریـاف و اسـتقرار النظـام الاحصائي، الرقابـة و التقـویم لاعمـال و نشـاطات المؤسسـات و الشـركات و الـدوائر المرتبطـة بـالوزارة) مـەوزوعێکی تـر کـە زۆر گرنگـە، لـە وڵاتـی ئێمـەدا کـەمتر ئامـاژەی پێدەکرێ، لێکۆڵینەوە و دیراساتی کە لە جامیعە و لە ئاکادیمیایەکانی کوردستاندا هەیە سەبارەت بـە ئـاو و خاك، سەبارەت بە چاککردنی تۆ و نەمام و چاککردنی ڕەگەز و تەربیەی ئاژەڵ و ئینجا هـەموو و تەنانـەت ئـەو زینـدەوەرە ئاوییانـەی کـە ئێسـتا هەیـە لـە کوردسـتاندا، پاراسـتنی باشـتری ئـەو مەواریدانـە و ئینجـا مەوزوعێکی تر کە زۆر گرنگە و دەبێ ئاگاداری ئەوە بین، مەسەلەی سەرچاوە ئاوییەکان ڕەبتێکی زۆری بە مەسـەلەی سـیادە و مەسـەلەی دەسـەڵاتی فیـدراڵی وەزارەتـی سەرچـاوە ئاوییـەکانی حکومـەتی عیراقیشـەوە هەیە کە ئەبێ بەشێوەیەك موعالەجە بکرێ، مەوزوعێکی تر کە لەم هینە سەیرم کرد، لەم ماددەیە، ئێمـە کە ئەڵێین( وزاره الزراعه و الموارد المائیه)، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، دیارە ئێمە لەوێ زیاتر گرنگی بە کشتوکاڵەکە دەدەیـن، بـەڵام لـە مـاددەی 2 لـە بڕگـەی یەکەمـدا، مەسـەلەی سەرچـاوە ئاوییـەکان خراوەتەوە پێشەوە، عەجەبا ئایا ئەمە لەبـەر ئـەوە نیـە کـە ڕەنگـە ئێمـە ئیسـتیفادەیەکی زۆرتـرمـان لـە قانونی سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی ناوەندی کردبێ بۆ داڕشتنی ئەم یاسایە؟، بۆیە پێشـنیار دەکـەم کـە

باسی کشتوکاڵ بخرێتە پێشەوە، وەکو لەناونیشانی وەزارەتەکە لە پێشەوەیە، لە باس کردنی ئامانجەکانیشدا لە پێشەوە بێت، هەندێك لەو ئامانجانەی کە لێرەدا هەیە بەراستی ئەچێتە ناو فەرمان و ئەرکەوە، ناچێتە ناو ئامانجەوە، بۆ نموونە کە ئەڵێ: (اقتراح و بحث الوسائل الكفيلة باستغلال)، ئایا ئەمە ئامانجە یان فیعلەن ئەرکی ئەم وەزارەتەیە کە ئەبێ ئەنجامی بدات کە لە بڕگەی 7دا باسی دەکات، یان لە 9 دا باس لەوە دەکات ( التوجە نحو تكوين الوحدات الكبيرة للانتاج الزراعي)، ئەمە بۆ خۆی یەکێکە لە مەهامەکان، ئەمە وەسیلەیەکە، ئامراز و ئالیەتێکە بۆ ئەم کارە، نەك خۆی ببێتە ستراتیجیەت، بۆیە من بە راستی پێم وایە ئەگەر بەم شێوەیە ئیقرار بکرێ کێشە نیە بە شەرتێ جێبەجێ بکرێ، بەڵام دەکرا بەراستی لێژنەی یاسایی یاخود ئەو شوێنانەی کە ئەم پرۆژە یاسایەیان تەنزیم کردووە، زۆر بە گوشراوەتر باس بکرابا، چونکە لە هەندێ لە یاسای وڵاتاندا ئەم مەوزوعانە بەراستی تەحویل کراوە بۆ نیزامی داخیلی وەزارەتەکە و بە قانون نەصی لەسەر نەدراوە، بەتایبەتی خۆشتان دەزانن، ئەگەر شتێك نەصی لەسەر بوو ئیجتیهادی تێدا ناکرێ، بۆیە تا نەص نەبێت باشترە بۆ ئەوەی وەزارەتەکە دەستی کراوەتر بێ بۆ هەستان بە کارەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لە راستیدا ئەم پرۆژەیە دوو مانگ و 20 رۆژە لەبەر دەست ئێوەی بەڕێزە، ڕێك دوو مانگ و 20 رۆژە، حەقە ئەم شتانە لە لێژنەکان چارەسەر بکەن، نەك لە رۆژی دەنگدان لەناو قاعە، بە حەقیقەت ئەوە چارەسەری وەزعەکە ناکات، بۆیە من تکام لە ئێوەی بەڕێز هەیە، ئیهتیمام بدەنە لێژنەکان و لەناو لێژنەکان شتەکان یەکلا بکەنەوە بۆ ئەوەی زۆر بەر چاوتان روون بێ و لێرە ئەوەی کە نوێنەری گشت لایەنەکان لەناو لێژنەکان هەیە، ئەگەر لایەنێك یان ئەندامێك لە لێژنەی پەیوەندیدار نەگەیشتە قەناعەت، ئەتوانێ لێرە رەئی خۆی بدات و بەڕێزان گوێیان لە رەئیەکەی بێ، بەڵام لێرە بێین کتێب بخوێنینەوە یان وەزعێك بکەین، ئەوە بە حەقیقەتی ناو قاعەی فەرمی دانیشتنەکان نیە، زۆر سوپاس، شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر چەند خاڵێك هەیە، خاڵی پێنجەم، بە نیسبەت دروستکردنی سەدەکانەوە، وەك بەڕێزتان ئاگادارن لە کوردستان کێشەیەکی سەرەکی کە هەمانە، دروست کردنی سەدەکانە، لەبەر ئەوەی کێشەی وشکە ساڵی و نەبوونی ئاو لەکوردستاندا، ژمارەی ئەو سەدانەی لە کوردستاندا هەیە زۆر کەمە، هیوادارم لەم بڕگەیەدا تەرکیز لەسەر ئەو نوقتەیە بکرێ و ئیشارەت بەوە بدرێ کە ژمارەیەك سەد لە داهاتوودا دروست بکرێ لە کوردستاندا، هەروەها لە بڕگەکاندا ئەوەی تێبینیم کرد، باسی ماستەر پلانێکی تێدا نەکراوە کە بۆ ئەم وەزارەتە دابندرێ، هەر چەند نووسراوە (وضع الخطط الخاصة) ، ئەمەیان جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ماستەر پلانی هەبێ بە JIS بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو کۆمەڵە زانیاری و داتاکان زانستیانە

هەبێ لەبەر دەست ئەو وەزارەتانەدا بۆ ئاسان کردنی کاروبارەکانی وەزارەت و گەڕانەوە بۆ ئـەو داتانـە هـەر چەند داتاکە کاری ئەوەیە لە ئێستاوە بۆ بکرێ، لەبەر ئەوە هیوادارم وەکو خاڵێك لـەو پرۆژەیـەدا تەسـبیت بکرێ بۆ ئەوەی ئیشی لەسەر بکرێ و بە هیچ جۆرێك پشتگیری نەکرێ، لە بڕگەی شەشەمدا ئەوەی تێبینی دەکەم، باسی ڤێرتنەری نـەکراوە لـە پرۆژەکـەدا کـە ڤیرتنـەری یەکێکـە لـەو بابەتانـەی کـە زۆر گرنگـە لـەم پرۆژەیـە بـاس بکـرێ، هیـوادارم لـە بڕگـەی شەشـەمدا دوای ئـەوەی :(تطـویر مراکـز البحـوث الاجرائیـة)، ڤێتەرنەری یەعنی بەیتەری ئیزافە بکرێ بۆ ئەو فەقەرەیە، هەروەها لە دێری دووەم لەم بڕگەیەدا، بڕگەی 6، (العمل علی تعمیم نتائج البحوث و ایصالها الی الفلاحین)، بە تەنیا فەلاحەکان نەبن، بەڵکو ئەوانـەی کـە حیوانـداریش ئەکـەن و حـەیوانات بـەخێو ئەکـەن، ئـەوەش بێگومـان سـەروەی حـەیوانی سـەروەیەکی زۆر موهیمە لە کوردستاندا  و پێویستـە ئـەوانیش مـەعلوماتی تـەواویان پـێ بگـات لـەو بابەتـەوە، بـە نیسـبەت بڕگەی 13، (الاهتمام بالانتاج الزراعي و الغابات الطبیعیـة و الاصطناعیة و المراعـي)، حـەیوانات و طیـوری بەڕیشـمان هەیـە، ئەگـەر بمانـەوێ ژینگـەی کوردسـتان بپـارێزین و حەیواناتـەکان و شـتی تـەبیعی دروسـت بکـەین، پێویسـتە تـەیرەکان و هـەروەها ئـەو حەیواناتانـەی کـە بـەرەڵاَن لـە دەشـت و دەرەکانـدا، هـەروەها ئیهتیمام بەویش بدرێ، لە بڕگەی 17، (تشجیع التصـنیع الزراعـي بالسـبل الکفیلـة و ذلـك لتـوفیر الخامـات الزراعیة للصناعة مـن اجـل) ئـەو بڕگەیـەی بـۆ زیـاد بکـرێ: (مـن اجـل تـأمین منتجـات صـالحة للاسـتهلاك البشري)، چونکە ئەو ئینتاجاتانە ئەگەر سیفاتی تێدا نـەبێ کـە بـەکاری بیـنین  و هـەمووی مواصـەفاتێکی زانستی تێدا نەبێ ناتوانین بەکاری بێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو، ئەوەلەن، ل ڕێـزا سـێیێ دەبێـژیت: (تحقیـق الاکتفـاء الـذاتي في السـلة الغذائیـة للاقلـیم مـن المنتجات الزراعیة)، ئەز بێژم ڤێ ڕەنگێ بێتـە نڤیسـاندن (تحقیـق الاکتفـاء الـذاتي مـن المنتجـات الزراعیـة و الامن الغذائي للاقلیم)، ل بەندا سێ دبێژێت، بەحسی پاراستنا سامانێ ئاڤا سەر زەڤـی و ژێـر زەڤـی کردیـە، ب رەئیا من پاراستنا ئاڤا ژێر زەڤی ل هندەك وڵاتا، پێویستی بڕیارەکا سـەرۆکی کۆماریـا یـان مەلـەکیا، ئـەز ئەگەر غەلەت نەبین ولاتەکی وەکی ئـوردنێ ئەگـەر بیرەکـا ئیرتیـوازی بێتـە لێدان دەبێ بریارەکا مەلـەکی بێتە وەرگرتن، چونکی ئەڤە سامانی جیلی داهاتیە، بەرەئیا من وەزارەتا زراعی دبیا ئەڤ مەوزوعەی گەلەك گرنگ وەربگرێ چونکی گەلەك ل عەردا ل کوردستانێ بیرێت ئیرتیوازی تەنێ لێ دان پێویستی پێ نیە، بلا وان عـەردا بـیتن، ئـەو عـەرد یـەعنی هنـدەك نوقـات بێنێتـە دانـان کـو عـەردی گەلـەك پێویسـت بـن بـیری ئیرتیـوازی ل وێـرێ بێنـە لێـدان، دیسـان ل مـاددە 5 دبێـژیتن: (مواجهـە الجفـاف)، بـە رەئیـا مـن کەلیمـەی (التصحر) بێتە زێدە کرن،  (مواجهە الجفاف و التصحر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاروان صالح فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی دووەم، بڕگەی یەکەم، لەسەر ئەو پلانە ستراتیجیەی باسی ئاو دەکات، پێم وایە سەدەی بیست و یەکەم سەدەی قەیرانی ئـاوە لـە جیهـان بەتایبـەتی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، کـە کاروکاردانـەوەی لەسەر کوردستانی خۆشمان بەشێوەیەك دەبێت، کە هەڕەشەی زۆری لەسەر ئاو هەیە لە هەرێمی کوردستان، یەکێك لەوانە کە خۆتان دەزانن تورکیاو ئێران چەندین بەنداویان لـە بـواری جێبـەجێ کردنـدان کـە پـاش چەند ساڵێکی تر کاریگەرییەکانیان لەسەر هەرێمی کوردستان دەردەکەون، بۆیە حەق وایە وەزارەت بۆ ئەو مەبەستە پەلە بکات لە گلدانەوەی ئاوەکان لەهەرێمی کوردستان، کە هەر بۆ زانـینی بـەڕێزتان لـە ڕووبـاری خاپور زیاتر لە 2 ملیار مەتر سێجا ئاو هەموو ساڵێك بە فیڕۆ دەچێت، هەروەها لە زێـی گـەورە 14 مليـار و نیو زیاتر، وە لە زێی بچووك زیاتر لە 7 ملیار مەتر سێجا، لـە ڕووبـاری سـیی 700 ملیـۆن مـەتر سـێجا، هەروەها لە سیروان نزیکەی 6 ملیار مەتر سێجا ئـاو کـە موعەدەلەکـەی دەکاتـە زیـاتر لـە سـی ملیـار مـەتر سێجا ئـاو لەکوردسـتان بـە فـیڕۆ دەڕوات، بـەبێ ئـەوەی کـە خـەڵکی کوردسـتان سـوود لـەو سـی ملیـار مـەتر سێجایە وەربگرن، بۆیە حەق وایە وەزارەت ئەهەمیەتی زۆر بە گلدانەوەی ئاو و دروست کردنی بەنداوەکان بـدات، پەلـەش بکات لـەوەی کـە چـەندین بەنـداو لـەنێوان ئـەو ڕووبارانـەدا دروسـت بکـات بـۆ گلدانـەوەی ئاوەکان، لەلایەکی تریشەوە هەرێمی کوردستان کە زیـاتر لـە 80 ملیـۆن دۆنم زەوی کـە بەکـەڵکی کشـتوکاڵ دێت، کە تا ئێستا نیوەی زیاتر فەرامۆش کراوە بەهۆی ئەوەی کە پڕۆژەی ئاوو پڕۆژەی ئیروائی بۆ دروسـت نەکراوە، پێم وایە ئەگەر ئیهتیمام بەوە بدرێت لە بەینی ئەو ڕووبارانەدا کـە دەیـان شـوێنی بـۆ نموونـە لـە پارێزگای هەولێر زەوییەکانی ( شەمامك و کەندیناوەو قەراج) لە پارێزگـای دهـۆك( سـلێڤانە و ئـاکرێ) لـە پارێزگای سلێمانی( پشتدەرو شارباژێڕ و گەرمیان) کە سیمای ئەوەی تێدایە پڕۆژەی زۆر باشی ئیروائـی لـێ دروست بکرێت، کاتی خۆشی ڕژێمـی عێراقـی بـە دەسـتی ئەنقەسـت ئـەو ناوچـانەی فـەرامۆش کردبـوو، بـۆ ئەوەی گەلەکەمانی لێ سوودمەند نەبێت، بۆیـە پێویسـت دەکـات، کـە جوتیـارانی وڵاتەکـەمان پـەرەیان پـێ بـدرێت و گەشـەیان پـێ بـدرێت، پشـتیوانی بکـرێن لەکاتێکـدا کـە بـەروبووم و کەلوپەلـەکانیان پێـدەگات، بەروبووم و کەلوپەلی وڵاتانی تریان لەسەر ڕابگیرێت، بـۆ ئـەوەی پـارەی ئـەوەی بێتـەوە دەسـت کـە بتـوانێ بەرهەمەکەی ساڵێکی تریش بهێنێتەوە بەرهەم و پەرەی پێ بدات، لەلایەکی تـر ئـەوەی کـە جێگـای داخـە، وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو لەعێراق، کۆمەڵێك پـڕۆژەی لـە پارێزگـای سـلێمانی لـە پشـتی ئەزمـەڕ، بـەناوی چەند بەنداوێك ئەنجام داوە کە تاکو ئێستا تەنها مەترێ ئاویشی لـێ گـل نەدراوەتـەوە، هـیچ سـوودێکی بـۆ ئەو ناوچەیەش نەبووە، ئەوەشی کە من دەیزانم ئەوەش لە پارەی لە 17٪ی هەرێمی کوردستان ئەو پارەیە خـەرج کـراوە، بـەبێ ئـەوەی بگەڕێنـەوە بـۆ وەزارەتـی سەرچـاوەکانی ئـاوی هـەرێمی کوردسـتان، بۆیـە داوا

دەكرێ، ئەو وەزارەتە بەڕێزەی سەرچاوەكانی ئاو، لەمەودوا قبولّ نەكات حكومەتی عێراق هیچ پرۆژەیەك ئەنجام بدات لە عێراق، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خزمەتی هەرێمی كوردستان بكەین، خاڵێكی تر، كە پێم وایە باسی بكەین، ئەوەیە ئامانجەكان بڕگەی (4و10و11) حەق وایە ڕێك بخرێت، چونكە هەر سێ بڕگەكە لەیەك دەچێت، كورت بكرێتەوەو هەر سێكیان بكرێت بەیەك بڕگە، ئامانج لە بڕگەی (5و12) یەك بخرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو هەموو بڕگەیە نەمێنێت و ئەوانەی لەیەك دەچن بكرێن بەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم هەمانە، لە بیدایەت دەڵێت: (تهدف الوزارة الى)، تەبعەن هەموو شتێك موقەدیمەو موئەخەرەی هەیە، كاتێ دەڵێت: (تهدف الوزارة الى) دەبێ لەكۆتایی بڵێت، (لذا شرع هذا القانون) مەعنای وایە چەند خاڵ لەوانە هەیە، پەیوەندی بە ئەسباب موجبە هەیە، من هاوڕام لەگەڵ كاك شێروان، كە لەیەكەمجار وتی، دەبوایە ماددەی یەكەم ودووەم تێكەل بكرێت وبە یەك ماددە بێت، لەبەر ئەوە ئەوانە دابەشی سێ بەش دەكرێت، (اسباب موجبە، مهام، اختصاص)لەكاتی تەشكیلاتی وەزارەتدا، خاڵەكان زۆر دوورو درێژە وابزانم لە پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتی كشتوكاڵ باس بكرێت، لەبەر ئەوەی لە كۆتایی فەصڵی چوارەم هاتووە، كەدەڵێت: (اولاً: تحدد مهام تشكيلات وتقسيمات الوزارة بنظام). یەعنی دەكرا، هەندێ لەو خاڵانە دوایی لەسەر ئەو بەندە بڕوات باش بوو، ئەگەر ئەو خاڵانەش مایەوە، ئەوە یەك مولاحەزەی بچووكم هەیە، لە (السابعة عشرة: تشجيع التصنيع الزراعي بالسبل الكفيلة لذلك وتوفير الخامات الزراعية للصناعة). پێم باشە بكرێت بە (السابعة عشرة: تشجيع التصنيع الزراعي بالسبل الكفيلة لذلك وتوفير  مواد الخام الزراعية للصناعة). زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی بە نیسبەت ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم، (ثالثاً: انشاء المشاريع الاستراتيجية منها انشاء السدود والمشاريع الاروائية ومشاريع الحفاظ على ثروات المياه السطحية والجوفية باستخدام التقنيات الحديثة). داوا لە هەردوو لیژنەی بەڕێزی كشتوكاڵ و یاسایی دەكەم، كە ئەمە ئیزافە بكرێت، ونضم المعلومات الجغرافية لتطوير اساليب العمل في الوزارة وتدريب الملاكات الفنية والادارية بما يحقق ادارة واستقلال المياه في طرق العلمية المتطورة) بەڕاستی ئەمە خۆی بۆ ئیدارە كردنی ئاو هەمووومان دەزانین، كە زۆر پێویستیمان بە

ناحیە عیلمیەكەیە ئێستا لەوەزارەتی شارەوانی ئەوە بەكار دێنن، وابزانم وەزارەتی سەرچاوە ئاوییـەكانیش دەستیان پێ كردووە، تكامان وایە ئیزافە بكرێت بۆ ئـەوەی بـەڕێز جـەنابی وەزیـر لـە وەزارەتـەكـەی خـۆی ئیهتیمام بەوە بدات، چونكە ئێستا لە عێراقدا بەوە زۆر كار دەكرێت، بەنیسبەت بڕگەیەكی تـر كـە، ئەگـەر بتواندرێت ئیزافە بكرێت، بۆ خاڵی (15)، چونكە ئێمـە هـەموو خـەڵك زۆر ڕەبـتی بـەم وەزارەتـەوە هەیـە، كەس نیە ڕەبـتی بـەم وەزارەتـەوە نـەبێت، لەبـەر ئـەوە ئەگـەر لـە خـاڵی 15 ئیزافـە بكرێـت كـە وەزارەتـی سەرچـاوەكانی ئـاوی بەغـداوە وەرم گرتـووە، دەڵێـت( توعیـة شـعبیة لاهمیـة المحافظـة علـی الثـروة المائیـة واستثمارها بشكل امثل وصیانتها من التلـوث) ئـەوە گرنگـە( وتوصـیة قاعـدة مساهمة جماهریـة ومنظمـات المجتمع المدني في نشاطات الوزارة) بەڕاستی كۆمەڵگای مەدەنی دەوری لەهەموو شتێك هەیە با لێرەش هەبێ ئـەو تەوعیـە شـەعبیە لەناحیـەی ئیعلامـەوە ئێمـە دەزانـین كـە ئـاو چـەند گرنگـە بـۆ جوتیـار لـەڕووی گشتوكاڵەوە، لەبەر ئەوە با ئەو بڕگەیە زیاد بكرێت، پرسیارێكیش دەكەم لەجەنابی وەزیر، ئایا ئێمـە وەكـو هەرێمی كوردستان بەڕاستی سەرچاوەی هەردوو سەدەكەمان كە دوكان و دەربەندیخانە، لە وڵاتـی ئێرانـەوە دێت، هەروەها ئاوی ئەڵوەن خۆمان دەزانین كە ئێران قەتعی دەكات شاری خانەقین بێ ئـاو دەبێـت، ئـەوەی من بزانم هیچ پرۆتۆكۆڵێك نیە، لەبەینی عێراق و ئێراندا، كە هەموو ئەو دەوڵەتانەی كە لە تەنیشی یەكن پرۆتۆكۆلیـان هەیـە، ئەگـەر لـەلای خۆیانـەوە هـەوڵ بـدەن، وابـزانم ئێسـتا وەفـدێكیش خەرێكـە دەڕوات نوێنەری هەرێمیشی تێدایە، لەبەر ئەوە ئەگەر جوابم بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار كاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لـەماددەی دووەم بەنـدی چـوار، سـەبارەت بـە ڕێكخسـتنەوەی ژێرخـان و كـەرتی كشـتوكاڵ، دیـارە لادێكـانی كوردسـتان كـاتی خـۆی كـە زۆربـەی زۆری مەسـاحەی بـاخ و بێسـتان و ئەوانـەی تێـدابوو، ڕژێمـی بـەعس بەدافعی سیاسی و بە بەرنامەیەكی مەدروس لادێكانی كوردستان كە دیارە هەم مونتج بـوون، كـە ئینتـاجی زراعیان دەكرد، بەشـی خۆیـان و شارەكانیشـان دەنـارد، ئەوانـە هـەر هـەموویان ڕاگـوێزران بـەو بەرنامەیـە، هینـران وكران بە خەڵكی موستەهلیك، بۆیە ئەمڕۆ بە حەقیقەتەن ئـەبێت وەزارەتـی كشـتوكاڵ یـەكێك لـە ئەولیاتەكانی ئەوە بێـت، كە ئەو لادێیانەی كە تا ئێستا بەداخەوە دەیڵێم زۆربەی زۆریان ئەو زەوییانـە بـە بەتاڵی ماونەتەوە، ئەو ڕەز وباخانە بە بەتاڵی ماونەتەوە، حەقە بیخاتە ئەولەوێتی بەرنامـەی كـاری خـۆی، چونكە لەهەموو دونیادا كە جوتیاران بێ كار بوون، جوتیاران مـونتج نـەبوون و موسـتەهلیك بـوون، دیـارە

کەرتی کشتوکاڵ و ڕەزو باخ و ئەوانە بەڕاستی نابووژێتەوە، بۆیە من داوا دەکەم، بەرنامەیەکی تۆکمەو مەدروس لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ دابڕێژرێت بۆ گەڕانەوەی ئەو جوتیارانەی کە ئێستا لە زۆربەی زۆری موجەمەعە عەسریەکان و شارەکاندا پەسێندراون و وەکو وتم لە هەندێ لە دائیرەکاندا تەعین بوون، بگەڕێنەوە بۆ کاری خۆیان و کاریان پێ بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین هەرچی زیاتر ئەو ڕەزو باخانە ببووژێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەیان خان، فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بیژم حەڤا خۆیە، ئەم درێژی مناقەشێ ل سەر ڤی بابەتی بکەین، چونکی میللەتێمە ب ڕاستی میللەتەکێ کشتوکاڵیە، سەرچاڤێت ئاڤی گەل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، لەسەر ماددەکە دەرنەچن، محازەرە مەدەن، ڕەجائەن.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوەن، تێکەلیەکا دیارە تەبعەن، دڤی ماددەیێدا ماددەی ئەهدافادا، باشتر بوو یا ڕاستی ئەگەر مە رەئیا دیار کردبا، یا ڕەئیا دوو دێرا مە دیار کردبا، ڕەئیامە چیە بۆ ڤێ وەزارەتێ، مەهام و ئەهدافا ڤێ وەزارەتێ، دیڤدا پەیاما مە، پەیام ئەگەر ژ من قەبیل بکەن، ئەڤ پەیاما منا نفیسی( العمل على تنظيم و تنمية القطاع الزراعى من اجل إنتاج زراعي متطور ومتنامي و متنوع ومتكامل يحافظ على البيئة ومصادر الطبيعية، ويعزز الاعتماد على الزيادة في الانتاج الغذائي ويتلائم مع متطلبات الاسواق المحلية، والاقليمية، والعالمية) ئەز هاڤ دەنگم دگەل وان برادەرو خیشکان، بەری نوکە بەحس کری، بۆ ( اعاده اعمار قرى) بەراستی پێنگاڤەك بۆ یەعنی جارەکادی ئاڤەدان کرنێ گوندێت مە، گرنگی دانەکا شایستە جوتیاری بێتە کرن، بۆ بەرهەمێ جوتیاری ب ڕاستی، ئەڤە دێبیتە ئەگەرەك کوئەم بشێین سنورەکی بۆ بەرهەمی، بۆ ئیستیرادا بەرهەمێ کشتوکالی ئەم سنور دار بکەین ب ڕاستی، ئەڤرۆکە بازاڕێ کوردستانێ هەمی بەرهەمێ ئیسترادە، ئەم گرنگیەکا بدەینە جوتیارێ خۆ، وە بەرهەمێ وی، یا پێنگاڤەکا یا درست ئەم دێ هاوێژین، پشتێ دی من پێباشە بەحسێ بکەین، یەعنی کار بکەین ( على مشروعات المجتمعات الزراعية والصناعية المشتركة) یەعنی بۆ بەرهەمێ، یەعنی چەند گوندەکا کۆم بکەین، موجەمەعەکی صناعی، کارخانێت زراعی ئەم بۆ ئەوانە چێ کەین، کو فعلەن ئیستیفادەکا باش وئاڤەدانکرنەکا دروستاهی، تەوازونەکا ئەم چێ کەین، دناڤ گوندێ خۆدا وان جهێت زراعی، پشتێ دی من پێ باشە، ب راستی ئەم خوتەیەکا تایبەت و یا وازح مە هەبیتن، ( بكيفية الاستفادة القصوى من منابع المياه الموجودة في الاقليم) مە گەلەك سەرچاڤێت ئاڤییێت

هەی، چەوا ئیستیفادێ لێ کەین، نە خاسمە داهاتێدا شەڕ شەڕەکا ئاڤێیە، کو ئەڤرۆکە ڕاگەهاندن و هەمی بەحس کەن، ئەم دێ چەوا شێین هەرێما خۆ پارێزین ژڤێ چەندێ و گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دانا سعید، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم، کە باس لە ئامانجەکانی وەزارەت دەکات، لە نۆزدە مادده پێك هاتووە، ئەمەش لەڕاستیدا لەڕووی فۆڕم و دەقەوە، بەتایبەتی لە دەقێکی یاسایشدا شتێکی زۆر سەیرە، هەندێ برگە باس لە پلانی وەزارەت دەکات، باس لەئامانجی وەزارەت ناکات، بۆ نموونە: لە برگەی یەکەمدا باس لە پلانی ستراتیژی پێنج ساڵەی وەزارەت دەکات، ئەمە خۆی لەخۆیدا هاتووە، پلانی پێنج ساڵەیە چ پەیوەندیەکی بە یاساوە هەیە، یاسا بۆ پێنج ساڵ دانارێژرێت، لەتەواوی ئەو نۆزدە برگەیەدا، یەعنی خاڵەکان تێکەڵی و پێکەڵیەك هەیە، لە نێوان ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەتدا، بۆ نموونە لە برگەی شەشدا وا هاتووە باس لە بنیادنانی تاقیگە دەکات، ئایا بنیادنانی تاقیگە ئامانجە یاخود ئەرکە، دیسان شتی تر هەیە بەس پێویست ناکات ئاماژە بە هەموویان بدەم، بۆیە من دوو پێشنیارم هەیە بۆ ئەوەی لەو کێشەیە نەجاتمان بێت، یان ئەوەیە ناونیشانی ماددەکە بکەین، بە ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت، ئەوە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی نەجاتمان بێت لەوە، یاخود ماددەکە بکەین بە دوو مادده و ئەرکەکان و ئامانجەکان لەیەکتری جیا بکەینەوە، پێم وایە پێشنیاری یەکەم زیاتر ڕێگای تێ دەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دەمەوێت قسەیەك لەسەر قانونەکە بکەم، دیارە ئەهداف و ئەرك، لە پرۆژەو قانونەکان بەدوو مادده دێت هەمیشە، لەپێشدا باس لە ئامانجەکان دەکات، پاشان باسی ئەرك و ئیختیصاصی قانونەکە دەکرێت، لەپرۆژەکاندا واپێدەچێت کە مەصادری جیاواز هەبێت، بۆ دانانی پرۆژەی یاسا، چونکە من لە پرۆژە کۆنەکان بینیم ئامانج هەبوو ئەرك نەبوو، لێرە دەبینم ئەرك هەیە ئامانج نیە، بەلانی کەم لەم پرۆژەیەدا ئەرك و ئامانج تێکەڵ کراوە، ئامانجی وەزارەت بەڕای من دەبێ چی بێت، بەحەقیقەت مەسەلەی کشتوکاڵ و مەسەلەی دەرامەتی ئاو، لەپێناوی دوو ئامانجی زۆر گرنگە، یەکێکیان: دابین کردنی پێداویستی هاووڵاتیانە لە مەسائیلی بەرووبومی کشتوکاڵی، دووەم: لەپێناو تەنمیەی ئیقتیصادی واتە پەرەپێدانی ئابووری وڵاتدا، چونکە کشتوکاڵ پێش نەوتیش دێت، لە مەسەلەی ئابووری وڵات، بۆیە پێویستە بۆ ئەم دوو مەبەستە وەزارەتی کشتوکاڵ دابمەزرێت، وەزارەتی کشتوکاڵیش دوو ئامانجی گرنگ دەخاتە بەردەم

خۆی، یـەکێکیان: پەرەپێـدانی دەرامـەت و توانـای کشـتوکاڵیە، دووەم: بـەکارهێنانی باشـی ئـەو دەرامـەت و توانایەیـە، ئەمانــەش هــەمووی لــەپێناوی ئاسایشــی خــۆراك و لــەپێناو بــەردەوامی ئــەم بەرووبومانــەی کتشوکاڵیە، هەروەها لەپێناو پەرەپێدانی گشتی کۆمەڵگایـە، مـن پـێم وایـە ئـەم نـۆزدە خاڵـەی کـە هـاتووە، هەمووی بریتین لەئەرك و هەندێ ئامانجیشی تێکەڵ کراوە، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، یەکێکە لەو وەزارەتە گرنگانەی کە هەڵدەگرێ، ئەم ئەرکانەی هەبێت، چونکە ئەرکەکانی زۆرە، تەنها یەك تێبینـیم هەبوو، ئەویش هەروەکو هەنـدێ لـە بـرادەران باسـیان کـرد، کـە ئەرکـەکانی کشـتوکاڵ جیـا بکرایەتـەوە لـە ئەرکەکانی ئاودێری یان دەرامەتی ئاو، تێکەڵ نەکرابایە، بەداخەوە لەهەندێ خاڵدا تێکەڵ کراوە، لەهەندێ خاڵیشدا ئەرکەکانی کشتوکاڵ پێش ئەرکەکانی ئاودێری بکەوتایە، من پێم وایـە هەنـدێ ئـەرکی تـر هـەبوو کە دەبوایە وەزارەت بیکردایە بەس لێرەدا ناویان نەهاتووە، لەوانەش یـەکێکیان: بـاس لـە دروسـت کـردن و تەشجیع کردنی مەشتەل نەکراوە، نازانم لەهیچ شـوێنێکی ئەرکەکانـدا نـەمبینی، هـەروەها لەشـوێنێکی تـر بـاس لـەوە نـەکراوە کەتەصـنیفی ئـەرازی زراعـی بکرایـە، پێـوەری بـۆ بکرێـت و خەریتـەی بـۆ دابنـدرێـت، چونکە دەبینین ئەمڕۆ زەوی کشتوکاڵی تێکەڵ بووە لەگەڵ زەوییـەکانی تـر، خـاڵێکی تـر کـە پێویسـت بـوو مەسەلەی تەفعیل کردنی دەوری ئافرەتـە لـە پەرەپێـدانی کشـتوکاڵی، کـە زۆر گرنگـە، یـەکێك لـە بـرادەران باسـی ئـەوەی کـرد لـەخاڵی شـازدەم هـاتووە، باسـی کۆمەڵـەی هـەرەوەزی دەکـات، منـیش لەگـەڵ ئـەوەم کـە جیاوازی لەبەینی تەشجیع کردنی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان یان کاری هەرەوەزی بکرێت، بـەڕەئی مـن زیـاتر لێرە پێویستە بەکاری هەرەوەزی بهاتایە نەك کۆمەڵەی هەرەوەزی، خاڵێکی تر ئێمـە لـە مەسـەلەی بودجـە باسمان لە قەرزی کشتوکاڵی کرد، بۆیە بە باشی دەزانم کە یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەت بەکار هێنانی ئەو قەرزە زراعیانە بێت بۆ هاووڵاتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لەماددەی دووەمەوە هاوڕام لەگەڵ دکتۆر دانا، کەوا بوترێت، (مهام واهداف الوزارة هـي: دەسـت پـێ بکەین لـە یەکـەم: وای دەبیـنم، (اولاً: وضـع الاسـتراتيجيات والسياسـات والخطـط لتطـوير وتنميـة واسـتثمار المـوارد المائيـة (السـطحية والجوفيـة) في الاقلـيم لتحقيـق الاسـتخدام الامثـل للثـروة المائيـة)ئینجـا لەوێـدا وا ئیقتراح دەکەم، بڵێین ( ووضع الاستراتيجيات والسياسـات الكفيلـة لتحقيـق الامـن الغـذائي لاقلـيم كوردسـتان ومــن خــلال تنفيــذ المهمــات الاتيــة: أ- وضــع الخطــط والاســتراتيجيات الكفيلــة بزيــادة انتــاج المحاصــيل الاستراتيجية. ب- توفير البذور المصدقة مـن خـلال تطبيـق المراحـل إنتـاج البـذور. ج- سـن القـوانين الكفيلـة بتـداول البـذور في الاقلـيم. د- اسـتحداث الهيئـة العامـة للبحـوث الزراعيـة والمـوارد المائيـة وذلـك للمساعدة في تخطيط واجراء التجارب والبحوث التطبيقية والكفيلة لتحقيق الامن الغذائي. خاڵێکی تریشم هەیە، لەتاسعاً

که دەڵێت(تاسعاً: التوجه نحو تكوين الوحدات الكبيرة للانتاج الزراعي وتشجيع الوحدات الصغيرة بالدمج والتكامل) وای بەباش دەزانم ئەمەی بۆ زیاد بکرێت، (وذلك من خلال سن قانون التفتيت وإلغاء الوضع المشاع في الملكية الزراعية، و وقف حد قانون الملكية للاراضي الزراعية في الاقليم) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەروین عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان وەزارەتی کشتوکاڵ زۆر گرنگە، چونکە پەیوەندیدارە بە ژیانی کۆمەڵگاو پاراستنی بەرووبومی ناوخۆو هەروەها دیاری کردنی نرخی بازاڕ، دیارە ئێمە کە دێین باس لە ئامانجەکان دەکەین، تێکەڵێەك هەیە لەناو خاڵەکانی ئامانجدا چونکە نازانین حکومەت گرنگی بە کەرتی تایبەت دەدات یان بەکەرتی گشتی، ئەگەر بە کەرتی گشتی بێت ئەوە خۆی سەرپەرشتی ئیش وکارەکان دەکات، بەڵام ئەگەر گرنگی بە کەرتی تایبەت بدات ئەوە لەوەبەرهێنان پێویستی بە کارئاسانی هەیە، پێویستە هاوکاری دارایشی بکرێت، بەنیسبەت خاڵی سێیەم: دامەزراندنی بەنداوەکان، ئێستا لای ئێمە ئاو هیچ گرنگیەکی لەوە کەمتر نیە کە نەوت ئەوەندە گرنگی هەیە، ئاویش بەرامبەر بەو ئەو گرنگیە زۆرەی هەیە، بۆیە پێویستە یاسای تایبەتی بۆ دەربچێت، بۆ چۆنیەتی تەسەروف کردن و پاراستنی جۆرەکانی سەرچاوەکانی ئاو، بەنیسبەت خاڵی 13 کەباس لە لەوەڕگا دەکات، ئێمە لەوەڕگا بێگومان پێویستە لەسەر حکومەت گرنگیەکی زۆر تایبەت بە لەوەڕگاکان بدات، چونکە ئێستا بەهۆی پاککردنەوەی لەوەڕگاکان لەو بەردو خۆڵ وخاشاکەی کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو لەوەڕگایە کە پێویستە مەڕومالآت بیخوات، هەروەها دەبێتە هۆی لەناو چوونی ئەم گژو گیایە، هەروەها پێویستە سەر لەنوێ تۆوی ئەم گژ وگیایانە بچێنێتەوە، چاندنی ئەم تۆیەش لەڕێگای فرۆکەوە یاخود لەڕێگای کۆبتەرەوە بۆ فرێدانی ئەو تۆیانە بەسەر لەوەڕگاکاندا تا جارێکی تر سەوز بێتەوە، کە ئەمەش پێویستی بە ئاوێکی کەم و توانای مانەوەشی هەیە لە گەرمای خۆردا، بەنیسبەت خاڵی 16 کە دەڵێت(دامەزراندنی کۆمەڵەی پسپۆری هەرەوەزیی کشتوکاڵی و، بۆ بەشداری کردن لە یەکە گەورەکانی رەنێوهانیندا) لێرەدا یاسایەك دەرچووە بۆ بەناو کردنی زەوی کشتوکاڵی بۆ جوتیاران، پێویستە لەسەر حکومەت چەند مەرجێك دابنێت لەسەر ئەم زەوییانە، تاوەکو ئەم زەوییە نەفرۆشێتەوەو بەکاری بهێنێت بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی، وە ساڵانە بەروبوومەکەشی بەهەند وەربگیرێت، بەرامبەر بەو پارەی کە دەیدات، بەنیسبەت خاڵی 19 کە باس لە چەسپاندنی نرخ دەکات لەسەر بەروبوومەکانی کشتوکاڵ، لێرەدا نرخ پەیوەندی بە عەرز و تەڵەبەوە هەیە، نەوەك حکومەت دەست لەکاروباری بازاڕەوە وەربدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەیمان عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم ماددەیە لە کۆمەڵێك ڕووەوە دەمانخاتە بەردەم ئەوەی کە بڵێین یاساکەی لەڕووی شکلیەوە لە چوارچێوەی یاسای بردۆتە دەرەوە، کردوویەتی بە پەیڕەوێکی ناوخۆی کۆمەڵەیەك یان یەکێتیەك یان ڕێکخراوێکی تایبەتمەند لەو بوارەوە، ئەویش ئەو تێبینیانەی کەمن هەمە لەسەری، یەکەم: تەنها ئەگەر ئێمە سەیری ئەو 19 بڕگەیە بکەین، دەتوانین بەتەنها بڕگەی یەکەمی بە ئامانج دابنێین، 18 بڕگەکەی تر، ئامرازی کار کردنن بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئامانجە کە لە بڕگەی یەکەمدا ئیشارەی بۆ کردووە، کە تێکڕای ئەو 18 بڕگەیە کە کاك دانا‌ش باسی کرد، تێکڕای ئەوانە، ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانن، کەدواتریش بەشێوەیەکی کورت تر لە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان باسی کراوە لەماددەکانی دواتردا، خاڵێکی تر، لەکۆی 19 ئامانج کە هاتووە لە پڕۆژەکەدا 13 ئامانجی تایبەتە بە پەرەسەندنی کەرتی کشتوکاڵ، واتە تەنها 6 ئامانجی تایبەتە بە گەشە سەندن و پێش خستنی سەرچاوەکانی ئاو کە ئەمەش بۆ خۆی ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی کە تەخەصوصی فیعلی ئەم وەزارەتە لەڕێگای ئەو ئامانجانەی کەدیاری کردووە، تەخەصوصی کشتوکاڵیە، کە ئەمە دەمانخاتە بەردەم مەترسی ئەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە سەرچاوەکانی ئاو بە بەشێکی لاوەکی سەیر بکرێت، کە گرنگترین خاڵ لە چەند ساڵی داهاتووی ئێمەدا ڕەسم کردنی سیاسەتی ئاوە لە هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵێك وشە بەکار هاتووە لەناو پڕۆژەکەدا لەئامانجەکاندا بەکار هاتووە، کە هیچیان لەناو یاسادا جێگایان نابێتەوە، بۆ نموونە لە بڕگەی هەشتەم باس لە تەنفیزی یاسا تایبەتەکان دەکات، ئەمە بۆ خۆی یاسایە کە دایدەڕێژین، چۆن دەبێ بەخاڵێك ئێمە باسی جێبەجێ کردنی یاسا بکەین؟، لەخاڵی 13و 14 باس لە گرنگیدان بەکەرتی کشتوکاڵ و تەوعیە کردنی جوتیاران دەکات، دواتر لە 16 و 17 دا باس لە هاندانی جوتیاران دەکات، کە هاندان و گرنگیدان و تەوعیە کردن ئەمانە لە قانوندا جێگای نابێتەوە بە فیعلی، بێجگە لەوە کە من پرسیارێکم بۆ جەنابی وەزیر هەیە، لە بڕگەی 1 و 10 دا کە باس لە ئیستیسمار دەکات، باس لە ئیستیسماری کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەکات، ئەگەر ئەمە هەڵەیەکە هەر بۆ ئەوەیە کە ئاو بلکێندرێت بە کشتوکاڵەوە بۆ ئەوەی تێبگەین لەوەی کە ئیهتیمامیش بە ئاو دەدەن، ئەمە شتێکە ئەبێ ڕاست بکرێتەوە، ئەگەر مەبەستیشیانە ئیستیسمار لە کەرتی ئاودا بکەن، من پرسیارم ئەوەیە ئیستیسمار لەئاودا چیە؟، ئەوان بەرنامەیان چیە؟، بۆ ئیستیسمار کردن لەئاودا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەریهان خان، فەرموو.

**بەڕێز د. پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەزۆربەی قسەکانمدا تەئیدی ئاشتی خان و کاک دانا دەکەم، هەروەها بەنیسبەت خاڵی 19(التاسعة عشرة: حماية المنتجات الزراعية المحلية و وضع السياسات التسويقية) پێم باشە ئەم زیادەی بۆ بکرێت،( وتحديد نسبة استيراد المنتجات الزراعية من خارج القطر لغرض حماية الاقتصاد المالي وحماية المواطنين صحياً) لەبەر ئەوەی خۆمان دەزانین یەك لەوەی کە وڵاتەکەمان ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا زۆربەی ئەو میوانەی کە دێت سێ، تا چوار ڕۆژی بەسەردا دەچێت، لە ناحیەی صەحی قیمەی غیزائیەوە، دوای 24 سەعات زۆربەی قیمەی موادە غیزائیەکان نامێنێت، لەبەر ئەوە ئەگەر لێرەدا بەوازحی جێگای بکرێتەوە، ئەوە زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشير خليل تۆفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە قسەی زۆر هەڵدەگرێت لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە ڕۆحی قانونەکەیە، ئەو ماددەیە ئەو شتە گرنگانەی کەوا پێویستەو موجب بووە بۆ دانانی وەزارەتەکە لێرەدا هەیە، بۆیە درێژەو لەوانەشە قسەی زۆری لەسەر بکرێت، ئێمە لەسەرەتاوە لەگەڵ هەموو ئەو تەعدیلاتانەی کە هەردوو لیژنەی هاوبەش کردوویانە، لەخاڵی یەکەم: (السلة الغذائية)، بەڵێ ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، کە بکرێتە موادی غیزائی، خاڵی سێیەم: ثالثاً: انشاء المشاريع الاستراتيجية، مەشاریعی ئیستراتیژی چیە؟، دیارە مەشاریعە گەورەکانی وەزارەتە، بەڵام لێرەدا تەنها باس لە مەشاریعی ئاو دەکات، باشە ئەی وەزارەتی کشتوکاڵ مەشاریعی ئیستراتیژی نیە لە مەسائیلی کشتوکاڵی و لە مەسائیلی سەرەواتی حەیوانی، بۆیە من ئیقتراح دەکەم کە داڕشتنی وا بێت، (ثالثاً: انشاء المشاريع الاستراتيجية في مجال التنمية الزراعية والمائية والحيوانية، ئینجا (منها انشاء السدود والمشاريع الاروائية والبيوت الزجاجيه والمراعى العصريه، لحماية الامن الغذائي) ئەوە گرنگە کە لێرە باس بکرێت، خاڵی چوارەم: رابعاً: العمل على اعادة تنظيم البنية التحتية للقطاع الزراعي) من ئەوە پێشنیار دەکەم، لە کۆتایی ئەم خاڵەدا ئەوە باس بکرێت، (لتحقيق الاكتفاء الذاتي) تا ئەمە بزانین هەدەفەکە لەکوێیە، پێنجەم:( خامساً: وضع الخطط الخاصة بدرء اخطار الفيضان والسيطرة على السيول) لێرە باسی ئەوە نەکراوە، کە ئێمە ساڵانە زۆر ئاومان بە هەدەر دەچێت، لە ئاوی باران، وەکو کاك کاروانیش باسی کرد، نزیکەی 30 ملیار موکەعەب، ئاو بەفیڕۆ دەچێت لە کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا و ئیزافەتەن لەسەر ئەوانەش، ئاوی باران، زۆر ئاوی باران بە فیڕۆ دەڕوات، دەکرێت ئێمە لێرەدا شوێنی خەزن دروست بکرێت بۆ ئەوەی ئاوی بارانیش سوودی لێ وەربگیرێت، خاڵی هەشتەم:( ثامناً: تنفيذ القوانين الخاصة بتثبيت الحقوق التصرفية في الاراضي الزراعية)، بەڵام ئێمە قانونێکی تریشمان هەیە، دەکرێت لە پاشاندا بنووسین( وتنفيذ قانون تحسين الانتاج الزراعي) ئەویش هەر دیسان پەیوەندی بە زراعەوە هەیە، بۆ ناوی نەهاتووە لێرەدا؟، نۆیەم:( تاسعاً: التوجه نحو تكوين الوحدات الكبيرة للانتاج الزراعي وتشجيع الوحدات

الصغيرة) باشه وەحداتی بچووك بەچی تەشجیع دەكرێت؟، دەبێ بنووسین (عن طريق تقديم الحوافز للفلاحين) ئەوە لێرەدا دیار بكرێت، دەیەم:( عاشراً: العمل على تشجيع وتنظيم الاستثمار في القطاع الزراعي بشقيه النباتي والحيواني) ئیستیسماری زراعی زۆر دەكرێت لە كوردستان هەیە، بەلاَم ئایا موتابەعە دەكرێت كەئەوانە چی دەكرێت، لەوانەیە لایەنێك یان جێگایەكی قتاعی خاص بێت داوای مەشروعێك بكات لە وەزارەتی زراعە، بەلاَم لەپاشاندا دەچێت مەشروعەكە دەفرۆشێت و هیچ ناكات، وەزارەتی كشتوكاڵ كەوا ئەو تەسهیلاتانە دەدات بەو جیهەتە، پێویستە موتابەعەشی بكات، بۆیە لە كۆتایی فەقەرەكەدا پێم باشە بنووسرێت( ومتابعة ذالك) یازدە:( الحادية عشرة: العمل على احياء تنمية وتطوير مشاريع الثروة الحيوانية) و(لحماية هذه الثروة من الامراض) نەك تەنها لە نەخۆشی، ئێمە ئاگامان لێیە لە كوردستان سەروەی حەیوانی بەتایبەتی مەڕومالاَت زۆر لەوانە ئاو دیوی سنوور دەكرێت، دەچێتە ولاَتانی دیكەوە، بۆیە گۆشت لەكوردستان گران بووە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گران دەبێت، بۆیە پێویستە نەك تەنها حیمایە بكرێت لە نەخۆشی، بەڵكو حیمایەی بكرێت لە تەهریب و ئاودیوكردن و موتابەعەش بكرێت، سیازدە:( الثالثة عشرة: الاهتمام بالانتاج الزراعي والغابات (الطبيعية والاصطناعية) والمراعي) بەچی ئەوانە بكرێت، بە (تقديم البذور) (الاسمدة الكيمياوية) ڕاستە لەوانەیە جەنابی وەزیر، بڵێت ئێمە بزور دەدەین و كیمیاویش دەدەین، بەلاَم فەلاحەكان هەر هەموویان دەڵێن ئەو بزورو مەوادی كیمیاویەی كە دەماندەنێ نەوعێتەكەی زۆر خراپە، بۆیە ئەوان مەجبور دەبن بچن بە سعرێكی گرانتر لە بازاڕ بیكڕن، ئەوانەی كە لە خاریج دێن، بۆیە ئەو بزورو ئەسمیدەی كیمیاویە كە وەزارەت ئیستیرادی دەكات و دابەشی سەر جوتیارەكانی دەكات، نەوعێیتەكەی زۆر خراپە، بۆیە جوتیارەكان بەكاری ناهێنن، ئەگەر بەكاری بهێنن ئینتاجەكەیان زۆر زۆر خراپ دەبێت، بۆیە تكا دەكەین ئەو مەوادو بزورانەش نەوعێتەكەیان باش بێت، هەژدەهەم:( الثامنة عشرة: الاهتمام بالثروة السمكية وتربية النحل.) باشە بۆ باسی ماسی دەكرێت بۆ باسی دەواجین ناكرێت؟، دەواجن لە كوردستان بەربلاَوەو زۆریش هەیە، ئەو دەواجینانە و ئیهتیمام بە بەخێوكردنی ماسی ئێستا شتێك بلاَوبۆتەوە، گوایە ڕۆنی بائیعی خراپ و ڕۆنی بەسەرچووە، ئەوانەی كە ماوەكەی بەسەر چووە، دەدرێت بە مریشك و دەواجنەكان، ئەوە لە ڕاگەیاندنەكان بلاَو كراوەتەوە، ئەوە دكتۆرەكان دەڵێن دەبێت بە هۆی نەخۆشی، شێرپەنجە، سەرەتان، ئەوە پێویستە موتابەعە بكرێت، ئایا ئەو سەرەواتی تەبیعی و دەواجنەكان بە تەعلیماتێك چاك كراوە؟، لەپاشان ئەحوالی ماسی كە ئێستا لەكوردستان مەتعەمی ماسی زۆر بووە، بەلاَم ئێمە ئاگامان لێ نیە ماسیەكان چۆن بە خێودەكرێن؟، لە حەوزەكاندا قسەو باس لەسەر ئەوە هەیە كەمەوادی خراپ و شتی خراپ وگۆشتی سەگ و پشیلە دەدرێت بەو ماسیانە، بۆیە دەبێ ئاگامان لێ بێت و موتابەعەی ئەوانە بكەین، لەكۆتاییدا دوو خاڵم ماوە، ئەوەیە كە بەڕاستی دوو شت باس نەكراوە كە زۆر گرنگن لەم یاسایەدا، كە لەكوردستاندا هەیەو پێویستیمان پێی هەیە، یەكەم: حیمایەی بەرهەمی خۆماڵی، ئینتاجی محەلی كوردستان جەنابتان هەمووتان دەزانن، كوردستان ولاَتێكی كشتوكاڵیە، ئینتاجێكی محەلی زۆر زۆرمان هەیە، بەلاَم بەداخەوە وەكو جارێكی تریش باسم كرد، كەوا كوردستان پڕیەتی لە

ماست و هەنگوین و کەرەو ئەو شتانە، بەلاَم ماستی یۆنانی و ماسی تورکی و سێوی لوبنانیمان بۆ دێت، کەوا کوردستان خۆشی پڕە لەوانە، بۆیە ئینتاجی محەلی پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت، دووەم: کە لە یاساکەدا نەهاتووە، ئەوەیە کەوا زۆر لە زەوی کشتوکاڵی بەداخەوە ئێستا بووە بە مەشاریعی سەکەنی و مەشاریعی سیاحی و ڤێلاو ئەمانە، باشە وەزارەتی کشتوکاڵ چۆن حیمایەی ئەو زەوییە کشتوکاڵیانە دەکات؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی دووەم، بڕگەی یەکەم، پشتگیری لە لیژنەی هاوبەش دەکەم، بەوەی کە (السلة الغذائية) بکرێتە (المواد الغذائية) بەلاَم ئەو بڕیارەی (986) کەوا بزانم لە ساڵی 1996 دەرچووە، نەك لە ساڵی 1991، ئەو بڕیارەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك، لەساڵی 1996 بوو، دەربارەی بڕگەی هەشتەم:( ثامناً: تنفيذ القوانين الخاصة بتثبيت الحقوق التصرفية في الاراضي الزراعية للفلاحين وتسوية الاراضي غير المنتهية تسويتها) ئەوە زۆر پشتیگری لەو بڕگەیە دەکەم، چونکە زۆربەی زۆری جوتیارەکان تا ئێستا زەوییەکانیان تەسویە نەکراوە، داوای ئەوە دەکەن، کەوا ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەرچووە، شمولی ئەوانیش بکات و زەوییەکانیان تەسویە، بکرێت، دەربارەی بڕگەی سیازدە:( الثالثة عشرة: الاهتمام بالانتاج الزراعي والغابات) پشتگیری لە لیژنەی هاوبەش دەکەم کە بکرێت بە (البستنة والغابات)، دەربارەی حەڤدەم:( السابعة عشرة: تشجيع التصنيع الزراعي) بەهەمان شێوە پشتگیری لیژنەی هاوبەش دەکەم کە بکرێت بە(الصناعات الغذائية) بەلاَم (توفير الخامات الزراعيه) وابزانم خامات تەنها بۆ ئەو ماددانەیە کە نەتواندرێت بەکار بهێندرێت، وەکو نەوت و موشتەقاتی نەوت، بۆیە مەوادی زراعی ئەتوانی بە خاویش بەکاری بهێنین، مونتەجاتی زراعی وابزانم باشترە، دەربارەی خاڵی نۆزدە:( التاسعة عشرة: حماية المنتجات الزراعية المحلية و وضع السياسات التسويقية) ئەوە پشتگیری زۆر لەو بڕگەیە دەکەم، وە هیوادارم حکومەت بتوانێ کە ئەو مونتەجاتە محەلیە کە لەناو کوردستان بەرهەم دەهێندرێت زۆر گرنگی پێ بدات بۆ ئەوەی ڕەنجی جوتیارەکان بەفیڕۆ نەڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی پێویست ناکات بڵێین پشتگیری دەکەین، بەس ئەگەر ئەندامێك قسەی کرد، ئەوە دەتوانن بڵێن پشتگیری دەکەین تا بیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر پشتگیری زۆری لێکرا، چونکە لیژنە ئەوە شتێکی حەتمیەو خۆیان داوایان کردووە، ڕێزدار ئارام قادر، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پێشنیارێکم هەیە، یەکێك لەوانە: لەو خاڵانەی کەباس کراوە، باسی تەئمینی زراعی نەکراوە، کە زۆرێك لە جوتیارانی کوردستان ڕووبەڕووی زەرەر دەبنەوە، بەتایبەتی ئەمساڵ کە جوتیارانی ناوچەی شارەزوور وهەروەها زاخۆ، تووشی زەرەر بوون بەهۆی ئاگر کەوتنەوە لە بەرهەمەکانیان، بەڵام تا ئێستا ئێمە تەئمینی زراعیمان نیە، کە شتێکی زۆر گرنگە بۆ پشتگیری کردن لە جوتیارەکان، خاڵێکی تر، پشتگیری کردن لە پاراستنی سامانی ئاژەڵی کێوی، کە ئەمەش لە ئامانجەکان باس نەکراوە، هەروەها سەبارەت بە زیاد کردن و پەرەپێدانی قەرز بۆ جوتیاران کە ئەوەش خاڵێکە بۆ بەهێز کردنی کەرتی کشتوکاڵ لەناو کوردستاندا، هەروەها خاڵێکی تر پشتیوانی لەو خاڵە دەکەم کە کاك دلێر باسی کرد، کە لابردنی خاڵی شازدەیە، کە باس لە کەرتی هەرەوەزی دەکات، کە لەگەڵ سیستەمی سیاسی و ئابووری ئەمڕۆی کوردستان ناگونجێت، هەروەها خاڵی هەشت، زۆر ڕوونتر بکرێتەوە، سەبارەت بە موڵکدارێتی زەوی کشتوکاڵی کە ئێستا کێشەیەکی زۆر گەورەی دروست کردووە بەتایبەتی لەناو گوندەکاندا، بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی کە لەنێوان جوتیاران و خاوەن زەوییەکان هەیە، سەبارەت بە ڕێکخستنی شکلی ئەو ماددەیە پشتیوانی لەو پێشنیارە دەکەم، کە هەندێك لەهاوکارانم باسیان کرد، کە بوترێت ئامانج و ئەرکەکان، بەڵام بۆ زیاتر ڕێکخستنەکەی ئەو کەرتانەی کە پەیوەستن لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بەو شێوە دەتواندرێت ڕێك بخرێت، بەشی کشتوکاڵ، ئاو، غابات، ئاژەڵ، بۆ زیاتر ڕێکخستنی ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێ تەئکید بکەمەوە لەسەر ئەو خاڵەی کە بەڕێزانی پێش خۆم تەئکیدیان لەسەر کردەوە، لە جیاکردنەوەی ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت، بڕگەی چوارەم، هەرچەندە کە دوا کەسم، کە باس لە کارکردن لە ڕێکخستنەوەی کەرتی کشتوکاڵ دەکات، پێم باشە بکرێت بە (کارکردن و گرنگیدان بە ڕێکخستن و بەگەڕ خستنەوەی کەرتی کشتوکاڵ لەڕێگەی هاندانی جوتیاران بۆ دووبارە بووژاندنەوەی ئەو کەرتە، بەجۆرێك کە کار بکاتە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی بەروبوومی خۆراك و سامانی ئاژەڵ و بەرهەمە خۆماڵییەکان)وەك ئاشکرایە لای هەمووان لە هەرێمی کوردستاندا باشترین و بەپیت ترین زەوی وزاری کشتوکاڵی هەیە، ئەگەر بێت وبەباشی کار بۆ بووژاندنەوەی ئەم کەرتە بکرێت، ئەوە لەتوانایدا هەیە کەوا پێداویستیەکانی بازاڕ دابین بکات، سەرەڕای ناردنە دەرەوەی بۆ دەووروبەر و وڵاتانی دراوسێ، جا بۆیە دەبینین کە فەرامۆش کردنێك لەلایەن جوتیارانەوە هەیە، تەئکید بۆ قسەکەی کاك عومەر دەکەمەوە کە باسی کرد، کە گوند نشینەکان وردە وردە خەریکە گوندەکان چۆڵ دەکەن، کە ئەمەش تەئسیراتی خۆی هەیە لەسەری چونکە دوای کەرتی کشتوکاڵ، بۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ ئەوەی کە ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان، لەڕێگای

**پێشکەش کردنی کار ئاسانی و مەوادی زانستی بۆ کشتوکاڵەکانیان، برگەی هەژدە، باس لە گرنگی دان بە سامانی ماسی و پەروەردە کردنی مێش هەنگ دەکات، پێم باشە هەرچەند لە ڕێنمایش دەچێت، بەس پێم باشە، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، گرنگی دان بە سامانی ماسی و تونـدوتۆڵ کردنی ڕێ و شوێن و ڕێکارە یاساییەکان بەتایبەتی لەوەرزی قەدەغە کردنی ماسی و پێدانی ڕێنمایی پێویست بۆ راوچیانی ماسی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ هەموو لایەکتان، موداخەلەی زۆر کرا، ئێستا دانیشتنەکەمان دوا دەخەین بۆ سەعات 5ی پاش نیوەڕۆ دووبارە لێرەدا ئامادەبن، تا ئەو کاتە بەخواتان دەسپێرم.**

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر دانبشتەنەكەمان، ئێستا لیژنەی یاسایی و لیژنەی زراعە ماددەی 2 كە پێشنیار و موداخەلەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قەرار بوو وەڵامیان بدەنەوە و پاشان ڕەئی جەنابی وەزیریش وەردەگرین، پاشان بۆ دەنگدان، كەرەمكەن، كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بۆچوون و ڕەئی خوشكان و برایان، بەڕێزینە هەندێك تەوزیحاتمان هەیە، چەند بتوانین لە یاسایەكەدا جێگەی هەندێكیان كە گونجاوە دەیكەینەوە، سوپاسی ئەو برادەرانە و خوشك و برایانەش دەكەین كە پێشنیار و چاككردنیان هەبوو بۆ ئەو خاڵانە، مەسەلەی خاڵی یەكەم، مەسەلەی پلان و ڕیزبەندی و ستراتیژیەت هەمووی بۆ مەسەلەی سیاسەتی كشتوكاڵیە، یەعنی سیاسەت نا، بە مەعنای (پۆلتیك) نا، بە مەعنای پۆلیسیەكەی كە بە بە ئینگلیزی سیاسەتی كشتوكاڵی پێ دەڵێن، بەهەردوو بەشەكەیەوە كە سەرچاوەكانی ئاو و كشتوكاڵە، كشتوكاڵیش بەهەر دوو باڵە سەرەكیەكەیەوە كە ئاژەڵی و ڕووەكیە، ئەوە مەسەلەی سیاسەتی زراعی كە سیاسەتی وەزارەتی كشتوكاڵە، خۆشیان بەرنامەیەكی كاریان هەیە بۆ تەتبیقی ئەو یاسایەی كە ئێمە لێرە هەمواری دەكەین و دەسكاری دەكەین و ئەوەی پێویستە لێی دەگۆڕین، مەسەلەی هەرەوەزی كە هەندێك پرسیاری لەسەر بوو ئێمە بەڕاستی ڕوونمان كردووەتەوە گوتوومانە (كۆمەڵەی پسپۆڕی هەروەزی)، بۆ نموونە ئێستا كۆمەڵەی هەروەزی هەنگەوانان هەیە، خاوەن باخەكانی زەیتون هەیە، ئێستا كۆمەڵەی خاوەن دەواجنەكان هەیە، كە ئەمانە هەمووی كۆمەڵەی پسپۆڕین، كەرتی تایبەتیش دەكرێت ئیزافەیەكی بۆ بكەین، كۆمەڵەی هەرەوەزی تایبەت كە دیارە و زۆر ئاشكرایە كە تەقریبەن زیاتر لە 20 ساڵە مەسەلەی تەعاونیاتی زەمەنی كۆن نەماوەو ئەوە ناجح نیە و سەركەوتوو نیە، ئێمە مەخسەدمان ئەوە نەبووە، مەسەلەی جوتیاری نموونەیی، ئەوە لە یاسای هەمواركراوی كە لە

پەرلەمانی کوردستان دا هەیە، بە فعلیش هەیە کە هەموو ساڵێك کۆمەڵێك جوتیار ئەوانەی کە بەرهەمیان زیادە و ئەوانەی کە زۆر موهتەمن، وا تێ دەگەم لە وەزارەتی کشتوکاڵ پاداشت دەکرێن و بۆ نموونە ئەوانەی کە خانووی پلاستیکیان وەرگرتووە ئەوەی کە ناجح بوون، خانووی دووەمیان دراوەتێ بە بەلاش و بەبێ موقابل، ئەوەش شتێکی چاکە دیاری دەکرێت، مەسەلەی کۆچ کردنی لادێکان دیارە تەنها هۆکارێکی کشتوکاڵی نیە، خوشك و برایان کە دەزانن ئەمە هەم سیاسیە و هەم مێژوویەکی خراپمان هەیە لەو مەسەلەیە کە لەژێر زەخت و ئەوە دا کراوە، دیارە کشتوکاڵ کەڵك لەوە وەردەگرێت کە دێهاتەکان ئاوەدان بن و خەڵکی تیا بێت و لەسەر ئەرزی کشتوکاڵی خۆیان بن، بەڵام ئەو دیاردەیە جیهانگیریە، واتێ دەگەم لە هەموو جیهان ئەوە هەیە، بەڵام لە کوردستاندا زەق ترەو ئێمە بۆ خۆمان هەوڵی بۆ دەدەین، چونکە دەزانین هێزی ئابووری ئێمە لە لادێ و دێهاتەکانیش دایە، ئەوانەشی کە دوورن لە دێهاتەکانیانەوە، ئێستا بە نیسبەت شاری هەولێرەوە ئەوانەی کە لە شاردان زیاتر لەوانەیە ئینتاجیان هەبێت، چونکە ئێستا وەسائیلی نەقل هەیە، هەولێش دەدەین لەڕێگەی وەزارەتەکانی دیکەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان، بۆ مەسەلەی پلانی 5 ساڵە، بەڵێ هەیە، ئێمە پێمان خۆشە ئەگەر خوشك و برایان بێنە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، چەند عەدەدێکی زیادمان هەیە دەتوانن بێن موراجەعەی بکەن و ئەوە جەنابی وەزیریش لێرەیە بۆ ئەوەی زیاتر شەرحی بکات، مەسەلەی پارەی کە بۆ سدود کە گوایە گرنگە، دیارە حەزدەکەم لەو پلانی 5 ساڵیەدا نیزکەی 70٪ ی بودجەکە بۆ مەسەلەی سەرچاوە ئاویەکانە، بۆ بەربەستی گەورەو بچووك و مامناوەندییە، کە ئەوە ئیشی بۆ کراوە و لە ساڵانی داهاتوو دا جێ بەجێ دەبێت، مەسەلەی کە دەڵێن ئاژەڵی کێوی کە گوتوومانە (محميات)ی تەبیعی دیارە ئاژەڵی کێوی دەگرێتەوە، دیارە باڵندەی کێوی دەگرێتەوە، غاباتیش بەشێکی گرنگی لەو ئەقسامانەی هەیەتی، مەسەلەی حەیواناتی بەریە، مەسەلەی بە سەحرا بوون لە کوردستان دا، حەزدەکەم خوشك وبرایان، نەمانی غیتای نەباتیە، لە کوردستان دا، باوەڕ ناکەم شوێنێك هەبێت کە غیتای نەباتی تیا نەبێت، یەعنی لەوەڕگای تیا نەبێت، بەڵام ئیشیش بۆ ئەوە بکرێت سەوزایی زیاد بێت، ئەوە شتێکی باشە و قەناعەتم نیە تەسەحور لە کوردستان دا هەبێت، مەسەلەی موجەمەع یان دێی عەسری، من وای بۆ دەچم و مەنتقیش وایە کە لە زۆربەی شوێنان، کە ئێمە تەجروبەی تاڵ و سوێرمان بە دەسپرای عەسریەوە کە بە زۆر کراوە، عەمەلیەتێکی گرانە، بەڵام ئەگەر بکرێت تەوعی بێت، دێهات بۆ خۆیان چەند دێیەکی بچووك کۆببنەوەو دێیەکی گەورە دروست بکەن و حکومەت بتوانێ خەدەماتیان بۆ تەوفیر بکات، ئەوە شتێکی زۆر باشە، مەسەلەی ئامانج و ئەرکەکان دەنووسرێت و جۆری پلانەکان کە کورتە، ناوەندە، درێژخایەنە، ئەوە شتێکی کە مەسەلەی ئامانج و ئەرك بە نەزەری ئیعتبار وەرمانگرت و ئیزافەی دەکەین بۆ ئەوەی ئامانج و ئەرکەکان ئیزافە بکەین، مەسەلەی ئیستسماری ئاو، مەسەلە ئەوە نیە کە وەکو زەوی کشتوکاڵی بەکرێ بدرێت بە کۆمپانیا، مەسەلەی بەکارهێنانی ئاوە بۆ هەندێ ئەغرازی کە بۆ تەولیدی کارەبا یان بۆ دروست کردنی ئەحواز یان بۆ مەسەلەی بوحەیراتی بچووك، واتە بەکارهێنانی باش و زانستی بۆ مەسەلەی ئاو، ئەگینا ئیستسمار ئەوە

نیه كه بڵێی ئیستسماری شتی دیكه بێت، مەسەلەی تەئمین، خوشك و برایان هەموومان ئاگادارین دوێنێ لێره هەمواری یاسای شەریكەی تەئمینمان كرد لەسەر حەیات و بۆ بەشەر ئەگەر بكرێت لەرێی كەرتی تایبەتەوە یان لە رێی رێكخراوە بیانیەكانەوە كە هەندێكیان ئیقتراحیان كردووە دەتوانین لەو شەریكەیە مەسەلەی تەئمینی زراعیش بكەین كە ئەوەش شتێكی باشە، بەراستی هەندێ مەسائیل كە بە حكومەت حەل نابێت لە رێی ئەو شەریكاتانەوە حەل بكرێت، چونكە ئەگەر فەلاحێك تەئمینی ئەرزەكەی یان تەئمینی زرعاتەكەی كرد یان باخەكەی كرد دیارە گرنگی پێ دەدات، گرەنتی هەیە، چونكە بەراستی ئەم ساڵ دەری خستووە كە هەر لە سلێمانی دا 350 حەریق بووە، مەسەلەی تەئمین شتێكی گرنگە و بتوانین لەو شوێنە جێی بكەینەوە، وسوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ تەواوكردنی قسەی برای بەڕێزم كاك جلال ئێمەش بەراستی دوو مولاحەزەمان هەیە، ئەوەی كە مولاحەزەمان كرد لە قسەكانی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان، بە نیسبەت موقەدیمەی مادده 2 تێكەڵاویەك هەیە، واتە تەنها باسی ئەهدافی وەزارەت دەكات، باسی مەهامی وەزارەتی نەكردووە، لێرەدا ئێمە ئەگەر هاتو دەسكاری موقەدیمەی ماددەكەمان كرد بە شێوەیەك كە ئەهدافیش لە خۆ بگرێت، مەهامیش لەخۆ بگرێت، سیاغەیەكمان داناوەو ئاراستەی بەڕێزتانمان كردووە، ئەگەر رەئی جەنابی وەزیر وەربگرین دوایە سەبارەت بەو پێشنیارە ئەویش موقەدیمەی ماددەكە بەم شێوەیە بێت (تسعى الوزارة الى تنفيذ المهام وتحقيق الاهداف التالية) لەبەرئەوەی هەم مەهام دەگرێتەوە و هەمیش ئەهدافەكە دەگرێتەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە، زۆر لەبەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان باسی مەسەلەی ئەو ختەی 5 ساڵیەیان كرد، وایان نیشاندا كەئەنەهو ئەو 19 خاڵەی كە هاتووە لە ماددەی 2 هەموو خزمەتی ئەو ختەیە دەكات، نەوەك ئەهدافی وەزارەت و ئەهدافی ستراتیجی، بۆیە ئێمە پێشنیارێكمان بۆ هاتووە لەلایەن بەڕێز (پەیمان عزالدین)ەوە، زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانیش پشتگیریان لێی كرد، پێشنیارەكە دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی جەنابی وەزیر ئاگادار بێت و لە رێگەی سەرۆكایەتی رەئیمان بداتێ، ئەگەر پێی باش بێت بەم شێوەیە بێت:

1- وضع الاستراتیجیات والسیاسات والخطط لتطویر وتنمیة واستثمار القطاع الزراعي (النباتي والحیواني والموارد المائیة)، (السطحیة والجوفیة في الاقلیم لتحقیق الاستخدام الامثل للثروة المائیة والزراعیة). زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟ كاك جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل سلێمان (وەزیری كشتوكاڵ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به نیسبەت موفتەرەحی لیژنەی قانونی، پێم خۆشە ئەوەی ئەوەڵ مەهام و ئەهداف بێت ڕازیمە، نوقتەی دووەم كە ختەی خەمسی، بەس لەوێدا شەرحی بكەین، ختەی خەمسی قەسدمان نیە ئەو ختەیەی كە ئێمە دانای مانای 2009 ـ2013 بدات، ختەی خەمسی قەسدمان ئەوەیە كە یەعنی هەر 5 ساڵ ختە تەواو بێت مستەمر ختەیەكی دی، بەس ئەو سیغەتی دانایە من پێی ڕازیمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا هەر سیاغەكەتان بخوێننەوە لەگەڵ ڕەچاو كردنی موداخەلەی ئەو بەڕێزانەی كە كردیان، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 2

تسعى الوزارة الى تنفيذ المهام وتحقيق الاهداف الاتية:

1- وضع الاستراتيجيات والسياسات والخطط لتطوير وتنمية واستثمار قطاع الزراعي النباتي والحيواني والموارد المائية (السطحية والجوفية) في الاقليم لتحقيق الاستخدام الامثل للثروة المائية والزراعية.

2- اعداد دراسات الجدوى الفنية والاقتصادية للمشاريع العائدة للوزارة والقيام بالدراسات الخاصة منها دراسات مسح التربة واعداد خارطة الانتاج الزراعي واجراء الابحاث العلمية ووضع التصاميم الهندسية واعداد المناهج التنموية والعمل على الاشراف والمتابعة لتنفيذ مشاريع الوزارة وفقاً للخطط المقررة.

3- انشاء المشاريع الاستراتيجية منها انشاء السدود والمشاريع الاروائية ومشاريع الحفاظ على ثروات المياه السطحية والجوفية باستخدام التقنيات الحديثة.

4- العمل على اعادة تنظيم البنية التحتية للقطاع الزراعي بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيها النباتي والحيواني.

5- وضع الخطط الخاصة بدرء اخطار الفيضان والسيطرة على السيول وادارة احواض الانهر وتنظيم توزيع المياه ومواجهة الجفاف ومعالجة اثاره على الموارد المائية.

6- اقامة المختبرات ومحطات التجارب وتطوير مراكز البحوث الزراعية واجراء التجارب العلمية بالتعاون مع الجامعات والعمل على تعميم نتائج البحوث وايصالها الى الفلاحين عن طريق اجهزة الارشاد الزراعي بهدف تطوير الانتاج كماً ونوعاً.

7- اقتراح وبحث الوسائل الكفيلة باستغلال الاراضي الزراعية والعمل على استثمارها وحمايتهما ومعالجة نوعية المياه وتطوير وتحسين منشأت الري والتربة بالتشديد على تنفيذ القوانين الزراعية والمائية والبيئية بما تنسجم مع المعايير الدولية.

8- تنفيذ القوانين الخاصة بتثبيت الحقوق التصرفية في الاراضي الزراعية للفلاحين وتسوية الاراضي غير المنتهية تسويتها او التي لم تكتسب قرارات تثبيت حقوق الاراضي فيها الدرجة النهائية بموجب قانون الاصلاح الزراعي.

9- التوجه نحو تكوين الوحدات الكبيرة للانتاج الزراعي وتشجيع الوحدات الصغيرة بالدمج والتكامل.

10- العمل على تشجيع وتنظيم الاستثمار في القطاع الزراعي بشقيه النباتي والحيواني والقطاع المائي وتقديم التسهيلات اللازمة لها بغية المساهمة في التنمية الزراعية في الاقليم.

11- العمل على احياء وتنمية وتطوير مشاريع الثروة الحيوانية وملحقاتها في الاقليم واتباع الاساليب العلمية لحماية هذه الثروة من الامراض وزيادة الانتاج وتحسين نوعياتها.

12- العمل الدؤوب والتخطيط العلمي لمواجهة الافات والامراض والاوبئة وتوفير السبل الكفيلة للوقاية منها والحد من انتشارها.

13- الاهتمام بالبستنة والغابات (الطبيعية والاصطناعية) والمراعي وحمايتها لكونها ثروة قومية وطنية ودعم المحميات الطبيعية.

14- تنمية الموارد البشرية وتقديم الخدمات الارشادية وتوعية الفلاحين والمزارعين للاستخدام الامثل للثروة المائية وعناصر الانتاج الزراعي والاعتماد على التكنولوجيا والمستلزمات الزراعية العصرية بما يخدم تنمية القطاع الزراعي في الاقليم.

15- اعتماد السياسات الخاصة بالادارة المتكاملة للموارد المائية والتشديد على القوانين والزام القطاعات المستخدمة لها على تطبيقها حفاظاً على الثروة المائية في الاقليم والعمل بالتنسيق مع الوزارات او المؤسسات الحكومية الاخرى وكذلك المنظمات الحكومية التابعة للامم المتحدة من اجل تطوير القطاع الزراعي والموارد المائية والاضطلاع بالدور الحيوي في القرارات المحلية والوطنية والاقليمية والدولية للموارد المائية وتوصياتها.

16- تشجيع الفلاحين في اقامة الجمعيات التعاونية الزراعية التخصصية ومساهمتها من اجل تكوين الوحدات الانتاجية الكبيرة.

17- تشجيع الصناعات الغذائية بالسبل الكفيلة لذلك وتوفير المواد الخام الزراعية للصناعة.

18- الاهتمام بالثروة السمكية وتربية النحل.

19- حماية المنتجات الزراعية المحلية و وضع السياسات التسويقية والتخزينية والمشاركة في تحديد الاسعار للمنتجات الزراعية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكەن بە كوردیش بخوێننەوە، كاك جلال فەرمووە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت بۆ ئەم ئامانج و ئەركانەی خوارەوە هەوڵ دەدات:

**یەكەم:** دانانی ستراتیجی سیاسەت و پلان بۆ پەرەپێدان و گەشەكردن و وەبەرهێنانی كەرتی كشتوكاڵی (ڕووەكی + ئاژەڵی) سەرچاوەكانی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی لە هەرێم بۆ بەدیهێنانی نموونەیی بۆ سامانی ئاوو كشتوكاڵ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نیزامی هەیە؟ كاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی كە بێتە خەیاڵم سێ لە هەڤاڵان ئیشارەتیان پێیدا كە جەمعیاتی تەعاونی لابچێت، بەڵام لە قانونەكە هەروەكو خۆی خوێندرایەوە، ناوەكانیش كە كاك دلێر پێشنیاری كرد من و كاك كاروانیش تەئیدیان كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز أیوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا لە خوێندنەوەی یەكەم باسمان كرد كە ئێمە بە هیچ جۆرێك مەخسەدمان مەسەلەی تەعاونیاتی كۆن نیە، گوتوومانە هەرەوەزی پسپۆری، كەرتی تایبەتیشمان بۆ زیاد كرد، باسی چەند نموونەیەكیشمان كرد كە ئێستا هەیە لەو كۆمەڵە هەرەوەزیانە، كۆمەڵەی هەنگەوانان هەیە كە هەرەوەزیە، كەرتی تایبەتە، كۆمەڵەی خاوەن باخە زەیتونەكان هەیە، جگە لەوە كۆمەڵەی خاوەن دەواجنەكان هەیە، ئەگەر بكرێت كۆمەڵەی دیكەش دروست دەبێت كە پسپۆرە و هەروەزیە و هەرەوەزی تایبەتە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە خوێندنەوەكەت تەواو بكە كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دووەم:** ئامادە كردنی لێكۆڵینەوەی سوودی هونەری و ئابووریی بۆ ئەو پرۆژانەی كە پابەستن بە وەزارەت و، ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی تایبەتی، لەوانەش: لێكۆڵینەوەی ڕوپێوانی خاك و ئامادە كردنی نەخشەی بەروبوومی كشتوكاڵ و ڕێكاری توێژینەوەی زانستی و دانانی نەخشەكانی ئەندازەیی و ئامادە كردنی بەرنامەی گەشەپێدان و كاركردن لەسەر سەرپەرشتی بەدواداچوونی جێ بەجێ كردنی پرۆژەكانی وەزارەت، بەپێی پلانە بڕیار لەسەر دراوەكان.

**سێیەم**: دامەزراندنی پرۆژەی ستراتیجی، لەوانەش: دامەزراندنی بەنداو (السدود) و پرۆژەی ئاودێری و پرۆژەی پاراستنی سامانی ئاو بە بەکارهێنانی ئامێری هاوچەرخ.

**چوارەم**: کارکردن بۆ ڕێکخستنەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵ، بەجۆرێك کە گەشەپێدانی بەروبوومی ڕووەکی و ئاژەڵی گەشە پێ بدات.

**پێنجەم**: دانانی پلانی تایبەت بۆ نەهێشتنی مەترسیی لافاوو ڕامالین و کۆنترۆڵ کردنی لافاو بەڕێوەبردنی ئاوەڕێژە و حەوزی ڕووبارەکان و ، ڕێکخستنی دابەش کردنی ئاو، ڕووبەڕوو بوونەوەی وشکەساڵی و چارەسەر کردنی ئاسەوارەکانی لەسەر سامانی ئاو.

**شەشەم**: بنیادنانی تاقیگەو، وێستگەی توێژینەوەو، گەشە پێدانی سەنتەرەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی و، ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی بەهاوکاری لەگەڵ زانکۆکان و، کار کردن بۆ گشتاندنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکان و گەیاندنیان بە جوتیاران لە ڕێگەی دامودەزگای ڕێنمایی کشتوکاڵی، بە ئامانجی پەرەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتی و بەروبوومی کشتوکاڵ.

**حەوتەم**: کارکردن و توێژینەوە لەو ئامرازانەی کە دەبنە هۆی سەرخستنی بەکارهێنانی زەوی وزاری کشتوکاڵ و، ڕێکخستنی وەبەرهێنان و پاراستنی ئەو زەوی و زارانەو، چارەسەرکردنی جۆری ئاوو، پەرەپێدان و چاکتر کردنی دامەزراوەکانی ئاودێری و خاك لە ڕێگای جێ بەجێ کردنی توندی یاساکانی کشتوکاڵ و ئاوو ژینگەوە، بە جۆرێك کە لەگەڵ پێوەرەکانی نێودەوڵەتیدا بگونجێن.

**هەشتەم**: جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە چەسپاندنی مافەکانی بەکارهێنانی زەوی و زاری کشتوکاڵ لەلایەن جوتیاران، لەگەڵ یەکلا کردنەوەی ئەو زەوی وزارانەی کە هێشتا یەکلانەبوونەتەوە یان ئەوانەی کە هێشتا بڕیارەکانی چەسپاندنی مافەکانی زەوی وزار تێیاندا پلەی کۆتایی وەرنەگرتووە بەپێی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ.

**نۆیەم**: هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی یەکەی قەبارەی گەورەی بەروبوومی (الانتاج) کشتوکاڵ و، هاندانی یەکە بچکۆڵەکان بە تێکەڵ کردن و یەکتر تەواو کردن بەمانای تەکامول.

**دەیەم**: کارکردن لەسەر هاندان و پەرەپێدانی ڕووەکی و ئاژەڵی لە کەرتی کشتوکاڵ و ئاویدا، ئاسانکاریی پێویست بۆ ئەو کەرتانە بکرێت لە پێناوی بەشدار بوون لە گەشە کردنی کشتوکاڵی هەرێمدا و بەدواداچوون بکرێت.

**یازدەم**: کارکردن بۆ بووژاندنەوەو گەشەپێدان و پەرەپێدانی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ و پاشکۆکانی لە هەرێمداو، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ بۆ پاراستنی ئەم سامانە لە نەخۆشی، هەروەها بۆ زۆر کردنی بەروبووم و زیادکرن و چاکتر کردنی بەروبووم.

**دوازدەم**: کارکردنی بەردەوام و دانانی پلانی زانستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەردو ئافاتەکان لەگەڵ فەراهەم کردنی ئەو ڕێگایانەی کە دەبنە هۆی پاراستن و ڕێگا لە بلاّو بوونەوەیان دەگرن.

**سـێزدەم**: گرنگـی دان بـە کـەرتی باخـداری دارسـتانەکان (سروشـتی و دەسـتکردەکان)و، لـەوەڕگاکان و، پاراستنیان، چونکە ئەمانە سامانی نەتەوەیی و نیشتمانین، لەگـەڵ پشتیوانی کـردن لەمـەحمیاتی تـەبیعی پارێزراوە سروشتییەکان.

**چواردەم**: گەشەپێدانی دەرامەتی بەشەری و پێشکەش کردنی خزمەتی ڕێنمـایی کـردن و، وشـیارکردنەوەی جوتیاران و ڕەزەوانان دەربارەی باشترین بەکاهێنانی سامانی ئاوی و، بنەماکانی بەرهەمهێنانی کشـتوکاڵ و، پشت بەستن بە تـەکنۆلۆجیاو پێداویستە هاوچـەرخەکانی کشتوکاڵ، بـە جۆرێـك کـە کـەرتی کشـتوکاڵ لـە هەرێمدا گەشە پێ بدات.

**پازدەم**: بەکارهێنانی سیاسەتی تایبەت بە بەڕێوەبردنی تەواوکاری بۆ سامانە ئاوییـەکان و، توندکردنـەوەی یاساکان و، پابەندکردنی ئەو کەرتانەی کە بـەکاریان دەهێـنن، بـۆ ئـەوەی ئـەو یاسایانە جێ بـەجێ بکـەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە سامانی ئاوی لەهەرێمدا پارێزراو بێت بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان، یان لەگـەڵ دامودەزگاکـانی دیکـەی حکومەتـدا، هـەروەها بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ ڕێکخـراوە حکومیـەکانی پابەسـت بـە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەپێناوی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و، سامانی ئاوی و، گێڕانی ڕۆڵـی سـەرەکی لـە بڕیارەکانی خۆجێی و نیشتمانی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی سەرچاوە ئاوییەکان و راسپاردەکانیاندا.

**شازدەم**: هاندانی جوتیاران بـۆ دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی پسـپۆڕی هـەرەوەزیی کشـتوکاڵی کـەرتی تایبـەت بـۆ بەشداری کردن لە یەکە گەورەکانی بەرهەمهێنان.

**حەڤـدەم**: هانـدانی پیشەسـازیی خـۆراکی کشـتوکاڵی بـەو ڕێگایانــەی کـە دەبنــە هـۆی سەرخسـتنی ئـەو پیشەسازییە، لەگەڵ فەراهەم کردنی کەرەستە خاوەکانی کشتوکاڵی لە هەرێمدا.

**هەژدەهەم**: هاندان و پەرەپێدانی سامانی ماسی و پەروەردە کردنی مێش هەنگ.

**نۆزدەم**: پاراستنی بەروبوومی کشتوکاڵی ناوخۆو، دانانی سیاسەتی بەبازاڕ کردن و، گەنجینە کردن (الخزن)، بەشداری کردن لە دیاری کردنی نرخ لەسەر بەروبوومەکانی کشتوکاڵ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئـەو دەقەبـە عـەرەبی خوێندرایـەوە لەلایـەن لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی زراعـە، حـازرە بـۆ ئـەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام پێشنیاری چەند ئەندامێکی بەڕێز بۆ لادانی تکایە، هەستە موفتەرەحەکەت بڵـێ بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی 16 هاتووە کە ئەم وەزارەتە تەشجیعی دروست کردنی جەمعیاتی تەعاونی بکات..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکەت دەقەن بیڵێ بێ زەحمەت.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكە ئەوەیە كە جەمعیاتی تەعاونی نەماوەو جەمعیاتی تەعاونی یەكێكە لەسیاسەتی وڵاتانی ئیشتراكی، ئێستا ئەو سیاسەتەی كە لە وڵاتانی پیشەسازی و وڵاتانی كشتوكاڵی پیادە دەكرێت، دەعم كردنی كاری تەعاونیە، نەك جەمعیاتی تەعاونی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزێكی تر كە دیفاع لەو بۆچوونە بكات؟ كەرەمكە كاك أیوب فەرموو.

**بەڕێز أیوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە باسمان لەوە كرد كە جەمعیاتی تەعاونی بریتیە لە سیستەمێك كە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و بە تایبەتی لە وڵاتە ئیشتراكیەكاندا بووە، بۆ ئەو وڵاتانەی كە پیشەسازین، دەعمی كەرتی تایبەت دەكەن زیاتر، ئەوەی كاك جلال باسی كرد، دەتوانرێ ناوبنرێ كۆمەڵەی پسپۆری یاخود كۆمەڵە پیشەییەكان لە بواری جوتیاری نەك جەمعیاتی تەعاونی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو بەڕێز دیفاعی لێ بكات، چونكە ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، كاك جلال كەرەمكە دیفاع لە بۆچوونی خۆت بكە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله عیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من شەرحم كرد و لە هاتنەكەی ئێمەش نەمان وتووە جەمعیاتی تەعاونی، كۆمەڵەی هەرەوەزی بە تەنها، گوتوومانە (جمعیات تعاونی متخصص للقطاع الخاص) بە كوردیەكەی (كۆمەڵەی پسپۆری هەرەوەزی كەرتی تایبەت)، ئەمە ئاسمان و ڕێسمانی فەرقە لەگەڵ جەمعیاتی تەعاونی هەفتاكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزێكی تر دیفاعی لێ بكات؟ نیە، تەواو، بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، بۆچوونێك هاتووە كە كاك د.حسن و كاك بلال، جەنابی وەزیر ڕەئیت لەسەری؟.

**بەڕێز جمیل سلێمان (وەزیری كشتوكاڵ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەمعیاتی تەعاونی تەخەسسیە، نەك هەر جەمعیاتی پێشان ڕژێمی بەغدا، تەخەسس یەعنی ئیختساسەك، یەعنی مە ئەو جەمعیە دەست پێ كرد، مەسەلەن جەمعیە النحالین) خاس بۆ مێش هەنگوینە، ئێستا ئێمە مەعمەلەك دانایە و بە نەجاحەت سەركەوتووە، لە دەعمی منەزەمەی ئەمریكی ئەو دەعمە لە وەزارەتی زراعەی ئەمریكیە، تەبعەن ئەو جەمعیاتی تەخەسوسی لە ئەوروپا و لە ئەمریكا و یابان زۆر بە قوەتن، نە

قەسد ئەو جەمعیاتی کۆنی بەعسی، یەعنی تەخەسوسیە، مەعمەلی زەیتون کە ئێستا لە بەعشیقە داندراوە، جەمعیاتن، ئەو مەعمەلە زەیتی زەیتون دروست دەکات، چەند جوتیارێك بوونەتە جەمعیەك، گروپی دەواجن، ئێستا 12 گروپی دەواجن هەیە لە هەرێمی کوردستان، دەعمی وەزارەتی زراعە هەر گروپەك ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە، ئێستا لەناو ئیشن، یەعنی قەسدم ئیختسासە نە قەسد یەعنی جەمعیاتی کۆن بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئەگەر موقتەرەحەکەتان سەحب نەکەن؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك جلال باسی کرد هەمان قسەیە، بەس بوترێت کۆمەڵەی پسپۆری، نەك جەمعیاتی تەعاونی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە جەمعیاتی تەعاونی کە تەخەسوسی بێت یان غیر تەخەسوسی بێت، هەموو ئەو کەسانەی کە بەم کارە هەڵدەستن دەکێشێتە ڕکێفی خۆی، ئەو کاری تەعاونیەی کە ڕێگای پێدراوە مەسموحە لە بەینی کۆمەڵێك فەلاح، یەعنی شەرت نیە هەموو ئەوانەی کەوا نەشیان بێت بێنە ژێر ڕکێفی جەمعیە، نیزامی ئیشتراکی ئیجباریان دەکات، بەڵام لە نیزامی رەئس مالی ئیختیاریان دەداتێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك أیوب سەحبت کرد؟ کەسی تر نەما، کاك د.حسن بەتەنها مایەوە، ئێستا کێ لەگەڵ بۆچوونی کاك د.حسن و ئەو برایەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 13 بەڕێز لەگەڵن، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ رەفز کرا، ئێستا ئەو دەقەی کە لیژنەی یاسایی لەلایەن کاك شێروانەوە خوێندرایەوە، بە کوردیش لەلایەن کاك جلال خوێندرایەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی 3 تکایە، لیژنەی زراعە کەرەمکەن.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەردەوامین لەسەر خوێندنەوەی ماددەکان بەعەرەبی.

**الفصل الثاني**

**الاختصاصات والصلاحيات**

**المادة الثالثة:**

**اولاً**: الوزير:

1- هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيلي الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.

2- للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية او المعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم او خارجه للقيام بالمهام التي توكل اليهم وللمدة التي يراها مناسبة بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء وتحدد حقوقهم وواجباتهم من قبل الوزير وفقاً للقوانين والتعليمات المعمول بها.

**ثانياً**: للوزارة وكيلان، أو وكيلا الوزارة، وكيل للشؤون الزراعية ووكيل لشؤون الموارد المائية، يمارسان المهام الموكلة لهما من الوزير ويساعدانه في ادارة شؤون الوزارة، على ان يكونا حاصلين على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

**ثالثاً**: المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية و لكل واحد منهم خبرة وممارسة في احدى اختصاصات واعمال الوزارة الاساسية.

**رابعاً**: المجلس الاستشاري للوزارة ويتألف من:

1- الوزير.

2- وكيلا الوزارة.

3- المستشارون في الوزارة.

4- المدراء العامين في الوزارة.

5- رئيس اتحاد الفلاحين في الاقليم.

6- للوزير استضافة ممثلين عن الوزارات الاخرى ذات العلاقة او خبراء من خارج الوزارة عند الضرورة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكەن لیژنەی زراعە، كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلاب علی عبدالله عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برایان كوردیەكەی كە لە ئەسڵێدا هاتووە بەڕاستی وەرگێڕانەكەی هی ئەوە نیە بخوێندرێتەوە، بەڵام ئێمە لە لیژنەی كشتوكاڵ چاكمان كردووە، ئەگەر ڕێگەمان پێ بدەن جەنابی سەرۆكی پەرلەمان بە كوردیەكەی چاكمان كردووە ئەوە بخوێنینەوە:

## بەشی دووەم
## پسپۆڕی و دەسەڵاتەکان

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم: وەزیر:**

1- وەزیـر بەرپرسـی یەکـەمی وەزارەتەکەیـەو، بەرپرسـە لـە کارەکـانی و ئاراسـتەکردنی سیاسـەتەکەی و سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنیان، هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەك کە پەیوەنـدیی بـە ئیشـەکانی وەزارەتەکـەو پێکهاتـەکان و دەسـەڵاتەکان و کاروبـاری دیکـەی هونـەری ودارایـی و ئیـداری و ڕێکخسـتنەوە هـەبێت، لەلایـەن وەزیـرەوە دەردەچـێت و خـۆی سەرپەرشـتیان دەکـات، بـەپێی حوکمـەکانی یاسـا، وەزیـر بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە، چونکە خۆشی ئەندامێکی ئەنجومەنەکەیە، دەتوانێ بەشێك لە دەسـەڵاتەکانی بداتـە هـەردوو بریکارەکـەو بەڕێوەبـەرە گشـتیەکان، یـان بەلایـەنی پەیوەندیـدار لـە وەزارەتەکەدا.

2- وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ کەسانی سروشتی، یان مەعنەوی لە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕان، لەناو هـەرێم و لە دەرەوەی هەرێمیشدا گرێبەست بکات، بۆ ئەوەی چەند کارێك کە پێیان دەسپێردرێت، لەماوەیەکدا کـە خۆی بە گونجاوی دەزانێت تەواو بکەن، ئەمەش دوای وەرگرتنی رەزامەنـدیی ئەنجومـەنی وەزیـران و، دیـار کردنی مافەکانیان و ئەرکەکانیان بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان.

**دووەم:** وەزارەت دوو بریکاری هەیە، بریکارێك بۆ کاروباری کشتوکاڵ و، بریکارێك بۆ کاروباری سامانی ئـاو، ئەو کارانە دەکەن کە وەزیر پێیان دەسپێرێت و لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەتەکەشدا یاریـدەی دەدەن، ئەو دوو بریکارە پێویستە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیان بەدەست هێنـا بێـت و خـاوەن ئـەزموون و پسـپۆڕ بن.

**سێیەم:** راوێژکاران: لە چوار تێ پەڕ ناکەن، پێویستیشە هـەڵگری بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکـۆ بـن و، هـەر یەکەشیان لە پسپۆڕیەك و ئیشێکی سەرەکیی وەزارەتەکەدا ئەزموون و پسپۆڕیان هەبێت.

**چوارەم:** ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت، لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1- وەزیر.

2- هەردوو بریکاری وەزارەتەکە.

3- راوێژکارانی وەزارەت.

4- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت.

5- سەرۆکی یەکێتیی جوتیاران لە هەرێمدا.

6- وەزیـر بـۆی هەیـە نوێنـەرانی دی لـە وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان و یـان شـارەزایان لـە دەرەوەی وەزارەتەکەدا، لەکاتی پێویستدا بۆ ئەنجومەنەکە بانگهێشت بکات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئی لیژنە یاسایی؟ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەڵام هەندێك تێبینیمان هەیە، یەكەم/ عنوانی فەسڵەكە ئیختساس و سەلاحیات، بەینەما ئەگەر دێیە ناوەڕۆكەكەی تەشكیلاتی وەزارەتە، بۆیە ئێمە ئیقتراحمان ئەوەیە، ئەوەڵەن/ ئیختساس و سەلاحیات لەغو بكرێت، ئەو عینوانە، لە زمنی فەسڵی دوو، تەشكیلاتی وزارە بێتە جێگای، ئەمە خاڵی یەكەم خاڵی دووەممان هەیە ماددەی (3) و (4) هەرسێكیان تەشكیلاتە، ئەگەر تەشكیلاتمان هێنا ئێرە، دەبێ بە تەسەلسولی هەرەمی بێینە خوارێ، لە وەزیرەوە هەتا ئاخیر واحید، ئەوەی ئێمە تەماشای دەكەین، مەسەلەن وەزیر هاتووە، دوای ئەو وەكیل وەزیر هاتووە، پاشان چۆتە مەكتەبی وەزیر و هاتۆتەوە خوارێ بۆ مەكتەبی وەكیل وەزیر، پێمان وابوو ئەوە باشترە كە وەزیر، پاشان مەكتەبی وەزیر، ئەو ستافەی عایدی وەزیرن، پاشان ئەو ستافەی عایدی وەكیلن، پاشان موستەشارین، دوایی (مدراء عامین)، ئینجا مەجلیس، چونكە ناكرێت ئێمە مەجلیسەكەی تەشكیل بكەین، هێشتا تەشكیلاتمان تەواو نەكردییە، (أصولاً) ئێمە تەشكیلاتەكە تەواو دەكەین، ئینجا مەجلیسەكە دێتە ئاراوە، ئاخیر مولاحەزەشمان ئەوەیە، ئێمە دەستكاری مودیریاتی عاممان نەكردییە تاوەكو ئێستا، تەنها بە نیسبەت یەك مودیریەی عاممە، كە ئەگەر غەڵەت نەبم، مودیریەی عاممەی حەفتەمە، (المديرية العامة للبستنة و الغابات)، ناوی (مراعي) نەهاتییە، ناوی (مراعي)مان ئیزافە كردییە، ئەو فەقەرەی كە خاصە بە خەدەماتی زراعی، كردوومانە بە مودیریەت، ئەوەش بە ڕەزامەندی هەردوو لێژنە و جەنابی وەزیر بووە، جگە لەوە خاڵی ئەخیریشم ئەوەیە، كە لە زیمنی مادده سێ، دەڵێ: (للوزير التعاقد مع الأشخاص الطبيعية و المعنوية)، ئەوە بەڕاستی پێمان باشە ببێتە ماددەیەك لە زیمنی ئەحكامی خیتامی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش، لێژنەی یاسایی، كە دەڵێ لەگەڵ دەقی ماددەكەین، دوایی تەغیری تێدابێ، ئەگەر یەك وشەی تەغیری تێدا بێ، مەعنای ئەوەیە لەگەڵ دەقی ماددەكە نین، كەرەمكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە دەڵێم دەقی ماددەكە، مەبەستم لەگەڵ تەشكیلاتەكەینە ئێمە، بەڵان تەسەلسولەكە بەو شكلە بێت، مەبەستم ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر، كەرەمكە.

**بەڕێز جميل سليمان حيدر/ وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من موفقتەنیعیم بە قەراری لێژنەی قانونی، بەڕاستی تێكەڵاوە، ببێتە تەشكیلات، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەمە ئەوەی جەنابی كاك شێروان، لێژنەی قانونی وتیان، چونكە خۆی دەبێت تەشكیلات پێش ئیختیصاصات بێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێزان ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ قسە بكەن؟ كەرەمكە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەگەر پێتان باشە لەبەر مەسائیلی پرۆتۆكۆلی، ماددەكە بخوێنینەوە، بەڵام پێش ئەوەی بیخوێنینەوە، دەبێ مەسەلەی لەغووی عینوانەكە و دەمجی ماددەكە بدرێتە تەصویت، ئەگەر ڕێگەمان پێ دەدەی، تەشكیلاتەكە بە تەسەلسول دەخوێنینەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كەرەمكەن فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**(تشكيلات الوزارة)**

**تتكون الوزارة من التشكيلات الاتية:-**

**أولا : الوزير:**

**هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى اي من وكيلي الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.**

**ثانيا: و كيلي الوزارة :**

**(أ) وكيل الوزارة للشؤون الزراعية:**

**يساعد الوزير في تنفيذ سياسة الوزراة والاشراف على شؤونها الخاصة بالزراعة، ويمارس المهام الموكلة له من قبل الوزير في ادارة شؤون الوزارة على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص لمدة لاتقل عن عشر سنوات.**

**(ب) وكيل الوزراة لشؤون الموارد المائية:**

**يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها الخاصة بالموارد المائية ويمارس المهام الموكلة له من قبل الوزير في ادارة شؤون الوزارة على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص لمدة لاتقل عن عشر سنوات.**

**ثالثا: مكتب الوزير:**

**يراسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والكفاءة ويعاونه عدد من الموظفين.**

**رابعا : مكتبي وكيلي الوزارة:**

**يدار كل مكتب من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**خامسا: المستشارون:**

**لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية ولكل واحد منهم خبرة وممارسة في احدى اختصاصات واعمال الوزارة.**

**سادسا: المديريات العامة:**

**ترتبط بالوزارة المديريات الآتية:-**

**اولاً: المديرية العامة للديوان: تختص بالشؤون الادارية والمالية في ديوان الوزارة وتشرف على تشكيلات الوزارة وتتابع اعمالها ضمن اختصاصها، و يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**ثانياً: المديرية العامة للسدود والخزانات المائية: تختص بتهيئة مستلزمات مشاريع السدود الكبيرة و الصغيرة وتنفيذها واشرافها وتشغيل وصيانة منشأتها وتنظيم وخزن واطلاق المياه يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**ثالثاً: المديرية العامة للاراضي الزراعية: تختص بتطبيق قوانين الاراضي المعمولة في الاقليم وتنظيم وتوفير الاراضي للاستثمارات والمشاريع الزراعية يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**رابعاً: المديرية العامة للزراعة في محافظات الاقليم وادارة گرميان: يرأس كل منها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية اختصاصية ومن ذوي الخبرة لتولي الاشراف على تنفيذ المشاريع الزراعية في المحافظة وترتبط بها مديريات وفروع الزراعة في حدود كل محافظة.**

**خامساً: المديرية العامة للتخطيط والمتابعة: تختص بوضع الخطط الاعتيادية والاستراتيجية والاستثمارية واعداد التصاميم للمشاريع الهندسية ومتابعة تنفيذ الخطط والعمل على ضبط الاحصاء والقوى العاملة والنظم المعلوماتية والاشراف ومتابعة مهمات مديرية الخدمات الزراعية في الوزارات والمحافظات، ويرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

سادساً: المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي: مهامها اجراء الابحاث الزراعية والمائية وارشاد الفلاحين ونقل نتائج البحوث الى حقول الفلاحين، يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

سابعاً: المديرية العامة للبستنة والغابات والمراعي: تختص بشؤون الغابات الطبيعية والاصطناعية والبستنة والمراعي يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

ثامناً: المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة: تختص بالثروة الحيوانية والدواجن والاسماك والطب البيطري، يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

تاسعاً: المديرية العامة للموارد المائية: تختص بالاشراف على تنفيذ مشاريع المياه السطحية والجوفية منها مشاريع الري وتقييم الخزانات الجوفية وحفر الآبار وتوفير المياه لاغراض متعددة، يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

عاشراً: المجلس الإستشاري للوزارة، و يتالف من:

أولاً: الوزير

ثانياً: وكيلا الوزارة

ثالثاً: المستشارون في الوزارة

رابعاً: المدراء العامين في الوزارة

خامساً: رئيس إتحاد الفلاحين في الإقليم

سادساً: للوزير إستضافة ممثلين عن الوزارات الأخرى ذات العلاقة أو خبراء من خارج الوزارة عند الضرورة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ موداخەلە بکەن؟ کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەوەی کە خوێندرایەوە، ئەصلی پرۆژەکە لەگەڵ موفتەرەحی لێژنەی هاوبەش، دوو شتی جیاوازە، گۆڕانکاری زۆریان تێدا کردووە، ئێمە کە قسە دەکەین، لەسەر کامیان قسە بکەین؟ لەسەر ئەصلی پرۆژەکە، لەسەر ئەو ماددەیەی کە هەموویان دەمج کردووە، کۆمەڵێکیان داناوە و کە لەلای ئێمە هەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە موفتەرەحی لێژنەی هاوبەشە، لەسەر ئەصلی ماددەکە جەنابت کامەیانت پێ باشە؟ ڕەئی خۆت دەدەی، حەز دەکەی تەئیدی ئەوان دەکەی، تەصلیحی دەکەی، لەسەر ئەصلی ماددەکە موناقەشە دەکەی، وەك هەموو پرۆژەکانی پێش ئێستا کە کردمان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ ناویان بنووسن، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن، عمر عبدالعزیز، ئارام قادر، دڵشاد شهاب، پەیمان عزالدین، حسن محمد، حمە سعید، بەیان أحمد، شڤان أحمد، ئەڤین عمر، سیوەیل عثمان، صباح بیت الله، نەسرین جمال،

شیلان عبدالجبار، عمر عبدالرحمن، عمر هەورامی، قادر حسن، پەیمان عبدالکریم، کەس ماوە؟ فاضل حسن، ئێستا ڕێزدار عمر عبدالعزیز کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە من ئیختیصاصم ئەو مەجالە نیە، بەڵام دوو، سێ تێبینی فەرمی و لوغەویم هەیە، یەکێکیان: بە نیسبەت تێبینیە فەرمیەکە، پشتگیری ئەو بۆچوونەی کاك شێروان و لێژنەی یاسایی دەکەم، کە ئەو دوو فەصلە فیعلەن یەك شتە جیاکراوەتەوە، بۆ نموونە لە تەشکیلاتی وەزارە ئەگەر بەو پێیە بێ، لە فەصلی دووەمدا باسی وەزیر و وەکیل و ئەوانەی تێدا نیە، کە ئەوە لە صولبی تەشکیلاتەکەیە، پێشنیاری ئەوەش دەکەم بەو عینوانەی بێ (تشکیل الوزارة و الإختصاصات)، یان (تشکیلات الوزارة و الإختصاصات) بکرێت بە یەك فەصل، بەو شێوەیەی کاك شێروان فەرمووی، تێبینی دووەم: وابزانم گرنگە ئەوەیان دوانزە جار ڕەستەی (یرأسها مدیر عام حاصل علی شهادة...)، دوانزە جار لەو فەصلە دووبارە بۆتەوە، من پێشنیار دەکەم، هەموو ئەوانە لاببەین، بەندێك ئیزافە بکەن لەو ماددەیە، بەو شێوەیەی خوارەوە:

(یرأس کل مدیریة من المدیریات مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة أولیة و من ذوي الخبرة و الإختصاص)، یەك دێرە، چونکە دوانزە دێر و نیومان بۆ دەگەڕێتەوە لەو هینە کە هەمووشی هەر تیکرارە، لە بەندی پێنجدا (الخطط الإعتیادیة)، من تێناگەم، یان ئەو دەستەواژەیەم نەبیستووە، ئەگەر بۆمان تەوزیح بکات جەنابی وەزیر، یان لێژنەی تایبەتمەند، (خطط إعتیادي) لە کەنار (خطط ستراتیجي) جیاوازییەکانیان چیە؟ بەنیسبەت هەڵە لوغەوییەکانیش، گرنگە چاکی بکەین، کە دەڵێ (الأشخاص الطبیعیة و المعنویة) بەندی (2) لە ماددەی (3)، (الأشخاص الطبیعیة و المعنویة)، بکرێتە (الأشخاص الطبیعیین والمعنویین)، ئەو لە ڕووی زمانەوانی ئەوانەیە، هەر لە هەمان ماددە (رابعاً: المجلس الإعتیادي للوزارة یتألف من الوزیر، وکیلي الوزیر) نەك (وکیلا الوزارة)، (المستشارین في الوزارة) نەك (المستشارون في الوزارة)، وەکو (المدراء العامین) خۆی دروستە لەوێ، ئەو دوو خاڵی (2) و (3) دەبێ چاك بکرێت لەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ئارام، کەرەمکە.

**بەڕێز أیوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پێشنیارم هەیە، ئەویش سەبارەت بە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت، پێشنیار دەکەم کە ڕاوێژکارییەکە لابدرێ، چونکە ئەو ئەنجومەنە بە پێی ئەو کەسانەی کە دەیگرێتەوە، ئەنجومەنی بڕیاردانە نەك ڕاوێژکاری، کە وەزیرە و دوو وەکیل وەزیرەکەی و کۆمەڵێك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی تێدایە، هەروەك چۆن دوێنێ لە وەزارەتی دارایی باسمان کرد، دەتوانێ بکرێ بە ئەنجومەنی وەزارەت، بۆ ئەوەی کە

هاوكاربن لەگەڵ جەنابی وەزیر بۆ دەركردنی بڕیارەكان، خاڵی شەشەم چاك بكرێ، كە ئەویش ئەوەیە خەڵكانی تر بانگ دەكات، كۆمەڵێك پسپۆری تر كە وەزیر بۆی هەیە كۆمەڵێك پسپۆڕی تر بانگ بكات بۆ ئەو ئەنجومەنە، بەڵام مافی دەنگدانیان نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دڵشاد، كەرەمكە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەسەر ئەغڵاتە لوغەویەكاندا نەچوومە، ئەگەر نا تێبینی زۆرن، ئەوەی من تێبینیم لەسەری هەیە، نازانم لەكوێی ماددەكەدا دەكرێت موعالەجەی بۆ بكرێت؟ جەنابتان دەزانن كە ئەو وەزارەتە لە دەمجی دوو وەزارەت، یاخود لە ئیلغای دوو وەزارەت پێكدێت، تەبیعی هەر یەكێك لەو وەزارەتانە كۆمەڵێك تەشكیلات و كۆمەڵێك دەرەجاتی تایبەت و كۆمەڵێك موستەشار و هەموو ئەو دەرەجاتانەی تێدا هەن، كە ڕەنگە بەشێكی تیكرار بێتەوە، هەروەها بە نیسبەت هەندێك لە وەزارەتەكانی تریش، بەڵام ئەوەی كە ئێستا جێگای بەحسە، دەمجی ئەو دوو وەزارەتەیە و تەشكیلی وەزارەتێكی نوێیە، چۆن ئێمە بتوانین شتێكی وا بكەین، بۆ ئەوەی كە سوود لە تواناكانی ئەو خەڵكە وەربگیرێ، بە تایبەتیش پلە تایبەتیەكان، هەرجارێكی ئێمە وەك كابینەیەكی وەزاری هەڵبوەشێنین، یاخود وەزارەتێك هەڵبوەشێنینەوە، یان دەمجی بكەین، كۆمەڵێك پلەی تایبەت تەقاعود ببن و كۆمەڵێك پلەی تایبەتی تر ئیستیحداس بكرێن، ئەگەر وا بكرێت مومكین بێت برادەرانی لێژنەی قانونی صیاغەیەكی بۆ بدۆزنەوە، كەوا وەزارەتی نوێ ئیلزام بكرێت سوود لەو پلە و لەو میلاكاتانەی كەوا پێشتر لە هەردوو وەزارەت هەن سوودی لێ وەربگیرێ، لە دەرەجاتەكان مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر نا من دەزانم لە كۆتایی یاساكەدا هاتووە، كەوا سوود لە هەموو شتەكان وەربگرن، من مەبەستم لە دەرەجاتی تازەیە، بە تایبەتی لە بەڕێوەبەرە گشتیەكان، لە ڕاوێژكارەكان، تەنانەت ئەوانەی كە مەكتەبی وەكیل و مەكتەبی وەزیریشی لێ پێك دێت، كە هەریەكە كۆمەڵێك پلەی تایبەت و پلەی تازەی تێدایە، بۆ ئەوەی چیتر تەزەغووم لە هەیكەلیەكاندا ڕوونەدات، سوود لەو پلە و لەو دەرەجاتانەی كە ئێستا لە هەیكەلی وەزارەتدا هەن وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان، كەرەمكە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا تێبینیەکانم لەسەر ئەصلی پرۆژەکە، دەڵێم: لە بڕگەی چواری ماددەی سێ دا، کە باس لە مەجلیسی ئیستیشاری وەزارەتەکە دەکات، کە ئەوە مەجلیسێکی ئیستیشاری وەزارەتەکە دەبێ، واتا لە ئەوانە پێك دێت کە وەزائیفی دەوڵەت تەشغیل دەکەن، موەزەفی دەوڵەن، بەڵام لە بڕگەی پێنجی ئەوەدا هاتووە، سەرۆکی یەکێتی جووتیاران لە هەرێمدا، ئەوە لێرە بەڕاستی بۆ خۆی جێی پرسیارە، بۆ کە صیفەیەکی حکومی نیە لێرە داخل کراوە؟ ئەندامی مەجلیسە، ئەگەر گرنگی هەیە، ڕەئی ئەو سەرۆکی یەکێتی جوتیارانە، بۆ لە هەمان کاتدا؟ چونکە ئێمە بیرمان نەچێ وەزارەتەکە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە، بۆ نموونە سەرۆکی ڕێکخراوی جیۆلۆجیانی کوردستان، یان ئەندازیاران لە هەمان مەجلیسدا بوونی نەبێت، ئەگەر پێویستەوجودیان هەبێت، سەبارەت بە پێشنیارەکەی، یان موفتەرەحەکەی لێژنەی هاوبەشیش، هەر سەبارەت بە دەمج کردنی ئەو خاڵە، کە ڕێزبەندییان کردووە، من پرسیار دەکەم کە ئەو وەزارەتانە، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرە گشتیەکان هاتۆتە بەر باس کردن، ژمارەیەکی یەکجار زۆرن، لە کاتێکدا کە دەکرێت ئەوانە هەندێکیان ببن بە بەڕێوەبەریەتی، لە بەڕێوەبەریەتە گشتیەکان کە دانراون، بۆ نموونە، ئێمە لێرە لەو موفتەرەحەدا کە دواتریش لە ماددەی چواری ئەصلی پرۆژەکەدا هەیە، بەڕێوەبەرێتی گشتی بەنداوەکان هەیە، ئەوەی کە ئێمە دەیزانین، ئێستا لە عیراقدا دروستکردنی بەنداوەکان لە ئیختیصاصی مەرکەزە، حەصرییە، وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عیراقیش بە نیازی دروستکردنی (32) بەنداون لە عیراقدا، کە بەشێکی ئەو (32) بەنداوە دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە، بە پێی ڕێنمایی و یاساکانیش، هەتا تەشغیل و صیانەی بەنداوەکانیش دیسان دەکەوێتەوە ئەستۆی مەرکەز، کەواتە لێرە دەکرێت پرسیارێك بکەین جەنابی وەزیر وەڵامی بۆی هەبێ، ئایا ئەو بەڕێوەبەرێتی گشتی سدودە کە ئیختیصاصەکەی هەمووی بچێتەوە مەرکەز، ئیشی چی دەبێت؟ ئەگەر بە تەنها ئیشی موراقەبەیە، باشتر نیە ئەو بەڕێوەبەرایەتی گشتیە بکرێ بە بەڕێوەبەرایەتی، بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت، کە دەتوانێ ڕەقابە و چاودێری ئەو کارانە بکات کە ناوەند دەیکەن، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیەکانی تریش، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بحوس و ئیرشادی زراعی، ئەوەش دەکرێ بەڕێوەبەرایەتیەك هەبێ دیسانەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان دا، یاخود لە بەڕێوەبەرایەتی تەختیتدا، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەستەنە و غابات، ئەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەك نەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵدا؟ کە دەکرێ بەوانە ئێمە ژمارەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان کەم بکەینەوە، هەم ئەرکی وەزارەتیش پوختتر و باشتر دەبێ لەوەی کە دابەش بێ بەسەر ئەو هەموو بەڕێوەبەرایەتیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حسن محمد، کەرەمکە.

**بەڕێز حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره من لەگەڵ ئەو تەصنیفە تازەی لیژنەی یاساییمە، چونکە پێکهاتەکانی وەزارەت بە وەزیرەوە دەست پێ دەکات، بۆ وەکیل وەزیر، بۆ هەیئەی ئیدارات، بە نیسبەت ئیداراتی وەزارەتی زراعە، لەسەر چ ئەساسێك دروست دەبێ؟ حەقیقەت چوار ئەساسی هەیە، ئەساسێکیان پێی دەگوترێ قیتاعی ئیداری عام، کە چەند دائیرەیەك لە خۆی دەگرێ، بەڵام ئەوەی کە لێرە ئیشارەی پێدراوە دوو دائیرەیە، کە ئیهتیمام بە سیاسەتی تەرشیق بدرێ، بە نیسبەت وەزارات لە جێی خۆیەتی، کە کەمترین مودیریەی عاممە هەڵبژێرێ، دووەم: لێرە مودیریەی عاممەی دیوان، مودیریەی عاممەی تەختیت هەڵبژێردراوە، بەڵام پێم سەیرە لێرە هیچ ئیشارەتێك بە مودیریەی عاممەی شئوونی قانونی نەدراوە، کە جوزئێکی گرنگە لە مەسائیلی ئیدارەی عام، قیتاعێکی تر، قیتاعی تەنمیەی زراعیە، کە ئەویش چەند بەشێك لە خۆی دەگرێ، بەڵام بەلای من دوو بەشیان زۆر موهیمن، کە قیتاعی سامانی ئاژەڵی و سامانی ڕووەکییە، لە ناو ئیدارات دا باسی ئیدارەی سامانی ئاژەڵی کراوە، بەڵام باسی ئیدارەی سامانی ڕووەکی نەکراوە، کە ئەوە تەبیعی ئەویش بۆخۆی بە تەصەووری من لێرە نەقصێکە، قیتاعێکی تر قیتاعی خەدەماتی زراعییە، کە ئەو قیتاعە باس لە ویقایەی سەروەی زراعی دەکات، کە ئەویش لێرە ئیشارەت بە مودیریە عاممەی ویقایەی حەیوانی دراوە، بەڵام هیچ ئیشارەتێك بە مەسەلەی ویقایەی نەباتی نەدراوە، هەروەها قیتاعی چوارەمیش، قیتاعی (الري)یە، (قطاع الري و الإصلاح ...)، کە زۆربەی دائیرەکان لەو قیتاعە هەڵبژێردراوە، هەندێك دەوائیریش بەڕاستی تێکەڵ کراوە بەینی قیتاعی ڕەی و قیتاعی زراعی، بۆ نموونە لێرە ئیشارەت دراوە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستان و بێستان و خزمەتی کشتوکاڵی، خزمەتی کشتوکاڵی دەچێتە بابی قیتاعی خەدەماتی زراعی، بەڵام سامانی دارستان و بێستانیش دەچێتە تەنمیەی زراعی، یەعنی تێکەڵێك لە تەشکیلەی قیتاعەکان کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حمە سعید، کەرەمکە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەو ماددەیە بچێتە زیمنی تەشکیلاتی وەزارەتەوە، واتا فەصلی دوو و فەصلی سێ ببن بە یەك فەصل، بەو تەسەلسولەی کە باس کراوە، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر: بەڕاستی پێناسەی ئەوپێناسەیەی کە بۆ وەزیر کراوە، زۆر دوور و درێژە، کورت بکرێتەوە لە دوودێردا، ( هو الرئيس الأعلى) هەتا (مهام الوزارة) و (ويكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء) ئەوەندە کافییە، خاڵێکی تر، بەڕاستی پشتگیری ئەو پێشنیارەی مامۆستا عمر دەکەم، کە ئەو هەموو (ذوي الإختصاص)، ئەوانە، خیبرە کەم بکرێتەوە لە یەك دێردا، خاڵێکی تر: ئێمە لە ماددەی یەکدا (مجلس الإستشاري)مان کرد بە (مجلس الوزراء)، مەجلیسی ئیستیشاریەکەمان لابرد، کەواتە دەبێ لابرێ، پشتگیری ئەو پێشنیارەی کاك ئارام دەکەم، پشتگیری ئەو ڕایەش دەکەم کە ئیستیزافەی ئەو کەسانە بکرێ (ليس لهم حق التصويت)، جا بەڕاستی ئەو ڕایەش کە

(رئيس إتحاد الفلاحين) له شەشەمدا تەحصيل حاصله، بانگ دەكرێ، يەعنى وەزير بۆى هەيە بانگى بكات، كەواتە لێرە پێويست ناكات باس بكرێت، خاڵێكى تر: پشتگيرى ئەو ڕايەى پەيمان خان دەكەم، كە بەڕاستى (9) موديرياتى عاممە هەيە، جگە لە چوار موديرياتى محافەزات، كە ئەوە زۆرە، بۆيە ئەگەر (9) موديرياتەكە كەم بكەينەوە، بەو شێوەيە، موديريەى عاممەى سدود و خيزاناتى مائى دەمج ببێ لەگەڵ خاڵى (9)، ببێ بە (المديرية العامة للموارد المائية و السدود)، ئەوانە ڕەبتيان بەيەكەوە هەيە، لە خاڵى سێيەم موديريەى عاممەى ئەڕازى زراعى دەمج بكرێ، خاڵى شەشى بۆ بێ، (المديرية العامة للأراضي الزراعية و البحوث و الإرشاد الزراعي)، پەيوەنديان بەيەكەوە هەيە، هەروەها خاڵى شەشەم: موديريەى عاممە بۆ بحوس و ئيرشاد بڕوا بۆ (3) وەكو گوتمان، ئينجا دەمجى خاڵى حەوت و هەشت، (المديرية العامة للبستنة و الثروة الحيوانية)، ئەو دووانە بەيەكەوە ڕەبتيان هەيە و موناسيبن، بەو شێوەيە ژمارەى موديريەتە عاممەكان كەم دەبنەوە بۆ شەش موديريەت، لە (9)يەوە دەبن بە (6)، كە ئەوە لە ڕۆتينيات و لە هەندێك ميلاكات و لە هەندێ ئەوانە كەم دەبێتەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بەيان أحمد، كەرەمكە.

**بەڕێز بەيان أحمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەز ل دەسپێكێ پشتگيريا ل بۆچوونا لێژنە ياسايى دكەم، بۆ ڤێ تصنيفا ڤێ دوماهيا وانە كرى، يا دوێ ئاخافتنا من هاتنە كرن، تەئكيدا ل وان گوتنا دكەم يێت مامۆستا عمر عبدالعزيز كرين، خالا سێيێ پێشنيارا زێدە كرنا ڕێڤەبەريا ئەز دكەم، مديريه عامه للتجهيزات الزراعيه، كو كۆنترۆلا تجهيزاتێت زراعى بكاتن، ب ڕەئيا من گەلەكا زەروريە، من نەديت شتەكێ وەسا هەبيتن، كۆنترۆل كرنا ڤان تەجهيزاتێت زراعى ل دەستێ وەزارەتێت دابيتن، خالەكا باش دزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شوان أحمد، كەرەمكە.

**بەڕێز شڤان أحمد عبالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێشەكى من پشتگيرى لە بۆچوونەكەى لێژنەى ياسايى دەكەم، كە تێكەڵ كردنى تەشكيلاتەكەى بەو شێوەى كە دايانڕشتووە، شتێكى زۆر باشە، ماددەى سێيەم خاڵى يەكەم، من تێبينيم هەيە لەسەر نووسينێك بەو شێوەيەى كە هاتووە لێرە (وەزير بۆى هەيە هەندێ لە دەسەڵاتەكانى)، حەقەتەن من دەبينم ئەوە شتێكى مەنتيقى نيە، هەموو صەلاحياتەكان ڕاستە هى وەزيرن، كە دەڵێين بۆى هەيە، يەعنى بۆى هەيە نەشيداتن، كەواتە دانانى دوو بريكار هەر هيچ مەعنايەكى نابێت، دەبێ ئەو صەڵاحياتانە بێنە خوارێ بۆ جيهەتى تەنفيزى و ئەوانە، لێرە بەو شێوەيە دايبرێژين، بەو شێوەيە كە هەم تەقديريەكە لاى وەزير

بمێنێت، هەم نەوعی ئیلزامیەك تێدا بێت، وەزیر هەندێ لە صەلاحیاتی، نەك بۆی هەیە، هەندێ لە صەلاحیاتی ئەو تەقدیرە وەزیر بێت، چ صەلاحیاتێك و چەندی دەداتن؟ بەلام كە دەڵێن بۆی هەیە، كەواتە بۆی هەیە نەشكاتن، ئەوە یەك، لە خاڵی چوارەم بڕگەی شەشەم، وەزیر بۆی هەیە هەندێ نوێنەرانی تر لە وەزارەتەكان، پێمواپە ئەوە زیادە، بچێتە حوكمە گشتیەكان، ئەوەش دەسەڵاتی وەزیرە و حاڵەتی ئیستیسنائی و زەرورەیە، نەك لەو تەشكیلە لێرە بمێنێتەوە، بچێتە حوكمە گشتییەكان لە ماددەی پێنج، جێی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ئەڤین عمر، كەرەمكە.

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرتادا منیش پشتگیری ڕایەكەی لێژنەی یاسایی دەكەم، چونكە بەڕاستی ئەوان ئەو تێبینیانەی كە ئێمە هەمانبوو لەسەر ئەو دوو ماددەیە، بەو پێشنیارەی ئەوان زۆربەی زۆری چارەسەر كرا، هەروەها من لەگەڵ هەڵگرتنی خاڵی دووەمم لە (أولاً)، چونكە بەڕاستی وەزیر خۆی خاوەنی قەرار و خاوەنی دەركردنی ئەوامرە لە وەزارەتەكەدا، وابزانم ئەگەر ئەو خۆی خاوەنی ئەو ئەوامر و شتانە بێ، پێویست ناكات كەوا لێرەدا صەڵاحیاتێكی پێ ببەخشرێ بۆ تەعاقود كردن، گرێبەست كردن لەگەڵ خەڵكانێك لە دەرەوە، یاخود لە ناوەوەی هەرێم، ئەگەریش ئەوان خۆیان زۆر بە زەرووری دەزانن، هەڵبەتە جێگای ئێرە نیە، دەبێ بڕواتە جێگایەكی تر، یاخود لە ئەحكامی خیتامین وەكو هەر ئێوەی بەڕێز دیاریتان كرد، لەوێ بێ باشترە، من لەگەڵ ئەوەدام كەوا مەجلیسی ئیستیشاری كە باس كرا وەكو تەشكیلە، بەڵام باسی ئەوە نەكرا ئەو مەجلیسە ئیستیشارییە مەهام و صەڵاحیاتی تا چەندە؟ چۆنە؟ هەروەها بەڕاستی من لەگەڵ ئەوە نیم بۆ وەكیل وەزارەتەكان دیاری بكرێ، كەوا هەڵگری بڕوانامەی جامیعی بێ، یاخود ئەو هینانەی كە بۆ ئەوان دیاری كراوە، بڵێین پێوەرانە، سەبارەت بەوەی كەوا مودیریەی عاممەكان زیادن، هەڵبەتە من لەگەڵ ئەوەم كە وەزارەت خۆیان بەباشی دەزانن، چونكە بە عەمەلین لە ناو ئیشەكەن، ئەوان خۆیان باشتر دەزانن چەند مودیریەیان پێویستە و چەند زەرووره، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لەگەڵ ئەوەم كە ئەگەر بكرێت و مودیریەی عاممەی (میاه السطحیة و الجوفیة)، بكرێ بە دوو بەشەوە، بكرێ بە (المدیریة العامة للمیاه السطحیة و المدیریة العامة للمیاه الجوفیة)، چونكە وەك هەموومان دەزانین میاهی جەوفی، ئەویش وەكو سامانێكی سروشتیە بۆ ئەو وڵاتە، بایەخدان و گرنگیدان بەو سەروەتەش ئەركێك و مەهامێكی زۆر گرنگە، دەكەوێتە سەرشانی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل عثمان، كەرەمكە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**به نیسبەت ماددەی سێیەم، (الوزیر) له ئەخیری، سەتڕی ئەخیری دەخوێنمەوە، (متضامناً فیه و له تخویل بعض من صلاحیاته إلى وکیلي الوزارة)، تەبعەن من دەپرسم ئەگەر وەزیر بتوانێ دوو وەزارەت بەڕێوەببات، بەڕێك و پێکی، له کابینەی چوارەمیش ئەو دوو وەزارەته تێکەڵ بوون، لەبەرچی وەکیل وەزیرێك، وەکیل وەزیر ناتوانێ بەڕێوەی ببا؟ ئەوە یەك، دوو: وەکیل وەزیر ئیش و کاری چیە؟ هەمووی مەکتەبیە، خۆ مەیدانی نیە، بچێتە سەر پرۆژەکە، عەفوو، ئەگەر مەجالم بدەی، دەترسم لێم ببڕی، لەبەر ئەوەی وەکیل وەزیر ئیشی مەکتەبیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کە ئیشی مەکتەبیە، پێشتر دەڵێ: (الوکیل کالأصیل)، ئەگەر وەزیر دەتوانێ ئیشی دوو وەزارەت بەڕێوەببات، دەبێ وەکیل وەزیریش بتوانێ ئیشی دوو وەزارەت بەڕێوەببات، من لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم یەك وەکیل وەزیر بێت، ئیختیصاصی هەبێ، خیبرەی هەبێ، مومارەسەی هەبێ، سەنەواتی خدمەی تەواو بێت، یەك وەکیل وەزیر بێت، پێشنیاری ئەوە دەکەم، نەك دوو وەکیل وەزیر، لەبەر ئەوەی (وکیل وزیر للشؤون الزراعیة) و (وکیل وزیر شؤون الموارد المائیة)، وابزانم هەردووکی یەکە، له کابینەی پێشووتر هەروا بووە، ئەوە بە نیسبەت ئەوە، شتێکی بەسیت هاتیە لێرە، (للوزیر التعاقد مع الأشخاص الطبیعیة)، یەعنی ئەشخاصی تەبیعی، بەشەری سروشتی هەیە؟! نازانم، یەعنی ئەشخاصی ئیعتیادی دەبێت، کەسانی ئاسایی دەبێ، بەس نەمبیستیه کەسانی تەبیعی و ناتەبیعی هەبێ لێرە، هەتا له کوردییەکەی نووسرایه کەسانی سروشتی، یەعنی بۆ ئەشخاص، بۆ ئینسان سروشتی بەکار نایێت، به نیسبەت (المجلس الإستشاري للوزارة)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، له ماددەی یەکەم ئێمە وشەی ئیستیشاریمان لابرد، له ماددەی یەکەم لامانبرد، دەکرێ ئێستا ئێمە لەو ماددەیە بنووسین (المجلس الإستشاري للوزارة)، مەفرووزە بڵێی: (یتألف مجلس الوزارة من)، لەبەر ئەوەی وشەی ئیستیشاری لابردرا، له ماددەی یەکەم، دێینە سەر خاڵەکان: (أولاً: الوزیر)، (ثانیاً: وکیلا الوزارة)، من دەڵێم (وکیل الوزارة)، (ثالثاً: المستشارون)، (رابعاً: المدراء العامین)، (خامساً: رئیس إتحاد الفلاحین في الإقلیم)، تەبعەن وەك پەیمان خان باسی کرد، هەموو جەمعیات، هەموو سەندیکاکان، هەموو یەکێتیەکان، کە یەکێتی جوتیاران و ئەوانە، هیچی حکومی نینە، یەعنی ڕەسمی نینە، ئەوانە غێر ڕەسمینە، مادام غێر ڕەسمینە، من پێشنیار دەکەم پێنجەم ئیلغابێت، پێنجەم، ئیزافەی شەش بکرێت، شەشەم دەڵێ: (أولاً: للوزیر إستضافة ممثلین عن الوزارات الأخرى ذات العلاقة أو خبراء من خارج الوزارة أو رئیس إتحاد الفلاحین في الإقلیم عند الضرورة)، لەبەر ئەوەی وابزانم حەقی تەصویتیشیان نیە، له کاتی موناقەشە حەقی تەصویتیان نیە، خاڵی پێنجەم لابردرێ، ئیلغا بکرێ، بخرێتە سەر خاڵی شەشەم، دێینە سەر مەکتەبی وەزیر، ئەوە قسەی لێ ناکەم، قەینا شەهادەی جامیعی هەبێ، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، (مکتب وکیل الوزیر) بۆ خۆی یەك مووەزەف بێ، ئەگەر بڕوانامەی ناوەندیشی هەبێ دەتوانێ ئیش و کارەکان بەڕێ بکات، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئیشی مەکتەبیە، سجلێك لەوێ دادەنێ، فایلێك لەوێ ڕێك دەخات، ئیشێك، کارێك دەکات، ئەوە مەکتەب، لەبەر ئەوەی ئەگەر ناوەندیش نییە، من پێم باشە ئەگەر نازانم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوایی دەوەستێتە**

سەر ڕەئی خۆیان، بكرێتە (حاصل على شهادة دبلوم فما فوق)، هەر قسەی دوێنێیە دووبارەی دەكەمەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وابێ، مەعهەدەكان، ئامادەییەكان، هەمووی بڕیارێك بدەین و قەپاتی بكەن، بایكۆتی لێ بكەن، ئێمەش بۆ خۆمان هەرچی دەرچووی زانكۆیە تەعین بێ، ئەوانی تر نا، ئەوە بە نیسبەت (مدير مكتب وكيل الوزير)، لێرە نووسرایە هەموو مودیریە عاممەكان، نووسرایە (ذوي الخبرة و الإختصاص)، (ذوي الخبرة والممارسة)، مەفرووزە بڵێین (ذوي الخبرة و الإختصاص)، بە هەمان شێوە ئێمە مودیریەی عاممەی دیوانمان هەیە، مادام مودیریە عاممەی دیوان ئیش و كاری چیە؟ ئەگەر ئەوەندە مودیریە عاممە هەبێ، تەبعەن ڕەئی من لەگەڵ ڕەئی پەیمان خان و بەڕێزێكی تر باسی كرد، ئەوانە هەموو مودیریات بێ، ئەو مودیریاتانە هەم تەرشیقی وەزارەیە و تەرشیقی حكومەتە، ئەگەر دەمانەوێ پارە بە هەدر نەڕوات، ئەوانە هەمووی ببێە مودیریە، ئەو مودیریانە هەموویان مديريە عامە للديوان دبێت، لەبەر ئەوەی چونكە مديريەی عامە، لە هەموو محافەزەكانیش هەیە، مادام مديريە عامە لەهەموو محافەزەكان هەیە، لە قەزاو ناحیەكانیش دەبیتە مديريەت، یان فروعی لێ دەكرێتەوە، پێم باشە مديريە عامەكان بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ لۆخۆی دەزانی، كامیان زۆر زەرورە مديريە عامە بمێنێتەوە، ئەویش زەرورن، بەلام مهیم و ئەهەم هەیە لێرە، ئەوی نەهە بكرێتە مديريە، دەكرێت هەندێك لە سەلاحیاتی مديرى عامى بدەیێ، ئێمە لە ئیدارەی ئەو شتانەمان دیتیە دەزانین، لەو هەموو مديريات و ئیش و كارانەی دانراوە، یەك شوێن نەكراوەتەوە بۆ مەركەز تەدریب و تەتویر زراعیە لثروة حيوانية، یەعنی مەركەزەكی لێ دانەنراوە، مركز تەتویر ئینجا ئایا دەورات دەكەنەوە؟، چونكە جاری وا هەیە كشتوكاڵ پەیوەندی بە فەلاحی ژنەوەش هەیە، زۆرجار من دیتیتم ژنەكان لە گوندەكان دەیان هێننە ناحیەكان، دەوراتیان لۆ دەكەنەوە، ئەوەی ئاژەڵ بەخێوە دەكات، ئەوەی پەلەوەری هەیە، ئەوەی ئەو شتانەی كە ئیش و كارەكانی كە پەیوەندە بە كشتوكاڵەوە، لەبەر ئەوەی پێم باشە، ئەگەر بەشەكە، ئەگەر فەرعەكە، ئەگەر هەرچیەكە، مركز تدريب والتطوير الزراعى والثروة الحيوانية، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، من زۆر جار نەوەك تەنها هەر سیوەیل خان، لێرەش ئەڵێن وەكیل وەزیر، ئێمە لە پڕۆژەكە وەكیل وەزیرمان نیە، وەكیل وزارەمان هەیە، وەكیل وەزیر تەنها بۆ وەزیرە، بەلام لێرە بۆ گشت وەزارەكەیە، ئەو ملاحەزەیە زۆر تكرار دەبێتەوە، زۆر بەی ئەندامان ئەوە لە بەیانیەكەوە ئەڵێن وەكیل وەزیر، وەكیل وەزیرمان نیە، وەكیل وزارەمان هەیە، سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەباح بەیتوڵا، فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دكەم (المديريە العامە للخدمات الزراعيە) ئەڤە بێتیە ئیزافە كرن، چونكی ب ڕاستی پێویست دزانم، مادێ (تاسعا) بێژیت ( المديرية العامة للمياه السطحية والجوفية)، ب رەئیا من ببیتە ( المديرية العامة للموارد المائية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار نەسرین جمال.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

دیارە ئەوەی کە من ئاماژەی پێ ئەدەم، دوو خاڵە، یەکەمیان لەسەر مەسەلەی وکیل وەزارەیە، دووەمیان لەسەر بەڕێوەبەرایەتی عامی کشتوکاڵە، دیارە ئێمە لە زۆر زووەوە باسی تەرشیق ئیدارە دەکەین و نەهێشتنی دوو ئیدارەیی دەکەین، بەلاَم هەر لەم پڕۆژەیەی خۆمانا، هەم لە تەرشیقەکە وابزانم نەجاحەتمان نەهێناوە، هەم لە ئەو دوو وەکیل وەزارەیەش کە ئەمێنێتەوە بەڕاستی، دیاردەی یان مۆرکی دوو ئیدارەیی پەرەپێدەدات، بۆیە واباشترە کە تەنها یەك وەکیل وەزیر بێت، وەلەوانەیە زۆر لە هاوکارانم بڵێن ئەمە دوو وەزارەتە یەکی گرتۆتەوە، بەلاَم ئەم دوو وەزارەتە ڕاستە دوو وەزارەتی پەیوەندیدارن، هەم زراعە گرنگە وە هەم سەرچاوە ئاویەکانیش گرنگە، چونکە زراعە بەبێ سەرچاوە ئاویەکان نابێت، لەگەڵ ئەوەشا ئێمە ئەنجومەنێکمان هەیە، ئەنجومەنێکی وەزارەتمان هەیە، کە بریتیە لە وەزیر و وکیلی وەزارەو، لە ڕاوێژکارەکان و لە مدیریە عامەکان، ئەمانە هەریەکەو بە پێی ئیختیصاصی خۆی دادەنرێت، دیارە کە ڕاوێژ کارەکان چوار ڕاوێژکار دادەنرێت، بە تەئکید ئەوە جەنابی وەزیر ئەزانێت، کە ئەو ڕاوێژکارانە بە پێی پسپۆڕیەکانی خۆیان دادەنرێن، کە هەم پسپۆڕی هەیە لە کشتوکاڵ، هەم پسپۆڕیشی هەیە لە سەچاوە ئاوییەکان، وەلە مدیر عامەکانیشا لە بەڕێوەبەرایەتیە عامەکانیشا دیارە، ئەوانیش لە هەمان کاتدا پسپۆڕی خۆیانیان هەیە، بۆیە من لێرەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە بکرێتە یەك وکیل وەزیر، لەبەر ئەوەی دیاردەی دوو ئیدارەیی لێرەوە کۆتایی پێ بێنین، لەهەمان کاتیشدا هەر دوێنێ پڕۆژە یاسای وەزارەتی دارایی ئابوریمان پەسەند کرد، کە ئەویش دوو وەزارەت بوو یەکی گرتەوە، وە یەك وەکیل وەزیریشمان بۆ دانا، خاڵێکی تر کە من ئەمەوێ باسی بکەم، لەسەر بەڕێوەبەرایەتی عامەی کشتوکاڵە، ئەم بەڕێوەبەرایەتی عامەی کشتوکاڵە، لە عیراقا تەنها لە وەزارەتا هەیە، ئەو هەموو محافەزەی کە هەیانە بەڕێوەبەرایتی گشتی کشتوکاڵیان نیە، بۆیە پێویست بەوە دەکات کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ کەلە وەزارەتدا هەبێت، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی تر کە هەیە، بەڕێوەبەرایەتی بمێنێتەوە، ئەگەر ئەمەم هەروەکو خۆی ئەمێنێتەوە، واتا بڕگەی شەش و بڕگەی نۆ ئەگەر دەمج نەکرێت، لێرە پێویست بەوە دەکات، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە خاڵی نۆیەم، ئاماژەی پێ دراوە کە ئەڵێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە مەرکەزی پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیاندا، ئێمە لە مستەقبەل لەوانیە ئیدارەی ترمان بۆ دروست ببێت، بڵێین ئیدارەی ڕانیەمان بۆ دروست ببێت، ئیدارەی قەلاَدزێمان بۆ دروست ببێت، ئیدارەی هەڵەبجەمان بۆ دروست ببێت، ئەمە لە داهاتوودا لەوانەیە ئەم ئیدارانەمان بۆ دروست ببێت، بۆیە ئەگەر خاڵی نۆیەم بەڕێوەبەریەتی گشتی کشتوکاڵ وەکو خۆی مایەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لە دێری ئەخیرا، پڕۆژە کشتوکاڵیەکان کە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکاندا، مادام لەسەرەوە باسی ئیدارە کراوە، باسی ئیدارەی

گەرمیان کراوە، وەکو عەرزم کردن لە داهاتووشدا ئیدارەی ترمان بۆ دروست دەبێت، پێویست بەوە دەکات لە دوای پارێزگاکانا ئیدارەیەکی بۆ ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شیلان عبدالجبار.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

سەبارەت بڕگا دویٚ کە ب عەرەبی هاتیە، (للوزیر التعاقد مع الاشخاص الطبیعیة والمعنویة من ذوی الخبرة والاختصاص) سیوەیل خانیش ژبەری من ئەڤ ئاماژە بویٚ شتیٚ کریە، پسیارا من ژی هەرئەوەیە(الاشخاص الطبیعیة والمعنویة) مەعنا چیە؟ مەعنایێ وی چیە؟ ئەو کەسە کێن، ئەریٚ تشتەك هەیە اشخاص غیر طبیعیة؟، پێشنیارامن ئەوەیە هەر نەمینێتن، هند بمینێتن (للوزیر التعاقد مع الاشخاص من ذوی الخبرة والاختصاص الی اخره) سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالرحمان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

من تەنیا ملاحەزەیەکم لەسەر وەکیل وەزارە هەیە، لەسەر ئەوەی کە ( لاتقل عن عشر سنوات) لە هیچ وەزارەتەکانی تر بە نیسبەت وەکیل وەزارەوە ئەو (لاتقل عن عشر سنوات) نەهاتووە، پێموایە ئەوە زیادەیە لابرێت وەکو وەزارەتەکانی تری لیٚ دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عمر هەورامی.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار قادر حسن.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

هەرچەندە خوشکان و برایان زۆر تێبینیان وت بەڕاستی، ئەوەی کەماوەتەوە تەنها من تەئکید لە بەندی چوار دەکەمەوە، کە دەڵێت رابعا ( المدیریات العامە للزراعە فی مرکز محافظات الاقلیم و ادارة گرمیان)

بكرێته (في مركز محافظات الاقليم و اداراتها) چونكه ئەكيد ئيداراتی تر ئێستا ئيحداس دەكرێت بۆ ئـەوەی مەشمولی ئەم ياسايە بن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەيمان عبدالكريم.

**بەڕێز پەيمان عبدالكريم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان:**

لێـره پێويسـتە ڕوون كردنەوەيـەك هـەبێت، كـە بەڕێوەبەرايـەتی ئـاوی سـەرزەوی و بـن زەوی، بێگومـان پێويسـتی بـە پسـپۆڕی هەيـە، زۆر زۆر زەروريـە كـە دەسـت نيشـان بكرێـت، پسـپۆڕی جيۆلـۆجی كـە ئـەوە سەرپەرشتی ئەو كارە بكات، يـان ئـەو بەڕێوەبـەرە بـەو پسـپۆڕيەتە بێـت، ئەمـە لـە خـاڵی نۆيـەم لـە دەقـی پڕۆژەكە بەكوردی، وە خاڵێكی تر هەيە، خـاڵی 11 بەڕێوەبەرايـەتی گشـتی دارسـتان و بێسـتان و خزمـەتی كشتوكاڵ، ئەمە وابزانم سێ شـتی جيايـە، دارسـتان و بێسـتان و خزمـەتی كشـتوكاڵی، بـە گـوێرەی پسـپۆڕی دارسـتان، غاباتەكەيـە، بێسـتانيش، بەسـتەنەيە، وە خزمـەتی كشـتوكاڵی، ئـەوەش چ دەگرێتـەوە مەعهـەدی ئيدارە زراعيەكان دەگرێتەوە، بۆيە ئەگەر بێتو لەو بەڕێوەبەرايەتيە، جۆرە پسپۆڕيەك بدرێتـە ئيشـەكان، مەسـەلەن دارسـتان بكرێتـە دوو بەشـەوە، بـە بەشـی ( أ ) دارسـتان و بێسـتان بگرێتـەوە، كـە بايـەخ بەچـی دەدات، بـە دارسـتان و بێسـتان و لـەوەڕگا سـەوزەكان و پاراسـتنی باخـەكان و بـەروبومی كێڵگـەيی، ئـەوە هەمووی دەچێتە زمنی دارستان و بێستان، وە(ب) چ دەگرێتەوە، خزمەتی كشتوكاڵی كە بـە شـێوەيەكی زۆر زۆر لە بنەڕەتـەوە جيايـە لـەوان، خزمـەتی كشتوكاڵی بزانـێ چ دەگرێتـەوە، سولفەدانی كشتوكاڵی، ناردنـە بازاڕ، ئەوە كارەكەی لە بنەڕەتەوە جيايە، لەگەڵ كاری بێستان و دارستانەكە، جا ئەگەر بێت و بەو شـێوەيە كارەكە دابەش بكرێت، ئەوە جێگای خاوەن بڕوانامەی مەعهەدە زراعيەكان دەبێتەوە، كە ئيـدارەی زراعيـان لە ئەستۆ دايە، وە هەروەها خاوەنی خەريجی كولياتی زراعەو مەعهەدی زراعی، بە شێوەيەكی ڕێـك و پێـك دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار فاضل.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان:**

سەبارەت بە وكيلی وەزارەت، منيش پێموايە كە دوو وەكيـل زۆرە، وە بـۆ مەسـەلەی سـاڵی خزمـەت كـە 10 ساڵ دانراوە، ئەگەر بە ياسای ڕێكخراوە كە مەسەلەن دەبێت چەند ساڵ خزمەتی هـەبێت؟، خـۆی 10 سـاڵ كەمە، ئەگەر وەك خۆی نووسراوە، ئەگەر خۆی هەيە، ئەوەجياوازە، بەڵام ئەگەر نيە دابنرێت، لايەنی كـەم 15 ساڵ بەسەرەوە بێت، وە سەبارەت بە بڕوانامەكە، تێبينيم لەسەر ئەوە هەيە كە بڕوانامەكان بۆ مديرو مدير عام و وەكيـل وەزيـر هـەمووی وەكو يەكە، وە سـەبارەت بـە مەسـەلەی بەشداری سـەرۆكی يەكيـەتی

جوتیاران له ئەنجومەنی ڕاوێژکاران، منیش ئەوە بەزیاد دەبینم کە بەردەوام لە کۆبوونەوەکان بەشدار بێت، دەکرێت لە زمنی ئەو کەسانە بێت کە وەزیر بۆی هەیە کە ئەوانەی کە بانگیان دەکات، وەسەبارەت بە بەڕێوەبەرە گشتیەکان، ئەو تەفاصیلەی هەیە زیادە، وەکو ئەوەی مامۆستا عمریش باسی کرد، ئەو شتانەی کە چەند بارە بوویتەوە، من پێموایە کە هەر بەس عینوانەکان بنووسرێن بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار فرست احمد.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

من ڕەئیەکم هەیە، ئەگەر تەماشای عیلەتی دەمجی هەردوو وەزارەت بکەین، غایەت ئەوەبوو ئیختساری بکەین، بەس ئەگەر تەماشای مدیریاتی عام بکەین، تەقریبەن وەك خۆیان ماون، من رەئیم ئەوەیە، تەقسیمی مدیریاتی عام لەسەر ئەساسی نەوعی بێت، یەعنی مەسەلەن هەموو قەزایەی زراعە بەیەك مدیریەی عام بێت، هەموو قەزایەی ئاو، کاروباری ئاو، یەك مدیریەی عام بێت، دارستان یەك مدیریەی عام بێت، ئاژەڵ یەك مدیریەی عام بێت، ئەو کات احتیمال هەیە ئێمە بتوانین ئیختساری مدیریەی عام بکەین، ئیستیفادە لە کەوادیری هەردوو وەزارەت بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا مداخەلەکان تەواو بوو، لێژنەی زراعە رەئیتان دەربارەی مداخەلەی ئەندامان، کەرەمکەن.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

من خاڵ بەخاڵ دێمە سەر قسەکان، مەسەلەی میلاکەکان هی هەردوو وەزارەت کە هەیە، کەڵکی لێ وەربگیرێت و جێی بکرێتەوە، وا تێدەگەم جەنابی وەزیر لێرەیە، وابزانم چارەسەرکراوە، کەڵك لە توانای ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانە، یان ئەو شارەزایانە وەربگیرێت و جێگەیان بۆ بکرێتەوە لە وەزارەت، وە هەروەها فەرمانبەرانیش، چونکی فەرمانبەرانێکی زۆر تێکەڵ بوونەتەوە، لەوانەیە هەزاران کەس بن لە وەزارەتی کشتوکاڵ، وا تێدەگەم ئیشی بۆ کراوە، جەنابی وەزیر لێرەیە، مەسەلەی یەکیەتی جوتیارانی کوردستان، خوشك و برایان ئەگەر ئێمە تەسەوری کشتوکاڵ بکەین بە سێگۆشەیەك، کە زاویەی قایمی هەبێت، خەتی رەئیسی سێگۆشەکە، جوتیاران و خاوەن زەویەکانن، خەتی وەتەری ئەو سێگۆشەیە بەڕاستی زەوی و زارو ئاوە، خەتە بچوکەکەی علم و زانستەکەیە ئێمە بیکەین، دیارە یەکیەتی جوتیاران بە ڕەسمی وەکو شەخسیەتێکی مەعنەوی قانونی، تەمسیلی جوتیارانی کوردستان دەکات، وە لقیان هەیە لە هەموو

پارێزگاكان، وەمەكاتیبیان هەیە لە هەموو قەزاو ناحیەكان، وە دەیان هەزار جوتیار پابەستن بۆ مشكیلەو ناكۆكیەكانیان، بۆ كێشەكانیان پەنا ئەبەنە بەر ئەوان، خۆ ئەگەر لایەكی تر بێت، كە مومەسلی رەسمی جوتیاران بێت، ئەكرێت بانگ بكرێت، چونكە ئامادە بوونی نوێنەری یەكیەتی جوتیارانی هەرێم دیارە تەمسیلی هەموو موحافەزات ئەكات، لە موحافەزاتیش فروعی لێیە، دیارە لە شارەكانیشا هەر ئەنجومەنێكی راوێژكاری هەیە، كە نوێنەری لقی یەكیەتی جوتیاران تەمسیل دەكات تیایا، وە مەقەریان هەیە، مجلسی تەنفیزیان هەیە، ئەگەر خەڵكی تری رەسمی هەیە، من لام وایە ئەگەر نوێنەری جوتیاران هەبێت لە ئەجومەنی راوێژكاریا، شتی باشە و گونجاوە، وە لە یەكگەیشتن ئەبێت لەو مەسەلە و كێشانەی كە دروست دەبێت و چارەسەر كردن بۆیان، مەسەلەی بەڕێوەبەرە گشتیەكان، حەزدەكەم ئەوە ڕوون بكەمەوە، چونكە ئەوە لەوانەی ئیختیساسی جەنابی وەزیر بێت، دیارە لە هەردوولا، لە هەردوو وەزارەتەكان، وابزانم نزیكەی 10 مدیریەتی عامە هەبوو، ئەوەی كە باس دەكرێت، كە بەڕێوەبەرە گشتیەكان بچووك بكرێتەوە، مەسەلەی توێژینەوەو ڕێنمایی، كە بەڕێوەبەرێتی گشتیە، دیارە ڕێنمایی مەبەستمان ئیرشادی زراعیە، لە هەموو محافەزەكان مدیریەت هەیە، خۆ ئەگەر لە وزارەت ببێت بە مدیریەت، ئەبێت ئەوانە ببێت بە قسم، مەسەلەی ڕاهێنانی ژنانی جوتیاران، دیارە بەڕێوەبەرێتی ڕێنمایی كشتوكاڵی لە محافەزات، ئەگەر جەنابیشتان لیژنەی كشتوكاڵیش بەدواداچوون بكات، دەیان خولیان هەیە بۆ جوتیاران، بە تایبەتیش جوتیارانی ژن و منداڵانی جوتیاران، مەركەزێكی ڕاهێنان هەیە لە سیروان بۆ منداڵانی جوتیاران، بە كچ و كوڕەوە كە چەند دەورەیەكی تیا بینراوە، وە كەڵكی لێ وەرگیراوە، وە نزیكەی 100 دۆنمی هەیە، مەسەلەی بچووك كردنەوەی بەڕێوەبەرێتی گشتی دارستان و باخ و لەوەڕگا، خوشك و برایان لە دەوڵەتە دراوسێكانی نزیك ئێمە، كە ئەحراس غاباتی پێ دەڵێن، وەزارەتێكی تایبەتی هەیە، ڕاستە ئەو ژمارە زۆرە نیە لە شوێنان، ئێمە ئەو ژمارە زۆرەی كە هەیە لای ئێمە لە وەزارەتەكان، مەوروسە، یەعنی هەم لە نەتیجەی زروفی خراپی ناخۆمان، هەم لە زەمانی ڕژێمیشا كە ماوەتەوە، لەبەر ئەوە بوونی ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانە زەرورە، خوشكێكیش داوای زیاد كردنی، چەند برادەرێك داوای زیاد كردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خەدەماتی زراعیان كرد، بۆ چارەسەر كردنی ئەو مەسەلەیە، تەحدیدمان كردووە كە بەڕێوەبەریەتیەكی تایبەت بە خزمەت گوزاریە كشتوكاڵیەكان، وەكو ئەوەی كە ئەو خوشكە باسی كرد، مەسەلەی خزمەت گوزاری كشتوكاڵی، خانی پلاستیكیە، سلفەیە، پاراستنی ڕووەكە، بەڕێوەبەریەتیەك دروست بێت كە سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتی پلان دانان بێت، هەم دیسان لە محافەزات بەڕێوەبەرایەتی خزمەت گوزاری كشتوكاڵی بمێنێت، مەسەلەی خزمەت گوزاری كشتوكاڵ خوشك و برایان، دوو ئیشی جیایە لەگەڵ دارستان و باخ و لەوەڕگا، ئێمە جیامان كردۆتەوە، برادەرێك باسی كرد، ئەوە مدیریەتی تایبەتمان بۆ داناوە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخ داری، دارستان، لەوەڕگا، ئەمە ئەسلیەكەیە، ئەوەی ئەوە خوشكە وتی ئەوە لە كۆنەكان نووسراوە، خزمەت گوزاری تیا نیە، وەمەسەلەی باخ و بێستان نیە باخ داریە، چونكە مەسەلەی

هۆڵتی کەڵچەر یەعنی باخ داری، گۆڕیومانە بە باخ داری، مەسەلەی بوونی دوو وەکیل وەزیر، ئەوەی من بزانم دیارە دوو وەکیل وەزارە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکیل وەزارەت تکایە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

دوو وەکیل وەزارە، ئەوە دوو وەزارەت بوون بەیەك، دیارە ئەو دوو وەکیل وەزیرە، من وا تێبگەم کە بۆ مەسەلەی تەنسیقە، ئەو دوو وەکیل وەزارەتە بۆ مەسەلەی تەنسیقە بۆ ئەو دوو وەزارەتەی بوونەتەوە بەیەك، ئەوە جەنابی وەزیر لێرەیە، زیادە یان کەمە ئەوە من ناتوانم تەدەخولی تیا بکەم، مەسەلەی بەڕێوەبەرێتی گشتی تەجهیزاتی زراعی بکرێتەوە، خەدەماتی زراعی هەڵدەستێ بەوەوە، لە دوای ساڵی 1991 ەوە تەجهیزاتی زراعی نەماوە، چونکە ئێستا ئیتیجاه بەوەیە بۆ مەسەلەی کەرتی تایبەتە، مەسەلەی حکومەت ناچێتە هەندێ مەسائیلەوە، مەسەلەی کاك شڤان کە دەڵێ، بۆی هەیە، للوزیر کە بیکەی بە کوردی دەبێ بڵێی بۆی هەیە، شتێکی تر جیاواز لەوە نیە، للوزیر ئەبێ بڵێی بۆی هەیە، ئەوە مەسەلەی زمانەوانیە، مەجلسی ئیستیشاریەکە لە تەعریفەکە لابراوە خوشك و برایان، یەعنی لەتەعریفەی ئەوەل کە باسمان کرد، ئەگینا ئەو مەجلیسە کە دادەنیشێ هەموو مدیر عامەکان، وەکیل وەزارەکان، جەنابی وەزیر ئیشی خۆیان هەیەو دیاریە، کە کێشەیەك دروست بێت یان شتێك دروست بێت، لە شارەکانا یان شتێکی عام ببێت، ئافەیەك، نەخۆشیەك، ئەو مەجلسە کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی قەراراتی تازەی لێ بدرێت، لەبەر ئەوەی ئیستیشارەیە، ئەگینا لە تەعریفەکە لابراوە کە ئیستیشاریەکە، بەلاَم ئەمە پێویستە ئیستیشاری بێت، منیش لەگەڵ سیوەیل خانم، مەسەلەی دبلۆم ئەوە بەرەو ژوور، زۆر برادەر هەیە ئێستا مدیریشە و خەریجی مەعهەدیشە، شەرت نیە، بەلاَم ئەوە هینی هەیە، ممارەسەی هەیە، باوەڕناکەم ئەوە زۆر ئەوە بێت، چونکە لە دائیرەکانی وەزارەتی کشتوکالاَ وا تێدەگەم زۆربەی خەڵکێکی زۆری تیایە، خەریجی ئیعدادیە، خەریجی دبلۆمە، وە هەمووی ئیشی خۆیان هەیەو مەهامی خۆیان هەیە، مەسەلەی تەبیعی و مەعنەوی، مەعنەوی کە باس دەکرێت، مەسەلەن رێکخراوێ ئەڵێن شەخسیەیەکی قانونی مەعنەوییە، بەلاَم شەخسیەی تەبیعی، کە سێکە کە پێی دەڵێن شەخسیەی تەبیعی، وابزانم لە یاسا بەشەر ئەگرێتەوە، مەسەلەی ئەوە کە بۆ گەرمیان، منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام بڵێ بۆ ئیداراتی موستەقیل، یەعنی ئەو ئیداراتانەی کە سەربەخۆن، بەلاَم خۆشتان ئەزانن، گەرمیان چەند قەزایەکی زۆرە، گەرمەساحەی زەویەکەی حیساب بکەی، بەڕاستی، بە ووردی لەوانەیە شتێکی کەم بێت، مەساحەی زراعی هەرسێ محافەزەکە، وە ئەمساڵ دەرکەوتووە گرنگی گەرمیان لەمەسەلەی وەدیهێنانی خواردنی خۆمان بۆ خۆمان، کە باران زۆر بووە، پێم باشە گەرمیان ئیهتیمامی پێ بدرێت، بەلاَم ئەگەر ئیداراتی موستەقلیش دروست بێت، (لکل حادث حدیث)، عەفوو من تەواو ئیتر ئەگەر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان:**

دیارە برای بەڕێزم كاك جلال بە تەفسیلی چووە ناو مەسەلەكان، وە جوابی ئەو بەڕێزانەی دایەوە كە سوئالیان كردبوو، بەلاّم من بە شێوەیەكی گشتی چەند خالّێك هەیە دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، داوای زیاد كردنی بەڕێوەبەری گشتی كرد، هەندێ تەبریراتی خۆشی هەیە، لە هەمان كاتدا هەندێ ئەندامانی پەرلەمان، داوای كەم كردنەوەی مدیریاتی عامیان كرد، ئەویش تەبریراتی خۆی هەیە، بەنیسبەت وەكیل وەزیر رەئی جیاجیا هەیە، وە ئەوەی كە دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، وەزیر خۆی مارەسەی ئەو ئیشە دەكات بەڕاستی، لێرە بەڕاستی ڕەئی وەكیل وەزیر پێشی هەموو شتێك وەربگرین، بزانین چۆن دەتوانێ تەوفیق بكات بەینی ئەو مدیریاتی عامەی كە خۆی پێشنیاری كردووە، بەینی ئەو تەقلیسەی كە دەكرێتن، ئەمە لایەنێكیان، لایەنی دووەم، كاك عمر عبدالعزیز باسی ئەوەی كرد، كە ئیمكان هەیە (ویراسها) لە هەموو فەقەرەكان تكرار نەبێتەوە، ئەوە ئیمكان هەیە ئێمە ئەوەی عیلاج بكەین، بەو شێوەیە بلێین ( تتالف الوزارة من المدیریات العامة التالیة ویراس كل منها  مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة وذوی الخبرة والاختصاص) لە فەقەرەكانی تر ئیمكان هەیە ئەوانە لاببەین، تەنها ئیكتیفا بەوە بكەین. بەلاّم لێرە ئەوە رەئیەكی شەخسی خۆمە نەوەك رەئی لیژنەی قانونی، ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ كۆمەلّێك مدیر عاممان هەیە لە هەردوو وەزارەت، بمانەوێ و نەمانەوێ كۆمەلّێك مۆزەفین هەیە لە هەردوو وەزارەت، بڕگەیەكمان هەیە لەو یاسایە، ئێمە دەلّێین ئەو مۆزەفانە هەموو لەو وەزارەتە كۆ دەبێتەوە، ئەو مۆزەفانەش چ مدیر عام بێت چ غەیری مدیر عام بێت، حقوقەكی موكتەسەبی وەرگرتووە، ناتوانێ وەزیر بلّێ خواحافیزتان بێت، بڕۆنەوە مالّێ، كەواتە لەوێ بەتالە موقەنەعەك دروست بكەین باشترە، یان دەزگا دروست بكەین؟، ئەوانە وەگەڕ بێخین، ئەوە ڕەئیەكی شەخسی خۆمە كە تەرحی دەكەم، جگە لەوەش مەوزوعی مەجلسی ئیستیشاری باس بكەین، كە لەغو كراوەتەوە، ئێمە مەجلسی ئیستیشاری لە تەعریف لەغومان كردووە، كە مجلسەكی ناوە وەزارەت لەغومان نەكردۆتەوە، وەكو خۆی ماوەتەوە، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت.

**بەڕێز جمیل سلیمان/ وزیری كشتوكالّ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان:**

بەڕاستی وەزارەتی زراعە و وەزارەتی سەرچاوە ئاویەكان دوو وەزارەی گەورەنە، تەبعەن ئەو تەشكیلەمان داناوە، دوو اختیساسی جیاواز، ڕاستە ئاو بۆ زراعەتە، بەس دوو ئیختیساسی جیاوازن، مە دوو وەكیل

دانانـه، وەكیـل وەزارە، ئیـك ( مـوارد مائیـه) یـەكیش ( شـؤون زراعیـه)، تەبعـەن بـۆ تـەنفیزی مەشـاریع بەڕاستی وەكیل وەزیرەكی اختیساسی زراعی نەبێت، ناتوانێت ئیشی بكاتن سدود و ئەوانـه بكـات، مـن ئـەو دانایه ڕاستی هاوكاری مه بت، دوو وەزارەتی زۆر گەورەنە، ئەگەر دوو وەكیل نەبن، دوو وەزارەتی گەورەنە، یەعنی دوو وەكیل وەزیر دانانە، ئیختیساسی جیاوازن، لەبەر ئەوە من دوو وەكیل دانانە، تەبعەن وەزارەتی سەچاوەكانی ئاو، پێشان شەش مدیریات عامە هەبوون، وەزارەتی زراعـه 11تـاوەكو 12 مـدیریات عامە هەبوون، مەجموعی تەقریبەن 18 مدیریات عامـه هـەبوون، مـه هنـدەك دەمـج كـرن، بـەس نـاتوانی هەموویان دەمج بكەین، یەعنی هندەك ئیختیساسات یەعنی وانیە، ناتوانی دەمـج بكـەی بەسـتەنەو غابـات، لەبەر ئەوە مە ئەو ئیختیسارە، یەعنی مە هەندەك دەمج كری، مەسەلەن موارد مائیە دانایە میاه سطحیة میاه جوفیة، تەبعەن هەموو یەك ئیشە، ڕاسـتە میـاه جوفیـە گرنگـە، میـاه سـطحیش گرنگـە، بـەس ئیشـی هەندەسی یەك ئیشە، ئەو ئاوە بۆ زراعەتە، باسی خـەدەماتیان كـرد، خـەدەمات ئێسـتا وەك جـاران نـەماوە، خەدەمات پێشان وەزارەتی زراعە هەموو ئەجهزەی زراعە و مەواد سـەماد دەكـرِی، تـەوزیعی دەكـرد لەسـەر جوتیاران، بەس ئێستا قەرزی كشتوكاڵی دەرچووە، ئێمە بەس ویقایە، متابەعەی ئیشـی خـەدەماتی زراعـی، لەگەڵ وەرگرتنـی قـەردی زراعـی ئەوانـه لەسـەر جوتیـاران، مدیریـەك مـە دروسـت كریـە، لەگـەڵ مدیریـە عامەی تەختیت، متابەعەی ئەو ئیشانە بكات، برادەران هەندێك باسی مدیریە عامەی سدود كرد، بەڕاستی ڕاستە مدیریە عامەی سدود لـە مەركەزیـەن سـدودی گـەورە، بـەس سـدودی بچووك و فۆنـدەكان ئەوانـەی لەسەر ئاوی باران كرد، ئەوە ئیشی وەزارەتی مەیە، ئێمە ئەگەر مدیرەی عامەی سدود نەبی، ئیحتیمالـە لـە بەغداد بە كەیفی خۆی، مەسەلەن مە سەدی دۆكان و دەربەنـدیخان و دهـۆك، سـەیتەرەی مەیـە تەشـغیل و صیانەو هەموو بە دەستی مەیە، ئیتلاقی ئاو بە دەستی مەیە، مەسەلەن ئێستا مشكیلەی كەهرەبا ئێمە بـە كیفی خۆ ئیتلاق دەكەین، یەعنی بەغدا تەئكید لەسەر مە نیە، هەكە لـە بەغـدا بیـت ئـەوە ئیلغـا بكرێـت، بەڕاستی هەموو تشت بە دەستی وان بت، بەس لازم ئەو مدیریە بە گرنگ وەرگرن، چونكو دائیمەن مشارك بن لەگەڵ بەغدا بە هەر ئیشێك بێتـه كـرن، دیراسـەك بێـت، تەحدیـدی جێگـای سـەدەك بێـت، ئیحتیمالـە ئەوانەی تەحدید بن، زەرەر لەمە بدەن، ئەگەر ئێمە لەگەڵ وان نەبین، ئیحتیماله بە كـەیفی خۆیـان ئـیش بكەن، لەبەر ئەوە زۆر گرنگ هەیە، مدیریە عامە للسدود هەبیت، باسی موزەفین كـرا، تەبعـەن مـن لەگـەڵ كاك جەلالم، ئەگەر هەموویان تەقلیس بكـەن، زۆربـەی مـدیر عامـەكان لازم بێـژن خواحـافیز، بـەس ئـەوە ئەگـەر هنـدەك بمیـنن، ئیسـتیفادە لـەوان دكـەین، لـەدەرەوە هـەرنواینم، لـە داخلـی وەزارەت دەیـنم، ئـەوان خیبرەیان هەیە چەند ساڵان، تەبعەن باسی ویقایەی نەبات كرد، ویقایە لە زمنی خەدەمات زراعیە، یـەعنی جوزئێك لە خـەدەمات زراعیـە، باسـی ئیتیحـاد فـەلاحین لـە ئەنجومـەنی ئیستیشاری، بەڕاسـتی ئـەو ئیشـە هەموو بۆ جوتیارە، یەعنی جوتیار لازم رەئی هـەبێت، لـەو لیجنـەی ئیستیشاری، ئێمـە هـەموو ئـەو ئیشـە دەكەین بۆ جوتیارە، لازم رەئی جوتیاریش لەوێ هەبت، باسی بحوث و ارشاد كـرا تەبعـەن بحوث گـرنگترین مدیریە عامە لای من، تەبعەن ئێستا مدیریە عامـە بحوث و الارشـاد الزراعـي، چـونكە موسـتەقبەلی زراعـە

بەوە گرێ دراوە، چونكە ئێستا تەكنەلۆجیا پێشكەوتووە، بەڕاستی ئێمە ئێستا خەریكین ئەو مدیریە زۆر بەقوەت بێخن، ئەو تەكنەلۆجیای ئێستا لە تەتەوردایە، لە ڕێگای ارشاد وبحوثە ئەوانە بگەهێنینە جوتیار، وە بەرهەمی جوتیاران بەرز بكەینەوە، ئەو مدیریاتی عامەی محافەزات، ئیدارەی گەرمیان هەنكە برادەرەك گۆتی یەعنی ئەوە لابدەین، یەعنی هەر ئیدارەك دروست بكەتن، ئەمنیش لەگەڵم ب ڕاستی، هەر ئەو ملاحەزات مە هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، یەك دوو ڕوونكردنەوە، یەكیان ئاو لەناو كوردستان حەسری نیە، لەناو كوردستان مشتەرەكە، لەدەرەوەی سنوور، كە داخلی عیراق دەبێت، لەوێ حەسریە، بەڵام كە داخل بوو، لەناو عیراق مشتەرەكە، لەبەینی ئێمەو بەغدایە، بۆیە ئەوە پێویستە ڕوون بێت، بە نیسبەت موزەفیش ئەگەر زیاد بوو، نەقلی دەكەی، شەرت نیە، یەعنی هەمووی ئەبێ لەو وەزارەتە بمێنێت، ئیلا دوو وەكیلی هەبێت، ئەوانە شەرت نیە، تەبعەن ئەوە رەئی ئەو بەڕێزانەیە، بەڵام كە تەرشیقی وەزارەت كرا، هەقی هەموو شتێك تەرشیق بكرێتن بۆ ئەوەی بالفعل بڵێن وەزارەكانمان كەمەوە كردووە، دائیرەكان كەم بۆتەوە، موزەفەكانیش لە جێگەی تر ئەتوانن بە هەمان پلە یان بەرزتریش جێگەی خۆیان ببینن، مەعنای ئەوە نیە فڕێیان ئەدەین، بەڵام بڵێی لەبەر ئەوەی لەو وەزارەتە بووی، ئێستا وەكو دوو وەزارەت، لەباتی وەزیر و وەكیل وەزیرێك بۆ ئەوێ، وەكیل وەزارەیەك داوای لێبوردن ئەكەم، ئێستا چەند پێشنیارێك هەبوو، كە چەند بەڕێزێك پشتیوانیان لێی كرد، یەكێك لەوانە بوو كە یەك وەكیل وەزارە هەبێت، یەك دوو بەڕێز پشتیوانیان لێی كرد، ڕاوێژكار لابچێتن، رەئیسی ئیتیحادی فەلاحین، ئەویش پێشنیار بوو كە لەو حالەتەبێت، كە وەزیر داوای كرد، بە زەروری زانی، لەگەڵ ئەوەكانی تر بێن، ئێمە ئەم سیانە ئەدەینە دەنگدانەوە، یەكەم بۆ ئەوەی رەئیسی ئیتیحادی فەلاحین ئەگەر خاوەنی پێشنیارەكان،پێشنیارەكەیان سەحب نەكەن، ئەیدەینە دەنگدانەوە، نایكەن، فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوای ڕوونكردنەوەكەی جەنابی وزیر، من سەحب دەكەمەوە پێشنیارەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس ئێستا، جەنابت سەحبت كرد، بەس دوانن یان سێیانن ماوەتەوە، سێیانن ماوە، بۆیە ئێستا بەڕێزان، پێشنیارێك هەبوو، سێ ئەندامی پەرلەمان پشتیوانی لێی كرد، كە رەئیسی ئیتیحادی فەلاحین، لەناو مەجلسەكە نەبێت، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟  دوو كەس هەڵسێت دیفاعی لێ بكات، لەبەر چی لا بچێت؟.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم لەبەر ئەوەی ئەو ئەنجومەنە، ئەنجومەنی وەزارەتە، واتا ئەنجومەنێكی وزاریە، وە سەرۆكی یەكیەتی جوتیـاران، بـابڵێین وەزیفەیـەكی حكـومی تەشـغیل ناكـات لـەناو ئـەو وەزارەتـە، سـەرۆكی یەكیەتیـەكی پەیوەندیدارە بـە كـارو بـاری ئـەو وەزارەتـەوە، بێجگـە لـەوە، خـاڵی دووەم، ئەگـەر ئـەو سـەرۆكی یەكیەتیـە هەبێت، لەناو ئەو ئەنجومەنە، پێویستە سەرۆكی ڕێكخراوی جیۆلۆجیـان، كـە دیسـانەوە ئـەویش بـە شـێكی كاریگەری وەزارەتەكەیە، وجودی هەبێت، لەبەر ئەوە ئەمە ئەماندراتە بەردەمی كێشـەیەكی گـەورەتر، بۆیـە نەبوونی باشترە، چـونكە لەهـەمان حالەتیشا وەزیـر بـۆی هەیـە لـەكاتی ئیسـتیشارەیا كـە تایبەتمەنـد بێـت بەكاری یەكیەتی جوتیاران بانگهێشتی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزێكی تر كە ئەیەوێ دیفاعی لێ بكات، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو وترا ئەم ئەنجومەنە، ئەنجومەنی مەیدانی و ئیـداری و فعلـی وەزارەتـە، وە ئەگـەر خـەڵكانێكی تـر لـە ناوەی وەزارەت بێنین، بۆ نموونـە سەرۆكی یەكیەتی ئەندازیارانی كشـتوكاڵی، یـان هاوشـێوەی ئەوانـە، دەبـێ بهێنین، ئەو جەمعیاتانەی كە كەرتی تایبەت باس كرا، لە ئەهداف ومەهامەكانا ئەوانەش هـەن، كەواتـە لـە خاڵی شەشەما كە دەڵێ، وەزیر بۆی هەیە ئیستیزافەی كەسانی تر بكات، كە زەوی خـبرەو زەوی علاقـە بـن، ئەوا ئەتوانێ هەر كەسێ ئسیتیزافە بكات، مەجلسەكە بۆ ئیستیشارە كردن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كێ پێی گرنگە بمێنێتەوە، جەنابتیش كەرەمكە فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكیەتی جوتیارانی كوردستان، لە هەقیقەتدا ڕێكخراوێكی ئەهلی نیە، ڕێكخراوێكی شبهە حكومیـە، لەبـەر ئەوە زەرورە هەبێت، هەبێ، بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان كەرەمكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بە زەروری دەزانم، یەكیەتی جوتیاران نوێنەری هەبێت لەو مەجلسـە، چـونكە زۆربـەی هـەرە زۆری ئیش و كاری جوتیاران لە وەزارەتی كشتوكاڵە، ئێمە لە كاتێكدا باس لەوە دەكەین، كە پێویستـە پشتگیری لە

کشتوکاڵ بکەین، پشتگیری لە زراعە بکەین، پشتگیری لە جوتیار بکەین، وجودی نوێنەری جوتیار، لەم مەجلسە زۆر زەرورە. بۆ ئەوەی ڕەئی جوتیاران بگەیەنێتە دەزگاکانی حکومی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا خەڵاص بوو، دوو کەس دیفاعی لێ کرد کەلابچێت، دوو کەسی تریش دیفاعیان لێ کرد کە بمێنێتەوە، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە کێی لەگەڵدایە کە لابچێت تکایە با دەستی بڵند بکات؟، 17 کەسی لەگەڵدایە کەلابچێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بمێنێتەوە؟، بەزۆرینەی دەنگ مایەوە، بەنیسبەت ڕاوێژکار پێشنیارێك هەبوو کەلابچێت، لەبەر ئەوەی فەرموویان لە تەعریف لاچووە، ئەویش تەعریفە ئینجا ئەگەر پێشنیارەکەیان سەحب نەکەن دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی یەکەم ئەو وشەیەمان لابردووە، دەکرێت لەماددەکانی تر دایبنێینەوە؟، بۆ خۆی لەماددەی یەکەم نووسیومانە (مجلس الوزارة) دەکرێت ئێستا بڵێین (تتألف المجلس الاستشاري للوزارة من) بەس ئیستیشارەکە لابراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە تەعریفەکە لاچوو، کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدەن بۆ قسەی جەنابت، ئێمە وەکو تەعریف لاماندایە، لەبەر ئەوەش لاماندا، لەناو قانونەکەدا لەیەك جێگا وشەی (المجلس الاستشاری) هاتووە، تەعریفیش عادەتەن بۆ ئەوە ئیستیعمال دەکرێت، کە ئەگەر هاتوو چەندین جار لەناو یاساکەدا هات، بۆ ئەو مەبەستە لاماندا‌وە، ئەما وەکو مەجلس لەناوەڕۆکی یاساکە ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا خاوەن پێشنیارەکە، سەحبی دەکەیت یان نا؟، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئەیوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم ئەوە نەبوو کەلابراوە، لابردنی وشەی ڕاوێژکار، چونکە ئەنجومەنەکە بە فیعلی مەجلسی قەرار دانە، کاك جەلالیش باسی ئەوەی کرد، کە وەزیرو بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکان و هەردوو وەکیلی وەزارەت، کاریان بریتیە لە بڕیاردان نەك ئیستیشاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ناخرێتە دەنگدانەوە، چونکە تەنها یەك کەسە، بۆیە دەچینە سەر وەکیلی وزارە، کەچەند بەڕێزێك پێیان وابوو کە یەك وەکیل هەبێت، جەنابی وەزیریش پێی وابوو کە دوو وەکیل بێت و لەیاساکەش واهاتووە، ئێستا دوو کەس قسە بکات لەسەر ئەوەی کە یەك وەکیل بێت و پاشانیش دوو کەس کە دوو بێت، نەسرین خان، فەرموو.

**بەڕێز نسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ ئەوەدام کە یەك وەکیل وەزیر بێت، یەکەم: بۆ تەرشیقی ئیدارەیە، دووەم: بۆ نەهێشتنی دوو ئیدارەییە، چونکە ئەگەر دوو وەکیلەکە بمێنێتەوە بە تەئکید ئەوە بەردەوام بوونی دوو ئیدارەییە، پاشان ئێمە چوار ڕاوێژکارمان هەیە، ئەم چوارە، ئەگەر بێت و یەکێکیان ڕاوێژکارێکی هەندەسی بێت، ئەوە تایبەت دەبێت بە مەسائیلی سدودەوە، ڕاوێژکارێك دابنێیت بۆ جیۆلۆجی ئەمە ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی دەگرێتە خۆی، ڕاوێژکارێك بۆ کشتوکاڵ ئەمە مەسائیلی کشتوکاڵی دەگرێتە خۆی، ڕاوێژکارێکیش بۆ سامانی ئاژەڵی و ڤێرتەرنەری، ئەمە چوار ڕاوێژکارەکە، کەواتە لەو حاڵەتەدا ئێمە پێویستمان بە دوو وەکیل وزارە نابێت، چونکە خۆی ئەم ڕاوێژکارانە لە مەجلیسەکەدا دائەنیشن، وەزیر و وەکیل وەزیرەکە ئەتوانن ئیستیفادە لەڕاو بیرو بۆچوونەکانی ئەوان وەرگرن و ڕەبتن بەیەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزێکی تر کە دیفاعی لێ بکات، شەونم خان، فەرمووو.

**بەڕێز شونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت دوو وەکیل وەزیرەوە، بەڕاستی منیش وای دەبینم کە یەك بێت بۆ وەزارەتێك، بەڵام ئەبێت لەو حاڵەتەدا دەسەڵات بدرێت بە مودیریەتە عامەکان لەشارەکانی کوردستاندا، چونکە ئەگەر لەشارەکاندا دەسەڵاتی مودیر عامەکان زۆر بێت، زۆربەی ئیشوکارەکانی شارەکان ناگەڕێتەوە بۆ مەرکەز، ئیشوکارەکان بە ئاسانیتر دەڕواتە پێشەوە، من ئیدارەم دیوە لەو مەنزورەوە سەیری ئەوە دەکەم، پێشتر ئەگەر هاتو دەسەڵاتی مودیر عامەکان لەشارەکان زۆر بوو، ئەوە پێویست ناکات هەموو کاتێ بێنەوە بۆ وەزارەتەکان و مەشغولیان بکەن، یەك وەکیل وەزیریش لەو حاڵەتەدا پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەوێت کە دووان بێت؟، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من بۆ مەسەلەی تەرشیق لەوانەیە لەزۆر کەس توند تر بم، بەڵام ئەو مەسەلەیە من وای دەزانم و وای بیر لێکراوەتەوە، کە دوو وەزارەت بوون بەیەك، مەسەلەی سەرچاوە ئاوییەکانیان بەزیاد زانی، ئێمە دوو بەنداومان هەیە، بەڵام ئەگەر سەیری پلانی 5 ساڵی وەزارەتی کشتوکاڵ بکەین، وەلەو پارەکەی زۆرە، لەوانەیە بە حکومەتی خۆمان هەڵنەسوڕێت کە زیاتر لە 10 ملیارە، لە 70٪ی ئەو پارەیە دانراوە بۆ دروست کردنی بەنداوی گەورە، بچووك، پڕۆژەی گەورەی ئاودێری وەکو شەمامك کە ئەم بەیانیە باس کرا، کە 60 ملیۆن دۆلاری بۆ دانراوە، لەداهاتوویەکی زۆر نزیکدا نا، بەڵام لە داهاتوویەکی مامناوەندیدا من وا تێدەگەم کە پێویستیمان بەوە دەبێت، کە وەزارەتێکی سەرچاوە ئاوییەکان و ئیدارەی سدودمان هەبێت، لەبەر ئەوە خوشك و برایان مەسەلەی دانانی وەکیل وەزیرێك بۆ سەرچاوە ئاوییەکان و کشتوکاڵ، کولیەیەکی تایبەت نیە، شەهادەیەکی تایبەت نیە، کە هەم زراعی بێت و هەم مەسەلەی ئاودێریش بێت، لەبەر ئەوە من پێم باشە بۆ سەریکردن ئینسان بۆ دوور بینی خۆی، بۆ ئەوەی کە هەوڵ بدەین، من ئەوەی تێی گەیشتووم لەماوەی پێنج ساڵدا، لەوانەیە سێ، بۆ چوار سەدی گەورە دیزاین و دیراسە کراوە، پارەشی بۆ دانراوە یەکێك لەو سەدانە 20 ملیۆن دۆلاری بۆ دانراوە، بەس بۆ دیزاین و دیراسەت، بۆیە من وای بە باش دەزانم کە هەردوو وەکیل وەزیرەکە بمێنێتەوە، چونکە هەم ئەو فەرمانبەرانەی لەوەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان هاتوونەتە وەزارەتی کشتوکاڵ پێویستیان بە یەکێك دەبێت کەموراعاتیان بکات، تێیان بگات، ئیشەکانیان بۆ جێبەجێ بکات، هەم کشتوکاڵیش پێویستی پێیەتی، بۆیە من پێم باشە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس. **بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزێکی تری، شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە یەکەم وەزارەت نیە کە دوو وەکیل وەزیری هەبێت، ئێستا لەئاوەدانکردنەوە دوو وەکیل وەزیر هەیە، چونکە ڕێگاوبان لەگەڵ بیناسازیدا جیایە، ئێستا سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ کشتوکاڵ هەر زۆر زۆر جیایە، بەڕاستی دوو ئیختیصاصەو زۆر جیاوازە، وەکو کاك جەلال ئەڵێت ئەصڵەن ئەبێ وەزارەتی تایبەتی خۆی هەبێت، چونکە ئەو کەسەی لەوێ ئیش دەکات دەزانێ چەند گرنگە، لەبەر ئەوە با ئەو دوو وەکیلە بێت و پەیوەندی بەدوو ئیدارەیشەوە نیە، چونکە جیاوازن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا هاتینە سەر ئەوەی کە بیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیارێك هەبوو کە یەك وەکیل وزارە بێت، ئەو بەڕێزانەی کە دیفاعی لێدەکەن کە یەك وەکیل بێت، تکایە با دەستیان بلند بکەن؟،

**فەرموون 16 کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟، واتە دوو وەکیل بێت، بەزۆرینەی دەنـگ مایـەوە، ئێستا نەصەکە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا دوو موقتـەرەح مایـەوە، یەکـەمیان: عینـوانی فەصـلی دوو (مـەهام و ئیختیصاصـات) لـەغو بێـت، (تەشکیلاتی وەزارەت) بێتە جێگای، دووەم: دەەمجی ماددەی سێ و چوار بکرێت، ئێستا با ئەم دوانە بخەینە دەنگەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێروان یەکەم بخوێنـەرەوە دەقـەن تـا بیخەینـە دەنگەوە، کـاك عبـدالرحمن نوقتـەی نیزامیـت هەیـە، فەرموو.**

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندام پەرلەمانێك داوای کـرد کـە بەڕێوەبەرایەتیـە گشـتیەکان تـەقلیس بکرێـت، بکرێـت بـە چـوار، ئـەبێ ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عومەر، فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**نەکو بەسەریدا تێپەڕین پێشنیارێك بەندە کردی، سێ، چوار بـەڕێزیش وەك کـاك شـێروان پشـتیوانیان لـێ کرد، کە ئەو دەستەواژانە هەمووی لابەرین کـە مـودیر عامێـك بـە شـەهادەی جـامعی ئـەو شـتانە هـەمووی بکەین بەیەك مادده، ئەوەش پشتگیری لێ کرا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بـەڕێزان ئێسـتا ئەوانـەی کـە دەخرێنـە دەنگدانـەوە یـەك، یـەك لیژنـەی یاسـایی دەیانخوێنێتـەوە پاشـان دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیاری یەکەم، ئیقتراحی ئیلغای عینوانی فەصلی دووەم، بۆ ئەوەی عینوانەکە لەغو بکرێت، تەشـکیلاتی وەزارەت بێتە جێگای ئەو، ئەوە موقتەرەحی یەکەمە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە؟، کێی لەگەڵدایە کە بەو شێوەیە بێت، تکایە دەست بڵند بکەن؟، زۆر سوپاس کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، کە حەزف بکرێت، بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکخستنی هەردوو ماددەی سێیەم و چوارەم لەیەك ماددەدا، لەژێر ژمارەی ماددەی سێیەم، تەنها بڕگەی دووەم نەبێت کەباس لە دەسەڵاتی وەزیر دەکات لە گرێبەستەکان، ئەوە جیا بکرێتەوە، بکرێت بە ماددەیەکی سەربەخۆ، واتە دەمج کردنی ماددەی 3 و4 لەیەك ماددەدا، تەنها بڕگەی دووەم نەبێت بکرێت بە ماددەیەکی سەربەخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ موقتەرەحی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕستەیەی کە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان دووبارە بووەتەوە، کەوا بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕ بێت، ئەو بڕگەیە لەهەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لابرێت بخرێتە سەرەتای یاخود پێشەکی بڕگەی شەشەم کەباس لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکات، واتە ئەو ڕستەیە تەنها بۆ یەکجار بێت، بەڵام شمولی هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکان بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ موقتەرەحی دواتر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لەبەڕێزان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە تەقلیسی مودیریاتی عام بکرێتەوە، هەندێکی لەگەڵ ئەوەدا بوون کە مودیریەی عامی 5 و6 دەمج بکرێت، هەندێك لەگەڵ ئەوەدا بوون کە 7 و8 یش دەمج بکرێت، بەڵام ئێمە پێمان باشە، یەکەمجار با ئەصڵی موقتەرەحەکە مودیریەی عام کەم بکرێتەوە یان کەم نەکرێتەوە، ئینجا لەسەر ئەساسی ئەو موقتەرەحە ئێمە دەتوانین هەنگاوی دووەم بنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێی لەگەڵدایە کە مودیریەی عامە کەم بکرێتەوە، بادەستی بڵند بکات؟، 35 کەسی لەگەڵدایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، زۆرینەیە، وەکو خۆی مایەوە، بۆ موقتەرەحی دواتر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**فەقەرەیەکی ترمان ماوە، بەنیسبەت ئیدارەی گەرمیانەوە، ئێمە پێمان وایە لەجیاتی ئیدارەی گەرمیان بنووسرێت (ادارات مستقلة) هەم گەرمیان شمول دەکات هەم ئەگەر ئیداراتی تریش هەبوو لە داهاتوو شمولی دەکات، دەشکرێت بڵێین (ادارة گرميان الخاصة) زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا کێی لەگەڵدایە؟ چونکە گرمیان خصوصیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، گرنگە، ئیدارەی گەرمیانی تایبەت، بادەستی بڵند بکات، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ موفتەرەحی دواتر.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەبەر ئەوەی ماددەکە گرنگە، ئەگەر پێتان باش بێت بەهەموو ماددەکەوە بەهەموو ئیزافاتەوە، بەهەموو نەتائیجی ئەو دەنگدانەوە دووبارە بیخوێنینەوە بۆ ئەوەی دەنگدانێکی گشتی لەسەر ماددەکە بکەین، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموون بیخوێننەوە.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**تشكيلات الوزارة**

**المادة الثالثة:**

**تتكون الوزارة من التشكيلات الآتية:-**

**أولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر منه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامنا فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى أي من وكيلي الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.**

**ثانياً: وكيلا الوزارة:**

**أ- وكيل الوزارة للشؤون الزراعية:**

**يساعد الوزير في تنفيذ سياسة الوزارة والاشراف على شؤونها الخاصة بالزراعة، ويمارس المهام الموكلة له من قبل الوزير في ادارة شؤون الوزارة على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**ب ـ وكيل الوزارة لشؤون الموارد المائية:**

**يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها الخاصة بالموارد المائية ويمارس المهام الموكلة له من قبل الوزير في ادارة شؤون الوزارة على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**ثالثاً: مكتب الوزير: يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والكفاءة ويعاونه عدد من الموظفين.**

**رابعاً: مكتبا وكيلي الوزارة:**

**يدار كل مكتب من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**خامساً:المستشارون:**

**لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية ولكل واحد منهم خبرة وممارسة في احدى اختصاصات واعمال الوزارة الاساسية.**

**سادساً: المديريات العامة: تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية ويرأس كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

1- **المديرية العامة للديوان: تختص بالشؤون الادارية والمالية في ديوان الوزارة وتشرف على تشكيلات الوزارة وتتابع اعمالها ضمن اختصاصها.**

2- **المديرية العامة للسدود والخزانات المائية: تختص بتهيئة مستلزمات مشاريع السدود الكبيرة والصغيرة وتنفيذها واشرافها وتشغيل وصيانة منشأتها وتنظيم وخزن واطلاق المياه.**

3- **المديرية العامة للاراضي الزراعية: تختص بتطبيق قوانين الاراضي النافذة في الاقليم وتنظيم وتوفير الاراضي للاستثمارات والمشاريع الزراعية.**

4- المديريات العامة للزراعة في مركز محافظات الاقليم وادارة گرميان الخاصة: تتولى الاشراف على تنفيذ المشاريع الزراعية في المحافظة وترتبط بها مديريات وفروع الزراعة في حدود كل منها.

5- المديرية العامة للتخطيط والمتابعة: تختص بوضع الخطط الاعتيادية والاستراتيجية والاستثمارية واعداد التصاميم للمشاريع الهندسية ومتابعة تنفيذ الخطط والعمل على ضبط الاحصاء والقوى العاملة والنظم المعلوماتية والاشراف ومتابعة مهمات مديرية الخدمات الزراعية في الوزارات والمحافظات.

6- المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي: مهامها اجراء الابحاث الزراعية والمائية وارشاد الفلاحين ونقل نتائج البحوث الى حقول الفلاحين.

7- المديرية العامة للبستنة والغابات والمراعي: تختص بشؤون الغابات الطبيعية والاصطناعية والبستنة والمراعي.

8- المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة: تختص بالثروة الحيوانية والدواجن والاسماك والطب البيطري.

9- المديرية العامة للموارد المائية: تختص بالاشراف على تنفيذ مشاريع المياه السطحية والجوفية منها مشاريع الري وتقييم الخزانات الجوفية وحفر الآبار وتوفير المياه لاغراض متعددة.

10- المجلس الاستشاري للوزارة ويتألف من:

أ- الوزير

ب - وكيلا الوزارة

ج - المستشارون في الوزارة

د- المدراء العامين في الوزارة

هـ - رئيس اتحاد الفلاحين في الاقليم

و- للوزير اضافة ممثلين عن الوزارات الاخرى ذات العلاقة او خبراء من خارج الوزارة عند الضرورة دون ان يكون لهم حق التصويت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەی کە خوێندرایەوە، هەمووتان گوێتان لێبوو کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ یەك کەسی لەگەڵدا نیە، دانیشتنەکەمان ئەمڕۆ کۆتایی پێ دێنین تا سبەی سەعات 10 بەخواتان دەسپێرم.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)ی**

**چوارشەممە رێکەوتی 23\6\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (18)ی

## چوارشەممە رێكەوتی 2010/6/23

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2010/6/23 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی

بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (18)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2010/6/23 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای یەكێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (14)ی ساڵی 1993.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (18)، رۆژی دانیشتن 2010/6/23، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (18)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2010/6/23دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای یەكێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (14)ی ساڵی 1993.

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری كاك جەمیل سلێمان دەكەین، بەخێر هاتنی برای بەڕێز كاك ئەنوەر دەكەین، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری دەكەین كەرەم بكەن بۆ شوێنی خۆیان، ، كەرەم بكەن، بەڕێزان، ماددەی چوارەم دەنگی لەسەر درا فەقەرەیەك مابوو، ئێستا لیژنەی یاسایی پێشنیارێكیان هەیە دەربارەی، كەرەم بكەن، پاشان دەچینە سەر ماددەی پێنج، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ بڕگەیەك هەبوو لە زیمنی تەشکیلاتی وەزارەت هاتووە، ئەویش بڕگە دوو بوو، کە ماف دەدات بە وەزیر عەقد بکات لەگەڵ ئەشخاصی تەبیعی و مەعنەوی، بۆ ئەوەی بتوانێت خەڵکی پسپۆڕو شارەزا عەقدیان لەگەڵ بکات، ئێمە پێمان باش بوو لە تەشکیلات نەمێنێت، بەڵکو ببێتە ماددەیەکی موستەقیل، ئێستا ئێمە وەکو ماددەیەکی موستەقیل ئەو فەقەرەیە دەخوێنینەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیاری گونجاوی لێ بدرێت، ماددەکە بەم شێوەیە:

(للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية او المعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم او خارجه للقيام بالمهام التي توكل اليهم وللمدة التي يراه مناسباً بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء وتحدد حقوقهم و واجباتهم من قبل الوزير وفقاً للقوانين والتعليمات المعمول بها).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر لە نەتیجە ئەوە پەسند بوو، ئەوە ڕەقمێکی تازە هەڵدەگرێ بەنیسبەت ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ ڕەئیتان دەربارەی ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکەین، چونکە ڕاپۆرتەکەمان هاوبەشە، بۆیە لەگەڵداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵداین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ئەو فەقەرەیە قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان تۆمار بکەم، کەس هەیە لەسەری قسە بکات؟ یەك کەس هەیە، کاك ڕەفیق صابر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من ئاگادار بم، هەر وەزیرێك ئەم مافەی هەیە كە كاری لەو جۆرە بكات، ئەگەر ئەمە وا بێت و قانونێك هەبێت لەو بارەیەوە، من تەسەور دەكەم ئەوە مافێكی خۆیەتی، رەنگە پێویست نەبێت ئێمە دەنگ بۆ ئەو ماددەیە بدەین، تكایە لیژنەی یاسایی ئەگەر شتێكی وا هەیە، وەلاّمان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستە وەزیر ئەم مافەی هەیە، بەلاّم ئەگەر مافێكی خۆی بێت لە قانونەكە بچەسپێت، وابزانم ئەوە خزمەتی خۆی و خزمەتی وەزارەتەكەش دەكات، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەینە لە زیمنی یاساكە ئەوە تەسبیت بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لیژنەی یاسایی دووبارە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، چونكە یەك كەس بوو ناخرێتە دەنگدانەوە، ئەو پێشنیارەی كاك رەفیق كردی، فەرموون.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية او المعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم او خارجه للقيام بالمهام التي توكل اليهم وللمدة التي يراه مناسباً بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء وتحدد حقوقهم و واجباتهم من قبل الوزير وفقاً للقوانين والتعليمات المعمول بها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، دوو كەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا تكایە بۆ ماددەی شەش لە ئەسڵی پرۆژەكە ماددەی پێنجە، كەرەم بكە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەروازەی چوارەم دەبێتە دەروازەی سێیەم، لەبەر ئەوەی ئێمە دوو و سێ بڕیارمان لەسەر دا، دەنگمان بۆدا كە دەمج بكرێت، (الفصل الرابع) دەبێتە (الفصل الثالث) (احكام عامة وختامية)، ماددەی پێنج دەبێتە ماددەی شەش.

**الفصل الثالث**

**احكام عامة وختامية**

المادة السادسة:

اولاً: تحدد مهام التشكيلات وتقسيمات الوزارة بنظام.

ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الفروع او الاقسام او الشعب او الوحدات ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الاقتضاء.

ثالثاً: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردی کەرەم بکە بخوێنەوە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**حوکمە گشتی و کۆتاییەکان**

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: پێکهاتەو بەشەکانی وەزارەتەکە، بەپێڕەو دیار دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك، یان لقێك، یان بەشێك، یان هۆبەیەك، یان یەکەیەك لەناو پێکهاتەکانی وەزارەتدا بکاتەوە، یان تێکەڵی بکات، یان هەڵیوەشێنێتەوە.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین، بەلاَم رەنگە لەناحیەی لوغەویەوە (الف لام)ەکە لەسەر تەشکیلات هەڵبستێ باشە، بڵێین (تحدد مهام تشکیلات وتقسیمات الوزارة بنظام)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی لەسەر ماددەی شەش، کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی پێنجە، کێ موداخەلەی هەیە؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، تاکو ناوی تۆمار بکەین، (ڕێزدار شوان کەریم، کاك عمر عبدالعزیز) دەیانەوێت موداخەلە بکەن، کاك شوان کەرەم بکە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنج کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی پێنجە، ئێستا بۆتە ماددەی شەش، کوردیەکە دەڵێت: یەکەم/ پێکهاتەو بەشەکانی وەزارەت بە پێڕەو دیاری دەکرێت، ئەرك و پێکهاتەی بەشەکانی وەزارەتەکە، دەبێت ئەرکەکەی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە عەرەبیەکە مەهامە، لە کوردیەکە دەبێت بڵێین ئەرك و پێکهاتەو بەشەکانی وەزارەتەکە بە پێڕەو دیاری دەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە رووی لائیحیەوە پێموایە ئەم ماددەیە زیادە، چونکە ئێمە دوو ماددەمان هەیە، ماددەی دوو و ماددەی سێ، کە باسی مەهام و تەشکیلاتی وەزارەتیان تێدایە، مەسەلەی ئیستیحداس و دەمج و ئەوەی وەزیر دەکرێت هەر لە باسی وەزیرەکەدا ئیزافەی بکەین بۆ ئەوێ، هەروەها ئیصداری تەعلیمات، یەعنی هەر سێ ماددەکە پێشتر فەسلێکی تایبەت بوو، بۆ لەوێ جێیان بکرایەوە، لەبەر ئەوە وابزانم ئەو ماددەیە لێرە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت تەرجومەی کوردیەکە، مولاحەزەکە لە جێگای خۆیەتی کاك شوان، بەنیسبەت ئەوەی کاك عمر عبدالعزیز ، بەڕاستی رەنگە ئەم نەصە هەر پێویست بێت، چونکە شەرت نییە تەنها هەر ئەو هەیکەلیەتە هەبێت، رەنگە هەیکەلیەتەکە دابەزێتن بۆ ئەقسام و شوعبەش، ئەویش دێتە ناو نیزامەوە، رەنگە مەهامی ئەوانیش بێتە ناو نیزامەوە، بۆیە ئێمە ئەوەی دیاریمان کردووە بەنیسبەت مودیریاتی عامە فەقەت ئەرکەکانمان دیاری کردووە، بەلاّم ئەگەر خوردی بکەیتەوە بێیە خوارێ بۆ ئەقسام و شوعبە، ئەوە ئیمکان هەیە لەناو نیزام بێت و مەهامەکەشیان لەوێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕەئی لیژنەی قانونینە، ئەگەر جیاواز بێت، یەعنی مەهامی وەزیر وازیحتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**احكام عامة وختامية**

المادة السادسة:

اولاً: تحدد مهام تشكيلات وتقسيمات الوزارة بنظام.

ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الفروع او الاقسام او الشعب او الوحدات ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الاقتضاء.

ثالثاً: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی حەوت لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی شەشە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة ستصبح المادة السابعة:

تحل الوزارة محل وزارتي الزراعة والموارد المائية اينما وردتا في القوانين والانظمة النافذة والتي تخص الزراعة والموارد المائية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە بەکوردی.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم کە دەبێتە ماددەی حەوتەم:

**هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، لەهەر جێگایەکی یاساو پێڕەوی بەرکاردا هاتبێ و تایبەت بێت بە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، ئەم وەزارەتە جێگەیان دەگرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، لیژنەی هاوبەش رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام صیاغەکەی ئێمە پێمان باشە با وەزارەتەکان تەوزیح بکەین، راستە وەزارەت تەعریف کراوە، بەڵام لێرە ناوی وەزارەتەکە جیایە، ئەو وەزارەتانەی کە ئیلغاش کراونەتەوە ناوی جیایان هەیە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین صیاغەکە بەم شێوەیە بێت:**

**(تحل الوزارة محل وزارة الزراعة والموارد المائية محل وزارتي الزراعة والموارد المائية اينما وردتا في القوانين والانظمة والتعليمات التي تخص الزراعة والموارد المائية).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر رەئیتان.**

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ ماددەکەم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، کێ لەسەر ئەو ماددەیە موداخەلەی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ تاکو ناوی تۆمار بکەین، یەك بەڕێز، رێزدار عبدالسلام بەرواری کەرەم بکە.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سوپاس، بەڕاستی مەسەلەیەکی لوغەویە، لە عەرەبیەکە ئەوەی ئێستا کاك شێروان خوێندیەوە، کوردیەکە زۆر جوان هاتووە، هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دەرامەتی ئاو، لەوێ هاتووە (وزارتي الزراعة والموارد المائية)، یەعنی وەکو ناوی وەزارەتە تازەکەیە، دەتوانین (تحل محل وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية)، تەسەور دەکەم نەصەکە زۆر زۆر وازیحتر دەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولاحەزەكە لە جێگای خۆیەتی هی كاك عبدالسلام، ئێمەش وای لێ دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە نەصەكەتان بخوێنن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

تحل وزارة الزراعة والموارد المائية محل وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية اينما وردت في القوانين والانظمة والتعليمات التي تخص الزراعة والموارد المائية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی هەشت لە ئەسڵی پرۆژەكە ماددەی حەوتە، كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة ستصبح المادة الثامنة:

يلغى قانوني وزارة الزراعة رقم (1) لسنة 2007 و وزارة الموارد المائية رقم (9) لسنة 2006.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردی تكایە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم دەبێتە ماددەی هەشتەم:

هەردوو یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ ژمارە (1)ی ساڵی (2007) و یاسای وەزارەتی سەرچاوەكانی ئاو ژمارە (9)ی ساڵی (2006) پووچەڵ دەكرێنەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئێمە هەردوو لیژنە پێشنیازی ئەوە دەكەین، كە ئەو دوو ماددەیە، ماددەی حەوت و هەشت دەمج بكرێن، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای دوو وەزارەت هەیە، هەروەها ئەو ماف و ئیلتیزاماتانەی كە دوو وەزارەتەكە هەیان بوو، چیان لێ دێت؟ لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەین كەوا هەردوو ماددە دەمج بكرێن و بكرێتە یەك ماددە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیعتیادیە ئەگەر دەمج بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان تۆمار بكەین، چوار بەڕێز ناویان تۆمار كردووە، ئەم رێزدارانەن (بەشیر خەلیل، عمر عبدالعزیز، پەروین عبدالرحمن، ئاواز عبدالواحد)، كەسی تر هەیە؟ بەڕێز بەشیر خەلیل كەرەم بكە.

**بەڕێز د.بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی كورت كردنەوە، واتا ئیختیصار یەكێكە لە سیفاتی قانونی باش و ناجح، بۆیە من لێرە پێشنیار دەكەم ماددەی شەش و ماددەی حەوت و ماددەی هەشت، هەرسێ بكرێنە یەك ماددە، لە یەك ماددە جێگایان دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی شەش دەنگی بۆ درا، تەواو.

**بەڕێز د.بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوت و هەشت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من ئەو پێشنیارەم هەبوو، پشتیوانی لە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش دەكەم، هەڵەیەكی زمانەوانیش هەیە چاك بكرێت، (يلغى قانونا وزارة) نەك (قانوني)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار پەروین عبدالرحمن فەرموو.**

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی كە ماددەی حەوتەم و هەشتەم بكرێتە یەك ماددە، ماددەی حەوتەم بكرێتە بڕگەی یەكەم لەو ماددەیە، كار بەهەردوو یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2007 و یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2006 ناكرێت، ماددەی هەشتەمیش بكرێتە بڕگەی دووەم لە ماددەكە، میلاك و كەلوپەلی گواستراوەو نەگواستراوەی هەردوو وەزارەت دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوە ئاوییەكان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاواز عبدالواحد فەرموو.**

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەنیا تێبینیم لەسەر وشەی پووچەڵ بوونەوە هەبوو، بكرێت بە هەڵبوەشێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەقریبەن هەمووی پەیوەندی بە زمانەوانیەوە هەبوو، ئەوە بە نەزەری ئیعتیبارمان وەرگرتووە ئەوەی كاك عمر عبدالعزیز گوتی، ئەوەی تریش هی ئاواز خان لە كوردیەكە چاكی دەكەین ئیشكالیەتی نییە، جا ئەگەر ئێستا مەجالمان پێ بدەن نەصەكە بخوێنینەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كەرەم بكەن نەصەكە بخوێننەوە بە دەمجی هەردوو ماددەی هەشت و نۆ، كە لە ئەسڵی پرۆژەكە ماددەی حەوت و هەشتە، كەرەم بكەن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

اولاً: يلغى قانونا وزارة الزراعة رقم (1) لسنة 2007 و وزارة الموارد المائية رقم (9) لسنة 2006.

ثانياً: تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وملاكات وموظفي وزارتي الزراعة والموارد المائية الى الوزارة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تەسەلسولەکە بووە ماددەی هەشت، نەك ماددەی حەوت، ئەگەر پێتان باش بێت دیسان دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: يلغى قانونا وزارة الزراعة رقم (1) لسنة 2007 و وزارة الموارد المائية رقم (9) لسنة 2006.

ثانياً: تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وملاكات وموظفي وزارتي الزراعة والموارد المائية الى الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی نۆ، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ماددەکان دەمج کران، تەسەلسولی ماددەکان وەکو خۆی لێ دێتەوە.

المادة التاسعة:

لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش کەرەم بکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئیدی دەقی ماددەكە دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كەس دەیەوێت موداخەلە بكات، نییە، ئێستا بۆ ئاخیر جار بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

لایعمل بأي نص قانوني او قرار یتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی دەیەم، كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردی كەرەم بكە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئیدی ماددەكە دەكەین، هیچ مولاحەزەمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ماددەكەین.

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، كەس موداخەلەی هەیە؟ نییە، ئێستا بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی یازدەم، كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردی كەرەم بكە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان)دا جێ بەجێ دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی ماددەکە دەکەین، هیچ مولاحەزەمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، کەس هەیە موداخەلە بکات؟ نییە، تکایە ئاخیر جار بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ هۆکارەکانی ئەم یاسایە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لكون اقليم كوردستان – العراق اقليماً زراعياً وغنياً بالموارد المائية ولاهمية المياه في معظم مجالات الحياة ودورها الكبير في تنمية الاقتصاد ولغرض تطوير وتحسين الانتاج الزراعي وايجاد الحلول السليمة للمعوقات الموجودة لتحقيق الاستخدام الامثل للامكانيات الطبيعية والمادية والبشرية والموارد المائية في الاقليم لغرض تهيئة الاجواء الملائمة لاعادة بناء البنية التحتية للقطاعي الزراعي والمائي وتحقيق الاكتفاء الذاتي من السلة الغذائية والامن الغذائي والمائي واحياء القرى والارياف وبالنظر الى دمج وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية في وزارة واحدة بأسم (وزارة الزراعة والموارد المائية) والتغييرات الحاصلة في تشكيلاتها شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش کەرەم بکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان – عێراق، هەرێمێکی کشتوکاڵییەو لە دەرامەتی ئاودا دەوڵەمەندەو، لەبەر گرنگی ئاویش لە زۆربەی بوارەکانی ژیان و، لەبەر ئەوەش کە رۆڵێکی گەورەی لە گەشەپێدانی ئابووریدا هەیەو، بەو مەبەستەش کە بەروبوومی کشتوکاڵ لە هەرێمدا پەرەبسێنێ و چاکتر بکرێت و چارەسەری تەواو بۆ ئەو کێشانە بدۆزرێتەوە، کە رێگا لە چاکتر بەکارهێنانی توانستی سروشتی و ماددی و بەشەری و دەرامەتی ئاو لەهەرێمدا دەگرن و بە مەبەستی رەخساندنی کەش و هەوای لەبار بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی هەردوو کەرتی پیشەسازی و ئاوو بەدیهێنانی خۆکیفایەتی (الاكتفاء الذاتي) لە قەرتاڵەی خۆراك و دابین کردنی ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی ئاوو بووژاندنەوەی دێهات و گوندەکان و، لەبەر ئەوەش کە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو کران بە یەك وەزارەت بەناوی (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)، لەبەر ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە پێکهاتەکانیدا روویاندا، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها یەك تێبینیمان هەیە، ئەویش لەریزی پێش ئەخیری لە هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایەدا هاتووە وشەی (السلة الغذائية) بگۆڕدرێت بۆ (المواد الغذائية الضرورية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت موداخەلە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان تۆمار بکەین، ئەو چوار بەڕێزە ناویان نووسیووە (جمال طاهر، حسن محمد، د.رفیق صابر، عمر عبدالعزیز) کەسی تر هەیە بیەوێت موداخەلە بکات؟ نییە، کاك جەمال کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری دێری سێیەم بکەین لە (وایجاد الحلول السلیمة للمعوقات الموجودة لتحقیق الاستخدام الامثل للامکانیات الطبیعیة والمادیة والبشریة) پاشان دەڵێت (والموارد المائیة)، (الطبیعیة والمادیة والبشریة)، مەفهومێکی گەورەترە، ئیقتیراح دەکەم لە جیاتی (الطبیعیة والمادیة والبشریة) بکرێت بە (الزراعیة)، چونکە مەبەست زراعەو مەواردی ئاوە، (الطبیعیة والمادیة والبشریة) لابدرێت لەجیاتی بنووسرێت (الزراعیة).

پێش خاڵی کۆتایی (والامن الغذائي والمائي واحیاء القری والاریاف)، (القری والاریاف)، دوو موستەلەحن لە یەك جیاترن، چونکە ریف مەنتیقەیەکە گەورەترە، ریف دەستەواژەی جوگرافیە، مەجموعەیەك دێی لەناوە، بۆیە پێشنیار دەکەم دوای (والامن الغذائي والمائي واحیاء الریف الکوردي)، یانیش تەنیا (احیاء الریف او احیاء القری)، یەعنی دوو، سێ دەستەواژە دەتوانین لێرە دابنێین، چونکە ریف گەورەترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حسن محمد فەرمووو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە سەرەتادا هاتووە دەڵێت (لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان – عێراق هەرێمی کشتوکاڵییەو لە دەرامەتی ئاودا دەوڵەمەندە)، دوایی یەکسەر دێتە سەر (لەبەر گرنگی ئاویش)، واتا لێرە تەنها گرنگیەکەی داوە بە ئاو بۆ گەشە پێدانی ئابووری، بەڕاستی لە هەردووکیان هەم کشتوکاڵ، هەم دەرامەتی ئاو گرنگیان هەیە لە گەشە پێدانی ئابووری.

لە خاڵێکی تردا باسی دابین کردنی ئاسایشی خۆراك دەکات، راستی ئەم یاسایە پێویستە تەحقیقی سێ شتی گرنگ بکات، یەکێکیان/ ئاسایشی خۆراکە.

دووەمیان/ بەردەوامی دەرامەتی کشتوکاڵییە، واتا (استدامة الموارد المائیة).

سێیەمیان/ پەرەپێدانی گشتی کۆمەڵگا، واتا (تنمیة شاملة للمجتمع)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار رەفیق صابر فەرمووو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتا کە نووسراوە (لکون اقلیم کوردستان – العراق اقلیماً زراعیاً)، راستیەکەی من پێموایە ئەگەر بمبوورن، ئەوە بوختانە بە هەرێمی کوردستان دەکەن، هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی زراعی نییە، صناعیش نییە، بەڵکو هەرێمێکی ئیستیهلاکییە، ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین کە ناتوانێت تەنانەت خەیار،

تەماتـە، تـەرەتیزە، پیـاز، بچووكترین پێداویستی زراعـی بـۆ خەڵكەكـە دابـین بكات، لەبـەر ئـەوە ئەمـەیان شـتێكە دەقیـق نییـە، راسـت نییـە، بێجگـە لـەوەش، ئەگـەر ئێمـە سـەیری خـەڵكی كوردسـتان بكـەین پـێش حەفتاكان، لە سەدا حەفتای خەڵكی كوردستان لە گوندەكاندا ژیا بێت، ئێسـتا پێچـەوانە بۆتـەوە، رەنگـە لـە سەدا هەشتای خـەڵكی كوردسـتان لـە شـارەكان دەژیـن، لەبـەر ئـەوە مـن پێشـنیار دەكـەم ئەمـەیان لابرێـت، چونكە واقیعی نییەو، راستیش نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاوو هەوای كوردستان وڵاتێكی زراعییە، بەڵام ئەگەر ئەو زروفە زەحمەتەو جینۆسایدی بەسەر هات، هێشتا لەسەر پای خۆی نەوەستاوە، ئەوە مەسەلەیەكی ترە، راستە، بەڵام عێراق ئاوو هەوای و عاردی باش و ئاوی زۆری و وڵاتێكی زراعیە، رێزدار كاك عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو راو و بۆچوونەی هەردوو بەڕێزتانم، جەنابت و كاك دكتۆر رفیـق، لەبـەر ئـەوە عیبارەتەكـە لەوێدا دیقەتەكە لەدەست دەدا، ئەگەر بڵێین ئیقلیمێكی زراعیە، ئێمە بۆ حەلی ئەوە لێرە نووسـی بوومـان، لە پێشنیاری دكتـۆر رەفیـق (لكـون اقلـیم كوردسـتان – العـراق اقلیمـاً زراعیـاً) نـەڵێین، بڵـێین (لكـون اقلـیم كوردستان – العراق غنیاً من الناحیة الزراعیة)، چونكە تەعریفی هەرێم بە زراعی، عیلمی نییە بزەبت، لە دێری چوارەمدا هەڵەیەكی زمانەوانی هەیە (للقطاعین الزراعي والمائي) ئەگەر چاكی بكەن.

لەدێری پێنجەمیشدا (بالنظر الى دمج وزارتي) بیكەین بە (وزارتي الزراعة والموارد المائیة)، بەڵام پێشنیاری ئەخیریم ئەوەیە لەناو ئەسباب موجیبە، ئێمە لەناو یاساكە شتی باشمان گوتووە لەسەر دەعمـی فەلاحـەكان و موزاریعەكان تێدا نییە، یەعنی وەكو بڵێین زوڵم دەكەین لە یاساكە شتی باشمان لەو مەجالە تیایـە، باسـی جـەمعیاتی تیایـە، دەعمـی فەلاحـەكانی تیایـە، دەعمـی مـوزارعینی تیایـە، ئەگـەر شـتێكی بـۆ زیـاد بكـەین، هەروەها وشەی (تنمیة الزراعي) وشەیەكی دەقیق و عیلمی ترە، وشەی تەنمیەشی تیـا نییـە، لـە شـوێنێكدا جێگای بۆ بكەنـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ ئێـوەی بـەڕێز، ئێسـتا یاسـاكە لەگـەڵ هۆكـاری دانـانی ئـەم یاسـایە دەخەینـە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ ببوورن، سوپاس بۆ نوقتە نیزامیەكەت، كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت (لكون اقلیم كوردستان – العراق اقلیماً زراعیاً)، رەنگە تا رادەیەك ئـەوەی كـاك عمـر عبـدالعزیز ئەو مولاحەزەیەی راست بوو، نابێت بە ئیقلیمێكی زراعی مەسەلەن وەسف بكەین، لە حاڵەتێكدا ئێمـە لـە

حاڵەتێکی سیاسین، لە حاڵەتێکی فیدراڵین، لە حاڵەتێکی هەرێمین، ئەگەر بکرێت (اقليماً غنياً بالموارد المائية والزراعية)، ڕەنگە ئەوە موەفقتر بێت، ئینجا ئەوە بۆ ئێوەی بەڕێز دەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەتان بخوێنن، بۆ ئەوەی لەگەڵ پرۆژە یاساکە بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لكون اقليم كوردستان – العراق اقليماً غنياً بالموارد المائية ولاهمية المياه في معظم مجالات الحياة ودورها الكبير في تنمية الاقتصاد ولغرض تطوير وتحسين الانتاج الزراعي وايجاد الحلول السليمة للمعوقات الموجودة لتحقيق الاستخدام الامثل للامكانيات الطبيعية والمادية والبشرية والموارد المائية في الاقليم لغرض تهيئة الاجواء الملائمة لاعادة بناء البنية التحتية للقطاعي الزراعي والمائي وتحقيق الاكتفاء الذاتي من المواد الغذائية الضرورية والامن الغذائي والمائي واحياء القرى والارياف وبالنظر الى دمج وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية في وزارة واحدة (وزارة الزراعة والموارد المائية) والتغييرات الحاصلة في تشكيلاتها شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا بەو جۆرەی خوێندرایەوە لەگەڵ پرۆژەکە هەمووی دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تەنها دوو کەس لەگەڵدا نییە، پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێزو گشت ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم، کە زۆر بە هەستێکی پڕ حوریەت گفتوگۆتان کرد، پیرۆزبایی دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کوردستان و وەزارەتی زراعە، کە ئەم دوو وەزارەتەش بوونەوە یەك وەزارەت، ئومێدەوارین کە میللەتەکەمان سوودی لێ وەربگرێت، ئێستاش ئەگەر جەنابی وەزیر وتەیەکی هەیە بەم موناسەبەیەوە با کەرەم بکات.

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەناوی خۆم و بەناوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو زۆر سوپاسی جەنابتان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان و هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ دەکەم، ئینشائەللا ئەو پرۆژە یاسایە، ئێمە بتوانین خزمەتی گەلی خۆمان بکەین و کەرتی کشتوکاڵ بەرەو پێش ببەین، بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئومێدەوارین موەفەق بیت، بەڕێزان، ئێستا خاڵی دووی بەرنامەی کارمان/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز جەنابی وەزیر لەبەر کارێکی گرنگ ئەمڕۆ لێرە نییە، لە تورکیایە، داوای کرد بە رەسمی کە خۆی حازر بێت، بۆیە داوای کرد بخرێتە هەفتەی داهاتوو، ئێستاش بڕیار بۆ ئێوەی بەڕێزە، ئەگەر موافیق بن خاڵی سێ بەرنامەی کار دەهێنینە پێشەوە، ئەویش بە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە خاڵی سێ موناقەشە بکەین و خاڵی دوو دوابخەین بۆ هەفتەی داهاتوو دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ خاڵی سێی بەرنامەی کار، کەرەم بکەن، ئێوە کەرەم بکەن بۆ جێگای خۆتان، کەرەم بکە.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان.**

**ئەو پرۆژە یاسایە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە.**

**مشروع قانون التعديل الاول لقانون اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان المرقم 14 لسنة 1993**

**المادة الاولى:**

**تلغى المادة الثانية والثلاثين من قانون اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان المرقم 14 لسنة 1993 ويحل محلها مايلي:**

**المادة الثانية والثلاثون:**

**1- تسري احكام قوانين الخدمة والتقاعد المدني النافذ في الاقليم على العاملين في اتحاد غرف التجارية والصناعية في الاقليم ممن كانوا في الخدمة قبل نفاذ القانون رقم 43 لسنة 1989.**

**2- تسري احكام قانون رقم 14 لسنة 1993 على المعينين في اتحاد غرف التجارية والصناعية في الاقليم بعد نفاذ القانون رقم 43 لسنة 1989.**

**المادة الثانية:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الثالثة:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نفاذ القانون المرقم 14 لسنة 1993 وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەرەم بکە بە عەرەبی.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان – العراق**

**م/ رأي اللجنة القانونية**

**اجتمعت اللجنة القانونية صباح يوم الاربعاء 9/بەفرانبار/2709 كوردي المصادف ليوم 2009/12/30 لدراسة مشروع قانون التعديل الاول لقانون اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان – العراق رقم 14 لسنة 1993 المقدم من قبل مجلس وزراء الاقليم بكتابه المرقم (2551) في 2009/9/6 والمحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (13) في 2009/12/29 وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى مايلي:**

**ان اللجنة تؤيد المشروع ابتداءاً وترى اعادة النظر في صياغة مواده كما يلي:**

**1- اضافة الفقرة رقم (3) الى المادة (32) مع الابقاء على المادة بكاملها.**

**2- اضافة مادة اخرى اليها تنص على نقل الحقوق والتزامات المشمولين باحكام القانون المذكور من مديرية التقاعد والضمان الاجتماعي التابعة لوزارة العمل والشؤون الاجتماعية الى مديرية التقاعد العامة التابعة لوزارة المالية والاقتصاد.**

**3- اضافة الاسباب الموجبة لتشريعه.**

**وتكون الصياغة النهائية للمشروع كالاتي:**

**مشروع قانون التعديل الاول لقانون اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان – العراق المرقم 14 لسنة 1993**

**المادة الاولى: تضاف الفقرة الى المادة الثانية والثلاثين من قانون اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان – العراق رقم 14 لسنة 1993، وتكون الفقرة (3) لها كالاتي:**

**المادة الثانية والثلاثون:**

**3- تسري احكام قوانين الخدمة والتقاعد المدنية النافذة في الاقليم على الموظفين في اتحاد غرف التجارة والصناعة في الاقليم المعينين المستمرين في الخدمة قبل نفاذ القانون رقم 43 لسنة 1989.**

**المادة الثانية:**

**تضاف المادة التالية الى القانون وتكون المادة الثالثة والثلاثون مكررة لها:**

**المادة الثالثة والثلاثون المكررة:**

**تنقل الحقوق والتزامات المشمولين باحكام الفقرة (3) من المادة الاولى لهذا القانون من مديرية التقاعد والضمان الاجتماعي التابعة لوزارة العمل والشؤون الاجتماعية الى مديرية التقاعد العامة التابعة لوزارة المالية والاقتصاد في الاقليم.**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة

بغية رفع الغبن عن شريحة من منتسبي اتحاد غرف التجارة والصناعة في الاقليم المستمرين في الخدمة قبل نفاذ القانون رقم 43 لسنة 1989 واخضاعه لاحكام قوانين الخدمة والتقاعد المدنية النافذة في الاقليم فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع ورأي اللجنة القانونية للمناقشة لابداء الرأي المناسب بصدده مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بەكوردی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمەش راپۆرتی لیژنەی یاساییە بەزمانی كوردی.

بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق

ب/ رای لیژنەی یاسایی

لیژنەی كاروباری یاسایی كۆبۆوە بەیانی چوارشەممە 9/بەفرانبار/2709ی كوردی رێكەوتی 2009/12/30ی زاینی بۆ گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای یەكێتی ژووی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە 14ی ساڵی 1993، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشكەش كراوە، بە نووسراوی ژمارە (2551) لە 2009/9/6 ئاراستەی لیژنەكەمان كرا، دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەكەمی لە پەرلەمان بۆ كرا لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (13) لە 2009/12/29، دوای گفتوگۆ كردن و راگۆڕینەوە، لیژنە بەم ئەنجامانە گەیشت:

لیژنە پشتگیری لە پرۆژەكە دەكات و پێشنیاز دەكات كەوا دووبارە بەندەكانی ماددەكانی دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- زیاد كردنی بڕگەیەك بە ژمارە (3) بۆ ماددەی (سی ودوو) لەگەڵ مانەوەی دەقی ماددەكە بە تەواوی.

2- زیاد كردنی ماددەیەك، كەوا باس لە گواستنەوەی مافەكان و ئیلتیزاماتی ئەوانەی كەوا حوكمەكانی یاسای ناوبراو دەیانگرێتەوە بكات لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین و بیمەی كۆمەڵایەتی كە سەر بە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی گشتی، كە سەر بە وەزارەتی داراییە.

3- زیاد كردنی هۆیەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایە.

**دارشتنەوەی کۆتایی پرۆژەکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:**

**پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە 14ی ساڵی 1993**

**ماددەی یەکەم:**

**زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ ماددەی (سی ودوو) لە یاسای یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کورستان ژمارە 14 بۆ ساڵی 1993، دەبێتە بڕگەی (3) لە ماددەکەو بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ماددەی سی و دوو:**

**3- حوکمەکانی یاساکانی خزمەت و خانەنشینی شارستانی کارپێکراو لە هەرێم پێڕەو دەکرێت لەگەڵ فەرمانبەران لە یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم کە دامەزرا، پێش جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە 43ی ساڵی 1989 بەردەوامن لە خزمەت.**

**ماددەی دووەم:**

**ئەو ماددەیە زیاد بکرێت بۆ یاساکە بە ریزبەندی ماددەی (33)ی دووبارە:**

**ماددەی سی و سێ:**

**مافەکانی ئەوانەی حوکمەکانی بڕگە سێ لە ماددە (1)ی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی گشتی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێم.**

**ماددەی سێیەم:**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان).**

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

**بە مەبەستی هەڵگرتنی ناحەقی لەسەر بەشێك لە کارمەندانی یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم، کە بەردەوام بوون لە خزمەت پێش جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە 43ی ساڵی 1989 پابەند کردنی بەحوکمەکانی خزمەت و خانەنشینی شارستانی کارپێکراو لە هەرێم، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوو.**

**تکایە ئاگاداری بفەرموون ئەسڵی پرۆژەکەو رای لیژنەی یاسایی لەبارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ تاوتوێ کردن و دەربڕینی رای گونجاو لەبارەیەوەو دەنگدان لەسەری، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی پیشەسازی ئەگەر راپۆرتتان هەیە، کەرەم بکەن، ئێوەش راپۆرتەکەتان بخوێننەوە.**

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا رای لیژنەی پیشەسازی بۆ جەنابتان دەخوێنمەوە.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان – العراق**

**م/ راي اللجنة**

**اجتمعت لجنة الصناعة والثروات الطبيعية صباح يوم الاثنين 2009/10/5 لدراسة مشروع قانون التعديل الاول لقانون اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان – العراق رقم 14 لسنة 1993 المقدم من قبل مجلس الوزراء الاقليم بكتابه المرقم (2551) في 2009/9/6 التي تمت القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (13) في 2009/12/29 وبعد المناقشة والمشاورة مع الجهات المختصة توصلت اللجنة الى مايلي:**

**اولاً:**

**بالنسبة للمادة الاولى لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**بالنسبة للمادة الثانية لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**بالنسبة للمادة الثالثة لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**الاسباب الموجبة**

**نقترح اعادة صياغة الاسباب الموجبة بالشكل الاتي:**

**الاسباب الموجبة**

**بغية رفع الغبن عن مجموعة من منتسبي اتحاد غرف التجارة والصناعة في الاقليم والذين كانوا خاضعين لاحكام قانون الخدمة والتقاعد المدنية النافذة في الاقليم والذين ادوا ما عليهم من التزمات التقاعدية اسوةً لاقرانهم في الدوائر الحكومية الاخرى قبل نفاذ القانون رقم 43 لسنة 1989 حيث تم بعد ذلك شمولهم بقانون التقاعد والضمان الاجتماعي بغية ذلك تم تعديل هذا القانون.**

**راجين التفضل بالاطلاع وعرضه على البرلمان لابداء الرأي والتصويت عليه مع التقدير.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەسەر ئەسڵی پرۆژەكەو پێشنیاری ئێوە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕاستی ئێمە ئەسڵی پرۆژەكەمان دیراسەت كردووە، پێمان وایە ئەسڵی پرۆژەكە كەموكوڕی تێدایە، یەكەمیان/ ئیلغای ماددەیەكی كردووە، دوو ماددەی تری هێناوە، یەك لە ماددەكانی ئەسڵەن هەر زیكر نەكردووە لە پرۆژەكە، بۆیە ئێمە دووبارە صیاغەمان كردۆتەوە، ئێمە بە شێوەیەكی دروست، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەین، ئەو مەشروعەی ئێمە ئیعادەی نەزەرمان كردۆتەوە مەشروعەكەی لیژنەی قانونی ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە كردن، بۆ ئەوەی موناقەشە بەڕێوە بچێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارە پەسند بکرێت، پێویستی بە ئێوەی بەڕێز دەبێت، ئایا لەسەر پرۆژەکەی کە حکومەت ناردوویەتی، لیژنەی یاسایی دەڵێن هەڵەی تیایە، نەقصی تیایە، یان پێشنیاری لیژنەی یاسایی کە صیاغەیان کردووە بکرێتە ئەساس، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە پێشنیاری لیژنەی یاسایی صیاغەیان کردووەو ببێتە ئەساس دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆیە ئێستا صیاغەکەی لیژنەی یاسایی دەکرێتە ئەساس، تکایە مادده بە مادده بخوێننەوە، بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین و دەنگی لەسەر بدەین، کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو صیاغەیەی کە لەلایەن لیژنەی یاسایی بە پرۆژەکەدا هاتینەوەو دامانڕشتووە:

مشروع قانون التعديل الاول لقانون اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان – العراق المرقم 14 لسنة 1993

المادة الاولى: تضاف فقرة الى المادة الثانية والثلاثين من قانون اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان – العراق رقم 14 لسنة 1993، وتكون الفقرة (3) لها كالاتي:

المادة الثانية والثلاثون:

3- تسري احكام قوانين الخدمة والتقاعد المدنية النافذة في الاقليم على الموظفين في اتحاد غرف التجارة والصناعة في الاقليم المعينين والمستمرين في الخدمة قبل نفاذ القانون رقم 43 لسنة 1989.

المادة الثانية:

تضاف المادة التالية الى القانون وتكون المادة الثالثة والثلاثون مكررة لها:

المادة الثالثة والثلاثون المكررة:

تنقل الحقوق والتزامات المشمولين باحكام الفقرة (3) من المادة الاولى من هذا القانون من مديرية التقاعد والضمان الاجتماعي التابعة لوزارة العمل والشؤون الاجتماعية الى مديرية التقاعد العامة التابعة لوزارة المالية والاقتصاد في الاقليم.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة

بغية رفع الغبن عن شريحة من منتسبي اتحاد غرف التجارة والصناعة في الاقليم المستمرين في الخدمة قبل نفاذ القانون رقم 43 لسنة 1989 واخضاعه لاحكام قوانين الخدمة والتقاعد المدنية النافذة في الاقليم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتیەكان ڕەئیتان لەسەر ئەو صیاغەیە.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی یەكەم كەرەم بكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى: تضاف فقرة الى المادة الثانية والثلاثين من قانون اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان – العراق رقم 14 لسنة 1993، وتكون الفقرة (3) لها كالاتي:

المادة الثانية والثلاثون:

3- تسري احكام قوانين الخدمة والتقاعد المدنية النافذة في الاقليم على الموظفين في اتحاد غرف التجارة والصناعة في الاقليم المعينين والمستمرين في الخدمة قبل نفاذ القانون رقم 43 لسنة 1989.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ دەیەوێت موداخەلە بكات؟ تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان تۆمار بكەین، كەرەم بكە كاكە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە، یان من بە دەستم نەگەیشتووە، یان ئەو ڕاپۆرتە ئەگەر نەگەیشت بێت، پەرلەمانتاران چۆن تێبینی و سەرنجمان بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامیەكەت دروستە، ئەمە تازە ئەو بەڕێزانە هێنایانە، دیارە بلاّو نەبووە، كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە، ڕاپۆرتەكەمان لە 2009/12/30 دابەش كردووە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، هەموویان ئاگایان لێیە خوێندویانەتەوە، بەلاّم ماوەیەكی زۆری لەسەر تێپەڕ بووە، دیارە موتابەعەیان نەكردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەگەڵ بەرنامەی کار نەهاتووە، پێش دوو رۆژ کە بەرنامەی کار دابەش کراوە لەگەڵیدا نەبووە، هەرچەند تەوزیع ناکرێت لەگەڵی، ئەگەر پێتان باشە دووبارە بیخوێنن، دەتانەوێت تەئجیل بکرێت، دەیخەینە دەنگدانەوە، بۆ هەفتەی داهاتوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ هەفتەی ئاییندە تەئجیل بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (33) کەس داوا دەکات تەئجیل بکرێت، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ بەردەوام دەبین لەسەری، کەرەم بکە بۆ ماددەی یەك، کە خوێندرایەوە، موناقەشەی لەسەر بکەین، ئەو رێزدارانە دەیانەوێت قسە بکەن (عبدالسلام بەرواری، سەردار رشید، شوان کەریم، د.زانا رەئوف)، کەسی تر هەیە؟ کاك دلێر، لیژنەی یاسایی تەوزیحێك بدەن، پێش ئەوەی ئەو بەرێزانە دەست بە موداخەلەیان بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی مەوزوعەکە روون بێت لە لای بەرێزان، ئەندامانی پەرلەمان، حەز دەکەم لەسەر ئەو بابەتە روون کردنەوەیەك بدەم، ئەویش ئەوەیە، دیارە یاسای ژماری (24)ی ساڵی 1983، کە یاسای گشتی یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی عێراق، ئەم یاسایە پیادە دەکرا لە عێراق، ئەم دەزگایەی ئەم سەردەمە سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بوو، واتا کارمەندەکانی وەکو دائیرەیەکی رەسمی تەعامولیان لەگەڵ دەکرا، چ فەرمانبەر بوایە، چ کارمەندی تر بوایە، قانونی ژمارە (33)ی ساڵی 1966 قانونی خدمەو تەقاعودی مەدەنی لەسەریان تەتبیق دەبوو، پاشی ئەوە، ئەو قانونە گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات، گۆڕانکارییەکە چ بوو؟ قانونی ژمارە (43)ی ساڵی 1989 دەرچوو ئیتیحادی غورفەی تیجاری لە ئیتیحادی صناعی عێراقی جیا بۆوە، بەڵام بڕگەیەکی تێدایە دەڵێت (هەموو کارمەندەکانی ئەم دەزگایە قانونی تەقاعود و زەمانی ئیجتیماعی و قانونی عومال لەسەریان تەتبیق دەبێت)، واتا ئەوانەی کە لە قانونی پێشتر فەرمانبەر بوون، یاخود بڕوانامەیان هەبوو، ئەوانە هەمووی خازعی قانونی تەقاعودو زەمانی ئیجتیماعی بوون لە حاڵەتێکدا ئەوان ئەگەر بیانزانی بوایە خازعی قانونی تەقاعودو زەمانی ئیجتیماعی دەبن، ئەسڵەن بڕوانامەیان هەبوو، نەدەبوون بە فەرمانبەر، بۆیە شەریحەیەك لەو فەرمانبەرانە لەو دەزگایانە مانەوە، پاش ئەوەی کە موئەسەساتی ئێمە دروست بوو لە ساڵی 1993 بەپێی یاسای ژمارە (14)، ئێمە ئەم یاسایەمان لە پەرلەمان پەسند کرد، ئیتیحادی غورفەی تیجاری و غورفەی صناعی لێرە دروست بوو، بەڵام بە شێوازێك ئەویش بەهەمان شێوە قانونی تەقاعودو زەمانی ئیجتیماعی لەسەریان تەتبیق دەبوو، نەك قانونی تەقاعودی و خدمەی مەدەنی، هەروەکو لە یەکەم قانوندا هاتووە، بۆیە ئەو شەریحەیە مەجموعەیەك فەرمانبەرن لە هەولێر، لە دهۆك، لە سلێمانی، کە ژمارەیان لە سی کەس تێپەڕ ناکات تووشی غوبن بوون و تووشی زەرەرێکی ماددی و مەعنەویش بوون، حکومەتی هەرێمی کوردستان جانبی داراییەکەی تەئمین کردووە، پرۆژەکەی خستۆتە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لێرە گفتوگۆی لەسەر بکەین و ئەو غوبنەی کە هاتۆتە سەریان، لەسەریان هەڵبگرین، بۆ ئەوەی ئەوانیش مافی

**فەرمانبەراتی بۆیان بگەڕێتەوەو تەمەتوع بکەن بە ئەحکامی قانونی تەقاعودی خدمەی مەدەنی لەجیاتی ئەحکامی قانونی تەقاعودو زەمانی ئیجتیماعی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت لەسەر ماددەی یەك موداخەلە بکەن، یەك/ عبدالسلام بەرواری کەرەم بکە.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من سوپاسی کاك شێروان دەکەم بۆ ئەم روون کردنەوە، منیش لە خەیاڵم بوو دەرچوو، ئەوە حاڵەتێکە دووبارە نابێتەوە، ئەوانەی پێش دەرچوونی قانونی ژمارە (14)، واتا پێش (17) ساڵ، بەس ئەوانە دەگرێتەوە، لەمەودوا ئەو حاڵەتە نابێت لە ژوورەکان، چونکە خەڵکەکە پاش قانونەکە تەعین بووە، ئەمە یەك.**

**واتا قانونێك هەموار دەکرێت، ماددەیەك تەسبیت دەکرا لەناو قانونێك، کەچی بەس ئەمجارە کاری پێ دەکرێت، ئیتر پێویستیمان پێی نییە، ئەوە پرسیارە، ئایا پێویستە؟ یان نا؟**

**دووەم تێبینیم/ ژوورەکان نوێنەرایەتی خاوەن کار دەکەن، واتا لە ئەساسەوە ئەوانە بەشێکن لە کەرتی تایبەت، یاساکانی خزمەت جیاوازی دەکەن بەینی خدمەی گشتی هەیە، واتا خدمەی فەرمانبەرانەوە قیودی خۆی هەیە، خزمەتی موستخدەم و کرێکار لە کەرتی تایبەت، بەتایبەتی کەرتی بازرگانی و پیشەسازی و میهەنی حوڕە، خزمەت لەبوارەکانی عەسکەری و میهەنی، پاشان قەوانینی تری مولحەقیان دەبێت بۆ زراعەیە، بۆ شتی ترە، ئەگەر ئێمە ئێستا بێین ئەو غەڵەتیە بکەین، ئەوەی رژێمی بەعسی پێشوو کردوویەتی، چونکە مەبدەئەکەی وا بوو، فوت کردنی کۆمەڵگاو بوارەکانی، لە یاسایەك بۆ حاڵەتێکی تایبەت بە تەسەوری من ئیشێکی زیادە، ئەگەر بێینە خاڵی دووەمی ماددەی سی و دووی یاسای رەقم (14) (على مجلس الاتحاد اصدار قواعد خدمية وانضباط خاصة لتنظيم خدمة العاملين لاتحاد الغرف)، مادام حکومەت موافیقە، مادام خۆیان لە قانونە ئەساسیەکەیان ئەوەی ئێمە دەرمان کردووە پێش (17) ساڵ لادەدەین، بە تەسەوری من زۆر ئاسانە مەجلیسی ریئاسەی ژوورەکان هەڵستێت بڵێت ئەمانەی کە پێش فلان قانون، لەبەر ئەو هۆیانەی کە کاك شێروان باسی کرد، داوا بکات بە یەك نووسراو بۆ حکومەت، حەز دەکەین ئەمەیان بۆ حیساب بکرێت، من تەسەور دەکەم بەوە حەل ببێت، بەبێ ئەوەی ئێمە یاسا بگۆڕین، ئەگەر بڵێین نەخێر، خەلفیەکی یاسا هەبێت، با ئێمە بڕیارێك لە پەرلەمان دەربکەین، بۆمان هەیە، دەڵێین (استناداً) بۆ ئەو قانونەو، ئەو حاڵەتە، ئێمە ئەو حەقە دەدەین بەو فەرمانبەرە، بەبێ ئەوەی بچین یاسایەك هەموار بکەین، کە دەزانین لەمەودوا هەموار کردنەکەمان ئیشی پێ ناکرێت، بە تەسەوری من، من**

بۆچی ئەوە دەڵێم؟ پێویستە ئێمە کار بکەین، بۆ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان دێت ئێمەش ناچار دەبین، ئەم مەسەلەی تەقاعود تەنزیمێکی وای بۆ بکەین، کە هەریەکەیەك ژمارەیەکی دەبێت، ساڵەکانی خزمەتی بەپێی زەمان و تەقاعود بێت، بەپێی تەقاعودی خدمەی مەدەنی بێت، بەپێی گرێبەستێك بێت، بۆی کۆ بکرێنەوە، بەپێی ئەو پارەیەی داینداوە لە سندوقەکە، نەك بۆ خزمەت، بۆ تەقاعود، لە کاتێکدا گەیشتە سنی تەقاعود کە (65) ساڵە، یان (20) ساڵ ئیشی کردووە، ئەو موساهەمەیەی لە سندوقەکانی تەقاعود جیا جیا هی خدمەی گشتی، هی خدمەی عەسکەری، هی کەرتی تایبەت، بۆی کۆ بکرێت، چونکە مەبەستیش لێرە هەر ئەوە، ئەو ساڵانەی کە فەرمانبەر بووە بزر نەبێت، من تەسەور دەکەم ئەگەر ئێمە بەردەوام بین لەوە زۆرها حاڵەت پەیدا دەبن، کە بیست کەسە، دە کەسە، سی کەسە، ناچار دەبین زۆر قانون هەموار بکەین، ڕەنگە بە موعالەجە کردنی نەتائیجی ئەو عەقلیەتەی پێشووی حکومەتی پێشوو، کە جیاوازی نەکردن بەینی کەرتی تایبەتی و کەرتی فەرمی، ئێمە جەنگلێکی قانونی بۆ خۆمان دروست بکەین، لە ئەخیر کە ویستمان ئەم سیستەمە جوان و ڕێك و پێکەی تەقاعودی عام دەربکەین، ئەم هەموار کردن و تەعدیلاتی ئێمە ڕێگامان لێ بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەردار رشید فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دیارە جگە لەو فەرمانبەرانەی کە لە ژووری تیجارە کار دەکەن و مەشمول بوون بە قانونی زەمانی ئیجتیماعی، زۆرێکی دیکە لە خەدەمات و لەوانە کە ئەوانیش بەش بەشن سین، چلن، پەنجان مەشمولن بە زەمانی ئیجتیماعی، ئایا کە ئەمە بوو بە یاسا، ئەوانیش حەقی ئەوەیان نییە داوای ئەوە بکەن، کە بەڕاستی بە قانونی خدمەی مەدەنی تەقاعود بکرێن؟ ئایا ئەمە دەرگا ناکاتەوە لە ڕێگای هەندێك لەو ڕێکخراوانە کە ئێستا حالیەن تەعامولیان لەگەڵ دائیرەی زەمان و زەمانی ئیجتیماعیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شوان کەریم فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەبوو، ڕوون کردنەوەکەی کاك شێروان وەڵامی پرسیارەکەی منی دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدەن بۆ قسەکانی کاك عبدالسلام، تەبیعی کاتێك باس لەو ئیتیحاداتانە دەکەین، ئەمە بەشێکە لەکۆی سێ جۆر مەرافقی عام، یەکیان/ ئیداری، یەکیان/ ئیقتیصادی، یەکیان/ میهەنی، تەنها ئەوانەی لە مەرافقی عامی ئیدارییدا ئیش دەکەن پێیان دەگوترێت فەرمانبەری عام، ئەمانەی کە هەن لە زیمنی ئیتیحادە ئیقتیصادەکاندا خۆیان دەبیننەوە، کە چ تیجاری بێت، یان صناعی، من بە دووری دەزانم ئەگەر ئەم قانونە جێ بەجێش بێت، ئەو بەڕێزانەی کە مەشمول بوون، کە ئەوانە ئەسڵەن پێیان نەگوتراوە فەرمانبەر، مەشروعە ئەسڵیەکەی کە لە حکومەتەوە هاتووە پێی گوتراوە عامیل، بەلام لە تەعدیلی لیژنەی یاسایی باس کراوە، من تەئیدی رەئیەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەتایبەتی لەوەی خوارەوە، کە دەڵێت ئەمە لە ساڵی 1993ەوە پرۆژەکەی حکومەت جێ بەجێ دەکرێت، ئەمانە ئەسڵەن فەرمانبەر نین، چونکە ئەگەر وا بێت، وەکو کاك سەرداریش گوتی سبەێنێ ئەو یەکێتیانەی تریش، یەکێتی مافپەروەران و ئەندازیاران و مامۆستایان، ئەمانەش هەموویان یەکێتین، هەندێکیان میهەنین، ئیتیحاداتی میهەنی، هەندێکیان ئیتیحاداتێکن سەر بە مەرافقێکی عامی ئیقتیصادی، یەعنی ئەمە دەمانخاتە ئیشکالیەتێکی ترەوە لە رووی قانونیەوە، لە رووی ئیداریشەوە، بەڕێزان، تەنها ئەوانەی کە لە مورافقی عامی ئیداریدا کار دەکەن پێیان دەگوترێت سیفەتی فەرمانبەری گشتی، واتا سیفەتی فەرمانبەری گشتی وەردەگرن، ئەگەر ئەمانە مەشمول بکەین بە قانونی تەقاعود، ئەوە ئیشکالیەتمان بۆ دروست دەکات، ئەو یەکێتیانەی تریش هەن، دەبێت مەشمول بن بە قانونەکان، وا هەست دەکەم سەرە داوێکە، ئێستا ئەگەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی پەسندیش بکرێت، من بە دووری دەزانم ئەوانە مەشمول بن، چونکە ئەوان لە ئەساسەوە بە فەرمانبەری گشتی لە قەڵەم نەدراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دلێر محمود فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ کاك شێروان، زۆر لە ئەوانەی من دەمویست تەوزیحاتی پێدا، ئیزافەتەن بۆ ئەوە ژووری بازرگانی و پیشەسازی عێراق، وەختی خۆی سەر بە وەزارەتی تیجارە بووە، ئەوانەی کە لەوێ تەعین بوون بە فەرمانبەر تەعین بوون بەپێی شەهادە، بەلام لەدوای ئەوە بەپێی قانونی (43)ی ساڵی 1989 رێکخراوێکی پیشەیی موستەقیل و شەخصیەتێکی مەعنەوی خۆی هەبووە، لەبەر ئەو فەرمانبەرانەی کە پێشتر لەوێ تەعین بوون بەو حیسابە تەعین بوون، کە مەشمول بن بە قانونی تەقاعودی و خدمەی مەدەنی، ئەوانەش ئەو فەرمانبەرو کارمەندانەی لەوێن هەموو عەدەدیان (21) یەك کەسە لە هەموو کوردستاندا، ئەم دەرگایەش ناکرێتەوە، بڵێین بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یاخود رێکخراوە پیشەییەکانی تر، باسی ئەوەش دەکرێت کە دەبوایە تەنها بە تەعلیماتێك لەلایەن ژوورە بازرگانی و

پیشەسازییەکانی کوردستانەوە بێت، ئەمە پێویستی بە یاسایەك هەبوو، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی لە هەمان مادده کە لیژنەی یاسایی ئیزافەی بۆ کردووە، باسی ئەوە دەکات کە ئەمانە وەختی خۆی پارەیان لێ بڕاوە لەلایەن دائیرەی عەمەل و زەمانی ئیجتیماعیەوە هەموو مانگێك لە 17٪ی مووچەکەیان لێ بڕاوە، ئێستا پێویستە ئەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆ دائیرەی تەقاعودو زەمانی ئیجتیماعی، ئەمەش پێویستی بە یاسایەك هەیە، لەبەر ئەوە من ئەمانە بە حەقی خۆیان دەزانم، لەدوای ئەمە دەرگا بۆ کەسی تر ناکرێتەوە، چونکە ئەمانە چەند کەسێکن مەشمولن بەوەو دەگەڕێنەوە بۆ قانونی ژمارە (43)ی ساڵی 1989، لە ساڵی 1989 لەکوردستانی ئێمە هیچ ڕێکخراوێکی مەدەنی و پیشەیی بەو شێوەیە نەبووە، کە سەربەخۆ بێت و خەڵکی تر بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا داوا هەردوو ڕێزدار کاك عبدالسلام و کاك زانا دەکەین مەوقیفی خۆیان، ئایا ئەمە ڕەفز بکەین؟ یان نا؟ بۆیە داوا دەکەم کەرەم بکەن.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێت من گوناهبار بم و ئیتیهام بکرێم، کە من نانی خەڵکم بڕیوە، من گوتم دەکرێت ئەم حاڵەتە موعالەجە بکرێت بە بڕیارێك بڵێین (یشمل كذا)، یان بەپێی بڕگەی دوو لە ماددەی سی و دوو، من جارێکی تریش ئیقرار دەکەم لەسەر ئەوەی، کە بەوە حەل دەبێت، ئەوەیە ڕەئی من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمە كريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیشکالیەتەکەم لەگەڵ ئەوەیە کە ئەمانە عامیل بوون، یان فەرمانبەر بوون، ئەمە یەك.

دووەمیان/ ئەمانە بەشێك بوون لە مەرافقی عامی ئیقتیصادی، ئەمانە بە فەرمانبەر لە قەڵەم نادرێن، کاتێك کە خازعیان دەکەیت بۆ ئەحکامی قانونی تەقاعود، ئەمانە جیهات و فیئاتی تریشمان هەیە، دەبێت تەعدیلی قانونی تریش بکەین بۆ ئەوانە، ئەو فیئانەی تر کە لە مەرافقی عامی ئیتقیصادی بوون، یان لە ئیتیحاداتی میهەنی بوون، ئەوانیش ئەو کاتە ماف خۆیان دەبێت، ئەگەر تەعدیلمان بۆ ئەمانە کرد، دەبێت بۆ ئەوانی تریش بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من دەمەوێت تەوزیحی بکەم دوو نوقتەیە، یەکەمیان/ ئەوەی کاک زانا دەڵێت فەرمانبەری عام نەبوون، نەخێر ئەمانە فەرمانبەری عام بوون، ئێمە قانونی 43 لەبەر دەستمانە دەڵێت قانونی خدمەی مەدەنی لەسەر ئەوانە تەتبیق دەکرێت، کەواتە ئەوانە فەرمانبەری عام بوون، ئێستا سیفەتی فەرمانبەری عامیان بۆ دەگێڕینەوە، زیاتر نییە، وە نەبێت پێشتر سیفەتێکی تریان هەبووە، قانونەکەش لەبەردەممانە، ماددەکەش ئەگەر دەتەوێت ئیشارەتی پێ دەدەم، بڕگەی دوو لە ماددەی سی و دوو لەقانونی ژمارە (24)ی ساڵی 1983، کە دەڵێت قانونی ژمارە (33)ی ساڵی 1966 لەسەریان تەتبیق دەکرێت، کە ئەویش قانونی تەقاعودی مەدەنیە، کەواتە ئەوان فەرمانبەر بوون.

بەنیسبەت ئەوەی کاک عبدالسلام، من حەز دەکەم ئەوە تەوزیح بکەم، ئەوەڵەن/ تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم و مەسئوولی قسەی خۆشم یەك رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی نییە لەو کوردستانە قانونی تەقاعودی مەدەنی لەسەریان تەتبیق بێت، هەمووی یان بە عقودە، یانیش ئەوەتەیە تەقاعودی و زەمانی ئیجتیماعی لە کارمەندەکان وەردەگیرێت، ئەمە خاڵی یەکەم.

هی دووەم/ بەنیسبەت کاک عبدالسلامی، ئەوە دەزگایەکی فەرمی نییە، بتوانێت قەواعیدی خدمە تەنزیم بکات بەڕاستی، هەتا دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانیش لەسەر ئەو دەزگایە بەو شێوەیە نییە، دەڵێت ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئیشراف لەسەر کاری ئەم مونەزەمە میهەنیە بکات، لە هەمان کاتدا ئاڵوگۆڕی رەئیان بکات لە مەسائیلی تیجاری، یاخود لە مەسائیلی ئیتیقصادی فەقەت، تەوجیهاتیشیان بداتێ، میحوەرەکە لەوە دەرناچێت وەکو هەر کۆمەڵگایەکی کەرتی تایبەت، بۆیە ئەگەر لەناو یاسایەکەشدا دێت، تەنها چارەسەری ئەو شەریحەیە دەکات، دەرگا بۆ هیچ کەسێکی ناکاتەوە، چونکە بە دەگمەن حاڵەتی وا هەبێ، هەتا ئێستا ئەوە هەژدە ساڵە لێرەینە حاڵەتێکی وا رووی نەداوە، بۆیە بۆ رەفعی غوبن و رەفعی مەغدوریەت لەسەر ئەوە، ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین، رەنگە ئەو زوڵمە لەلایەن رژێمەوە بۆ سەر ئەم شەریحەیە هات بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا صیاغەکەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى: تضاف فقرة الى المادة الثانية والثلاثين من قانون اتحاد غرف التجارة والصناعة في اقليم كوردستان – العراق رقم 14 لسنة 1993، وتكون الفقرة (3) لها وكالاتي:

المادة الثانية والثلاثون:

3- تسري احكام قوانين الخدمة والتقاعد المدنية النافذة في الاقليم على الموظفين في اتحاد غرف التجارة والصناعة في الاقليم المعينين المستمرين في الخدمة قبل نفاذ القانون رقم 43 لسنة 1989.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا گوێتان لێ بوو، هەرچەندە بەبڕیارێك گوایە حەلی كێشەكانی دەكرد، بەس ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، هەشت كەس لەگەڵدا نەبوو، تكایە بۆ ماددەی دوو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**تضاف المادة التالية الى القانون وتكون المادة الثالثة والثلاثون مكررة لها:**

**المادة الثالثة والثلاثون المكررة:**

**تنقل حقوق المشمولين باحكام الفقرة (3) من المادة الاولى من هذا القانون من مديرية التقاعد والضمان الاجتماعي التابعة لوزارة العمل والشؤون الاجتماعية الى مديرية التقاعد العامة التابعة لوزارة المالية والاقتصاد في الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردی كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

ئەو ماددەیە زیاد بكرێت بۆ یاساكە بە ریزبەندی ماددەی (33)ی دووبارە:

ماددەی سی و سێی دووبارە:

مافەكانی ئەوانەی كەوا حوكمەكانی بڕگە سێ لە مادده (1)ی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی گشتی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پیشەسازی و وزە رەئیتان.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی یاسایی، هیچ تێبینیەكمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامان، كێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە موداخەلە بكات دەستی بەرز بكاتەوە؟ تاكو ناویان تۆمار بكەین، تەنها دوو كەس هەیە، كاك خورشید كەرەم بكە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر ئەو تێبینیەم هەیە، ئیستیقتاعاتی مودیریەی تەقاعودو زەمانی ئیجتیماعی، یەعنی ئیستیقتاعاتی زەمانی ئیجتیماعی فەرقە لەگەڵ ئیستیقتاعاتی تەقاعودی مەدەنی، دەبێت لە یاسا ئەو حاڵەتە چارەسەر كرا بوایە، یەعنی ئەو ئیلتیزاماتە چۆن؟ یەعنی ئەگەر هاتو پارەی ئەوان كەم بوو، یان زیاد بوو، ئەم ئیستیحقاقە وەكو یەك نییە، مەسەلەن بڵێین نەقلی حقوق دائیرەی زەمان و تەقاعود بۆ دائیرەی تەقاعودی مەدەنی، ئەو ئیستیحقاقاتە وەكو یەك نییە، دەبێت لە قانون عیلاج بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەقاو دەق لەگەڵ رەئی لیژنەی یاساییم، لەبەر ئەوەی ئەو كۆمەڵە فەرمانبەرەی، یاخود ئەو كۆمەڵەی كەوا ئێستا ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، پێش وەختە ئەو ئیلتیزاماتە مالیەی لەسەریان بووە لە وەزارەتی بازرگانی فەرمانبەر بوونە، هەریەكە خزمەتیان لە دە ساڵ تا پازدە ساڵ زیاتر هەبووە، ئیلتیزاماتی تەقاعودی و مادی خۆیانیان هەمووی لەسەر خۆیان داوە، تەنها پاشی ئەو یاسایەی ژمارە (43)ی ساڵی 1989 دەرچووە بەزۆر، یاخود بە ئەمر گوازراونەتەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی بۆ سەر ژوورە بازرگانییەكان لەوێدا مافی ئەوانە بزر بووە، بۆیە لەبەر ئەوە دەڵێم ئەوانە ئیلتیزاماتی مالی خۆیان داوە، ئەویتر دوای ساڵی 1989 بۆ ئیلتیزاماتی مالی خۆیان تەقاعودیان داوە بە زەمانی ئیجتیماعی، تەنهات پێویست دەكات بە ئەمرێك نەقل بكرێت ئەوەی داویانە بە زەمانی ئیجتیماعی بگەڕێتەوە بۆ سەر خدمەی مەدەنی و دائیرەی تەقاعودی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەوانەی كە لەگەڵ لیژنەی یاساییں، پێویست ناكات قسە بكەن، چونكە دەبێت هەموومان قسە بكەین، بەس ئەگەر موداخەلەیەك هەبێت چاكی بكەیت، كەمی بكەیت، زیادی بكەیت، ئینجا، لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ناڵێم فروقات، رەنگە فروقات هەبێت و نەبێت، بەڕاستی زۆر زانیاریم نییە، بەڵام ئەوەی كاك خورشید گوتی ئەم وردەكارییە داخیلی قانون نابێت، ئەمە ئیمكان هەیە بەینی مودیریەتی تەقاعودی عامەو مودیریەتی زەمانی ئیجتیماعی، ئەوان لەكاتی نەقل كردنی حقوق و ئیلتیزاماتەكان بكەن، ئەوە ئیشی ئەوانە بەڕاستی، چۆن چارەسەری دەكەین؟ یان چۆن چارەسەری ناكەین؟ بەڵام لەناو قانون ئەو شتانە نایەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تكایە ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**تضاف المادة التالية الى القانون وتكون المادة الثالثة والثلاثون مكررة لها:**

**المادة الثالثة والثلاثون المكررة:**

**تنقل حقوق المشمولين باحكام الفقرة (3) من المادة الاولى من هذا القانون من مديرية التقاعد والضمان الاجتماعي التابعة لوزارة العمل والشؤون الاجتماعية الى مديرية التقاعد العامة التابعة لوزارة المالية والاقتصاد في الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەی سێیەم.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەکوردیەکەشی:**

**ماددەی سێیەم:**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی پیشەسازی رەئیتان.**

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هاوڕاین لەگەڵ رەئی لیژنەی یاسایی، هیچ تێبینیمان نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، کەس موداخەلەی هەیە؟ نییە، تکایە ئێستا بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، یەك کەس لەگەڵدا نییە، تکایە ماددەی چوارەم.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

بەکوردیەکەش:

ماددەی چوارەم:

ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بلأو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پیشەسازی ڕەئیتان.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاسایی، هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز، کێ موداخەلەی هەیە؟ نییە، ئێستا ئاخیر جار بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

بەکوردیەکەش:

ماددەی چوارەم:

ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بلأو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ئەسبابی موجیبە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة

بغية رفع الغبن عن شريحة من منتسبي اتحاد غرف التجارة والصناعة في الاقليم المستمرين في الخدمة قبل نفاذ القانون رقم 43 لسنة 1989 واخضاعه لاحكام قوانين الخدمة والتقاعد المدنية النافذة في الاقليم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پیشەسازی لەسەر ئەسبابی موجیبە رەئیەكتان هەیە.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ رەئی لیژنەی یاسایی، هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز، كێ موداخەلەی هەیە؟ یەك كەس، ناسك تۆفیق كەرەم بكە فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها ئەو مەقتەعەی ئەخیر لەجیاتی بڵێی (شرع هذا القانون) بڵێین (تم تعدیل هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستە هەموار كردنی یاسایە، بەڵام بە یاسا دەرچووە، بۆیە (شرع هذا القانون) راسترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا پرۆژەی هەموار لەگەڵ ئەسباب موجیبە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، چوار كەس لەگەڵدا نییە، پیرۆزە، ئومێدەوارین سوودی هەبێت، ئەگەر لە حاڵەتێك پێویستی بە باشتر كرا، ئینجا داوا دەكەین جارێكی تر هەموار بكرێت، ئێستا كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین، تاكو رۆژی یەك شەممە سەعات (11)، مەجموعەیەك پرۆژە هەیە بەیانی لە سندوقەكانتان دەبێتن، ئێستا نایخوێنینەوە، بۆ ئەوەی تەدقیقی تەواوی بكەین لەسەری، بزانین كامەی نەواقصی تیا نییە، لەگەڵ مەجموعەیە ئەو شتانەی تری ماومانە، كە خوێندنەوەی بۆ نەكراوە، خوێندنەوەیان بۆ دەكەین، بۆ ئەوەی ئەگەر لەم چەند رۆژەش تەواو نەبوو، لەناو پشووەكە لیژنەكان ئیشی خۆیان حازر بكەن و لەبەر دەستیان بێت بۆ كاتی پێویست، زۆر سوپاس، خوا ئاگادارتان بێت تا رۆژی یەك شەممە سەعات (11).

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (19)ی

یەك شەممە رێكەوتی 27\6\2010

خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (19)ی
## یەك شەممە رێکەوتی 2010/6/27

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2010/6/27 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (19)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2010/6/27 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە بڕیاری تایبەت بە دانانی جەژنی ئێزدییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پرۆژە بچووکەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کاری رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

7- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

8- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

9- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای درێژەدان بە کار پێکردنی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

10- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای کار پێکردن بە یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارە (1)ی ساڵی 2010 لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

11- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

12- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای خوێندنی کراوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

13- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی حیسابی خیتامی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2009.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (19)، ڕۆژی دانیشتن (2010/6/27)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمووارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (19)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (2010/6/27)دا بەو شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە بڕیاری تایبەت بە دانانی جەژنی ئێزدییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پرۆژە بچووکەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

7- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

8- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

9- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای درێژەدان بە کار پێکردنی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

10- خستنەڕووو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای کار پێکردن بە یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارە (1)ی ساڵی 2010 لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

11- خستنەڕووو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

12- خستنەڕووو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای خوێندنی کراوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

13- خستنەڕووو و گفتوگۆ کردنی حیسابی خیتامی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2009.

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان فەرموون، کەرەم بکەن بۆ خاڵی یەك لە بەرنامەی کار، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ناویان لە خوارەوە هاتووە، ئێستا ناوەکان دەخوێنمەوە:

1-شێروان حەیدەری.

2- عەونی بەزاز.

3- گۆران ئازاد.

4- رۆژان دزەیی.

5- زکیە سید صالح.

6- عبدالسلام مصطفى صدیق.

7- عمر حمد امین خدر نورەدینی.

8- بکر کریم (ئاسۆ).

9- صباح بیت الله شکری.

10- عمر صدیق محمد هەورامی.

11- قادر حسن قادر.

12- محمد دلێر محمود.

13- شۆرش سید مجید.

ئەم پرۆژەیە لە (16) مادده پێکهاتووە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین رەوانەی لیژنە تایبەتمەندەکانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێزان، ئـەم پـڕۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیژنـەی نـاوخۆ و ئەنجومەنـە خۆجێیـەکان و لیژنـەی یاسـایی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بۆ ئەوەی گفتوگۆ و ڕەئـی خۆیـان لەسـەر بـدەن، ئێسـتا بۆ بڕگەی دوو لە بەرنامەی کار، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامە بەڕێزەکان.

بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان/ تایبەتە بە جەژنی ئێزیدییەکان، پڕۆژەیـەك لـە سـەرۆکایەتی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە هـاتووە، تایبەتـە بـە جـەژنی ئێزیدییـەکان، بریتیـە لـە یـەك مـاددە بـە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی هاتووە، تکایە جەنابت ئاراستەی لیژنەکان بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکـەین، لەبەر ئەوەی براو خوشکە ئێزیدییەکان تایبەتیەکی خاصیان هەیە لە ئاینی ئێزیدی، بۆیە تەنها ئاراسـتەی لیژنەی یاسایی دەکەین، بۆ بڕگەی سێ لە بەرنامەی کار، کەرەم بکەن.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـڕۆژەی هـەموار کردنـی دووەمـی یاسـای ئـەکادیمی کـوردی لـە هـەرێمی کوردسـتان، لەلایـەن حکومەتـەوە پێشکەش کراوە، لە (15) ماددە پێکهاتووە، داواکارین لە بەڕێزتان ڕەوانەی لیژنەی تایبەت بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراسـتەی لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی پەیوەندییـەکان و کاروبـاری ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن و شوێنەوارەکان و ئەنـدامانی بەڕێزیشی دەکەین، بۆ بڕگەی چوار لە بەرنامەی کار، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چوارەم لەبەرنامەی کاری دانیشـتنی ئـەمڕۆمان/ خوێندنـەوەی یەکـەمی پێشـنیاری یاسـای لێبـوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم پـڕۆژە یاسـایە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە پێشکەش کـراوە، لـە (7) مـاددە پێـك هاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە، ئەو بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر پێشنیارەکە کردووە:

1- حاکم رزگار محمد امین.

2- شێردڵ تحسین محمد.

3- احمد سلێمان عبدالله (بلال).

4- د.سەروەر عبدالرحمن.

5- د.صباح محمد نجيب.

6- پەیمان عزالدین عبدالرحمن.

7- ڤیان عبدالرحیم عبدالله.

8- سەرگوڵ رضا.

9- شیلان عبدالجبار.

10- فاضل محمد قادر (بەشارەتی).

11- ئارام شاهین داود.

12- جمال طاهر ابراهیم.

13- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر.

14- سیوەیل عثمان احمد.

15- بەیان احمد.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین رەوانەی لیژنەی تایبەتمەندی بکات و لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆو ئاسایش وئەنجومەنە خۆجێییەکان و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بۆ برگەی پێنج لە بەرنامەی کار، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی پێنجەم لەبەرنامەی کاری پەرلەمان/ بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پرۆژە بچکۆلەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەم پرۆژەیە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان هاتووە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە ئەمە ناوەکانیانە:

1- ثائر عبدالاحد.

2- کەیلی ئەکرم.

3- د.تارا عبدالرزاق.

4- سالار محمود.

5- گەشە دارا جلال.

6- عماد محمد حسین.

7- د.ڕێباز فتاح.

8- بەفرین حسین خەلیفە.

9- شێردڵ تحسین محمد.

10- عظیمة نجم الدین.

به زمانی عەرەبی ئەم پرۆژەیە لە (31) ماددە خۆی دەبینێتەوە، تکایە سەرۆکی پەرلەمان ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکان بکرێت، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتیەکان دەکەین، لەگەڵ ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان، کەرەم بکەن بۆ خاڵی شەش لە بەرنامەی کار، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراوە، لە (27) ماددە پێك دێت، لەگەڵ هۆکاری دەرچوونی، لەلایەن ئەم ئەندامە بەڕێزانەوە واژوو کراوە:

1- سەرگوڵ رضا.

2- احمد سلێمان.

3- د.صباح محمد نجیب.

4- سمیر سلیم.

5- حمە سعید حمە علی.

6- هاوڕاز شێخ احمد.

7- بەیان احمد.

8- ناسك تۆفیق.

9- ایوب نعمت قادر(ئارام).

10- پەیمان عبدالکریم.

داوا لە بەڕێزتان دەکەین ڕەوانەی لیژنەی تایبەتمەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستاش ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان و لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بۆ خاڵی حەوت لە بەرنامەی کار، کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی حەوتەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لە (45) مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە، ئەو بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر پرۆژەکە:

1- سۆزان شهاب نوری.

2- تارا تحسین ئەسعەدی.

3- دانا سعید سۆفی.

4- ئەڤین عمر احمد.

5- دڵشاد شهاب حاجی.

6- بکر کریم محمد صالح(ئاسۆ).

7- عمر صدیق هەورامی.

8- د.بەشیر خلیل حەداد.

9- کەیلی ئەکرم مەنتك.

10- تارا عبدالرزاق محمد.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، ئەو پرۆژەیەش ڕەوانەی لیژنەکانی تایبەتمەندو ئەندامانی پەرلەمان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستاش ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی بالأو توێژینەوەی زانستی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، ئێستا بەنیسبەت خاڵی هەشتەم لەبەرنامەی کار، خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

بەڕێز جەنابی وەزیر سبەی دەگاتەوە ئێرە، لەگەڵ ئەوە وەفدە دێت، بۆیە جارێکی تر دەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەوەی دوا بخرێت بۆ جەلسەی داهاتوو، کە جەنابی وەزیر خۆی حازر بێت لێرە باشە، چونکە خۆی زۆر ئیلحاحی کردو داوای کرد لە ئەسنای موناقەشە وجودی هەبێت، ئێمەش بە گرنگمان زانی، ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێزە، ئایا دوای بخەین بۆ جەلسەی داهاتوو؟ کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، یەك کەس لەگەڵدا نییە دوابخرێت، پێشنیارێك هاتووە داوا دەکەن کە پرۆژەی بڕیار دانانی جەژنی ئێزیدییەکان حەوالەی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینیش بکرێت، هەرچەند ئەمە دینێکی مەخصوصە، بە پێویستمان

زانی كە لیژنەی یاسایی بڕیاری لێ بدات، لەگەڵ ئەوەش ئاراستەی لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینیشی دەكەین، سوپاس، كەرەم بكەن بۆ خاڵی نۆ لە بەرنامەی كار، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی پرۆژەكەتان بۆ دەخوێنینەوە، سەبارەت بە قانونی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە زمانی عەرەبی.

## مشروع قانون تمديد العمل بقانون مكافحة الارهاب رقم (3) لسنة 2006 في اقليم كوردستان – العراق

المادة الاولى:

يمدد العمل باحكام قانون مكافحة الارهاب رقم (3) لسنة 2006 لغاية 2013/7/16.

المادة الثانية:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ 2010/7/17 وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

### الاسباب الموجبة

لبقاء الاسباب التي تجعل من استمرار تطبيق احكام قانون مكافحة الارهاب موجباً وحماية لحياة المواطنين وممتلكاتهم وامنهم واستقرارهم فقد شرع هذا القانون.

ئێستا دەقی پرۆژەكە بە زمانی كوردی دەخوێنینەوە:

## پرۆژە یاسای درێژەدان بەكارپێكردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی كوردستان – عێراق

ماددەی یەكەم:

كاركردن بە حوكمەكانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 تا 2013/7/16 درێژ دەكرێتەوە.

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان، حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی (2010/7/17)وە كاری پێدەكرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)دا بڵاو دەكرێتەوە.

### هۆیەكانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر چەند هۆكارێك كە بەردەوامبوون و سەپاندنی حوكمەكانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە پێویست را دەگیرێت، هەروەهاش بۆ پاراستنی سەرو ماڵ و موڵكی هاووڵاتیانی هەرێم و ئاسوودەیی و سەقامگیرییان، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی رەئی لیژنەی یاسای بە زمانی عەرەبی بۆتان دەخوێنمەوە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون تمديد العمل بقانون مكافحة الارهاب**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الاحد30/جۆزەردان/2710كوردي المصادف ليوم 2010/6/20 الميلادية لدراسة مشروع قانون تمديد العمل بقانون مكافحة الارهاب في اقليم كوردستان - العراق المرقم (3) لسنة 2006 المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (15) فى 2010/6/20. وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة جميع مواد وبنود المشروع المقدم.

راجين التفضل بالأطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بە كوردیش بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لێژنەی یاسایی سەبارەت بە پرۆژە یاسای درێژەدان بە كارپێكردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر**

لیژنەی كاروباری یاسایی كۆبۆوە لە رۆژی30/جۆزەردان/2710ی كوردی بەرامبەر بە 2010/6/20ی زاینی بۆ تاوتوێ كردنی پرۆژە یاسای درێژەدان بە كارپێكردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی كوردستان، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەكە لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (15) لە رۆژی 2010/6/20

ڕەوانەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆکردن و تاووتوێ کردنی پرۆژەکە، لیژنە پشتگیری لە هەموو ماددەو بڕگەکانی پرۆژەکە دەکات وەکو ئەوەی کە هاتووە.
تکایە ئاگاداریی بفەرموون و ئەسڵی پرۆژەکە وڕای لیژنەی کاروباری یاسایی لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ تاووتوێ کردن و دەربڕینی ڕای گونجاو لە بارەیەوەو، دەنگدان لەسەری. لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ساڵی 2006 لەم پەرلەمانە پەسند کراو ماوەکەی دوو ساڵ بوو، پاشان جارێك تەمدید کراوە، تەمدیدی دووەم بۆ دوو ساڵی تر بوو، ئەویش 2010/7/16 تەواو دەبێت، لەبەر ئەوەی پەرلەمان لەو ماوەیە لە پشوو دایە، ئەم پرۆژەیە تەقدیم کرا، بۆ ئەوەی دووبارە ئیعادەی نەزەر بکرێتەوە لە تەمدیدی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ راپۆرتان نییە لەسەری، لیژنەی ناوخۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئەمە دەقی راپۆرتی دانیشتنەکەی لیژنەی ناوخۆیە.

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بە پرۆژە یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006**

پاش ئاراستە کردنی دەقی پرۆژە یاسای درێژەدان بەکارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێزەوە بەنووسراوی ژمارە (ك362) لە 2010/6/21 لیژنەکەمان لە کۆبوونەوەی رۆژ چوار شەممە رێکەوتی 2010/6/23ی زاینی کۆبوونەوەی دووەم لە رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2010/6/27 گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە کە لەنێوان ئەندامانی لیژنە سەبارەت بە پرۆژە یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لیژنە بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە پرۆژە یاساکە:
بە مەبەستی تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامی گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە، لیژنەکەمان پشتگیری لە

درێژکردنەوەی پرۆژە یاسایەکە دەکات تا کۆتایی ساڵی 2011 و دوا بڕیاریش هی بەڕێزتان و پەرلەمانی کوردستانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی یەکەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

یمدد العمل باحکام قانون مكافحة الارهاب رقم (3) لسنة 2006 لغاية 2013/7/16.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 تا 2013/7/16 درێژ دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسەی لەسەر بکەن، دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان تۆمار بکەین، بەڕێزان، ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمار کراوە (رێزدار د.احمد ابراهیم، رێزدار ایوب نعمت، رێزدار د.زانا، رێزدار دانا سعید، رێزدار احمد سلێمان، رێزدار شڤان احمد، رێزدار شوان کریم، رێزدار عدنان عثمان، رێزدار عظیمة نجم الدین، رێزدار سیوەیل عثمان، رێزدار نەریمان عبداللە، رێزدار د.رەفیق صابر، رێزدار سمیر سلیم، رێزدار عمر نورەدینی، رێزدار گۆران ئازاد، رێزدار ئاشتی عزیز، رێزدار عبدالرحمن حسین، رێزدار بێریڤان اسماعیل)، کەسی تر هەیە؟ نییە، رێزدار د. احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو یاسـایە بەڕاسـتی هەنـدێك تێبینـیم لەسـەر هەیـە، هەنـدێك لـە ئەحكامـەكان دەتـوانین بڵـێین قاسـین، هەندێك ئەحكامی تێدایە زۆر توندە، بەڕاستی لە جێ بـەجێ كردنیشـدا رەنگـە ئـەو جیهەتانـەی، یـان ئـەو لایەنانەی كە ئەو یاسایە جێ بەجێ دەكەن، بەپێی ئەوەی هەندێك لەو ماددانەی كە لـە یاسـاكەدا هـاتوون، پێموایە لە چەند ساڵی رابردوودا مامەڵە بەو شـێوەیە لەگـەڵ ئـەو كەسـانە نـەكراوە، كـە بـەناوی تـیرۆرەوە گیراون، یـاخود زینـدانی كـراون، ئێمـە بەڵگـەمان لەدەسـتەوەیەو داوەمانەتـە سـەرۆكایەتی پەرلـەمان، چـەند كەسێك گیراون لەهەرێمی كوردستان لەلایەن ئاسایش و دەزگای دژە تیرۆرەوە، بەڵام هەندێكیان تـاكو ئێسـتا دادگایی نەكراون، هەندێكیان تاكو ئێستا بێ سەرو شوێنن و شوێنەواریان دیار نییە، لەبەر ئەوە من لەگـەڵ ئەوە نیم بەو صیغەیەی ئێسـتا كـە لـە یاسـاكە هەیـە، بەڕاسـتی درێـژ بكرێتـەوە، ئـەو یاسـایە پێویسـتی بـە هەموار كردن هەیە، بۆ ئەوەی زەمانەتی زیاتر هەبێت بۆ ئەو كەسانەی كە بە تۆمەتی ئیرهـاب و تـیرۆرەوە دەستگیر دەكرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رەوایە ئەگەر ئینسان، مرۆڤ وەكو ئەندام پەرلەمان تێبینی لەسەر هەر یاسایەك هەبێت، رێگای خۆی هەیـە ئێمە دەتوانین پرۆژەی هەموار كردنی یاسا بكەین، ئەمرۆ ئێمە دانەنیشتووینە موناقەشەی یاساكە بكـەین، ئەمرۆ ئێمە پرۆژەیەكمان لەبەردەستە، بۆ درێژ كردنەوەی، ئەگەر تێبینیمان هەبێت دژی درێژ كردنـەوەی بە ئەساس، یان پێشنیارێكمان هەبێت دەتوانین موناقەشەی بكەین، بۆیە من دەبینم گفتوگۆ كـردن لەسـەر خودی یاساكە لە دەرەوەی ئەم ئەركەیە، كە ئێستا پێمانە، بۆیە بە نوقتەی نیزامی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، پێشنیار، پرۆژەیەك لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بۆ تەمدیـد كردنـی كراوە، سێ ماددەیە، هەندێك بەڕێز نایانەوێت تەمدید بكرێت، با رەئی خۆیان بدەن، زۆر وازیحـە، زۆر زۆر تەبیعیە، رێزدار ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ بوونی ئەوەم كە یاسایەكی تایبەت و جێگیر هـەبێت سـەبارەت بـە تـیرۆر، چونكە بەڕاسـتی ئـەم دیاردەیە تـەنها پەیوەست نییـە بـە كوردسـتانەوە، بـەڵكو دیاردەیـەكی جیهانییـە، بـەڵام كۆمـەڵێك تێبـینی، یـاخود كۆمـەڵێك كـەموكورتی لـە خـودی یاسـاكە هەیـە، كـەوا دەكـات دەنـگ نـەدەین بـەوەی كـە تەمدیـد بكرێتەوە، بەڵكو هەوڵ بدرێت بـۆ ئـەوەی یاسـایەكی هـەمواركراو پێشـكەش بـە پەرلـەمان بكرێـت، یـەكێك لەوانە ئەم یاسایە كاتی بۆ دانراوە، هەر دوو ساڵ جارێك دەبێـت تەمدیـد بكرێتـەوە، كـە ئـەوەش وا پیشـان

دەدات کە ئەمە یاسای حاڵەتی کتوپڕییە، حاڵەتی تەواری، کە لە زۆر وڵاتەکاندا هەیە، کە هەمیشە وا پیشان دەدەین بۆ دەرەوەی کوردستان، کە کوردستان لە حاڵەتێکی نائاساییدا دەژی، کە ئەمەش زیانێکی زۆر بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت لە رووی ئابووری و سیاسییەوە، کە پێچەوانەی ئەو واقیعەی کوردستانیشە، کە ئێمە هەموو جار ئەوە دەسەلمێنین کە کوردستان لە حاڵەتێکی ئاسایش و ئاشتیدا دەژی، ئەوە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ سەبارەت بە دەقی یاساکە، ئەگەر بێتو سەرنج بدەین لە هەموو بڕگەو ماددەکانی، تەنها موعالەجەی ئەمنی تیرۆری کردووە، کە لەڕاستیدا ئەگەر بێتو سەیری زۆرێك لەو وڵاتانە بکەین، کە راستەخۆ گیرۆدە بوون بە دەست تیرۆرەوە، موعالەجەی تیرۆریان بە کۆمەڵێك بواری تریش کردووە، تەنها بە موعالەجەی ئەمنی چارەسەری تیرۆر ناکرێت، لەڕووی ئابوورییەوە، لەڕووی کۆمەلآیەتییەوە، لەڕووی رۆشنبیری و ئاینیشەوە.

خاڵی سێیەم/ واباشتر بوو کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بێتە پەرلەمان، لەلایەن پەرلەمانەوە میوانداری بکرایە، بۆ ئەوەی راپۆرتێك پێشکەش بە پەرلەمان بکات، رادەی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە لە ماوەی ئەم چوار ساڵە، چونکە بێ گومان کاتێك یاسایەك جێ بەجێ دەکرێت، ئەو کاتە کەموکورتیەکانی دەردەکەوێت، هەروەها ئیجابیات و سلبیاتیشی دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی ئەندام پەرلەمانەکان بەرچاویان رۆشن بێت، ئەو کاتە دەنگ دەدەن لەسەری، یان نا، هەروەها لەڕووی یاساییشەوە، بەڕاستی کۆمەڵێك بڕگەو ماددە هەیە، کە کەموکورتی تیایە، وازیح نییە، کەوا دەکات کە ئەو جیهەتانەی جێ بەجێی دەکەن پێشێلکاری لە مافی مرۆڤدا بکەن، وەکو بڕگەی دوو/ ماددەی چوار، بڕگەی پێنج/ ماددەی سێ، زۆرێك لە بڕگەو ماددەکانی تریش و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار زانا رەئوف فەرمووو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەبێت من ئەوە بڵێم کە من لەگەڵ تەمدید کردنی ئەم پرۆژە یاسایە نیم، لەبەر چەند هۆکارێك:

یەك/ لەبەر ئەوەی لەگەڵ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، دەبێت ئەوە بزانین تەبیعەتی قانونەکە لە رۆژی دەرچوونیەوە سەبغەیەکی موەقەتی هەبووە، یاسا لە رووی زەمەنیەوە، یاسایەکت هەیە بۆ زروفێکی کاتی دادەنرێت، یاسایەکی موەقەتی بۆ دادەنێن، کاتێك کە باس لە تەمدید کردنی ئەو قانونە دەکەین، دەبێت تەبریرێکی ئەوەندە بەقوەتت هەبێت لە رۆژی دەرچوونی یاساکەوە هەمان پاساوی تر هەبێت، بەلآم ئێمە لە ئەرزی واقیعدا هەمان تەبریرمان نییە، ئێمە لەگەڵ جێ بەجێ کردنی یاساکەدانین، بەلآم چەند هۆکارێك هەیە، دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، موشکیلەی ئیرهاب کە لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە، بەپلەی یەکەم موشکیلەی یاسا نەبووە، لەبەر ئەوە ئێستاش ئەگەر ئەو یاسایەش جێ بەجێ نەکرێت، ئێمە

دەتوانین بەو یاسا پەیڕەو کراوانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ناویشی یاسای سزادانی عێراقیە، دەتوانین بەو یاسایە، ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندی هەیە بە چارەسەر کردنی کێشەو تیرۆرەوە لە هەرێمی کوردستان ئێمە بتوانین چارەسەری بکەین، ئەمە یەکەم.

دووەم/ جێی خۆیەتی بەڕاستی بپرسین لەناو ئەم یاسایە نووسراوە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ بکات، بەڵام کە دوایی دێتە سەر واقیعی فیعلی، جاری وا هەیە ڕەنگە دەزگایەك جێبەجێی بکات، کە بەشێك نیە لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەش دیسانەوە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، دەکرا ئەگەر ئێمە ناچاریش بووین، بەش بە حاڵی خۆم، لەگەڵ ئەو پاساوەشدا نیم کە بۆ ئەو پێشنیازە هاتووە، لەبەر ئەوەی کە بە هەمان ئەسباب، ئێستا تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو شتەی کە باس دەکرێت، ئەو دەستگایە، مەفرووز بوو بە بڕگەیەك ئەوەی بۆ ئیزافە بکردایە، چونکە تەنها وەزارەتی ناوخۆ سەرپشکە لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە، ئیزافەتەن بۆ ئەوە، دەبێ قەناعەتی تەواویشمان هەبێ، ئەو یاسایە مادام صەبغەی موەقەتی هەیە، کەواتە حدودێك دانێتەوە بۆ حوریەتی هاوڵاتیان، تۆ بەرامبەر جێبەجێ کردنی یاسای ئیرهابدا، تەبیعەتی موەقەتت پێداوە، بە دوو ساڵ جارێك تەمدید دەکرێ، بە داخەوە ئەوەیان بۆ سێ ساڵیش تەمدید کراوە، ڕەنگە پەیوەندی هەبێ بەوەی کە مادام لەگەڵ ئەو خولەی پەرلەمانیشدا هەبێت، چونکە ئەوانەی پێشوو بۆ دوو ساڵ تەمدید دەکرێت، ئەو جارە بۆ سێ ساڵ تەمدید دەکرێت، یەعنی لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوە بزانین، خۆزگە بوایە ئێمە لە جیاتی ئەوەی موناقەشەی پرۆژەیەکمان بکردایە بۆ فراوان کردنی حوریەتەکان، نەك بۆ تەقیید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دانا سعید، کەرەمکە.

**بەڕێز دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە درێژکردنی ئەو یاسایە بۆ سێ ساڵ زۆرە، لەبەر ئەوەی لە چوار ساڵی ڕابردوودا، دوو ساڵ، دوو ساڵ درێژ کراوەتەوە یاسایەکە، پێموانیە ئێستاش وەزعی کوردستان خراپتر بێ لەو چوار ساڵەی ڕابردوودا، ئەگەر موقارەنەی بکەین هیچ شتێکی لەو بابەتانە زۆر بەرچاو و کاری تیرۆرستی یەکجار ئاوا ڕووی نەداوە، پێمان وابێ کە دەبێ کاتێکی زیاترمان هەبێ، هەروەها لە زۆر ئەو وڵاتانەی کە لە دوای (11) سەپتەمبەرەوە، کار بە یاسای دژە تیرۆر دەکەن، ساڵ بە ساڵ تازەی دەکەنەوە، واتا زیاتر نا لە ساڵێك، لە یەك ساڵ زیاتر، لەبەر ئەوەی ئەوانیش حیسابی، بابڵێین وەزعی ئەمنی و ئاسایشی خۆیان دەکەن، هەروەها بیر لەوەش دەکەنەوە کە ئەو یاسایە نەبێتە ڕێگایەك لەبەردەم هەندێ ئازادی، یاخود بە شێوەیەکی خراپ بەکار نەیێت، جا بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو یاسایە یەك ساڵ درێژ بکرێتەوە، هەروەها بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان بەوە دا کە یاساکە کەم و کوڕی تێدایە، پێویستی بە

هەموارکردن هەیە، من پێموایە لە خیلالی ئەو ساڵەدا دەکرێ پرۆژەی هەموارکردنی یاساکەش تەقدیم بکرێت، ئەو کات یاسایەکی باشتری پێشکەش بکرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم یەك ساڵ درێژ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بیلال، کەرەمکە.

**بەڕێز أحمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لەو بەڕێزانە دەکەم کە یاساکەیان ڕەت کردەوە، منیش بەڕاستی ئەو یاسایە ڕەت دەکەمەوە، پێموایە پێویستی بە تەمدید کردنەوە نیە، لەبەر ئەو خاڵانە:

1-ئەگەر ئەو یاسایە پێویست بوایە، دەبوایە حکومەت خۆی داوای تەمدیدی بکردایە، چونکە لە خولی پێشتر بۆ تەمدید کردنەوە دوو ساڵ حکومەت خۆی داوای کرد و پەرلەمان موصادەقەی لەسەر کرد، بەڵام من ئەو جارە دەبینم ئەندامانی پەرلەمان موصادەقەیان لەسەر ئەوە کردووە، پێش حکومەت کە تەنفیزی ئەو یاسایە دەکات.

2-دەبوایە دوای ئەوەی لە ساڵی 2006 وە ئەو یاسایە هەیە، بۆ دوو ساڵ دانراوە، کە یاسایەکی موەقەتە، دواتر بۆ دوو ساڵی تر تەمدید کراوەتەوە، ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان هیچ ئامارێکمان لەبەر دەستدا نیە، کە بزانین ئایا چەند کەس بەو یاسایە حوکم دراون و سزا دراون، ئایا بوونی ئەو یاسایە بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان زەرووره یان نا؟ گرنگی ئەو یاسایە چیە؟ من نازانم جیهەتی تەنفیز لەو یاسایە کێیە؟ ئەگەر چی نووسراوە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام من پێموانیە ئەنجومەنی وەزیران تەنفیزی ئەو یاسایەی کردبێت، چونکە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە خولی پێشوو باسی ئەوەی کرد کە ئەوان تەنفیزی ئەو یاسایە ناکەن، جیهەتی تر هەیە کە سەر بە حکومەت نیە، تەنفیزی ئەو یاسایە دەکات، ئەوەش بۆخۆی جێی پرسیارە، وەکو کاك د.زاناش باسی کرد بەڕاستی، دەلیلیشمان بۆ ئەوە زۆرە، نامەوێ بچمە وردەکارییەکان، قازانجەکانی ئێمە نازانین بەڕاستی بۆ ئەو یاسایە چین؟ ئایا هیچ قازانجێکمان لێ کردووە؟ یان ئامارەکان چۆنن؟ چەند کەسی پێ سزا دراوە؟

3-سزاکانی کە لە یاسای دژە تیرۆر دانراوە، زۆر قورس و سەنگینن، هیچ ڕەحمێکی تێدا نیە، وەك لە ماددەی چوار و خاڵی دووەمدا هاتووە، چەند ماددەی تریش کە جێی ماددەکان لاستیکین، دەتوانرێ بە جۆرەها شێوە بەکاربهێنرێت، وای لێبکرێت چۆنت بوێ، وا بکاری بێنی بۆ خۆت، زیاتر لە مەصلەحەتی تەنها دەسەڵاتە، خەڵکی سڤیل (civil)، یەعنی خەڵکی مەدەنی کەمترین دەسەڵاتی تێدا هەیە، کە ئەگەر ئەو یاسایە پێ سزا دەدرێ، وا دەرنەچوو، جوابەکەی چی دەبێ؟ یان با بڵێین دەتوانێ چی بکات؟ چونکە دەلیلیشمان بۆ ئەوە هەیە، چەندین کەس سزا دراون، دواتر لەسەریان نەسەپێندراوە ئەو دەستگیر کردنە، یان بڵێین ئەو سزایەی کە لەسەریان نەسەپێنراوە، دەرکەوتووە کەوا نیە، بەڵام هەرواش ڕۆیشتووە و تا

ئێستا بە مەزلوومی خۆیان دەناڵێنن، من بۆیە داوا دەکەم لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، کە ئەو یاسایە ڕەت بکەنەوە، چونکە بەڕاستی هەم پێشێلکردنی مافی مرۆڤی تێدایە، هەم ئەگەر من خۆشم دەنگ بەو یاسایە نادەم، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی من پێموایە هەر کەسێك بەو یاسایە سزا بدرێ، من خۆم پێموایە لای خوای گەورە گوناحبار دەبم، بۆیە داوا دەکەم لە هەموو بەڕێزانیش کە دەنگ بەو یاسایە نەدەن و ئەو یاسایە ڕەت بکەنەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شوان أحمد، کەرەمکە

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو یاسایە بە یاسایەکی زۆر پێویست دەزانم بۆ هەرێمی کوردستان، وەختی خۆشی دانرا، لەسەر ئەو ئەساسە پێویستە دانرا، چونکە لە کەس شاراوە نیە کە هەڕەشەی تیرۆر لە چ ئاستێکدایە؟ کە لە عیراق مەسەلەیەکی وازحە کە بە نموونەی یەکەم لە پاش ئەفغانستان دێت، بۆیە ئەو یاسایە، یاسایەکی زۆر زۆر پێویستە بۆ هەرێمی کوردستان، درێژکردنەوە و تەمدید کردنەوەکەی زۆر بە پێویست دەزانم، بەڵام تەنیا بۆ دوو ساڵ، وەکو ئەوەی دەورەی پێشتر، نەك لەبەر ئەوە، پاش دوو ساڵی تر نازانین چ دەبێت؟ بەس ئەو تەریقەی کە دانرا من دەبینم ئیحتیماله لەو ئەسنایە، لە ئەسنای ئینتیخابات، فریای درێژکردنەوە، یان ئیلغاکردنەوە نەکەوین، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئیتیفاق بۆ دوو ساڵ بکرێت، بۆ ئەوەی بە ئیسراحەت لە دوو ساڵەکەدا چارەسەری ئەو یاسایە باشتر بەدەرکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شوان کەریم، کەرەمکە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیاری هەر دوو لێژنەی بەڕێز دەکەم بۆ درێژ کردنەوەی کارکردن بەو یاسایە، چونکە بەڕاستی هەموومان دەزانین موسەبیباتی دەرکردنی ئەو یاسایە، چ لە ئاستی کوردستانەوە بێت، لە عیراقیشەوە، هەروەها لە هەموو جیهاندا وەکو خۆی ماوە، تیرۆر بەڕاستی دیاردەیەك نیە لەو سەردەمەی کە ئەو یاسایە دەرچووبێت، لەو فەترەیە هەبووبێت، دوایی نەمابێت و ڕەوی بێتەوە، بەداخەوە تا ئێستا تیرۆر لەسەر ئاستی جیهانەوە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی عیراقیش بووە؟ بە دووریشی نازانین لە کوردستانیشدا جارێکی تر سەر هەڵداتەوە، یان هەوڵی ئەوە بدەن کە کاری تیرۆرستی، یان گرووپە تیرۆرستەکان کاری تیرۆرستی ئەنجام بدەن، بە تایبەتی کە ئێمە لە کوردستاندا هەموومان فەخر بەوە

دەكەین، خەڵكیش و حكومەتیش، كە ئاشتی و ئارامی بەرقەرارە، ئەوە بەڕاستی بۆتە دیاردەیەك كە زۆر ناحەز دەیەوێت ئەو وەزعە تێك بدات، من پێموایە ئەوانەی كە لە پێش هەموویانەوە گرووپە تیرۆرستییەكانن كە دەیانەوێ ئەو وەزعەی كوردستان تێك بدەن، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو یاسایە بە حوكمی ئەوەی ماددەكانی، كە ماددەكانی عقوباتی تێدایە، زۆر ڕادیعە، زۆر توندە، ڕێگری دەكات لە ڕوودانی كاری تیرۆرستی، هەمووشمان دەزانین لە كوردستاندا قوربانی دەستی تیرۆر كەم نیە، من بۆخۆم پشتگیری لە درێژكردنەوەی یاساكە دەكەم، وەكو هاوكاریشم كاك شڤان گوتی، من لەگەڵ ئەوەدام كە دوو ساڵ، چونكە لە ئەساسیشدا یاساكە خۆی بۆ دوو ساڵ دەركراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عدنان عوسمان، كەرەمكە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە وەكو پرینسیپ هەر هەموومان لەگەڵ ئەوەین كە یاسایەك هەبێ بۆ دژایەتی تیرۆر، بە هەموومانەوە بوەستین دژ بە تیرۆر، بەڵام كە قسە لەسەر ئەو یاسایە دەكرێ، لە ڕاستیدا من بە سێ هۆكار، بۆ ئەوەی بە كورتی قسە بكەم، سێ هۆكار بە پێویستی دەزانم ئەو یاسایە چیتر كاری پێ نەكرێ لە كوردستاندا، ئەو موسەبیباتانەی كە تەبعەن هۆیەكانی دانانی ئەو یاسایە كە لەو یاسایەدا، لەو پرۆژەیەدا باس دەكرێت، لە ڕاستیدا دوورو نزیك پەیوەندی بە برگەی یەكەمەوە نیە، بە ماددەی یەكەمەوە نیە، بۆ درێژ كردنەكە، ئەگەر ئەوانە بكەین بە هۆكارێك بۆ دانانی نەك بۆ ساڵی 2013، دەبێ هەر بۆ هەتا هەتایە یاسایەكی بەردەوام بێ، نەك یاسایەكی كاتی، هۆكاری یەكەم بەڕای من بۆ ئەوەی ئەو یاسایە چیتر كاری پێ نەكرێ، ئەو یاسایە لە كاتێكدا دانراوە كە دیارە كاری تیرۆرستی لە كوردستان و لە عیراقدا زۆر لە برەودا بووە، وەزعی عیراق لە شێوەیەكی زۆردا بووە، سنوورەكانی كوردستان هێمن نەبووە، كێشە و مەترسییەكی زۆر هەبووە، بۆیەش پێموایە هەر لەو كاتیشدا جۆرێك لە ڕەقی، قەسوەتێكی زۆر لە برگەكانی یاساكەدا هەیە، كە ئەگەر ئێستا جارێكی تر پێیدا بچینەوە، یان كە ئێستا دەیخوێنینەوە، یان ئەو موشەریعانەی كە دایان ناوە هەست بكەن كە جۆرێك لە ڕەقیەكی زۆر لە برگەكانەوە هەیە، تەشەدودێكی زۆر لە برگەكانەوە هەیە، من پێموایە ئەو حاڵەتەی كە لەو كاتەدا بوو، تەبریری ئەو وەزعە دەكات، ئێستا لە كوردستاندا خۆشبەختانە، دیارە دەبێ دەستخۆشیش لەو كەس و لەو دەزگایانە بكەین كە بوونەتە هۆكارێك بۆ ئەوەی ئەو نەوعە ئاسایشە بۆ خەڵكی كوردستان بەرقەرار بكرێت، شەونخوونیان كردووە بۆ ئەوەی ئەمن و ئاسایش لە كوردستاندا بەرقەرار بێ، كاری تیرۆرستی لە كوردستاندا تا ئاستێكی زۆر كەم ببێتەوە، لە كوردستاندا ئێستا ئەو حاڵەتە نیە، پێموایە هەڵوەشاندنەوەی، یان كار نەكردن بەو یاسایە بۆ خۆی خاڵێكی گەشە بۆهەرێمی كوردستان، نیشاندەرێكی ئەوەیە كە وەزعی ئەمنی لە كوردستاندا چۆتە ئاستێكی وا كە چیتر پێویستمان بە یاسایەك بۆ حاڵەتی (طوارئ) نەبێت، ئەو یاسایانەی كە لە كوردستاندا هەیە و ئیشی

پێ دەکرێت، پێشتریش ئیشی پێ کراوە، هۆکارێك بوونە بۆ ئەوەی کە، ئەو دەزگایانەی کە هەرچەندە ڕەخنەشمان لەسەریان هەیە، من دواتر قسەیان لەسەر دەکەم، هۆکارێ بوونە بۆ ئەوەی کاری تیرۆرستی لە کوردستاندا تا ئاستێك کەم بێ، لە بیرمان نەچێ کە پێش 2006، پێش ئەوەی ئەو یاسایەش دەربکرێت، لە کوردستاندا کاری تیرۆرستی هەبووە، بەهەمان شێوەش کاری رادیعانەش هەبووە بۆ وەستاندنی کاری تیرۆرستی لە کوردستاندا، لە (92) بەدواوە هێزە ئەمنییەکان، هەرچەند سەر بە حیزبیش بوون، موئەسەساتێکی دەوڵەتی تەمام عیار نەبوونە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر بە باشی بەرامبەر بە کاری تیرۆرستی وەستاونەتەوە، پێویستیان بە یاسایەکی وا نەبووە، بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ تیرۆرستان و گروپە تیرۆرستەکان بکەن، خاڵێکی تر، لە کوردستاندا با بە واقیعی قسە بکەین، ئەوەیە کە هێشتا موئەسەساتی حیزبی لەگەڵ موئەسەساتی دەوڵەتیدا جیا نەکراوەتەوە، بەو شێوەیەی کە پێویستە، موئەسەساتی دەوڵەتی تەواومان نیە ئێمە، بۆیە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە، ئەو یاسایە لە ڕاستیدا، کار پێکردن بەو یاسایە جۆرێك لە ئیجتیهاد دەدات، کە تا ئاستێکی زۆر لەوانەیە ئازادییە سیاسیەکان بەردەست بکاتەوە، لەوانەیە لەو چەند مانگەی ڕابردوودا نموونەمان لەبەرچاو بێت، کە من نامەوێ قسەی لەسەر بکەم، بەڵام وا بکات کە لایەنی سیاسی باڵا دەست جۆرێك لە ئیجتیهادی هەبێ بۆ کار و بۆ ئیش و کاری هەندێك لە هەڵوێستی لایەنی سیاسی تر کە پێموایە ئەوە وا دەکات کە ئاسانتر بێ تەخویل کردن و خستنە خانەی تیرۆر و ئەوانە بۆ لایەنی سیاسی تر، خاڵێکی تر کە ئەوە لە هەمووی بە گرنگتر دەزانم، بۆیە بەداخەوە ئێمە لە کوردستاندا تا ئێستا ئەو موئەسەسە ئەمنیانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە، یەکگرتوو نین، هێزی ئاسایشی یەکگرتوومان نیە لە کوردستان..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە تۆ وەرە سەر ماددەکە، چاوەکەم چ عیلاقەت بە ئەمن و ئاسایشەوە هەیە، ماددەکە دەیەوێت تەمدید بکرێت، لەگەڵیت یان لەگەڵی نیت؟ ئەو مەوزووعەی باست کرد لە وەختی تر دەتوانی، ئێستا وەرەوە سەر ماددەکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەرەتا وتم سێ هۆکار هەیە بۆ ئەوەی ئەو یاسایە ڕابگیرێت، دوو هۆکارم باس کرد، هۆکاری سێیەم ئەوەیە کە ئێمە ئەجهیزە ئەمنیەکانمان یەکگرتوو نین، کە ناتوانن بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئەو ئەجهیزەیە بکەن، لایەنی تریشمان هەیە، مەسەلەن ئەجهیزە موخابەراتیەکان لە کوردستاندا هێشتا ئەجهیزەی حیزبین، ئەجهیزەی حکومی نین، بۆیە کاتێ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە دەخرێتە ئەستۆی ئەو ئەجهیزانە، کە هێشتا لە ژێر مەرجەعیەتی حیزبیدان، بۆیە ئیشکالیەتی گەورەمان بۆ دروست دەبێ لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە، بۆیە من بەو سێ هۆکارە، ڕەئیم وایە کە ئێمە ئیش لەسەر ئەو یاسایە نەکەین، دەکرێت لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا، لە ماوەی داهاتوودا، ئێمە گفتوگۆیەك بکەین، یان

دانیشتنێکی تایبەت لە پەرلەماندا بکەین، بۆ هۆکارەکانی ئەوەی کە ئایا یاسایەکمان هەبێ بۆ دژایەتی تیرۆر؟ جارێکی تر، پرۆژەیەکی تر بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی جیاواز بێ لەگەڵ پرۆژەکەی ڕابردوودا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عەزیمە خان، کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆ خۆی پرۆژە یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەو یاسایە من پێم باشە بمێنێ، بەڵام بەو شێوەی ئێستا نا، ئەو یاسایە درێژ کردنەوە نەبوایە، ئەوە هەموارکردن بوایە، لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ ئامارێك، یان هیچ بە دواداچوونێکمان نیە لەسەر ئەوەی کە تا چەند تیرۆر لە کوردستاندا، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی کە درێژ کرابۆتەوە، تا چەند کاری تیرۆرستی هەیە، ئێمە بە پێی ئەو بەدواداچوونە بمانتوانیبایە، هەڵسەنگاندنێك بکەین، ئەو درێژکردنەوەیە ساڵەکەی بۆ دیاری بکرێ، دیارە ئێمە لە خۆمانەوە چەند ساڵێك زیاد دەکەین، بە بێ ئەوەی کە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، یان دەزگای دژە تیرۆر و ئەوانەی کە کاری تیرۆرستیان بەدەست گەیشتووە، یان بەدواداچوونیان بۆ کردووە، ئامارێك لەبەردەستبوایە، ئینجا ئەوە بکرایە، من پێموایە ئەوە هەموار بکرابایە باشتر بوو، لە چەند ماددەیەکدا، هۆکارەکانی درێژبوونەوەی ئەو یاسایەش لە ماددەکاندا دیاری بکرابایە، دوای ئەوە لە خاڵێکی تردا، لەو یاسایە باس لە پاراستنی سەر و ماڵ و مولکی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات، دیارە ئەو دەزگایە بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستانە، نەك تەنها بۆ پاراستنی سەر و ماڵ، ئێمە لە کوردستاندا دەزگای ئاسایش و پۆلیسمان هەیە، دەزگای ئەمنیمان هەیە کە سەر و سامانی هاووڵاتیان بپارێزێ، بۆیە ئەوە دەزگایەکە پەیوەندی بە ئەمن و ئاسایشی نیشتمانییەوە هەیە، من پێموایە ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە، بۆ ماوەی یەك ساڵ درێژەی پێ بدرێتەوە، لەوە زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل عوسمان، کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار نەریمان عبداللە، کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره هەر یاسایەك كە لە قۆناغێكدا دادەندرێ، ئەسباب و موجیباتی خۆی هەیە، پێداریستیەكانی لەلایەن نوێنەرانی گەلەوە، لە پەرلەمانەوە دیراسە دەكرێت، هەوڵی چارەسەركردنی بۆ دەدرێ، ئەو یاسایە لە بارودۆخ و قۆناغێكدا دانراوە كە ئەو یاسایە تیرۆر لە ئاستی عیراق و جیهان و كوردستانیش لە ئاستێكی بەرزدا بوو، مەترسیدارێكی زۆر گەورە بوو، ئەو یاسایە ئێستا لە هەرێمی كوردستاندا پێموایە، زەروورەتێكی زۆری نەماوە، كە ئێمە ئەگەر وەكو هەندێك بۆچوونیش هەبێ زەرووراتی ماوە، دەبوایە ئێمە پێش موددەیەكی موناقەشە كردنەكە بەڕاستی بخرایەتە بەرنامەی كارەوە، بۆ ئەوەی لێژنە تایبەتمەندەكان لەگەڵ حكومەتدا دیراسەیەكی ورد و باش، تەقیمێك بكرابایە بۆ ماوەی ئەو چوار ساڵەی كە ئەو یاسایەی كە كاری پێكراوە، تا چەند ئێمە ئیستیفادەمان لێ كردووە، سوودمان لێ بینیوە، لە چارەسەر كردنی مەبەستەكانی، یان چەندێك سلبیاتی هەبووە بۆ ئەوەی دیراسەی لێ بكەین، لە بەرچاوی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕوون بێ، بۆ ئەوەی پێویست دەكات تەمدیدی بكەین، یان تەعدیلی بكەین، یان هەڵیوەشێنینەوە، بەڕاستی ئەوانە هەموویان نەكراوە، بۆیە من بە باشی دەزانم ئەو یاسایە ئەگەر هەندێك موجیباتیشی مابێ، لە عیراقدا تیرۆر لە ئاستێكە كاریگەری و مەترسی زۆری هەیە، لە كوردستاندا ئەو كاریگەریانەی نەماوە، بەڵام بەو پێیەی كە ئێمە بەشێكین لە عیراق، بە پێویستیشمان زانی بەڕاستی ئەو موددەیە بۆ سێ ساڵ و لەگەڵ لێژنەی یاسایی نیم، لەبەر ئەوەی خۆی یاساكە كە دانراوە لەو بارودۆخەی باسم كرد، بۆ دوو ساڵە، لە كاتێكدا تەمدید كردن بۆ سێ ساڵە، ئەوە بەڕاستی مەنتیقێكی یاسایی و پێموایە تەتبیقی تێدا نیە، هەروەها ئەگەر بێت و بچمە ناو وردەكاری ماددەكانەوە كە ئێستا جێگەی موناقەشە نیە لەسەری، زۆر نوقصانی تیدا هەیە، هەر تەنها لە ناوەڕۆك و عینوانی یاساكە، من یەك قسە دەكەم كە قانون (مكافحة الإرهاب)، بە كوردییەكەی نەهێشتنی تۆقاندن و بە تیرۆر ناوی بردووە، ئاخر تۆقاندن هەر تیرۆر نیە ئەصلەن، زۆر جیاوازییەكی زۆری هەیە، نەهێشتنیش جیاوازە لە تەرجومە كردنەكە، بە ڕەنگاربوونەوە، ئەوە بەڕاستی هەر لەوێوە دەست پێدەكات، هەروەها ئەو یاسایە كۆمەڵێ موبەریراتی داوە كە مەجالی ئیجتیهاداتی شەخصی هەیە كە كارمەندانی جێبەجێ كەری ئەو یاسایە، ئەگەرچی تا ئێستا زۆر ڕوون و وازح نیە، كە كەی ئەوانە بیزەببت جێبەجێ دەكەن؟ خەڵكانێكیش هەیە كە بەڕاستی جێبەجێی دەكەن، بەڕاستی لە ڕووی شەرعییەوە خۆیان شەرعییەتی یاساییان نیە، ئەوە بەڕاستی جێگای پرسیارە، هەروەها ئەو یاسایە حوكمی لەسەر پرۆژە داوە هەندێك جار، یەعنی دەڵێم (مشروع الجنایە)، بەڕاستی پرۆژە حوكمی لەسەر نادرێت، (عمل الاجرامی) كاری لەسەر دەكرێت، كە مەبەست لێی كارێكی توندو تیژی زیان بەخشە بە بەرژەوەندییەكانی گشتی و نیزامی وڵات، یان هاوولاّتیان، هەروەها هەندێ جار حوكمی داوە لەسەر ئەوەی كە ئەو كەسانەی ئەوە دەكەن مەبەستێكی سیاسیان هەیە، ئەو مەبەستە سیاسییە ئەو مەجالەی تیا هەیە توهمە بكەیتە سەر هەر كەسێك كە خۆت بەدڵت نەبوو، بەڕاستی ئەمە وردەكاری زیاتری دەوێت و پێداچوونەوەی دەوێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەگەر نوێش بكرێتەوە لە شەش مانگ تێ نەپەڕێت تا كۆتایی ساڵی 2010، بۆ ئەوەی تا ئەو كاتە ئێمە تەقیمێكی وردو زانستی و باش

بکەین لەگەڵ دەزگا تایبەتمەندییەکان، لەگەڵ حکومەتی هەرێم، لەگەڵ دەزگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان و جێ بەجێ کارەکانی، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئێمە پرۆژەیەك پێشکەش بکەین بۆ تەعدیل کردنی، یان هەڵوەشاندنەوەی، یان تەمدید کردنەوەی، بۆ ئەوەی بەرچاومان زیاتر روون بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار رەفیق صابر فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان بوونی یاسایەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کارێکی پێویستە، بەلاَم ئەم یاسایەی کە چوار ساڵ پێش ئێستا بڕیاری لەسەر دراوە، راستیەکەی لەباروودۆخێکی هەم ناوچەیی وجیهانی زۆر تایبەتدا بوو، لە هەمان کاتدا بە ئاشکرا شوێنەواری رووداوی تیرۆریستی یەکی شوباتی ساڵی 2004ی پێوە دیارە، کە تاوانێکی زۆر گەورە لە هەولێر ئەنجام دراو لە ژێر تەئسیری ئەو رووداوەدا هەست دەکەیت پرۆژەکە رەحم و بەزەیی کەم تیایە، لایەنی پەروەردەیی لە یاساکەدا کە دیارە لە یاسایەکی جۆرە تەنیا نابێت بە ئامانجی تۆڵەسەندنەوە بێت، بەڵکو پێویستە لایەنی پەروەردەشی تیا بێت، من پێموایە بوونی یاسایەکی لەو جۆرە بۆ هەرێم، بۆ خۆی رەنگە لەسەر ئاستی جیهانی قازانج بە هەرێم نەگەیەنێت، چونکە ئێمە دەمانەوێت پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا قوڵتر بکرێتەوەو ئەو رووخسارەش لەدەرەوە پیشان بدرێت، بەلاَم بوونی یاسایەکی واو لە دۆخێکدا، کە رێکخراوەکانی جیهانی زۆر بەڵگەیان لەسەر پێشێل کردنی ماڤی مرۆڤ هەیە لە زیندانیەکانی کوردستاندا، رەنگە بوونی یاسایەك بەو شێوەیە زیان بە ئەوە بگەیەنێت.

دووەم/ لایەنێکی تر کە ئەوەی کە گرنگە لێرەدا ئەوەیە، ئەم یاسایە تاکو ئێستا ئێمە نەمانزانیوە چ ئەنجامێکی هەبووە، بەلاَم وامانزانیوە کە هەندێك دەزگای نایاسایی لە هەرێمی کوردستان سوودیان لەم یاسایە بینوە، یان بەکاریان هێناوە، لەبەر ئەوە من بەڕاستی پێشنیار دەکەم پێموایە سێ ساڵ بۆ درێژکردنەوەی زۆر زۆرە، لەگەڵ ئەو پێشنیارەم بۆ ئەوەی بۆشاییەکی قانونیش نەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژە تیرۆر، من پێم باشە لە ساڵێك زیاتر نەبێت، بەلاَم بەو مەرجەی کە لەو ساڵەدا کار بکەین بۆ هەموار کردنی ئەم یاسایە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سەمیر سەلیم فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یەکێك لە مەفخەرەکانی کوردستانی ئێمە ئیستیقراری سیاسی و ئەمنیە لەڕاستیدا، هەر ئەوەش وای کردووە پێوەرێکی گەشە کردنی کوردستان لە ناوچەکانی عێراق بارە ئەمنیەکەیەتی، لەبەر ئەوە گرنگە هەر هۆکارێك، هەر یاسایەك، هەر رێبازێك بگرینەبەر، بۆ ئەوەی مەسەلەی ئارامی سیاسی، مەسەلەی

ئەمنی پارێزراو بکەین، موجیباتی ئەم پرۆژە یاسایەی کە خوێندمەوە لەڕاستیدا موجیباتێکە لەگەڵ واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستاندا ناگونجێت و، دەبوو ئەم پرۆژە یاسایە تەمدید نەبێت بە تەنها، تەعدیلیشی لەگەڵدا بێت، چونکە پرۆژە یاساکە وا بکات وەکو، رەفیق صابر گوتی لە دۆخێکی سیاسی و واقیعێکی سیاسی تردا دانراوە، واقیعی ئێستاو بەرەو کوێ دەچین شتێکی ترمان لێ دەخوازێت، ئەم پرۆژە یاسایە یەکەم/ دیاری نەکردنی بازنەی ئیش نەکردنی یەکێکە لە کەموکوڕییەکان تیایدا، بازنەی ئیش کردنی ئێمە هەڵساوە ئیستینادی کردۆتە سەر بوونی تیرۆر لە بەغدا، بۆ دانانی یاسای تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا، کە ئەمە لەڕاستیدا واقیعی هەرێمی کوردستان لەگەڵ واقیعی بەغدا دوو شتی جیاوازن، ئەوە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ لە موجیباتدا دەیەوێت بگونجێنێت لەگەڵ یاسای دژە تیرۆردا موکافەحەی ئیرهابی نێودەوڵەتیدا دەمانخاتە حاڵەتێکی سیاسی قورسی ئەم حاڵەتە، ئەگەر ئێمە یاسای موکافەحەی ئیرهاب بگونجێنین لەگەڵ یاسای موکافەحەی ئیرهابی نێودەوڵەتی، دەبێت بەگشت هەموو ئەو رێکخراوانەدا بچینەوە لە قانونی نێودەوڵەتیدا بە ئیرهابی لە قەڵەم دراون، ئەمەش ئێمە لە رووی کورد بوونەوەو لە رووی کوردستانی بوونەوە دەمانخاتە کۆمەڵێك مواجەهاتی نابەرامبەر و ناهاوسەنگەوە، هاوکێشە سیاسیەکانمان هەر هەموو لێ تێك دەدات.

سێ/ جیهەتی جێ بەجێ کەری ئەم یاسایە، کە تا ئێستا کاك دکتۆر رەفیق صابر ئاماژەی پێ کرد گوتی هەندێك دەزگا نایاسایی سوودیان لێ بینوە، حەصری بکەین لە وەزارەتی ناوخۆو هەموو ئەو دەزگایانەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، هەر دەزگایەکی تری سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نەبێت، لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆ دانەبێت ئەویش ئەو مواجەهەی ئیرهابەی دەکات جۆرێکی ترە لە ئیرهاب.

چوار/ کۆمەڵێك موستەلەحات لەناو پرۆژە یاساکەدا هەیە لە دەرەوەی قانون دەیگرێتەوە، قانون مەبنیە لەسەر کرداری ئیرهابی و شروع بە کرداری ئیرهابی، ئەمە دەچێتە سەر مەقاصد، دەڵێت مەبەستی تیرۆر جا دەکرێت هەموو کەسێك، هەموو رێکخراوێك تۆمەتبار بکرێت لە کاروبارو چالاکیە سیاسیەکانیدا کە بەمەبەستی تیرۆری هەیە، چونکە معیارێك نییە، پێوەرێك نییە بۆ ئەو حاڵەتە، دەڵێت پرۆژەی تیرۆر دەکرێت ئێمە هەر پرۆژەیەك کە بمانەوێت ئیتیهامی بکەین بەوەی پرۆژەی تیرۆرە، چونکە نە پرۆژەو نە مەبەستیش هەموویان چوونەتە ئەودیوی کرداری تیرۆرەوە، چوونەتە ئەودیویش بە کرداری تیرۆریشەوە.

خاڵێکی تر/ حەصر کردن و بنبڕ کردن و مواجەهە کردنی تیرۆر لە یەك ئامرازدا، ئامرازی رووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر لەناو ئەم پرۆژە یاسایەدا تەنها حاڵەتی ئەمنی بەکارهێنانی هێزە، ئامرازەکانی تر، رێبازەکانی تر، وەسیلەکانی تر بۆ رووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر لەم قانونەدا دیاری نەکراوە، کە گەورەترین نەقصە لەناو قانونەکەدا هەیە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەم قانونە بۆ دەرباز بوون لە کێشەی تەواو بوونی کاتی، تەنها بۆ شەش مانگ درێژ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە دوای شەش مانگەکە قانونەکە تەعدیل بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا تیرۆر دیاردەیەكی جیهانیە، تا ئێستاش كۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە حاڵەتی بوونی جەنگێكی جیهانیدایە دژی تیرۆر بەرەیەكی جیهانیش هەیە بۆ دژایەتی كردنی تیرۆر لەناو ئەو بەرەیەدا ئەم وڵاتە، ئەم دەڤەرە، ئەم ناوچەیەی كە ئێمە تێدا دەژین بەرەیەكی لە پێشەوەی دژایەتی كردنی تیرۆرە، لەناو ئەم جەنگە جیهانیەشدا لەناو یازدەی سێپتێمبەرەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەسەر ئاستی ئیقلیمی، لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتان، لەسەر ئاستی نیشتمانی مەسەلەی دەركردنی یاساو بڕیاری نێودەوڵەتی و ڕێككەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆتە شێوازو میكانیزمێكی گرنگ بۆ دژایەتی كردنی تیرۆر، دەبینین ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە دوای یازدەی سێپتێمبەرەوە تا بە ئێستا دەگات چەندین بڕیاری نێودەوڵەتی دەركردووە، هەروەها چەندین ڕێككەوتننامەی نێودەوڵەتی دەرچووە، وڵاتانی عەرەبیش ڕێككەوتننامەی تایبەتیان هەیە، چەندین وڵاتانی عەرەبی لەدوای یازدەی سێپتێمبەرەوە یاسای دژایەتی كردنی تیرۆر، یان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریان لەسەر ئاستی ناوخۆ دەركردووە، یەكێك لەوانە عێراقە، بۆیە تا ئێستاش ئەم جەنگە بەردەوامە، ئەم مەترسیەش بەردەوامە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە عێراق، كە ئێمە هەرێمێكین لە چوارچێوەی عێراقدا، بۆیە بوونی یاسایەك لە هەرێمی كوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، تاكو ئێستا پێویستیەكە، پێویستە ئێمە تێگەیشتنمان بۆی هەبێت، پێویستە ئێمە پشتیوانی لێ بكەین، سەبارەت بەم درێژكردنەوەیە كە من پشتیوانی لە بۆچوونی هەردوو لیژنە دەكەم، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ لە مەسەلەی مەبدەئی درێژكردنەوە، ئێمە لەم بابەتەدا لە ژێر زەختی كات داین $7/17$، بۆیە پێویستە درێژ بكرێتەوە، بەلاَم ئەگەر تێبینیمان هەبێت لەسەر ناوەڕۆكی یاساكە، دەكرێت ئێمە درێژی بكەینەوە، لەبەر ئەوەی $7/17$ تەواو دەبێت، دوای ئەوەی كە ئێمە درێژی دەكەینەوە، با ئێمە باشترو چاكتر ئەو پڕۆژە یاسایەی كە هەیە دیراسەی بكەین، تا لە داهاتوودا بزانین لەكوێ كەموكوڕی هەیە، ئێمە هەوڵ بدەین هەمواری بكەین و تەعدیلی بكەین؟ ئەگینا لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كە لەوێ یاسایەك بەناوی یاسای نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەرچووە، كار گەیشت بەوەی كە ڕێگا بدرێت بە چاودێری هەموو پەیوەندییەكی هاووڵاتیان بكرێت، چونكە ئەو كات بە پێویست زانرا مقۆ مقۆو دەنگۆ وقسەو باسی زۆریشی هەڵگرت، كە ئەمە لەوانەیە جۆرێك لە مەترسی دروست بكات بۆ سەر ئازادییە گشتیەكان، ئەمە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش ئەم پرسە هاتە ئاراوە، بۆیە من بە پێویستیشی دەزانم، بەلاَم درێژكردنەوەكە بۆ ماوەی دوو ساڵ بێت، دوای ئەوەی كە درێژمان كردەوە، ئەگەر تێبینیمان هەبێت لەسەر جێ بەجێ كردنی یاساكە، یان لەسەر ناوەڕۆكی یاساكە، ئەو كات دەكرێت هەمووومان لە چوارچێوەی پڕۆژەیەكی هەموار كردندا، لە چوارچێوەی بەدواداچوونێكی باشترو

چاكتر هەوڵ بدەین یاساكە بەشێوەیەك جێ بەجێ بكرێت، یان هەموار بكرێت، كە ئەركە راستەقینەكانی خۆی جێ بەجێ بكات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار گۆران ئازاد فەرمووو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەستمانە موناقەشەی دەكەین لێرەدا پـرۆژە یاسایەكە بـۆ درێژكردنـەوەی مـاوەی كار كردنی تیرۆر، نەك پرۆژەیەك بۆ هەموار كردن، هەر كاتێك باسی هەموار كردنیش لەلایـەن ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشكەش دەكرێـت، جـارێكی تـر قـابیلی موناقەشـەو گفتوگـۆ كـردن بێـت بـۆ پێداچـوونەوەی مولاحەزاتەكان، من پشتیوانی ئـەو رەئیـە دەكـەم بـۆ درێژكردنـەوەی مـاوەی كـار پـێ كردنـی تـیرۆر، لەبـەر ئەوەی لە ماوەیەكی رابردووی كورتدا، ئێمە لـەم هۆڵـە قسـەمان لەسـەر بـوونی هەڕەشـەو مەترسـی بـوونی تـیرۆر كـرد لـەم هەرێمـەو، قسـەمان لـە دەسـتدانی یـەكێك لـە كۆڵەگـەكانی حكومـەتی هـەرێم كـرد، كـە ئیستیقراریەتی ئەمن و ئاسایشە، كە ئیفتیخاری پێوە دەكات، ئەویش دوای روودانی تیرۆر كردنی زەردەشت عوسمان و دەستگیر كردنی باندێكی تیرۆریستی لە شاری سلێمانی، هەر خۆمان ئـەم ئیدیعایـەمان بـاس كـرد كەوا ئەم هەڕەشەیە وجودی هەیە، بۆیە من پێموایـە ئەسـباب موجیبـەی ئـەم یاسـایە تـا ئێسـتاش وجـودی هەیە لە هەرێمی كوردستان، بۆیە پشـتیوانی لـە درێژكردنەوەكە دەكـەم و، خـاڵێكی تـر كـە مـن پشـتیوانی دەكەم، ئەگەر موبەریراتی ئێمە لە درێژ نەكردنەوەو، یاخود درێژكردنەوەی ئەم یاسایە لە تەتبیقی یاساكە بێت، ئێمە پێمانوایە تەتبیقی یاساكە شتێكە، ئەگەر خراپ بـەكار هـاتووە، ئەگـەر كەسـێك بـە ناحـەق گـیرا بێت، ئەگەر كەسێك تەعویز نەكرا بێتەوە، لەگەڵ خودی ناوەڕۆكی یاساكە، مـن پێموایـە نـاوەڕۆكی یاسـاكە كۆمەڵێك ماددەی باشی تێدایە، كە مافی ئەم كەسانەی پاراستووە بە تاوانی تیرۆر دەستگیر دەكرێن، هـەر لـە ئەشكەنجەدان، هەر لە دابین كردنی پارێزەر بۆی، هەر با بڵێین ئیعتیراف پێ كردن بـە وەسـائیلی تـەعزیب، جگە لەوەی لە ماددەیەكی تردا ئەم كەسانەی كە دەگیرێن بەم تاوانە، ئەم تاوانەیان لەسەردا سـاغ نابێتـەوە مـافی ئـەوەی پێـداون، كـەوا داوای قـەرەبوو بكـەن، ئـەو كەسـانە سـكالاَ تەسـجیل بكـەن لەسـەر ئەوانـەی پەیوەندیدارن لە حكومەتداو، خانەوادەی قوربانیانی تیرۆریش لەم یاسایەدا هاتووە، كەوا پێویستە تـەعویز بكرێتەوە، بۆیە من پێموایە ناوەڕۆكی یاساكە مافی ئەم كەسانەی پاراسـتووەو مـافی مـرۆڤ و ئـازادی تێـدا بـۆ ئـەو كەسـانە تیـادا پـارێزراوە، بـەڵام ئەگـەر لـە جـێ بـەجێ كردنـدا كەمتەرخەمیـەك هـەبێت، ئـەوە مەسئوولیەت دەكەوێتە ئەم دەزگایانەو، ئێمە وەك پەرلەمان دەتـوانین بەدواداچـوون بكـەین، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەدا بۆ ماوەی درێژكردنەوەكە من لەگەڵ مەبدەئەكە دام، بەڵام لە سێ ساڵەوە بكرێتە دوو ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئاشتی فەرمووو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی ئیرهاب جەریمەیەکی مونەزەمەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قسەیەکی زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکرێت، لە ئێستادا بۆ ئەوەی فەراغێکی ئەمنی دروست نەبێت، لە غیابی قانونێکی باشدا ناچار دەبێن، یەعنی من خۆم ناچار دەبم بەوەی کە دەنگ بدەم بەم یاسایە، بۆ ئەوەی ماوەی ساڵێك درێژ بکرێتەوەو هەموار بکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێك تێبینی هەیە لەسەر ئەم یاسایە، من خۆم لەناوی یاساکەوە، لەناوی پرۆژەکەوە کۆمەڵێك تێبینی هەیە، کە ئەم پرۆژەیە بەناوی موکافەحە کردنی ئیرهابە، بەڵام بە بڕوای من زیاتر کار لەسەر قەدەغە کردنی ئیرهاب دەکات، چونکە موکافەحە کردنی ئیرهاب بە تەنها بە پێناسە کردن و بەدانانی کۆمەڵێك سزاو یاسا موکافەحە ناکرێت، بەڵکو موکافەحە کردنی ئیرهاب پێویستە ئیش لەسەر زەمینە سازی بکرێت، کە هیچ زەمینە سازییەکی گونجاو لەناو ئەم پرۆژەیە نابینرێت، بۆ قەڵاچۆ کردنی مەسەلەی ئیرهاب، یەکێك لەو خاڵانە کە جێگای ئەوەیە کە ئازادییەکان ئەخاتەوە بەردەم هەڕەشە، بریتیە لەو پێناسە مەتاتیەی کە لەناو ئەم یاسایە دانراوە کە تەواوی ئازادییەکان ئەخاتەوە ژێر پرسیار و کۆمەڵێك بن دێر لە خۆی ئەگرێ لەناو پێناسەکەدا، کە پێویستە یاسا بەم شێوەیە مەجالی ئیجتیهادی تێدا نەمێندرێ، بە تایبەتی لە هەموو بڕگەکانی دواتردا یاساکە تەئکید دەکاتەوە سەر ئەوەی کە بە پێی ئەوە کە لە سەرەوە ئاماژە کراوە بە کردەی تیرۆر یان بە کرداری ئیرهاب ناوی ئەبرێت، کەواتە ئیعتیمادی سەرەکی لەناو پرۆژەکەدا پێناسەکەیەتی، و من رام لەسەر پێناسەکە نیە، پێناسەکە جێگای قسەکردنێکی زۆرە، سەرەڕای ئەوەی کە لەناو ئەم پرۆژەیە زەمینەیەك نیە بۆ ئەوەی ببینین یەکێك تێوەگلاو بێت لە مەسەلەی ئیرهابدا، واتا یەکێك نیە بەناوی قوربانی، بەتایبەت خۆمان ئاگادارین لە زۆربەی کرداره تیرۆریەکاندا، زۆر جاران ژن، منداڵ، زۆر جاران پیاویش لەناو ئەم پرۆسانەدا تێوە ئەگلێن، فورسەتێك نیە، زەمینەیەك نیە، بۆ ئەو کەسانەی کە قوربانین بە تایبەت منداڵ، کە پێویستە بە پێی ئەو یاسا سزایانەی کە لەناو ئەم پرۆژەیەدا هاتووە، مامەڵە لەگەڵ منداڵدا نەکرێ، پێویستە بە پێی یاساکانی نەوجەوانان و یاساکانی کە هەڵقوڵاوە لە یاساکان و پرنسیپەکانی جاڕنامەی جیهانی تایبەت بە منداڵ، بە پێی ئەمانە موعامەلە لەگەڵ منداڵدا بکرێ، پێشنیازی من بۆ مەسەلەی زەمینە سازی بەو پێیەی کە ئەمە ناوی قەڵاچووی گرتووە، قەڵاچووکردنیش بە تەنها کردەیەك نیە بە یاسایەك یان بە ناساندنێك تۆ رووبەرووی ببیتەوە، بەڵکو ئەبێ زەمینە سازیەك هەبێ بۆ ئەوەی کە جارێکی تر ئەو کردە تیرۆریە دووبارە نەبێتەوە، یەکێك لە زەمینە سازیەکان، من لێرەوە پێشنیازی ئەوە دەکەم کە پێویستە هیچ چەکێك نەبێ لەناو پارتە سیاسیەکان لە دەرەوەی هێزی نیشتمانی، ئەو هێزە نیشتمانیەی کە بە شێوەیەکی فەرمی دیفاع لە ئەمنی قەومی کوردستان دەکات، لە دەرەوەی ئەوە ئەگەر بە پێی ئەم پێناسانە بێت، هەر حیزبێك یان هەر کەسێك کە هەڵگری چەك بێت، پێویستە چەکی لێ دابماڵرێ و چەك نەمێنێت، لەبەر ئەوەی کە لایەنێك کە چەك بەکارئەهێنێ، بە پێی ئەم پێناسانە ئەگەر بە مەفهومێکی

قەومی ئەو چەكە بەكاربهێندرێ بۆ كۆنترۆڵ كردنی حاڵەتی ئەمنی بێت، لەبەرامبەردا لایەنی دووەم بە جۆرێك لە ئیرهاب لەبەرامبەر خۆیدا تەعریفی دەكات، خاڵێكی تر كە گرنگە لە مەسەلەی زەمینە سازیدا، باشتركردنی مستوای مەعیشی خەڵكی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە وەرە سەر ماددەكە، موحازەرەم بۆ مەدە خوشكی من، وەرە سەر ماددەكە، ئەمە ماددەیەكە یەك فەقەرە، هەر یەكی سێیە، رەئی خۆت داوە، وەرە سەر ماددەكە تكایە، لە ماددەكە دەربچی قەتعەت دەكەم رەجائەن.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێناسەكە پێویستە هەموار بكرێ، هەروەها ماددەی 2 لە 4، ماددەكە زۆر مەتاتین، پێویستە ئیشی لەسەر بكرێ، سەرەرای ئەوەی كە ئەم پرۆژەیە هیچ زەمینە سازیەكی بۆ قەلاچۆكردنی ئیرهاب لە خۆ نەگرتووە، هەروەها تەئكیدم لەسەر ئەوە كرد، كە مەفهومی قوربانی ئیشی لەسەر نەكراوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رێزدار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی تیرۆر هەر لە خۆیەوە، ناوی تیرۆر، لە هەر وڵاتێك كە پەیدا بوو، تیرۆر مانای وایە كە تۆقاندن و دڵە راوكێ دروست كردن لەناو هەر وڵاتێك، كەواتە ئەمن و ئارامی لەم وڵاتە تێك ئەدا، بە رەئی من یاسای تیرۆر لە هەرێمی كوردستان زۆر زەرووریە، بەلام ئەم یاسایەی كە ئێستا پەیرەو ئەكەن وەكو ئەتوانین بڵێین كاتی نەماوە، وەختی رۆیشتووە، ئەو كاتی كە دامانرشتووە، وەختی خۆی بوو، لە جێی خۆی بوو، بەلام ئێستا وەختێكی ترە، زەمەنێكی ترە، من پێم وایە ئەم پرۆژەیە هەموار بكرێ، زۆر كەم و كوڕییەی تێدایە، ئەگەر ئێستا بە زەرووریەت ئەزانم كە تەمدیدیش بكرێ بەس بۆ ساڵێك، بۆ ماوەی ساڵێك تەمدید بكرێ، بەلام دوایی برگەیەك لێی زیاد بكرێ كە بێتەوە ناو پەرلەمان و هەموار بكرێ، دووبارە ئەم پرۆژەیە هەموار بكرێ و دابرێژرێت، چونكە ئەگەر، دوای ئەوەش ئێمە ئێستا سەیری ئەم پرۆژەیە بكەین، خەڵك لەوانەیە لەدەستی حكومەت دەرچووبێ، لە لایەنەك، لە جێیەكی تریشەوە، لە لایەنێكی تریشەوە ئەم پرۆژەیە بۆ خۆی ئیستیغلال بكات و بەكاری بێنن، ئەمە ئەبێ لەناو بازنەیەك تەحدید بكرێ، كە ئەم پرۆژەیە لە دەستی ئەم جیهەتە بێت، مەسەلەن بڵێین لە دەست وەزارەتی ناوەخۆ بێت، كە ئەمە جێبەجێ بكرێ و ئەو كەسانە و ئەو جیهەتە مەعروف بێت و دیاری كراو بێت، نەك هەر كەسێك بێت ئەم یاسایە بە كەیفی خۆی جێبەجێی بكات و پەیرەو بكات، دوای ئەوە ئەگەر ئەوە هەبوو دەبێتە پێشیل كردنی مافی

مرۆڤ، ئیتر ئینسان ناتوانێ ئازاد لەم وڵاتە بژیت، کە بە بۆنەی ئەم یاسایە کەوا بڵێین یاسای دژە تیرۆرە، لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەش دەبێ هەر پێشیلێ کردنی مافی مرۆڤیش یەعنی بەرچاو بگرێ، ناکرێ هەروا و هەر وا بڵێیت بەس تیرۆرە و تەواو، زۆر کەس هەنە گرتینە و گیراون، ئەوەش دەچێتە سەر ئەوەی کە بەناوی تیرۆر، بەڵام لە ئەنجامی دواییش تیرۆر نەبووینە، ئەوانە دەبێ قەرەبوو بکرێن، ناکرێ هەروا و دوایی بڵێین ببورەو عەفوم بکە ئاوا گرتیمە و بە غەڵەتی و دوایی برۆ بۆ ماڵی، ئەمە زۆر مافی پێشیلێ دەکرێ و ئازادی نامینێ، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کەرەمکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش من پشتگیری ئەم یاسایە دەکەم، یاسای بەرەنگار بوونی تیرۆر، چونکە تیرۆر کێشەیەکی جیهانیە، هەرێمیش پێویستە یاسایەکی هەبێ بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا و رۆشنبیری کۆمەڵگا و دوورکەوتنەوە لە تیرۆر، زۆر بە پێویستی دەزانم لە زۆر وڵاتان، راستە هەندێ وڵات ساڵانە یاساکە تەعدیل دەکات،یانیش توندی دەکاتەوە، یانیش درێژەی پێ دەدات، من بۆیە رازیم لەسەر ئەوەی کە درێژەی پێ بدرێت بەو یاسایە، بەڵام حەزم دەکرد روونکردنەوەیەك هەبێ لە لایەن لێژنەی یاسایی و هەروەها لێژنەی ناوەخۆ، چونکە لێژنەی یاسایی تەئریخێکی داناوە کە دەڵێ: تاوەکو 2013/7/16، بەڵام لێژنەی ناوەخۆ دەڵێ:کۆتایی 2012، حەزم دەکرد بزانم بۆ ئەوە؟، بۆ ئەوە2012یان دانناوە و ئەو 2013؟ ئەو ماوەیە چییە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی تیرۆر دیاردەیەکە دژی ئینسانیەتە و جیهانیشە و پێویستە بەرەنگاری ببینەوە وەکو دیاردە چیە؟ لە کوردستانیش یاسای بۆ دەرچووە، بەڵام ئەم یاسایە لە دۆخێکی تایبەت دەرچووە، ئایا هۆکارەکانی ئەم دۆخە ماوە کە ئەو یاسایەی بۆ دەرچووە؟، ئەگەر ماوە، دەبوایە بەراستی ئەم پرۆژەیە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش بکرابا، چونکە ئەوان لە پەیرەو کردندا دەزانن جەدوای یاساکان و کێشەکانی بۆ تەمدید کردنی، ئەمە جگە لەوەی بەرپرسیارەتی هەڵگرتن لەسەر ئەوەی کە کێ ئەم یاسایە جێبەجێ دەکات؟، چونکە لەگەڵ ئەم یاسایە رەنگە پێشیل کاریش بکرێ، ئەم بەرپرسیارییەتە ئەهمیەتێکی گەورەی هەیە، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر، ئەم یاسایە مۆرکێکی کاتیی هەیە، بەڵام بەداخەوە لە رۆژهەڵاتدا دائیمەن ئەم یاسایانە ئەوەندە تەمدید دەکرێن و بە درێژکراوەیی دەمێننەوە، دەبێتە

یاسایەکی دائیم، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەگەر هۆکارەکانیشی ماوە، یەك ساڵ بێ بۆ ئەوەی بتوانین، یەعنی ئەگەر پرۆژە بڕیارێك یان هەموارکردنێك هەبێ لەم ساڵە، پەرلەمان پێشکەشی بکات، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر، ناوەرۆکی یاسایەکە، هەم لە ڕووی بەڵگە و لێکۆڵینەوە و هەم لە تەعامول کردنی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، هەم لە کوردییەکەشی کە هاتووە لە جیاتی ئیعدامەکە لەناوبردنی داناوە، لەناو بردن جۆرێك لە ئەوەی یاسایی تێدا نیە، یەعنی بەراستی ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر، کاتێك ڕۆژنامەنووسان لە کابینەی $5$ دا لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی کابینەی $5$ کاك نیچیروان دانیشتبوو، وتبووی ئێمە تەعامول لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان ناکەین بەو یاسایە، ئەمە دەلالەتی ئەوەیە کە ئیشکالاتی تێدایە ئەمە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەگەر هۆکارەکانیشی مابێت، پێم باشە یەك ساڵ درێژ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، هەمووتان ڕەئی خۆتان دا، ئێستا چەند بۆچوونێکی ئەو بەڕێزانە کە هەبوو زۆر بە ڕوونی ڕەئی خۆتان دا، ئێستا داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەین کە لەگەڵ لێژنەی ناوەخۆ وەڵامەکان بدەنەوە، پاشان ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن ئێوەی بەڕێزەوە پشتیوانی هەبوو، ئەیخەینە دەنگدان، کەرمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم یاسایە، ڕەئی جیا جیا هەبوو، هەندێ لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ یاساکە نین، هەندێك لەگەڵ ئەوەنە کە ساڵێك درێژ بکرێتەوە یان شەش مانگ، هەندێك لەگەڵ ئەوەنە کە دوو ساڵ، هەندێك لەگەڵ ئەوەنە کە ئەو یاسایە هەر ئەسڵەن ڕەد بکرێتەوە، هەندێك لە بەڕێزانیش لەگەڵ ئەوەنە کە تەعدیل بکرێ، دیارە ئێمە ئەو پرۆژەیەی کە تەقدیممان کردیە، بەڕاستی هەستمان بەوە کردیە کە ئەو یاسایە لە $7/16$ کۆتایی پێ دێت، و داوای، پێشنیاری ئەوەمان کردووە کە ببێتە سێ ساڵ، دیارە بوونی ئەم یاسایە بە زەرووورەت دەزانین، ئەو ئارامییەو ئەو سەقامگیرییەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، یەك لەو عامیلانەی کە تەئسیری هەبووە لە سەر ئەو سەقامگیرییە بە قەناعەتی ئێمە ئەم یاسایە بووە، هەندێ لەو بەڕێزانە ئیشارەتیان بەوە دا کە لە تەمدیدی دووەم، ئەم یاسایە حکومەت تەمدیدی کردووە، من بەو بەڕێزانە دەڵێم، تەمدیدی یەکەمیش بە نیسبەت ئەم یاسایە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بووە، نەوەك لە لایەن حکومەتەوە بووە، دیارە هەندێك لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانیش تەعنیان بە هەندێ دەزگا دا، کەوا شەرعیەتی یاسییان نیە، جێبەجێی ئەو یاسایە دەکەن، ئەو دە زگایەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێدا، ئەمە بە پێی یاسایەك تەنزیم کرایە، لەو پەرلەمانە پەسند کراوە، ئینجا چوویتە بواری جێبەجێ کردن و جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بلزات، یەك لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتی بەوە داوە کەئەنەهو ئەم یاسایەی کێشەی تیرۆر کێشەیەکی یاسایی نیە، ئێمە بە عەکسەوە دەڵێین، جانیبی

یاسایی زۆر زۆر زاڵترە بەسەر ئەو مەسەلەیە، و جەرائیمی ئیرهابی تەنها و تەنها لە یاسای تیرۆر زکر کرایە، ئەگەر بێیە سەر یاسای قانونی عقوبات، هیچ بابێك و بەندێك نیە باس لە یاسای جەرائیمی ئیرهابی بکات، بۆیە ئەگەر سەیری کارە تیرۆریستیەکانیش بکەین، دەبێنین هەر لە مانگی پێشوو لە سلێمانی باندێکی تیرۆریستی گیرا، و ئەوە ئیشارەت بەوە دەکات کە ئێستاش و لایزال شانەی نوستوو ئی تیرۆریستان لەناو هەرێمی کوردستاندا هەیە، جگە لەوەش، ئەگەر تەعاونی سوڵتاتی ئێمە لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ جیهاتی ئەمنی بەغدا نەبوایە، بە حەقیقەت هەندێ جەرائیم هەبوو ئەصڵەن پێش تەنفیزی کەشف کرا و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەزگایانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کاریان دەکرد، تەبیعی باس لەوە دەکرێ، لەناوەڕۆکی یاسایەکە دەکرێ، بەعزێ حالاتی فەردی لە ئێرەو ئەوێ روویداوە، ئەوە ئەوەی کاك عبدالسلامیش ئیشارەتی پێدا لە جێگای خۆیەتی، ئێمە بەرامبەر تەعدیلی یاسا نین، ئێمە بەرامبەر تەمدید کردنەوەینە، ئەگەر هەر تەعدیلێك لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرا، یان لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کرا، ئێمە مەجبوورین ئەو کاتە موناقەشە بکەین، و بڕیاری گونجاوی خۆمانی لەسەر بدەین، زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش ئیشارەتیان بەوە دا کە ببێتە دوو ساڵ، لێژنەی ناوەخۆش پێشنیاری کردبوو، ئێمەش وەکو لێژنەی یاسا ئیقتیراحی سێ ساڵیمان سەحب دەکەینەوە، پشتگیری لە رەئی لێژنەی ناوەخۆ دەکەین، و پشتگیری لە رەئی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، ئێمەش موقتەرەحەکەمان دەکەینە دوو ساڵ، بۆیە ئەوە بوو کورتەی قسەکانی من، ئەگەر هەڤاڵانم قسەی تریان هەیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە رێزدار کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك برادەر ئیشارەتیان بەوە دا کە یاسای دژە تیرۆر، کیفایەت نیە و موجیبیش نیە، لەبەر ئەوەی قانونی عقوباتی عیراقی لە کوردستان ئیشی پێ دەکرێ، ئەحکامەکانی دەتوانێ تەغتیەی ئەو ئەحداسانە بکات کە روو بەرووی کۆمەڵگەی کوردستانی دەبێ، ئێمە دەڵێین: نەخێر ئەوها نیە لەبەر ئەوەی مەبدەئێکی قانونی هەیە دەڵێ: لاجریمة و لا عقوبة الا بنص، ئەگەر بگەڕێنەوە سەر قانونی عقوباتی عیراقی وەکو کاك شێروان ئیشارەتی پێدا، لەوێ ئەحکامی خاص نیە بۆ موعالەجەی ئیرهاب، واتا قانونی ئیرهاب قانونێکی خاصە، زۆر پێویستە، برادەرێك ئیشارەتی بەوە دا کە مەوزوعی شروع باس کرایە، لە هیچ قانونێکدا نیە، بەڵێ، شروع لە قانونی عقوباتی عیراقی لە ماددەکانی:30 و 31 و 32 بە وازیحی باس کرایە، ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان مەجالم بداتێ بۆ روونکردنەوە، بیخوێنمەو و، ئەندامانی پەرلەمان با لەبەر دەمیان وازیح بی ئەحکامی شروع چیە؟، ماددەی 30 دەڵێ: الشروع: هو البدء بتنفيذ فعل بقصد ارتكاب جناية او جنحة اذا اوقف او خاب اثره لاسباب لا دخل لارادة الفاعل فيها، و يعتبر شروعا في ارتكاب

الجريمة: كل فعل صدر بقصد ارتكاب جناية او جنحة مستحيلة التنفيذ اما بسبب يتعلق بموضوع الجريمة او بالوسيلة التي استعملت في ارتكابها ما لم يكن اعتقاد الفاعل صلاحية عمله لاحداث النتيجة مبنيا على وهم او جهل مطبق، و لا يعد شروعاً مجرد العزم على ارتكاب الجريمة و لا الاعمال التحضيرية لذلك ما لم ينص القانون على ذلك، واتا قانونى ئيرهاب ئەگەر ئيشارەتى بە شروع دايە، ئەحكامەكانى جياواز كرديە و بە وازيحى ئەوە مەبەستى خۆى هەبووە، لەبەر ئەوەى ئەو كەسەى كە تاوان دەكات، پێش ئەوەى ئەنجامدانى تاوانەكە بكات، بزانێ ياساكانى كە بەسەرى جێبەجێ دەكرێ بە چ شێوەيەكە؟، دووەميان، چەند كۆنفرانس و كۆبوونەوە كرا لەسەر ئەم ياسايە، لە پێشووى ئەم دەورەيە، ئەو كەسانەى كە كۆنفرانسەكەيان كرديە زۆر تەقيمى ياساكەيان كرديە، زۆر دەستخۆشيان كرديە، لە پەرلەمانى كوردستان كە توانى ئەم ياسايەى دەرچوێنێ، بە تايبەتى دوو ماددەى زۆر گرنگى تێدايە، ماددەى 14 دەڵێ: ئەگەر ئەو كەسەى بە تاوانى تيرۆر، كارى تاوانەكەى بێ تاوان دەرچوو، بۆى هەيە داواى قەرەبووى ئەو زيانە جەستەيى و نا جەستەييە بكاتەوە كە لێى كەوتووە لە ئەنجامى پێشيل كردنى ئەو مافە مرۆييانەى كە لە دەستوور و ياساكاندا هاتوون، هەروەها ماددەى 15 دەڵێ: حكومەتى هەرێمى كوردستانى عيراق دەستەبەرى چاودێرى خانەوادەى قوربانيانى كردەوە تيرۆرەكانيان دەكات و قەرەبووى زيانەكانيان دەكاتەوە، ئەگەر بگەڕێنەوە سەر قانونى موكافەحەى عيراقى، ئێمە قانونێكى كاتيمان دانايە، كاتى خۆى دوو ساڵ دانرا بۆ ماوەكەى، دوايى لەسەر تەلەبى ژمارەى ياسايى ئەندامانى پەرلەمان، لە پەرلەمانەوە ماوەكەى درێژ كراوە بۆ دوو ساڵى تر، بەڵام قانونى موكافەحەى عيراقى، قانونێكى دائيميە و بەردەواميشە نا وەقتيە، بۆ ماوەيەكى كاتى ئيشى پێ بكرێ، ئەوە بوو تێبينيەكانى من لەسەر قسەكانى برادەران، ئەندامانى پەرلەمان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كەرەمكە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

تەئكيدەن بۆ قسەى برادرانى لێژنەى ياسايى، من پێم باشە كورتەيەك لەسەر شەرعيەتى ياساى جێبەجێ كردن باس بكەم، برادەران باسيان لەسەر ئەوە كرد كە كێ شەرعيەتى ياساى جێبەجێكردنى ئەم ياسايەى هەيە؟ راستە ئەم ياسايە جێبەجێ كراوە و باس لە ئەخيرەكەى كراوە كە لە ئەنجومەنى وەزيران و هەموو وەزارەتەكان پێويستە لەسەريان جێبەجێ كردنى ئەم ياسايە بدەنە ئەستۆى خۆيان و بە تەئكيد لەم وەزارەتانە، وەزارەتى داد و وەزارەتى ناوەخۆ بەشێكن لە ئەنجومەنى وەزيرانى هەرێمى كوردستان و موتەزامنن، شەرعيەتى ئەم ياسايە، راستە ئەگەر قەصد لەوە بێ دەزگاكانى ئاسايشى هەرێم لێكۆڵينەوەى تێدا ئەكەن، بەڵام با باشى بزانن دەزگاكانى ئاسايشى هەرێم هەمووى دادوەرى تايبەتى خۆى هەيە، ئەم دادەوەرانە دادوەرى حقوقين، تەعين كراون و دەوارتى خۆيان بينيوە، ياسايين لە وەزارەتى عەدل و لە

سولْتەی قەزائیـەوە فـەرمانی تـەعین کردنیـان  بـۆ دەرچووە، هـەر تـەحریکێك لـە هـەر کارێـك و لـە هـەر کێشەیەك و لە هەر زاهیرەیەکی تیرۆر بکرێ، ئەو حـاکم تەحقیقـە لەهـەر دەزگایـەکی ئاسـاییش بـێ، لـەناو مەحکەمە ئیعتیادیەکانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت، قەرارەکانیان کۆتایی نیە و قەرارەکانیان بە گوێرەی یاسا خازیعە بـۆ جۆرەهـا تـوروقی تـەعن لەبـەردەم مەحکەمـەی تـەمییز و لەبـەردەم ریئاسـەی جینایات، ئیتر مەحکەمەی جینایاتی هەرێمی کوردستان خاصن بە بینینی ئەم قەزیانە، ئەم قەزیانە کە بە تیرۆر ناو ئەبرێ، لە هیچ دادگایەکی تایبەتی سەیر ناکرێ، چونکە ئێمە لە کوردسـتاندا دادگـای تایبـەتیمان نیە، دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبـەتیمان نییـە، تـەنیا ئـەو دادگایانـە هەیـە کـە ئێسـتا لـە هـەرێمی کوردسـتان قەراراتی پێ  دەردەکات و قەراراتی ئەوانیش جارێکی دیکە خازیعی چەند رێگایەکی تەعن و تـەعن لێدانـە لەبەردەم دەزگای دادوەری باڵاتر لە هی خۆیـان بکـات، ئـەو حوکمانـەی کـە دەردەچـێ لـەم زاهـیرەی تـیرۆرە ئیکتیسابی قەتعی دەکات و تیرۆرستان بە ئەنجامی یاسایی خۆیان ئەگەن، لەبەر ئـەوەی مـن پـێم بـاش بـوو ئەو روونکردنەوەیە لەسەر شەرعیەتی یاسای جێبەجێ کردن و ئەو جیهەتـەی کـە جێبـەجێی ئـەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ هەموو ئەو بیر و بۆچوونانەی هـەڤاڵان و بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، ئێمـە داکـۆکی لەسـەر درێژ کردنەوەی ئەم پرۆژە یاسایە دەکەین، چـونکە حـەز دەکـەین ئـەو ئـەمن و ئیسـتیقرارەی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا هەیـە لـە ئـەنجامی پشـت بەسـتن بـەو یاسـایە لـە لایـەن دام و دەزگـا پەیوەندیدارەکانـە، کـە توانیویانە ئەو سەقامگیریە بەرقەرار بکەن، ئەگینا خەتەری جیددی ئیرهاب، تیرۆرستان لەسەر ئێمە هەیـە و هەمیشە لە هەوڵدان بۆ شێواندنی ئەم بارو دۆخە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر ئەگەر نکۆلی لە شـێوەی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە کە بەدی بکرێ، ئێمەی پەرلەمان بە تایبەتی ئەو لێژنانەی کە پەیوەندیـدارن، دەتوانین بەدواداچـوون بـۆ هـەر حاڵـەتێك بکـەین کـە بینیمـان یاسـایەکە پێشـیل کـراوە، یـان مـافی کەسـێك پێشیل کراوە، لە کۆتاییدا بۆ تێبینی خوشکە بێریڤان کە دەڵێ، هـەردوو راپـۆرتـەکان جیـاواز بـوون، شـەرت نیە راپۆرتی دوو لێژنە دەقـا و دەق وەکـو یـەك بـێ، هـەر یـەك تـەعبیر لـە راو بۆچـوونی خـۆی دەکـات لـە نەتیجەی موناقەشەکان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا وازیح بوو لە لای هەمووتان، لـە موداخەلـەکان، هەنـدێك لـە ئەنـدامانی پەرلـەمانی بەڕێز داوایان کرد ماوەکە بکرێتە دوو ساڵ، هەندێکیش داوایان کرد بکرێتە یەك ساڵ، هەندێکیش رەفزیان

کرد، بۆیە ئێستا ئێمە مەبدەئی گۆڕینی وەختەکە کە لێژنەی یاساییش کە لەگەڵی پێشنیارەکەیان سەحب کرد، کێ لەگەڵ مەبدەئی گۆڕینەکەیە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، لە سێ ساڵ ببێتە دوو ساڵ مەسەلەن، ئەوەل مەبدەئەکە، تەمدید ئەخەینە ئەخیری، بەڕێزان، ئەو بەڕێزانەی کە رەفزیان کرد، مەجموعەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان بوون، ئێستا مەبدەئی رەفزەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟، کەرمکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا پێشنیارەکەی لێژنەی یاسایی سەحب کرایەوە، بەڵام وەکو پێشنیاری لێژنەی ناوەخۆ ئیستیناد کرایە سەری، لێژنەی ناوەخۆ بۆ دوو ساڵ نیە، بۆ کۆتایی 2011یە، یەعنی بۆ سەرەتای 2011یە، یەعنی ساڵێك و شەش مانگ دەکات هینەکەی ئێمە، کەواتە نە دوو ساڵەکە ماوە و نە سێ ساڵەکە ماوە، ساڵ و شەش مانگەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن، زۆر بەڕێز هەبوو وتیان دوو ساڵ بێ، مەجموعەیەکی تر هەبوو وتیان یەك ساڵ بێ، مەجموعەیەك هەبوو وتیان رەفز بکرێ تەمدیدەکە، یەك کەس شەش مانگ بوو، ناوەکانم نووسیوە تکایە دانیشە، یەك کەس بوو، باشە پێشنیارەکەی جەنابیشت دەخەینە سەری، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پرۆژەیە رەفز بکرێ، تکایە دەستی بەرز بکات؟، 21 کەس لەگەڵ ئەوەیە رەفز بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە رەفز نەکرێ؟، بە زۆرینەی دەنگ ئەوە مایەوە، ئێستا مەبدەئی گۆڕینەکە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماوەکە دوو ساڵ بێت، تکایە دەستی بەرز بکات؟، زۆر سوپاس، حیسابی ناوێ، چونکە دیارە زۆرە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دوو ساڵ نەبێ؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، باشە حیسابی دەکەین لەبەر خاتری ئێوە بۆ ئەوەی ببینن کە چەند ئەزعافە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوو ساڵ بێ ،تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 63 کەس لەگەڵ ئەوە دایە کە دوو ساڵ بێ، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە کە دوو ساڵ نەبێ؟، چەند کەس لەگەڵە کە دژ بێت؟، دوایی ئەوەی تر دەخەینە دەنگدان، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە کە دوو نەبێ؟، نا جارێ یەك، و دوایی ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دوو نەبێ؟، 27 کەس، بۆیە دوو پەسند کرا بە 63 دەنگ، زۆر سوپاس، ئێستا ماددەکە تکایە ئاخیر جار بیخوێننەوە لەگەڵ صیاغەی تازەتان بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارەی (3)ی ساڵی 2006 تا 2012/7/16 درێژ دەکرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى : يمدد العمل باحكام قانون مكافحة الارهاب رقم ( 3 ) لسنة 2006 لغاية 16 / 7/ 2012 . **بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە، تکایە دەستی بەرز بکات؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دوو کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقی ماددەکە تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی ناوەخۆ رەئیتان؟

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس موداخەلەی هەیە؟ نیە، ئێستا ئاخیر جار بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية: على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاسن کێ لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، 7 کەس لەگەڵدا نیە، بۆ ماددەی سێ تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ 2010/7/17 و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی 2010/7/17 ەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیە و تەئیدی ماددەکە دەکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوەخۆ رەئیتان؟

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس موداخەلەی هەیە لەسەری؟ نیە، ئێستاش ئاخیر جار بیخوێنینەوە، ئەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ 2010/7/17 و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

ماددەی سێیەم:

ئـەم یاسـایە لـە رۆژی 2010/7/17 ەوە كـاری پێـدەكرێت و لـە رۆژنامـەی فـەرمی وەقـائیعی كوردسـتاندا بڵاودەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكات؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسـند كرا، 16 كەس دژە، بۆ ئەسباب موجیبە تكایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لبقاء الاسباب التي تجعل من استمرار تطبيق احكام قـانون مكافحـة الارهـاب موجبـا وحمايـة لحيـاة مـواطني الاقليم وممتلكاتهم وامنهم واستقرارهم، فقد شرع هذا القانون.

به زمانی كوردی:

هۆیەكانی دانانی ئەم یاسایە

لەبـەر چـەند هۆكارێـك كـە بـەردەوام بـوونی سـەپاندنی حوكمـەكانی یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی تـیرۆر بـە پێویسـت رادەگرێـت، هـەروەهاش بـۆ پاراسـتنی سـەر و مـاڵ و مـوڵكی هاووڵاتیـانی هـەرێم و ئاسـوودەیی و سەقامگیریان، ئەم یاسایە دانرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ئەسباب موجیبە دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی ناوەخۆ رەئیتان؟

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە هۆكارە پێویستەكان دەكەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس موداخەلەی هەیە لە ئەسباب موجیبە؟، دوو کەس، کاك عومەر نورەدینی و کاك عبدالسلام بەرواری، بیریڤانیش، کاك عومەر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەقە کوردیەکەدا وشەی (سەپاندن ) بەکارهێنراوە، پێویستە بکرێتە (جێبەجێکردن)، لەبەر ئەوەی تەرجومەی دروستی (تطبیق) (جێبەجێ)کردنە، نەك (سەپاندن)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە هی منیش هەر لوغەویە، (لبقاء الاسباب) نووسراوە (لەبەر چەند هۆکارێك)، وا بزانم ئەمەش نە تەرجومەی حەرفیە، چونکە (الاسباب) هۆکارەکانە، بۆیە پێشنیار دەکەم بڵێت (لەبەر مانەوەی هۆکارەکانی بەردەوام بوونی سەپاندنی)، ئەو وشەی بە (پێویست رادەگرێت) داعی نیە، فاریزە لەجیاتی، شەرت نیە نەصی (التی تجعل موجباً)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە، چونکە یاسایەکە بەردەوامیمان پێدا، درێژمان کردەوە، لە عەینی وەختیش دەتوانین بڵێین: بەردەوام بوون بۆ پاراستنی سەر و ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکە ئەکەینە ئەساس، ئاخیر جار بخوێندرێتەوە و ئەخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لبقاء الاسباب التي تجعل من استمرار تطبيق احكام قانون مكافحة الارهاب موجبا و حماية لحياة مواطني الاقليم و ممتلكاتهم و امنهم و استقرارهم ، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، 14کەس لەگەڵدا نیە، ئێستا تەعدیلەکە، لەگەڵ ئەسباب موجیبە هەمووی بەیەکەوە ئەدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، 22 کەس لەگەڵدا نیە، ئێستا بۆ خاڵی ڕەقەم 10 لە بەرنامەی کار، کەرەمکەن لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 10ی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان

خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کار پێکردن بە یاسای پاراستنی بەکاربەری ژمارە (1) ی ساڵی 2010 عیراقی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنینەوە:

**مشروع قانون انفاذ قانون حماية المستهلك الاتحادي**

**رقم ( 1 ) لسنة 2010 في اقليم كوردستان العراق**

**المادة الاولى :**

انفاذ قانون حماية المستهلك الاتحادي رقم ( 1 ) لسنة 2010 في اقليم كوردستان- العراق و العمل باحكامه لحين تشريع قانون خاص بحماية المستهلك في الاقليم .

**المادة الثانية :**

تحل السلطات المختصة في اقليم كوردستان – العراق محل السلطات الاتحادية اينما وردت في القانون المذكور .

**المادة الثالثة :**

يحدد رئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان و باقتراح من رئيس مجلس حماية المستهلك الجهات و الاطراف الممثلة في المجلس و الواردة في المادة الرابعة من القانون و بما ينسجم مع المؤسسات القائمة في الاقليم .

**المادة الرابعة :**

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون .

**المادة الخامسة :**

لا يعمل باى نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون

**المادة السادسة :**

ينفذ هذا القانون بعد مرور ثلاثين يوما من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .

**الاسباب الموجبة**

بغية اعطاء الشرعية بتنفيذ القانون رقم ( 1) لسنة 2010 في اقليم كوردستان-العراق، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی ماف بەكاربەر تكایە كەرەمكەن وەرنە ئێرە، ئێستا بە كوردیش بیخوێننەوە، كەرەمكەن.

**بەڕێز كاردۆ محمد پێرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای جێبەجێكردنی یاسای پاراستنی بەكاربەر ژمارە ( 1 ) ساڵی 2010 ی فیدراڵ لە هەرێمی كوردستان - عێراق

**ماددەی یەكەم:**

جێبەجێكردنی یاسای پاراستنی بەكاربەر ژمارە ( 1 ) ی ساڵی 2010 ی فیدراڵ لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كار بە حوكمەكانیشی بكرێت تا دانای یاسایەكی تایبەت بە پاراستنی بەكاربەر لە هەرێمدا.

**ماددەی دووەم:**

دەسەڵاتی تایبەت لە هەرێمی كوردستان – عێراق جێگەی دەسەڵاتی فیدراڵ دەگرێتەوە لە هەر جێگایەكی ئەو یاسایەدا هاتبێت .

**ماددەی سێ یەم:**

سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان لەسەر پێشنیاری سەرۆكی ئەنجومەنی پاراستنی بەكاربەر، ئەو لایەنانەی نوێنەریان لە ئەنجومەندا هەیە و لە ماددەی چوارەمی یاسەكەدا هاتوون بە جۆرێك دیاریان دەكات كە لەگەڵ دەزگاكانی هەرێمدا بگونجێت .

**ماددەی چوارەم:**

پێوستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی پێنجەم:**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی و بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە بن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێت دوای تێپەڕبوونی سی ڕۆژ، لە بەرواری بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی ( وەقایعی كوردستان ) .

**هۆكاری دانانی ئەم یاسایە**

ئەم یاسایە داندرا بە مەبەستی جێبەجێ كردنی یاسای ژمارە ( 1 ) ی ساڵی 2010 لە هەرێمی كوردستان – عێراق .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی راپۆرتی لێژنەی یاسا بۆ بەڕێزتان دەخوێنینەوە بە زمانی عەرەبی:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان-العراق**

**الموضوع/ تقرير حول موضوع قانون إنفاذ قانون حماية المستهلك العراقي الفدرالي رقم (1) لسنة 2010**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الاحد 30/جوزردان /2710 الكوردي المصادف ليوم 2010/6/20 الميلادية، لدراسة مشروع قانون إنفاذ قانون حماية المستهلك العراقي الفدرالي رقم (1) لسنة 2010 في اقليم كوردستان - العراق، و المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان و المحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (15) في 2010/6/20 و بعد المناقشة و المداولة، تؤيد اللجنة جميع مواد و بنود المشروع المقدم، راجين التفضل بالاطلاع و عرض اصل المشروع و رأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة و ابداء الرأي المناسب و التصويت و، شكراً.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لێژنەی یاسایی سەبارەت بە پڕۆژە یاسای جێبەجێ کردنی یاسای پاراستنی بەکاربەری فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان.**

لێژنەی کاروباری یاسایی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا لە ڕۆژی 30/جۆزەردان/2710ی کوردی بەرامبەر بە 2010/6/20ی زاینی بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژە یاسای جێبەجێ کردنی یاسای پاراستنی بەکاربەری فیدراڵی ژمارە (1)ی ساڵی 2010، لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەکە لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (15) لە ڕۆژی 2010/6/20 ڕەوانەی لێژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردنی پڕۆژەکە لێژنە پشتگیری لە هەموو ماددەو بڕگەکانی پڕۆژەکە دەکات وەکو ئەوەی کە هاتووە.

تکایە ئاگاداریی بفەرموون و ئەسڵی پڕۆژەکە وڕای لێژنەی کاروباری یاسایی لەم بارەیەوە و بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ تاوتوێ کردن ودەربڕینی ڕای گونجاو لەم بارەیەوە و دەنگدان لە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر رەئیتان؟

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا راپۆرتی لێژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر بۆ ئێوەی بەڕێز دەخوێنینەوە:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر سەبارەت بە پڕۆژە یاسای جێبەجێ کردنی یاسای پاراستنی بەکاربەری فیدراڵ**

لە رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2010/6/23 لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر کۆبوونەوە، بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژە یاسای جێبەجێ کردنی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەری فیدراڵ ژمارە (1) ساڵی 2010 لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و، لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 15 لە رۆژی 2010/6/20 رەوانەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردنی پڕۆژەکە، ئەمەی خوارەوە رای لیژنەکەمانە:

لەبەر ئەوەی لیژنەکەمان لە راپۆرتی خۆی کە بە نووسراوی ژمارە (9 ) لە رۆژی 2010/1/19 کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرابوو، تیایدا پێشنیاری جێبەجێ کردنی یاسای پاراستنی بەکاربەری فیدراڵ ژمارە (1)ی ساڵی 2010 لە هەرێمی کوردستان کرابوو، لەبەر ئەوەی یاسای ئاماژە پێکراو هەر هەشت مافەکانی بنچینەیی پاراستنی بەکاربەری لە خۆی گرتووە، کە بریتین لە مافی دڵنیا بوون و مافی وەرگرتنی زانیاری و مافی گوێگرتن لە رای و بۆچوون و سکاڵاکانی بەکاربەر و مافی قەرەبووکردنەوە و مافی هوشیاری و رۆشنبیری لەسەر مافەکانی بەکاربەر و مافی بەدەست هێنانی کاڵای پێویست و مافی ژیان لە ژینگەیەکی پاك و ئارام، کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر داوە بە بڕیاری ژمارە 39/348 رۆژی1985/4/9 و لەبەر گرنگی بوونی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی رێگا لە کاڵا و خزمەت گوزاری و دەرمانی خراپ بگیرێت، کە زیان بە بەکاربەر دەگەیێنێت و مافەکانی بپارێزرێت و بەرگری لێ بکات، لیژنەکەمان پشتگیری لە هەموو مادده و بڕگەکانی پڕۆژەکە دەکات وەکو ئەوەی کە هاتووە، تکایە بفەرموون و رای لیژنەکەمان لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان و لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێ موداخەلە بکەن، ببورنن داوای لێبوردن ئەکەم، ئێستا ماددەی (1) لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە بە کوردی و عەرەبی، دوایی رەئیتان لەسەری بدەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الاولى:**

انفاذ قانون حماية المستهلك الاتحادي رقم ( 1 ) لسنة 2010 في اقليم كوردستان- العراق و العمل باحكامه لحين تشريع قانون خاص بحماية المستهلك في الاقليم .

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:**

جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارە ( 1 ) ی ساڵی 2010 ی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان – عێراق و کار بە حوکمەکانیشی بکرێت تا دانانی یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی بەکاربەر لە هەرێمدا .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی بەکاربەر رەئیتان؟

**بەڕێز عیماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس موداخەلەی هەیە لەسەر ماددەی یەك؟ کەس نیە؟ دووبارە بیخوێننەوە تا بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الاولى:**

انفاذ قانون حماية المستهلك الاتحادي رقم ( 1 ) لسنة 2010 في اقليم كوردستان- العراق و العمل باحكامه لحين تشريع قانون خاص بحماية المستهلك في الاقليم .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەکو ئێستا خوێندرایەوە بە عەرەبی، کێ لەگەڵیەتی تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دوو لە پرۆژەکە، کەرمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

تحل السلطات المختصة في اقليم كوردستان – العراق محل السلطات الاتحادية اينما وردت في القانون المذكور .

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

دەسەلأتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق جێگەی دەسەلأتی فیدراڵ دەگرێتەوە لە هەر جێگایەکی ئەو یاسایەدا هاتبێت .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقی ماددەکە تەئید دەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی بەکاربەر رەئیتان؟

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەینە، هیچ تێبینیمان لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس موداخەلەی هەیە؟، یەك کەس هەیە، کاك شوان کەرەمکە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من زمانەوانیە، ببورن، لە کوردیەکە ئەڵێ: دەسەلأتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، لە عەرەبیەکە ئەڵێ: مختص، مختص و تایبەت جیاوازە، ئەوە تایبەتمەندە، یەعنی لە کوردیەکە باشترە کەوا بڵێ: دەسەلأتی تایبەتمەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی یاسایی ئاخیر جار بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تحل السلطات المختصة في اقليم كوردستان – العراق محل السلطات الاتحادية اينما وردت في القانون المذكور .

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم :**

**دەسەلأتی تایبەت لە هەرێمی كوردستان – عێراق جێگەی دەسەلأتی فیدراڵ دەگرێتەوە لە هەر جێگایەكی ئەو یاسایەدا هاتبێت .**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی سێ تكایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**يحدد رئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان و باقتراح من رئيس مجلس حماية المستهلك الجهات و الاطراف الممثلة في المجلس و الواردة في المادة الرابعة من القانون و بما ينسجم مع المؤسسات القائمة في الاقليم.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی سێ یەم :**

**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان لەسەر پێشنیاری سەرۆكی ئەنجومەنی پاراستنی بەكاربەر ، ئەو لایەنانەی نوێنەریان لە ئەنجومەندا هەیە و لە ماددەی چوارەمی یاسەكەدا هاتوون بە جۆرێك دیاریان دەكات كە لەگەڵ دەزگاكانی هەرێمدا بگونجێت .**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی مافی بەكاربەر رەئیتان؟

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، کـەس موداخەلـەی هەیـە؟ نیـە، ئێستا ئـاخیر جـار بیخوێننـەوە بـۆ ئـەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێ یەم:**

سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان لەسـەر پێشـنیاری سـەرۆکی ئەنجومـەنی پاراسـتنی بەکاربـەر، ئـەو لایەنانـەی نوێنـەریان لـە ئەنجومەنـدا هەیـە و لـە مـاددەی چـوارەمی یاسـەکەدا هـاتوون بـە جۆرێك دیاریان دەکات کە لەگەڵ دەزگاکانی هەرێمدا بگونجێت .

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

يحدد رئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان و باقتراح مـن رئـيس مجلـس حمايـة المستهلك الجهات و الاطـراف الممثلة في المجلس و الواردة في المادة الرابعة من القانون و بما ينسجم مع المؤسسات القائمة في الاقليم .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کـرا، بۆ ماددەی 4 کەرەمکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پێرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم :**

پێوستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن

**المادة الرابعة:**

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون .

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی مافی بەکاربەر ڕەئیتان؟

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس موداخەلەی هەیە؟، نیە، ئێستا ئاخیر جار بیخوێننەوە تا بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

پێوستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**المادة الرابعة:**

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا بۆ ماددەی پێنجەم کەرەمکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

لا يعمل باى نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون

**ماددەی پێنجەم :**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە بن

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ماق بەکاربەر ڕەئیتان؟

**بەڕێز عماد احمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین و هیچ تێبینیمان لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، كـەس موداخەلـەی نیـە؟، نیـە، ئێسـتا ئـاخیر جـار بیخوێننـەوە بـۆ ئـەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز كاردۆ محمد پێرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

**لا يعمل باى نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.**

**ماددەی پێنجەم:**

**كار بە هیچ دەقێكی یاسایی و بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە بن**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنـگ پەسـند كـرا، بۆ ماددەی شەشەم كەرەمكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پێرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السادسة:**

**ينفذ هذا القانون بعد مرور ثلاثين يوما من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .**

**ماددەی شەشەم:**

**ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێت دوای تێپەڕبوونی سی ڕۆژ لە بەرواری بلاْوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فـەرمیی ( وەقایعی كوردستان ) .**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی مافی بەكاربەر ڕەئیتان؟

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەمان نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانن كەس موداخەلەی نیە؟، ئێستا ئاخیر جار بیخوێنن بۆ دەنگدان.**

**بەڕێز كاردۆ محمد پێرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السادسة:**

**ينفذ هذا القانون بعد مرور ثلاثين يوما من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .**

**ماددەی شەشەم:**

**ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێت دوای تێپەڕبوونی سی ڕۆژ له بەرواری بلاْوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی ( وەقایعی كوردستان ) .**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، كێ لەگەڵە ماددەی شەشەم، تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ئەسباب موجیبە لێژنەی یاسایی كەرەمكەن.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆكاری دانانی ئەم یاسایە**

**ئەم یاسایە دانرا بە مەبەستی جێبەجێ كردنی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2010 لە هەرێمی كوردستان – عێراق.**

**الاسباب الموجبة**

**بغية اعطاء الشرعية بتنفيذ القانون رقم (1) لسنة 2010 في اقليم كوردستان - العراق فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا پرۆژە یاسای جێبەجێ كردنی یاسای پاراستنی مافی بەكاربەر، ژمارە (1)ن ساڵی 2010ی فیدراڵ لە هەرێمی كوردستان-عیراق، لەگەڵ ئەسبابی موجیبە ئەدەینە دەنگدان، كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێزان ، بەڕێزان سەعات 5ی ئێوارە بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەكەمان، ئێستا دوای ئەخەین تا سەعات 5، بەخێر بچن و خواتان لەگەڵ.**

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری ڕێزدار کاك شێخ بایز و بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری کاك رشید تاهیر دەکەین، زۆر بەخێربێن، کەرەمکەن بۆ خاڵی 11 لە بەرنامەی کار، کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

خاڵی 11

خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پرۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

ئێستا دەقی پرۆژەکە بە عەرەبی دەخوێنینەوە.

### قانون مكافحة المخدرات

### قانون رقم ( ) لسنة 200

المادة الاولى:

يقصد بالكلمات والعبارات المعاني المبينة ازاءها:

1- الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

2- الهيئة: هيئة مكافحة المخدرات.

3- المخدر: كل مادة طبيعية أو تركيبية يفسره قانون المخدرات العراقية رقم (68) لسنة (1965) أو أى قانون يحل محله أو قانون اخر يعتمده العراق أو الاقليم.

4- المؤثرات العقلية: كل مادة طبيعية أو تركيبية تؤثر على العقل والادمان على المسكرات تعتبر ضمن مفهوم المؤثرات العقلية وتحدد ذلك بالتعليمات من حيث النوع او الكمية ومدى شمولها باحكام هذا القانون.

المادة الثانية:

تؤسس هيئة لمكافحة المخدرات وتسمى (هيئة مكافحة المخدرات) وتتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالى والادارى.

المادة الثالثة:

ترتبط الهيئة برئيس مجلس الوزراء.

المادة الرابعة:

تهدف الهيئة وتسعى لتحقيق مايلى:

1- منع المتاجرة بالمخدرات او المؤثرات العقلية انتاجا وصنعا وتحضيرا واستخراجا أو حيازة أو تقديم عروض بيع و شراء أو تقديم تسهيلات العبور والنقل والاستيراد أو التوسط للبيع أو الشراء أو التصدير أو تهريبها.

2- مكافحة زراعة المواد التى تصنع منها المخدرات والمؤثرات العقلية ما لم تتبناها مؤسسات حكومية أو جهات مجازة بموجب القانون لاغراض علمية وطبية وينظم ذلك بقانون.

3- الوقاية من الادمان على المخدرات والمؤثرات العقلية أو السلائف الكيميائية ومعالجة المدمنين على أى منها فى المصحات والمستشفيات المؤهلة للعلاج.

4- مراقبة الحدود مع الاقليم وبالتنسيق مع الجهات المعنية و اتخاذ ما يلزم لتأمين سلامة الحركة من الاتجار بالمخدرات وسواء بمطابقة السيطرة النوعية أواية طريقة اخرى.

5- احالة المتعاطين والمتاجرين بها والمتعاملين بها الى المحاكم.

6- مراقبة الصيدليات ومنع بيع المواد التى تحمل طابع المخدر أو المؤثرات العقلية وفق هذا القانون الا بموافقة طبيب اخصائى بالمرض.

7- توعيةالمواطنين بخطورة المخدرات و المؤثرات العقلية فى وسائل الاعلام ومؤسسات وزارة الاوقاف والشؤون الدينية وبين الطلبة فى الجامعات والمدارس وتعيين باحثين اجتماعيين لهذا الغرض.

8- اقتراع انشاء وتطوير المؤسسات الصحية الخاصة بمعالجة المدمنين وتأمين احتياجاتها الاساسية.

9- التنسيق مع الجهات التحادية والاقليمية والدولية والمنظمات الاقليمية والدولية بشأن تطبيق احكام هذا القانون.

المادة الخامسة:

تتألف الهيئة:

**1- من رئيس الهيئة والذى يكون بدرجة خاصة.**

**2- عدد من الاعضاء ويحدد من قبل رئاسة مجلس الوزراء.**

**3- مكتب شرطة مكافحة المخدرات: ويرأسها ضابط من قوى الامن الداخلى برتبة لاتقل عن عميد على ان يكون من خريجى كلية الشرطة.**

**4- مكتب المعالجة الطبية والنفسية: يرأسها طبيب اخصائى أو صيدلي أو اداري.**

**5- مكتب الاعلام أو المعلومات: يرأسها موظف اعلامي.**

**المادة السادسة:**

**تجتمع الهيئة مرة واحدة فى الشهر على الاقل وتخضع قراراتها لمصادقة مجلس الوزراء.**

**المادة السابعة:**

**تعتبر جريمة المتاجرة بالمواد المخدرة من الجرائم الماسة بامن الاقليم.**

**المادة الثامنة:**

**لا يجوز استيراد المواد المخدرة او المؤثرات العقلية او السلائف الكيميائية او تصديرها او نقلها الا باجازة من وزير الصحة فى الاقليم او من يخوله وتمنح الاجازة لسنة واحدة قابلة للتجديد.**

**المادة التاسعة:**

**لايجوز منح اجازة الاستيراد او التصدير او النقل للمواد المشمولة باحكام هذا القانون الا الى الجهات التالية:**

**1- دوائر الدولة او المعاهد العلمية.**

**2- مراكز الابحاث العلمية المعترف بها والتى يتطلب اختصاصها استعمال المواد المخدرة او المؤثرات العقلية.**

**3- معامل التحليل الكيميائية او الصناعية او الغذائية او غيرها مما يستدعي عملها استعمال المواد المخدرة.**

**4- المصانع او المعامل المجازة بصنع الادوية التي يدخل في تركيبها المواد المخدرة او المؤثرات العقلية.**

**المادة العاشرة:**

**للسلطات الادارية او المحكمة المعنية ان يخضع الطفل او القاصر عن جرائم الاستهلاك للعلاج الطبى للتخلص من السموم او العلاج الطبى النفسي الذي يمنعه من المواد الى ميدان المخدرات.**

**المادة الحادى عشرة:**

**يطرد ويرحل الاجنبي الذى يحكم عليه بسبب جرائم المخدرات بعد قضاءه مدة محكوميته ويمنع من الدخول الى الاقليم مدة لاتقل عن (15) سنة.**

**المادة الثانية عشرة:**

**يعفى من العقوبات الواردة لقانون المخدرات العراقية او ما يحل محلها من العقوبات كل من بادر بابلاغ السلطات الحكومية بالمعلومات التى من شأنها ان تؤدى الى الكشف عن الجرائم المرتكبة أو القاء القبض على افرادها وان كان من المتعاملين بالمخدرات بدون رخصة قانونية.**

**المادة الثالثة عشرة:**

لاي شخص اصبح مدمنا على تعاطى المخدرات وقبل اكتشاف ادمانه من قبل السلطات الحكومية ان يتقدم بطلب تؤيده شهادة طبية يهدف علاجه وعندئذ يعفى من العقوبات او اية اجراءات من شأنه محاكمته ويتبع بحقه نظام علاج طبي للتخلص من ادمانه حسبما يقرره الطبيب و وادى ذلك الى حجزه من مصحات العلاج.

المادة الرابعة عشرة:

لايجوز تسليم المواد المخدرة او المؤثرات العقلية او السلائف الكيميائية الى اي من الدوائر الگمرگيه الا بموجب اذن سحب صادر من وزير الصحة او من يخوله.

المادة الخامسة عشرة:

يتم ضبط المواد المخدرة بعد التأكد من كونها من المواد المخدرة لدى الجهات المختصة وتنظم بها قائمة ومحضر كما يتم حجز جميع المزروعات والمنتجات للمواد المخدرة وكذلك المعدات والالات و وسائل النقل التى استعملت او اعدت للاستعمال فى انتاج او تحويل او تصنيع او تهريب المواد المخدرة عن طريق الادعاء العام و لايمنع ذلك من احالة الصالح فيها للاستعمال فى ميدان الطب والبيطرة والصيدلة او الابحاث العلمية وتتلف البقية بحضور الادعاء العام على نفقة المحكوم عليه.

المادة السادسة عشرة:

لمجلس الوزراء اصدار انظمة:

1- لتنظيم المصحات الخاصة بمدمنى المخدرات والمؤثرات العقلية وتوفير العلاج وانشاء العيادة الخاصة بذلك.

2- تنظيم حيازة المواد المخدرة والمؤثرات العقلية والسلائف الكيميائية واسس استيراد هذه المواد وتحديد التزامات الجهة المستوردة او المرخصة بحيازتها وطرق مراجعتها.

المادة السابعة عشرة:

للهيئة بالتنسيق مع الجهات المعنية اصدار التعليمات لتنفيذ هذا القانون.

المادة الثامنة عشرة:

كل ما لم يرد في هذا القانون والاجراءات الادارية والقضائية والعقوبات يحال الى القوانين العراقية الفدرالية.

المادة التاسعة عشرة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەكان**

**یاسای ژمارە (    )ی ساڵی 2009**

ماددەی یەكەم:

مەبەست لەم وشەو زاراوانە ماناكانى بەرامبەريانە:

1. هەرێم: هەرێمى كوردستان_عێراق.

2. دەستە: دەستەى بەرەنگاربوونەوەى مادده هۆشبەرەكان.

3- هۆشبەر: هەر ماددەيەكى سروشتى يان ئاوێتەيى كە ياساى مادده هۆشبەرەكانى عێراقى ژمارە (68)ى ساڵى 1965 ڕاڤەى دەكات، ياخود هەر ياسايەكى جێى بگرێتەوە يان ياسايەكى تر كە عێراق يان هەرێم پشتى پێ دەبەستێ.

4- كارتێكەرەكانى عەقڵى: هەر ماددەيەكى سروشتى يان ئاوێتەيى كاربكاتە سەر عەقڵ و بەردەوامبوون لەسەر ماددەى سەرخۆشكەر دەكەوێتە ناو چەمكى كاريگەرييە عەقڵييەكان و ئەمەش بەڕێنمايى دەستنيشان دەكرێ لەڕووى جۆرو چەندايەتى و ڕەهەندى كەوتنە بەر حوكمەكانى ئەم ياسايە.

ماددەى دووەم:

دەستەيەك بۆ بەرەنگاربوونەوەى مادده هۆشبەرەكان دادەمەزرێ و پێى دەگوترێ {دەستەى بەرەنگاربوونەوەى مادده هۆشبەرەكان} وكەسايەتى مەعنەوى و سەربەخۆيى دارايى و كارگێڕى خۆى دەبێ.

ماددەى سێيەم:

دەستەكە بە سەرۆكى ئەنجومەنى وەزيرانەوە دەبەسترێتەوە.

ماددەى چوارەم:

ئامانج وكۆششى دەستە بۆ بەديهێنانى ئەمانەى خوارەوەيە:

1- قەدەغەكردنى بازرگانى كردن بە مادده هۆشبەرەكان و كارتێكردنە ئەقڵيەكان لە ڕووى بەرهەم هێنان و دروستكردن و ئامادەكردن و دەرهێنانى ياخود وەرگرتنى يان پێشكەشكردن و عەرزكردنى بۆ فرۆشتن وكڕين يان پێشكەش كردنى ئاسانكارى پەڕينەوەى گواستنەوەى و هێنانى يان هەوڵدان بۆ فرۆشتن يان كڕين ياخود ناردنە دەرەوەى يان بە قاچاخ بردنى.

2- بەرەنگاربوونەوەى داچاندنى ئەو ماددانەى هۆشبەرەكان و ئەوانەى كار لە ئەقل دەكەن لێيان دروست دەكرێ، ئەگەر دەزگايەكى حكومى يان لايەنێكى بەپێى ياسا مۆڵەتى هەبێ نەيگرێتە ئەستۆ كە بۆ مەبەستى زانستى و پزيشكى بێت و ئەمەش بە پێڕەوێك ڕێك دەخرێ.

3- پاراستن لە بەكارهێنانى بەردەوامى مادده هۆشبەرەكان و كارتێكەرەكانى عەقلى ياخود (سەلائيفى كيميايى) لەگەڵ چارەسەركردنى ئەوانەى بەردەوامن لەسەر هەريەك لەوانە لەو مەسەح و نەخۆشخانانەى شياندراون بۆ چارەسەر كردن.

4- چاودێرى كردنى سنوور لەگەڵ هەرێمدا بە هەماهەنگى لەگەڵ لايەنە پەيوەنديدارەكانداو كارى پێويست گرتنەبەر بۆ دابين كردنى سەلامەتى جولانەوە لە بازرگانى كردن بە مادده هۆشبەرەكان، جا بە پيادە كردنى كۆنتڕۆڵى جۆرى بێ يان هەر ڕێگايەكى تر بێت .

5- ناردنی ئەوانەی دەیخۆن یان بازرگانی پێوە دەکەن و مامەڵەی پێ دەکەن بۆ دادگاکان.

6- چاودێری کردنی دەرمانخانەکان و قەدەغەکردنی فرۆشتنی ئەو ماددانەی مۆرکی هۆشبەر یاخود کارتێکەری عەقڵییان بەپێی ئەم یاسایە پێوەیە مەگەر بە ڕەزامەندی پزیشکی تایبەتمەندی نەخۆشیەکە بێ.

7- هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بە مەترسیەکانی مادده هۆشبەرەکان و ئەوانەی کار لە عەقل دەکەن لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و لە نێو قوتابیان لەزانکۆو قوتابخانەکان و دانانی تۆژەرەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم مەبەستە.

8- پێشنیازکردنی دروستکردن و پەرەپێدانی دەزگای تەندروستی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئەوانەی بەردەوامن لەسەر بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و دابین کردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی.

9- هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە فیدراڵی و هەرێمی و نێو دەوڵەتی و ڕێکخراوە هەرێمی و نێو دەوڵەتیەکان لەبارەی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی پێنجەم: دەستە پێکدێت لە:-

1- سەرۆکی دەستەکە بە پلەی تایبەتییە.

2- ژمارەیەك لە ئەندامان کەلە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان دەکرێن.

3- ئۆفیسی پۆلیسی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان: ئەفسەرێك لە هێزی ئاسایشی ناوخۆ بە پلەیەك کەلە عەمید کەمتر نەبێ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك لە دەرچوانی کۆلیژی پۆلیس بێت.

4- ئۆفیسی چارەکردنی پزیشکی و سایکۆلۆژی: پزیشکێکی پسپۆڕ یاخود دەرمانسازێك یان کارگێڕێك سەرۆکایەتی دەکات.

5- ئۆفیسی ڕاگەیاندن یان زانیارییەکان: فەرمانبەرێکی ڕاگەیاندن سەرۆکایەتی دەکات.

ماددەی شەشەم:

دەستە بەلانی کەم یەك جار لە مانگێکدا کۆدەبێتەوە و بڕیارەکانی دەکەونە بەر ڕاستاندنی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

ماددەی حەوتەم:

تاوانی بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان لەو تاوانانەیە کە زیان بە ئاسایشی هەرێم دەگەیەنێ.

ماددەی هەشتەم:

نابێ ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقڵی یاخود (سەلائیفی کیمیایی) هاوردە بکرێن یاخود بنێردرێنە دەرەوە یان بگوازرێنەوە ، مەگەر بە مۆڵەتێك نەبێ کەلە وەزیری تەندروستی هەرێمەوە یان ئەوەی دەسەلاتی پێ دەدات دەرچوو بێ مۆڵەتەکەش بۆ ساڵێك دەدرێ و قابیلی نوێکردنەوەیە.

ماددەی نۆیەم:

نـابێ مۆڵـەتی هـاوردەکردن و ناردنــە دەرەوە یـا گواسـتنەوەی ئـەو ماددانــەی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە دەیانگرێتەوە بدرێت تەنیا بۆ ئەو لایەنانەی خوارەوە نەبێ:

1- فەرمانگەکانی دەوڵەت و پەیمانگا زانستیەکان.

2- سەنتەری توێژینەوە زانستیەکانی دانیان پێدانراوە کە تایبەتمەندیەکەیان وا دەخوازێ ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەرە عەقلیەکان بەکاربێنن.

3- کارگەکانی شیکردنەوەی کیمیایی یان پیشەسازی یان خۆراکی یاخود هی تر کە کارەکـەیان پێویسـتی بـە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر هەیە.

4- کارگەو وەرشە مۆڵەت پێـدراوەکان بـە دروسـتکردنی دەرمـان کـە لـە پێکهاتەکانیانـدا مـاددەی هۆشـبەرو کارتێکەری عەقلی بە کاردێن.

ماددەی دەیەم:

دەستەڵاتە کارگێڕیەکان یاخود دادگای پەیوەندیدار بۆیان هەیە منداڵی باڵق نەبوو لـە تـاوانی بـە کـاربردن بخاتە ژێر چارەسەرکردنی پزیشکی بۆ ڕزگاربوون لە ژەهرەکان یان چارەسەرکردنێکی پزیشـکی سـایکۆلۆژی کە ڕێگەی لێ بگرێ  بگەڕێتەوە بۆ مەیدانی ماددە هۆشبەرەکان.

ماددەی یازدەم:

ئـەو کەسـە بیانیــەی کەلەسـەر تاوانــەکانی مـاددە هۆشـبەرەکان حـوکم دەدرێ دوای تــەواوکردنی مـاوەی حوکمەکەی دەردەکرێ و بەڕێ دەکرێ و ڕێگەی نادرێ بێتەوە ناو هەرێم بـۆ ماوەیـەك لـە 15 سـاڵ کـەمتر نەبێ.

ماددەی دوازدەم:

هەرکەسێك دەست پێشخەری کرد بـۆ ئاگادارکردنـەوەی دەسـەڵاتە حکومەتیـەکان بـە زانیـاری وا کـە تاوانـە ئەنجامـدراوەکان ئاشـکرابکات یـان کەسـەکانیان بگـرێ هەرچـەندە خۆیشی لەوانـەبێت مامەڵـەت بـە مـاددە هۆشبەرەکان بەبێ مۆڵەتی یاسایی دەکات ئەوا لەو سزایانەی کە لە یاسای ماددە هۆشبەرەکاندا هاتوون یـان ئەو سزایانەی جێیان دەگرنەوە دەبوردرێ.

ماددەی سێزدەم:

هەرکەسـێکی بـەردەوام بـێ لەسـەر بـەکارهێنانی مـاددە هۆشـبەرەکان و بـەر لـە ئاشـکرابوونی بـەردەوام بوونەکەی لەلایەن دەستەڵاتە حکومیەکانەوە بۆی هەیە داوایەك پێشکەش بکات کە بڕوانامەیەکی پزیشکی پشـتگیری بکـات بـە مەبەسـتی چارەکردنی و لـەو بـارەدا لەهـەموو تـاوان و ئـەو ڕێکارانـەی دەگرێتـەوە بـۆ دادگــایی کردنــی دەبــوردرێ و سیســتمی چــارەکردنی پزیشـکی بـۆ دەگردرێتەبــەر بــۆ ڕزگــاربوونی لــە بەردەوامیەکـەی لەسـەر ئـەو کـارەی و ئەمـەش پزیشـك بڕیـار دەدات هەرچـەندە ئـەوەش ببێتـە مایـەی حیجزکردنی لە نەخۆشخانەی چارەکردنی.

ماددەی چواردەم:

نـابێ مـاددەی هۆشـبەر یـان کارتێکـەر لـە عـەقڵ یـان (سـەلائیفی کیمیـایی) بدرێتـە هـیچ فەرمانگەیـەکی گومرگی تەنیا بەپێی ڕێگە پێدانی هێنانی نەبێ کە لە وەزیری تەندروستی یان ئەوەی دەسەڵاتی پێدەدات.

ماددەی پازدەم:

مادده هۆشبەرەکان دوای جەخت کردن لەسەر بوونیان کە لە ماددەی هۆشـبەرن لـەلای لایـەنی تایبەتمەنـد بـەرزەفت دەکـرێن لیسـتێکیان پـێ ڕێـك دەخـرێ لەگـەڵ کۆنووسـێك و هـەروەها دەسـت بەسـەر هـەموو چاندراوەکان یان ئەو بەرهەمانەی کە مادده هۆشبەرەکانیان لێ وەردەگیرێ دادەگیرێ، هـەروەها ئـەو کـەل و پەل و ئامێرو هۆیەکانی گواستنەوەیان کە بەکارهاتوون یان ئامادەکراون بۆ بەکارهێنان بۆ بەرهەمهێنان یا گۆڕین یاخود دروستکردن یان بە قاچاخ بردنـی مـاددەی هۆشـبەر لـە ڕێگـەی داواکاری گشـتیەوە دەسـتیان بەسەردا دەگیرێ و ئەمەش ڕێگە لەوە ناگرێ ئـەوەی تێیـدا باشـە بـۆ بـەکارهێنانی لـە مەیـدانی پزیشکی و بەیتەری یان توێژینەوەی زانستی بنێردرێ بۆ سوود لێ وەرگرتنی و ئەوەی دەمێنێتەوەش بە ئامادە بوونی داواکاری گشتی لەسەر کیسەی حوکم دراوەکە لەناو دەبردرێ.

ماددەی شازدەم:

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پێڕەو دەربچوێنێ بۆ:

1- ڕێکخستنی نەخۆشـخانەی تایبـەت بـە ئەوانـەی بـەردەوام مـادده هۆشـبەرەکان و کارتێکـەرە عەقڵیـەکان بەکاردێنن و چارەسەریان بۆ فەراهەم بکەن و نۆرینگەی تایبەتیان بۆ دروست بکەن.

2- ڕێکخستنی هەبوونی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیـەکان و(سـەلائیفی کیمیـایی) و بنچینـەکانی هاوردنی ئەم ماددانە و دەستنیشانکردنی خۆبەستنەوەی لایەنی هاوردەکەر یان ڕێگە پێدراو بە هەبوونی و ڕێگەکانی پێداچوونەوەی.

ماددەی حەڤدەم:

دەستە بە هەماهەنگی کردنی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆی هەیە ڕێنمایی دەربچوێنێ بـۆ جێبـەجێ کردنی ئەم یاسایە.

ماددەی هەژدەم:

هەرچی لەم یاسایەو لە ڕێکارە کارگێڕییەکان و دادوەرییەکان و سزاکاندا نەهاتووە ئەوا دەچێتەوە بـۆ یاسـا عێراقیە فیدرالیەکان.

ماددەی نۆزدەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستاش ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی سەبارەت بە پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون مكافحة المخدرات**

**اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الثلاثاء 1/ پوشپەر/2710 كوردي المصادف ليوم 2010/6/22 الميلادية لدراسة مشروع قانون مكافحة المخدرات في اقليم كوردستان - العراق المقدم من قبل مجلس الوزراء في الكابينة الخامسة و اعادة تقديمه ثانية من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان و المحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة 15 والمؤرخة فى 2010/6/20 و بعد المناقشة و المداولة تقدم اللجنة ملاحظاتها بالشكل الآتي :**

**ان من جملة ما ورد في المشروع تاسيس هيئة للقيام بمهام مكافحة المخدرات و تحديد صلاحياتها و تشكيلاتها و كيفية اداء مهامها .كما ان الاهداف الواردة في المشروع هي نفس الاهداف الواردة في احكام و بنود قانون المخدرات و ان المشروع قد جاء خاليا من اية مادة عقابية تخص المخدرات حيث احال المشروع الاجراءات الادارية و القضائية و العقوبات الى احكام قانون المخدرات و القوانين الاخرى النافذة . و ان قانون مكافحة المخدرات رقم ( 68 ) لسنة 1965 الذي يعتبر من القوانين الصارمة في عقوباتها و آليات تطبيق احكامها و الجهات القائمة على تطبيقها كافٍ لغرض مكافحة المخدرات و القائمين بالاتجار بها او استعمالها وفق الاحكام الواردة فيه .**

**و ان موضوع المخدرات موضوع ذا طابع دولي و هناك اتفاقيات دولية بهذا الشان و ان الاحكام الورادة في قوانين المخدرات في العالم بشكل عام تقع ضمن هذه الاتفاقيات و ان الحكومة المركزية موقعة على الاتفاقيات الدولية بشان المخدرات و كيفية مكافحتها وان القانون العراقي الصادر متطابقا مع بنود و احكام الاتفاقيات الدولية عليه و لتطبيق مبدا الترشيق الاداري في مؤسسات الاقليم نرى ان تشكيل مثل هذه الهيئة ما هو الا تضخم اداري غير منتج لان الجهات القائمة حاليا على تطبيق و تنفيذ قانون المخدرات تفي بالمطلوب و تغنى عن المشروع، لذلك نرى رفض المشروع للاسباب الواردة في اعلاه .**

**راجين التفضل بالأطلاع و عرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة و أبداء الرأى المناسب و التصويت.**

**مع التقدير**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**كاك عمر فەرمووو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**بابەت/ راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان**

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی سێ شەممە 1/ پوشپەڕ/ 2710 ی کوردی بەرامبەر بە 2010/6/22 زایینی، کۆبووە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران لە کابینەی پێنجەم پێشکەش کرابوو و بۆ جاری دووەم لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کرابوو، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە 15ی بەرواری 2010/6/20 ڕەوانەی لیژنەکەمان کرا ، دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن لیژنە تێبینیەکانی خۆی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو :

لە کۆی ئەوەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە دامەزراندنی دەستەیەکە تا بە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان هەڵبستێت و دەسەڵات و پێکهاتە و چۆنێتی ئەنجامدانی کارەکانی دیاری بکات . هەروەها ئەو ئامانجانەی کە لە پرۆژەکەدا هاتوون هەر هەمان ئامانجە کە لە ئەحکام و بەندەکانی یاسای مادده هۆشبەرەکاندا هاتوون و پرۆژەکە هیچ ماددەیەکی سزایی تێدا نیە کە تایبەت بێت بە مادده هۆشبەرەکان، و پرۆژەکە ڕێکارە کارگێڕی و دادەورەیی و سزاییەکانی ڕەوانەی ئەحکامی یاسای مادده هۆشبەرەکان و یاسا کارپێکراوەکانی دیکە کردووە، یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان ژمارە (68)ی ساڵی 1965 یش بە یاسایەکی توند دادەنرێت لە سزاکانی و میکانیزمی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە جێبەجێ کردنی دەتوانرێ بەرەنگاری مادده هۆشبەرەکان و ئەوانەی بازرگانی پێوە دەکەن و بە کاری دەهێنن ببێتەوە، ئەمەش بە پێ ی ئەو حوکمانەی کە تێدا هاتووە .

بابەتی مادده هۆشبەرەکانیش بابەتێکی نێو دەوڵەتیە و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتیشی لەسەر هەیە و ئەو حوکمانەش کە لە یاساکانی مادده هۆشبەرەکانی جیهاندا بە شێوەی گشتی هاتوون دەکەونە چوارچێوەی ئەم ڕێکەوتننامەوە و حکومەتی ناوەندیش ئەو ڕێکەوتننامە نێو دەوڵەتییانەی ئیمزاکردووە کە لەسەر مادده هۆشبەرەکان و چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەیان و یاسای عێراقیش هاوشێوەی بەند و حوکمەکانی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانە. لەبەر ئەمە بۆ جێبەجێکردنی پرنسیپ و ڕێکخستنی (الترشيق)کارگێری لە دامودەزگاکانی هەرێمدا وای دەبینین کە پێکهێنانی ئەم جۆرە دەستەیە بارگرانیەکی کارگێڕی دروست دەکات، چونکە ئەو لایەنانەی کە ئێستا یاسای مادده هۆشبەرەکان جێبەجێ دەکەن بە ئەرکی خۆیان هەستاون و پرۆژەکە بەپێویست نازانرێ، بۆیە لەبەرئەو هۆیانەی سەرەوە پرۆژەکە ڕەت دەکەینەوە.

بفەرموون بۆ ئاگاداری و ئەسڵی پرۆژەکە و ڕای لیژنەی یاسایی لە بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە و دەنگدان لەسەری.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئەمە دەقی ناوەڕۆكی ڕاپۆرتی لیژنەكەمان لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان سەبارەت بە پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەكان

**بۆ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە سەبارەت بە پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەكان**

پاش ئاراستە كردنی دەقی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەكان لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانی بەڕێزەوە بە نووسراوی ژمارە ك 359 لە 2010/6/21 لیژنەكەمان لە كۆبوونەوەی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2010/6/23 و كۆبوونەوەی دووەم ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2010/6/27 گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوەی كرد لە نێوان ئەندامانی لیژنە سەبارەت بە پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەكان، بۆیە لیژنە بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە پرۆژە یاسایەكە:

مادده هۆشبەرەكان مەترسیەكی گەورەن لەسەر لەباربردن و شێواندنی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی لە هەموو جیهان، ئێمەش لە هەرێمی كوردستان لەم مەترسیە بەدەر نین و ئەو یاسایەی تاوەكو ئێستا كاری پێكراوە لە عیراق و كوردستانیش بێجگە لەوەی هاوشێوەو هاوتەریبە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی و بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەكان بە پێویستی نازانین هیچ دەستەیەكی جودا و تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دابندرێت، بۆیە پێمان باشە یاسایەكە وەكو خۆی كە هەیە، ژمارە 68ی ساڵی 1965 كاری بەردەوامی پێ بكرێت و هاوڕاشین لەگەڵ بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و دوا بڕیاریش بۆ بەڕێزتان و پەرلەمانی كوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لەسەر ئەو یاسایە قسە بكەن، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن، حسن محمد، د.زانا، پەیمان عزالدین، پەریهان قوبلای، كوێستان محمد، بشیر خلیل، احمد وەرتی، محمد سعید، بلال سلێمان، تارا ئەسعەدی، حاكم رزگار، شلێر محی الدین، شلێر محمد، كاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پڕۆژە یاسای پێشنیاز کراو لەلایەن 10 ئەندامی پەرلەمان لە ڕۆژی 2010/6/20 خوێندنـەوەی بـۆ کرا، لە 6/21 لە لیژنەی ئێمە لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، بـەڵام لەبـەر کـەمی ماوەکـەی ئێمـە نەمانتوانی ڕاپـۆرتی خۆمـان لـەم مـاوە کەمـە ئامـادە بکـەین، دووەم/ ئـەم پێشـنیاری پرۆژەیـە هـەمان ئـەو پرۆژە یاسایەیە کە حکومەت لـە خـولی پێشـووی هەڵبـژاردن بـە نووسـراوی ژمـارە 978 لـە 2009/4/26 پێشکەش بە پەرلەمانیان کردووە، لەو خولەدا سـەحبیان کردووەتـەوە، بـێ گومـان مـن وای بـە بـاش دەزانم هەم ڕەئی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەش، دیارە درابوو بە لیژنەی ئەوقافیش نازانم ڕەئـی ئـەوان چیە؟ لەگەڵ ئـەوە پێویسـتە جارێکی تـر ئێمـە ڕەئـی حکومـەتیش بـزانین لەسـەر هـەمان پـرۆژە، کـە ئایـا سەحبیان کردووە بۆ دیراسەیە، بۆ دەوڵەمەند کردنیەتی؟ یـان بۆچـیە؟ بۆیـە مـن وای بـە بـاش دەزانم کـە موناقەشە کردن لەسەر ئەم پرۆژەیە دوابخرێت بۆ کاتێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـۆ ئاگاداریـت ئێمـە لـەو مـاوە درێـژە کـە حکومـەت سـەحبی کـرد دەنگیـان نـەبوو، ژمارەیـەکی یاسـایی لـە ئەندامانی پەرلەمان وەکو پرۆژەیەك پێشکەشیان کـرد، دوای 6 مـانگ کـە جـوابی بۆمـان نەهاتـەوە حـەقی ئەندامانی پەرلەمانە وەکو پرۆژەی خۆیـان حیسابی بـۆ بکـەن و لـەناو پەرلـەمان موناقەشـە بکرێـت و لـە لیجانەکان دەتوانن بۆ ئەوە پرۆژەیەك کە حکومەت سەحبی کردبیتەوە و لیژنەی یاسایی لەسەری ڕۆیشت، پرۆژەی ئەو نامێنێت، چونکە من دوو جار بە نووسراوی ڕەسمی داوام لێیان کرد جوابیان نەبوو، کە جـواب نەبوو بۆیە وەکو پرۆژەی ئەندامانی پەرلەمان حیسابی بۆ دەکەین، کاك د.زانا فەرمووو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمه كريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان ئەو تێبینیانەی کە هەمە، من لەسەر هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنـەی نـاوخۆ کـە مـن خۆم یەکێکم لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی، بەڵام هەندێك تێبینم هەیە لەسەر بیرۆکەی ڕەدکردنەوەی ئـەم پرۆژە یاسایە، بێ گومان من لەگەڵ ڕەدکردنەوەی ئەم پرۆژە یاسایە نیم، بەلامەوە گرنگـە کـە دەسـتەیەکی لەو شێوەیە هەبێت، لە هەمان کاتدا بە پێویستیشی دەزانم ئێمە سەر لەبەیانی باسمـان لـە پـڕۆژە یاسـایەك کـرد، وتمـان یاسـای بـەرەنگار بوونـەوەی تـیرۆر ئەمـە دیاردەیـەکی جیهانیـە، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا بـە پێویستیشمان زانی کە ئەم یاسایە پەسەند بکەین، بەڵام کەچی دێینە سەر باس کردنی، ماددە هۆشبەرەکان دەیکەینە دیاردەیەکی جیهانی وکەچی ئەو یاسایەش هەیە لە عێراقدا، جێبەجێ ناکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، کاك زانا ڕەئی صەریحی خۆت بدە، چۆنت پێ باشە، وابڵێ، ئەوانیش ئـازادن، یـەکێك دەڵێـت تـەئجیل بێت، یەکێکی تر دەڵێـت ڕەفـز بێـت، ئـەوە زۆر تەبیعیـە، ئێـوە هـەموو هـاوڕێی یـەکن وئەنـدام پەرلـەمانن، ڕێزمان بۆ بیروڕای هەر هـەموو هەیـە، هەرکەسـێك ڕەئـی خـۆی بـە وازحـی و بەتەفصـیلی چـۆن دەیـەوێت دەیدات، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمه كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ جێبەجێ كردنیدام وداواكاریشم لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز و لیژنە پەیوەندیدارەكان كەوا بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆكردن لەم پڕۆژەیە، لەبەر چەند هۆكارێك، یەكەم: ئەم پڕۆژە یاسایە لە حاڵەتی پەسەند كردنیدا، هیچ جۆرە ڕۆتینیاتێكمان بۆ دروست ناكات، چونكە ئەگەر سەیری ناوەڕۆكی پێكهێنانی ئەم دەستەیە بكەین، وەكو لە ماددەی پێنج ئیشارەتی پێ دراوە، ئەو دەستانە خۆیان فیعلی وجودیان هەیە، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كەسێك دەست نیشان دەكات، لەهەمان كاتدا چەند كەسانێكی پسپۆڕ بانگ دەكرێت، یاخود ئەوانە كە لە وەزارەتی ناوخۆدا، واتە ئەو كەسانەی كە سوودیان لێ وەردەگیرێت، لە شێوەیەك لە شێوەكان نابێتە هۆی دروست كردنی ڕۆتینیاتێكی زۆر، بەڵكو لەهەمان تەشكیلەدا هەیە، ڕەنگە فەرمانگە هەبێت لەناو دامەزراوەكانی حكومەتدا كە موختەص بن بەو ئیشە، بەڵام ئێمە زیاتر بابەتەكە پوخت دەكەینەوە، دووەم: پشتگیری كردنێك لەسەر ئەم پڕۆژەیە خۆی یاسایەك هەیە لە عێراقدا كە جێبەجێ كراوە، لەساڵی 1925 دەركراوە، ئێمە خوازیارین كە ئەو پڕۆژانە زیاتر مۆركێك بێت، لە كوردستانەوە شتەكە پەسەند بكرێت، ڕەنگە كۆمەڵێك گۆڕانكاری تر هاتبێت، تایبەت بە بەرەنگار بوونەوەی ئەو ماددە هۆشبەرانە، كە لەساڵی 1965 دەرچووە، كۆمەڵێك موستەجیداتی تازە هەبێت، ئالیاتی تازە هەبێت بۆ بەرەنگار بوونەوە، ڕەنگە شتێكی تەندروست بێت، ئەگەر ئێمە لە ئیستادا هەوڵ بدەین، بە صیغەیەكی نوێ ئەم بیرۆكەیە دابڕێژینەوە، لەهەمان كاتدا هیچ مانعێكیش نیە، كە ئێمە سوود وەربگرین بەوەی كە لە پڕۆژەكەدا هاتووە، هیچ مانعێك نیە كە ئێمە سوود وەربگرین لەو پڕۆژە یاسایانەی كە پێشتر لە عێراقدا جێبەجێ كراون، یاخود لەهەرێمی كوردستانیشدا پەیڕەو دەكرێن، گرنگ ئەوەیە ئێمە دەستەیەك پێك بهێنین، كە سەر پشك بێت بۆ بەدواداچوون و چارەسەر كردن و قەڵاچۆ كردنی ئەم كێشەیە، بۆیە من تەئكید دەكەمەوە لەسەر پەسەند كردنی ئەم پڕۆژەیەو بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی هیچ كاریگەری نابێت لەسەر تەرشیق، یاخود لەسەر كەم كردنەوەی ڕۆتینیات، بەڵكو ئەمە هەماهەنگ كار دەبێت لەهەمان كاتدا، كاریگەرییەكی زۆر گەورەی دەبێت لەسەر قەڵاچۆكردنی ئەم جۆرە نەخۆشیانە، یاخود ئەم جۆرە تاوان و كارەساتانە لەهەرێمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدين عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەدڵنیاییەوە مەبەستی پەرلەمان یان ئەندامانی پەرلەمان، لەجێبەجێ كردن و تەتبیق كردنی ئەو قانونەی كە لە عێراقدا هەیە، یاخود دەركردنی یاسایەكی تر، كەتایبەت بێت بە هەرێمی كوردستان، مەبەستی هەردوو بیرۆكەكە، قەدەغە كردنی یاخود بەگژدا چوونەوەی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەكانە

لەهەرێمی کوردستاندا، ئینکاری لەوە ناکرێت کە مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاستێکی زۆر فراوان بڵاو بووەتەوە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش مەترسیەکی گەورەیەو هەڕەشەیەکی گەورەشە لەسەر هەم نەوەکانی داهاتوو، هەم ئێستاو هەم ئاسایشی هەرێمەکەشمان، بەڵام لێرەدا دەبێ ئێمە پێش ئەوەی کە قسە لەسەر ئەوە بکەین، کە ئەو پرۆژەیە ڕەد بکەینەوە یاخود دەنگی پێ بدەین، یاخود تەعدیلی تێدا بکەین، قسە لەسەر ئەوە بکەین ئەو قانونەی کە هەیە، کە لەعێراقدا لەساڵی 1965 دەرچووە، چەندین ساڵە جێبەجێ دەبێت، لەهەرێمی کوردستانیشدا ئیشی پێ دەکرێت، تا چەند بەڕاستی بەگژ بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکاندا چووەتەوە، تاچەندیش ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ بڵاوبوونەوەی لەو قانونەدا، ئەگەر هەر یەکێك لە ئێمە سەردانی زیندانەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك بکەین، دەزانین کێشەی ئەو قانونە چەند زۆرە، چەند مەسەلەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانیشی زیاد کردووە، لەبەر ئەوە لەو یاسایەدا، بۆ نموونە تەعریفی بازرگانی کردووە، بەڵام پێناسەی بازرگانی نەکردووە، بازرگان کێیە؟، ئەوەیە کە یەکجار ئیش لەسەر مادده هۆشبەرەکان دەکات، یان ئەوەیە کە عنصوری تکراری تێدایە، بەپێی قانونی تیجارەی عێراقی، کە ئەمە بۆ خۆی بەتەنها ئەم حاڵەتە، غەدرێك و ناحەقیەکی زۆر گەورەی دروست کردووە، بێجگە لەوەی لەسایەی ئەو قانونەی کە جێبەجێ دەبێت، لەهەر سێ چاکسازییەکەی ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك)دا بەتایبەتی لە سلێمانیدا، تەحریزو ئیستیدراج ڕێژەیەکی یەکجار زۆر پێك دەهێنێت، کە ئەمەش دیسانەوە لە سایەی ئەو یاسایەدایە کە ڕێگا خۆشکەرە بەتایبەتی لە دوای ساڵی 2004 ەوە کە بە بڕیارێکی سیاسی مەسەلەی تەشجیع کردنی ئەفرادی ئاسایش بۆ ئەوەی کە حاڵەتێك یان کەیسێکی موخەدەرات بگرێت، ئەوانە پلەو ڕوتبەیان بەرز دەبێتەوە، ئەمە بەرێژەیەکی یەکجار زۆر لەسایەی ئەو قانونەدا، مەسەلەی ئیستیدراج و مەسەلەی تەحریزی هێناوەتە کایەوە، کە خەڵکێك کراون بە بازرگان بەبێ ئەوەی نیەتی بازرگانی کردنی هەبووبێت، کە ئەمانە بەڕاستی کۆمەڵێك کێشەن، کە ئەو یاسایە دروستی کردوون لە سایەی ئەو یاسایەدا لەم هەرێمەی ئێمەدا چەندین کەس کراون بە بازرگان، چەندین خەڵك کە موتەعاتیە، لەگەڵ بازرگانەکان بەیەکەوە لەیەك سجندان کە بۆ خۆی هەدەفی قانونەکە نامێنێت، چونکە هەدەفی عقوبە لەهەر یاسایەکدا ئیصلاح و ڕەدعە، نە ئەتوانین ئیصلاحی پێ بکەین، لەبەر ئەوەی سجنەکان زۆر خراپن، چاکسازییەکان زۆر خراپن، مەوتەعاتی و بەناو بازرگانەکانیش هەمووی بەیەکەوەن، ئەوەی کە موتەعاتیش نیە لەوانەوە فێر ئەبێت، کەواتە ئەگەر لەهەر زیندانێکدا 70 کەس بەتاوانی بازرگانی گیرابێت، 700 کەس ڕەنگە تووشی تەعاتی ببێت، کە ئەمانە هەمووی بۆ خۆی ئەزمەو کێشەی یاساکەیە، بۆیە من بەگرنگی ئەزانم یاسایەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان هەبێت، لەسایەی ئەو بەدواداچوون و ڕاپۆرتانەی کە ئامادە دەکرێت بۆ مەسەلەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەریهان قبلای، فەرموو.

**بەڕێز د. پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن منیش وەکو دکتۆرەیەك لە لیژنەی تەندروستی، پێم باشم بوو لیژنەکەمان ڕاپۆرتی خۆی هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە باشتر بوو وەزیری تەندروستیش لێرە ئامادە ببێت، لەبەر ئەوەی ئەمە مەسەیەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە، ڕەبتی هەیە بە وەزارەتی تەندروستیەوە، ئێمە وەکو خۆت دەزانیت ماددە هۆشبەرەکان هەر ئەوە نیە کە بڵێین هیرۆین بێت یان مەوادی تری ڕوەکی بێت، زۆربەی ماددە هۆشبەرەکان لە شێوەی حەب و ئەو شتانەدا هەیە، کە ئێستا زۆر بەربڵاوە لە بازاڕدا، ئەم دەستەیە کە دروست دەبێت گرنگی ئەوەی هەیە کە تۆ دەستەیەك دروست دەبێت بۆ مەنع کردنی، هەروەها بۆ ئەوەی کە لەو دەرمانخانانەدا مەنع بکرێت کە هاووڵاتی دەتوانێ لێوەی دەستی بکەوێت، وەکو خۆمان دەزانین هەتا ئێستا سەندیکای پزیشکان نەیتوانیوە بەوەصفەی دکتۆر لە دەرمانخانەکاندا دەرمان بدات بە نەخۆش یان هەر هاووڵاتیەك ئەتوانێ بەئاسانی دەستی بکەوێت، بە پارەیەك و بەنرخێکی زۆرکەم، هەروەها ئێمە لە کوردستاندا موشکیلەی ئەوەمان هەیە کە ئەوانەی قوربانی ئەو ماددە هۆشبەرانەن کە بەحەب یان مەوادی تر بێت، کەقورس ترە، بۆیە ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی تا ئێستا سەنتەرێکی تایبەتی نیە، بۆ ئەوەی عیلاجی ئەم نەخۆشانەی تێدا بکرێت، کەوابوو حکومەتی کوردستان مەجبور دەبێت ئەم نەخۆشانە یان ئەوەتا ماڵ ومناڵی ئەو زەریبەیە بدەن یان ئەوەتا بینێرێتە دەرەوە لەسەر حسابی حکومەتی هەرێم، خۆشمان دەزانین کە ئەو نەوعە کەسانە پێویستیان بەوە هەیە کە سەنتەرێك هەبێت لەوڵاتی خۆیدا، لە ناو کەسوکاری خۆیدا چارەسەریان بکات، بۆیە بەوە دەتوانین کە ئەمانە فیعلەن بەرەو چاکبوونەوەیان بەرین، ببێت بە هاووڵاتیەکی باش و نەجاتی ببێت لە ئاسەواری ماددە هۆشبەرەکان، لەبەر ئەوە زۆر زۆر بە پێویستی دەزانم ئەم پرۆژە یاسایە بەردەوام بێت لە لیژنەکاندا، هەروەها ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم خۆمان بۆ خۆمان یاسایەکمان هەبێت، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی دانیشتنی ترمان هەبێت، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆش، ئەم دەستەیەش دروست ببێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی باش موکافەحەی ئەمە بکرێت، هەروەها عیلاجیش بکرێت ئەوانەش نەبن بەقوربانی و عیلاج بکرێن لە زیندانیەکاندا، وەکو پەیمان خان ئیشارەتی پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیریم بۆ قسەکانی هاوڕێم دکتۆر زاناو پەیمان خان و دکتۆرە پەریهان، من یەك ئیزافەم هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر ئەمشەو دیقەتتان دابێت، لەهەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، کۆمەڵێك ئامار خوێندرایەوە کە لە دامودەزگا ڕەسمیەکانی حکومەتەوە وەرگیرابوون، کە لەڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی ماددە

هۆشبەرەکان لەجیهاندا خرانە ڕوو، بەڕاستی ئەو ئامارانە مەترسیداربوون، لەڕووی ئەو ژمارە زۆری کە خەڵك گیراون ئێستا لەزیندانەکاندان، ئەو ڕێژە زۆرەی کە گیراوە لەو ماددانەی کە سوتێندراون، ئەو تەمەنەشی کە ماددەکە بەکار ئەهێنن، کە هەمووی گەنجە، بۆیە پێمان وایە، وەك هاوڕێیانم ئیشارەتیان پێدا، ئەم یاسایە نەیتوانیوە بە تەواوەتی چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکات، بۆیە پشتگیری هاوڕێیەکانم دەکەم، لەوەی کە پێویستە ئەم یاسایە دەربچوێندرێت، دەستەیەکیش هەبێت، بۆ ئەوەی کە ئەم دەستەیە بتوانێ بەدواداچوون بۆ ئەم مەسەلەیە بکات، زۆر ئاسایشە کە یاسایەك لە عێراق هەبێت لە هەرێمیش هەبێت، چونکە ئەوە دەستوریش ڕێگای پێداوین هەروەك چۆن یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لەپەرلەمانی عێراق دەرچوو، ئێمەش یاسایەکمان هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە یاساکەی عێراق زۆر توندترە لە یاساکەی ئێمە، بەڵام ئێمە یاسایەکمان ئەمڕۆ بۆ خۆمان درێژ کردەوە، بۆیە زۆر ئاساییە کە ئێمە دەستوریش ڕێگای پێداوین، یاسایەکی تایبەتمان هەبێت، بۆ ئەم مەسەلەیە کە بەڕاستی خەتەرێکی زۆر گەورەیە، لە تیرۆر زۆر خەتەر ترە بۆ سەر نەوەکانی ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گومان لەوەدا نیە کە مادده هۆشبەرەکان خەتەرناکیەکی زۆر گەورە لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکات، چ لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە چ لەلایەنی ئاسایشی نەتەوەیی، چ لەلایەنی ئابووری و ئاینیشەوە، بەڵام ئێمە ئەمڕۆکە لەبەردەم پڕۆژە یاسایەکین ئەم پڕۆژە یاسایە، یاسایەکی عێراقی فیدڕالیش هەیە، بە ژمارە(68)ی ساڵی 1965، ئێمە بۆ ئەوەی بزانین کە ئاخۆ ئەو پڕۆژە یاسایە چی زیاد کردووە، لەسەر یاسا ئەصڵیەکە، یان چی لێ کەم کردۆتەوە، یان چ شتێکی وای داناوە کە ئێستا لە 1965وە تاکو ئێستا ئێمە پێویستیمان پێی هەبووە، کەواتە دەبێتە موجب بۆ دانانی ئەم یاسایە، لەلایەکی تریشەوە، ئەم پڕۆژە یاسایە دیسان ئاراستەی لیژنەی ئێمەش کراوەتەوە، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، ئێمەش لەبەر ئەوەی تا ئێستا ماوەمان نەبووە دیراسەتی بکەین، بۆیە منیش داوا دەکەم کەوا گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە دوابخرێت بۆ کاتێکی دیکە تا ئێمەش ڕاپۆرتی خۆمان ئامادە بکەین، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە مەسەلەیەکی گرنگەو مەسەلەیەکی حەساسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئەحمەد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره هەر یاسایەك كە دەردەچێت بێگومان ئەبێ پێویست بوونی ئەو یاسایە لە ئەرزی واقیع لەبەرچاو بگیرێت، دیارە مەسەلەیەكی وەكو مادده هۆشبەرەكان، بەڕاستی وەكو هاوكارانم ئاماژەیان پێدا، گرنگیەكی تایبەتی هەیە ئەمرۆ لەهەموو جیهاندا، لەبەر پێویستی ئەم مەسەلەیەو بوونی یاسایەك لەو بارەوە، حكومەت ئەو یاسایەی پێشكەش كردووە، پاشان لەلایەن چەند ئەندامێكی پەرلەمانەوە جارێكی تر پێشكەش كراوەتەوە، ئەمە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم: ئەگەر كەموكوڕی هەبێ ئەمە ڕای منەو لە لیژنەی یاسایش ئەم یاسایە ڕەد نەكرێتەوە بەڕاستی، چونكە ئەگەر كەمووكوڕ هەیە لەناو یاساكەدا، بەتایبەت ئەگەر هیچ ماددەیەكی سزایی تێدا نیە، ئەكرێت لەكاتی گفتوگۆكردندا ئەم بۆشاییانە لە یاساكەدا پڕ بكرێنەوە، سێیەم ئەگەر بوونی دەستەیەك بارگرانی دروست ئەكات لە هەرێمی كوردستان، ئایا مەسەلەیەكی گرنگی وەكو مادده هۆشبەرەكان كەوا خەریكە هەڕەشە لەكوردستان دەكات و لاوەكانمان ئالۆدە دەبن بە مادده هۆشبەرەكانەوە، ڕاپۆرتەكانیش بەڕاستی ئەوە دەگەیەنن كە هەڕەشەیەكی جدی هەیە لەسەر لاوەكانمان و گەنجەكانمان، لەو دیو سنوورەوە ئەو مەوادانە دینە ناو كوردستانەوە لەناو زیندانەكاندا ڕاپۆرتەكان كە بلاو دەبنەوە لە هۆكارەكانی ڕاگەیاندن، ئەمە بەكارهێنان و بازرگانی كردن بە مادده هۆشبەرەكان خەریكە زیاد دەبێت و هەڕەشە لەسەر تێكدانی شیرازەی خێزانیش لەكوردستان دروست دەكات، ئایا ئەمە ئەوە ناخوازێ كەیاسایەكی تایبەت لە هەرێمدا هەبێت و دەستەیەكی تایبەتی بۆ پێك بێت، پێم وایە ئەمە ئەوە هەڵدەگرێت كە هەم یاسایەكی هەبێت، بەقەد ژینگەو مافی مرۆڤیش ئەو گرنگیەی هەیە، كەوا بایەخی پێبدرێت و دەستەیەكی بۆ پێك بێت، ئەگەر مەسەلەكە دەستەكەیە دەكرێت بەڕێوەبەرایەتیەكی تایبەتی هەبێت بۆ ئەو فەرمانگانەی كە تایبەتن بۆ قەڵاچۆ كردن یان بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەركان، بۆیە پێم باشە ئەو یاسایە ڕەد نەكرێتەوە یان گفتوگۆی بكرێت یان دوابخرێت بۆ ماوەیەكی تر، بۆ ئەوەی لە هەرێمی كوردستان یاسایەكی تایبەتمان هەبێت كە بەپێی ئەم واقیعەی ئێستاو ئەو گۆڕانكارییانەی كە هاتوون بەسەر ئەو مەسەلانەی كەپەیوەندن بە مادده هۆشبەرەكان بەتایبەت لە كوردستان، لە چوارچێوەی تایبەتمەندی هەرێمی كوردستاندا یاسایەكی تایبەتی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو بەڕێزانەی كە دەڵێن ئەم پرۆژە یاسایە ڕەد نەكرێتەوە، لەبەر ئەم هۆیانە، مەترسی مادده هۆشبەرەكان دیارو ئاشكرایە، لەڕووی سیاسی، لەڕووی كۆمەڵایەتی، لەڕووی ئابووری، لەڕووی تەندروستی، كەنەخۆشی ترسناكی لێ دەكەوێتەوە، هەروەها خەتەرێكی گەورەی هەیە لەسەر سامانی مرۆیی وڵاتەكەمان، ئەگەر بێین بەقوڵی و بەشێوەیەكی زانستی دیراسەی ترسناكیەكان و

خەتەرییەکانی مادده هۆشبەرەکان بکەین لە هەموو ڕوویەکەوە بەڕاستی چەندەها توێژینەوەی دەوێت، ئامارەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کەبلاوبوونەوەی ئەم ماددەیەو بازرگانی کردن پێوەی، بەشێوەیەکی بەربلاو دیارە لەناو کۆمەڵگاکەماندا، بەڕاستی ئەو ئەسباب و موبەڕیڕاتانەی کە باسی ڕەد کردنەوەی دەکەن، پێم وایە لاوازن، دەتوانین خاڵ، بەخاڵ، وشە بە وشە وەڵامی بدەینەوە، ئەوەش بەڕاستی موبەڕیڕ نیە کە بوونی یاسایەك لە عێراق مانع بێت لەسەر بوونی ئەم پڕۆژە یاسایە لەهەرێمی کوردستان، چونکە چەندەها یاساو چەندەها دەستەی تر لە عێراق هەیە، وەکو دەستەی مافی مرۆڤ، دەستەی ژینگە، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و چەندەهای تر، کەچی ئێمە لەهەرێمی کوردستان پڕۆژە یاساو دەستەی بۆ دادەنێین، ئەمەش مانعی ئەوە نیە کە مولاحەزات یان زیادو کەم هەبێت، ئەوە تەبیعیە، یان هەربۆشاییەك هەبێت ئێمە پڕی بکەینەوەو مولاحەزەی لەسەر بدەین، باس لە مەبدەئی تەرشیق و تەزەخومی ئیداری دەکرێت، بەڕاستی چەندەها مودیریات، چەندەها وەکیل وەزارەت هەبووە کە ئێمە باسمان کردووە تەرشیق بکرێت، کەچی دانراوە، من بۆیە دەڵێم لەگەڵ ئەوەدام کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەگەر مولاحەزەو کەموکوڕی هەیە، تێبینی بڵێن لەسەری، بەڵام بوونی یاساکە، بوونی دەستەکە بە زەروور دەزانم بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای ئێمە، کە لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا هەیە و کاریگەری سیاسیشی دەبێت لەسەر وڵاتەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بیلال سلێمان، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مادده هۆشبەرەکان دیاردەیەکی جیهانیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئێمە دەبێ بزانین بەڕاستی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئەم دیاردەیە ڕووی لەوڵاتی ئێمەش کردووە، بۆتە خەتەرو ترسناکیەك لەسەر وڵاتەکەمان و لەسەر ئاسایشی نیشتمانیمان بەڕاستی، ئەگەر باس لە کەموکورتی لە یاساکەدا بکەین، منیش پێم وایە، بەڵێ کەموکورتی زۆری تێدایە، بەڵام ئەمە لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیە، مادام پڕۆژەیە قابیلی دەستکارییە، ئەبوایە لیژنەکان لەباتی ئەوەی ڕەدیان بکردایەتەوە پێشنیارو تێبینیەکانی خۆیان لەسەر بدایە، دواتریش پێشنیاری ڕەد بوونەوەکەشیان بکردایە، یەعنی هەم پێشنیاری چاککردنیان لەپێشدا بکردایە، هەم ڕەد کردنەوەش، نەك هەر لەڕێگاوە هەموویان ڕەد بکردایەتەوەو هیچ پێشنیارێکیان لەسەر نەنووسیایە، بەوە چارەسەر دەکرێت وەکو چۆن هەموو پڕۆژە یاساکانی تر کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، هەمووی تێبینی لەسەر هەبووەو دوایش لێرە چارەسەر کراوە، لە لیژنەکان موناقەشە کراوە، دوایش لەناو هۆڵی پەرلەمان چارەسەر کراوە، ئەوەش بەهەمان شێوە، ئەم پڕۆژە یاسایە پێشتر لە حکومەتەوە هاتووە، کەواتە دەلیلە لەسەر ئەوەی کە حکومەت ئەمە بە گرنگ دەزانێ، ئەگەر سەحبیشی کردۆتەوە، لەبەر ئەوە نەبووە کە پێویست نیە، حکومەت هەموو پڕۆژە یاساکانی کە هاتووە بۆ پەرلەمان

لە کابینـەی پێنجـەم، دواتـر لەکابینـەی شەشـەم هـەمووی سـەحب کردۆتـەوە، کەواتـە نابێتـە دەلیـل کـە گەڕانەوەو سەحب کردنەوە لەبەر ئەوە بوو‌بێت کە ئەم پڕۆژەیە پێویست نەبێت، یاسایەك کە 45 ساڵ بەر لە ئێستا دەرچوو‌بێت بۆ عێراق، لەگەڵ ئەمڕۆدا زۆری فەرقە، 45 ساڵ پێش ئێستا دەتـوانم بڵێم 10 سـاڵ پێش ئێستا لە کوردستانی ئێمـەدا لـە 99٪ ی خـەڵك نەیـدەزانی مـەوادی تریـاك و هێـرۆین ئەوانـە چـین، ئێستا خەڵك وردە وردە فێر بووە، کەواتە وەزعی یاساکە لـەو کاتـەدا، لەگـەڵ ئێسـتادا فـەرقی زۆر زۆر تـرە، بۆیە پێویست دەکات یاسایەکی تازە بۆ ئەو سەردەمە دابنێردرێت، تایبەتیش بێـت بـە هـەرێمی کوردسـتان، چونکە یاسایەکی تایبەت لەعێراق فەرقی هەیە و شێوازی جێبەجێ کردنەکەشی هەر فەرقی هەیـە لەگـەڵ هەرێمی کوردستان، بۆیـە پێویسـتە لەهـەرێمی کوردسـتان یاسـایەکی لـەو شـێوەیەمان هـەبێت، گرنگـی ئـەو یاسایەش بەڕاستی لەوەدایە کە ئاسایشی نەتەوەییمان دەپارێزێت، دووریشمان دەخاتەوە لەو هەموو کێشـەو گرفتانەی کە هەیە، هەروەها دروست کردنی دەزگایـەکیش وەکـو هـەردوو لیژنـەی بـەڕێز باسـیان کـرد، کـە قورسایی هەبێت لەسەر حکومەت و لەسەر دارایی هەرێم بەڕاستی من پێم وانیـە کـە ئـەوە قورسـایی بێـت، چونکە لەوە گرنگتر ئێمە چیمان هەیە، یەعنی چیمان هەیە لـەوەی کەبـەرەنگار بوونـەوەی موخـەدیرات و مـەوادی موخـەدیر ببینـەوە، پـێم وایـە دەزگایـەك و چـەند دەزگایـەکیش نابێتـە قورسـایی ئـەوەی کـە گرنگیەکەی لەوە زیاترە ئێمە باسی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من کە دێم تەماشای ئەم یاسایە دەکەم  کە ئێستا دانراوە بەناوی دەستەیەك کـە دروسـت بکرێـت، بەرامبەر ئەوەی کـە مـن دیسـان دەیڵێم لێـرەدا وەکـو دیـاردە نیـە، بـەڵکو وەکـو حاڵـەت هەیـە، مـەوجودەو ناتوانین ئینکاری بکەین، بەڵام ئەوەی ئێمە لەسەرمانە بیکەین، ئەوەیە کەچۆن وابکەین ئەم گەنجانە دوور بخەینەوە لەو مەترسیەی کەچاوەڕوانیان دەکات،  کەدێین تەماشا دەکەین لە هەردوو قانونەکەی کە لەساڵی 1965 هاتووە، بەڕاستی دووری ساڵ بۆ دروسـت بـوونی قـانون شـەرت نیـە ئـەوە ئیکسـپایەر بـوونی قـانون پیشان بدات، کە دێم تەماشـای ئـەو قانونـە دەکـەم بڕگـە بـە بڕگـە تەماشـا دەکـەم ڕاسـتە ئەمـەیان لـە 17 بڕگەیەو ئـەوەی تریـان لـە 19 بڕگەیـە کـە هـاتووە وەکـو دەسـتە، زۆر زۆر بـە وردی تـرو شـامل تـر لـەناو قانونەکەدا باسی هەموو شت دەکات، یەکێك لەو شتانەی کە زۆر زۆر گرنگە، جۆری موخەدیر خۆی چیە؟، چەند جۆرمان هەیە؟، چەند شێوە لەو گیایانەمان هەیـە؟، هـەمووی بـە نـاوەوەو بەهـەموو شـتێکەوە دێـت پیشانی دەدات، لێرەدا دێین تەماشا دەکەین پێشێل کردنی هەر بابەتێك یاسای بۆ داناوە، بەپێی قانون چـی بۆ دەکات، لەم دەستەیەدا من بەڕاستی هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی، کە دانەنراوە چ جۆرە سزایەك بۆ ئەم شتانە دابندرێت، بـەڵام ئەمـەش بـەوە نابڕێـت کـە ئێمـە لـەدوارۆژ، ئەگـەر بێـت و پڕۆژەیـەك بێـت، تێیـدا

هەبێت هەموار کردنی شتێکی تایبەت، ئەگەر هەبێت لەناو یاساکەدا نەبێت، ئەوەش بەڕای من وەکو مافی مرۆڤ ئەبینم لایەنی قوربانی لەگەڵ ئەو کەسەی کە تیجارەتی پێ دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە بوەتە قوربانی ئالێرەدا زۆر بە زەقی لەناو یاساکەدا چارەسەری بۆ نەکراوە، دەکرێ وەکو هەموارکردنێك لەڕۆژانێك کە ببیندرێت یان شتێکی بۆ ئیزافە بکرێت وەکو مولحەقێك بۆ ئەو یاسایە، بۆیە من بەس لەوەدا دەبینم کە پێشێلی لەناو یاساکە بەشێوەیەکی عام من وەکو یاسا تەماشای دەکەم، بەڵام ئەگەر وەکو ئەوەی کە ئێمە ڕۆژانە وەکو حکومەتی کوردستان تەماشا دەکەین، دژی هەموو توندوتیژییەکین بەڕاستی، ئەم توندو تیژییەی کە بە ماددەی هۆشبەر دەکرێت، ئەگەر لەڕۆژێکدا یادی دەکەینەوە لە 26 مانگ، بەڵام ڕۆژانە دژی توندوتیژی خێزانین کە پەروەردە یەکەم شتە، بۆ ئەوەی گەنجەکەی وای لێبێت کە بچێت بۆ موخەدەر، ئێمە چی بکەین لەڕێگای پەروەردەوە؟، چی بکەین لەناو سجنەکان؟، کە ئێمە تێکەڵی ماددەی هۆشبەر لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لێرەدا چەند هاوکارێکم باسیان کرد، ئەوانەی کە پێکەوەن لەیەکتری نەبن، ئەوانە لەڕێگای هۆشیار کردنەوە دەکرێت، لەڕێگای سەنتەراتی تایبەت هەروەها هۆشیار کردنەوە دەکرێت، شەرت نیە بێین قانونێك و شێوەیەکی تری نوێ بێنین بیخەینە سەر ئەو قانونەی کە هەموو شتێکی تێدا باس کردووە، یاساییەکان زۆر زیاتریش ئەوە زۆر بەوردی و بە تەفصیلی شیان کردۆتەوە، منیش هەر هەمان ڕام هەیە، کە لای یاسایی بگرم، ڕێگا تەواوەکە بگرین کە چۆن ئێمە وا بکەین کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە لەناو کوردستاندا کە بەهیواین بەهۆشیار کردنەوە بێت، بەزانینی جۆرەکان، چونکە لە لایەن عەقارەوەو لەلایەن جۆری ئەو حەبانەی کە هەیەو وەرگرتنی زۆر جار هەیە کە ئەبێتە قوربانی، نازانێت شێوەکەی چیە؟، ئەمە لەلای تەندروستیەوە دەخرێتە موخەدەرو دەخرێتە دەرمانەوە هەرچەندە شتێکی تەبیعیە، بەڵام لەم یاسایە هەمووی باس دەکات، حەتا سزاکانی بۆ داناوە، هەموو شتەکانی داناوە، هیچ پێویستی بە شتێکی زۆر نوێ بوونەوە نیە؟، ئێمە دابنیشین جارێکی تر یاسایەکی سەر لەنوێی بۆ دابنێین، تەنها ئەو خاڵە نەبێت کە ئاماژەم پێکرد، ئەویش جیاوازی کردنی قوربانی و ئەو کەسەی کە تیجارەتی پێوە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حاکم ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان تاوانی موخەدەرات تاوانێکی تایبەتمەندە، هەر بۆیە قانونێکیشی بۆ دەرچووە، ئەم یاسایە چ لە 1965، چ لە 1958، چ لە چلەکان بەشێوەی جیا جیا، مەوعالەجاتی بۆ دانراوە، تا ئەخیرەن لە یاسای ساڵی 1965دا کۆبووەتەوە، من بەپێی تەجروبەی خۆم لە مەحاکمدا بەپێویستی دەزانم کە ئێمە یاسایەکمان هەبێت، بۆ دامەزراوەیەکی زانستی بۆ مەسئەلەی موخەدەرات، هەم تاقیگەیەکی تێدا بێت، ئەبینی ئەوەی کە عیلاقەی بە یاساکەوە هەیە، بەتەنها عقوبەیەك نیە؟، بەڵکو ئەتگەڕێنێتەوە بە

جەدوەل، جەدوەلەکەش پەیوەندی هەیە بە کۆمەڵێك مەوادەوە، جەدوەلی یەکەم، کە مولحەقی قانونی موخەدەراتە، 80 ماددەیە بە تەفصیلاتیەوە، جەدوەلی دووەم و جەدوەلی سێیەم و چوارەم، زۆرجار ناعەدالەتی لە مەحکەمەکانی ئێمەدا ئەبێت، لەبەر ئەوەی تەشخیصی حاڵەتەکە نازانن چیە؟، نیسبەتی هەیە، ئەو ڕێژەیە ئەو نەوعیەتە، ئایا موتەتابیقە یان نا، زۆرجار ئێمە ناچار دەبووین، دەمان نارد بۆ کولیەی علوم، بۆ زانکۆ، لەوێ دەستەیەك بەدزییەوە لەترسان لەبەرئەوەی کە کەشف نەبن، ئەو تەقریرەی کەبۆمان دەهاتەوە، تەقریرەکان دەقیق نەبوون، جارێکی تر تەئکیدت لێ دەکردەوە بەنەوعێکی تر، بۆیە بە بۆچوونی من، ئەمە نەك ببێت بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، من لەگەڵ ئەوەدا نیم بەم شێوەیە بێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدام کە یاسایەك بێت بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی زانستی بۆ مەسەلەی مادده هۆشبەرەکان، هەم لەڕووی عیقابی و عەدالەتەوە، ئەو بڕیارانەی ئەوان ئیعتیمادی تەواوی بکرێتە سەر لەدادگاکان، هەم لایەنی موعالەجەش بگرێتە خۆی، چونکە قانونەکە خۆی ئەوەی تریان هی ساڵی 1965، مەسەلە عیقابیەکانی تێدا موعالەجە کراوە، بەڵام ئەو لایەنەی نوقسانە ئێمەش لە هەرێم، ئەو موشکیلەیەمان هەیە لە مەحاکمەکاندا، پێویستمان هەیە بەیاسایەك بۆ ئەو دامەزراوە زانستیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو یاسایەی ساڵی 1965، یاسایەکە زۆر چڕ وپڕو ڕێك وپێکە، کە هەموو لایەنێك هەر سەرهەڵدانێك لەو بابەتە، عیلاجێکی بۆ داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکوردستان ڕۆژ بەڕۆژ، ئەوانەی کە ئەو ماددەیە بەکار دەهێنن لەزیاد بووندان، بۆیە من هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم لێرەدا بەتایبەتی تارا خان، ئاماژەی بەهەندێ شتدا، ئەم یاسایە ڕاستە زۆر زۆر یاسایەکی چڕو پڕە، بەڵام بابەتەکانی زیاتر باس لە (یعاقب ب) ئەوە باسی عیقاب دەکات، لێرەدا ئێمە پێویستیمان بە هەندێك دەوڵەمەند کردنی ئەو یاسایە هەیە، ئەگەر دەزگایەك یان دەستەیەك هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە، هۆکاری ئەوە چیە؟، کە ئەو کەسانە ڕوو لەمادده هۆشبەرەکان دەکەن، ئامارێك هەبێت، بزانین ئەو کەسانە کێن؟، کە ئەو ماددەیە بەکار دەهێنن و لەچ عومرێکن؟، یەعنی زۆر پێویستیمان بەئامار هەیە، پێویستیمان بە زانیاری زیاتر هەیە تا بتوانین عیلاجێك بۆ ئەوە بدۆزینەوە، چونکە ئەو یاسایە بەڕاستی بنبڕی ئەو دیاردەیەی نەکردووە لەکوردستان تا ئێستا، من نموونەیەك دەهێنمەوە لەساڵی 2005 – 2006 کە مادده هۆشبەرەکان لەناو گەنجانی زاخۆو دهۆك سەری هەڵداوە، زۆر لەتەمەنی 13 ساڵی تا 18 ساڵی تووشی بەکارهێنانی ئەو ماددەیە ببوون، زیاتریش ماددەی سیکۆتین، تەمەنیان هەرزەکار بوون، بەڵام کە دیراسەمان کردو لێکۆڵینەوەمان کرد، ئەوانە هەموویان ئەوانە بوون کە لەدەرەوەی خوێندنن، واتە وازیان لە خوێندن

هێناوە، لەگەڵ ئەوانەی کە کەوتوونەتە بازنـەی کـار کـردن، لەبـەر ئـەوەی بـاری ئابووریـان زۆر زۆر خـراپ بوو، بەهۆی ئەوەوە ڕوویـان لـە ئیشـوکار کردبـوو، بازرگانیـان دەکـرد لەسـەر سـنوورەکان، لەگـەڵ خـەڵکانی خراپ تێکەڵ ببوون و تووشی ئەوە بوون کەماددەی سیکۆتین بـەکار بهێـنن، چـونکە ماددەیـەکی هەرزانـەو هۆشبەریشە، بۆیە ئێمە پێویستیمان بەلایەنێك هەیە کە ئەو لێکۆڵینەوەو ئامارو هۆکارانە بکات، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە زیاتر دەوڵەمەند ببێت، سەبارەت بـەوەی کـە لێـرەدا پێشـنیار کـراوە، کـە وەزارەتـی ئـەوقاف لـە کەناڵ و میدیاکانـەوە خـەڵك هۆشـیار بکاتـەوە، ئێمـە پێویسـتیمان بـە هۆشـیارییەکی زۆر هەیـە نـەك هـەر وەزارەتی ئەوقاف، بەڵکو بەتەنها ئیشی وەزارەتی ئەوقاف نیە بەتەنها، چونکە ئەوە بەتـەنها پەیوەنـدی بـە ئاینــەوە نیــە، بەکۆمەڵایەتیــەوە هەیــە، ئــەوە ئیشــی وەزارەتــی پەروەردەیــە، وەزارەتــی کاروکاروبــاری کۆمەڵایەتیە کە هۆشیارییەکی زۆر بڵاو بکەنەوە لە قوتابخانەکان و کەناڵ و میدیاکانەوە، بۆ ئەوەی خـەڵك تێبگات لەو ماددەیە کە چیە؟، ترسناکی هەتا چ ڕادەیەکە؟، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو یاسایە لەگەڵ ئەو هـەموو ڕێکـو پێکیـەی، بـەڵام دەوڵەمەنـد بکرێـت بـە هەنـدێ لێکۆڵینـەوەو هۆشـیار کردنـەوەی کۆمـەڵ و بەئاماری ڕێکوپێك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شلێر محمد، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم، چونکە ئـەو یاسـایەی کـە لەبەغـداد دەرچـووە، بەڕاسـتی یاسایەکە زۆر بەوردی چوەتە تەفاصـیلی هەموویـەوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە زۆر کۆنـە، مـاددەی 14 کـە تەماشای عقوباتەکەی دەکەیت، تەماشا دەکەی هەمووی بە عوملەی کۆنە، لەبەر ئەوە ئەگەر شـتێك بکـەین وەك چۆن هەموو جار ئێمە ئەڵێین بۆ عێـراق لای ئەبـەین و ئەیکـەین بـە هـەرێم، ئـەو وەختـە موراعـاتی عوملەکەش دەکەین، چونکە ئەگەر ئەو یاسایە تەتبیق بکەین ئەو کەسەی کە عقوبەی ئەو تاوانبـارە دەدات بە چ پارەیەك عقوبەی دەدات، ئینجا ئەشغالی شاقەی موئەبەدە، وابزانم لە عێراقدا نەماوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنـەی یاسایی تکایە ڕەئیتان، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە زاهیرەی موخـەدەرات، زاهیرەیـەکی مەترسـی دارە، بـەڵام شـوکر بۆخـوا ئەو ئیحصائیاتانەی کە ئێمە وەرمان گرتووە، بەو شێوەیە نیە کە هەندێ لە بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان بۆی دەچن، چونکە ئێمە ئیحصایەکمان وەرگرتووە، لە( سلێمانی، هەولێر، دهۆك) ژمارەی حـوکم دراوان تـا ئێستا (152)کەسە، (38) ی مەحکومە لە هەولێر(47) لـە دهـۆك، (67)یـش لـە سـلێمانی، ئەوانەشـی کـە

حوكمدراون، هەر لە ئیعدامەوە هەتا خوارێ حوکمی تێدایە، واتە بەو شێوەیە نیە کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێدا کە زاهیریەکی ئەوها بەربلاّوە لە کوردستاندا، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئەوەیە لە ئەنجامی گفتوگۆکاندا بەڕاستی دوو پێشنیار هاتۆتە ئاراوە، یەکیان بە رەفزە، یەکیان بە تەئجیلە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بە نیسبەت ئەو دوو مەبدەئانە بیداتە تەسویت بۆ ئەوەی یەکلا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی بۆ دانە دەنگدان، ئەوەی کە چەند لە ئەسلی پرۆژەکەوە دوورە، ڕەفزە، یەکەم ئەوە بدرێتە دەنگدان، بەس ئەوە لیژنەی یاسایی کە خۆیان پێشنیاریان کردبوو، لەوە پاش گەز بوونەوە، ئێستا پێشنیارێکی تر هەیە، کە تەئجیل بێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مانعمان نیە بە نیسبەت تەئجیلەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا چونکە تەئجیل لە موافەقەتەکە نزیك ترە، بۆیە تەئجیلەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، کە کۆمەڵێ برادەر پشتیوانیان کرد، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پرۆژەیە ئێستا ئیلغا بکرێت، لەگەڵیشی نەڕۆین، رەفز نەکرێت، بەلاّم تەئجیل بکرێت تاوەکو باشتر دیراسە بکرێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆیە تەئجیل کرا دووبارە لە لیجانەکان دیراسەتێکی تەواو دەکرێت، ئێستا داوا لە لیژنەی پەروەردەو فێرکردن دەکەین، کە کەرەمکەن بێنە ئێرە، کەرەمکەن ئێستا بۆ خاڵی 12، خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای خوێندنی کراوە لە هەرێمی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی 12، پێشنیاری یاسای خوێندنەوەی کراوە لە هەرێمی کوردستان، ئێستا پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە.

مشروع قانون التعليم المفتوح:

المادة الاولى: يقصد بالتعليم المفتوح ذلك النظام التعليمى الذى يعتمد فيه الطالب على اليات التكنلوجيا الحديثة وبدافع ذاتى دون اشتراط السن والحضور كما هو موجود في التعليم الكلاسيكى ويحصل على العلم والمعرفه و الشهادة العلمية.

المادة الثانية: التعليم المفتوح نظام معترف به من انظمة التعليم المعترف بها في كوردستان حسب الشروط والتعليمات التى تضعها وزارتا التربية والتعليم العالى والبحث العلمى.

**المادة الثالثة: على كل من وزارتي التربية والتعليم العالى تأسيس مديرية عامة للتعليم المفتوح بغرض وضع البرنامج والاشراف والرقابة والمحاسبة وتطوير هذا النظام.**

**المادة الرابعة: يشترط في كل مركز للتعليم المفتوح ان يستوفي كافة الشروط العلمية والفنية والتقنية حسب القياسات الدولية قبل ان يحصل على الاجازة الرسمية من الوزارة ذات العلاقة.**

**المادة الخامسة: يكون القبول في مراكز التعليم المفتوح حسب النظام العلمى وعلى اساس المنافسة و حسب ضرورة الاختصاصات المتنوعة في المجتمع وفي السوق.**

**المادة السادسة: يجب على كل مراكز التعليم المفتوح ان يكون لها تقويم سنوى للدراسة بالتنسيق وتلتزم بها كليا.**

**المادة السابعة: ينبغى ان تكون الامتحانات وتقويم الطالب تحت الرقابة الدقيقة من قبل مديرية التعليم المفتوح بالتنسيق مع مركز التعليم المفتوح.**

**المادة الثامنة: يكون منح الشهادة على أساس منح الشهادات وتصدق من قبل التربية والتعليم العالى.**

**المادة التاسعة: يجب ان يكون لكل مركز التعليم المفتوح في التعليم العالى بورد اختصاصى يشرف بصورة مستمرة على عملية الدراسة والتعليم فيه.**

**المادة العاشرة: على كل جامعة للتعليم المفتوح من خارج الاقليم تريد فتح فرع لها في كوردستان ان تتوفر فيها الشروط و المستلزمات المذكورة للتعليم المفتوح في الاقليم.**

**المادة الحادية العشرة: بتأسيس مراكز التعليم المفتوح الجامعى تكون الاولوية للجامعات الحكومية في اقليم كوردستان لاغراض منح الاجازة و التأسيس.**

**الاسباب الموجبة لسن هذا القانون**

**1-لاتاحة فرصة الدراسة لكل من لم يتمكن من التعليم او مواصلته لاسباب خاصة.**

**2- تهية الطريق لكل طلاب العلم والمعرفة حتى يتعلموا ويحصلوا على شهادة جامعية معترف بها وفى الاختصاصات التى يريدونها.**

**3-ربط عدد ومساحة اكبر من المجتمع بقطاعي التربية والتعليم العالى مما يؤدى الى تنمية شاملة في اقليم كوردستان.**

**4-نقل تجارب كثير من الدول المتقدمة خدمة الانسانية كثيراً عن طريق التعليم المفتوح.**

**5- استجابةً لعدد كبير من اللذين يريدون مواصلة الدراسات العليا ولا يمكن استعابه في الجامعات الحكومية والاهلية.**

**بەڕێز عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستاش پڕۆژە یاساكە بە زمانی كوردی دەخوێنینەوە.**

**ماددەی یەکەم: مەبەست لە خوێندنی کراوە ئەو سیستەمەی خوێندنە کە قوتابی وخوێندکار بە پشت بەستن بە میکانیزمی تەکنەلۆژیای نوێ و بە پاڵنەرێکی خودی زاتی وەبەدەر لە مەرجەکانی تەمەن و ئامادەبوونی سیستەمی خوێندنی کلاسیکی فێری زانست و زانیاری دەبێت و دواتر دەبێتە خاوەنی بڕوانامەی زانستی.**

**ماددەی دووەم: خوێندنی کراوە سیستەمێکە لە سیستەمە دان پیانراوەکانی خوێندن لە کوردستاندا بە پێی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی لەلایەن هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیەوە دادەنرێت.**

**ماددەی سێیەم: لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێویستە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی دابمەزرێت بۆ خوێندنی کراوە بە مەبەستی داڕشتنی بەرنامەو ڕێنمایی و چاودێری و لێپرسینەوەو گەشە پێدانی.**

**ماددەی چوارەم: هەرناوەندێکی خوێندنی کراوە پێویستە خاوەنی پێداویستیە زانستی و هونەری و تەکنیکیە پێویستیەکانی بێت، بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتیەکان پێش ئەوەی مۆڵەتی فەرمی لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە پێ بدرێت.**

**ماددەی پێنجەم: وەرگرتن لەناوەندەکانی خوێندنی کراوە بە پێی سیستەمێکی زانستی و لەسەر بنەمای کێبڕکێ و بە پێی پێداویستی پسپۆڕیە جۆراو جۆرەکان لەناو کۆمەڵگاو بازاڕدا بێت.**

**ماددەی شەشەم: پێویستە ناوەندەکانی خوێندنی کراوە ڕۆژنامەی ساڵانەی خوێندیان هەبێت و بەتەواوی پێوەی پابەند بن.**

**ماددەی حەوتەم: تاقی کردنەوەو هەڵسەنگاندنی قوتابی خوێندکار پێویستە لە ژێر چاودێریەکی وردی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کراوە بێت بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی خوێندنی کراوە.**

**ماددەی هەشتەم: پێدانی بڕوانامە لەسەر بنەمای پێدانی بڕوانامەکان پێویستە لەلایەن پەروەردەو خوێندنی باڵاوە پەسەند بکرێت.**

**ماددەی نۆیەم: هەموو ناوەندێکی خوێندنی کراوە بۆ خوێندنی باڵا پێویستە بۆردێکی پسپۆڕی هەبێت و ئەو بۆردە بە شێوەیەکی بەردەوام سەپەرشتی پرۆسەی خوێندن و فێرکردنی تێدا بکەن.**

**ماددەی دەیەم: هەر زانکۆیەکی خوێندنی کراوەی دەرەوەی هەرێم کە بیەوێت لق لە کوردستان بکاتەوە پێویستە هەمان مەرج و پێداویستیەکانی خوێندنی کراوەی ناو هەرێمی تێدابێت.**

**ماددەی یازدەهەم: بۆ پێکهێنانی ناوەندی خوێندنی کراوەی زانکۆیی، زانکۆ حکومیەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە پێشترن بۆ مۆڵەت پێدان و دامەزراندن.**

**هۆکاری داڕشتنی ئەم یاسایە.**

**1-لە پێناوی ڕەخساندنی خوێندن بۆ هەموو ئەوانەی لەبەر هەل و مەرجی تایبەت نەیان توانیوە بخوێنن یان درێژە بە خوێندن بدەن.**

2-ڕێ خۆشکردن بۆ هەموو خوازیارێکی زانست و زانیاری بۆ فێربوون و بەدەست هێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی دان پێنراو لەو بوارانەی ئارەزویان لێیەتی.

3-بەستنەوەی ژمارەو ڕووبەرێکی زۆرتری کۆمەڵگا بە کەرتی پەروەردەو خوێندنی باڵاوە کە دەبێتە هۆی گەشە سەندنی هەمەلایەنەی هەرێمی کوردستان.

4-گواستنەوەی ئەزموونی سەرکەوتووی زۆر وڵاتی پێشکەوتووی جیهان کە لە ڕێگەی خوێندنی کراوەوە خزمەتێکی زۆریان بە مرۆڤایەتی کردووە.

5-بۆ وەڵامدانەوەی خواستی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی ئارەزوو مەندی خوێندنی باڵان و زانکۆ حکومی و ئەهلیەکان ئیستیعابیان ناکەن.

**بەڕێز: عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە دەربارەی پرۆژە یاسایی خوێندنی کراوە لە هەرێمی کوردستان**

لیژنەکەمان کۆبۆوە لەڕۆژی چوارشەممە 2010/6/23 بۆ گفتوگۆ کردنی پرۆژەیاسای خوێندنی کراوە لە هەرێمی کوردستان، کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەش کراوە، ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە 7 کە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/5/5 دوای گفتوگۆ کردن و ڕا گۆڕینەوە بەم ئەنجامەی خوارەوە گەیشتین، لیژنەکەمان جەخت لە سەر بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان دەکات لە هەرێمی کوردستان، وە پێویستی بە کادیری ئەکادیمی خاوەن بڕوانامەی باڵا لە هەموو بوارەکاندا هەیە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکی ئەم جۆرە خوێندنە لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە کە دواجار بە نێگەتیف ئەنجامەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەر بواری خوێندن و پەروەردە لە هەریمدا، بۆیە تا ڕەخساندنی زەمینەی لەبارلەسەرجەم لایەنەکان بۆ خوێندنی کراوە لە هەرێم پێشنیاری ڕەتکردنەوەی ئەم پرۆژەیاسایە دەکەین و پشتگیری لە ڕای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ڕەئیتان فەرموو.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر( نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمەی خوارەوە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیە لەسەر پرۆژە یاسایی خوێندنی کراوە، بە پێی حوکمی ماددەکانی 39 برگە 6 هەروەها 46 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە 1 ساڵی 1991 هەموار کراو، دوای سێ کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر هەڵسەنگاندن و شرۆڤە کردنی پرۆژەیاسایی خوێندنی کراوە، کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لە دانیشتنی ژمارە 7 ڕۆژی 2010/5/5 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لە دوا کۆبوونەوەماندا لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2010/6/22 لیژنەمان بیرو بۆچوونی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە جێگیر کرد:

یەکەم: ئەو فکرەیەی کەلەناو یاساکەدا هەیە کە بریتیە لە ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ خوێندن بە شێوەی یاسایی بەباش دەزانین و لاریمان لێی نیە.

دووەم: دوای بەدواداچوونی پێویست و گفتوگۆ و راوێژ لەگەڵ کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەلایەنی ئەکادیمیە زانستیەکان لە کوردستان وە هەڵسەنگاندنی ئەزموونی خوێندنی کراوە لە وڵاتانی تر بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆمان دەرکەوت کە ئەو مەرج و پێداویستیانەی بۆ خوێندنی کراوە دەبێت هەبن و هەروەك پرۆژە یاساکە لە ماددەی چوارەمدا ئاماژەی پێداوە، لە هەرێمی کوردستان نین و لە ئەمڕۆدا زەمینەی پێویست بۆ ئەم جۆرە خوێندنە لە هەرێمی کوردستان لەبار نیە، هەر بۆیە یاساکە ئەگەر دەریش بچێت جێبەجێ کردنی لەسەر زەمینەی واقیع و بە کردەوە زۆر زەحمەت و دژوارە، هەربۆیە لیژنەمان لە ئێستادا ئەم پرۆژە یاسایە بە پێویست نازانێت و رەتی دەکەینەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە تەقریرمان بە عەرەبیش هەیە ئەگەر ئیجازە بدەن، کاك د. ثائر بخوێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستاش دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بۆتان ئەخوێنمەوە بە زمانی عەرەبی.

**الى/ رئاسه برلمان كوردستان-العراق**

الموضوع/ **تقرير لجنة التربية و التعليم العالي و البحث العلمي**

**حول مشروع قانون التعليم المفتوح**

استناداً الى أحكام المواد (6/39 ، 46) من النظام الداخلي للبرلمان رقم (1) لسنة 1991 المعدل ، و بعد ثلاثة اجتماعات خاصة بتقويم و مداولة (مشروع قانون التعليم المفتوح) المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان ، وبعد القراءة الأولى له في جلسة البرلمان رقم (7) يوم 2010/5/5 ، فقد استقر رأى لجنتنا بجلستها المنعقدة يوم الثلاثاء 2010/6/22 على ما يأتي :-

1. الفكرة المطروحة فى المشروع المتمثلة في إتاحة الفرصة الأكثر للدراسة بصورة قانونية ، فكرةجيدة و لسنا بصدد مخالفتها .
2. بعد المطالعة الضرورية و الحوار و التشاور مع المختصين و الجهات الاكاديمية و العلمية في كوردستان و تقويم تجارب التعليم المفتوح فى البلدان الأخرى ، وفي الشرق الاوسط خصوصاً ، تبين لنا ان الشروط و المستلزمات الضرورية للتعليم المفتوح و التي اشار اليها مشروع القانون في المادة الرابعة ، غير متوفرة في اقليم كوردستان وأن الارضية اللازمة لهذا النوع من التعليم غير متاحة ، فان هذا القانون حتى في حال اقراره، يتعذر تطبيقه علي ارض الواقع ، و عليه فان لجنتنا ترى عدم ضرورة هذا القانون وتقترح رفضه .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا هەردوو لیژنە پێشنیاری ئەوەیان كرد كە رەفز بكرێت، كێ ئەیەوێت بەردەوام بێت رەئیان بدات، ئارام قادر، جمال طاهر، چوار بەڕێز ئەیانەوێ مداخەلە بكەن، ڕێزدار د.بشیر، فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوێندن مافێكی سروشتیە بۆ هەر هاوولاَتیەك و بۆ هەر مرۆڤێك، ئەمە شتێكی ئاشكرایە، وە ئێستا ئێمە لە سەدەی بیست و یەكەمینین، لە سەدەی بیست و یەكەمینیش لە هەموو دونیا، پرۆسەی خوێندن ئەو ڕێ گریەو ئەو كۆسپانەی كەلەبەری هەبووە، پێشتر نەماون و هەلگیراون، وەكو مەسەلەی تەمەن و، مەسەلەی ئامادەبوون لەناو هۆلی تاقیكردنەوەو، لەناو هۆلی خوێندن، ئەمە لە زۆربەی ولاَتانی جیهاندا نەماون، ئەمە لەلایەك لە لایەكی تر، ئەو ئامێرانەی كەوا تەكنەلۆژیای وەدی هێناوە، وەكو ئەنتەرنێت، كۆمپیوتەرو ئەمانە، بەڕاستی یەعنی جێی ئەوەیە كە ئێمەش وەكو خەلكی تر سوودی لێ وەربگرین، لە زۆربەی ولاَتان خۆێندن مەفتوحە و كاری پێ دەكرێت و ئیشی پێ دەكرێت، بۆیە لای ئێمەش لە كوردستان خەلكێكی زۆر بەرەئی من، لە پرۆسەی خوێندن یان لە بەردەوام بوون لە خوێندن، لە گەیشتن بە خوێندنی بالاَ بێ بەش بووە، یان لەبەر كاری تەمەن یان لەبەر هەر هۆیەكی دیكە و ئەوانە بووە، من رەئیم وایە كە ئێمە ئەم مەشروعە رەفز نەكەینەوە، بەلكو قسەی لەسەر بكەین، ئەگەر لایەنی لاوازی هەیە با بەهێزی بكەین، بە شێوازێك ئاوای لێ بكەین كە ئاوا خەلكی ئێمە لە كوردستاندا سوودی لێ وەربگرێت، وەكو زۆربەی ولاَتانی دیكەی دونیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم/ سەبارەت بەو پرۆژە یاسایە، کە هەردوو لیژنەی بەڕێز باسیان لەوە کرد کە زەمینە ساز نییە، من بەڵگە دێنمەوە لەوەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان جێبەجێ دەکرێت ئێستا، کەواتە زەمینە سازە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پڕۆژە یاسایە، بۆ نموونە زانکۆی سان کلێمانتس لە دهۆك و هەولێرو سلێمانی ئۆفیسی هەیە، لە کەرکوك و لە خانەقینیش ئۆفیسی هەیەو، ئەمساڵ 350 قوتابی، قوتابین لەو زانکۆیە، ساڵی پار 550 قوتابی، قوتابی بوون، قوتابی بەکالۆریۆس و ماستەو دکتۆراو، هەروەها خاڵێکی تریش کە ئەڵێم زەمینە سازە بۆ ئەو جۆرە خوێندنە، زۆرێك لە هاووڵاتیانی کوردستان کە دەرفەتیان نیە بۆ خوێندن، ڕوو دەکەنە موصل وبەغدا، لەو بارە ئاسایشە خراپەی کە لەوێ هەیە، بەڵام گوێ نادەن بەوە ئەڕۆن بۆ خوێندن، کەواتە قوتابیان و هاووڵاتیانی کوردستان زەمینەیان سازە بۆ ئەوەی بخوێنن، وە ئارەزوو مەندن بۆ ئەم جۆرە خوێندنە، وە نەك تەنها بۆ بەغداو موصل، بەڵکو زۆرێك لە هاووڵاتیان ئێستا قوتابین لە زانکۆکانی میسرو لوبنان و سوریا بۆ ئەم جۆرە خوێندنە، خالێکی تریش ئەم جۆرە خوێندنە، بەڕاستی لە وڵاتە پێشکەوتوو خوازەکاندا کە بە چەندین ساڵ لە پێش کوردستانن لە ڕووی تەکنەلۆژی و زانستیەوە، ئەم سیستەمەیان داهێناوە، بۆ نموونە فەرەنسا لە ساڵی 1972 کاری بەم سیستەمە کردووە، وەیەکێك لە جامیعە بەرزەکانی دونیا، کە بریتیە لە جامعەی لەندەنی مەفتوح، بەریتانیا بەهەمان سیستەم کار دەکات، کەواتە هیچ پێچەوانەیەکی یاسایی تیا نیە، ئێمە دەتوانین سوود لەم سیستەمە وەربگرین بۆ کوردستان بەتایبەتی، وەحەزیش دەکەم ئاماژەیەك بەوە بکەم کە زۆرێك بۆ ئەوەی ئێمە جیاوازی بخەینە نێوان خوێندنی موراسەلە، کە پێی دەوترێ ( التعلیم عن بعد) لەگەڵ خوێندنی (التعلیم المفتوح)، کە ئەم پڕۆژە یاسایە بریتی نیە لەو خوێندنەی کەتەنها لە ڕێگەی ئەنتەرنێتە، بۆیە پێویستە قوتابی ڕووبەڕووی ناوەندی زانکۆکە بێ، ببینێت وەماددەکانی پێ بدات و، هەروەها بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەزموونەکان و تاقی کردنەوەکان جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە ئاگاداری ئەوە بین، ئەگەر بێتو زەمینەی تەکنەلۆجی بێت، تەعلیم مەفتوح پێویستی بە بنکە هەیە کە بکرێتەوە، زۆرێك لە زانکۆکانی کوردستان دەتوانن بەشێکی بکەن بەتەعلیم مفتوح بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قوتابیان وەربگرن، هەروەها ئەم پڕۆژە یاسایە هاوکارییەکی زۆری ماددی و زانستی قوتابیانی کوردستان و، هەروەها هاووڵاتیانی کوردستان دەکات، ئێستا زۆرێك تا ئێستا لە پەرلەمانتارانی خولی پێشوو، هەروەها ئەم خولەش، یان بڕوانامەیان هێناوە، یاخود لەم خوێندنە دەخوێنن، بۆ نموونە تەنها بۆ بەکالوریۆس تەنها هەشت سەدو پەنجا دۆلار دەدەن، بۆ ماستەر دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار دەدەن، بۆ دکتۆرا چوار هەزار دۆلار، ئەگەر بێتو پەرلەمان ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات، بێگومان هاوکارییەکی ماددی زۆری خوێندنی باڵاو حکومەتی هەرێمیش دەکات، هەروەها لە ڕووی داراییشەوە هاوکاری هاووڵاتیانی کوردستان دەکات،

ئەگەر بێتو مەسەلەی پاساوەکە بریتی بێت لە بەهێز کردنی لایەنی زانستی، ئێمە دەتوانین چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکەین لە یاساکەدا، ئەویش بە ئەوەی کە علومە تەتبیقیەکە دەتوانین بە برگەیەك، یان بە ماددەیەك ئێمە تەنها علومی تەتبیقی لەو خوێندنە بواری پێ نەدرێت، بەڵکو تەنها زانستە مرۆییەکان بتوانرێت جێ بەجێ بکرێت، هەروەها ئەم پرۆژە یاسایەش بەڕاستی بوارێکی زۆر دەکاتەوە بۆ زۆرێك لە هاووڵاتیانی کوردستان، بەتایبەتی بارودۆخی کوردستان، کە بە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزدا تێپەڕیوە، کە بواری خوێندنیان نەبووەو، تەمەنیشیان تێ پەڕیوە، ئێستا ناتوانن لە زانکۆیەکانی کوردستاندا بخوێنن، ئەم بوارە، ئەم زانکۆیانە، یاخود ئەم سیستەمە بوارێکی باشە بۆ ئەو هاووڵاتیانە بخوێنن، چونکە خوێندنیش خۆی فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەهێز کردنی لایەنی زانستی لە کوردستان، زۆر سوپاس.

زۆر سوپاس، رێزدار جمال طاهر فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، من مەبەستم لە هەڵستاندنی ماوە بوو، کە من دژی پرۆژە بووم، نەك پشتیوانی بکەم، پرسیارەکە غەڵەت تێگەیشتم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتەوێت قسە بکەیت؟ کەرەم بکە، رێزدار دکتۆر ئەرسلان فەرموو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە سەیری ژمارەی زانکۆو کۆلیژەکانی خۆمان بکەین لە کوردستان، پێموایە ژمارەکانیان کەم نین لە چاو ئاستی دانیشتوانی کوردستان و پێداویستیە زانستەکان لەگەڵ ئەوەش کە ئەوانە رۆژانە وەکو دەوامی رەسمی لە هەشتی بەیانیەوە تا سەعات یەك و دوو و سێ و چوار دەخوێنن، مامۆستا دەرسیان پێ دەڵێت، ئیمتیحان دەکرێن، غیاب دەدرێن، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گلەییمان هەیە لەوەی کە ئاستی زانستی لەو زانکۆو کۆلیژانە وەکو پێویست نین و، گلەییمان لەوە هەیە کە دابەزیوە، واتا ئاستی زانستیان دابەزیوە.

دووەم/ ئەگەر ئێمە تەماشای زانکۆ ئەهلیەکانیش بکەین، کە ئەوانیش بە پارەن، ئەوانیش تا رادەیەك سیستەمی خوێندنەکەیان وەکو سیستەمی خوێندنی زانکۆ رەسمیەکانە، بەلام بە پارەیە، ئێمە هەر لەم هۆڵی پەرلەمانە موناقەشەی ئەو خوێندکارانەمان کرد، ئەو تەڵەبانەمان کرد، کە چارەنووسیان تا ئێستاش نادیارە، چونکە ئاستی زانستی و پێداویستیەکانی کۆلیژەکانیان وەکو پێویست نین، جا چ خوێندنی کراوە، ئینجا ئەوەشیان مومکینە بکەوێتە بەشێکی تر لە جۆری بازرگانی، بۆیە داوا لە سەرۆکی پەرلەمان و لە

ئێوەش دەکەم، جا ئەگەر ئەو زانکۆیانە مامۆستا ڕۆژانە بەسەریانەوەیەو دەوام دەکەن و ئیمتیحان دەکرێن، ئەگەر لەوێوە ئاستی زانستی بێتە خوارەوەو ئێمە گلەییمان لێی هەبێت، کۆلیژە ئەهلیەکان چارەنووسی ئەو خوێندکارانە ئاوا خراپ بکەن، دەبێت ئەو خوێندنە کراوانە چۆن بێت؟ لەبەر ئەوە من تەئیدی لیژنەی یاسایی و لیژنەی خوێندنی باڵا دەکەم، بەڕاستی ئەو جۆرە خوێندنە بەڕاست نازانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

لەمیانەی خستنەڕوو و بیروبۆچوونی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی قسەو بەدواداچوونیان هەبوو دەرکەوت لەسەر دوو خاڵ ئەوان بیروبۆچوونیان هەیە، یەکێکیان/ بەرجەستە کردنی مافی خوێندن بەبێ جیاوازی تەمەن، ئەوەی تریشیان/ بوونی مەرجە پێداویستیەکان بۆ یاسایەکی لەم بابەتە لە هەرێمی کوردستان، تا ئەو رادەی کە پەیوەندی بە یاسای خوێندنی کراوە، یان بابەتی خوێندنی کراوە هەبێ لە رووی ماف و لایەنی یاساییەوە، ئێمە ئەوەمان نیشانداوە کە ئێمە وەکو پرەنسیپ، وەکو فیکرە دژایەتی ناکەین و پشتیوانیشی دەکەین، هەمیشە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی مافی خوێندن لە هەرێمی کوردستان لە هەموو بازنەکاندا باشترو چاکتر بە یاسایی بکەین، لە چوارچێوەی ئەوەی کە خوێندنی رەسمیە، هەروەها ئەوەی خوێندنی ئەهلیە، هەر ئەلقەیەکی تریش کە لە هەرێمی کوردستان زیاد بکرێت، بەڵام ئێمە ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی خوێندنی ئەهلیدا، ئێمە فەراغی قانونیمان هەیە، بۆیە لە رووی ئەولەویەتەوە بەڕاستی ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا پێمان وایە کە دەبێت سەرەتاو لە هەنگاوی ئێستادا ئێمە هەوڵ بدەین و تەرکیزو بایەخ بە دەرکردنی پرۆژە یاسای زانکۆ تایبەتیەکان بدەین لە هەرێمی کوردستان، تا ئەو رادەی کە پەیوەندی بە خوێندنی کراوە هەیە، ئێمە ئاگامان لێیەو بەدواداچوونمان کردووە، دەبینین لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپا پەیماننامەی ماستەری خەت، کە بە پەیماننامەی دامەزراندنی یەکێتی ئەوروپا ناوزەد کراوە لە ساڵی 1991 و 1992 و 1993 مەرحەلەکانی تێپەڕاندووە، بایەخی داوە بە خوێندنی کراوە، هەروەها یونسکۆش بایەخی پێداوە وەکو ماف، بەڵام دەبینین کە باس لە ئەزموونی وڵاتانیش بکەین، هەر یەکە هۆکارو پاساوی خۆی و پەیوەندی بە زەمینەتی تایبەتی خۆیەوە هەبووە، بۆ نموونە لە هندستان و لە یابان هۆکاری جوگرافی بۆتە ئەوەی کە لەوێ بایەخ بە خوێندنی کراوە بدەن، چونکە لە یابان دورگەی زۆرە، هەروەها لە هندستانیش مەسەلەی بلاّوی و زۆری ژمارەی دانیشتوان بۆتە پێداویستی، بەڵام لە هەندێك وڵاتی تر وەکو بەریتانیاو پاکستان زیاتر بایەخدان بە خوێندنی گشتی، لە هۆڵنداو لە فەرەنسا رەخساندنی هەلی خوێندن، بۆ ئەوانەی تەمەنیان زۆر بووەو نەیانتوانیوە بخوێنن، بەخێرایی ئاماژە بە هەندێ سلبیاتی خوێندنی کراوە دەدەین لە هەموو ئەو وڵاتانەی

کـە خوێنـدنی کـراوەی تێدایـە، ئەمـە بـیرو بۆچـوونی تـەنها خۆمـان نییـە، لـە ئـەنجامی بەدواداچـوون و هەڵسەنگاندنمان بووە، یەکەمیان/ نەبوونی حیوارو گفتوگۆی نێوان کەسەکان بەڕاستەوخۆیی، دەبیـنین تـا ئێستاش زمان سەرەکیترین وەسیلەی گەیاندنی مەعریفەیە، بەڵام دەبینین لـە خوێنـدنی کـراوەدا گفتوگـۆو بەکارهێنانی زمان غائیبە، چونکە ئەو کەسەی کە دەبێتە قوتابی و خوێنـدکار راسـتەوخۆ لەگـەڵ مامۆسـتا پەیوەندی کۆنتاکی بەردەوامی نابێت، بەڵکو بەتەریقەی تر لە رێگای وەرگرتنی سیدی و کتـاب و ئەمانـەوە هەوڵ دەدات کە پرۆسەی خوێندن بـەردەوام بێـت، لـە هەنـدێك وڵات لەوانەیـە نیسبەتێکیان دانـا بێـت بـۆ ئیلقای موحازەراتی راستەوخۆ، بەڵام لە هەندێك وڵات ئەوەشیان دانەناوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کەرەم بکە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیژنەی پەروەردەی بەڕێزو لیژنـەی یاسایی پێشـتر راپـۆرتی خۆیـان خوێنـدەوە، ئێسـتا دەبێـت تـەنها لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان قسەیان هەبێت، نەك راپۆرتێکی تـر دووبـارە بخوێننـەوە، ئـەوە پێموایـە دەرچوونە لە مەوزوع.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، راستە، موداخەلەی ئەو سێ بەڕێزەی کە موداخەلەیان کـرد، تکایـە وەڵامیـان بدەنـەوە، بـۆ ئـەوەی بێینە سەر ئەسڵی مەوزوعەکە، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەمانەوێت روون کردنەوە بدەین، کە زیـاتر بـۆ ئێمـە لەگـەڵ پرۆژەکـە نـەبووین، بـۆ ئـەوەی بەرچـاو روونی هەبێت بەشێوەیەکی بابەتیانەو، بەشێوەیەکی مەوزوعیانە، ئێمە پێمانوایە وەکو باسی ئەوە کرا، کە ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان باسی ئەوەی کرد کە زەمینە لەبارە، ئێمە پێمانوایە کە لە هەرێمی کوردستان زەمینـە لـەبار نییـە، چـونکە یـەکێك لـە لایەنـەکانی پەیوەنـدی بـەم یاسـایە هۆکارەکـانی تەکنەلۆجیایـە، بەتایبـەتی پرۆسـەی گەیانـدنی پـەیامی زانسـتی بـەگوێرەی ئـەم سیسـتەمە، دەبێـت لـە رێگـای سیسـتەمی تەکنەلۆجیاو کۆمپیوتەرو رێگای پەخشی تەلـەفزیۆنی و کـەناڵی بیسـتراو و بینـراو و خوێنـدراو بەشـێوەی ناڕاستەوخۆ، ئەمە لە هەرێمی کوردستان ئێمە پێمانوا نییە کە ئەم پێداویستیە تەکنەلۆجیانە لە هـەرێمی کوردستان لەبار بێت، هەم لـە رووی لایـەنی کارەبـاوە، هـەم لـە رووی پەیوەنـدی کردنـەوە، بۆیـە پێمانوایـە

**ئەگەر یاساکە دەریش بچێت زەمینەی جێ بەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان دژوارو زەحمەتە، کۆمەڵێك بیروبۆچوونی ترمان هەیە، کە بۆ بەرچاو روونی، بەلاّم بە ئەوەندە کیفایەت دەکەین و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پێشتر ئەو رەئیەماندا، پشتگیری لە رەئی لیژنەی پەروەردە دەکەین بە مەوزوعی رەفزی ئەو پرۆژەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان/ ئەوەیە کە رەفزی پرۆژەکە بکرێت، یەکێکیش هەیە کە بەردەوام بین لەسەری و موناقەشە بکرێت، پێشنیاری رەفزی پرۆژەکە دەدەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە ئەم پرۆژەیە خوێندنی کراوە رەفز بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ رەفز کرا، برۆ بۆ خاڵی سێزدە لە بەرنامەی کار، کەرەمکە. لیژنەی یاسایی و دارایی بمێنیت، ئێستا لیژنەی دارایی کەرەمکەن، بمێنن ئێوە بچن بۆ جێگای خۆتان، هەردوو لیژنەکەی تر فەرموون، کەرەمکەن، نیزامی کەرەمکە.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە ئێستا ئەو ڕاپۆرتەمان پێ گەیشتوە، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری، ئایا نیزامیە ئێستا مناقەشەی بکەین کە نەمان خوێندۆتەوە، خۆ ئەگەر بخوێنینەوەش ئەوەی لەبەر دەستمان دایە، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت پێش 48 سەعات لەبەر دەممان بێ، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، دیارە لیژنەی دارایی ئێستا ڕاپۆرتەکەیان حازر کردووە، لە تەبع و ئیستینساخ دوا کەوتووە، بۆیە دانیشتنەکە بۆ سبەی سەعات 10 ی بەیانی دوادەخەین، تاکو بەیانی، ئیمرۆ کۆتایی پێ دێنین، دانیشتنی بەیانیمان سەعات 10دەبێت، بەخێر بچن.**

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (20)ی**

## دووشەممە ڕێکەوتی 28\6\2010

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (20)ی

## دووشەممە ڕێكەوتی 2010/6/28

**كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2010/6/28 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (20)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2010/6/28 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی حیسابی خیتامی حكومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2009.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (20)، ڕۆژی دانیشتن (2010/6/28)، بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە**

(20)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (2010/6/28)دا بەو شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی حیسابی خیتامی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2009.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی دەکەین کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، فەرموون، کەرەم بکەن.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لەسەر حیساباتی خیتامی بۆ بەڕێزتان عەرز دەکەین.

بەپێی ماددەکانی ژمارە (80، 81، 82) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری هەستا بە ئامادە کردنی ڕاپۆرتێك، کە پێکهاتووە لە دوو بەش، دەربارەی حساباتی کۆتایی ساڵی 2009ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە نووسراوی ژمارە (6778) لە بەرواری 2010/6/13 ئاراستەی پەرلەمان کراوەو، لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان بە ژمارە (ك364) لە 2010/6/21 گەیشتۆتە لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری پەرلەمان و، لیژنەکەمان پاش دیراسەتکردن و گفتوگۆ کردن و ڕاوێژکردن لەسەر ڕاپۆرتی حساباتی خیتامی حکومەتی هەرێم، ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادە کردووە، کە لە دوو بەش پێکهاتووە:

یەکەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی داراییو کاروباری ئابووری دەربارەی هەڵسەنگاندنی حساباتی کۆتایی ساڵی 2009.

دووەم/ پێشنیاری لیژنە لەسەر ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی حساباتی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی 2009.

یەکەم

ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری دەربارەی هەڵسەنگاندنی حساباتی خیتامی ساڵی 2009

1- بودجەی پەسەند کراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، لە لایەن پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی 2009 بریتی بوو لە بڕی (8.283.172) (هەشت ترلیۆن و دوو سەدو هەشتاو سێ ملیارو سەدو حەفتاو دوو ملیۆن) دابەش بووە بە بڕی (5.979.834) (پێنج ترلیۆن و نۆسەدو حەفتاو نۆ ملیار و هەشت سەدو سی و چوار ملیۆن دینار) بۆ بودجەی ئاسایی (الموازنة الاعتیادیة)و، بەرێژەی (72٪) دەکات لە بودجە و، بڕی (2.303.338) (دوو ترلیۆن و سێ سەدو سێ ملیار و سێ سەد و سی و هەشت ملیۆن دینار) بۆ بودجەی وەبەرهێنان (الموازنة الاستثماریة)و، بە ڕێژەی (28٪) دەکات لە بودجە.

2- خشتەی تەمویل لە وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009 بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| تەرخانکراو 2009 ملیۆن دینار | داشکاندنی داهاتی 2008 هەرێم ملیۆن دینار | داشکاندنی خەرجی لافاو ساڵی 2006 ملیۆن دینار | پوختەی تەمویل 2009 ملیۆن دینار |
|---|---|---|---|
| **8.283.172** | **212.445** | **25.000** | **8.045.727** |

2- داهاتی فیعلی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2009، کە بڕەکەی (465.445.720) (چوارسەدو شەست و پێنج ملیار و چوارسەدو چل و پێنج ملیۆن و حەوت سەد و بیست هەزار) دینارە، کە ڕێژەی (71٪) باجەکان و رسومات.

4- پوختەی خەرجیەکانی فیعلی لە بودجەی ئاسایی (الموازنة الاعتیادیة) بۆ ساڵی 2009 ختیامی:

| شێوازی خەرج | بودجەی پەسندکراو لە پەرلەمانی کوردستان ملیۆن دینار | منقح حساباتی کۆتایی 2009 | خەرجی فیعلی 2009 (ختیامیە) | زیادە ڕۆیی |
|---|---|---|---|---|
| موچەی فەرمانبەران و خانەنشین | 2,665,169 | 3,702,485 | 4,169,990 | (467505) |
| شمەك و خزمەتگوزاری و چاککردنەوە | 1,127,132 | 994,437 | 1,069,181 | (74744) |
| باربو(أعانات) | 73,122 | 266,000 | 276,590 | (10590) |
| بەخشین(منحة) | 154,275 | 322,530 | 441,883 | (119353) |
| سوودی کۆمەڵایەتی (المنافع الاجتماعیة) | 125,332 | 133,424 | 144,814 | (11391) |
| خەرجیەکانی تر | 587,501 | 409,760 | 429,305 | (19545) |
| موجوداتی نادارایی | 247,313 | 151,198 | 149,786 | (1412) |
| **کۆی گشتی** | **5,979,834** | **5,979,834** | **6,681,549** | **(701715)** |

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لەم خشتەی سەرەوە بڕوانین ئەم خالآنەمان بۆ دەردەکەوێت:

أ ـ زیادەڕۆیی لە زۆر بواری خەرجدا وەکو لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت و بەم شێوەیەی سەرەوەو، کۆی گشتی زیادەڕۆیی لە ساڵی 2009 بە گۆژمەی (701.715) (حەوت سەدو یەك ملیارو حەودسەدو پانزە ملیۆن دینار).

ب ـ حکومەت دەبوو بە نووسراوی شیکاری هۆی ئەم زیادەڕۆیەی روونکردبایەوە.

بەلآم بە بۆچوونی لیژنەکەمان:

1- نەدەبوو حکومەت بەهیچ شێوەیەك زیادەڕۆیی بکردبایە لەسەر بودجەی پەسند کراوی ساڵی 2009ی حکومەتی هەرێم، جگە لە بواری خەرج کردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان.

2- ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخانکراوە لە بودجەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بەشی پێداویستی و خەرجیەکانی حکومەتی هەرێم ناکات، کە هەرێمێکی چەند ساڵ فەرامۆش کراوو ، وێران و ژێرخان داڕووخاو بووە لە هەموو بوارەکانی ژیان و ئاوەدانیدا.

ج ـ ئەو زیادەڕۆییەی کە کراوە لەم بەش و بڕگانەی خشتەی خوارەوە، دەبوایە حکومەت خۆی لێ بپارێزێت و دەرنەچوایە لە بڕی پارەی تەرخانکراو و پەسندکراو:

| شێوازی خەرج | منقح حساباتی کۆتایی 2009 | خەرجی فیعلی 2009 (خیتامیە) | زیادە رۆیی |
|---|---|---|---|
| باربوو (أعانات) | 266,000 | 276,590 | (10.590) |
| بەخشین (منحة) | 322,530 | 441,883 | (119.353) |
| سوودی کۆمەڵایەتی (المنافع الاجتماعیة) | 133,424 | 144,814 | (11.391) |
| خەرجیەکانی تر | 409,760 | 429,305 | (19.545) |

5- گرینگی رێژەیی شێوازی خەرجکردنی فیعلی لە بەراورد کردنیدا لەگەڵ کۆی گۆژمەی خەرجیەکانی ناو حساباتی خیتامی ساڵی 2009 لە (بودجەی ئاسایی) کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەرکەوتووە:-

| شێوازی خەرج | خەرجی فیعلی 2009 (خیتامیە) | رێژەی بڕەکە لە ٪ |
|---|---|---|
| مووچەی فەرمانبەران و خانەنشین | 4,169,990 | 62,41٪ بودجەی تەشغیلی بەدەست هێناوە |
| شمەك و خزمەتگوزاری و چاککردنەوە | 1,069,181 | 16٪ بودجەی تەشغیلی بەدەست |

| | | |
|---|---|---|
| | | هێناوه |
| باربوو(أعانات) | 276,590 | 4,14٪ کۆی گشتی بودجەی تەشغیلی |
| بەخشین (منحة) | 441,883 | 6,61٪ کۆی گشتی بودجەی تەشغیلی |
| سوودی کۆمەڵایەتی (المنافع الاجتماعية) | 144,814 | 2,17٪ |
| خەرجیەکانی تر | 429,305 | 6,43٪ کۆی گشتی بودجەی تەشغیلی |
| موجوداتی نادارایی | 149,786 | 2,24٪ کۆی گشتی بودجەی تەشغیلی |
| **کۆی گشتی** | **6,681,549** | **100 ٪** |

**سەبارەت بە گرینگی ڕێژەی بڕگەکانی خەرجیەکان دەردەکەوێت کە شێوازی خەرجکردن لە بواری مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان گۆژمەی (4.169.990) (چوار ترلیۆن و سەدو شەست و نۆ ملیارو نۆ سەدو نەوت ملیۆن دینارە)، کە ڕێژەی (62,41 ٪) دەکات و، دابەش بووە بەسەر مووچەو کرێی بنەڕەتی و کرێی گرێبەستەکان و کرێی وانە گوتنەوە (محاضر)و مووچەی خانەنشین و گوژمەی شمەك و خزمەتگوزاری و چاککردنەوە کە بە گوژمەی (1.069.990) (یەك ترلیۆن و شەست و نۆ ملیارو نۆسەدو نەوەت ملیۆن دینارە) کە بەرێژەی (16 ٪) دەکات و، کە دابەش دەبێت بە گۆژمەی (653.125.886) دینار بۆ کەلوپەلی پێداویستی (المستلزمات السلعية)و، گوژمەی (315.955.232) دینار بۆ پێداویستیە خزمەتگوزاریەکان (المستلزمات الخدمية)و، گوژمەی (100.100.204) دینار بۆ چاککردنەوە (الصيانة) و، بڕی (276.590) ( دوو سەدوو حەفتاو شەش ملیارو پێنج سەدو نەوەت ملیۆن دینار) کە دەکاتە ڕێژەی (4,14٪)و، بڕی (441.883) (چوار سەدو چل و یەك ملیارو هەشت سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینار) کە دەکاتە ڕێژەی (6,61٪)و، بڕی (144.814) (سەدو چل و چوار ملیارو هەشت سەدو چواردە ملیۆن دینار)و، بڕی (429.305) (چوار سەدو بیست و نۆ ملیار و سێ سەدو پێنج ملیۆن دینار)و، بڕی (149.786) (سەدو چل و نۆ ملیارو حەفت سەدو هەشتاو شەش ملیۆن دینار)، کە دەکاتە ڕێژەی (2،17٪ و، 6,143٪ و، 2,24٪) بۆ خەرجیەکانی سوودی کۆمەڵایەتی (المنافع الاجتماعية)و خەرجیەکانی ترو موجوداتی نادارایی دوابەدوای یەکتر.**

**6- خشتەی خەرجیەکانی فیعلی لەسەر پرۆژەکان (الموازنة الاستثمارية)ساڵی** 2009

| بودجەی پەسندکراوی پرۆژەکان<br>ملیۆن دینار | خەرجی فعلی 2009<br>ملیۆن دینار | پێشینەی 2009<br>ملیۆن دینار |
|---|---|---|
| **2,303,338** | **1,599,470** | **257,419** |

وە تەواوی خەرجیەکان کە دەکاتە بڕی (1.599.470) (یەك ترلیۆن و پێنج سەدو نەوەت و نۆ ملیارو چوار سەدو حەفتا ملیۆن دینار)و، ئەم خەرجیانە دابەش بووە بۆ سەر ئەم وەزارەتانە بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| ت | وەزارەتی | کۆی پارە/ بە هەزاران | ڕێژەی وەزارەت لە ٪ |
|---|---|---|---|
| 1 | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ــــ | |
| 2 | وەزارەتی پەروەردە | 70139973 | 4.38٪ |
| 3 | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن | 196638384 | 12,3٪ |
| 4 | وەزارەتی کشتوکاڵ | 21613897 | 1,4٪ |
| 5 | وەزارەتی ناوخۆ | 503583106 | 31,4٪ |
| 6 | وەزارەتی شارەوانی | 285971873 | 17,9٪ |
| 7 | وەزارەتی گەیاندن | 13111602 | 0,8٪ |
| 8 | وەزارەتی رۆشنبیری | 7768376 | 0,5٪ |
| 9 | وەزارەتی تەندروستی | 28081293 | 1,8٪ |
| 10 | وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی | 13377312 | 0,83٪ |
| 11 | وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان | 114822 | 0,007٪ |
| 12 | وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی | 265439 | 0,16٪ |
| 13 | وەزارەتی دارایی و ئابووری | 146395625 | 9,113٪ |
| 14 | وەزارەتی پیشەسازی | 927091 | 0,05٪ |
| 15 | وەزارەتی داد | 490596 | 0,03٪ |
| 1 | دیوانی چاودێری دارایی | ــــ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | | | |
| 17 | مافی مرۆڤ | ــــــ | |
| 18 | وەزارەتی خوێندنی باڵا | 47411188 | ٪3 |
| 19 | وەزارەتی گواستنەوە | 504848 | ٪0,3 |
| 20 | وەزارەتی کارەبا | 235649404 | ٪14,7 |
| 21 | وەزارەتی بازرگانی | 2170271 | ٪0,1 |
| 22 | کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم | ــــــ | |
| 23 | وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو | 6218014 | ٪0,4 |
| 24 | وەزارەتی وەرزش ولاوان | ــــــ | |
| 25 | وەزارەتی پلاندانان | 198943 | ٪0,01 |
| 26 | وەزارەتی گەشت و گوزار | 4264022 | ٪0,3 |
| 27 | وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | 1420474 | ٪0,09 |
| 28 | وەزارەتی ژینگە | ــــــ | |
| 29 | دەستەی وەبەرهێنان | 319273 | ٪0,02 |
| 30 | ئاسایش | 5903636 | ٪0,4 |
| 31 | ئەنجومەنی دادوەری | ــــــ | |
| | کۆی گشتــــــی | 1599370462 | |

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وە لەم دوو خشتەیەی سەرەوە ئەم خاڵانە روون دەکەینەوە:

* حکومەتی هەرێم تەنها خەرجی فیعلی 2009 لەسەدا 69٪ بەکار هێناوە لە بودجەی وەبەرهێنانی پەسندکراو بەڕای ئێمە ئەمەش رێژەیەکی کەمە.

★ گوژمەی (257,419) (دوو سەدو پەنجاو حەوت مليارو چوار سەدو نۆزدە مليۆن دينار) پێشينەيە (سلفة)، بۆچی تەسويە نەکراوە لەکۆتايی ساڵی 2009؟ و لە حسابی خيتامی نەبۆتە خەرجی کۆتايی؟

★ حکومەت ڕوونی نەکردۆتەوە کەوا کام لەم پرۆژانە ئەنجام نەدراوەو، ڕێژەی تەواو بوونی پرۆژەکانی تر چەندە؟

★ ئەگەر هەڵوێستێك بکەين لەسەر گرينگی ڕێژەی خەرجيەکانی پرۆژەکان لەسەر وەزارەتەکان، بۆمان دەردەکەوێت کەوا زۆرترين ڕێژە (31,4٪)ە لەکۆی گشتی، کە هی وەزارەتی ناوخۆيەو، ڕێژەی (17,9٪) بۆ وەزارەتی شارەوانی بەرێژەی (14,7٪)و، (12,3٪)و، (9,113٪) بۆ وەزارەتەکانی کارەباو ئاوەدانکردنەوەو نيشتەجێ بوون و، دارايی دوابەدوای يەکتری، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا لە هەرێم لە ڕێگای پرۆژەی دامەزراندنی وێستگەی وەبەرهێنانی کارەباو باشکردنی هێڵەکانی گواستنەوەی کارەبا، بۆ دروست کردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبان و پردو تونێل لەنێوان شارەکانی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەگشتی.

**7 ـ جووڵەی کاش لە دارايی حکومەتی هەرێم/ ساڵی 2009**

أ ــ ئەگەر بەدواداچوونێك لەسەر جووڵەی کاش بکەين لە ساڵی 2009ی دارايی بۆمان دەردەکەوێت هەندێك پێشينە هەيە ڕاگيراوە، واتە (سلف موقوفة) تەسويە نەکراوە، پێويست بوو بەپێی ڕێنمايەکانی دارايی لە کاتی حساباتی کۆتايی تەسويە بکرايەو، لەم خشتەی خوارەوە ئەم پێشينانە دەخەينە بەرچاو بەگشتی:

| ناوی پێشينە | گوژمە / مليۆن دينار |
| --- | --- |
| پێشينە لەسەر بودجەی ئاسايی | 97,006 |
| پێشينە لەسەر بودجەی پرۆژەکان | 257,419 |

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ـ لەناو جووڵەی کاش گوژمەی (971.666) (نۆسەدو حەفتاو يەك مليارو شەش سەدو شەست و شەش مليۆن دينار) وەك پێشينە چەسپاوە، لەناو جووڵەکە لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە هی خەرجيەکانی ساڵانی ( 2007 و 2008 و 2009 ) کە پێويست بوو لە بودجەی تەرخانکراوی حکومەتی فيدراڵی خەرج بکرايە، بەڵام ئەم بڕە پارەيە نەدراوە تاکو ئێستا، بۆيە حکومەتی هەرێم ناچار بوو ئەم بڕە پارەيە خەرج بکات بۆ دابينکردنی پێداويستيەکانی وەزارەتی پێشمەرگە.

ج ـ خەرجی فەرمانگەی جنسیەو سەفەر لە ساڵی 2009دا لەسەر نەفەقاتی سیادی داخیل کراوەو، بڕی (34.732) ملیار دینار بۆیان خەرجکراوە وەك پێشینە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباریان.

د ــ قیادەی قواتی حدود (پۆلیسی گومرگ) تەنها مووچەیان بۆ سەرف دەکرێت لە وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ، بەلاّم خەرجیەکانی تر وەك جل و بەرگ و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و سووتەمەنی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە خەرج دەکرێت.

دووەم

پێشنیاری لیژنە لەسەر ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی حساباتی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی 2009

1- داوا دەکەین کە دەزگای چاودێری دارایی یەك بگرێتەوەو بەشێوەیەکی ئەکتیڤ چاودێری ماڵی گشتی و چۆنیەتی خەرج کردنی بودجەو دەسکەوتنی داهات بکات.

2- کاراکردنی دەوری چاودێری و وردبینی ناوخۆیی ناو وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی حکومەت لە ڕێگای دانانی کارمەندی شارەزاو لێهاتوو لەم بووارەو، دەبێت فەرمانبەرانی ئەم بەشە تایبەتمەندی خۆیان هەبێت.

3- پێگەیاندن و ئامادەکردنی کادیری بەتوانا لە بواری ژمێریاری و وردبینی لەناو وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەت، لەڕێگەی خول و وۆرك شۆپەوە، ڕاهێنانیان لەسەر سیستەمی نوێی کارکردن.

4- ئاگادار کردنەوەو لێپرسینەوەو ناردنی کارمەندانی گەندەڵ و کەمتەرخەم لەناو دام و دەزگاو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دادگای تایبەت و، پاداشت و سوپاس کردنی کادری چالاك و دڵسۆز کە بودجەو ماڵی گشتی بە فیڕۆ نادات، ئەم پرۆسەیەش گەر بەبێ جیاوازی و پاڵپشتی ئەنجام بدرێت زۆر گرنگە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

5- پێشکەش کردنی حساباتی کۆتایی حکومەتی هەرێم لەکاتی دیاری کراوی یاسایی خۆیدا بۆ پەرلەمان، لەگەڵ ڕاپۆرتی چاودێری دارایی.

6- پاکتاو کردن و چارەسەر کردنی سولفەکان کە پێشینە دراوە بەشێوەیەکی یاسایی و ژمێریاری.

7- پێویستە لە کۆتایی ساڵدا هەر وەزارەتێك، یان فەرمانگەیەك، کە پارەی ماوەتەوە، بۆ پرۆژە و خاڵی بەسوودو پێویست بەکاری بهێنێت بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوندی گشتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

8- پێویستە کە حکومەتی هەرێم و پەرلەمان لە ڕێگەی کەناڵەکانیانەوە بەردەوام داواکاری لە حکومەتی فیدراڵی بکەن، بۆ ئەوەی بڕە بودجەی هێزی پێشمەرگە کە بەپێی دەستوور دەبێت حکومەتی مەرکەزی دابینی بکات. بە زووترین کات جێ بەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بەشێکە لە سیستەمی بەرگری نیشتیمانی بەپێی دەستووری عێراق.

9- پێویستە حکومەتی هەرێم بەردەوام بگەڕێت بەدوای سەرچاوەی نوێ بۆ زیاد کردنی بودجەو تێرکردنی پێداویستیەکانی حکومەت و خەڵك بۆ زیاتر بەرەو گەشەکردن و پەرەپێدانی ئابووری هەرێم.

لەڕاستیدا ئێمە وەکو لیژنەکەمان وای بۆ دەچین گەر ئەم ڕێنماییانە جێ بەجێ بکرێت، کە داوامان کردووە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، هەروەها بودجەی خەمڵێنراو لەکاتی یاسایی خۆیدا بگاتە پەرلەمان، گفتوگۆی وردو دروست و واقیعیانەی لەسەر بکرێت، بەشێوەیەکی هونەری و گشتی و نەتەوەیی تێی بڕوانین و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین، کەواتە بەردەوام هەر لیژنەو بەپێی پسپۆڕی و پەیوەندی بە وەزارەتەکەیەوە چاودێری بەردەوامی پرۆژەکان و خەرجیەکان و داهاتەکان بکات، هەروەها حساباتی کۆتایی کە لە ماوەی یاسایی خۆیدا گەیشتە پەرلەمان، بەتەنها دیراسەو گفتوگۆ کردنی لە لیژنەی تایبەتی خۆی، کە لیژنەی دارایی و ئابوورییە کۆتایی پێ دێت و، تەنها پەسند کردنی پەرلەمانی دەوێت، ئەو کات پێویست بە گفتوگۆکردنی زۆر ناکات لەناو هۆڵی پەرلەمان. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لیژنەکان ڕۆڵی پسپۆڕی خۆیان دەگێڕن، متمانەی تەواو لەناو لیژنەکاندا دروست دەبێت، ئەم متمانەیەش دەگوازرێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، دووبارە بەخێرهاتنی هەردوو ڕێزدار وەزیری دارایی و ئابووری کاك شێخ بایزو بریکاری وەزارەت کاك ڕەشید تاهیر دەکەین، ئێستاش ئێوەی بەڕێز بۆ گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکە، کام بەڕێز دەیەوێت موداخەلە بکات؟ ناویان دەنووسین، ئەم بەڕێزانەی ناویان تۆمار کردووە، ئەم ڕێزدارانەن (هاوڕاز، فاضل بەشارەتی، ئاشتی عزیز، شێرزاد عبدالحافظ، عبدالرحمن حسین، د.صباح برزنجی، نەسرین جەمال، عبدالله مەلا نوری، عدنان عثمان، ڕێباز فتاح، حاکم رزگار، شلێر محمد نجیب، سەردار رشید، سالار محمود، احمد سلێمان (بلال)، پەروین عبدالرحمن، د.زانا ڕەئوف، پەیمان عزالدین، پەریهان قوبلای، ئەڤین عمر، هاژە سلێمان، ایوب نعمت (ئارام)، د.احمد ابراهیم، فاضل حسن، عمر هەورامی، حسن محمد)، کەسی تر ماوە؟ ناوت، کاردۆ محمد، کەسی تر نییە؟ ڕێزدار هاوڕاز خان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا موداخەلەکەی من لەوانەیە لەشێوەی پرسیارو داوا کردنی ڕوون کردنەوەیەك بێت، دیارە لە بەشی نۆیەمی پەیڕەوی ناوخۆ هەموو ئەو ماددانەی کە باسی بودجە دەکات تایبەتمەندیشە بە حیساباتی خیتامی، لەکاتێکدا ئێمە لەکاتی موناقەشەی بودجەی گشتی هەموو لیژنەکان پرۆژە یاسای بودجەمان لەلا بوو، تێبینی و مولاحەزەی خۆمان لەسەری هەبوو، بەڵام لێرە کە حیساباتی خیتامییە، بەڕاستی حیساباتی خیتامی لە دەستی ئێمە نییە، من وەکو لیژنە هیچم لەبەردەست نییە، ئەوەی لەبەر دەستی ئێمەیە

راپـۆرتی لیژنـەی دارایـی و ئابـووریـیـە، مـن نـازانم یـەعنی ئایـا مەسـەلەن ئێمـە دەبێـت لەسـەر راپۆرتەکـە مولاحەزە بدەین؟ یان لەسەر حیساباتی خیتامی مولاحەزە بدەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کاک فرسەت موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حیسابی خیتامی موقابیلی میزانیەیە، میزانیەش لەبەردەست نەبوو، لە لیژنەی مالیە، بـۆ هـەر لیژنەیـەك حەزیان لێیە بچن ئیتیلاعی لەسەر بکەن، لەوێمان دانـاوە، حیسـابی خیتـامیش لـە جەلسـەی پێشـتر بـەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیعلانی کرد، کە حیسابی خیتامی لە لیژنەی دارایی و ئابوورییە، هەر لیژنەیـەك، هـەر ئەندامێك حەزیان لێ بێت، بچن ئیتیلاعی لەسەر بکەن، دەرگای لیژنەکـە کراوەتـەوە، وەکـو تـر راپۆرتەکـە تەوزیع دەبێت، حیسابی خیتامی تەوزیع نابێت، چۆن میزانیە تەوزیع نابێت، حیسـابی خیتـامیش تـەوزیع نابێـت، لـە جێگایـەك دادەنرێـت، لـەوێ بـرادەران، ئەنـدامانی پەرلـەمان دەچـن، ئـەوی حـەز بکـات دەچـێت تەماشای دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار فاضل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لـە بەشـی دووەم/ لـە خـاڵی هەشـت/ یـەك مولاحـەزەم هەیـە، کـە دەبێتـە پێشـنیاریش لەکۆتاییـدا، بەحەقیقەت خاڵی هەشت/ باس لەوە دەکات کە دەڵێت پێویستە حکومـەتی هـەرێم و پەرلـەمان لـە رێگـای کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بەردەوام داواکاری لـە حکومـەتی فیـدراڵی بکـەن، بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی حقـوقی پێشمەرگە، لەبەر ئـەوەی پێشـمەرگە لـە دەسـتووردا بـەهێزێکی نیزامـی هـاتووە، لەگـەڵ وەزارەتـی دیفـاعی عێراقی حیسابی بـۆ بکرێـت، ئەمـە بـە بـڕوای مـن لـە رێگـای کـەناڵی راگەیاندنـەوە، ئـەو گرفتـە چارەسـەر ناکرێت، من داوا دەکەم ئەو خاڵەی کە لێرە ئیشارەتی پێ کردووە، لەبەر ئەوەی چەند ساڵێکە ئەو گرفتەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەیە ، مەسەلەی پێشمەرگە کە بۆتە گرفتێکی گەورە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دەسـەلات لـە دوای دەسـەلات وەعـدی جـێ بـەجێ کـردن دەدەن و ناشـی دەن، لێـرە ئـەوەی دەتـوانم بڵـێم زەرەرمەندو مەحروم دەبێت لە سوود، یان لەحقوقی ئەساسی خـۆی هێـزی پێشـمەرگەیە، بۆیـە داوا دەکـەم حکومەتی هەرێمی کوردستان حقوقی پێشـمەرگە وەکـو هـەموو هێزەکـانی تـری عێـراق جـێ بـەجێ بکـات، هەتاکو ئەو گرفتە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی یەکلایی دەبێتەوەو، بۆ ئەوەی چیتر هێزی پێشمەرگەو ماڵ و خێزانی پێشمەرگە لەو ئیمتیازاتانە بێ بەش نەبن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاشتی عزیز فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەم بۆ ئەو راپۆرتە بە پێزەی كە ئامادەیان كردووە، كە تەواوی تێبینی و رەخنەو پێشنیازەكانی ئێمەیان لەخۆ گرتووە، من یەك، دوو روونكردنەوەم پێویستە، یەكێك لەوانە بەو پێیەی كە خشتەیەكی شیكاری ورد لەبەردەمان نییە سەبارەت بەو خەرجیانەی كە كراوە، زۆربەی وەزارەتەكانیش، یان تەواوی وەزارەتەكان بابی خەرجیاتیان تێكەڵە، لەبەر ئەوە ئەمە خەلەلێكی دروست كردووە، كە ئێمە نەتوانین و نەزانین ئایا بابی ئیعانات و منح و كۆمەڵێك شتی تر لە وەزارەتێكدا لەوانەیە زەرور بێت، ئەگەر زیادەڕۆیی تیا كرد بێت؟ بەڵام لەوانەیە لە وەزارەتێكی تردا زەرور نەبوو بێت، كە كاتێك ئەم بابەتێك تێكەڵ دەكرێت، لەوانەیە شەرعی نەبێت، هەندێك وەزارەت ئەگەر زیادەڕۆیی تیا بكات، ئێمە داوامان كردبوایە كە پێویست بوو ئەم خەرجیەی خۆی كۆنترۆڵ بكات و بیداتە ئەو وەزارەتانەی كە زەرورە، بەو پێیەی كە تێكەڵە، لەبەر ئەوە ئەمە لەلای ئێمە روون و ئاشكرا نییە، بەلام تێبینیەكم هەیە لەسەر راپۆرتەكەی لیژنەكەتان، لە خاڵی دوودا یەكێك لە بۆچوونەكانتان كە تۆمارتان كردووە، داوای ئەوە دەكەن ئەو بڕە پارەیەی كە لەلایەن حكومەتی عێراقی فیدراڵەوە ئامادە دەكرێت، داوای ئەوە دەكەن، كە ئەوە بڕێكی كەمەو پێداویستی حكومەتی هەرێم لەوە زیاترە، من پرسیارێكم هەیە بۆ بەڕێز جەنابی وەزیر، ئایا ئەدای تەنفیزی حكومەت لەو ئاستەدایە، لە رووی پسپۆری و ئابووری و دارایی، لە رووی پسپۆری هێڵكاری ئابوورییەوە، كە ئێمە داوای پارەیەكی زیاتر بكەین؟ بودجەیەكی زیاتر بكەین بۆ حكومەت، لەكاتێكدا ئێمە زیادەڕۆیی لە هەندێك بابدا دەبینین، كە بە زەروری نازانرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شێرزاد عبدالحافظ فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەم، راپۆرتێكی زۆر بە پێز، راپۆرتێكی زۆر باشە، پەنجەیان خستۆتە سەر زۆربەی هەرە زۆری شتەكان، كە من پێموایە راپۆرتێكی زۆر باشە، ئەوەی كە دەمەوێت بیڵێم بەڕاستی ئەوەی هاوكارم دووبارە دەكەمەوە، كە بودجەی ساڵی 2009 دەبوایە لەبەر دەستمان بوایە، من ئەوەم نەزانیوە كە دەبوایە لە لیژنەی دارایی هەبووە بچین ببینین، چونكە تا نەبینین، ئێمە ناتوانین موناقەشەی ئەمە بكەین وا بە ئاسانی.

دووەمیان/ پێموایە لە بودجەی تەشغیلیدا سەرفیاتێك هەیە، یـەعنی زیـاتر سـەرف کـراوە لـە هـینی خـۆی، دوای ئەوە کە سەرفیش بووە دەست بڵاوی زۆری تیا بووە لە سەرف کردنی بودجەکە، لە هەندێ شوێن کـە بودجە ماوەتەوە، ئەو بودجەیە لێرە دیار نییە، کـە چـەندی ماوەتـەوە؟ ئـەو بودجەیـە لەکوێیـە کـە دیـار نییە؟ چونکە بەڕاستی وردەکاری تیا نییـە، کـە وردەکاری وەزارەتـەکان، وردەکـاری ئـەو شـوێنانەی کـە ئـەو بودجانەیان سەرف کـردووە، ئێمـە لـە پەرلـەمانی کوردسـتان پـرۆژە یاسـای دیـوانی چـاودێری هەیـە، بـەڵام دیوانی چاودێری لەم راپۆرتەدا وجودی نابینم هەبێت، کەمتر باسـی کـەرتی تایبـەت کـراوە لـەم بودجەیـە، هەمووتان دەزانن ئەگەر کەرتی تایبەت هەبێت، دیارە وەزعی ئەو خەڵکەی کە ئێستا بـێ ئـیش و کـارن زۆر کەمتر دەبێتەوە، وردەکاری داهات لێرە زۆر کەمە، یەعنی هەر دیار نییە، زۆر کەمە، چونکە داهات دەبوایـە وردەکارییەکـەی تیـا بوایـە، بـۆ ئـەوەی بـە وازیحـی بگوترایـە، کـە ئـەو داهاتـە لـەکوێوە هـاتووە؟ هـی چ وەزارەتێکە؟ چونکە پێموایە داهات زۆر لەمە زیاترە، کە لێرەدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالرحمن حسین فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاسـتی منـیش نامـەوێت قسـەکانی رەفـیقم دووبـارە بکەمـەوە، زۆر سوپاسـی لیژنـەی دارایـی و ئـابووری دەکەم، کە ئەو راپۆرتەی رێکخستووە، بەڵام من چەند تێبینیەکم هەیە، پشتگیری لە قسـەکانی کـاك فاضـل دەکەم، بەنیسبەت پێشمەرگە ئێمە هەر لێرە بڵێین حکومەتی مەرکەزی هیچی بـۆ نـەکردووە، ئـەوە چـەند ساڵە؟ ئێمە هەروا پشتگوێی بخەین، ئەوەش زۆر خراپە، ناکرێت، دەبێت ئێمە لێرە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، دوای ئەوەش ئێمە لێـرە دێـین، لێـرە باسـی ئـەوە دەکـەین، کـە هـەردوو چـاودێری دارایـی یـەکتریان نەگرتۆتەوە تاکو ئێستا، لە موناقەشەی بودجەی هەرێمیش ئێمە ئەوباسەمان کرد، با یەکتر بگرنەوەو ئـەو ماوەیەی بەسەرچوو، تا ئێستا یەکتریان نەگرتۆتەوە، ئـەوە زەرورییـە دەبێـت یـەکتر بگرنـەوە، دوایـی ئـەوە ئێمە هەر گلەیی لە حکومەت دەکەین، بۆ ئێمە وەکو پەرلەمان ئەو سەرۆکی چاودێرییە دیـاری ناکـەین، تـا ئێستا دیاریمان نەکردووە، دەبێت دیاری بکەین، ئێمە زیاتر پەرە بدەین بە کەرتی تایبەت، ئـازادی بـدەینێ، یەعنی زیاتر ئازاد بن و شتەکان تەسهیل بکەین، نەك بخەینە جێگایەك، هەندێك شەریکاتی تایبـەت هـەبن ئیستیغلالی هەرێمی کوردستان بکەن، ناهێڵن هەموو کـەرتێکی تـر، هـەموو شـەریکاتێکی تـر، وەکو ئەوانـە بەپێی یاسا ئیشەکان جێ بەجێ بکەن، ئێمە زیاتر پشتیوانی زیاتر لەوان بکەین، کە رێ خۆشکەر دەبن، بـۆ ئـەوەی زیـاتر خەڵکەکـە لەگـەڵیان دابمـەزرێن و ژیـان ببەنـە سـەر، لـە دهـۆك هەنـدێك شـت هەیـە، چـەند شەریکاتێك هەیە ئیحتیکاریان کردووە، یەعنی رێگا نادەن بە هیچ شەریکاتێکی تر، یان ئیجازەی پـێ نـادەن، دەبێت هەر چەند شـەریکاتێك دەسـت نیشـان کـراون، ئەوانـە بـۆ خۆیـان شـت بێـنن بـۆ کوردسـتان، ئـەوانی تـریش لێی مەحروم بوون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەڕێز عبـدالرحمن، ئەمــە عیلاقــەی لەگــەڵ حیســاب خیتــامی نییــە، باســی شــەریكات دەكــەیت، باســی پێشمەرگەو، ئەوە كاك فاضلیش باسی كـرد، جەنابیشت، لێـرە ئـەم حیسابەی لەبـەر دەستمانە، چاكەكەی ئەوەیە هەمووتان دەستخۆشیتان لە لیژنەكە كرد، چاكەو خراپەكەی دیار كردووە، لەسەر ئەوەو لـەناوەوەی ئەوە قسە بكەن، ئەگەر پێت باش نییە، بڵێ لەو فەقەرەیە، لەوێ ئەوەی باش نییە، لێرە ئەمەی باش نییە، بەلاّم حەلی مەشاكیلی تر ئێستا لەم موناقەشەیە لێرە ناكرێت، كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە كە ئێمە دەیبینین، پێموایە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری، لەوانەیـە تەنسـیقێكی ئەوتۆ نەبێت، كە ئەو هەموو مەشاریعانە، ئەو هەموو پارەی سەرف كراوە، یەعنی ئـەو تەنسـیقەی نـەبێت، كە چۆن چۆنی سـەرف بـووە؟ چـۆن چۆنی چووە بـۆ جێـی ئـەو پرۆژانـە جـێ بـەجێ كـراون؟ دەمانـەوێت تەنسیقێكی زیاتر هەبێت، زیاتر ئاگایان لەیەكتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار د.صباح بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من دەستخۆشی لە بـەڕێزان ئەنـدامانی لیژنـەی دارایـی و ئـابووری دەكـەم، بـۆ ئـەو راپۆرتـە تێـرو تەسەلە، بۆ ماندوو بوونیان كە زۆر كاری پەرلەمانتارانیان كورت كـردەوە، دەسـتیان خـۆش بێـت، سـەبارەت بە حیساباتی خیتامی و لێكۆڵینەوە لێی، ئەمە لەڕاستیدا ئەڵقەی كۆتـایی قۆناغـەكانی بودجەیـە، وەكـو لـە زانستەكانی داراییـدا باسـی لێـوە دەكرێـت، تەنانـەت ئەوەنـدە گرنگـە لـە هەنـدێك لەولاّتانـدا بـە قانونێـك تەصدیقی حیساباتی خیتامی دەكرێت، بۆ ئەوەی ئەوپەڕی شەفافیەت و روونـی لـەكاروباری دارایـی ولاّتـدا، یان لە هەرێمـدا دەسـتی هاوولاّتیـان بكـەوێت، تەبعـەن لیژنـەكـە زۆر بـە جـوانی ئامـاژەی بـۆ كـەموكورتی و كەلێنەكانی حیساباتی خیتامی كـردووە، مـن نامـەوێت بچمەوە سـەریان، بـەلاّم لێـرەدا ئەوەیـە ئایـا لەگـەڵ بوونی ئەو كەموكورتیانەدا، ئێمە دەبێت تەصدیقی حیساباتی خیتامی بكەین.

چوار/ ئەو عەرزەی لەناو حیساباتی خیتامیدا هاتووە، بەپێی هەڵومەرجی كوردستان و موتاڵـەباتی خـەڵك، دەبـوو عـەرزێكی تەفسیلی بوایـە، عـەرزی بـەیانی لەگـەڵ بوایـە، نـەك بـەو شـێوەی كـە ئێستا هەیـە زۆر عـەرزێكی موجمـەل و زۆر عـەرزێكی نەوعیـە لەڕاسـتیدا، ئـەو پێشـنیارانەی كـە كـراوە لەلایـەن لیژنـەی داراییەوە، منیش تەئكیدیان لەسەر دەكەمەوە، بەلاّم پێم باشە زمانەكە زمـانی ئـەمر بێـت، زمـانێكی ئـامر بێـت، نـەك داوا كـردن، بگوترێـت جـەخت دەكەینـەوە لەسـەر ئـەوەی كـە حكومـەت بـەم كارانـەی خـۆی

هەڵستێت، ئەو کەموکورتی و ئیبهامانەی کە لە حیساباتی خیتامیدا هەیە، ئینشائەڵلا لەساڵی داهاتوودا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نەسرین فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر چەند خاڵێك تێبینیم هەیە، دیارە هەندێك شت ئاماژە پێ دەدەم و، هەندێك شتیش ئاراستەی جەنابی وەزیر دەبێتەوە، یەکەم/ لەم خشتەی هەمانە ئاماژە نەدراوە، یاخود دەست نیشانی بودجەی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری نەکراوە، ئایا ئەمانە هیچ مەساریفێکیان نەبووە؟ ئەگەر هەبووە، لەکوێ بۆیان دابین کردووە؟ پێویستی بەوە دەکرد کە بەڕاستی دەست نیشان بکرێت.

دووەم/ پێویست بەوە بوو، هەروەکو بەڕێزیان ئاماژەیان پێداوە، راپۆرتی رەقابەی مالیەمان هەبوایە، بۆ ئەوەی باشتر بەرچاومان روون بوایە، بتوانین دەست نیشانی کەموکورتیەکان بکرایە، تا وردەکاری زیاتر بکرایە.

خاڵێکی تر/ دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم، ئەویش دەست نیشان کردنی ئەو سەرفیاتانە، کە باس لەوە دەکرێت بڕی لە 80٪ی سەرف کراوە، ئەو بودجەیە لە 20٪ی سەرف نەکراوە، کەواتە لێرە دەردەخات ئەدائی حکومەت با بڵێین لاواز بووە.

پرسیارێکیش لەوەی کە بەڕێز وەزیری مالیە، ئایا بڕی ئەو 20٪ی کە ماوەتەوە سەرف نەکراوە، چی لێ دەکەن؟ یەعنی تەداول دەکات، دەمێنێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو، یەعنی بۆ ساڵی 2010.

خاڵێکی تر/ دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم، ئیحتیاتی وەزارەتی مالیە تەحدید نەکراوە، کە لەمەوپێشتر باسمان کردووە، لەکاتی بودجە وەزارەتی مالیە ئیحتیاتێکی هەیە، ئایا ئەو ئیحتیاتەی وەزارەتی مالیە چەندێکە؟ بۆچی داخل نەکراوە؟

خاڵێکی تر/ دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم، لەسەر ئەو بودجەیەی وەزارەتی ناوخۆیە، لە ساڵی 2009 ڕێژەی 31٪ بودجەکەمان بۆ تەرخان کردووە، لەساڵی 2010 لە 20٪، یەعنی لە 20٪ی بودجەکەیە، (مع العلم) لە ساڵی 2010 دامەزراندن زیاتر بووە، لە هەمان کاتیشدا لە ساڵی 2009 زێرەڤانی لەسەر وەزارەتی ناوخۆ نەبووە، بەلاَم لە ساڵی 2010 زێرەڤانی خراوەتەوە سەر وەزارەتی ناوخۆ، ئەمە لێرە ئیشکالیەتێك دروست دەکات بۆ بودجەکە.

خاڵێکی تر/ دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم، بڕی ئەو بودجەیەی کە هەمان بووە، ساڵی 2009 تەقریبەن بڕی (410) ملیار دینار بووە، ئەمساڵ کە ساڵی 2010یە بڕی نزیکەی (350) ملیار دینارە، لێرەدا کە باسی گەشەکردن دەکەین، لە ساڵی 2009 کە (410) ملیار دینار بووە، کەواتە دەبێت ئێمە پرۆژەکانمان دابەزی بێت، گەشە کردنمان دابەزی بێت، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو پارە زۆرە هەبووە، بەلاَم بڕی (350) ملیار دینارە،

كەواتە ئاستی گەشە كردن دەبێت لەو هەرێمە بەرەو دواوە رۆیشت بێت، بەرەو پێشەوە نەرۆیشت بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالله مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە كارێكی باشە، كە حیسابی خیتامی سەرەڕای هەندێك دواكەوتن گەیشتۆتە پەرلەمان، هەروەها وەكو برادەران گوتیان سوپاسی برادەرانی لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەم، كە ئەركیان كێشاوە، بەڵام هەندێك ئیشكالیات هەیە چ لەسەر ئاستی پەرلەمان، هەروەها لەسەر ئاستی حكومەت دەمەوێت بە كورتی باسی بكەم، ئەوەی پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، لەڕاستیدا وا باشتر بوو ئەو دەقەی كە لەلایەن حكومەتەوە هاتووە بخرێتە سندوقەكانمانەوە، بۆ ئەوەی زیاتر بەدواداچوونمان بۆ بكردایە، هەروەها وەكو ئەوەی لە ماددەی (80 و 81 و 82)دا هاتووە، كە بۆ هەموو لیژنەیەك هەیە راپۆرتی خۆی لەبارەی ئەو بوارانەی كە پەیوەندی بە پسپۆری لیژنەكەوە هەیە، راپۆرتی خۆی بدات بە لیژنەی دارایی، بە رەئی من ئەگەر ئێمە لە لیژنەكاندا ئەوەمان بكردایە، رەنگە هەندێ بارقورسیمان لەسەرشانی لیژنەی دارایی هەڵبگرتایە، بمانتوانی بوایە راپۆرتی گشتی ترو زانستی ترمان لەسەر ئەو بابەتانەی حیسابی خیتامی ئامادە كرد بوایە، لەلایەكی ترەوە ئەوەی پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە هەست دەكەم بەشێوەیەك لە شێوەكان حیسابی خیتامی وردە وردە خەریكە ئەو حیكمەتەی خۆی لەدەست دەدات، كە مەبەست لە دانانی حیساباتی خیتامی چیە؟ زیاتر لە پەرلەمانەوە، بەتایبەتی لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری، زیاتر قسە لەسەر لایەنە داراییەكان كراوە، بەو پێیەی ئێمە مەسائیلی ئابووری پشتگوێ خراوە، با بڵێین لە رابردوودا حكومەتی هەرێمی كوردستان لەساڵی 2009دا چەند توانیویەتی ئەو برە پارانەی كە تەرخان كراوە، تەخصیص كراوە لەلایەن پەرلەمانەوە، چەند سەركەوتوو بووە تیایدا؟ چەند توانیویەتی لە مەسائیلی ئابووریدا وڵات پێش بخات؟ بە رەئی من پێویستی دەكرد راپۆرتێكە لەو رووەوە چڕو پڕ تر بوایە، ئەوەی پەیوەندی بە حكومەتەوە هەیە، ئێمە ئەوەی دەیبینین و دەستمان كەوتووە، جگە لە كۆمەڵێك ئەرقام زیاتر هیچی تر نییە، ئەو ئەرقامانە لەڕاستیدا من بۆ خۆم هیچی لێ تێ ناگەم، پێویستی دەكرد حكومەت، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی و ئابووری شان بەشانی ئەو ئەرقامانە راپۆرتێكی چڕوپڕی ئاراستەی پەرلەمان بكردایە، لەسەر ئەوەی بیسەلماند بوایە، یاخود باسی ئەوەی بكرد بوایە، كە لە ساڵی رابردوودا خەملاندنی كردووە بۆ داهاتەكان، كە چەند توانیویەتی، چەند داهاتەكان لەگەڵ خەملاندنەكە وەكو خۆی دەرچووە؟ ئەمە زۆر گرنگە، بەو پێیەی ئێمە، من بۆ خۆم لە چەند سایتێكی عەرەبیدا سەیرم كردووە لە پەرلەمانی وڵاتە عەرەبیەكاندا، بەڕاستی لەگەڵ ئاراستە كردنی حیسابی خیتامیدا راپۆرتێكی چڕو پڕ ئاراستەی پەرلەمان دەكرێت، هەروەها پێویستی دەكرد لەو راپۆرتە بەشێوەیەك لە شێوەكان ئاماژە بە خەرجیەكان بدرا بوایە،

ئەم خەرجیانە چەند لە جێگای خۆیان خەرج کراوە؟ ئێمە لەبیرمان نەچێت حکومەتی هەرێم لە خەرج کردنی پارە لەبەردەم کۆمەڵێك مەسئوولیات دایە، جگە لە مەسئوولیاتە داراییەکە، مەسئوولیەتی ئابوورییە، پێویستی دەکرد لەو راپۆرتە ئاماژەی بەوە بدا بوایە کە لە مەسائیلی کشتوکاڵ، لە مەسائیلی تەندروستی چەند توانیویەتی مەوەفق بێت؟ چەند توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە مەسائیلی خەرج کردنی ئەو برە پارانە؟ لەلایەکی ترەوە، وەکو لە راپۆرتی بەرێزان لیژنەی دارایی و ئابووریدا هاتووە، بەلایەنی کەم ئەم بۆ پشت ئەستوور کردنی قسەکانی پێشووترم باسی ئەوە دەکرێت، کە حکومەتی هەرێم نزیکەی هەشت سەد ملیار دیناری زیاتر خەرج کردووە لە مەسائیلی مووچەو خانەنشین و هەروەها ئیعانات و ئەوانە، یەعنی ئەگەر ئەو راپۆرتە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری بهاتایە، یاخود دەبوایە بهاتایە، دەبوایە ئاماژەی بەوە بدایە، ئەو برە پارانەی کە بۆ نموونە بۆ مووچە خەرج کراون، یاخود بۆ خانەنشین خەرج کراون، چۆن خەرج کراون؟ بە گەڕانەوە بۆ چ دەقێکی یاسایی خەرج کراون؟ ئایا ئەمانە خەڵکی تازەن تەعین کراون؟ خەڵکی تازە با بڵێین خانەنشین کراون، دەبوایە ئەمە روون بکرا بوایەوە، ئەو برە پارانەی کە پەیوەندی بە ئیعانات و مەنافیعی ئیجتیماعی و ئەوانەوە هەیە، دووبارە دەبوایە ئەمانە روون بکردایە، کێ خەرجی کردووە؟ لەسەر چ بنەمایەك خەرج کراوە؟ دراە بە کوێ؟ خۆتان دەزانن ئێمە لە کاتی موناقەشە کردنی بودجەی ئەمساڵدا کۆمەڵێك بەڵگە خرانە روو، کە ئەو پارانە بووە بەشێوەی خراپ بەکار هێنراون، هەر لەلایەن پەرلەمانەوە بڕێك کەم کرایەوە، لەلایەن هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانەوە داوا کرا لە 50٪ی ئەو برە پارانە کەم بکرێتەوە، کەچی وا دیارە لە ساڵی 2009ەوە جگە لەو برە پارانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە تەخصیص کراوە بۆ ئەو بابانە، بەلأم برێکی زیاتر خەرج کراوە، بۆیە هەموو ئەمانە وای دەخواست وەزارەتی دارایی و ئابووری راپۆرتێکی چڕو پڕی ئاراستەی پەرلەمان بکردایە، هەموو ئەو شتانەی روون بکردایەوە بۆ ئێمە، چونکە ئێمە لەبیرمان نەچێت لە نەتیجە حیکمەت لە حیسابی خیتامی ئەوەی نییە، خوا نەکا ئێمە متمانەمان بە حکومەت نەبێت لە مەسائیلی داراییدا، ئێمە دەمانەوێت هەڵسەنگاندنێك بۆ پلانە ستیراتیجیەکەشی بکەین، کە چەند توانیویەتی موەفەق بێت لە جێ بەجێ کردن و با بڵێین چەند سەرکەوتوو بووە تیایدا؟ لەڕاستیدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەرفەتی ئەوە هەیە ماوەی سی رۆژ دیاری کراوە، یەعنی لیژنەی دارایی و ئابووری کە سی رۆژ لەبەردەستی دایە تا ئەو کاتەی راپۆرتی خۆی ئامادە دەکات، وابزانم بەپێی ماددەی (82)ـە، سی رۆژ تەرخان کراوە، ئەو سی رۆژە دەرفەتە لەبەر دەستی ئێمە، لەبەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی دارایی و ئابووری بۆ بودجەیە، بۆ حیسابی خیتامیە، بۆ هەموویانە، چونکە لە ماددەی (80 و 81 و 82)دا ئاماژەی پێدراوە، ئەوەی دەمێنێتەوە لە کۆتاییدا بیڵێم لەڕاستیدا حیسابی خیتامی دەزانی وەکو چی لێهاتووە؟ ببوورن، بەکورتی بۆ ئەوەی زیاتر روونی بکەمەوە، وەکو ئەوەی لێهاتووە من کەسێك تەخویل بکەم و هەندێك پارەی پێ بدەم، بەلأم لەماوەیەکی دیاری کراودا ئەوەندە شتم بۆ بکڕە، بەلأم لە ماوە دیاری کراوەکە نەیەتەوە، کە دێتەوەش هیچ شتێکی پێ نەبێت، بڵێت ئەوەم بۆ کڕیوی و

داوای پارەی زیادەش بکات، داوای ئەوەش بکات من متمانەی پێ بکەم، بۆیە بە رەئی من هەموو ئەمانە وای دەخواست وەزارەتی دارایی و ئابووری راپۆرتێکی چڕوپڕی هەبوایە، بۆ ئەوەی زیاتر روون کردنەوەی بدات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر دوو راست کردنەوە، یەك/ زیادەڕۆییەکە هەشت سەد ملیار نییە، حەوت سەدو یەکە، هەر بۆ مەعلومات، چونکە بە رەقم هاتووە لێرە.

دووش/ بەنیسبەت راپۆرتی خیتامی هی میزانیە، ناڵێت ئیلا سی رۆژ لەوێ، دەڵێ حەددی ئەعلا ئەوەندەیە، دەتوانی بە یەك رۆژیش تەواو بکەن، مادام لیژنەکە ئیشەکەی خۆی بەزوو تەواو کرد، ئێمە ناتوانین رای بگرین، دوایی بڵێین سەرۆکایەتی پەرلەمان رای گرت، لیژنە ئیشی خۆی تەواو کردووەو راپۆرتەکەیان تەقدیم کردووە، ئێمەش خستومانەتە بەرنامەی کارەوە، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار عدنان عثمان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار رێباز فتاح فەرمووو.

**بەڕێز د.رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتای قسەکانم بەوە دەست پێ دەکەم، کە ئەم حیساباتەی هاتۆتە بەردەست و هاتۆتە پەرلەمان مەفاهیمێکی گشتیە لەسەر تەواوی حکومەت، یەعنی ئێمە لەناو پەرلەمان هەر لیژنەیەك تەرخان کراوە تایبەت بە وەزارەتێك، لەبەر ئەوە باشتر وابوو، بۆ ئەوەی هەر لیژنەیەکیش هەم بۆ شارەزا بوون، هەم بۆ چاودێری کردن، هەم بۆ ئاگادار بوون لە سیاسەتی ئەو وەزارەتەی کە تایبەتە بەو لیژنەیە، حیساباتی هەر وەزارەتێك بەجیا بهاتبوایە، یەعنی ئەمە باشیەکەی بۆ ئێمە نەبوو، بۆ وەزارەتی داراییش بوو، چونکە ئێستا ئێمە قسە لەسەر ئەوە دەکەین لە مەنافیعی ئیجتیماعیدا پارەیەکی زیادە سەرف کراوە، راستە ئەمە بۆ هەندێك وەزارەت لەوانەیە کارێکی خراپ بێت، بەلأم بۆ هەندێ وەزارەتی تر لەوانەیە بۆ وەزارەتی تەندروستی ئەو زیادەڕۆییە هەبێت، یان ئەم وەزارەتی کاروباری کۆمەلأیەتی، لەوانەیە هەر بۆ حکومەتیش باشتر بوایە، ئەگەر ئەم زیادەڕۆییە هەبێت، لەوانەیە مەعقولتر بێت، یەعنی قسەیەکی کەمتری لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوە باشتر وا بوو وا بکرا بوایە، ئەگەر لە داهاتووشدا مەجالێك بدرێت، بۆ ئەوەی کە هەر لیژنەیەك ئیش لەسەر وەزارەتەکەی خۆی بکات، ئەوە تەسەور دەکەم شتێکی زۆر باشترە.

خاڵێكی تر/ له ڕاپۆرتەكەی لیژنەی دارایی و ئابووری، تەبعەن دەستخۆشیان لێ دەكەم، لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتێكی زۆر باشە، بەلاّم تێبینیەكم هەیە لەسەر ئەوەی باسی زیادەڕۆیی كراوە، یەعنی ئەم ڕاپۆرتە تەنها باسی ئەوە دەكات كە زیادەڕۆیی كراوە، باشە زیادەڕۆیی كراوە، ئەم زیادەڕۆییەی كە كراوە، قسەی ئێمە چیە لەسەر ئەوەی حكومەت زیادەڕۆیی كردووە؟ یەعنی ئێمە تەنها واز لەوە بێنین كە بڵێین زیادەڕۆیی كراوەو ئیتر دەنگیش بدەین بە حیساباتەكە، من تەنها پێشنیاری ئەوە دەكەم، كە هەم بۆ ئێمە ڕوون بێت، یەعنی بۆ ئەندامانی پەرلەمان ڕوون بێت، كە بەهەر شێوەیەك وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆی بەباشی بزانێت، هۆكارەكانی ئەم زیادەڕۆییە بخاتە بەرچاوی ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بزانێت ئەم زیادەڕۆییە، زیادەڕۆییەكی مەعقولە، ئایا پێویستە ئێمە لە ساڵانی داهاتوودا، ئەگەر زیادەڕۆییەكی مەشروعە؟ ئەو بڕەی كە دانراوەو خەملێنراوە زیادی بكەین، بۆ ئەوەی ئیشەكە جارێكی تر بەو شێوەیە نەبێتەوە، كە دیسان حكومەت زیادەڕۆیی بكات، یەعنی مەبەستم ئەوەیە ئایا زیادەڕۆییەكی مەعقولە؟ یان زیادەڕۆییەكە نامەعقولە، ئەگەر نا مەعقولیشە، ئەو كاتە دەبێت بزانین كەسی سەبەبكار لەمەوزوعەكە دیاری بكرێت، ئایا ئەم پارەیە بۆ كارێكی مەشروع ڕۆیشتووە؟ یان بە هەدەر دراوە، خۆ ئەگەر بە هەدەر دراوە، دەبێت كەسێك لێپرسراو بێت لە بە هەدەر دانی ئەو پارەیە، دەبێت چارەنووسی ئەو پارەیە دیاری بكرێت.

لەسەر خوێندنەوەی حیساباتەكەش، چەند خاڵێكم هەبوو، پێش ئەوە قسەیەكم لەسەر ئەوە هەبوو، كە ئەم ڕەقامانەی هاتونەتە بەردەستی ئێمە، بەڕاستی وەكو كاك عبدالله گوتی، بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەم ڕەقەمە ڕەقەمێكی دروستە؟ یان ڕەقەمێكە لەگەڵ ڕێژمدا هەر دانراوە، یەعنی بۆ ئەوەی ئەندامێكی پەرلەمان دڵنیا بێت لەوەی كە ئەمە ڕەقەمێكی دروستە، یەعنی دەبێت شتێك بۆی بسەلمێنێت، كە ئەمە ڕەقەمێكە، ڕەقەمێكی وەهمی نییە، ڕەقەمێكی دروستە، لەبەر ئەوە هەر هیچ نەبێت ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێری دەتوانرا، یەعنی دڵنیاییەكی دابوایە ئەندامانی پەرلەمان لەوەی كە دەنگ دەدات بەم حیساباتە، بزانێت ئایا بە ڕێگایەكی مەشروع سەرف كراوە؟ یان نەخێر؟

لەسەر خوێندنەوەی حیساباتەكە، چەند تێبینیەكم هەبوو، لە ڕاپۆرتەكەی لیژنەی دارایی و ئابووریدا نەهاتووە، نازانم تا چەند زەرورە هەبێت؟ یەكێك لە كێشەكان ئەوەیە كە ئیرادات كاتێك كە باس كرا لە بودجەی خەملێنراو، پارەی تەصدیراتی نەوت بووە، پێموایە وەزیری سامانە سروشتیەكان كێشەیەك هەبوو لەسەر ئەوەی كە ئەو نەوتەی بە تەنكەر دەڕواتە دەرەوە، یەعنی ئەمە چی لێ دێت؟ ئەو كاتە وا حیساب كرا، كە ئەمە دەچێتە زیمنی ئەگەر غەڵەت نەبم نەوتی ڕەشەوە، ئەمە لە دەسەلاّتی حكومەتی هەرێمە، كە بیكات و تەصدیراتەكەی بۆ حكومەتی هەرێمە، بەلاّم لێرە تەنها وابزانم پێنج ملیۆن دانراوە، یەعنی تەسەور دەكەم ڕۆژانە بەس بۆ سرە بڕینی تەنكەرەكان پۆلیس و پاسەوانی سنوور پێنج ملیۆنەكەیان لە گۆڕینی سرەی تەنكەرەكان دەست دەكەوێت، نەك ئەوەی كە نەوت بفرۆشێت، لە مینح باسی یەك شت وازیح نەبوو، كە جگە لەوەی پارەی تەشغیلاتی وەزارەتی شارەوانی دانراوە، لە مینح پارەی

بەڕێوەبەرایەتی ئاو و بەلەدیاتیش دانراوە، نازانم یەعنی لە دوو شوێن پارە سەرف کراوە، جارێك بۆ وەزارەتی شارەوانی، بەناوی شارەوانی، جارێکی تریش لە مینح بۆ بەلەدیەو بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاو سەرف کراوە، ئەگەر روون کردنەوەیەك هەبێت لەو بارەیەوە، زۆر سوپاس.

شتێکی تریش بەلامەوە روون نەبوو، پارەی نزیکەی یەك ترلیۆن ئاماژەی پێدراوەو وەکو پارەی سووڕاو، نازانم سولفەیە تەسەور دەکەم، ئایا چارەنووسی ئەمە، چونکە ئەمە لە بودجەی خەملێنراوی 2010 هیچ ئاماژەیەکی پێ نەدراوە، ئەوەش پرسیارێکە، یەعنی ئەو پارە سووڕاوە چی لێ دێت؟ دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی عێراق، ئایا ئەوە مولکی لە 17٪ی حکومەتی هەرێمە؟ یەك شتی تریش بەلامەوە روون نەبوو، یەعنی ئەو پارانەی کە بەشێوەیەکی تەواری سەرف دەکرێت، لەماوەی رابردوو ئەوەندەی من ئاگادار بم پارەیەکی دیاری کراو بۆ مەوزوعی ئەنفلۆنزای بەراز هات بۆ وەزارەتی تەندروستی، یاخود وابزانم لەکاتی لافاوەکە پارەیەکی تر هات، ئەوانە هیچی نازانم، لەهیچ شوێنێك ئاماژەی پێ نەدراوە، ئەگەر روون کردنەوەیەکیش هەبێت لەو بارەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەنیسبەت لیژنەکان رەبتی بە ئێمەوە هەیە، پێویستە روون بکرێتەوە، ئێمە وەختێ لێرە ئیعلانمان کرد گوتمان ئەو راپۆرتە لە لیژنەی دارایی و ئابوورییە بڕۆن، کە خۆتان نەچن، گوناهی ئێمە نییە، لیژنەی دارایی و ئابووریش راپۆرتی خۆی نوساندووەو هاتووە، دوایش راپۆرتی لیژنەکان نایەتە ناو پەرلەمان، راپۆرتی لیژنەکان ئەگەر هەبێت دەچێتە لیژنەی دارایی و ئابووری، لەوێ حەق و حیسابی خۆتان دەکەن، تەواو بوو، دانیشە، رێزدار حاکم رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو نوقتەیەی کە برادەرانی لیژنەی دارایی و ئابووری دەڵێن نەدەبوو حکومەت بە هیچ شێوەیەك زیادەڕۆیی بکردایە لەسەر بودجە، لەلای من وەکو قانونێك ئەمە بە تەقصیر دەخوێنمەوە، یەعنی حکومەت تەقصیری هەیە ئەمەی کە ئەم خاڵە، یەعنی بەهیچ شێوەیەك کارێکی کردووە نەدەبوو بیکات، واتە تەجاوز هەیە لە رووی سەلاحیاتەوە، جا تەجاوزەکە ئایا دەگاتە چ خانەیەك لە رووی قانونەوە؟ بۆیە من پێموایە دەبێت لێکۆڵینەوە بکرێت، لێ پێچینەوە بکرێت لەم لایەنەو، ئیخباری ئیدیعای عام بکرێت، بزانین ئەم حاڵەتەی کە بە هیچ شێوەیەك ئەو زیادەڕۆییانە نەدەبوایە بکرێت دەچێتە چ خانەیەکەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شلێر محمد فەرمووو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم بۆ ئەو راپۆرتەیان، کە زۆر خاڵیان تیا روون کردۆتەوە، بەنیسبەت بەشی دووەم/ پێشنیار، لە خاڵی چوارەمدا دەڵێت ئاگادار کردنەوەو لێ پرسینەوەو ناردنی کارمەندانی گەندەڵ و کەمتەرخەم لەناو دامودەزگاو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دادگای تایبەت، وابزانم ئێمە دادگای تایبەتمان نییە، هەر بکرێتەوە بە دادگا، چونکە قانونی ئینزیباتی موەزەفی دەوڵەت دیارە، کە لە (سحب الید)ەوە دەست پێ دەکات دوایی ئیحالەی ئەو هینە دەکرێت، بەنیسبەت دوایین لاپەڕە، بەڕاستی وەکو پەرلەمان لە لیژنەکانماندا، من خۆم لە دوو لیژنەدام، بودجەی وەبەرهێنان زۆر گرنگە لەلای هەموو کەسێکەوە، لەبەر ئەوەی بودجەی وەبەرهێنان عیلاقەی بە مەشاریعەوە هەیە، لەبەر ئەوەی مەشاریعیش بۆ داهاتووی ئەمساڵ، میزانیەی ئەمساڵ لە سایتی پەرلەمان بلاّو کراوەتەوە، خەڵکی هەمووی چاوەڕێی ئەو پرۆژانە دەکەن، بەدواداچوونی لیژنەکانمان دەبێت سێ مانگ جارێك بێت، بەڕاستی هەموو لیژنەکان لەگەڵ تەختیت و موتابەعەی هەموو وەزارەتێك دەبێت دابنیشێت، بۆ ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ نەیێین بڵێین نازانین ئەوە چۆن خەرج کراوە؟ کە لە مانگی نۆوە ئێمە دەستمان پێ کرد، چونکە لە مانگی یازدە میزانیەی تازە دێت، دەبێت تۆ بزانی چەند مەشاریع خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە؟ لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو لیژنانە هەمووی بەدواداچوون بۆ کارەکانی خۆیان بکەن، کە پرۆسەی بانگەوازو ئیحالەو تەندەری هەر پرۆژەیەك دەکرێت، بەتایبەتی پرۆژە گەورەکان، کە کولفەکانیان زۆرە، ئیعلام دەورێکی باش ببینێت، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك ئاگای لێ بێت، ئەوانە هەمووی کولفەی تەخمینیە، کە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، هیوادارم ئەو دەسەلاّتەی دراوە بە وەزیری دارایی و ئابووری لەگەڵ وەزیری پلاندانان، بتوانن تەسەروف بکەن بەو پارانە، هەر با ئەو پارەیەی کە بە فیعلی دەردەچێت بۆ پرۆژە تەخمینیەکە چەندی لێ مایەوە، بۆ نەفسی ناوچە بەکار بهێنرێت، بۆچی؟ چونکە بەڕاستی خەڵك ئێستا زۆر وریایە، ئەگەر ئێمە بێت پرۆژەکان لە شوێنی خۆی دروست نەکرێت لە ساڵەکە، وای لێ دێت هیچ متمانەیان بە ئێمە نامێنێت، کە دەچیتە شوێنێك دەڵێت لە ریزبەندی ئەو پرۆژانە ئەمە بۆ تۆ دەکرێت، یەعنی وەکو...............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرەوە سەر ماددەکە، ئێمە موناقەشەی پرۆژەکان ناکەین، ئێستا حیسابی خیتامی هاتۆتە بەردەستمان، رەئی خۆتان لەسەر ئەو راپۆرتەی لیژنەی دارایی دایەتی چیە؟ یەعنی لیژنە بچێت بەدوای پرۆژەوە بێت، ئەمە ئیشی ئێمە نییە ئەمڕۆ، لە وەختێکی تر دێت، کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پرۆژانەی کە دوا دەکەون، بەڕاستی لیژنەی تەحتی لە وەزارەتی مالیە مەفروزە زۆر بەهێز بکرێت، بۆ ئەوەی چیتر دوا نەکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سەردار رەشید فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش وەکو هەڤاڵانم دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، من تێبینیەکم هەیە لەسەر حیساباتی کۆتایی، بۆ ئەوەی لە حەقیقەتدا باشتر و بەقوەتتر بوایە، دەبوایە بە فلتەری چاودێری داراییدا تێ پەڕی بوایە، دیارە چاودێری دارایی سلێمانی و هەولێر هەموومان دەزانین، ئەوە هەریەکە بەیاسایەك کار دەکەن، بە یاسای جیاواز کار دەکەن، کە من پێموایە ئەگەر وا نەبوایە حەقیقەتن راپۆرتەکە بەقوەتتر دەبوو، بۆیە ئەمەش سلبیاتێکی گەورەی دروست کردووە، بۆشاییەکی دروست کردووە، بۆیە هیوادارم هەڤاڵانم لە لیژنەی دارایی و ئابووری ئەمە رەچاو بکەن و چارەسەری بۆ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من چەند پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم، ئەو زیادەڕۆییەی کە کراوە لەسەر چ ئەساسێك بووە؟ بۆ روویداوە؟ ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی لە ساڵانی ئایندەدا ئەم مەسەلەیە دووبارە نەبێتەوە؟ هەروەها ئەو سولفەیە بۆ تەسویە نەکراوەو نەچۆتە سەر حیساباتی ختامی، هۆکارەکەی چیە؟ خەرجیەکان دابەش بووە بەسەر ئەو سێکتەرو وەزارەتانەی کە هەن و لەو خشتەیەی لەبەردەستدایە، بۆ کۆمەڵێك سێکتەر، وەکو ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی ژینگە، وەرزش، ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بە بەتاڵی ماوەتەوە، ئەسبابی ئەم مەسەلانە چیە؟ هیوادارم بۆمان روون بکاتەوە، لە ڕاسیتدا ئەوەی من بە پێویستی دەزانم ئەم حیسابی ختامیە پێویست دەکات، وەکو چۆن پرۆژەی بودجە چووە سەر سایتی پەرلەمان، ئەم حیسابەش بچێتە سەر سایتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی خەڵکی تریش هاوکارمان بێت، بەتایبەتی ئابووری ناسان، ژمێریاران، سەندیکاکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ئەوەی بتوانین لەو حیساباتە رەقمیە راستیە ئێمە لەبەرچاومان زیاتر روون بێت، بۆ ئەوەی مەبدەئی شەفافیەت بەشێوەیەکی هەمەلایەن پیادە بکەین، لە دیوێکی تردا، من دوو تێبینیم لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری هەیە، بەتایبەتی لە خاڵی حەوتەمدا پێشنیاریان کردووە، ئەو پارەیەی لە لای وەزارەتەکان دەمێنێتەوە لە کۆتایی ساڵ هەوڵ بدرێت سەرف بکرێت، ئەمە من پێموایە سەرف بوونی بەو جۆرەو لە کۆتایی ساڵدا جۆرێك لە پەلەیی پێوە دیار دەبێت، هەندێك لە پەلە کردنیشدا نامەوزونانە،

لەوانەیە نادروستانە سەرف کردن بێتە کایەوە، حەق نەبوو ئەو پێشنیارە بخەنـە بەردەست دامودەزگاکـان وەکو ئەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم خۆیان، حکومەت خۆیـان بڕیـارو ڕێنماییـان لەبەردەسـتە، بـۆ جێ بەجێ کردنی ئەو لایەنە، ئێمە دەبێت ئەوەمان لەلا روون بێت، کە ئەم حیسابە بـێ کـەموکوڕی نییـە، لـەو کەموکوڕیانـەش ئـەرکی ئێمەیـە بـە جددی هەڵوێسـتەیان لەسـەر بکـەین و لێیـان ورد بینـەوە، دەبـوو لیژنەی دارایی و ئابووری هەندێ چەمکی وەکو نیشتمانی، یان نەتەوەیی بەکار نـەهێنن، بـۆ بـازدان لەسـەر هەندێك کەموکوڕی، چونکە بۆ حیساباتی خیتـامی، بـۆ مەسـائیلی پەیوەسـت بـە بودجـەو رەقـم و ئەوانـە، هەندێك مـەفهوم هەیـە پەیوەنـدی بـە نیشـتمان و نەتـەوەو ئەوانـەوە هەیـە بـەکار نـەهێنرێت باشـترە، بـۆ ئەوەی ئێمە هەمیشە لایەنی سۆزداری زاڵ نەبێت بەسەر هەندێ مەسەلەدا، کە پەیوەندی بـە بەرژەوەنـدی گشتیەوە هەیە، بەتایبەتیش ناوهێنانی مەسـەلەی 17٪ی بودجـە، کـە لـە حکومـەتی ئیتیحادییـەوە بۆمـان دێت، کـەم بێـت، یـان زۆر بێـت، ئەمـە مەسـەلەیەکی تـرە، بـەڵام ئـەم لایەنـە پەیوەنـدی بـە بەدواداچـوونی پەرلەمان و لیژنەی دارایی و ئابووری و هەموومانەوە هەیە، لە کۆتاییشدا بەشـێوەیەکی گشـتی دەستخۆشـی لە لیژنەی دارایی و ئابووری و وەزارەتی دارایی و ئابووریش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بلال سلێمان فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دەمـەوێت بـەوە دەسـت پـێ بکـەم زۆر دەستخۆشـی لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بکـەم، کـە ئـەو حیسـاباتی خیتامیـەی نـاردووە بـۆ پەرلـەمان، ئەگـەر چـی کـەمێکیش دواکـەوتووە، بەتایبـەتیش وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری، دواتـریش لیژنـەی دارایـی و ئـابووری لـە پەرلـەمان، ئـەوانیش بەڕاسـتی جێگـای دەستخۆشییە، کە راپۆرتێکی باشیان ناردووە، بەس من قسە لەسەر گشت حیساباتی خیتامی دەکـەم، ئەگـەر چی هەندێك پرسیارم هەبوو، برای بەڕێزم کاك سالار باسی کرد، مەسەلەی ئەو زیادەڕۆییـەش، مـن لەگـەڵ رەئیەکەی کاك حاکم رزگار دام، کە ئەو قەزیە وا بەو شێوەیە وا بە ئاسانی تێپەڕ نـەبێت، بـەڵام مـن باسـی حیساباتی خیتامی بەگشتی دەکەم، نەك بە وردی، لەبەر ئەوەی من حیساباتی خیتامیم لەبەردەستدا نییە، کە من سەرۆکی لیژنەمە، هیچ ئاگام لە حیسابی خیتامی نییە، لە عـەینی حیسـاباتی خیتامیەکـە، جـەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش دەفەرموێت وەرتان بگرتبا، ئێمـە کـە پرسـیارمان کـرد، گوتیـان دەبێـت خۆتـان بچـن لەناو لیژنەی دارایی و ئابووری بیخوێننەوە، کەواتە بۆتان نییـە بیهێننـە دەرەوە، منـیش ئامـادە نـیم بچـم لەوێ بیخوێنەوە، خۆ مەکتەبە نییە، قانون نییە، بچم لە مەکتەبە بیخوێنمـەوە، ئـەوە بەشـتێکی گونجـاوی نـازانم، بـە مـەعقولی نـازانم، بۆیـە مـن یـەکێکم لەوانـە هـیچ وەختێـك ناچـم دابنیشـم دەسـت بکـەم بـە خوێندنەوەی ئەو حیسابی خیتامیە، لەوانەیە من بەخۆشم مشاوەرە بە خەڵکی تر بکەم، بۆیە من ئەوە بە شتێکی گونجاو نازانم، ئەندامانی پەرلەمان بچن لەناو لیژنەی دارایی و ئابووری لاپەڕە بە لاپەڕە حیساباتی

**خیتامی تەماشا بکەن و بیخوێننەوە، من پێمواپە دەبوایە هەموو لیژنەیەك نوسخەیەکی پێ درا بوایە بەلای کەمەوە، ئەگەر هەموو ئەندامانیش پێیان نەدرێت، ئەگەر بێینە سەر باسی ئەو راپۆرتەی لیژنەی دارایی و ئابووریش، کە بەڕاستی پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، جێگەی دەستخۆشییە، دەستیان خۆش بێت و شتێکی زۆر باشیان کردووە، بەلاَم لەگەلّ ئەوەشدا ئێمە لەبەر ئەوەی حیساباتی خیتامیمان لەبەردەست نییە، ئێمە نازانین ئەوە تا چەندو چەندی تری تیا ماوە؟ ئەو تێبینیانەی ئەوان کردوویانەو چەندی تریش ماوە جێگەی تێبینییە، لەبەر ئەوە من بەشێوەیەکی گشتی پێمواپە دەبێت جارێکی تر ئێمە رۆژێکی تر دابنێین بۆ کۆبوونەوەو قسە لەسەر کردنی ئەو حیساب خیتامیە، نابێت ئەمڕۆ کۆتایی پێ بهێنرێت، رێگا بدرێت هەموو لیژنەکان ئەو حیساب خیتامیە خۆیان دیراسە بکەن و بیخوێننەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار پەروین عبدالرحمن فەرمووو.**

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، بۆ ئەو ئەرك و ماندوو بوونەی کێشاویانە، جێگای دەستخۆشییە، کەموکورتییەکانیان دیاری کردووە، بێگومان بە جێ بەجێ کردنی ئەو تێبینیانەو تەوصیاتانەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، لە ئایندەدا ئەو کەموکورتیانەش نامێنێت، من چەند تێبینییەکم هەیە:**

**یەکەم/ یەکگرتنەوەی چاودێری دارایی، ئەگەر زەمەنێك دابنرێت، بۆ ئەو یەکگرتنەوەیە، ئەوە شتێکی باشە، هەروەها لە خالّی دووەم کەدەلّێت کارا کردن، من دەلّێم ئەگەر گرنگیش بە بەشی وردبینی بدرێتن، بۆ ئەوەی لە 100٪ رێنماییەکان جێ بەجێ بکەن، ئەمەش هەر شتێکی زۆر چاکە.**

**بەنیسبەت خالّی چوارەم/ ئێمە یاسایەکمان هەیە یاسای ئینزیباتی فەرمانبەران لە دەولّەت، کە ئەمەش پێویستە وەکو ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێت لەسەر هەموو فەرمانبەران لە هەر پلەیەکدا بێت، ئەگەر سوپاس و پێزانین بە هەر فەرمانبەرێك دەدات، پێویستە هۆیەکەی دیاری بکات، بەو شێوەیەی کە لە یاساکەدا هاتووە.**

**بەنیسبەت خالّی پێنجەم/ کە باس لە پێشکەش کردنی حیساباتی خیتامی دەکات، پێویستە میزانیەی سالأنەش لەگەلّ بنێردرێت.**

**بەنیسبەت خالّی شەشەم/ کە دەلّێت پاکتاو کردن و چارەسەر کردنی سولفەکان، من پێم باش نییە، وشەی چارەسەر کردن هەبێت، چونکە ئەگەر چارەسەر کردن هەبێت، دەبێت لێخۆش بوونیش هەبێت لە سولفەکە، بۆیە پێویستە وەرگرتنەوەی سولفەکان، بۆ ئەوەی سولفە دانەکان بەردەوام بێت.**

بەنیسبەت خاڵی حەوتەم/ من پێم باشە وا بنووسرێتەوە (هەر وەزارەتێك، یان فەرمانگەیەك كە ساڵانە پارەی بودجەكەی خۆی خەرج دەكات، ئەگەر مایەوە لەو ساڵەدا، پێویستە لە هۆی مانەوەی پارەكە بكۆڵێتەوە، ئەگەر كێشەی یاسایی نەبێت، دەتوانێت بۆ ساڵی ئاینده سەرفی بكات).

بەنیسبەت خاڵی هەشتەم/ باس لە بودجەی پێشمەرگە دەكات، من پێم باشە باس لە بودجەی پۆلیسی گومرگی بكات.

بەنیسبەت خاڵی نۆیەم/ بێگومان دیاری كردنی بودجە پەیوەندی بە رێژەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەكدا هەیە، بۆیە پێویستە كاتێك بودجە دادەنرێت بۆ ناوچەی هۆڕەكان لە باشوورو ناوەڕاستی عێراق، پێویستە كوردستان بەشێكی لەو پارەیەدا هەبێتن، تا ئەو ناوچانە بگرێتەوە، چونكە كوردستان وێرانترە لە باشوورو ناوەڕاست، كە باس لە ناردنی بودجە دەكرێت، كە دەڵێت بودجە تاخیر گەیشتووە، بێگومان بودجەی هەرێم بەندە بە بودجەی عێراقەوە، بۆیە پێویستە ئێمە داوا لە پەرلەمانتارانی كورد لە عێراق بكەین، كە پەلە بكەن لە پەسند كردنی بودجەی عێراق، تاكو بودجەی هەرێمیش دوا نەكەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خۆمان داوا بكەین لە وەختی خۆی بێتن، چاوەڕێی ئەوە نەكەین، چونكە تەخمینیە، لە ئێستاوە ئێمە داوایان لێ دەكەین ئەمجارە میزانیەی ساڵی داهاتوو قیاسی بێتن، نەك چاوەڕێ بكەین بەغدا چی بكاتن، بەڵكو بەغدا نەیكرد، بابزانین خۆمان چی دەكەین، رێزدار زانا رەئوف فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمه كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرەتا رەقمێك هەیە ئیشكالیەتە لە رووی ئەوەی كە حیسابی خیتامی كەی بگات؟ كاتی خۆی ئێمە لە لیژنەی یاسایی رۆژی 4/15مان نووسی بوو وەكو وادەیەك، وابزانم لە لای جەنابی وەزیر وادەیەكی تر هەیە، حەز دەكەم ئەوە لێرە یەكلا بكرێتەوە، ئایا دوا وادە بووە؟ گەیشتنە حیساباتی خیتامی، كامەیانە؟ ئەوە یەكلا بكرێتەوە زۆر باشە.

بەنیسبەت راپۆرتەكەوە لە لاپەڕەی هەشتەوە بابەتێك هەیە لەسەر خشتەی خەرجی فیعلی لەسەر پرۆژەكان لە موازەنەی ئیستیسماری، من نازانم ئەگەر بە هەڵەدا چوو بم، لەسەر موازەنەی ئێمە باس لە موازەنەی تەشغیلی نەكراوە، تەفاسیل لەسەر وەزارەتەكان بە وردی نەهاتووە، بەس لەسەر موازەنەی ئیستیسماری لە خەرجی فیعلی لەسەر پرۆژەكان، كە بڕەكەی یەك تریلیۆن و پێنج سەدو نەوەدو نۆ ملیارو چوارسەدو حەفتا ملیۆنە، باس لە خەرجی وەزارەتەكان كرا كە لەناویاندا وەزارەتی ناوخۆ زۆرترینیانە، یەعنی ئەگەر لە تەشغیلی بوایە شتێكی تر بوو بڵێیت رێژەی فەرمانبەرانی زۆرە، بەس ئەو رێژەیە لە موازەنەی ئیستیسماریدا ئایا ئەوە بە هەڵە هاتووە؟ یان ئەوە تەشغیلیە، یاخود ئیستیسمارییە، چونكە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە لە 12،3٪، وەزارەتی شارەوانی لە 17٪یە، بەلاّم وەزارەتی ناوخۆ لە 31،4٪ یەعنی ئایا لە ئیستیسماریشدا پێشەنگەو لە تەشغیلیشدا رێژەی فەرمانبەرانی زۆرە، پاشان لەسەر بابەتی

عەجز، من نازانم لە ساڵی 2009دا عەجزی موخەتەت چەند بوو؟ پاشان ئەم عەجزە، دوایی بە فیعلی نووسراوە، رەقمێکمان لەلا هەیە کە باس لە بڕی نۆسەدو حەفتاو یەك ملیارو شەش سەدو شەست و شەش ملیۆن دینار دەکات لە حەرەکەی نەقدی وەك پێشینە چەسپاوە، پاشان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەو تەختیەو عەجزەی کە هەبووە لە ساڵی 2007 و 2008 و 2009دا بۆ ئەو پارەیەی دەست نیشان کراوە، بەڵام ئێمە دەزانین لە 69٪ی خەرجی فیعلیش بەکار هێنراوە، واتا ڕێژەیەکی تریشمان هەیە کە بەکار نەهێنراوە، ئەو بڕە پارەیە ئایا نەتوانراوە بەکار بهێنرێت بۆ تەختیە کردنی ئەو بڕە؟ پاشان ئەو مودەوەری وەزارەتەکان، ئەی ئەوانە چیان لێ کراوە لەلایەنی بۆ تەختیە کردنی ئەو عەجزە؟

سێیەمیان/ ئەو خەرجی فەرمانگەی جنسیەو فەرمانگەی قیادەی قواتی حدود، ئایا ئەمانەش لە زیمنی عەجزە دابوو؟ یان لە شتێکی تر ئەم بڕگەیەی بۆ تەختیە کراوە؟ هیوادارم ئەگەر وەڵامەکە لەلای جەنابی وەزیریش بێت، یاخود بەڕێزان لیژنەی دارایی و ئابووری، ئاخیر شتیان لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی وئابووری باسی ئەوە دەکرێت، وەکو ئەو پێشنیازانەی کە هەیە، من لەگەڵ ئەوەم، هەر کەسێك کە تێوەگلاو بێت لە سامانی گشتیدا، مەفروزە ئیحالە بکرێت بۆ دادگا، بەڵام هەر کەسێك کە ئیشەکەی خۆی بکات و سامانی گشتی بە هەدەر نەدات، وابزانم ئەوە شایانی ئەوە نییە، تۆ هەموو کەسێك سوپاس بکەیت لەبەر ئەوەی پارە نابات، یەعنی مەفروزە کاتێك کە تەوصیە دەکەیت بۆ حکومەت، مەفروزە لەبەرامبەری جهودێکی ئیزافیە تۆ بڕێك پارەی بۆ سەرف بکەیت، نەك من ئیشی خۆم بکەم لەبەرامبەردا وەکو پاداشت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەیمان عزالدین فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی هەندێ نا ڕۆشنی لە ڕاپۆرتەکەدا هەیە، و لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتەکەش لەسەر زەوئی حیساباتی خیتامی هاتووە، بۆیە ئەو نا ڕۆشەناییەی پێوە دیارە، بۆیە من هەندێ پرسیار ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی ئەکەم، بە ئومێدی ئەوەی کە وەڵامی بداتەوە بۆ ئەوەی بتوانین بە وێژدانەوە دەنگ لەسەر حیسابی خیتامیەکە بدەین، یەکەم خاڵ کە ئەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، لەسەر داهاتی فیعلیە کە لە ناو ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، باس لەوە دەکات کە لە 71٪ی داهاتی فیعلی باجەکان و رسوماتە، لێرەدا هەندێ نا ڕۆشەنی هەیە، لەوەی کە ئەی ئەوەی چ بێ؟ ئەوەی کە لە 100٪کەی تەواو دەکات چیە لە داهاتەکەدا؟، ئەو باج و رسوماتانە کامانەن؟، یەعنی بە تەنیا بۆ ئێمە نووسراوە؟، باج و رسومات، ئەوانە چی ئەگرێتەوە؟، ئایا پارەی کارەبا ئەگرێتەوە؟، ئایا گومرگەکان ئەگرێتەوە؟، ئایا پارەی تەلەفۆنات و ئاو؟، ئایا بۆ خۆی چی ئەگرێتەوە؟، ئایا ئەو مینحانەی کە لە نەوتەوە هاتبوون ئەیگرێتەوە؟، ئەوە بەراستی ڕۆشن نیە، کە مەفرۆزە لەبەردەم ئێمەوە ڕۆشن بێت، لە خەرجیەکاندا پۆختەی خەرجی فەردیەکاندا، بڕی

71مليـار و 715 مليـۆن زيـادە ڕۆيـى هـەبووە، ئـەم زيـادە ڕۆييـە ديسـانەوە ئەمانخاتـە بـەردەم چـەند پرسيارێك، كە بە تايبەتى ئەگەر سەير بكەين، زۆربەى زيادە ڕۆييـەكان لـە مووچـە و ئيعانـات و مينحـە و سوودى كۆمەڵايەتيدايە كە ئەم بابانە جگە لە مووچە، كۆمەڵێك بابى لاستيكين، كـە مـەجالى گومـان زيـاد ئـەكات، كـە چۆن سـەرف كـراوە؟، بـە كـێ دراوە؟، كـێ سـەرفى كـردووە؟، جگـە لـەوە كـە پرسـيارێكى تـر بـۆ ئەوەنـدە جيـاوازى هەيـە لـە نێـوان بودجـەى پەسـندكراو و لەگـەڵ مونەقـەح لەگـەڵ فيعليـدا؟، ئەمـەش ديسانەوە چەند پرسيارێك دێنێتە ئاراوە، ئايا ئەو جياوازيە، ناشارەزاييە لە دانـانى بودجـەى خـەملێنراو و بودجەى فيعليـدا؟، ئـان ئيعتيبـار نەكردنـە بـۆ بودجـەى پەسـندكراو لـە سـاڵى 2009دا لـە پەرلەمانـەوە؟، يـاخود نـەبوونى لێپرسـينەوە لـە لايـەن پەرلـەمان دەسـتى حكومـەتى واڵا كـردووە بـۆ ئـەوە گـوێ نەداتـە بودجەى خەملێنراو چەندە بە ئارەزووى خۆى سەرفى بكات؟، لەگەڵ ئەو زيادە ڕۆييانەدا كە بڕەكەى ديارى كراوە، ئێمە بۆ ماوەى سێ ساڵە عەجزێكى موخەتەت هەيە كە پارەى مووچەى پێشمەرگەيە، ئـەم عـەجزە ديسانەوە حەتمەن لە پارەى حكومـەت، لـە پـارەى هـەرێمى كوردسـتان دراوەتـە پێشـمەرگە، ئـەم عـەجزەش ئەچێتە سەر ئەو زيادە ڕۆييە، يان ئـەو زيـادە ڕۆييـە ئـەو پارەشـى تێدايـە، چونكە ئەگـەر ئـەو عـەجزەش بچێتە سەر ئەوە، پارەيەكى يەكجار زۆر زيادە ڕۆيى دەرئەچێ، كە ئەمە بۆ خۆى دواتر ئەمانخاتە بـەر ئـەو پرسـيارەى وەزارەتـى دارايـى بـە نيـازە لـە چـى داويەتييـەوە، ئەگـەر نـەيبوو بيداتـەوە بـە نيـازە لـە چـى بيداتەوە؟، چونكە ئەمە پارەيەكە ئەبێ قسەى لەسەر بكرێ، لە ڕاپۆرتى لێژنەى داراييـدا هـاتووە، نـەدەبوو حكومەت ئەو زيادە ڕۆييەى بكردبايە، بەڕاى من لێرەدا ڕاى لێژنە نەدەبا بە (نەدەبوو) بێ، چونكە من لەو بڕوايەم كە پەرلەمان بـە تـەنيا ئيشـى قسـە كـردن نيـە بـۆ قسـەكردن، ئيشـى قسـەكردنە بـۆ بڕيـاردان، بـۆ بڕياردان لەو مەسەلانەى دێتە بەردەمى، لێرەدا ئێمە ئـەبێ بـزانين، ئـەو زيـادە ڕۆييـە دەسـت بـڵاوى و بـێ بەرنامەيى حكومەتـە؟، يـان بەرنامـە بـۆ دارێـژراوەو ئەچێتە خانـەى فەسـادەوە؟، بـۆ يـەكلايى كردنـەوەى ئەمە، ئێمە لەبەردەمى دوو حاڵەتين، يان ئەبوايە دەزگـاى چاودێرى دارايـى  بـە ڕاپـۆرت ئەمـەى يـەكلايى بكردبايـە، كـە لـە ئێسـتاوە ئێمـە ئـەزانين لەبـەر ئـەوەى دوو دەزگـا هەيـە و شـەرعيەتى نيـە، مـادەم ئـەو شەرعيەتى نيە، كەواتە كێ ئەمە يەكلايى ئەكاتەوە؟، ئـەو زيـادە ڕۆييـە بـە مەبەسـتە يـان بـێ مەبەسـتە؟، ئەگەر ئيشى پەرلەمانە لە ئێستاوە لەبەر ئەوەى دەزگاى چاودێرى دارايـى شـەرعيەتى نيـە، پێويسـت بـوو، لێژنـەى دارايـى پێشـنيارى بكردبايـە كـە ئـەويش پێشـنيارى نـەكردووە، مـن ئێسـتا پێشـنيارى ئەكـەم، كـە لێژنەيەكى لێكۆڵينەوە لە پەرلەمانەوە پێك بهێندرێ، بۆ بەدواداچوون و دەستنيشـان كردنـى تەقصير يـان ئيهمالى يان هۆكارى ئەو زيادە ڕۆييە، ئەگەر كارى پەرلەمانيش نيە، پشتيوانى ڕايەكەى حاكم ڕزگار ئەكەم كە ئيحالەى داواكارى گشتى بكرێ، لە موازەنـەى ئيسـتيسماريدا بـە پێچـەوانەى موازەنـەى تەشـغيليەوە، كـە ئەبوايە لە موازەنەى تەشغيليدا قـەرز و قۆڵـەمان بكردبايـە و بمانخسـتبايە سـەرى، بـەڵام كـورتى هێنـاوە و كەمترمان سەرف كرديە، كە ئەمەش بۆ خۆى لە 69٪ى بەكار هێندراوە، ئەمـەش ئەمانخاتـە بـەردەمى دوو پرسيارەوە، بە تايبەتى كە هەمووما ئەزانين لە مەسـائيلى حيسـابيدا، الزيـادە كالنقصـان، كـە زيـادى هێنـا

وەکو ئەوەی کە کورتی هێنا بێ وە کو ئەوەی کە زیادی هێنابێ، لێرەدا، ئایا ئێمە پێمان وایە، یان حکومەت پێی وایە کەم و کوڕیمان لە پرۆژەدا نیە بۆیە سەرف نەکراوە، یان وەزارەتی پلان دانان نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێ لە دارشتنی ئەو پرۆژانەی کە لە 2009دا پێشکەشی کردووە؟، یاخود دیسانەوە و جارێکی تر ئیهمالی و تەقصیرە لە لایەن وەزارەتەکانەوە؟، چونکە وەزارەتی ناوەخۆ بۆ خۆی بە ئارەزووی خۆی حیسابەکەی خۆی پڕکردۆتەوە و لە 31.4٪ بەکارهێناوە، بەڵام وەزارەتی کارەبا لە کاتێکدا کە هەمووما‌ن ئەزانین چەند کەم و کوڕیمان لە کارەبا هەیە، بەڕادەیەك کە لە پەرلەمانیدا ئیعتیراف بەوە ئەکەین کە ڕێگرە لەبەردەمی جێبەجێ نەکردنی کۆمەڵێك پرۆژە نەبوونی کارەبا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا لە 14.7٪ سەرف کردووە، لە بەشی دووەمی راپۆرتی لێژنەی داراییدا، لە خاڵی یەکەمدا ئەڵێ: داوا دەکەین دەزگای چاودێری و دارایی یەك بگرێتەوە، ئەم داوایە بەڕاستی من پێم وایە زیادەیە،، لەبەر ئەوەی بۆ خۆی وادەیەك دانراوە کە لەم مانگەدا کۆتایی دێ، ئەگەر ئەو دوو دەزگایە یەك نەگرێتەوە، ئەبێت پەرلەمان ئیجرائاتی هەبێت، ئیجرائاتی هەبێت بەرامبەر ئەو دوو دەزگایە و لە برامبەریانیدا کە یەکگرتنەوەکە بکات بە مەسەلەیەکی حەتمی، لە کۆتاییدا، من پێشنیار ئەکەم کە هەتاکو ئەم نارۆشنیانە رۆشن ئەکرێتەوە، هەتا وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەدرێتەوە، هەتا بەرچاومان روون ئەبێ، حیسابی خیتامی دەنگی لەسەر نەدرێ و ئەو لێژنەی پەرلەمان کە پێشنیارم کردبوو پێك بهێندرێ و کاری خۆی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەریهان قوبلای فەرموو.

**بەڕێز د.پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەگەر سەیری راپۆرتەکە بکەین، ئەزانین چەند تەقصیری تێدایە، لەم راپۆرتە ئەگەر سەیری بکەین، هەر سەیری ئەم خشتەیە بکەین، هەر لە بابی ئیعانات و بەخشین و مینەح، مەعقول نیە تۆ ئەم هەموو زیادە رۆییەت هەبێ کە بگاتە لە 73ملیۆن دینار و 122 بگاتە 10 ملیۆن و 590، یەعنی لە، 10 ملیار عەفوو، یەعنی لە 70٪ بۆ 75٪ زیادی کردووە، تەبعەن ئێمە لەو کاتە موقەصیر دەبین وەکو پەرلەمان ناتوانین ئێمە موقارەنەی بکەین، یان حەتا ئایا ئەو وەزاراتانەی کە پێویستیان بە ئیعانات و مینەحە زیاتر لە وەزارەتەکانی تر، لەبەر ئەوەی ئێمە، بۆ نموونە وەزارەتی تەندروستی، زیاترین ئیعاناتی هەیە ئەویش بۆ مەجموعەیەك نەخۆشی هەیە کە تۆ ئەتوانی لەو بابە سەرفی بکەی، یەعنی غەیری ئەوە، ئەوە تەقصیریە، بەڵام ئێمە چۆن ئەتوانین موقارەنە بکەین کە هەتا ئێستا، نە ئەوەتا هیچ راپۆرتێکمان، با بڵێین حیساباتی خیتامی وەزارەتێك بە تەنیا نەهاتووە و هەروەها پرۆژە بەردەوامەکان، ئەگەر بێتە ناو پەرلەمانەوە، ئێمە بتوانین موقارەنەی بکەین لەگەڵ بودجەی تەشغیلیدا، ئەتوانین بزانین ئەمە لە کوێ ئەم زیادە رۆییە، یان حەتا لە نەفەقاتی تەشغیلیشدا بۆ چی ئەم نوقصانیە و زیادیە کراوە، کەوابێ

حکومەت لەمانە موقەصیر بووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی ئەمە زۆر زۆر موشـکیلەیەکی گەورەیـە، تۆ ئەگەر حکومەتێك موقەصیر بێ، ئەبێ بەراستی پلانی خۆی بۆت وازیح بکات، ئەبێ بڵێ بۆ چی وابووە؟، ئێمە وەکو پەرلەمان چۆن بتوانین موراقەبەی بکەین؟، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر ئەو بەدواداچوونە نەکەین، نەزانین ئەو هەموو تەقصیر و زیادە ڕۆییە لە کوێ کراوە؟، کەوابێ ئەکەوینە بەرامبەر عـەجزێکی زۆر زۆر گەورەوە، من پرسیارم هەیە، لام روون نەبوویتەوە، بـەڕێز وەزیـری دارایـی، ئایـا وەزارەتـی دارایـی ئـەتوانێ ئەو هەموو زیادە ڕۆییە لە کوێیوە، ئەو هەموو عەجزە و ئـەم زیـادە ڕۆییـە لـە کوێیـوە بـۆی سـەد دەکات؟ یەعنی ئەتوانێ بۆی سەد بکات، ئایا تەئسیر ناکاتە سەر بودجەی داهاتوو؟ یان وەکو ئـەوەی پـارەی مـدەوەر، من تەئیدی قسەکانی کاك زانا دەکەم، ئەو پارەی کە ماوەتەوە لە پارەی وەزارەتەکانـەوە کـە مـدەوەرە هـیچ نازانم، هیچ وازیح نیە لەم خشتەیە، من تەئیدی قسەکانی پـەیمان خـان دەکـەم، مـن بـەش بـە حـاڵی خـۆم، موقەصیر دەبین ئەگـەر دەنـگ بـدەین بـە حیسـاباتی خیتـامی بـە بـێ ئـەوەی لامـان روون بێتـەوە، هـەموو خشتەی باربوو بە ئیعانات، هەموو خشتە بە خشتە بۆ چی سـەرف کـراوە؟، بـۆ ئـەوەی ئێمـە بتـوانین ئـەو ئەرقامە ئێمە لێی دەربێنین، ئێمە موقەصیر دەبین ئەگەر دەنگی پێ بدەین، هەروەها داوای پێکهێنانی ئەو لێژنەیـەش ئەکـەم، بـۆ ئـەوەی بتـوانین لێژنەیـەکی فـراوان لـە هـەموو لێژنـەکان تێـدا بـێ، لـە لێژنـەی تەندروسـتی و هـەموو لێژنـەکانی پەرلـەمانی تێـدا بـێ، هـەموو ئـەو راپۆرتانـە، لەگـەڵ راپـۆرتی دیـوانی چاودێری، ئینجا ئەتوانین قەرار بدەین لەسەر حیساباتی خیتامی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتادا منیش وەکو هـەڤاڵانم دەسـت خۆشـی لـە لێژنـەی دارایـی و ئـابووری دەکـەم، بـۆ ئـەوەی ئـەوان توانیویانە هەموو کەم و کوڕی و تێبینیەکانی خۆیـان لەسـەر راپـۆرتی یـاخود حیسابی خیتـامی حکومـەت پێش چاوی پەرلەمان بخەن، هەڵبەتە داواش دەکەم کەوا پاش دەنگدان بەم حیسابی خیتامیـە، حکومـەت و وەزارەتی دارایی بەڕێز، ئەو تێبینیانەی کە لە راپۆرتی لێژنەی دارایی هاتووە بە هەنـد وەربگـرن و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چـونکە وامـان لـێ ئـەکات کـە سـاڵی ئاینـدە ئێمـە لەسـەر حیسـاباتی خیتـامی ئـەم تێبینیانەی کە ئێستا هەیە دووبارە نەبێتەوە، هەروەها منیش وەکو هەڤاڵانی ترم چەند تێبینیـەکم هەیـە لەسەر ئەم راپۆرتە کە یەکێکیان ئەوەیە، لە بودجەی ئیستیسمارێدا 69٪ ئـەو بودجەیـە دیـاری کـراوە کـە خەرج کراوە بۆ پرۆژەکان، بەڵام 31٪ نازانم ئەگەر بە سولفەش بێ حـەز دەکـەم، داوا ئەکـەم لـە وەزارەتـی دارایی بەڕێز روونکرنـدەوەیەکی باشمان بۆ بدەن لەسەر ئەو پارەیـە کـە چـی لێهـاتووە وچـۆنە و چـۆنیەتی سەرفکردنەکەشی، هەروەها من هاوڕام لەگەڵ بەڕێز شلێر خان سـەبارەت بـە خـاڵێ چـوارەم کـە ئـەڵێ: ئـەو فەرمانبەرانەی کەوا تەقصیریان هەیە، یاخود لە گەندەڵیەوە گلاون دەڵێ ڕەوانەی دادگای تایبـەتیان بکـەن،

كە ئێمە لە كوردستاندا وا بزانم دادگای تايبەتيمان نيە، بەڵكو دادگا عاديەكانی كوردستان ئەتوانن بەو كارە هەستن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاژە سلێمان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لێژنەی دارايی و ئابووری دەكەم بۆ نووسينی ئەو ڕاپۆرتە بەڕاستی ڕاپۆرتێكی تێر و تەسەلە، بەڵام من سێ تێبينيم هەيە، تێبينيەكانيشم هەر وەكو پرسيارە كە زۆربەی هاوكارانيشم باسيان كرد و منيش تەئكيدی لەسەر دەكەمەوە، دەربارەی بودجەی خەرجيەكانی فيعلی لە بودجەی ئاسايی و ئەو زيادەی كە كراوە، پرسياری من ئەوەی لە بەڕێز وەزيری دارايی كە ئايا دەكرێ ئەو زيادە ڕۆييە بكرێ لەسەر بودجەی پەسند كراو؟، دەربارەی خاڵی شەشەم، خشتەی خەرجيەكانی فيعلی لەسەر پرۆژەكان، منيش تێبينی ئەوەم هەيە و پرسياری ئەوەم هەيە كە بۆ چی ئەو كۆی پارەكان لە سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران و ديوانی چاودێری دارايی و مافی مرۆڤ، ئەوانە هەمووی بە بەتاڵی ماوەتەوە و بە فيعلی گوژمەی پارەكان دانەندراوە لەوێ، هەروەها پرسياری ئەوەشم هەيە بۆ چی وەزارەتی ناوەخۆ زياتر لە هەموو وەزارەتەكان كە ڕێژەی 31.4٪ بەركەوتووە، ئايا وەزارەتەكانی تر وەكو پەروەردە، وەكو تەندروستی نەدەبوايە زياتر لەو گوژمەی بۆ سەرف بكرێ؟، پرسيارێكی ترم هەيە دەربارەی جوولەی كاش، بەراستی هەندێ پێشينە هەيە ڕاگيراوە و بۆ تەسويە نەكراوە؟ ئەو پرسيارە لە بەڕێز وەزيری دارايی دەكەم، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز  كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چەند پرسيارێكم هەيە ئاراستەی وەزيری دارايی دەكەم، يەكەم: جياوازيەك دەبينم سەبارەت بە بودجە كە لە دەقی پرۆژە ياسای بودجەی ساڵی 2009 نووسراوە، بودجەی پەسند كراو 8 ترليۆن و 857 مليارە، بەڵام لە ڕاپۆرتی لێژنەی دارايی نووسراوە 8 ترليۆن و 283 مليار، بودجە ئيتيسماريەكە وەكو يەك وايە، بەڵام جياوازيەكی تريش هەيە لە بودجەی تەشغيلی، لە دەقی ياساكە هاتووە 6 ترليۆن و 553 مليار، بەڵام لە لێژنەی دارايی نووسيويەتی 5 ترليۆن و 979 مليار، پرسيارێكی تريشم ئەوەی كە بەڕێز وەزيری دارايی لە سەرەتای پرۆژە ياسای بودجەی ساڵی 2009 باسی لەوە كرد كە ئێمە ناتوانين داهاتی مينەح دياری بكەين، كە قسەكەشی جێگای خۆی بوو هەتا كۆتايی ساڵ، چونكە مينەح نازانين چەند دێت؟، بەڵام ئێستا لە حيساباتی خيتامی هيچ دەستنيشان نەكراوە داهاتی مينەح چەندە و چەند هاتووە،

پرسیارێکی تریشم ئەوەیە حیساباتی خیتامی دەبێ زیاتر لە دەست دەزگایەکی تەنفیزی بێت، کە زۆرتر باس لە حکومەت دەکات، ئایا حیساباتی خیتامی سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری لە کوێدا جێگای کراوەتەوە و بۆ جیا نەکراوەتەوە؟، پرسیارێکی دیکەشم لە بەڕێز وەزیری دارایی، ئەویش ئەوەیە کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان باسی لەوە کرد کە داهاتی نەوتی ساڵی پێشوو نەخراوەتە وەزارەتی دارایی، بەڵام دابەش کراوە بەسەر هەردوو ئیدارە بۆ ئیستیسماری وەزارەتە جیاوازەکان لە کوردستاندا، بەڵام ئەگەر بێت و سەیری خشتەی ئیستیسماری حیساباتی خیتامی بکەین، 1ملیارو 420 ملیۆن دیناریش داندراوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ئایا بۆ چی لە کاتێك خۆی داهاتی هەیە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، پارەی بۆی سەرف کراوە و داهاتی سامانە سروشتیەکان لە کوێ جێگای دەکرێتەوە لێرە؟، هیوادارم ئەو تێبینیانەی لێژنەی دارایی کە نووسیویانە لە راپۆرتەکەدا داوا لە وەزیری دارایی دەکەم وەڵامی پەرلەمانتاران بداتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار د.احمد وەرتێ فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دەست خۆشی لە لێژنەی دارایی و ئابووری دەکەم بۆ ئەو راپۆرتە، بەراستی هەڵسەنگاندێکی باشی بۆحیساباتێکی خیتامی کردووە، ئەو خاڵانەش کە پێشنیاریان کردووە بۆ خاڵەکان لە کۆتایی راپۆرتەکە، لە بەشی دووەم، بەراستی ئەوانەش خاڵی جوانن، باشن، بەڵام من پێم وایە بەناوی راسپاردە ئاراستە کرابا نەك بە وشەی پێویست، بە وشەی پێویست ئاراستە کرابا نەك بە ناوی داواکردنەوە، واتا راسپاردە بوایە نەك پێشنیار، من چەند سەرنجێکم لەسەر راپۆرتەکە هەیە، یاخود لەسەر حیساباتی خیتامی، هەموو بودجەی فیعلی خەرج نەکراوە. لە ساڵی 2009دا، بەڵام لەبەرامبەردا زیادە ڕۆیی زۆر کراوە، وەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، من پرسیارێکم لێرەدا لە وەزیری دارایی هەیە، کە ئایا ڕێ و شوێنیان هەیە بۆ دووبارە نەبوونەوەی زیادەڕۆیی لەساڵانی داهاتوودا، چیش دەکرێ بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو زیادە ڕۆییانە دووبارە نەبنەوە؟ وەکو لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە، هەندێ وردەکاری دیار نیە وەکو رێژەی تەواو بوونی پڕۆژەکان، کە چەندە؟، کام پڕۆژە تەواو نەبووە؟، ئەنجام نەدراوە؟، هەروەکو لیژنەی دارایی و ئابووری ئاماژەی پێداوە، ئەبوایە لەبەشی دووەم و پێشنیارەکان باشتر وابوو ڕاسپاردەکان بوایە، داوا بکرایە لەکاتی ناردنی حساباتی خیتامیدا ئەو وردەکارییانە حکومەت دیاری بکردایە، بۆ پەرلەمانی ڕوون بکردایەتەوە، ئەبوایە داوا بکرایە لەزمنی ئەو خاڵانەی کە لەکۆتایی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، مەسەلەی دیوانی چاودێری دارایی کە چەندجار داوا کراوە، کاتی بۆ دیاری کراوە یەکگرتنەوەی، بەڵام دیارە تا ئێستا ئەنجام نەدراوە، پێویستە جەختی لەسەر بکرێت بەڕاستی، جگە لەوەش خەرجی چەند شوێن و وەزارەتێك نەهاتووە، کە هاژە خانیش ئاماژەی پێدا، لە لاپەڕەی 7 لەڕاپۆرتی لیژنەکەدا هاتووە، دەڵێت کۆی خەرجیەکان یەك تریلیۆن و

599 ملیار و 470 ملیۆن دینارە کە دابەش بووە بەسەر ئەم وەزارەتانەدا، کە هی هەندێکیان دیاری نەکراوە، دیارە هەمووشیان وەزارەت نین، کە ئەو دەڵێت دابەش دەکرێت بەسەر ئەم وەزارەتانەدا، (ئەنجومەنی وەزیران، دیوانی چاودێری دارایی، مافی مرۆڤ، کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، وەرزش ولاوان، ژینگە، ئەنجومەنی دادوەری)ئەوانە خەرجیەکانیان دیاری نەکراوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆ لیژنەکە، کەئایا ئەم کۆی گشتیە، کۆی گشتی ئەوانەشە، یان هەر تەنها کۆی گشتی ئەوانەیە کە داهاتەکانیان دیاری کراوە لە خشتەکەدا، دیارە ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵانەو وردەکاری بیگومان هەنگاوێکی باشە، لەپێناو شەفافیەت و دروست بوونی متمانە لەنێوان حکومەت و پەرلەمان و خەڵکیش، بۆیە ڕاپۆرتەکەش هەنگاوێکی دروست و باشە بەو ئاراستەیەدا، لەگەڵ وەرگرتنی ڕاو سەرنجی ئەندامانی پەرلەمان، بەم ڕاسپاردانە ڕاپۆرتەکە بەهێز بکرێت و جەختیان لەسەر بکرێتەوە، بۆ حکومەت ببن بە ئیلزامی وکاریان لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێمە تەنها دەتوانین قسە لەسەر ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری بکەین، چونکە ئێمە حسابی خیتامیمان نەبینیوە، ئەویش هەر لەبەر ئەوە بووە کە مەجالەکە نەبووە، ئێمە دوێنێ ئیوارە ئەم ڕاپۆرتەمان بەدەست گەیشتووە، ئەمڕۆش گفتوگۆی لەسەر دەکەین، جا لەبەر ئەوەی هەرچەندە قسە لەسەر ڕاپۆرتەکە بکەین،

تەنها دەتوانین دەستخۆشی لەسەر ڕاپۆرتەکە بکەین، چونکە ئەوی ترمان نەبینیوە تا بزانین کەموکوڕی تر هەیە یان نا لە حسابی خیتامیەکە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری، دیارە کە حسابەکە بێ سەروبەری و کەموکوڕی زۆری تێدایە، وەکو ئەو هەموو زیادە ڕۆییەی کە تێیدایە، خراپ بەکار هێنانیش هەیە، بەگوێرەی ئەوەی کەداوا دەکات، هەندێك لەو کارمەندانەی کە گەندەڵ و خراپن ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێت، بدرێن بە دادگا، بۆیە من لەسەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە بڕیاردان لەسەر حسابی خیتامی دوابخرێت بۆ کاتێکی تر، بۆ ئەوەی کە مەعلوماتی زیاترمان هەبێت و بەرچاو ڕوونی زیاترمان هەبێت لەسەر حسابەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، تەقصیری جەنابتە کە نەچووی لە لیژنەکە وەرت نەگرتووە، چونکە ئێمە لێرە ئیعلانمان کرد، وتمان ڕاپۆرت هاتووە لەلای لیژنەی داراییە، ئەتوانن بچن لەوێ سەیری بکەن و ببینن،

ئەمە وەکو ئەوەیە کە نانە ڕەقەکەش تەڕ بکرێت ئینجا بیخۆی، سەلامەت بی، ڕێزدار عومەر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی قانونی ئیدارەی مالی نافز لە عێراق، پێویستە لە 15ی نیسان ڕاپۆرتی خیتامی پێشکەش بە دیوانی چاودێری بکرێت، بەڵام لەکوردستان لەبەر ئەوەی ئێمە دیوانی چاودێریمان نیە، دواتریش پێویست دەکات لە 6/15 پێشکەشی پەرلەمان بکرێت، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری لەگەڵ بێت، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی دیوانی چاودێریمان نیە، بۆیە ڕاپۆرتەکەی نەقصە، بەڵام لیژنەی دارایی بەدەستخۆشانە ڕاپۆرتێکی نووسیوە کە هەم لایەنی چاودێرییەکەی لەبەرچاو گرتووە، هەم وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانی ئەوەی کە پێویست بووە بۆ ڕاپۆرت لەسەر حساباتی خیتامی نووسیویەتی، لەگەڵ دەستخۆشانەم بۆ هاوکارانم لە لیژنەی دارایی، بەڵام چەند تێبینیەکی خێرام هەیە لەسەر ڕاپۆرتەکە، ئێمە لە لیژنەش باسی ئەوەمان کرد، ئەبوایە ئاماژە بەو خاڵە بکرایە، ئەوەی کە دیوانی چاودێری نەبووە، بەڵام لیژنەی دارایی خۆی هەستاوە بە دروست کردنی ئەم ڕاپۆرتە، بۆ ئەوەی ئەمە بمێنێتەوە بۆ داهاتوو، دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009، چەندین موناقەلەی ئەنجام داوە، پێویست بوو ڕاپۆرتێك هەبوایە، لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی حساباتی خیتامی کە هەروەکو لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی داراییدا هاتووە ئاماژەی بەوە بدایە کە بڕکەی چەندە؟، لەکوێ کراوە ئەو موناقەلەی کە بووە؟ بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی زیاتر هەبێت لەبەردەم پەرلەمانتاران وبەڕێز وەزیری داراییش لەوانەیە بتوانێ باشتر ئەم بابەتە ڕوون بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەرچاوی پەرلەمانتاران ڕۆشن بێت لەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێ کە پڕۆژەیەکی ئیستیسماری ئەنجام نەداوە یان موناقەلەی پارەکەی پێ کردووە، لە پڕۆژەیەك بۆ پڕۆژەیەکی تر، یان پارەیەك کە تەخصیص کراوە بۆ وەزارەتێك کە فەصلێکی تایبەت دراوە بەشوێنێکی تر، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بەرچاویان ڕوون تر بوایە، ئەم بابەتە باشتر وابوو کە هەبوایە، لەڕاپۆرتی حساباتی خیتامی دیارە کە ڕاپۆرتەکە لەسەر ئەساسی قسم و مستەوا هاتووە، بۆ ورد بینی باشتر، باشتر بوو لەسەر ئەساسی فەصڵ و ماددەو نەوعیش بوایە، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی پوخت تر و وردتر بنووسرایە، هەرچەندە زیاتر بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی دارایی ماندوو دەکرد، چونکە ئەوە کاتی زۆرتری دەوێ، لەسەر پێشنیارەکانی لیژنەی بەڕێز لەخاڵی یەکەم هاتووە (داوا دەکەین)، من پێشنیار دەکەم ئەوە بکرێت بە (پێویستە)، لەخاڵی چوارەم هاتووە دادگای تایبەت، ئەگەر من بزانم ئێمە دادگای تایبەتمان نیە، ئەوە بکرێت بە دادگای تایبەتمەند یان هەر دادگا، لەخاڵی هەشتەم، وشەی داواکاری هاتووە، ئەوەی کە باس دەکات و پەیوەندیداری کردووە تەنها بە مووچەی پێشمەرگە، ئێمە لەناو لیژنەی دارایی باسی ئەم خاڵەمان کرد، پێویست دەکات پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لەگفتوگۆ بن لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە وەك ئەوەی لە دەستوری عێراقی هاتووە، سەروەت و سامان لەمابەینی

پارێزگاكان و هەرێمەكان دابەش بكرێت، نەك ئەوەی كە ئێمە بڵێین داوا بكەین لە حكومەتی مەركەزی، ئێمە حكومەتی مەركەزیمان نیە، حكومەتی فیدڕاڵمان هەیە، ئەو وشانە چاك بكرێنەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار كاردۆ محمد، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە لە لیژنەی دارایم، بەڵام ئەم ئاماژە كردنانەی من پەیوەندی بە ڕوون كردنەوەو پرسیار بە وەزیری دارایی بەڕێزە، لە بودجەی وەبەرهێنان، ئەگەر باس بكەین كە پەسەند كراوە بۆ پڕۆژەكانی وەبەرهێنان، لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە بۆ ساڵی 2009، كە 2 تریلیۆن و 303 ملیۆنە، ئەو بڕە پارە بە فیعلی، 1 تریلیۆن و 599ی لە پڕۆژەكان خەرج كراوە، بڕەكەی تریشی بە پێشینە دراوە بۆ جێبەجێ كردنی پڕۆژە بەردەوامەكانی ساڵی 2008، وەكو قەرزێك لەسەر حكومەت كە ئەویش بڕەكەی دیارە 257 ملیارە، لێرەدا ڕێژەی ئەدائی حكومەتی هەرێم، .لە 6،80٪ ئەمە دەردەخات كە ئەدائی حكومەت لەو بڕە پارەی كە بۆی دیاری كردووە پەرلەمان، ئەدائێكی سەركەوتوو نەبووە، یان بڵێین سوودی لەو بڕە پارە تەرخان كراوە نەبینیوە، چونكە ئەو پارەی كە ماوەتەوە 446ملیار دینار ماوەتەوە، هیچ سوودی لێ وەرنەگیراوە، یان بڵێین ئیستیغلال نەكراوە، لە حسابی خیتامی هیچ خشتەیەك نیە بۆ ئەو پارەیە، ئایا ئەوە لە خەزێنەكانی وەزارەتی داراییە؟ چونكە پارەكە ونە، بۆیە پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم بڕە پارەیە وەكو كاش ماوە یان هەر سیفەتێكی تر، لە كوێیە؟ حكومەت لەو حسابی خیتامیەیدا یان با بڵێین وەزارەتی دارایی هیچ خشتەیەكی تایبەتی بۆ پڕۆژە بەردەوامەكان و گۆژمەی بۆ پارەی تەرخان كراو نیە، لەكاتێكدا وەزارەتی دارایی ئەم خشتەی هەیە، ئەمە دەلالەتی ئەوەیە كە وەزارەتی دارایی، لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، هیچ نەخشەیەك یان تەنسیقێكی نیە، بۆ ئەوەی بە هەماهەنگی ئەم پڕۆژانە دەربخەن، دەنا ئەوەتا لێرە وەزارەتی پلاندانان، دەڵێت تێكڕای پڕۆژەكان گەیشتووەتە 1305 پڕۆژە، كە هی 20 وەزارەتە، بۆیە پێویستە ئەم هەماهەنگیە لەنێوان وەزارەتی دارایی و پلاندانان هەبێت بۆ ئەوەی حسابی خیتامی ئەم وردەكارییانەی تێدا بێت، لە بودجەی تەشغیلی كە هاوكارانم زۆر باسیان كرد، كە دەست بڵاوی یان با بڵێم زیادە ڕۆیی تێدایە، كە بودجەی تێكڕای تەشغیلی پەسەند كراوی پەرلەمان بریتیە لە 61٪ كەچی ئەو گرنگیە لە خەرجی فیعلی حساباتی خیتامی حكومەتی هەرێمدا بەرز بوەتەوە بۆ ڕێژەی 41،62٪ ئەم دەست بڵاوییەی حكومەت لە بودجەی تەشغیلیدا، زیاتر لە بڕگەكانی مووچەی فەرمانبەران، كڕینی شمەك و خزمەت گوزاری، چاككردنەوەو خەرجیەكانی تر بەرجەستە بووە، كە لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ مووچەی فەرمانبەران بریتی بووە لە 3 تریلیۆن، كەچی خەرجی فیعلی لە 2009 بریتیە لە 4 تریلیۆن بەزیادەیەك كە بریتیە لە 504 ملیار، كە دەكاتە 13٪ كە ئەمەش شتێكی نەگەتیڤە، ئەو دەستبڵاوییەی

حکومەت بە بڕگەیەك لە خشتەکە جێگای بۆ کردۆتـەوە، پاساوەکانی ئـەو زیـادە خەرجیـە ڕوون ناکاتـەوە، یەعنی کە دەبێتـە کـورت هێنـان لـە بودجـەی هەرێمـدا، خـاڵێکی تـر کـە دەمـەوێت تەئکیـدی لـێ بکەمـەوە ئـەویش دەسـت بـڵاوی حکومـەت بـەلای ئێمـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو نەسـرییە زۆرەی کـە وەزارەتـەکان، وەزیرەکان، ڕاوێژکارەکان، بەڕێوەبەرە گشتیەکان هەیانە، یەعنی بەقەدەر مووچەیان نەسرییەیان بـۆ دابـین دەکرێت، بەلای منەوە کە ئەم زیادە ڕۆییە یان ئەم تەقصیرە، کە ئیشارەی بۆ کرا، پەرلـەمان چـی لـێ بکـات یەعنی پەرلەمان ئەوە ئیشی نیە، ئیشی ئەوەیە کە موتابیعە، لێپێچینەوەش دەکات لەحکومـەت، هەمیشـە حکومەت ئەم شتە بە ئێمە دەڵێتەوە کە پەیوەندی بەدیوانی چاودێری داراییـەوە هەیـە، کـە ئەرکەکـە هـی پەرلەمانە، یاساکەی بۆ دەرچووە، لیژنـەی یاسـایش ڕاپـۆرتێکی داوەتـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان پێشـم وایـە ئامادەکاریش هەیە، بەڵام بەڕاستی بۆ جێبەجێ ناکرێت؟ ئەمـە پرسـیارێکە پێویسـتە سـەرۆکایەتی جـوابی بداتەوە، خـاڵێکی تـر کـە پێمـان وایـە ئیشکالیەتی لـە پلانـی جێبـەجێکردنی بودجـە هەیـە لـە کوردسـتان، مەسەلەی ئەم ئیحتیکار کردنەیە لەلایەن کۆمپانیـا گەورەکانـەوە، کـە تەئسـیری کـردووە لـەوەی کـە خـەڵك زیـاتر بـەدوای دامەزرانـدن بگـەڕێت، لەکـەرتی گشـتیدا، یـەعنی ئـەو ئـازاد کردنـەی ئـابووری کوردسـتان نەتوانـدرێ بکرێـت، پـڕۆژە یاسـایەك هەیـە کـە پەیوەنـدی بەیاسـای قەدەغـەکردنی ئیحتیکـارە، پـێم وایـە پەرلـەمان، ئەگـەر پەلـە بکـات لـە پەسـەند کردنـی ئـەم پڕۆژەیـەدا ئـەوە ڕۆڵێکـی کاریگـەر دەبینێـت بـۆ پێشکەوتن و جێبـەجێ کردنـی بودجـە لـە ئایندەداو وردەکاری زیـاتری حسابی خیتـامی، خـاڵێکی تـر کـە دەمــەوێت تەئکیــدی لــێ بکەمــەوە ئــەویش ئەوەیــە کــە لیژنــەی نەزاهــە، لەپەرلــەمان ئــەرکی ئەوەیــە بەدواداچوونی بۆ بکات، ئێمە لیژنەی نەزاهەمان هەیـە کـە دەتـوانێ ئەمـە بکـات، جگـە لـەوەش لـە حسـابی خیتامیش دیار نیە لە 2009 چەند پڕۆژە تەواو بووە ئەم پڕۆژانە دیار نین؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی قسەکانی من کرا، ئەوەی دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم، حسابی خیتامی لەگەڵ موازەنـە فـەرقی ئەوەیـە کـە موازەنـە تەقدیریـە، حسـابی خیتـامیش سـەرفیات وئیراداتـی فیعلیـە، بۆیـە شـتێکی تەبیعیـە کـە لەکۆتایی حسابی خیتامیدا، ڕەقـەم جیـاواز بێـت، بەنیسـبەت حسـابی خیتـامی لەکۆتایـدا موقارەنـە دەکرێـت لەگەڵ موازەنەدا، بۆ ئەوەی ئیشارەتی پێ بدرێت کە چەند ئیلتیزام کراوە بە جێبەجێ کردنـی ئـەم میزانیـە، من سەرەڕای دەستخۆشیم لە لیژنەی دارایی، چەند تێبینیەکم هەیە، کـە دەبـوو ئـەوان بیـان کردایـە، یـەکێك لەوانە هەموو ئەو مورفەقاتانەی کە لە حسابی خیتامیدا هاتووە بۆ پەرلەمان ئەوان بەژمارەیەك ئیشـارەتیان پێ بدایە، بۆ ئەوەی کە لێرە روون بوایە، کە ئەم مورفەقاتانە گەیشتونەتە پەرلەمان و گەیشتونەتە دەسـتی لیژنەی دارایی، ئیشارەتێکی پێدرا بوایە باشتر بوو.

دووەم/ نیشانیان دابوایە کە چەند ئیلتیزام کراوە بە قەواعیدو ئەو مەواعیدانەی کەوا پێویستە وەزارەتی مالیە هەیبێت لە جێ بەجێ کردنی موازەنە، بە دەقیقی ئەمەتان پێشان دابا.
سێیەم/ بە رەئی من دەبوو ئەم تەسویەو تەعدیلی نیهائی کە کراوە، پێویست بوو لێرە ئیشارەتی پێ درا بوایە، دوای ئەوەی کەوا باسی خەرجی و موازەنەی جاری و ئیستسماری دەکات، باسی عەجزی نیهائی کردووەو، باسی فائیزی کرد بوایە، ئەم عەجزە، یان ئەم فائیزە، ئایا چۆن تەسویە کراوە؟ باشتر وا بوو تەبیعی ئیشارەتی پێدا بوایە لەناو راپۆرتەکەی خۆیان، بۆ ئەوەی ئەم ئیشکالیەتە کە هەندێك لە هەڤالانیشم نیشانیاندا لەوەی کە ئیرادەکان بۆ کوێ چوون؟ یان عەجزەکەو زیادەڕۆییەکەی کە کراوە چۆن تەسویە کراوە؟ ئەگەر لە راپۆرتەکە دابوایە بە تەئکید باشتر دەبوو، جارێکی تر دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم کە لە کۆتاییدا بە کۆمەڵێك تەوصیات دەرچووە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، منیش لێرە چەند پێشنیارێك و تەوصیەیەك ئیزافە دەکەم، یەکێك لەوانە هەروەکو ئیشارەت پێدرا کە زیادەڕۆییەك هەیە لەسەرفیات، بۆیە بە رەئی من لە جیاتی ئەوەی کەلیمەی نەدەبوو باشتر وا بوو بهاتایە کە رێگا نەدرێت بە سەرف کردنی هەر مەبلغێك لە ئیعتیماد، یاخود پارەیەکی بۆ تەخصیص نەکرا بێت.
دوو/ لە پرۆژەکاندا باس کراوە، کە زۆر لە پرۆژەکان جێ بەجێ نەکراوە، بۆیە دەبوو لە تەوصیەکاندا هاتبوایە کە دەبوو تەئکید بکرێت لەسەر پلان و بەدواداچوون بۆ بەرنامەی وەزارەت و پرۆژەکان.
سێیەم/ بەلای من ئیشارەت بدرێت بە زیاد کردنی چاودێری لەسەر موازەنەی گشتی لە هەرێم زیاتر لە موناقەشەی ئەرقام.
چوارەم/ زاهیرەیەك هەیە کە زۆر لە پرۆژەکان تاخیر دەبن، تەبعەن ئەوەش زۆر هۆکاری هەیە، هۆکاری موقاویلی هەیە، هۆکاری کەوادیری فەنی و موهەندیسی هەیە، هەروەها قانونی موناقەصات لەوانەیە نەقصی تیا بێت، لاوازی هەبێت لە نێوان حکومەت و دەزگای چاودێری، لاوازی هەبێت لە دیراسات و تەصمیماتی ئەو وەزارەتانەی کە موستەفیدن لە پرۆژەکان، بۆیە دەبوو ئەمەش بە تەوصیە هاتبوایە لە کۆتایی راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سوپاس بۆ گشت ئەو بەڕێزانەی کە موداخەلەیان کرد، رەئی خۆیاندا بە وازیحی، ئێستا داوا لەجەنابی وەزیر دەکەم لەسەر روناکی ئەو موداخەلانە وەڵام بداتەوە، کەرەم بکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن سوپاسـی هـەموو ئـەو خوشـك و برايانــە دەكـەم بـۆ ئـەو داواكاريانــەو ئـەو پرسـيارانەو ئـەو روون كردنەوانـەی دايـان، دەمـەوێت ئـەوە بـە هـەموو لايـەك رابگەيـەنم ئـەو بودجەيـەی كـە ئێسـتاكە هاتۆتـە پەرلەمان، ئەو حيساباتی خيتاميـە، ئـەوە واقيـع حاڵـە، ئێمـە وەكـو خـۆی ناردوومانـە، هـيچ دەسـتكارييەك لـەناو ئەرقامەكانيـدا نييـە، ئەگـەر دەسـتكاريمان بكردايـە بـەو شـێوەيە نـەمان دەنـارد، رەنگـە ئـەو وەختـە خۆشمان زەميرمان موعەزەب دەبوو، ئەمە ئيشێكی خراپيش بوو كـە دەمـان كـرد، وەكـو خـۆی ناردوومانـە، هەندێك روون كردنەوە هەيە، ديارە بەنيسـبەتی بـاس لـەو عـەجزە دەكرێـت، لـەو زيادەڕۆييـەی كـە ئێسـتا دەكرێت، كراوە لە ساڵی 2009دا، ئەگەر بگەڕێينەوە سەر قانونی پەرلەمان، هەر لەوێدا دەبينين خـۆی لـە موازەنەی ساڵی 2009دا دەست نيشانی عەجز كراوە بە (574) مليار، ئەم عەجزە خۆ هی رەواتب نەبووە، رەواتـب موقەنەنـە، هەرچـەندێ رەواتبـيش زيـادەڕۆيی تيـا كـراوە، هـەمووی موخـەصەصـاتی تـازە هاتۆتـە سەری، هەندێ موخەصەصات هەيە كە دێت، هەيە سەرف دەكرێت، ئەو موخەصەصاتانە لە بەغـدا سـەرف ناكرێت، ئەوەی كە وەخـتی خـۆی كـە پەرلـەمان بـە قەناعەتـەوە ئـەو عـەجزەی دەسـت نيشـان كـرد، ئەمـە جارێك هەر خۆی لە خۆيدا ئەگەر تەرحی بكەين لەو زيادەڕۆييە، ئەمە بەشـێكی لا دەدات بەشـەكانی تـری ئەمـە هـەمووی لـە هـەموو حيسـاباتی خيتاميـدا مەسـروفاتی عـەرەزی هەيـە، يـەعنی تـەوەقوعی رووداوی ناكەيت كە ببێت، ئيجباريش دەبيت جاری وا هەيە دەبێت تۆ سەرفی بكەيت، ميسال گوتيان پارەی فەيـەزان سەرف بكرێت، پارەی فەيەزان بۆيان ناردين ئەو پارەی فەيەزانمان سەرف كرد لە پـڕ لێمانيـان بـڕی، ئەمـە دەبێتـە عـەجز، ئـەو پـارەی پێشـمەرگە، رەواتـب و مەخەصەصـاتی پێشـمەرگەو هـەموو پێداويسـتيەكانی پێشمەرگە، كە ئێستا بە عەجز دەركەوتووە لەوێ، غێر كە ئەوە سەرف كـراوە دەبێتـەوە زيـادەڕۆيی لەسـەر ئـەو فەقەرانـە، بـاس لـەوە دەكرێـت كـە نيسـبەتی ئينجـازی خوتـەی پرۆژەكـان لـە 62٪ـە، ئەگـەر بێتـو سولفەكان بخەيتە سەری، ديارە ئەو نيسـبەتە دەگۆڕێـت، يـەعنی نەشـاتی وەزارەتـی دارايـی نييـە، كـە ئـەوە بەيان بكات، ئەوە چەند ئينجازی كردووە؟ چەند هاتووە؟ ديارە ئـەوە زيـاتر لـەوەزارەتی پلاندانانـە، بـەلاّم ئەوە دائيمەن ئێمە دەڵێين ئـەو مەشـاريعانەی كـە هەيـە شـەرت نييـە هـەمووی لـە وەخـتی خۆيـدا ئينجـاز بكرێـت، ئەسـڵەن مەشـاريع هەيـە ئێسـتا لـە مەحكەمەيـە، هەنـدێك پرۆژەمـان هەيـە لـە مەحكەمەيـە، هەندێكيشمان هەيە هەندەك ئەسـبابی سـيعرو دواكـەوتن و تـاخيری قـانونی وای لـێ كـردووە، كـە ئێسـتاكە پرۆژەكان ماونەتەوە، باس لەوە دەكرێت ئەو پارەيە ئەوەندەی سەرف كراوە، بەڵێ ئەوەندەی سەرف كراوە، ئەو دواييەشی سولفەيەو ئەوەی كە ماوەتەوە هەر پارەيەك كە مابێتەوە تەدوير دەبێتەوە، ئەو پارەيە هـی ئەوە نييە كەوا بڵێين وەڵلاّ پارەكەم خستە گيرفانمـەوە رۆيشـت، ئـەوە لـە سـجلات تـەدوير دەبێتـەوە، ئـەوە مەعلومە، هەتا كە تەقاريری مـالی دێـت بـەو شـێوەيە، بەنيسـبەتی داهاتـەوە، ئێمـە لـەكاتی خۆيـدا داهـاتی تەخمينيمان داوە بەو رەقەمەی كە بەغدا لێمـانی بڕيـوە، بـەلاّم ئێسـتاكە داهاتەكـە تـەحقوقی كـردووە بـە فيعلی، دەبينين رەقەمێكی ترە، رەنگە دوو بەقەدەر ئەوە زياتر بێتـەوە، بـاس لـەوە دەكرێـت كـە گوايـە لـە وەزارەتی شارەوانی و لەناو مينحەيشدا هاتووە، لە ميزانيەشدا هاتووە، بەڵێ وايـە، چـونكە ديـوانی وەزارەت

لەسەر میزانیە سەرف دەکرێت، لەسەر میزانیەی ئیعتیادی سەرف دەکرێت، لەسەر میزانیەی تر سەرفیاتی تیایە، شارەوانیەکان هەروەکو وەختی خۆشی لە موازەنەدا باسمان کرد لە مینحدا سەرف دەکرێت، ئەگەر بێتو ئێمە مووچەی لێ دەربکەین، واتا زیادەڕۆیی مووچەی لێ دەربکەین، دەبینین ئەو زیادەڕۆییانەی لە فەقەراتەکانی تر هاتووە ئەو نەقصەیە، کەوا لە کاتی خۆیدا وەکو عەجر دەست نیشان کراوە لەلایەن پەرلەمانەوە، دوای ئەوە کە دێینە سەر باسی مینح و ئیعانات و ئەوانە، ئەمە لەوێیە زیاتر تەبیعی، کە باس دەکرێت ئەمانەش ڕەواتبی تێدایە، ئەمانە هەندێك تەغیراتی تیا دەکرێت، مەسەلەن ئێستاکە کە دێیتە سەر زیندانیە سیاسیەکان، ئەگەر ئەمسالێش تەغیراتی تیا نەکرێت، مومکینە سالێکی تر لە پارەکە تەغیراتی تیا بکرێت، مەسەلەن موخەصەصاتی قوتابی، خوێندکاران تەغیراتی تیا دەکرێت، موخەصەصاتی مامۆستایان تەغیراتی تیا دەکرێت، ئەمانە هەروەکو پێشتر وەختی خۆی ئێمە شەرحمان کرد، هەر یەکی لە یەکێك لە بابەکاندا سەرف دەبێت، دوای ئەوە ڕەنگە لە فەسلی دوایی باس لەوە دەکرێت، کە ئێمە زیادەڕۆییمان کردووە، ئەگەر بێیتە سەر حیسابات و ئەو کتابانەو موافەقەتانەی کە هاتۆتە وەزارەتی مالیە، دەبینین وەزارەتی تەندروستی جگە لەوەی کە پارەی ئیزافیشمان داوەتێ، یان پارەی ئەوەی داهاتی خۆیشیان بۆ خۆیان سەرف دەکرێت، بۆ دەرمان، کە ئەو داهاتەکەی خۆی بۆ خۆی بێت، دەبێتە سەبەب ئەوەی مەساریفەکەشی زیاد دەبێت، تەخصیصەکەی زیاد دەبێت، ئینجا ئەوانە تەئسیر دەکاتە سەر موازەنەکە بەو شێوەیە، دیارە برای بەڕێز کاك عومەر باسی ئەوەی کرد دەڵێت بە فەسڵ و مادده نەهاتووە، بەڵێ بە فەسڵ و مادده هاتووە، ئەگەر لە حیساباتی ختیامیەکە تەماشای بکەن بە فەسڵ و مادده هاتووە، دیارە داهات بە نەوعێك وەردەگیرێت، خەرجیش بە نەوعێك دەکرێت، باسی موناقەلات دەکرێت، کەوا موناقەلات سورەتی بدرێت بە ئێرە، ئێمە دەسەڵاتەکەمان پێ دراوە کە موناقەلات بکەین، وەختی خۆی بەپێی دەسەڵاتەکان، ڕەنگە زیاتر لە سێ سەد موناقەلەمان کرد بێت لە وەزارەتی دارایی، موناقەلات موهیم نییە لەکوێ هەڵگرتووە بۆ کوێ؟ موهیم ئێستاکە حیساباتی ختامی بۆتی تەحدید کردووە لە هەموو فەسڵێکدا چیت سەرف کردووە؟ ئێستاکە ئەوە موهیمە، ئێمە ئەو واقیعەمان هێناوەو خستمانەتە بەردەم بەڕێزتان، دیارە من باسی شتێکی ترم نەکردووە، یەعنی لە ڕاتبدا بە عام ئەوە باسی موخەصەصات و ئەوانەم کرد، داوای لێبووردن دەکەم دەگەڕێمەوە سەری، دیارە موخەصەصاتی تەقاعودی ئەمساڵ هەندێکی تیایە، ئەو مەشاریعانەی کە ئێستا ماونەتەوە مەشاریعی بەردەوام، گوایە ئەو مەشاریعانە چین و ماونەتەوەو نەکراوە، ئەگەر لە یادتان بێت لە موازەنەی 2010، کە هاتە ئێرە، بۆ ئەوەی کەوا موصادەقە بکرێت، کوڕاسێك هەبوو بەو پرۆژانەی کە بەردەوامن، ئەو پرۆژانەی کە بەردەوامن، ئەو پرۆژانەیە کە ماونەتەوە، ئەو پرۆژانەی کە موقتەرەحن لەمەودوا دەکرێت، باس لەوە دەکرێت کە دەڵێن حیساباتی ئیحتیاتی ئەوەی کە تەخصیص کراوە بۆ ئیحتیات لە کوێیەو چی لێهاتووە؟ بۆ دیار نییە؟ ئەمانە هەمووی دابەش بۆتەوە، چونکە ئەمە حیساباتی ختامیە، ڕەنگە موخەصەصاتی ئوخرا، حیساباتی ئیحتیاتی، ئەمانە هەمووی دابەش دەکرێتەوەو وەکو پێویست دابەش کراوە، باسی ئەوە دەکرێت کە زێرەڤانی ئێستاکە

لەناوخۆیەو پێشتر لەویٚ نەبووە، ئەوەی لەلای ئێمە مەعلومە هەر لەوەزارەتی ناوخۆیە، لەهیچ جێی تر سەرف نەبووە، ئەوەی کە من نووسی بووم، ئەوە وەڵامەکانە، بەڵام دووبارە دەیڵێمەوە دیارە سەبەبی رەئیسی هەر ئەوە نییە، زیادەڕۆیی، بەڵام ئەگەر مووچەی لیٚ دەربکەیت خۆی پێشتر ئەمە موناقەشە کراوە لە موازەنەی 2003، پەرلەمان دانی پیا ناوە بەو عەجزە، بەو (574) ملیارەو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هەندیٚ لە ئەندامانی پەرلەمان هەندیٚ پرسیاریان کرد، یەك/ ئەو زیادەڕۆییە بۆیان روون نییە، ئایا دەچێتە گیرفانی کیٚ؟ ئایا بە بەلاش سەرف دەکرێت؟ ئایا لەکوێیە؟ ئایا چۆنە؟ ئەوە روون کردنەوەیەکی زیاترمان دەوێت.

دووش/ سولفەکان کە تەسویە نەکراوە، زۆر باسی کرا، باج و رسوماتە، پاشانیش دەڵێت میزانیەکە لەگەڵ ئەمەی لێرە هاتووە فەرقە، یەعنی لەویٚ رەقەمێك هاتووە، بەڵام لێرە رەقمێکی تر هاتووە، وابزانم کاك ئارام بوو ئیشارەتی پێدا، ئەگەر کەمێك زیاتر روون بکەیت، بۆ ئەوەی پێش چاوی بەڕێزان روون بێت، سوپاس.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەوەی کە ئەو پارەیەی دەچێتە گیرفانەوەو چی لیٚ هاتووە، بەڕاستی ئێمە بە هەموو لایەکمان راگەیاند، ئەمە واقیعی سەرفە، سەرف بووەو مەستەنەداتی سەرف هەیە، وسولاتی قەبز هەیە، سەنەداتی قەید هەیە بەنیسبەتی ئیرادو بەنیسبەتی مەسروفەوەو، سجلاتی موحاسەبە، سجلاتی یەومی هەیە، سجلاتی موحاسەبە رەقم (66) هەیە، کە مەوجودەو رۆژانە پارەی تیا تەسجیل دەکرێت، ئەوەی کە لە حیساباتی ئێمەیە، حکومەتی عێراقی بەکاری دەهێنێت، ئێمەش بە هەمان شێوە تەسویەکانمان لەسەر ئەساسی قانونی دەکەین، قەبزمان لەسەر ئەساسی قانونییە، سەرفیشمان بەهەمان شێوە، یەعنی ئەمە وایە مەوزوعی ئەوەی کە تۆ بڵێی ئەو فەرقە نەما، عیلاج کراوەو خرایە گیرفانی یەکێکەوە، ئەمە نییە شتی وا، مەجودە بفەرموون کیٚ دێت هەتاکو حیساباتی ختامی، ئەم حیساباتە کە ئێستاکە لەلای جەنابتانە، موصادەقەی لەسەر بکرێت، موصادەقەی لەسەر نەکرێت من بە هەموو خوشك برایەکم پێشتر گوتوومە لە پەرلەمان هاتونەتە لای من، هەموو کەسێك دەتوانێت، پەرلەمان بێت و بفەرمووێت تەماشا بکات بزانێت ئەوانە موسەجەلن وەك خۆی، مەسروفن وەك خۆی، موتابقن وەك خۆی، ئێمە ئامادەین، بەنیسبەتی ئەوەی کە جەنابی کاك ئارام گوتی، دیارە من راستم کرد زۆریشم پیٚ خۆش بوو ئەو مولاحەزەیەی کرد، چونکە تەنها ئەو مولاحەزەی کرد بوو، ئەویش وەك پرسیار کرد بووی، ئێمە ئەگەر بێتو ببینین وەکو گوتم ئێمە حەقیقەتەکەمان دابەزاندووە، ئێمە ئەوەی کە دامانبەزاندووە لەم بودجەیە هەشت و دووسەدو هەشتاو سێمان دابەزاندووە، بەڵام خۆی لە ئەسڵدا ئەوەی کە پەرلەمان موصادەقەی لەسەر کردووە هەشت و هەشت سەدو پەنجاو حەوتە، ئەوە لەویٚ ئەو پێنج سەدو حەوتاو چوارە لێرە فەرقە، تەبیعی ئەوەش

بۆتە دوو جار تەئسیری کردۆتە سەر هەردوو بەشەکە، هەم وەکو قانونەکە بەشی ئیستیسمارو خوتەشی زیادی کردووە، بەشی میزانیەی تەشغیلیشی زیاد کردووە، بەلاّم ئێمە جارێکی تر هێناومانەتەوە سەر ئەسڵی ئەوەی کە بۆمان هاتووە، ئەوەمان دابەش کردووەو، لە نەتیجەی ئەوەدا، ئێمە جارێکی تریش دەڵێین ئەمساڵیش تەوەقوع دەکرێت بەهەمان شێوە، چونکە کە ئێمە نەتوانین سەنەدات ئیدخار بکەین، کە ئێمە نەتوانین خۆمان ئیرادی تایبەتی خۆمان هەبێت، ئێمە نەتوانین پارە تەبع بکەین، ئایا ئەگەر میزانیەی ئیزافی نەکرێت لە عێراقداو بەشی ئێمەش هەبێت؟ ئایا چۆن ئەوانە تەسدید دەکرێت؟ من ئێستا ئەوەی کە جەنابتان موصادەقەتان لەسەر کردووە هی ساڵی 2010، کە پارەی پێشمەرگەیە، ئەگەر هەوڵ نەدرێت پارەی پێشمەرگە بدرێت؟ ئەگەر نەدرێت؟ ئێمە چی دەکەین؟ لەو حاڵەتەدا چی دەکەین؟ پارەکە سەرف دەکرێت، دەکرێت پارەی پێشمەرگە سەرف نەکەم؟ باشە، من ئێستا کە دەڵێم عەجزەکە لە بیدایەتدا دادەگرین، بەلاّم لە ئەخیردا جارێکی تر هەر تووشی دەبینەوە، دەبێتە هۆسەیەك، دەبێتە مەشاکیلێك لەسەرمان، یەعنی بەڕاستی زۆر رەخنەمان لێ دەگرن، زۆر نەقدمان دەکەن، زۆر پێمان دەڵێن ئەو خەتەواتانە باش نییە، بەلاّم ئەمە واقیعەکەیە، تۆ ئێستا عەجزت هەیە بەنیسبەتی ئەمساڵ، عەجزت هەبووە بەنیسبەتی پارەکە، بۆیە دەبێت زیادەڕۆیی بکەیت، یەعنی بەزیادەڕۆیی ئەو پارانەت تەوزیع دەبێتەوە جارێکی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ ئەوەی یەك لەگەڵ سولفەکان مابوو، یەك/ ئەوەیە هەندێك ئەندامی پەرلەمان پێیان وابوو ئەم زیادەڕۆییە عەجزێکە، عەجزێکی تریشمان هەیە لەسەر ئەوەی پێشمەرگە، لەسەر میزانیە، ئەمە ئیزافەی یەکە، ئینجا ئەوە پێویستی بە روون کردنەوە هەیە، ئایا ئەم زیادەڕۆییەش عەجزە؟ یان عەجز نییە؟ نوقتەیەکی تریش، پرسیارێك هەیە دەڵێت چ رێگایەك دێتە پێش کە زیادەڕۆیی نەکرێت؟ یان بەلای کەم زۆر کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی سولفەکانەوە، کە دەوترێت ئەو سولفانە زۆرن، بەڕاستی جاری یەکەم گوتمان ئێمە وەزارەتی پێشمەرگە خۆی بە سولفە سەرف کراوە، ئەوەی کە لە میزانیەی تەشغیلی هاتبێت، رەنگە ئیعتیادی نەبێت ئەو سولفانەی کە بەلاتانەوە زۆرە، ئەوە سولفەی فەرمانبەرانە زۆربەی زۆری، ئەوانەی کە سولفە وەردەگرن، ئەمانە بە یەك ساڵ ناگەڕێتەوەو، سولفەی زەواج تەبیعی بەنیسبەتی ئەوانەوە، ئەو سولفانەی تر کە ئێستا تەسویە نەکراوە، بەتایبەتی لە مەشاریعدا، ئەو سولفانە هەمووی بە پارەیەو وەریانگرتووە، هەندێك هەیە سولفەی ئیزافی وەردەگرن، یاخود ئیعتیمادات وەردەگرن، ئەوانە هەمووی لە حیساباتی، لە زەرعەی نیهائیدا کۆتایی پێ دێت، لە زەرعەی نیهائی ئاخیر حیساب بۆ ئەو شەریکەیە، بۆ ئەو موقاوەلاتە دەکرێت و دەگەڕێتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە لە ساڵی موازەنەی 2009دا تەحەقوقیان نەکردووە،

دەمێنێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو، بەنیسبەتی ئیراداتەوە، دیارە لێرە لە راپۆرتەکەی لیژنەی داراییدا هەر دەست نیشانی تەنها ئەوەی کردووە، کەوا لە 71٪ی ئەوەیە، بەنیسبەت ئیراداتەوە، ئێمە لەکاتی خۆیدا باسمان کردووە، کە زەریبە لەگەڵ گومرگ، دوای ئەوە زەریبەی واریدی گومرگی، زەریبەی صادری گومرگی، زەریبەی مرور، زەریبەی ئەرزی، زەریبەی شاحینات، داهاتی زەمانی ئیجتیماعی، تەوقیفاتی تەقاعودی، ئیراداتی تەئمین ئیلزامی لە بابی مینحەکانیشەوە، ئەگەر هەبێت، بەلاّم ئێمە هیچ مینحەیەکمان لە هیچ دەوڵەتێك وەرنەگرتووە، هەروەها فەوائیدی مەحەلی و ئەوانەش هەمووی لە حیسابەکاندایە، بەنیسبەتی ئیجاری ئەرازیشەوە، وەلحاصل داهات ئەوە یەك مەجموعە قائیمەیە لەکاتی خۆیدا لە حیساباتی خیتامی، لە حیساباتی موازەنەی ساڵی رابردوودا هەموومان شەرح کردووە، بەلاّم ئەوەی کە ئەوان ئیستیقتاعی دەکەن، بەڕاستی ئەو پارەیە نەبووە، کە ئێستا بە فیعلی تەحەققوقی کردووە، کە ئەوەی لە بەغدا بە یەك مەقاصە، ئێستا ئەو مانگە مەسەلەن لێمانیان بڕیوە، ئێمە وەختی خۆی لە پەرلەماندا باسمان کرد بۆ بەڕێزتان، گوتمان ئەمە تەخمینیە، بەلاّم کە دێتە سەر داهاتی فیعلی دەبینن وەکو خۆی لەناو حیساباتی خیتامییە، وەکو خۆی هاتووە لەناو حیساباتی خیتامی، دوو بەقەدەری زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، لیژنەی دارایی رەئی جەنابتان دەربارەی رەئی وەزیرو ئەو موداخەلانەی کرا، کەرەم بکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لە خاڵی یەکەم/ حەز دەکەم ئیشارەت بەوە بدەم، کە هەندێك لە برادەران لە هەندێك لیژنە، یان سەرۆکی لیژنەکان ئاماژەی بەوەدا، کە نەمانتوانی ئیتیلاّع لەسەر حیساباتی خیتامی بکەین، ئێمە لە لیژنەی دارایی و ئابووری، هەر لە رۆژی 6/23 نوسخەی زیادمان کۆپی کرد لەو حیساباتانە، لە ژێر دەستی خۆمانمان دانا بوو، بۆ ئەوەی هەر لیژنەیەك بێت نوسخەی بدەینێ، ئەمە یەك. نوسخەمان دابەش کرد لەسەر ئەندامانی لیژنەی دارایی و ئابووری، کە هەر یەك نوسخەیەك لەگەڵ خولاصەیەکی حیساباتی 2009، لە رۆژی 6/23 هەتا رۆژی 6/27 کە ئاخیر دانیشتن بوو دانیشتین، هیچ برادەرێك، هیچ ئەندام پەرلەمانێك نەهاتە لیژنەی دارایی و ئابووری داوای ئەوە بکات، کە بڵێت من دەمەوێت ئیتیلاّعێك، یان پێزانینێك لەسەر ئەم حیساباتە بکەم، ئەمە گوناحی ئێمە نییە، گوناحی ئەوانە، چونکە ئێمە ناتوانین مافی چ لیژنەیەك بخۆین، راستە ئاماژە پێدراوە، ئەگەر لیژنە هات مافی خۆیەتی تێبینی بنووسێ، ئەو تێبینیانە دەبێت لە رێگای سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆمان بێت، کام لیژنە شتی ناردووە بە رێگای سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئێمە؟ ئێمە رەچاومان نەکردووە لە راپۆرتی خۆمان، ئێمە ئامادە بووین و حازر بووین هەر برادەرێك بێت هاوکاری بکەین، بۆ ئەوەی شتەکە بەشێوەیەکی یاسایی و قانونی بێت، بەلاّم کە

كەس نەهات، ئێمە مەجبور بووين راپۆرتی خۆمان ئامادە بکەين و پێشکەشی سەرۆکايەتی پەرلەمان بکەين، کە ئەوەيە لەبەردەمی جەنابتان، ئەمە يەك.

دووەم/ ئێمە بۆ گرنگی رەقابەی مالی لە خاڵی يەکەم لە پێشنيارەکانی ليژنەی دارايی و ئابووری ئاماژەمان بەوە کردووە، کە دەبێت رەقابەی مالی کارا بکرێت، يەك بگرن، ئەکتيف ببێت، چونکە کاری بەدواچوون رەقابەی خەرج کردنی ماڵی گشتی بەبێ رەقابەی مالی بەحەقيقەت کارێکی ناقصەو کەمە، ئەمەش ئەرکی پەرلەمانە، چونکە ئەم رەقابە سەر بە پەرلەمانە، دەبێت ئێمە بەو ئەرکە هەڵبستين و چارەی ئەم کێشەيە بکەين.

ئێمە لە ليژنەی دارايی و ئابووری هەر لە راپۆرتی بودجەی ساڵی 2010 ئێستاش لەگەڵ ئەوەين، تا بکرێت مەسروفاتی، يەعنی ميزانيەی ئيعتيادی کەم بکرێت، ميزانيەی ئيستيسماری زياد بکرێت، موحاوەلە بکەين تا بکرێت لە مينح و ئيعانات و ئەم شتانە کەم بکەين و دانێينە سەر ميزانيەی ئيستيسماری، چونکە پێشکەوتنی وڵات بە حەقيقەت لە چەندايەتی ميزانيەی ئيستيسمارييە، تا ميزانيەی ئيستيسماری زۆر بێت و قەبە تر بێت، ئەوە ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان بەهێزترو باشتر دەبێت، لەبەر ئەوە هەر لە راپۆرتی خۆمان ئاماژەمان بەو خاڵە داوە، لە پێشنيارەکاندا هاتووە ناردنی ئەوانەی کەمتەرخەمن بۆ دادگا، مەبەستمان ئەوە نييە، ئێمە خەڵکێکمان لەبەردەستە کەمتەرخەمن بەر ئەوانە، نەخێر، ئەمە وەکو ئيجرائێك، وەکو پێشنيارێك بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی گەندەڵی و دەست درێژی لەسەر ماڵی عام کەم بکەينەوە، يەعنی ئەم خاڵە رەچاو بکرێت، کە خەڵکی گەندەڵ، خەڵکی کەمتەرخەم، يەعنی پيشتوانی لێ نەکەين و بدەينە دەستی دادگا، چونکە بەڕاستی ئەمە تاکە رێگايە، بۆ ئەوەی رێگا لە گەندەڵی و دەست درێژی لەسەر ماڵی گشتی بگرين، دنيا هەر وايە وەکو دەڵێن تەرغيب و تەرهيبە، بۆ ئەوانەی دەستپاك و دەست خاوێن و لێهاتوون، ئەمانەش پاداشت بکرێن و ئاماژەيان پێ بکرێت، بۆ ئەوەی خەڵکێکی زياتر رۆڵی لە رێگای دەستپاکی ببێت.

پێشنيارێك هات دەڵێن بۆ سەرفی ئەم زيادڕۆيیەی لە ميزانيە هاتووە، دەبێت ئەمە بدرێتە دەستی دادگا، بەڕێزان، ئەمە هەر موخالەفەيەك بێت، موخالەفەيەکی حيسابييە، موخالەفەيەکی جەزائی نييە، تاکو رەوانەی دادگا بکرێت، ئەگەر موخالەفە بێت، چونکە حکومەت هەندێك جار زروفێکی تايبەتی دێتە پێش، حکومەت مەجبورە زيادەڕۆيی سەرف بکات، ئەگەر ئەم زيادەيە موخالەفەی جەزائی بوايە، راستە دەبێت بچێتە دادگا، بەڵام ئەمە موخالەفەيەکی حيسابييە، مەبەستمان ئەوە نييە ئيختيلاس هەيە، مەبەستمان ئەوە نييە ئەو پارەيە دزراوە، مەبەستمان ئەوەيە بۆ شەفافيەت، بۆ روون کردنەوەی شت ئاماژەمان بەم خاڵە داوە.

زۆر باس لە مەسەلەی زيادی پارەی ئاسايش کرا، من خۆم لەوانەيە برادەرانی ليژنەی دارايی و ئابووريش لەگەڵم بن، ئەمن و ئاسايش لە کوردستان لەسەرووی هەموو شتێکەوەيە، ئێمە پێشی ئيستيسمارو، پێشی پرۆژەو، پێشی رێگاوبان، دەبێت بير لە ئەمن و ئاسايش بکەينەوە، ئەگەر ئەمن و ئاسايش لە کوردستان

نـەما، ئومێـدو هـیـچ شـتێك لەكوردسـتان بەڕاسـتی قیمـەتی خـۆی نامێنێت، لەبـەر ئـەوە ئەگـەر پارەیـەكی زیادیش بۆ ئەمن و ئاسایش سەرف بكرێت، بـە رەئـی مـن ئـەوە لـە بەرژەوەنـدی میللـەت و هەمووماندایـە، ئێمـە ئـەو خاڵەیـە كـە شـانازی پێـوە دەكـەین لەبەرامبـەر دنیـا هـەمووی كـە كوردسـتان ئارامـەو جێگـای وەربەهێنانە، جێگای خەڵكێكە كە بێت لێی نیشـتەجێ بێـت، فـەرمووو ئـەوە چـەند سـەفارەت و ئـەو شـتانە هەمووی لێرە، لە سایەی ئەو ئەمن و ئاسایشەیە كە لە كوردستان هەیە، هەر ئەوەم هەبوو، ئەگـەر بـرادەرم تێبینیەكی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر مولاحەزەتان هەیە، فەرمووو، جارێ با جەنابی وەزیر موداخەلەی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پرسیار دەكرێت، من لەبیرم چوو وەڵام بدەمەوە، كەوا ئایا ئەو عەجزەی كە ئێستا لێرە دەست نیشـان كراوە چی لێ دێت؟ بەڵێ ئەوە تەدویر دەبێتەوە، تـەدویر دەبێتـەوە بـۆ ئەمسـاڵ، ئـەو عـەجزە بـۆ سـاڵێكی تریش ئەگەر بێتو میزانیەكی تەكمیلی هەبێت دایپۆشێت، یاخود بە هەر حاڵێك عیلاجێك بكرێت، وەئـیلا هەم دیسان تەدویر دەبێتەوە، ئەوە بەسەراحەت.

باسی شتێكی تریش كرا، كە گوایە ئەنجومەنی وەزیران و هەندێك لە وەزارەتـەكان شـوێنەكانیان بـە فـەراغ هاتووە، لە راپۆرتەكەی لیژنەی دارایی و ئابوورییـدا، كـە عایـدی پلانـە، ئەوانـە خۆیـان مەشـاریعیان نییـە، مەسەلەن ئەنجومەنی وەزیران مەشاریعی نەبووە، بۆیە بە بۆشی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من هێشـتا بـۆم روون نەبۆتـەوە، زیـادەڕۆیی، عـەجزە، یـان عـەجز نییـە؟ بـەس ئەمـەم دەوێـت، زیـادەڕۆیی سەرف بووە، ئەوە دەڵێن بەپێی وسولاٚت سەرف بووە، ئەگـەر بـەپێی وسـولاٚت سـەرف ببێـت، چـۆن دەچـێتە سەر عەجز؟ یەعنی بۆیە حەز دەكەین رەئی خۆتانمان پێ بڵێن.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموو زیادەڕۆییەك بە عەجز حیساب دەكرێت، بەلاٚم ئەو عەجزە، ئێمە لە پێشەوە پەرلەمان پێنـج سـەدو حەفتاو چواری دەست نیشان كردووە، ئێمە لەوە زیاتر عەجزمان هەبووە، خۆ ئەو مەوزوعە دەسـت نیشـان كراوە وەختی خۆی قسمێكی زۆری، بەلاٚم هەندێك مەساریف هەیە پێی دەگوترێت (نفقات عرضیة)، كە تـۆ تـەوەقوع ناكـەیت و بـۆت پەیـدا دەبێـت، مەسـەلەن لـە پـڕ ئێسـتا قـەرارێك دەردەچـێت دەڵێـت ئەوەنـدە موخەصەصات بدەن بە فەرمانبەران ، تۆ تەوەقوعی ئـەوەت نـەكردووە مەسـەلەن، ئـەوە خـۆ تـۆ ئیجبـاری، یان فەرەزەن ئێستا دێت دەڵێت راتب زیاد بكە، ئێمە قەرارێكمان هەیە لـە پەرلـەمان دەبێـت وەكـو عێراقـی

لێ بکەین، لەو حاڵەتەدا مەسەلەن ئەمانە هەمووی پێی دەگوترێت مەساریفی عەرەزی، ئەوە لە کوێ دەیهێنی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان؟

وەکو فیعلی سەرف بووە، سەرف بووە بەپێی موستەنەدات، چۆتە بابی سەرفەوە، بەڵام موقابیل بەوە داهاتێك نییە، دەبێتە عەجز.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرسەت موداخەلەی هەیە، پاشان جەنابتان، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی حیسابی خیتامی پەرلەمانیان کرد، حیسابی خیتامی پەرلەمان لەبەردەستە، چونکە میزانیەی پەرلەمان میزانیەیەکی مولحەقە، نە بابێکە لە ئەبوابی میزانیەی گشتی، فەرعە بەنیسبەتی میزانیەی ئەسڵی، مەفروزە ئەوەل جار میزانیەی ئەسڵی موناقەشە بکرێت، ئان حیسابی خیتامی میزانیەی ئەسڵی موناقەشە بکرێت، پاشان ئیحاڵەی میزانیەی فەرعی بکرێت، کە ئەویش میزانیەی پەرلەمانە، حازرە بۆ ئیحالە کردنی بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ زانیاری ئێوەی بەڕێز، لە هی پەرلەمان زیادەڕۆیی تێدا نییە، بەڵام پارەی ئیزافیشی هەیە گەڕاوەتەوە، هەر بۆ مەعلوماتتان، لە لیژنەی دارایی و ئابووریشە، دەتوانن زۆر بە تەفسیلی ببینن، بە تەئکید یەك شتی کەمی تیا نییە، بەڵام ئیحتیاتی ماوە، ئەویش مودەوەر کراوەو دیارە، یەعنی زۆر بە تەفسیل بە ئەمانەتەوە دینار، دینار هەمووی دیارە، کەرەم بکەن جەنابتان.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر پرسیار کرا لەسەر مەسەلەی میزانیە، لەسەر مەسەلەی حیساباتی خیتامی، کە دەبوایە بهاتایە لیژنەکان و لە لیژنەکان موناقەشەی لەسەر کرا بوایە، ئێمە لە راپۆرتەکەماندا لە کۆتاییدا لە دوای خاڵی نۆ ئیشارەتمان پێداوە، ئەگەر لەسەرەتاوە موازەنە، یەعنی بودجەی خەملێنراو لە کاتی خۆی بگاتە پەرلەمان و موناقەشەی تەواو و وردی لەسەر بکرێت، ئەو کاتە مەسەلەی میزانیەش کە دەکاتە حیساباتی خیتامی، کە دێتە پەرلەمان لەگەڵی راپۆرتی چاودێری دارایی هەبێت، بە واقیع وەکو کاك دکتۆر صباح گوتی لەوانەیە ئەوساکە پێویستی بە بڕیارێك هەبێت، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەوەی لەبەر دەستماندایە، ئەم راپۆرتەی کە نووسیومانە لەسەر ئەساسی ئەو میزانیەیە، ئەو حیسابی خیتامیەی کە هاتووە بۆلامان و گەڕاینتەوە بۆ موازەنەی ساڵی 2009، کە هاتووە بۆ لامان لەسەر ئەو ئەساسە، ئێمە ئەو راپۆرتەمان نووسیوە، ئینجا بەنیسبەت زۆر لە برادەرانیش باسی ئەوەیان کرد، کە دەبوایە توندتر بوایە، ئێمە وەکو پەرلەمان، کە نوێنەری خەڵکین و خۆشمان بە نوێنەری خەڵك دەزانین، لە پێشنیارەکاندا داوامان کردووە

وەكو نوێنەری خەڵك دەڵێین پێویستە، یەعنی پێویستە خۆی لە خۆیدا ئەمرە، داوامان نەكردووە لێیان بپارێینەوە، لە حكومەت بپارێینەوە، دەڵێین پێویستە وەكو نوێنەری خەڵك، كە دەبوایە ئەم شێوەیە بەو شێوەیە بوایە، ئینجا ئەو زیادەڕۆییەش كە ئێمە باسی دەكەین، دەڵێین بەپێی قانونی ئیداری مالی نەدەبوایە، دەبێت بڵێین نەدەبوایە، بەڵام كە هاتە پێشەوە بە ناچاری بوو، دەبێت ئەوە بكرێت.

كاك دكتۆر زانا لەسەر مەلەسەی ئەو پۆلیسی گومرگ و سەفەرو جنسیە باسی كرد، پۆلیسی گومرگ و سەفەرو جنسیە لە میزانیەكە، لە حیساباتی خیتامی كە هاتووە بۆ لای ئێمە دەڵێت تەنها مووچە وەردەگرن، كە مەسروفاتیان لەسەر مەسەلەی سیادییە، تەنها مووچە وەردەگرن، لەبەر ئەوە پێداویستیەكانی تریان لە شمەك و كارگوزاری و صیانەو جل و بەرگ و خواردنیان دەكەوێتە سەر ئەو بودجەیەی كە تەرخان كراوە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوەی كە هەیە.

بەنیسبەت زۆر برادەر لە خاڵی حەوتدا قسەیان لەسەر ئەوە كرد، كە خاڵی حەوت، خاڵێكی گرنگە، ئەو پارەیەی لە كۆتایی ساڵ دەمێنێتەوە، ئێمە ئیشارەتمان پێداوە، دەڵێین بۆ پرۆژەی بەسوود بێت، كە بەرژەوەندی گشتی تیا بێت، بەڵام برادەرێك بە پێچەوانەوە تێگەیشت، بۆ ئەوەی ئێوە پێیان نەڵێن زوو سەرفی بكەن، ئێمە نەمانگوتووە سەرفی بكەن، ئێمە دەڵێین ئەو پارەیەی كە دەمێنێتەوە لەو ساڵە، بۆ پرۆژەی بەسوود بەكار بێت، لە بەرژەوەندی گشتیدا، لە خاڵەكە روون كراوەتەوە، بۆ كاك سالار بەتایبەتی بیخوێنێتەوە، ئێمە ئەوەمان گوتووە، كە بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر موداخەلەت هەیە؟ كەرەم بكە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پارانەی كە دەمێنێتەوە بۆ پرۆژەی تر ناتوانرێت تەخصیص بكرێت، چونكە خۆی پرۆژەی بەردەوام هەیە، بۆ ئەوانە سەرف دەكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا هەمووتان، ئەو بەڕێزانەی موداخەلەیان كرد، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ كەرەم بكە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرنجەكە ئەوە بوو لەسەر داواكاری لیژنەی دارایی و ئابووری، دەڵێن داوا دەكەین، سەرنجەكە ئەوە بوو بگوترابا پێویستە، ئەو دەڵێت گوتوومانە پێویستە، بەس نەگوتراوە، گوتراوە داوا دەكەین، بۆ راست كردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنە ناتوانێت بڵێت بڕیارماندا، چونکە بڕیار لێرە دەدرێت، بەڕێزان، ئێستا ئێوەی بەڕێز هەمووتان موداخەلەتان کردو ڕەئی خۆتانداو گوێتان لە وەڵامەکان بوو، شتێك پێویستی بە ڕوون کردنەوە هەیە، کە موصادەقە دەکرێت، مانای ئەوە نییە کە تۆ بەشێکی وەردەگرێت و بەشێکی وەرناگریت، سلبیاتەکانیشی تیایە، کە لیژنەی دارایی و ئابووری تەشخیصیان کردووە، بەبۆچوونی لیژنەی دارایی و ئابووریشەوە بەو شێوە موصادەقە دەکرێتن، نەك هەر ئەوەی لیژنەی دارایی و ئابووری کە دەڵێت زیادەڕۆیی، مانای وایە تەصدیقی زیادەڕۆییەکەش دەکەیت و لەگەڵ حیسابی خیتامی، بۆچوون هەبوو و داوایان کرد دوابخرێت، بۆ ئەوەی باشتر دیراسەت بکرێت، بۆچوونیش هەبوو و، لیژنەش داوای کردووە کە موصادەقە بکرێتن، ئێستا ئەو بۆچوونەی کە داوای کردووە دوابخرێت بۆ ماوەیەکی تر، نوقتەی نیزامیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا، لەخیلالی موناقەشەکاندا قسە لەسەر دەزگای چاودێری دارایی هات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، چاودێری دارایی ڕەبتی بە ئێمەوە نییە، ئەمە حیساباتی خیتامیە، بەنیسبەت چاودێری دارایی لەو نزیکانە حەل دەبێت، ئێوەی بەڕێز ڕەئی لەسەر دەدەن و تەواو دەبێت، بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی کە دوابخرێت، بۆ ئەوەی باشتر دیراسەت بکرێت، پاشان بچێتەوە لیژنەی دارایی و ئابووری و بچێتە لیژنەکان، ئەوە پێشنیارێك بوو، دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەو پێشنیارەن کە دوابخرێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (25) کەس لەگەڵە کە دوابخرێت، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵە عەرز بکرێت بۆ موصادەقە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا ڕاپۆرتەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە، کە لیژنەی دارایی و ئابووری لەگەڵ حیسابی خیتامی دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟(66) کەس لەگەڵە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (25) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی دەکەین، ئومێدەوارین سەرکەوتوو بن، زۆر سوپاس بۆ وەزیری دارایی و ئابووری و بریکاری وەزارەت، موەفەق بن، سەعات (5)ی ئێوارە بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان بۆ یاسای بازرگانی و پیشەسازی، ئێستاش جەنابی وەزیر هەندێك قسەتان بۆ دەکات، ئومێدەوارین گوێی لێ بگرن، کەرەم بکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر زۆر سوپاسی پەرلەمان دەکەین، بۆ موصادەقە کردنی حیساباتی خیتامی، ئومێدەوارین و ئینشائەڵڵا هەوڵ دەدەین ئەمساڵ بەباشترو بە چاکتریش بیهێنینە پێشەوە، دەتوانم بڵێم لە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەریشدا تاکو ئێستاکە حیساباتی خیتامی نەچۆتە پەرلەمان، بەڵام وا لە کوردستان چووە پەرلەمان و، ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە، ئومێدەوارم ئینشائەڵڵا لەمەودوا باشتریش بێت، تێبینیەکانتان کەمتریش

بێت بۆ بەڕێزتان لەسەر راپۆرتەکانمان، تکامان وایە دیوانی چاودێری دارایی یەك بگرێت، چونکە ئێمەش وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری، راستە تەحقیقی حیساباتی ئێمە دەکەن، راستە تەحقیق لەگەڵ ئێمەدا دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمەش دەپارێزن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئومێدەوارین و دڵنیا بن، ئەمجارە زۆر زۆر بە دیقەتتر خۆمان حازر دەکەین و باشتر فێر بێن، چۆن حیسابی خیتامی لەگەڵتان یەکلا بکەینەوە؟ سەرکەوتوو بن ئینشائەڵڵا، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنن تا سەعات (5)ی ئێوارە خواتان لەگەڵ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، دانیشتنی ژمارە (20) ڕۆژی 2010/6/28، پاش نیوەڕۆ، ئێستا داوا لە لێژنەی یاسایی دەكەین لەگەڵ پێشەسازی بۆ شوێنی خۆتان كەرەمكەن، بەخێر هاتنی بەڕێز كاك سینان چەلەبی، وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان و هەردوو یاریدەدەری ڕێزداری دەكەین، زۆر زۆر بەخێر بێن، چەند ئەندامێكی پەرلەمان، موناقەشەی ئەم پرۆژەیان تەئجیل كرد لەبەر خاتری جەنابتان كە لە دەرەوە بوون، بگەڕێنەوە، زۆر بەخێر هاتنتان دەكەین، ئێستا لێژنەی یاسایی كەرمكەن بۆ خوێندنەوەی پرۆژە یاسایەكە بە كوردی و عەرەبی، پاشان گفتوگۆ لەسەریان ئەكرێ، كەرەمكەن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەقی پرۆژە یاسای وەزارەتی صیناعە و تیجارەی هەرێمی كوردستان، بۆتان دەخوێنینەوە، كە لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بۆمان هاتیە:**

**مسودة قانون وزارة التجارة و الصناعة لاقليم كوردستان-العراق الفدرالي**

**المادة الاولى:**

**يسمى هذا القانون ب(قانون وزارة التجارة و الصناعة لسنة 2009) و يعمل به من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.**

**المادة الثانية:**

**يكون للكلمات و العبارات التالية حيثما وردت في هذا القانون، المعاني المخصصة لها:**

**الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.**

**الوزارة: وزارة التجارة والصناعة في الاقليم.**

**الوزير: وزير التجارة والصناعة في الاقليم.**

**المجلس:المجلس الاستشاري للوزارة.**

**المادة الثالثة:**

**الهدف من القانون:**

**يهدف القانون الى تنظيم وتطوير العمل في مجال تنمية التجارة الداخلية والخارجية والنشاط الصناعي، وتعزيز هذه الاعمال بما يتفق وسياسة الاصلاح الاقتصادي في الاقليم، وكذلك تنمية القطاع الصناعي العام، والمختلط والخاص في مجال الصناعات التحويلية والتركيبية والمعرفية واليدوية بما يعمل على الاستغلال الامثل للموارد والقدرات والامكانيات وتنظيم العمل على الاكتفاء الذاتي وتحقيقها وفق توجهات التنمية**

والتوازن الاقتصادي واستيعاب النمو الاجتماعي في الاقليم وكذلك تنظيم العمل على الانفتاح نحو الاسواق الاقليمية والعالمية وتعميق العلاقات لجذب الاستثمارات الخاصة لمواكبة التطور التكنلوجي والاستفادة منها مع دول العالم المتقدمة.

المادة الرابعة:

**المهام الرئيسية للوزارة**

**المادة الرابعة:**

**تتولى الوزارة في سبيل تحقيق أهدافها ما يلي:**

**أولاً**: تحديث وتطوير أنظمة العمل في الوزارات والمديريات التابعة لها بهدف تبسيط وتسيير إتمام كافة المعاملات التي تتم مع الأفراد والمؤسسات المتعاملة معها.

**ثانياً**: تنظيم النشاط التجاري الداخلي والخارجي وكذلك النشاط الصناعي للقطاعات التابعة لحكومة الاقليم ومراقبتها والعمل على تنميتها.

**ثالثاً**: تشجيع ودعم القطاع الخاص والمختلط للنهوض بالحركة التجارية والصناعية وتطوير الأداء التجاري والصناعي والمشاريع الصغيرة وصولاً للتصدير المحلي وإتاحة الفرص من أجل ذلك.

**رابعاً**: تشجيع رؤوس الأموال الاجنبية لجذب الاستثمارات والترويج لها في مجال الأنشطة التجارية عند منح اجازات تأسيسها وكذلك عند منح اجازات المشاريع الصناعية أو توسيعها أو تغيير أغراضها حسب قانون الاستثمار بعد إعداد الدراسات اللازمة لذلك.

**خامساً**: تمثيل الاقليم ورعاية مصالحها التجارية والصناعية وتنظيم علاقتها مع المنظمات الدولية والدول المختلفة من خلال المكاتب والشركات التجارية في الخارج والعمل على تطوير أدائها لخدمة التجارة الخارجية والصناعية في الاقليم.

**سادساً**: تنفيذ البرامج اللازمة لإعداد وتأهيل وتدريب الكوادر القيادية والتخصصية من خلال الدورات ومراكز التدريب الداخلية والخارجية بما يخدم تنفيذ سياسات تنمية التجارة والصناعة في الاقليم.

**سابعاً**: تطوير آلية تسجيل الشركات الوطنية وفروع الشركات الاجنبية في الاقليم بما يلائم نمو الوضع القانوني والاقتصادي للشركات القائمة وايجاد آليات حديثة لرسم السياسة الداخلية لتكون ملائمة لمتطلبات التطبيق في الاقليم.

**ثامناً**: عقد الاتفاقيات الاقليمية و الدولية اللازمة لتنفيذ سياسة الاقليم الاقتصادية في مجال التجارة الداخلية والخارجية وتعميق العلاقات مع مصادر التطوير التكنولوجي في العالم بما أن لا يتعارض مع الدستور العراقي.

**تاسعاً**: تمثيل الاقليم أمام السلطة الاتحادية عند ابرام الاتفاقيات والعقود ذات الطابع الاقتصادي التجاري والصناعي وتعزيز دور الاقليم وحماية مصالحها وفقاً للقانون.

**عاشراً**: متابعة نشاطات الشركات ومراقبة الوضع الاقتصادي والتكييف القانوني للشركات المطالبة بالتصنيف سواء كانت الوطنية أو الاجنبية وتطبيق قانون الوكالات التجارية وتنفيذها ومساندة وتأسيس الشركات المساهمة في الاقليم.

**حادي عشر**: التنسيق مع وزارات الاقليم كافة بما يخدم تعزيز النشاط التجاري والصناعي ودعم الاقتصاد في الاقليم.

**ثاني عشر**: توجيه النشاط التجاري والصناعي لتفعيل الانشطة الانتاجية ودعم البنية التحتية لغرض تشجيع التوجه التصديري وبما يتلائم الوضع الاقتصادي السائد.

**ثالث عشر**: إعداد وتنفيذ البرامج اللازمة لاقامة المعارض والاسواق المحلية والدولية والمشاركة للتعرف على التطور الدولي والمنتجات العالمية التجارية والصناعية.

**رابع عشر**: تطوير سياسة المنافسة لترسيخ آليات السوق الحر وتفعيل نظام حماية المستهلك وحماية المنتج المحلي وبناء الاجهزة والكفاءات المطلوبة لذلك.

**خامس عشر**: نشر سياسة تصنيع ووضع الاهداف والمؤشرات الخاصة بالقطاع الصناعي من خلال خطط التنمية في الاقليم.

**سادس عشر**: تنفيذ المشاريع الصناعية والخدمية المقررة في الاقليم.

**سابع عشر**: التخطيط والاشراف على أنشطة القطاعات الصناعية ومراقبتها وتوجيهها وتقييم نتائج خططها كماً ونوعاً واتخاذ الخطوات المناسبة لايجاد الحلول وحماية المنتوجات.

**ثامن عشر**: إعداد الخطط السنوية والدراسات والخطط البعيدة المدى للمشاريع الصناعية والتجارية ودراسة الجدوى الاقتصادية والفنية للمشاريع الصناعية التجارية واقتراح ادراجها ضمن خطط التنمية في حكومة الاقليم.

**تاسع عشر**: اجازة تأسيس المشاريع التجارية والصناعية أو توسيعها أو تغيير أغراضها وشمولها بقانون الاستثمار لغرض تحسين مستوى النشاطات وتحويلها الى نشاطات منتجة ومثمرة للاقليم بعد الدراسات اللازمة قانوناً.

**عشرون**: الرقابة على نوعية المنتجات الصناعية المحلية بما يضمن مطابقتها مع المواصفات المعتمدة عالمياً وتقديم الارشادات والتوجيهات بشأن نوعية هذه المنتجات.

**احدى وعشرون**: إعداد الخطط لإنشاء المجمعات الصناعية والتجارية مع وجود الخدمات اللازمة لها في اطار خطط التنمية الصناعية في الاقليم.

**اثنان وعشرون**: إعداد الدراسات اللازمة لتأسيس مناطق التجارة الحرة ومناطق التبادل التجاري لدعم الاقتصاد الوطني.

**ثلاث وعشرون:** توجيه ودعم القطاعات التجارية والصناعية في نطاق خطط التنمية وذلك من أجل تحسين نوعية المنتوجات والخدمات التجارية والصناعية و تطوير العمليات الانتاجية وتخفيض كلفها وادخال التقنيات الجديدة فيها.

**اربع وعشرون:** اتخاذ الاجراءات الخاصة بحماية البيئة ودراسة مشاكل تلوثها بالتنسيق مع مؤسسات حماية البيئة في الاقليم والمشاركة في ايجاد الحلول المناسبة وفق التعليمات واللجان المشتركة.

**خمس وعشرون:** التنسيق مع وزارة الزراعة لدعم وتشجيع الفلاحين ودراسة كيفية تحويل المنتجات الى صناعات محلية ونمو هذا الجانب وفق التعليمات والتنسيق مع الجهات المعنية.

**ست وعشرون:** التعاون مع الجامعات والمعاهد الفنية والمراكز والمؤسسات المتخصصة لتطوير وتنمية القوى العاملة والتعاون المشترك بين الجانبين.

**سبع وعشرون:** متابعة تنفيذ الضوابط والتعليمات الخاصة بالسلامة المهنية الصناعية والتشغيلية في المعامل والمحلات التجارية.

**ثمانية و عشرون:**التعاقد مع الخبراء الاجانب و الشركات و المؤسسات التجارية و الصناعية المتخصصة للعمل في دوائر و معامل الوزارة بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

**تسع و عشرون:**تبادل المعلومات مع الجهات المعنية بحماية حقوق الملكية الفكرية و تسجيل العلامات التجارية حسب القانون و طلب التعاون و تنسيق المراكز الكومركية لحماية العلامات التسويقية التجارية و تطبيق قانون الوكالات التجارية لدعم الانتاج وفقآ للتعليمات الخاصة بذلك.

**ثلاثون:**تشجيع دعم القطاعين التجاري و الصناعي و انشاء مصرف تجاري و صناعي لدعم المشاريع الصغيرة وتنشيط دورها.

**واحد و ثلاثون:**الاستعداد و التهيئة مع الحكومة الاتحادية للانضمام الى منظمة التجارة العالمية و تهيئة الكوادر من اجل هذا الغرض.

**اثنان و ثلاثون:**تهيئة الكوادر للتمثيل التجاري في السفارات العراقية في الخارج بالتنسيق مع الحكومة الاتحادية.

## (تشكيلات الوزارة)

المادة الخامسة: تتكون الوزارة مما ياتي:

اولا: الوزير:

هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ بأشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفينة والمالية والأدارية والتنظيمية.وفق احكام القانون وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكلاء الوزارة او المدراء العاملين او من يراه مناسبا في الوزارة.

ثانياً : وكيل الوزارة للشؤون التجارية:

يساعد الوزير في توجيه الوزارة والأشراف على شؤونها الخاصة بالنشاط التجاري، وما يخوله من صلاحيات من قبل السيد الوزير.

ثالثاً : وكيل الوزارة للشؤون الصناعية:

يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها الخاصة بالنشاط الصناعي، وما يخوله من صلاحيات من قبل السيد الوزير.

رابعاً : مكتب الوزير :

يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونة عدد من الموظفين.

خامساً : مكتب وكيلي الوزارة:

يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

سادساً : المستشارون :

لايزيد عددهم عن (اربعة) اعضاء، يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الأولية ولهم خبرة وممارسة.

سابعاً : المديرية العامة للديوان :

يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص.

ثامناً : المديرية العامة لتسجيل الشركات :

يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية في القانون او ما يعادلها من ذوى الخبرة والأختصاص.

تاسعاً : المديرية العامة للتجارة :

يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص.

عاشراً : المديرية العامة للتنمية الصناعية :

يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص.

حادي عشر : المديرية العامة للتخطيط والمتابعة :

يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص.

ثاني عشر : المجلس الأستشارى يتألف من :

1 - الوزير / رئيساً للمجلس.

2 - وكيلا الوزارة.

3 - المستشارون في الوزارة / أعضاء.

4 - المدراء العامون / أعضاء.

5 - أي شخص آخر يراه الوزير مناسباً من داخل الوزارة او خارجها / عضواً.

المادة السادسة :

للوزير التعاقد مع الأشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والأختصاص داخل و خارج الأقليم للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم للمدة التي يراه مناسباً وذلك لغرض تحقيق أهداف الوزارة وتحدد حقوقهم و ألتزاماتهم من قبل الوزير.

(احكام الختامية)

المادة السابعة :

أولاً : يحدد بنظام مهام وأختصاص تشكيلات الوزارة.

ثانياً : للوزير أصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

ثالثاً : للوزير استحداث أو دمج أو الغاء أي من المديريات أو الأقسام أو الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.

المادة الثامنة :

لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة التاسعة :

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة العاشرة :

تنفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ اصداره ونشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

(الأسباب الموجبة)

نظراً لأستحداث وزارة التجارة والصناعة في حكومة أقليم كوردستان بعد دمج وزارتي التجارة والصناعة وبغية تحديد تشكيلاتها وأهدافها ومهامها وفق السياسة الأقتصادية لأقليم كوردستان ولتنظيم نشاطها التجاري على جميع الأصعدة بما يحقق التنمية الأقتصادية في الأقليم وبهدف دمج القطاعات الصناعية في الأقليم والأشراف على نشاطها وتوجيهها والرقابة على نوعية المنتجات الصناعية لضمان مطابقتها للمواصفات المتعمدة وتحسين نوعيتها وتنظيم أعمال الوزارة والمديريات المرتبطة بها ولتحقيق ما تقدم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستاش بە كوردی كەرەمكەن.

**بەڕێز ئەڤین عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ڕەشنووسی**

**یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی**

**کوردستان ـ عیراقی فیدرالی**

**ماددەی یەکەم:**

**ئەم یاسایە پێی دەگوترێ (یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی سالی 2009) لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی کاری پێ دەکرێ.**

**ماددەی دووەم:**

**ئەم وشەو زاراوانەی خوارەوە لە کوێ هاتبن لەم یاسایەدا ماناکانی تایبەتی بەرامبەریانە:**

**هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق**

**وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازیی لە هەرێمدا**

**وەزیر: وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی لەهەرێمدا**

**ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەت**

**ماددەی سێیەم:**

**ئامانج لە یاساکە:**

**ئامانجی یاساکە رێکخستن و پەرپێدانی کارە لە بواری گەشەکردنی بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە چالاکی پیشەسازیی و پتەو کردنی ئەو کارانەی کەرێك بکەون لەگەڵ سیاسەتی چاکسازیی ئابووری لەهەرێمدا، هەروەها گەشە پێکردنی کەرتی گشتی پیشەسازیی و تێکەلاو و تایبەت لە بواری پیشەسازیی گوازراوەیی و پێکهاتەیی و مەعریفی و دەستی، بە جۆرێك کە کاربکات لەپێناوی بەکارهێنانێکی باشتری داهات و توانانستەکان و رێکخستنی کار لەسەر بنەمای ئیکتیفای زاتی و بەدیهێنانی بەپێی ئاراستەکانی گەشە سەندن و هاوسەنگی ئابووری کە گەشەکردنی کۆمەلایەتی لە هەرێمدا بگرێتە خۆ، هەروەها رێکخستنی کار بۆ کردنەوەی بەرەو رووی بازاڕەکانی هەرێم و جیهان و قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان بۆ راکێشانی وەبەرهێنە تایبەتیەکان تاکو لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیی بڕوات و سوودیان لێ وەرگرێ لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا.**

***(( ئەرکە سەرەکییەکانی وەزارەت ))***

**ماددەی چوارەم:**

**وەزارەت لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**یەکەم**: نوێکردنەوە و پەرەپێدانی سستەمەکانی کار لە وەزارەت وبەڕێوەبەرایەتیەکانی کە سەر بە ئەون بە مەبەستی ئاسانکردن و رووداني تەواوکاریی هەموو ئەو مامەڵانەی کە لەگەڵ کەسەکان و دەزگاکانی مامڵەتی لەگەڵدا دەکەن.

**دووەم**: ڕێکخستنی چالاکی بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە، هەروەها چالاکی پیشەسازیی بۆ کەرتەکانی کە سەر بە حکومەتی هەرێمن و چاودێری کردنیان و کارکردن لە پێناوی گەشەپێکردنیان.

**سێیەم**: هاندان و پشتگیری کردنی کەرتی تایبەت و تێکەڵاو بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی بازرگانی و پیشەسازیی و پەرەپێدانی کاری بازرگانی و پیشەسازیی و پڕۆژە بچووکەکان بۆ گەیشتن بە هەناردەکردنی ناوخۆیی و خولقاندنی دەرفەت لە پێناویدا.

**چوارەم**: هاندانی سەرمایەی بیانی بۆ راکێشانی وەبەرهێنان و برەو پێدانی لە بواری چالاکیە بازرگانیەکان لە کاتی پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنیان هەروەها لەکاتی مۆلەت پێدانی پرۆژە پیشەسازییەکان یان فراوان کردنیان یاخود گۆڕینی مەبەستەکانیان بە پێی یاسای وەبەرهێنان دوای ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆی .

**پێنجەم**: نوێنەرایەتی کردنی هەرێم و چاودێری کردنی بەرژەندییە بازرگانی و پیشەسازییەکان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێخراوە نێودەوڵەتیەکان و دەوڵەتە هەمەجۆرەکان لە ڕێگەی نووسینگە و کۆمپانیا بازرگانیەکان لە دەرەوە و کارکردن لە پێناوی پەرەپێدانی کارکردنی بۆ خزمەتگوزاری بازرگانی دەرەوە و پیشەسازیی لە هەرێمدا.

**شەشەم**: جێبەجێ کردنی بەرنامەی پێویست بۆ ئامادەکردن و شیاندن و مەشق پێکردنی کادیرە سەرکردەکان و پسپۆڕەکان لە ڕێگەی خول و مەڵبەندەکانی مەشقی ناوخۆ و دەرەوە بە جۆرێکی وا خزمەتی جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی گەشەپێکردنی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمدا بکات.

**حەوتەم**: پەرەپێدانی میکانیزمی تۆمارکرنی کۆمپانیا نیشتمانیەکان و لقەکانی کۆمپانیا بیانیەکان لە هەرێمدا بە جۆرێکی وا کە بگونجێ لەگەڵ باری گەشە کردنی باری یاسایی و ئابووری ئەو کۆمپانیایانەی کە هەنە و دۆزینەوەی میکانیزمی نوێ بۆ نەخشەکێشانی سیاسەتی ناوخۆ تاکو گونجاوبێت لەگەڵ پێویستیەکانی پیادەکردنی لە هەرێمدا.

**هەشتەم**: بەستنی ڕێککەوتننامەی هەرێمی و نێودەوڵەتی پێویست بۆ جێبە جێ کردنی سیاسەتی ئابووری هەرێم لە بواری بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە و قوولکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرچاوەکانی پەرەپێدانی تەکنۆلۆژی لەجیهاندا بە جۆرێك کە لەگەڵ دەستووری عیراقی ناکۆك نەبێ.

**نۆیەم**: نوێنەرایەتی کردنی هەرێم لە بەردەم دەستەڵاتی فیدرالی لە کاتی بەستنی ریککەوتننامەو گرێبەستەکانی کە شێوەیەکی ئابووری بازرگانی و پیشەسازییان هەبێ لەگەڵ پتەو کردنی دەوری هەرێم و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بە پێی یاسا.

**دەیەم**: بەدواداچوونی چالاکیەکانی کۆمپانیاکان و چاودێری کردنی باری ئابووری و گونجاندنی یاسایی ئەو کۆمپانیایانەی کە داوای پۆلین کردن دەکەن جا نیشتمانی بن یان بیانی و پیادەکردنی یاسای بریکارییەکانی بازرگانی و جێبەجێ کردنیان و پشتگیریی کردنی کۆمپانیای پشکدار لە هەرێمدا.

**یازدەم**: هەماهەنگی کردن لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی هەرێم بە چەشنێکی وەها خزمەتی پتەوکردنی چالاکی بازرگانی و پیشەسازیی و پشتگیریی ئابووری لە هەرێمدا بکات.

**دوازدەم**: ئاراستەکردنی چالاکی بازرگانی و پیشەسازیی بۆ کاراکردنی چالاکیەکانی بەرهەمهێنان و پشتگیریی کردنی ژێرخان بە مەبەستی هاندانی ئاراستەی هەناردەکردن بە جۆرێکی وا کە گونجاوبێ لەگەڵ ئەو بارە ئابوورییەی کە هەیە.

**سێزدەم**: ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی بەرنامەی پێویست بۆ کردنەوەی پیشانگاو بازاڕە ناخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و بەشداریی کردنی بۆ زانینی پەرەسەندنی نێودەوڵەتی و بەرهەمە جیهانیەکانی بازرگانی و پیشەسازی.

**چواردەم**: پەرەپێدانی سیاسەتی کێبرکێ بۆ پتەوکردنی میکانیزمی بازاری ئازاد و کاراکردنی سیستەمی پاراستنی بەکاربەر و پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و بنیات نانی جیهاز و توانای پێویست بۆی.

**پازدەم**: بلاّوکردنەوەی سیاسەتی بە پیشەسازیی کردن و دانانی ئامانج و ئاراستەی تایبەت بە کەرتی پیشەسازیی لە رێگەی پلانەکانی گەشەکردن لە هەرێمدا.

**شازدەم**: جێبەجێ کردنی پرۆژە پیشەسازیەکان و خزمەتگوزارییەکانی کە لە هەرێم بڕیاریان لەسەردراوە.

**حەڤدەم**: پلاندانان و سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانی کەرتەکانی پیشەسازی و چاودێری و ئاراستەکردنیان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی پلانەکانی لە رووی چەندیی و چۆنیەوە و هەنگاونانی گونجاو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و پاراستنی بەرهەمهێنراوەکان.

**هەژدەم**: ئامادەکردنی پلانی ساڵانە و لێکۆڵینەوە و پلانی درێژخایەن بۆ پرۆژەکانی پیشەسازیی وبازرگانی و لێکۆڵینەوە لە سوودی ئابووری و هونەریی پرۆژەکانی پیشەسازیی بازرگانی و پیشنیازکردنی دانانی لە ناو پلانەکانی گەشەکردنی لە حکومەتی هەرێم.

**نۆزدەم**: مۆڵەتدانی دامەزراندنی پرۆژە بازرگانی و پیشەسازییەکان یان فراوانکردنیان یاخود گۆڕینی مەبەستەکانیان کە یاسای وەبەرهێنان بیانگرێتەوە بۆ مەبەستی چاککردنی ئاستی چالاکیەکانی و گۆڕینی بۆ چالاکی وەبەرهێن و بە سوود بۆ هەرێم دوای لێکۆڵینەوەی پێویست لە رووی یاساییەوە.

**بیستەم**: دانانی چاودێری لەسەر جۆری بەرهەمهێنراوی پیشەسازیی خۆجێیەتی بە جۆرێك هاوتایی لەگەڵ مواسەفاتی پشت پێبەستراوی جیهانی دا دابین بکات و رێبەرایەتی و رێنمایی لە بارەی جۆرەکەی ئەو بەرهەمانە پێشکەش بکات

**بیست و یەکەم**: ئامادەکردنی پلان بۆ دروستکردنی کۆمەلگای پیشەسازیی وبازرگانی لەگەڵ بوونی خزمەتگوزاریی پێویستی لە چوارچێوەی پلانەکانی گەشەکردنی پیشەسازی لە هەرێمدا.

**بیست و دووەم**: ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ دامەزراندنی ناوچەکانی بازرگانی ئازادی و ناوچەکانی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی بۆ پشتگیریی کردنی ئابووری نشتمانی.

**بیست و سێیەم**: ئاراستەکردن و پشتگیریی کردنی کەرتەکانی بازرگانی پیشەسازی لە چوارچێوەی پلانەکانی گەشە کردن و ئەمەش لە پێناوی چاککردنی جۆریی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکانی بازرگانی و پیشەسازیی و پەرەپێدانی پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و کەم کردنەوەی تێچووەکانیان بێت و تەکنولۆژیای نوێی بخرێتە ناو.

**بیست و چوارەم**: ئەنجامدانی رێکاری تایبەت بە پاراستنی ژینگە و لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی پیسبوونی بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەزگای پاراستنی ژینگە لە هەرێمدا و بە شداریی کردن لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بە پێی رێنماییەکان و لیژنە هاوبەشەکان.

**بیست و پێنجەم**: هەماهەنگی کردن لەگەڵ  وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پشتگیریی و هاندانی جوتیاران و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی گۆڕینی بەرهەمەکان بۆ پیشەسازیی خۆجێیەتی و گەشەکردنی ئەم لایەنە بە پێی رێنمایی و هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە دیاریکراوەکاندا.

**بیست و شەشەم**: هاریکاری کردن لەگەڵ زانکۆکان و پەیمانگا هونەرییەکان و مەڵبەندو دەزگا تایبەتمەندەکان بۆ پەرەپێدان وگەشەکردنی هێزە کارگەرەکان و هاریکاری هاوبەش لە نێوان هەردوو لادا.

**بیست و حەوتەم**: بەدوا داچوونی جێبەجێ کردنی بەرزەفتیەکان و رێنماییە تایبەتەکان بەسەلامەتی پیشەیی پیشەسازیی  و بەکارهێنان لە کارگەو شوێنە بازرگانیەکاندا.

**بیست و هەشتەم**: گرێبەستکردن لەگەڵ شارەزایانی بیانی و کۆمپانیاکان و دەزگا بازرگانی و پیشەسازیەکان، ئەوانەی تایبەتمەندن بە ئیشکردن لە فەرمانگەکان و کارگەکانی وەزارەت دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**بیست و نۆیەم**: ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی لەگەڵ لایەنی دیاریکراوی تایبەتمەند بە پاراستنی مافی مۆڵکداریی تاك و تۆمار کردنی نیشانەکانی بازرگانی بە پێی یاسا و داوا کردنی هاریکاریی و هەماهەنگی کردنی مەڵبەندەکانی گومرگ بۆ پاراستنی نیشانەکانی ناردنە بازاری بازرگانی و پیادەکردنی یاسای بریکاریی بازرگانی بۆ پشتگیریی کردنی بەرهەم بە پێی رێنماییە تایبەتیەکانی.

**سییەم**: هاندانی پشتگیری کردنی هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازیی و دانانی بانکی بازرگانی و پیشەسازیی بۆ پشتگیریی پرۆژەی بچووك و چالاك کردنی دەوریان .

**سی و یەکەم**: ئامادە بوون و ئامادەکردن لەگەڵ  حکومەتی فیدراڵ بۆ چوونە ناو رێکخراوی بازرگانی جیهانی و ئامادە کردنی کادیران لە پێناوی ئەم مەبەستە.

**سیی و دووەم**: ئامادەکردنی کادیران بۆ نوێنەرایەتی کردنی بازرگانی لە باڵێوزخانەکانی عیراق لە دەرەوە بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

***(( پێکهاتەکانی وەزارەت ))***

**__ماددەی پێنجەم:__**

وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێکدێ:

**یەکەم**: وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتی و چاودێری دەکات و هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکانی کە پەیوەندییان بە ئەرکی وەزارەت و پێهاتەکانی و دەستەلاتەکانی و هەموو کاروبارێکی هونەری و دارایی و کارگێریی و ڕێکخستن هەبن لەوەوە دەردەچن و ئەمەش بە پێی حوکمەکانی یاسا دەبێ و بۆی هەیە هەندێك لە دەستەڵاتەکانی بدات بە بریکارەکانی وەزارەت یان بەڕێوەبەرەکانی کە لە گەڵیدا کاردەکەن یاخود ئەوەی بە شیاوی دەزانێ لە وەزارەتدا.

**دووەم**: بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی:

یارمەتی وەزیر دەدات بۆ ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروباری تایبەت بە چالاکی بازرگانی بەو دەستەڵاتانەی کە ڕێزدار وەزیر پێی دەدات.

**چوارەم**: نووسینگەی وەزیر:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.

**پێنچەم**: نووسینگەی هەردوو بریکاری وەزارەت:

هەریەکەیان فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.

**شەشەم**: ڕاوێژکاران:

ژمارەیان لە چوار ئەندام زیاتر نابێ و، دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێ و شارەزایی و کارکردنشیان لەو بوارەدا هەبێ.

**حەوتەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بێ و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیش بێت

**هەشتەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێ لە یاسادا یان هاوتاکەی و خاوەن شارەزایی پسپۆڕیش بێ.

**نۆیەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی:
فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆریش بێت.

**دەیەم**: بەڕوەبەرایەتی گشتی بۆ گەشەسەندنی پیشەسازیی:
فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەن شارەزایی پسپۆری بێت.

**یازدەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدوادا چوون:
فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆریی بێت.

**دوازدەم**: ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی لەمانە پێکدێ:
1. وەزیر: سەرۆکی ئەنجومەنە
2. هەدوو بریکاری وەزارەت: ئەندامن
3. ڕاوێژکاران لەوەزارەتدا: ئەندامن
4. بەڕێوەبەرە گشتیەکان: ئەندامن
5. هەرکەسێکی تر کە وەزیر بە شیاوی دەزانی لەناو وەزارەت یان لەدەرەوەی: ئەندامە

**ماددەی شەشەم:**
وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسی سروشتی و مەعنەوی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی لە ناو ولە دەرەوەی هەرێم بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارو ئەرکانەی کە پێیان دەسپێردرێ بۆ ماوەیەك کە بە گونجاوی دەزانێ و ئەمەش بۆ مەبەستی بە دیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتە و ماف و ئەرکەکانیانە و لە لایەن وەزیرەوە دەستنیشان دەکرێ.

***(( حوکمە گشتی و دادوەرییەکان))***

**ماددەیەی حەوتەم:**

**یەکەم**: ئەرك و تایبەتمەندی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەسنیشان دەکرێ.

**دووەم**: وزیر بۆی هەیە ڕێنمای پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**سێیەم**: وەزیر بۆی هەیە هەر بەڕێوە بەرایەتیەك یان بەشێك یان هۆبەیەك لە ناو پێکهاتەکانی وەزارەت لە نوێ دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە بە پێی پێویستی کارەکانیان.

**ماددەی هەشتەم:**
کار بەهیچ دەقێك ناکری گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

***((هۆیە پێویستیەکانی دەرچوواندنی))***

لەبەر تازە دروستبوونی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای لێکدانی هەردوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و لە پێناوی دەسنیشان کردنی پێکهاتەکان و ئامانجەکانی بەپێی سیاسەتی ئابووری هەرێمی کوردستان و بۆ رێخستنی چالاکی بازرگانی لە سەر هەموو ئاستەکان کە گەشەکردنی ئابووری لە هەرێمی لێ بکەوێتەوە و بە مەبەستی لێکدانی کەرتەکانی پیشەسازیی هەرێم و سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکان و ئاراستەکردنیان و چادێری کردنی جۆری بەرهەمی پیشەسازی بۆ دابین کردنی یەکگرتنەوەی لەگەڵ مواسەفاتی دیاری کراو و چاککردنی جۆرەکەی و رێکخستنی کارەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانی کە پێوەی لکاون، و بۆ بەدیهێنانی ئەوانەی پێشەوە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، دەستتان خۆش بێ، لێژنەی هاوبەش، ئێستا راپۆرتتان؟، ماددەی یەك بخوێنن، پاشان راپۆرتەکەتان بخوێننن پاشان ماددەی یەك موناقەشە دەکەین.

**بەڕێز عەونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستاش راپۆرتی هاوبەش بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير مشترك**

استنادا لحكم المادتين ( 39 / 6 و 46 ) من النظام الداخلي للبرلمان رقم (1) لسنة 1992 المعدل اجتمعت لجنة الشؤون القانونية و لجنة الصناعة و الطاقة و الموارد الطبيعية في البرلمان بتاريخ 28 /4/ 2010 بحضور وزير التجارة و الصناعة و مستشاري الوزارة لدراسة مشروع قانون وزارة التجارة و الصناعة لاقليم كوردستان - العراق المقدم من قبل مجلس الوزراء و المحال الى اللجان المعنية و اعضاء البرلمان بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة ( 5 ) و المؤرخة في 2 / 4 / 2010 كما اجتمعت ثانية بتاريخ 26/گولان/2710 كوردي المصادف ليوم الاحد 2010/5/16 الميلادية لتكملة المناقشات و تبادل الاراء بشان المشروع و تقدم اللجنتين ملاحظاتها حول المشروع بالشكل الآتي :

**اولاً**/تقترح اللجنتين اعادة تسمية القانون بالشكل الآتي :

(قانون وزارة التجارة و الصناعة لاقليم كوردستان - العراق) .

**ثانياً/ المادة الأولى:** نقترح الغاء المادة (الاولى) لان اسم القانون ورد في المادة (الثانية) من مشروع القانون كما وان تاريخ نفاذ القانون يرد عادة في الاحكام الختامية .

**ثالثاً/ المادة الثانية :** نقترح اعادة صياغة مقدمة المادة الثانية بالشكل الآتي مع تنظيم تسلسلاتها :

(يقصد بالمصطلحات و التعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون).

**رابعاً/ المادة الثالثة :** نقترح اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

(تهدف الوزارة الى رسم السياسات التجارية و الصناعية العامة لتحقيق التنمية الاقتصادية و الاجتماعية في الاقليم و تعمل على تنفيذها بالاضافة الى تنفيذ ما يدخل ايضا في اختصاصاتها بمقتضى اى تشريع آخر نافذ في الاقليم ).

**خامساً/ المادة الرابعة :** نقترح اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

(تتولى الوزارة فى سبيل تحقيق اهدافها المهام و الاختصاصات الآتية:

1- اقتراح التدابير اللازمة لرفع المعوقات امام النشاط التجارى عن طريق وضع الاستراتيجيات و الخطط و البرامج للتنمية و تشجيع الصادرات و معالجة الاثار السلبية على اقتصاد الاقليم الناجمة عن تحرير التجارة الخارجية و ذلك بتعزيز القدرة التنافسية لقطاع الاعمال و المنتجات الوطنية.

2- اتخاذ التدابير التي تضمن رعاية حقوق المستهلك و اعداد مشاريع القوانين اللازمةلحمايته بالتنسيق مع الجهات المعنية فيما يتعلق بمراقبة الاسعار في الاسواق المحلية و تنظيم و تعزيز بيئة المنافسة و مكافحة الاحتكار و غيرها من الممارسات التجارية الضارة.

3- تسجيل و رقابة نشاطات الشركات المحلية والاجنبية وفروعها ومعالجة شؤون الوكالات التجارية و تسجيلها في الاقليم.

4- انشاء و ادارة المستودعات و المرافق الاخرى اللازمة لاعمال الوزارة و استئجارها و تأجيرها.

5- اعداد و تنفيذ البرامج اللازمة لاقامة المعارض و الاسواق المحلية و الدولية و المشاركة فيها للتعرف على التطور الدولي للمنتجات العالمية التجارية و الصناعية.

6- اعداد الخطط والدراسات السنوية والمتوسطة والبعيدة المدى للمشاريع الصناعية و دراسة الجدوى الاقتصادية و الفنية لها و الاشراف على المشاريع و المؤسسات الصناعية لمراقبتها و توجيهها و تقييم نتائج خططها كما ونوعا و المشاركة في اعداد التشريعات اللازمة لرعايتها و تطويرها بالتعاون مع الجهات المختصة.

7- اقامة المشاريع الصناعية و التجارية ، ومنح اجازات انشائها من قبل القطاع الخاص و تشجيعها و تهيئة البيئة الملائمة لها و شمولها بقانون الاستثمار لغرض استغلال الموارد البشرية و الطبيعية و تحويلها الى نشاطات منتجة و مثمرة في الاقليم.

**8- اعطاء الرخص من اجل انشاء المناطق الصناعية المنظمة و تشجيع هذه المؤسسات و مراقبتها و التنسيق مع الهيئة العامة للمناطق الحرة العراقية في سبيل بذل الجهود لانشاء المناطق الصناعية و التجارية الحرة في الاقليم و الاشراف عليها و تطويرها و تفعيل دورها و اعداد مشاريع القوانين اللازمة لتحقيق ذلك.**

**9- التنسيق مع وزارة الزراعة لدعم و تشجيع الفلاحين و دراسة كيفية استخدام المنتجات الزراعية كمواد اولية في القطاعات الصناعية و تحويلها الى منتوجات صناعية محلية لاغراض الاستهلاك المحلي و التصدير الى الخارج.**

**10- تشجيع دعم القطاعين التجاري و الصناعي و انشاء مصرف تجاري و صناعي لدعم المشاريع التجارية و الصناعية و خصوصا الصغيرة و المتوسطة منها و تنشيط دورها.**

**11- تنظيم آلية لحماية الملكية الفكرية التجارية و الصناعية و منح العلامات الفارقة و الرسوم و النماذج الصناعية و براءات الاختراع.**

**12- الاعداد لعقد الاتفاقيات الدولية اللازمة لتنفيذ سياسة الاقليم الاقتصادية في مجال التجارة الداخلية و الخارجية و تعميق العلاقات مع مصادر التطوير التكنولوجي في حدود الصلاحيات المخولة للاقليم في الدستور العراقي.**

**13- تهيئة الكوادر للتمثيل التجاري في السفارات العراقية في الخارج و تمثيل الاقليم امام السلطة الاتحادية عند ابرام الاتفاقيات و العقود ذات الطابع الاقتصادي و التجاري و الصناعي و تعزيز دور الاقليم و حماية مصالحها وفقا للقانون.**

**14- اعداد مشاريع القوانين اللازمة بهدف المساهمة في تحسين المناخ الاستثماري و تسهيل الخدمات المتعلقة بالاستثمار و تصميم برامج و حوافز لتشجيع المستثمر المحلي و جذب المستثمرين الاجانب.**

**15- المساهمة مع الجهات المعنية في اقامة نظام متكامل للجودة بهدف تحقيق ممارسة الرقابة الفنية على المستوردات والصادرات ومتابعة نوعية المنتجات الصناعية المحلية بما يضمن مطابقتها مع المواصفات المعتمدة عالمياً وتقديم الارشادات والتوجيهات وذلك من اجل تحسين نوعية المنتوجات وتطوير العمليات الانتاجية وتخفيض كلفتها وادخال التقنيات الجديدة فيها.**

**16- تطوير وتحسين نوعية الخدمات التي تقدمها الوزارة للمواطنين من خلال تبني الاساليب الحديثة في مجال الادارة والاستفادة من تكنولوجيا المعلومات من خلال تبني تقنيات منظومات الحكومة الالكترونية من اجل الربط الفعال للوزارة مع شركائها والمواطنين وتحسين وتسهيل المعالجة والاجراءات للمعاملات وانشاء قواعد المعلومات مما تساهم في تحسين اداء الوزارة و توفير البيئة المطلوبة لتنمية اقتصاد الاقليم.**

**<u>سادسا/ المادة الخامسة :</u> تقترح اللجنتين اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:**

**(تشكيلات الوزارة)**

**تتكون الوزارة من التشكيلات الاتية:-**

**أولا : الوزير :**

**هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها و ممارسة الاشراف و الرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظمية وفق احكام القانون و يكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى اي من وكيلي الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.**

**ثانيا: و كيلي الوزراة :**

**(أ ) و كيل الوزارة للشؤون التجارية:**

**يساعد الوزير في توجيه الوزراة و الاشراف على شؤونها الخاصة بالنشاط التجاري ، و ما يخول له من صلاحيات من قبل الوزير .**

**( ب ) و كيل الوزراة للشؤون الصناعية :**

**يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها الخاصة بالنشاط الصناعي ، و ما يخول له من صلاحيات من قبل الوزير .**

**ثالثا: مكتب الوزير:**

**يرتبط بالوزير و يراسه و يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**رابعا : مكتبي وكيلي الوزارة:**

**يدار كل مكتب من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية و يعاونه عدد من الموظفين .**

**خامسا: المستشارون :**

**لايزيد عددهم عن اربعة و ان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية و لهم خبرة وممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات .**

**سادسا : المديريات العامة:**

**ترتبط بالوزارة المديريات الآتية :-**

1- **المديرية العامة للشؤون المالية والادارية يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص .**

2 - **المديرية العامة للتجارة يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.**

3 - **المديرية العامة للتنمية الصناعية يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.**

4 - **المديرية العامة لتسجيل الشركات يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.**

5 - **المديرية العامة للتخطيط والمتابعة يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص .**

**ثامناً / أ/ المجلس الاستشاري للوزارة: يشكل المجلس الاستشاري للوزارة من:-**

1 - **الوزير/ رئيساً للمجلس.**

2 - **وكيلا الوزارة/ اعضاء .**

3 - **المستشارون / اعضاء.**

4- **المدراء العامون/ اعضاء .**

5- **للوزير استضافة اي شخص من ذوي الخبرة يراه مناسباً من داخل الوزارة او خارجها عند الضرورة للاشتراك في اجتماعات المجلس دون ان يكون له حق التصويت.**

**ب- يختص المجلس بمناقشة وتقييم نشاطات الوزارة ودراسة سبل ارتقاء ادائها وتقديم المقترحات المناسبة لحل المشاكل والمعوقات التي قد تواجهها.**

**(الاحكام الختامية)**

**نقترح اعادة صياغة موادها كالآتي :**

**<u>المادة السادسة</u> :تؤيد اللجنتين اصل المادة و لا توجد اية ملاحظة.**

**<u>المادة السابعة</u> : تؤيد اللجنتين اصل المادة و لا توجد اية ملاحظة، سوى تبديل عنوان المادة من احكام هامة و قضائية، الى احكام عامة.**

**<u>المادة الثامنة</u> : تقترح اللجنتين اضافة فقرة بتسلسل (2) الى المادة و جعل النص الوارد في اصل المادة بتسلسل فقرة (1) و اعادة صياغة المادة بالشكل الاتي:**

<u>1</u>- **لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.**

<u>2</u>- **يلغى قانون وزارة الصناعة رقم(11) لسنة 2006 و قانون وزارة التجارة رقم (13) لسنة 2006.**

**<u>المادة التاسعة</u>: تؤيد اللجنتين اصل المادة**

**<u>المادة العاشرة</u>: تؤيد اللجنتين اصل المادة مع اعادة صياغة المادة بالشكل الاتي :**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**الاسباب الموجبة :**

**نظرا لاستحداث وزارة التجارة و الصناعة في اقليم كوردستان بعد دمج وزارتي التجارة و الصناعة و بغية تحديد تشكيلاتها و اهدافها و مهامها بما يحقق التنمية الاقتصادية و الاجتماعية وفق السياسة التجارية و الصناعية لاقليم كوردستان ، فقد اصبح من الضروري تشريع قانون خاص بها ، و لتحقيق ما تقدم شرع هذا القانون .**

**راجين التفضل بالأطلاع و عرض أصل المشروع ورأي اللجنتين بشأنه على البرلمان للمناقشة و أبداء الرأى المناسب بصدده و التصويت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، بە كوردی بخوێننەوە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان:**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان_عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی هاوبەش**

**بەپێی حوكمی ماددەكانی ( 39 / 6 ، 46 ) لە پێڕەویی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ( 1 ) ی ساڵی 1992 ی هەمواركراو هەردوو لێژنەیی كاروباری یاسایی و لێژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتیە كان كۆبوونەوەی بەرواری 28 / 4 / 2010 بە ئامادەبوونی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و ڕاوێژكارانی وەزارەتەكە بۆ تاوتوێ كردنی پڕۆژە یاسای " وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی كوردستان – عیراق " كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە و ئاڕاستەی لێژنە پەیوەندیدارەكان و ئەندامانی پەرلەمان كراوە دوای ئەوەی لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە ( 5 ) ی ڕۆژی 2 / 4 / 2010 خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە ، بۆ تەواوكردنی گفتوگۆ دەربارەی پڕۆژەكە هەردوولێژنە دووبارە كۆبوونەوە لە ڕۆژی یەك شەممە 26 / گوڵان / 2710 ی كوردی بەرامبەر بە 16 / 5 / 2010 ی زایینی ، هەردوو لێژنە تێبینیەكانیان دەربارەی پڕۆژە یاسایەكە بەم شێوەیە دەخەنە ڕوو :**

**<u>یەكەم</u> : هەردوو لێژنە پێشنیاز دەكەن ناونیشانی یاساكە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :**

**" یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی كوردستان – عێراق " .**

**دووەم : ماددەی یەکەم** : پێشنیاز دەکەین ماددەی ( یەکەم ) لابدرێت چونکە ناوی یاساکە لە ماددەی ( دووەم ) ی پڕۆژەکەدا هاتووە و هەروەها بەرواری جێبەجێکردنی ماددەکەش لە حوکمە کۆتاییەکاندا دێت .

**سێیەم : ماددەی دووەم** : پێشنیاز دەکەین ماددەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

" مەبەست لەم زاراوەونە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە " .

**چوارەم : ماددەی سێیەم** : پێشنیاز دەکەین ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

" ئامانجی وەزارەت ڕەنگ ڕێژکردنی سیاسەتی بازرگانی و پیشەسازیی گشتی بە مە بەستی وە دیهێنانی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا و کار دەکات بۆ جێبە جێکردنی جگە لە جێبە جێ کردنی هەرکارێکی تر کە دەکەوێتە دەسە ڵاتی جێبەجێکردنی هەر ئیشێکی تر کە بەپێی هەر پڕۆژە یاسایەکی بەرکار خرابێتە سەرشانی " .

**پێنجەم : ماددەی چوارەم** : پێشنیاز دەکەین ، ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

" وەزارەت ئەم ئە رکانەی خوارەوە لە پێناو بە دیهێنانی ئامانجەکانیدا دەگرێتە ئەستۆ :

1- پێشنیازکردنی ڕێگای گونجاوبۆ لابردنی ئاستەنگ لە بەردەم چالاکیی بازرگانی لە ڕێگەی دانانی ستراتیژیەت و پلان و بەرنامەی گەشەسەندن و هاندانی هە ناردەکردن و چارەسەرکردنی ئەو کاریگەرییە نێگە تیڤانەی لەسەر ئابووری هەرێم لە ئەنجامی بازرگانیی ئازادەوە، خراوەتە ئابوریی هەرێم بە بەهێزکردنی توانای کێبرکێ لە نێوان کەرتەکانی کارو بەرهەمی نیشتمانیدا.

2- ڕێگا دانان بۆ زامنکردنی چاودێری مافەکانی بەکاربەر و ئامادەکردنی پڕۆژەی پێویست بۆ پاراستنی مافی بەکاربەر بە هاودەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکاندا بۆ موراقەبەکردنی نرخ لە بازاڕەکانی ناوخۆدا ، و ڕێکخستن و بەهێزکردنی هەلومەرجی کێبڕکێ و نەهێشتنی قۆزخکاری و ئیشی تری خراپەکاری لە بازرگانیدا .

3- نووسین و موراقەبەکردنی چالاکیی کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیەکان و لقەکانیشیان و ، چارەسەرکردنی کاروباری وەکالەتە بازرگانیەکان و نووسینیشیان لە هەرێمدا.

4-دروست کردن وبەڕێوەبردنی کۆگاکان و جگە لە بەرەژەوندیەکانی تر کە پێویستن بە کارەکانی وەزارەت و بەکرێدان و بەکرێگرتنیان .

5- ئامادەکردن و جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی کە پێوستن بۆکردنەوەی پێشانگا و بازاڕی ناوخۆ و نێودەوڵەتی ، و بەشداری کردن لەو پێشانگا و بازاڕانەدا بۆ زانینی پەرە سەندنی نێودەوڵەتی و بەرهەمە بازرگانی و پیشەسازیە نێو دەوڵەتی .

6- ئامادەکردنی پلان و لێکوڵینەوەی ساڵانە و مامناوەندی و درێژخایەن بۆ پڕۆژە پیشەسازییەکان ، و لێکوڵینەوە لە سوودی ئابووری و هونەریی ئەو پڕۆژانە ، و سەرپەرشتی ئەو پڕۆژانەو دامەزراوە پیشەسازییانەدا بە مەبەستی چاودێری کردنیان و ئاڕاستەکردنیان ، و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی

پلانەکان لە ڕووی چەندی وچۆنیەتی و بەشداریکردن لە ئامادەکردنی پرۆژە یاسای پێوست بۆ ئەو پرۆژانەی کە بۆ چاودێری و گەشەپێدانیان پێوستن بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان .

7-کردنەوەی پرۆژەی پیشەسازیی و بازرگانی و پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنیان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە و هاندان و ئامادەکردنی ژینگەی لەبار بۆی و جێبە جێ کردن یاسای وەبەرهێنان بۆ ئەوەی سوود لە دەرامەتی بەشەری و سروشتی وەربگرێت و بۆ چالاکیی وەبەرهێنان و بەردار لە هەرێمدا.

8- پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازی رێکخراو ،هاندانی ئەم دەزگایانەوچاودێری کردنیان و بە هەماهەنگی لە گەڵ دەستەی گشتی ناوچە ئازادەکانی عێراق لە پێناو دروست کردنی ناوچەی پیشەسازیو بازرگانی ئازاد لە هەرێم و سەرپەرشتیکردن و پێشخستن و کاراکردنی رۆڵێ وئامادەکردنی پرۆژە یاسای پێویست بۆ ئەم مەبەستە .

9-هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ،بۆ پشتیوان وهاندانی جوتیاران و وەرزێرەکانی لێکۆلینەوە لەسەرچۆنیەتی بەکارهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵ وەك ماددەی کەرەسە لە کەرتەکانی پیشەسازیدا و لێکوڵێنەوەی لەسەر دەکات و دیگۆڕێت بۆ بەربوومی پیشەسازی خۆماڵی کە بۆبەکارهێنانی خۆماڵی و ناردنی بۆ دەرەوە.

10 – هاندانی پشتگیری هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی و دامەزراندنی بانکی بازرگانی و پیشەسازی دەدات بۆ پاڵپشتی کردنی پرۆژە بازرگانی و پیشەسازیەکان ،بەتایبەتی پرۆژە بچووك و مامناوەندیەکان ، هەروەها چالاککردنی ڕۆلیشیان .

11- ڕێکخستنی میکانیزمی پاراستنی مۆڵکایەتی هزری بازرگانی و پیشەسازی و پێدانی نیشانەی ناسینەوە ( العلاقات الفارقە ) ، رەسم ، و نموونەی دروستکراوەکە و ، بەرائەتی داهێنان ( براءة الاختراع ) .

12- خۆئامادەکردن بۆ بەستنی ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووری لە هەرێم لە بوارەکانی ناوخۆ و دەرکیدا و، فوڵکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ سەرچاوەکانی گەشەپێدانی تەکنولۆجیدا ، لە سنووری دەسەلأتە کانی هەرێم بەپێی دەستوری عێراق.

13- ئامادەکردنی کادر بۆ نوێنەری بازرگانی لە باڵیۆەزخانەکانی عیراق لە دەرەوەو نوێنەرایەتی هەرێم لە بەردەم دەسەلأتی فیدرالدا لە کاتی بە ستنی ڕێکەوتنامە و گرێبەست کە مۆرکی ئابووری و بازرگانی وپیشەسازی وبەهێزکردنی رۆڵی هەرێم وپاراستنی بەرژەوە ندیەکانی بەپێی یاسا.

14- ئامادەکردنی پرۆژە یاسای پێوست بۆ بەشداریکردن لە چاککردنی کەشی وەبەرهێنان و ئاسانکردنی خزمەتی وەبەرهێنان و دارشتنی بەرنامە و ، هاندانی وە بەر هێنەری ناوخۆ و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی.

15-بە شداری کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تەواوکاری باش بە ئامانجی بەدیهێنانی کاری چاودێریکردنی هونەری لەسەرهاوردە وهەناردە و بەدواداچوونی جۆری بەرهەمی ناوخۆی پیشەسازی کە لەگەڵ باوەڕپێکراوی جیهانیدا بگونجێ و پیشکەش کردنی ئامۆژگاری و

ڕێنوێنی لە پێناوچاککردنی چۆنایەتی بەرهەم و گەشەپێدانی کارەکانی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی خەرجی و بەکارهێنانی میکانیزمی نویٚ .

16- پەرەپێدان و چاکترکردنی جۆری ئەو خزمەتانەی کە وەزارەت پێشکەشی هاوولأتیانی دەکات لە ڕێگای بنیاتنانی شێوازی نویٚ لە بەڕیوەبردن و ، سوود وەرگرتن لە تەکنولۆجیای زانیاری لە ڕێگای بنیاتنانی میکانیزمی ئەلیکترۆنی حکومەتەوە بۆ ئەوەی پە یوەندی وەزارەت لەگەلٚ هاوبەشەکانی و هاوولأتیانیشدابە شێوەیەکەی کارا ببێت ، و چارەکردن و ڕێکارەکانیش باشتر و ئاسانتر بکرێن و ڕێساکانی زانیاری دابمەزرێن بە جۆرێك کە جۆری ئەدای وەزارەتەکە باشتر بکات و ، ژێنگەی پێوست بۆ گەشەکردنی ئابووری هەرێم فەراهەم بکات .

**شەشەم : <u>ماددەی پێنجەم :</u>** هەردوو لێژنەکە پێشنیاز دەکەن کە ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژێتەوە :

**پێکهاتەکانی وەزارەتەکە**

وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت :

**یەکەم : وەزیر :**

ئەو سەرۆکی بالأی وەزارەتەکەیە و بەرپرسە لەکارەکانی و بە ڕێنمایی ئەو هەموو بڕیارەکان دەردەچن و جێبەجیٚ دەکرێن کە پەیوەندیان بە ئەرك و فەرمان و پێکهاتەکانی و دەسەلأتەکانی یان هەر لایەنێکی هونەری و دارایی و ئیداری و ڕێکخستنی وەزراەتەکەوە هەبێت . وەزیر ، بۆی هەیە هەندیٚ لە دەسەلأتەکانی خۆی بدات بە بریکارەکانی یان بە بەڕێوبەرە گشتیەکانی خۆی یان هەر کەسێك کە خۆی بە گونجاوی بزانێت لە وەزارەتەکە .

**دووەم : بریکارەکانی وەزارەت :**

أ – بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی :

یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی وەزارەتەکە و هەروەها سەرپەرشتی کاروباری تایبەتی چالاکیی بازرگانی دەکات و وەزیریش هەر دەسەلأتێکی پیٚ دابێت جیٚ بەجیٚ ی دەکات .

ب- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری پیشەسازی :

یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی وەزارەتەکە و سەرپەرشتی تایبەتی چالاکیی پیشەسازی دەکات و وەزیر هەر دەسەلأتێکی پیٚ دابێت جیٚ بەجیٚ ی دەکات .

**سیٚ یەم : نووسینگەی وەزیر :**

بە وەزیرەوە بەندە ، فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی سەرتایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن .

**چوارەم : نووسینگەی بریکارەکانی وەزارەت :**

هەر نووسینگەیەك لەلایەن فەرمانبەرێك بەڕێوەدەچێت بە پلەی بەڕێوەبەر كە بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێكیش یاریدەی دەدەن .

**پێنجەم : ڕاوێژكارەكان :**

لە چواركەس زیاتر نەبن و پێویستە بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆیان بە دەست هێنا بێت و خاوەن ئەزموون و شارەزابن و خزمەتیان لە دە ساڵ كەمتر نەبێت .

**شەشەم : بەڕێوبەرایەتیە گشتییەكان :**

1- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری دارایی و ئیداری** : بەڕێوبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆی بەدەست هێنابێت و خاوەن ئەزموون و شارەزا بێت .

2- **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانی** : بەڕێوبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆی بەدەست هێنابێت و خاوەن ئەزموون و شارەزا بێت .

3- **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی** : بەڕێوبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆی بەدەست هێنابێت و خاوەن ئەزموون و شارەزا بێت .

4- **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ناونووسینی كۆمپانیاكان** : بەڕێوبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆی بەدەست هێنابێت و خاوەن ئەزموون و شارەزا بێت .

5- **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلانانداان و بەدواداچوون** : بەڕێوبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆی بەدەست هێنابێت و خاوەن ئەزموون و شارەزا بێت

**حەوتەم / أ / ئەنجوومەنی ڕاوێژكاری وەزارەت : ئەنجومەنی ڕاوێژكاری وەزارەت پێك دێن لە:**

1- وەزیر / سەرۆكی ئەنجومەنەكە .

2- هەردوو بریكاری وەزارەت / ئەندامن .

3- ڕاوێژكارەكانی وەزارەت / ئەندامن .

4- بەڕێوەبەرە گشتییەكان / ئەندامن .

5- هەر كەسێ بە ئەزموون بێت و وەزیر بە گونجاوی بزانێت چ لە ناوەوەی وەزارەت چ لە دەرەوەیدا ، وەزیر بۆی هەیە بانگی بكات بۆ بەشداری كردن لە كۆبوونەوەكاندا بەلاٌم مافی دەنگدانی نەبێت .

**ب -** كاری ئەنجومەن تایبەتە بە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی چالاكیەكانی وەزارەت و دیراسەتكردنی ڕێگاكانی سەركەوتنی چالاكیەكان و پێشكەشكردنی پێشنیاری گونجاو بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەو گرفتانەی دێنە بەردەمی .

## حوكمە كۆتاییەكان

**حەوتەم: ماددەی شەشەم :** هەردوو لێژنە تەئیدی ئەصڵی ماددەكە دەكەن و هیچ تێبینیەكیان لەسەری نیە.

**هەشتەم: ماددەی حەوتەم :**

هەردوو لێژنە تەئیدی ئەصڵی ماددەکە دەکەن و هیچ تێبینیەکیان لەسەری نیە، تەنیا گۆڕانی ناونیشانەکەی لە (احکام عامة و قضائیة) بۆ (احکام عامة).

**نۆیەم : ماددەی هەشتەم :** هەردوو لێژنە وای پێشنیاز دەکەن کە فەقەرەیەك ئیزافە بکرێ بە تەسەلسولی (2) بۆ ئەو ماددەیە و لە ئەصڵی ماددەکە ئەوها صیاغە بکرێتەوە بەو شێوەی خوارەوە:

1-کار بە هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیارێك ناکرێ کە دژ بە ئەحکامەکانی ئەم یاسایە بێت.

2-هەردوو یاسای وەزارەتی پیشەسازی ژمارە 11ی ساڵی 2006 و وەزارەتی بازرگانی ژمارە 13ی ساڵی 2006 هەڵوەشاندرانەوە .

**دەیەم: ماددەی نۆ:** لێژنەکە تەئیدی ئەصڵی ماددەکە دەکات.

**یازدە: ماددەی دە:** هەردوو لێژنە تەئیدی ئەصڵی ماددەکە دەکات، لەگەڵ نووسینەوە لەسەرەوە بەو شێوەی خوارەوە:

ئەو یاسایە جێبەجێ دەکرێ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەسبابی موجەبە هێشتا بە کوردی نیمانە هەر بە عەربیەیکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەستتان خۆش بێ، ئێستاش ئەمە ڕاپۆرتی هاوبەشی لێژنەی یاسایی و لێژنەی پیشە سازی و وزە و سەرچاو سروشتیەکان بوو، لێژنەی داراییش ڕاپۆرتیان هەبوو؟، هەبێ، ئەگەر ئێستا ئەوەی ڕاپۆرتەکە ئەخوێنێ کەرەم بکات بێتە ئێرە ڕاپۆرتەکەیان بخوێنن، لێژنەی دارایی ئێوە ڕاپۆرتتان هەبوو؟، لە لای منە ڕاپۆرتەکەتان، ئەگەر ئیکتیفا دەکەن بە ڕاپۆرتی هاوبەش مانیع نیە، ئەگەر تەئیدی دەکەن مانیعمان نیە، بەڵام لێژنەکە نەك خۆت بە تەنیا، لێژنەی دارایی کەرەمکەن ڕاپۆرتتان بخوێننەوە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان، ژمارە (ك 192 ) لە 2010/4/22 دەربارەی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستانی عیراق، لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدا لە ڕێکەوتی 2010/5/10 بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان، گەیشتە ئەم بڕیارانەی خوارەوە دەربارەی پرۆژە یاسای ناوبراو:

یەکەم: دەربارەی ماددەی یەك: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

دووەم: دەربارەی ماددەی دووەم:وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

سێیەم:دەربارەی ماددەی سێیەم : وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

چوارەم:دەربارەی ماددەی چوارەم:دەربارەی مەهامی وەزارەت، ئەم پێشنیارە دەخاتە روو: بە هۆی ئەوەی ژمارەی مەهامەکان بریتیە لە 32 مەهام، هەندێکیان دووبارەیە، بۆیە لیژنە پێشنیار دەکات کە ئەم ماددەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت و سەر لەنوێ چەند بڕگەیەکی سەرەکی دابڕێژرێت، بە بێ دووبارە.

پێنجەم:دەربارەی ماددەی پێنجەم:

1- دەربارەی (1 و2 و3 و4 و5) لە ماددەی پێنجەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

2-دەربارەی(6) لە ماددەی پێنجەم لیژنە پێشنیار دەکات ئەم دەستەواژەی خوارەوە لە کۆتایی ماددەکە زیاد بکرێ ( و يتم الاستفاده من المستشارين الحاليين لوزاره التجاره و الصناعه).

3- دەربارەی (7) لە ماددەی پێنجەم، ئەم دەستەواژەی خوارەوە لە کۆتایی ماددەکە زیاد دەکرێ ( و يتم الاستفاده من الملاك الحالى لوزاره التجاره و الصناعه).

4- دەربارەی(8) لە ماددەی پێنجەم، وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

5- دەربارەی (9) لە ماددەی پێنجەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

6- دەربارەی(10) لە ماددەی پێنجەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

شەشەم:دەربارەی ماددەی شەشەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

حەوتەم:دەربارەی ماددەی حەوتەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

هەشتەم: دەربارەی ماددەی هەشتەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە،

نۆیەم:دەربارەی ماددەی نۆیەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

دەیەم:دەربارەی ماددەی دەیەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

یازدەم: هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی واتا (الاسباب الموجبه) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ هەمووتان، ئێستا بگەڕێنەوە ئەصڵی مەشروعەکە، ماددەی یەك بخوێننەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يسمى هذا القانون ب(قانون وزارة التجارة و الصناعة لسنة 2009) و يعمل به من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش تکایە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**<u>ماددەی یەکەم:</u>**

ئەم یاسایە پێی دەگوترێ (یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی سالی 2009) لە رۆژی بڵاوکردنـەوەی لـە رۆژنامەی فەرمی کاری پێ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە بـە حەقیقـەت دوو مولاحـەزەمان هەیـە، مولاحـەزەی یەکـەم ئەوەیـە کـە ئێمـە لەگـەڵ ئیلغـا کردنـی ماددەی یـەکین، چونکە عادەتـەن عینـوانی قـانون لەسـەرەوە دێـت، بـە نیسـبەت عینـوانی قانونەکـەش کـە دەڵێیـت: قـانون وزارە الصـناعە و التجـارە لاقلـیم کوردسـتان-العـراق، فیدرالیەکـەی پـێ نـاوێ، ئێمـە ئـەو دوومولاحەزەیەمان هەیـە بـە نیسـبەت عینـوانی قانونەکـە و بـە نیسـبەت مـاددە یـەك داوای ئیلغـا کردنـی دەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی رەئیتان؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی یەکەم، رەئی لێژنە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان لەسەری؟

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەقریرەی موشتەرك نووسرایە لەسەری موتەفیقین، هیچ موشکیلەمان لەسـەری نیـە، بـەو شـێوەی کـە نووسراوە حەز دەکەین بمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لێژنەی هاوبەش پێشنیار دەکات کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، وەکو عینوانەکەی لێ بێت، ئەگەر ئەتانەوێ موداخەلە بکەن یان بیخەینە دەنگدانەوە؟، کێ ئەیەوێ موداخەلە بکات؟، دوو کەس، ئەمە عینوانە، عینوان موناقەشەی ناوێ، وەزیر موافیقە و لێژنەی دارایی موافیقە و لێژنەی هاوبەش موافیقە، ئێستا دەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ رەئی هەر سێ لێژنەکەیە و رەئی وەزیرە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، وەکو عینوانەکەیە، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دوو، ئێستا ماددەی دوو دەبێتە ماددەی یەك.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ژمارەی ماددەکان دەگۆردرێ، من پێم باشە هەر بە تەسەلسولی خۆی دەخوێنینەوە، دوایی چاکی دەکەینەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

يكون للكلمات و العبارات التالية حيثما وردت في هذا القانون، المعاني المخصصة لها:

الاقليم: اقليم كوردستان-العراق.

الوزارة: وزارة التجارة والصناعة في الاقليم.

الوزير: وزير التجارة والصناعة في الاقليم.

المجلس:المجلس الاستشاري للوزارة.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

ئەم وشەو زاراوانەی خوارەوە لە کوێ هاتبن لەم یاسایەدا ماناکانی تایبەتی بەرامبەریانە:

هەرێم: هەرێمی کوردستانی-عێراق

وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازیی لە هەرێمدا

وەزیر: وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی لەهەرێمدا

ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەت

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیعادەی صیاغەی موقەدیمەکەی بکرێ بەو شێوەیە: یقصد بالمصطلحات و التعابیر الاتیة المعاني المبینة ازاءها لاغراض هذا القانون، تەنها ئەو مولاحەزەیەمان هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەری نیە، هاوڕەئین لەگەڵ لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت؟

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ تەقریرە موشتەرەکەکەینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێت لەسەر ماددەی دوو کە ئەبێتە ماددەی یەك موناقەشە بکات؟ چوار ڕێزدار قسەیان هەیە، بەفرین حسین، شوان احمد، سیوەیل عثمان، عبدالسلام بڕواری. کەسی تر هەیە؟، باشە نیە، بەفرین خان، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم ڕام وایە کە دەستەواژەی لەهەرێمدا لابرێت، واتە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) (لەهەرێمدا لابرێت)دەستەواژەی (ڕاوێژکاریش لابرێت) تەنها (ئەنجومەنی وەزارەت بمێنێتەوە)سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بەفرین خان، قسەکانی منی کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڕێزدار شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من موداخەلەکەم بەحەقیقەت لەسەر ناوەکە بوو، ناوی وەزارەت کەبەو شێوەیە هاتووە پێم سەیرە، وەختی خۆی کەوەزارەتی بازرگانی دروست کرا ئیستیحداس بوو، وەزارەتی صناعەمان هەبووە، لەهەموو عالەمدا من زۆر یاسام دیوە (وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیە) وەزارەتی تجارەو صناعە نیە، صناعە ئەساسە، ئەم تیجارەیە مودیریەتێکی عامە بوو سەر بە وەزارەتی صناعە بوو، لێرەدا من دەبینم دیسان وەزارەتی بازرگانی کەوتۆتە پێشەوە، بۆیە پێم باشە وای لێ بێت، (وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی) ، چونکە تیجارە ئیستیسنایەو صناعەش ئەصڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من یەك پێشنیارم هەیە، حەز دەکەم ئەمە لەدوایدا بیری لێ بکەینەوە، لەهەر وەزارەتێك پێم خۆشە ئەنجومەنی وەزارەت هەبێت، چونکە ئەوە پرەنسیپی ئیدارەیەو ڕاستە بەشداری کردنی ئەوانە، بۆیە ئێستا قسە دەکەم، چونکە لەدەستەواژەکەدا ئەو کاتە ئیتیفاقمان نەکرد لەسەری کە دێین باسی ئەنجومەنەکە دەکەین، دەسەڵاتمان هەبێت من حەز دەکەم ئەنجومەنی وەزارەت بێت، بۆیە تەئیدی ئیقتراحەکەی بەفرین خان دەکەم، ئەنجومەنی وەزارەت بێت، کە هاتینە ئەو ماددەیەش بەدوورو درێژی باسی دەکەین بۆچی ئەنجومەن بێت، ڕاوێژکاری نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە، ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هەرێم ئێمە پێمان باشە دەستەواژەی (الاقلیم) بمێنێتەوە لە ماددەی یەکەم، ئەوە ئاساییە، بەڵام بەنیسبەت (مەجلسی ئیستشاری) خۆی ڕاستە لەیاساکەدا، ئەگەر تەدقیق بکەی (مەجلسی ئیستیشاری) یەکجار ناوی هاتووە، تەعریفیش عادەتەن بۆ ئەو دەستەواژانە دێت، کە ئەگەر هاتو لەناو قانونەکە دووبارە بوویەوە، بۆیە ئەگەر لە تەعاریف لابچێت موشکیلە نیە، چونکە لەناو یاساکە هەیەو تەشکیلاتیشی هەیە، بەنیسبەت ناوەکەش، ئەگەر تەماشای تەشکیلی کابینەی یەکەم بکەین، دەبینین لە کابینەی شەشەم لە تەعدیلی هەشتەمدا بەو شێوە هاتووە،(قانون وزاره التجاره والصناعه لاقليم كوردستان) واتە لەوێ بەو شێوەیە هاتووە، یاساکەش ئێستا بەو شێوەیە ئێمە پێمان وایە کە لەجێگای خۆی هاتووە، جەنابی وەزیریش وەختی خۆی بزەبت ئەم کۆبوونەوە هاوبەشەی نێوانمانی پەسەند کرد، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پیشەسازی وزە ڕەئی ئێوە چیە؟، لەبارەی ئەم موداخەلانەوە، فەرموون.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاین، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سینان احمد چلبی(وەزیری بازرگانی وپیشەسازیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هاوڕای لیژنەی هاوبەشین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت ناوەکە کە بەو شێوە هاتووە، ئەوە هیچ فەرق ناکات کە لەپاش بێت یان لە پێش، لیژنەی یاسایی ئێوە ئەو موقتەرەحەتان پێ چۆنە؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئیلغا کردنی تەعریفی ( مەجلسی ئیستیشارە) ئێمە پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەین، لەبەر ئەوەی هەروەکو ئیشارەتم پێدا، ئەو دەستەواژەیە لەناو یاساکەدا دووبارە نەکراوەتەوە، تەعاریف عادەتەن بۆ دووبارە بوونەوە دێت، یەکجار ناوی هاتووە، بۆیە کەهاتینە سەر مەجلسی ئیستیشاری ئیمکان هەیە لەوێ قسەی لەسەر بکەین، ئێستا بۆ لابردنی ئەوە پێویستی بەدەنگدان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارەی کە مەجلسی ئیستیشاری لابرێت، لیژنەی هاوبەش و دارایی موافقن، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ماددەکە هەمووی بەو شێوەی کەهاتووە دەیخەینە دەنگەوە، با ئاخر صیاغە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات و التعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون.

اولاً:- الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

ثانياً:- الوزارة: وزارة التجارة والصناعة في الاقليم.

ثالثاً:- الوزير: وزير التجارة والصناعة في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردییەکەشی تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم لە یاساکە کە دەبێت بە ماددەی یەکەم:

ماددەی یەکەم:

ئەو وشەو زاراوانەی خوارەوە لەکوێ هاتبن لەم یاسایەدا ماناکانی تایبەتی بەرامبەریانە:

هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.

وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی لەهەرێمدا.

وەزیر: وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی لەهەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی سێیەم لە پڕۆژەکە کە دەبێت بەماددەی دووەم، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة في المشروع:

الهدف من القانون:

يهدف القانون الى تنظيم وتطوير العمل في مجال تنمية التجارة الداخلية والخارجية والنشاط الصناعي، وتعزيز هذه الاعمال بما يتفق وسياسة الاصلاح الاقتصادي في الاقليم، وكذلك تنمية القطاع الصناعي العام، والمختلط والخاص في مجال الصناعات التحويلية والتركيبية والمعرفية واليدوية بما يعمل على الاستغلال الامثل للموارد والقدرات والامكانيات وتنظيم العمل على الاكتفاء الذاتي وتحقيقها وفق توجهات التنمية والتوازن الاقتصادي واستيعاب النمو الاجتماعي في الاقليم وكذلك تنظيم العمل على الانفتاح نحو الاسواق الاقليمية والعالمية وتعميق العلاقات لجذب الاستثمارات الخاصة لمواكبة التطور التكنلوجي والاستفادة منها مع دول العالم المتقدمة.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم:**

**ئامانج لە یاساکە:**

**ئامانجی یاساکە ڕێکخستن و پەرەپێدانی کارە لە بواری گەشەکردنی بازرگانی ناوخۆو دەرەوە و چالاکی پیشەسازیی وپتەوکردنی ئەو کارانەی کەرێك بکەون، لەگەڵ سیاسەتی چاکسازیی ئابووری لەهەرێمدا، هەروەها گەشە پێکردنی کەرتی گشتی پیشەسایی تێکەڵاو وتایبەت لەبواری پیشەسازیی گوازراوەیی و پێکهاتەیی و مەعریفی و دەستی، بەجۆرێك کە کاربکات لەپێناوی بەکارهێنانێکی باشتری داهات و توانستەکان و ڕێکخستنی کار لەسەر بنەمای ئیکتیفای زاتی و بەدیهێنانی بەپێی ئاراستەکانی گەشە سەندن و هاوسەنگی ئابووری کە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەهەرێمدا بگرێتە خۆ، هەروەها ڕێکخستنی کار بۆ کردنەوەی بەرەو ڕووی بازاڕەکانی هەرێم و جیهان و قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنە تایبەتیەکان تاکو، لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیی بڕوات و سوودیان لێ وەرگرێ، لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوای ئەوەی ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش، لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین، هاتینە ئەو قەناعەتەی کە ئیعادەی صیاغەی ئەم فەقەرەیە بکرێتەوە بەم شێوەیە:**

**(تهدف الوزارة الى رسم السياسات التجارية و الصناعية العامة لتحقيق التنمية الاقتصادية و الاجتماعية في الاقليم و تعمل على تنفيذها بالاضافة الى تنفيذ ما يدخل ايضا في اختصاصاتها بمقتضى اى تشريع آخر نافذ في الاقليم ). ئەسبابەکەشی ئەوە بوو بەڕاستی، بەنیسبەت ئەو ئەهدافەی کە لەماددەی سێیەم هاتووە، ئیختیصاصەکان خورد کراوەتەوە، ئێمە وتمان لە ئیتارێکی عامی دابنێین، هەم سیاسەتی خارجی تیجاری بگرێتەوە هەم صناعیش، بۆیە ئیعادەی صیاغەمان بەم شێوەیە کردەوە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هاوڕاین، لەگەڵ لیژنەی یاسایی و هیچ تێبینیەکمان نیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر، فەرموو.**

**بەڕێز جمیل سلێمان حیدەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکات دەست بەرز بکات ناوی دەنووسم(بەشیر خەلیل، حسن محمد، تارا ئەسعەدی، شوان کریم، شڤان احمد، عمر هەورامی، عبدالله مەلا نوری)، دکتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئامانج و هەدەف لەهەر مەشروعێك و قانونێك شتێکی گرنگە، ئەهدافی وەزارەتی تجارەو صناعەش دەبێ زۆر گرنگ بێت، لەبەر ئەوەی دوو وەزارەتی گرنگن، کەوا عیلاقەتیان بە ژێرخانی ئابووری و ژێرخانی بازرگانی و پیشەسازیی لەوڵاتەکەماندا هەیە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵك، بۆیە پێویستە گرنگی زۆر بەمە بدرێت، ئەمە لێرەدا باشە بینیمان کە لەو یاسایەدا ئامانجەکان لەگەڵ کارو کردەوەکان جیابوونەتەوە، یەعنی هەدەف لەگەڵ مەهامەکان جیابووەتەوە، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام حەتا ئەوەی لە ئیقتراحەکەی لیژنەی هاوبەشدا هاتووە، شتێکی باشە کەوا کورت کراوەتەوە، بەڵام من پێم باشە لەشێوەی نوقات بنووسرێت، تاشتەکە دیارتر و وازح تر دەبێت، جا ئەگەر بێت و تەماشای خودی یاساکە بکەین، بەعزێك شت دەبینین کەوا لای ئێمە غەریبە، بۆ نموونە لەیەکێك لەخاڵەکاندا دەڵێت(تنمية القطاع الصناعي العام، والمختلط والخاص) ئایا قتاعی موختەڵەت ماوە یان هەر عام و خاصەکەیە، ئەگەر نەماوە بۆ لێرە ناوی هاتووە، خاڵێکی تر(في مجال الصناعات التحويلية والتركيبية والمعرفية) مەعریفییەکە حەتا لە تەرجومەی کوردیەکەشدا تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە بە مەعریفی، من نازانم صناعاتی مەعریفی یەعنی چی؟، من پێم وایە شتەکە لێرە صناعاتی حرەفیە، واتە ئەوانەی کە بەدەست ئیش دەکەن، بەس بە مەعریفی هاتووە، من نەمزانیوە کە صناعاتی مەعریفی هەیە یان نا؟، لەپاشان ئێمە لە پڕۆژەیەکی تر باسمان لەوە کرد، (الاستغلال امثل)، کە دەکاتە ئەو پەڕی میسالیەت و چاکی، تەبعەن ئێمەش ناتوانین مواردەکانی خۆمان بەو شێوە بێت، لەبەر وەزعی سیاسی و ئیقتیصادی ئیقلیم موساعید نیە بۆ ئەوەی ئیمکانیاتی خۆمان بەشێوەیەکی ئەمسەل بەکار بهێنین، جا بۆیە لەباتی ئەمسەل بنووسین (الافضل)پێم باش بوو لە ئامانجەکان وەلەو ئەمە لە مەهامەکان دەکرێت باس بکرێت، لە ئامانجەکانیش ئەگەر ئاماژە بکرێت بە تەشجیعی بەرهەمی ناوخۆیی ئەوە شتێکی باش دەبێت، جێگایەکی بۆ بدۆزرێتەوە کە لە شوێنێك باس بکرێت، باس لە مەسائیلی زمانەوانی و غەڵەتە زمانەوانیەکان ناکەم، لەبەر ئەوەی زۆر زۆرە، بەڕاستی ئەوەندەش باسمان کرد، ئیستیفادەی نەما، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لـە مـاددەی سـێیەم هـاتووە(يهـدف القـانون الى تنظـيم وتطـوير العمـل في مجـال تنميـة التجـارة الداخليـة والخارجية) ئەگەر سەیری مەهامەكانیش بكەین لە ماددەی دووەم، هەر بە هەمان شێوە هـاتووە، بۆیـە مـن پێم وایە، وەختێك ئامانج ورد دەكرێتەوە، لە خـودی ئامـانج دەردەچێت دەبێت بـە ئەهـداف، پێشـم وایـە لەوەتەی مرۆڤایەتی هەبووە، تیجارەت و پیشەسازی هەر هەبووە، تەبعەن بە قاعیدەش ڕێكخـراوە، تەبعـەن بەبێ بوونی وەزارەت ئەم قاعیدەیـە هـەبووە، بۆیـە هـەدەف لەدروسـت بـوونی وەزارەت و پەیـدابوونی ئـەم ڕێكخستنە بۆ كۆمەڵێك ئەهداف هاتووە، كە لەلای من بە سێ خاڵ ڕێكم خستووە، یەكـەم:(تنظـيم وتنميـة القطاع التجاري والصناعي العام)، دووە:(دعم نشاطات التجارة والصناعة)، سێیەم:(تـوفير احتياجـات الاقلـيم والمواطنين من السلع والمواد)، یەعنی لەو حاڵەتەدا بەم سێ ئەهدافە كە بەخاڵ تەنزیممان كردووە بەو شێوە دێت، خۆشمان ڕزگار دەكەین لەوەی كە ئەم ئامانجە ورد بكەینەوەو بیكەینە مەهام، زیاتر لێرەدا ئامانجەكە بە مەهام هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی منیش هـەر لەلایـەنی زمانەوانیەكەیـەتی كـە دەڵێـت(يهـدف القـانون الى تنظـيم وتطـوير وتنميـة التجارة الداخلية والخارجية والنشاط الصناعي العـام، والمختلط والخـاص يهـدف القـانون الى تنظـيم وتطـوير العمل في مجال تنمية التجارة الداخلية والخارجية والنشاط الصناعي، بما يتفـق وسياسـة الاصـلاح الاقتصـادي في الاقليم بما يضمن على الاستغلال الافضل للموارد والقدرات والامكانيات وصولاً الى الاكتفاء الذاتي) لەدوایدا باسـی (التطـور التكنلـوجي)دەكـات، دوو، سـێجار، باسـی تەكنـەلۆژی وتەقـەنی كـراوە، وا باشـە تەوحیـدی موستەڵەح بكەین لەناو هەر قانونێك كە دەردەچێت، هەر بووترێت تەكنەلۆژی یان لایەنی تەقـەنی زیـاتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شوان كەریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیاری هەردوو لیژنە دەکەم، کە داڕشتنێکی تازەیان بۆ ئەو ماددەیە داناوەتەوە، یەك تێبینیم هەیە، کە دەڵێت(تهدف الوزارة الی رسم السیاسات التجاریة و الصناعیة العامة لتحقیق التنمیة الاقتصادیة و الاجتماعیة) من پێم وایە لێرەدا ئیجتیماعیەکە زیادە، چونکە ئەوە ئامانجی بەشی هەرەزۆری وەزارەتەکانی حکومەتەکانە بە حکومەتی هەرێمیشەوە، لێرەدا پێشنیار دەکەم ئەو ئیجتماعیە یان لابرێت یان، ئەگەر دەشمێنێتەوە بکرێت بە (التنمیة الاقتصادیة والتجاریة في الاقلیم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: بەو شێوەی کە ماددەکە ناونیشانی هەبووە(الهدف من القانون) پێویستە بمێنێت، کە لە صیغەی موقتەرەح لایان بردووە من پێم باشە بمێنێتەوە، دووەم: باسی (القطاع العام والمختلط) دەکات، من پێم وایە موختەڵەتمان نیە؟، من ئەوە وەك پرسیار دەکەم نازانم هەیە یان نا؟، ئەو صیغەی کە موقتەرەح کراوە کە سەیری دەکەین زۆر کورت و پوختە، کە لەماددەی 4 دا هاتووە، (تهدف الوزارة الی رسم السیاسات التجاریة و الصناعیة العامة لتحقیق التنمیة الاقتصادیة و الاجتماعیة) ئەو ئیجتیماعیە لابچێت، ببێت بە (وتطویر المجتمع) ئەمە بەرنامەیەکی زۆر فراوانترە، هەموو جەوانبێك دەگرێتەوە، یەعنی جانبەکانی زیاتر دەگرێتەوە( سەقافی، ئیجتماعی) هەمووی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عومەر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم تایبەتە بەو پێشنیارەی کە لیژنەی هاوبەش کردوویەتی، بەڕەئی من ئەوەی کە بەڕێزان لە لیژنەی هاوبەش خستوویانەتە ڕوو، ئەتوانین بڵێین لە ئەهداف و مەهامدا خۆی دەگرێتەوە، یەعنی هەدەفەکە ڕوون نیە؟، بۆ؟، لەبەر ئەوەی دەڵێت (تهدف الوزارة الی رسم السیاسات التجاریة و الصناعیة) یەعنی هەدەفی کۆتایی وەزارەتی تیجارەو صناعە، ڕەسمی سیاسەتەکە نیە؟، هەدەفی کۆتایی وەزارەتی تیجارەو صناعە، ئەبێت لەکۆتاییدا پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی و بازرگانی بێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو ڕستەیە لابچێت (تهدف الوزارة الی رسم السیاسات التجاریة و الصناعیة) لە کۆتاییەکەشدا بەهەمان شێوە ڕستەیەکی تر هاتووە، (و تعمل علی تنفیذها بالاضافة الی تنفیذ ما یدخل ایضا في اختصاصاتها بمقتضی ای تشریع آخر نافذ في الاقلیم )، هەر وەزارەتێك لەناو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پابەندەو پێویستیشە لەسەری ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات، کە پەیوەندیدارە بەکاروباری

خۆیەوە، بۆیە پێویست ناکات ئەم ڕستەیە لێرەدا بێت، وە ئەمە لە هەدەفی وەزارەت نیە، پێشنیار دەکەم، کە هەدەفی وەزارەت بەم شێوەیە ڕێك بخرێتەوە(وەزارەت کار دەکات لەپێناو پەرەپێدان و گەشەپێدانی باری بازرگانی و کەرتی پیشەسازی هەرێم، وە زیاد کردنی قەبارەی وەبەرهێنان لەبواری بازرگانی و پیشەسازی بەجۆرێك لەخزمەتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و دەستەبەر کردنی هەلی کاری زیاتر بێت)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان لیژنەی هاوبەش هەموو ئەندامەکان ئیمزایان کردووە، لەگشت فراکسیۆنەکانیشن، تەنها دوو بەڕێز ئیجازە بوون، لەهی دارایش بەهەمان شێوە، ئینجا موناقەشەی ماددەکەش دەکرێتەوە جارێکی تر، بۆیە خەلەلێك پەیدا دەبێت لێرەدا، مادام لیژنەی هاوبەش ڕەئی هەیە، تەمسیلی هەموو دەکات، بۆیە ئەگەر ڕەئیێکی موخالیفتان لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا نیە، ئەوە پشتگیری لێ دەکەن و دەردەچێت، بەس دەچینە ناو بابەتێکی تر کە دەبوایە لە لیژنەکە موناقەشەی لەسەر بکەن، دەبوایە لەوێ قسەی لەسەر بکرایە کە چی لابچێت و چی بۆ زیاد بکرێت، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەمووتان، بۆیە ئێستا داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەم کە جوابی ئەو تێبینیانە بداتەوە کە ئەندامانی بەڕێز هەیانبوو، فەرموون.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی کە هاوکارانم ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، یەکێکیان نەمانی قتاعی موختەڵەت، ڕاستە مومکینە و لەبەرچاو نیە لەو سێ پارێزگایەی هەرێم، بەڵام هەندێ مونشەئات هەیە تا ئێستا قتاعی موختەڵەت هەیە، مەعمەلی چپس و کاشی ئەوەی خازر تا ئێستا قتاعی موختەڵەتە، من مەعلوماتی شەخصی خۆم هەیە، ئەگەر بمێنێت زەرەری نیە؟، بەس ئەترسم نەمێنێت و سبەینێ کێشەمان بۆ دروست بکات؟،(استغلال الامثل) بکرێت بە (استغلال الافضل)تموحی وەزارەتی صناعە وابزانم تموحی حکومەتی هەرێمە، بەڕای من(الامثل) زیاتر بەدەست دەهێنێت تا (الافضل) ئەوە ڕەئی ئێمەیە، تەبعەن ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش بە تەنسیق لەبەینی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازیی و وزەو سەرچاوە سروشتیەکان + جەنابی وەزیر و ڕاوێژکارەکانی بووە، لەسەر ئەو ئەساسە دامانڕشتووە، ئەوەی تر (لتحقیق التنمیة الاقتصادیة و الاجتماعیة في الاقلیم) بەقەناعەتی من هەر تەنمیەیەکی ئیقتیصادی تەنمیەیەکی ئیجتیماعی بەدوادا دێت، تەنمیەی کۆمەڵی بەدوادا دێت ئەمەش لەسەر ئەو ئەساسە هاتووە، ئەگەر بمێنێت زەرەری نیە، چونکە ناکرێ تەنمیەی ئیقتیصادی بە بێ تەنمیەی ئیجتماعی، تەحصیل حاصلە لەگەڵی بۆیە بمێنێ باشترە، چونکە ئەوە نەتیجەیەتی، ئەوەی (تهدف الوزارة الى رسم السیاسات التجاریة و الصناعیة). کاك عومەر باسی کرد، کە نەمێنێت و (تعمل علی سیاستها) ئەوەش نەمێنێت، کەواتە ئەهدافی وەزارەت خۆی لەو دوو خاڵەدا دەبینێتەوە، ئەگەر ئەوانە هەردووکیان هەڵبگیرێن تەقریبەن شتێکی وای تێدا نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی هاوبەش و هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەم خاڵە نیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە؟، ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد وتی ئیمکان هەیە ئەو خاڵانە بەنوقات بێتە خوارێ، بەڵێ ئیمکان هەیە، بەڵام ئێمە دامانڕشتووە چ بە نوقات بێت، چ بە نوقات نەبێ، هەدەفەکە مەعلومە، ئەمە یەکەم دووەم: یەکێك لە بەڕێزان ئیشارەتی بەوەدا کە ئەهداف و مەهام تێکەڵ بووە، نەخێر، ئێستا لێرەدا ئەهداف بەجیایە، مەهامەکە لە ماددەی دوای ئەو دێت، کەواتە جیا کراوەتەوەو ئیشیشی لەسەر کراوە، بۆیە موفتەرەحی ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش بەو شێوەیە کە لەماددەی سێیەم نووسراوە، بۆیەدا داوا لەبەڕێزتان دەکەم بەو شێوەی کەهاتووە، بدرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تۆش مولاحەزەت نیە؟، باشە سوپاس، بەڕێزان ئێستا موفتەرەحی لیژنەی هاوبەش کە لیژنەی داراییش تەئیدی کرد، ئێستا بە ئاخر صیاغە بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

(تهدف الوزارة الى رسم السياسات التجارية و الصناعية العامة لتحقيق التنمية الاقتصادية و الاجتماعية في الاقليم و تعمل على تنفيذها بالاضافة الى تنفيذ ما يدخل في اختصاصاتها بمقتضى اى تشريع آخر نافذ في الاقليم ).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن بە کوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجی وەزارەت ڕەنگ ڕێژکردنی سیاسەتی بازرگانی وپیشەسازیی گشتی بەمەبەستی وەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەهەرێمدا وکار دەکات بۆ جێبەجێ کردنی، جگە لە جێبەجێ کردنی

**هەرکارێکی تر، کە دەکەوێتە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەر ئیشێکی تر، کە بەپێی هەر پڕۆژە یاسایەکی بەرکار خرابێتە سەر شانی)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بۆ ماددەی چوارەم لە پڕۆژەکە کە دەبێت بەماددەی سێیەم.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المهام الرئيسية للوزارة**

**المادة الرابعة:**

**تتولى الوزارة في سبيل تحقيق أهدافها ما يلي:**

**أولاً: تحديث وتطوير أنظمة العمل في الوزارة والمديريات التابعة لها بهدف تبسيط وتسيير إتمام كافة المعاملات التي تتم مع الأفراد والمؤسسات المتعاملة معها.**

**ثانياً: تنظيم النشاط التجاري الداخلي والخارجي وكذلك النشاط الصناعي للقطاعات التابعة لحكومة الاقليم ومراقبتها والعمل على تنميتها.**

**ثالثاً: تشجيع ودعم القطاع الخاص والمختلط للنهوض بالحركة التجارية والصناعية وتطوير الأداء التجاري والصناعي والمشاريع الصغيرة وصولاً للتصدير المحلي وإتاحة الفرص من أجل ذلك.**

**رابعاً: تشجيع رؤوس الأموال الاجنبية لجذب الاستثمارات والترويج لها في مجال الأنشطة التجارية عند منح اجازات تأسيسها وكذلك عند منح اجازة المشاريع الصناعية أو توسيعها أو تغيير أغراضها حسب قانون الاستثمار بعد إعداد الدراسات اللازمة لذلك.**

**خامساً: تمثيل الاقليم ورعاية مصالحها التجارية والصناعية وتنظيم علاقتها مع المنظمات الدولية والدول المختلفة من خلال المكاتب والشركات التجارية في الخارج والعمل على تطوير أدائها لخدمة التجارة الخارجية والصناعية في الاقليم.**

**سادساً: تنفيذ البرامج اللازمة لإعداد وتأهيل وتدريب الكوادر القيادية والتخصصية من خلال الدورات ومراكز التدريب الداخلية والخارجية بما يخدم تنفيذ سياسات تنمية التجارة والصناعة في الاقليم.**

**سابعاً: تطوير آلية تسجيل الشركات الوطنية وفروع الشركات الاجنبية في الاقليم بما يلائم نمو الوضع القانوني والاقتصادي للشركات القائمة وايجاد آليات حديثة لرسم السياسة الداخلية لتكون ملائمة لمتطلبات التطبيق في الاقليم.**

**ثامناً: عقد الاتفاقيات الاقليمية والدولية اللازمة لتنفيذ سياسة الاقليم الاقتصادية في مجال التجارة الداخلية والخارجية وتعميق العلاقات مع مصادر التطوير التكنلوجي في العالم بما لا يتعارض مع الدستور العراقي.**

**تاسعاً: تمثيل الاقليم أمام السلطة الاتحادية عند ابرام الاتفاقيات والعقود ذات الطابع الاقتصادي التجاري والصناعي وتعزيز دور الاقليم وحماية مصالحها وفقاً للقانون.**

**عاشراً: متابعة نشاطات الشركات ومراقبة الوضع الاقتصادي والتكييف القانوني للشركات المطالبة بالتصنيف سواء كانت الوطنية أو الاجنبية وتطبيق قانون الوكالات التجارية وتنفيذها ومساندة وتأسيس الشركات المساهمة في الاقليم.**

**حادي عشر: التنسيق مع وزارات الاقليم كافة بما يخدم تعزيز النشاط التجاري والصناعي ودعم الاقتصاد في الاقليم.**

**ثاني عشر: توجيه النشاط التجاري والصناعي لتفعيل الانشطة الانتاجية ودعم البنية التحتية لغرض تشجيع التوجه التصديري وبما يتلائم الوضع الاقتصادي السائد.**

**ثالث عشر: إعداد وتنفيذ البرامج اللازمة لاقامة المعارض والاسواق المحلية والدولية والمشاركة للتعرف على التطور الدولي والمنتجات العالمية التجارية والصناعية.**

**رابع عشر: تطوير سياسة المنافسة لترسيخ آليات السوق الحر وتفعيل نظام حماية المستهلك وحماية المنتج المحلي وبناء الاجهزة والكفاءات المطلوبة لذلك.**

**خامس عشر: نشر سياسة تصنيع ووضع الاهداف والمؤشرات الخاصة بالقطاع الصناعي من خلال خطط التنمية في الاقليم.**

**سادس عشر: تنفيذ المشاريع الصناعية والخدمية المقررة في الاقليم.**

**سابع عشر: التخطيط والاشراف على أنشطة القطاعات الصناعية ومراقبتها وتوجيهها وتقييم نتائج خططها كماً ونوعاً واتخاذ الخطوات المناسبة لايجاد الحلول وحماية المنتوجات.**

**ثامن عشر: إعداد الخطط السنوية والدراسات والخطط البعيدة المدى للمشاريع الصناعية والتجارية ودراسة الجدوى الاقتصادية والفنية للمشاريع الصناعية التجارية واقتراح ادراجها ضمن خطط التنمية في حكومة الاقليم.**

**تاسع عشر: اجازة تأسيس المشاريع التجارية والصناعية أو توسيعها أو تغيير أغراضها وشمولها بقانون الاستثمار لغرض تحسين مستوى النشاطات وتحويلها الى نشاطات منتجة ومثمرة للاقليم بعد الدراسات اللازمة قانوناً.**

**عشرون: الرقابة على نوعية المنتجات الصناعية المحلية بما يضمن مطابقتها مع المواصفات المعتمدة عالمياً وتقديم الارشادات والتوجيهات بشأن نوعية هذه المنتجات.**

**احدى وعشرون: إعداد الخطة لإنشاء المجمعات الصناعية والتجارية مع وجود الخدمات اللازمة لها في اطار خطط التنمية الصناعية في الاقليم.**

**اثنان وعشرون: إعداد الدراسات اللازمة لتأسيس مناطق التجارة الحرة ومناطق التبادل التجاري لدعم الاقتصاد الوطني.**

ثلاث وعشرون: توجيه ودعم القطاعات التجارية والصناعية في نطاق خطط التنمية وذلك من أجل تحسين نوعية المنتوجات والخدمات التجارية والصناعية وتطوير العمليات الانتاجية وتخفيض كلفها وادخال التقنيات الجديدة فيها.

اربع وعشرون: اتخاذ الاجراءات الخاصة بحماية البيئة ودراسة مشاكل تلوثها بالتنسيق مع مؤسسات حماية البيئة في الاقليم والمشاركة في ايجاد الحلول المناسبة وفق التعليمات واللجان المشتركة.

خمس وعشرون: التنسيق مع وزارة الزراعة لدعم وتشجيع الفلاحين ودراسة كيفية تحويل المنتجات الى صناعات محلية ونمو هذا الجانب وفق التعليمات والتنسيق مع الجهات المعنية.

ست وعشرون: التعاون مع الجامعات والمعاهد الفنية والمراكز والمؤسسات المتخصصة لتطوير وتنمية القوى العاملة والتعاون المشترك بين الجانبين.

سبع وعشرون: متابعة تنفيذ الضوابط والتعليمات الخاصة بالسلامة المهنية الصناعية والتشغيلية في المعامل والمحلات التجارية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن بە کوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(( ئەرکە سەرەکییەکانی وەزارەت ))

ماددەی چوارەم کە ئێستا بوو بە ماددەی سێیەم:

وەزارەت لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: نوێکردنەوە و پەرەپێدانی سستەمەکانی کار لە وەزارەت وبەڕێوەبەرایەتیەکانی کە سەر بە ئەون بە مەبەستی ئاسانکردن و رووداني تەواوکاریی هەموو ئەو مامەڵانەی کە لەگەڵ کەسەکان و دەزگاکانی مامڵەتی لەگەڵدا دەکەن.

دووەم: رێکخستنی چالاکی بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە، هەروەها چالاکی پیشەسازیی بۆ کەرتەکانی کە سەر بە حکومەتی هەرێمن و چاودێری کردنیان و کارکردن لە پێناوی گەشەپێکردنیان.

سێیەم: هاندان و پشتگیری کردنی کەرتی تایبەت و تێکەڵاو بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی بازرگانی و پیشەسازیی و پەرەپێدانی کاری بازرگانی و پیشەسازیی و پڕۆژە بچووکەکان بۆ گەیشتن بە هەناردەکردنی ناوخۆیی و خوڵقاندنی دەرفەت لە پێناویدا.

چوارەم: هاندانی سەرمایەی بیانی بۆ راکێشانی وەبەرهێنان و برەو پێدانی لە بواری چالاکیە بازرگانیەکان لە کاتی پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنیان هەروەها لەکاتی مۆڵەت پێدانی پرۆژە پیشەسازییەکان یان فراوان کردنیان یاخود گۆڕینی مەبەستەکانیان بە پێی یاسای وەبەرهێنان دوای ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆی .

پێنچەم: نوێنەرایەتی کردنی هەرێم و چاودێری کردنی بەرژەندییە بازرگانی و پیشەسازییەکان و رێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ رێخراوە نێودەوڵەتیەکان و دەوڵە هەمەجۆرەکان لە رێگەی نووسینگە و کۆمپانیا بازرگانیەکان لە دەرەوە و کارکردن لە پێناوی بەرپێدانی کارکردنی بۆ خزمەتگوزاری بازرگانی دەرەوە و پیشەسازیی لە هەرێمدا.

شەشەم: جێبەجێ کردنی بەرنامەی پێویست بۆ ئامادەکردن و شیاندن و مەشق پێکردنی کادیرە سەرکردەکان و پسپۆڕەکان لە رێگەی خول و مەڵبەندەکانی مەشقی ناوخۆ و دەرەوە بە جۆرێکی وا خزمەتی جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی گەشەپێکردنی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمدا بکات.

حەوتەم: پەرەپێدانی میکانیزمی تۆمارکرنی کۆمپانیا نیشتمانیەکان و لقەکانی کۆمپانیا بیانیەکان لە هەرێمدا بە جۆرێکی وا کە بگونجێ لەگەڵ باری گەشە کردنی باری یاسایی و ئابووری ئەو کۆمپانیایانەی کە هەنە و دۆزینەوەی میکانیزمی نوێ بۆ نەخشەکێشانی سیاسەتی ناوخۆ تاکو گونجاوبێت لەگەڵ پێویستیەکانی پیادەکردنی لە هەرێمدا.

هەشتەم: بەستنی رێککەوتننامەی هەرێمی و نێودەوڵەتی پێویست بۆ جێبە جێ کردنی سیاسەتی ئابووری هەرێم لە بواری بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە و فووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرچاوەکانی پەرەپێدانی تەکنۆلۆژی لەجیهاندا بە جۆرێك کە لەگەڵ دەستووری عیراقی ناکۆك نەبێ.

نۆیەم: نوێنەرایەتی کردنی هەرێم لە بەردەم دەستەلاٌتی فیدرالی لە کاتی بەستنی ریککەوتننامەو گرێیەستەکانی کە شێوەیەکی ئابووری بازرگانی و پیشەسازییان هەبێ لەگەڵ پتەو کردنی دەوری هەرێم و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بە پێی یاسا.

دەیەم: بەدواداچوونی چالاکیەکانی کۆمپانیاکان و چاودێری کردنی باری ئابووری و گونجاندنی یاسایی ئەو کۆمپانیایانەی کە داوای پۆلین کردن دەکەن جا نیشتمانی بن یان بیانی و پیادەکردنی یاسای بریکارییەکانی بازرگانی و جێبەجێ کردنیان و پشتگیریی کردنی کۆمپانیای پشکدار لە هەرێمدا.

یازدەم: هەماهەنگی کردن لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی هەرێم بە چەشنێکی وەها خزمەتی پتەوکردنی چالاکی بازرگانی و پیشەسازیی و پشتگیریی ئابووری لە هەرێمدا بکات.

دوازدەم: ئاراستەکردنی چالاکی بازرگانی و پیشەسازیی بۆ کاراکردنی چالاکیەکانی بەرهەمهێنان و پشتگیریی کردنی ژێرخان بە مەبەستی هاندانی ئاراستەی هەناردەکردن بە جۆرێکی وا کە گونجاوبێ لەگەڵ ئەو بارە ئابوورییەی کە هەیە.

سێزدەم: ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی بەرنامەی پێویست بۆ کردنەوەی پیشانگاو بازاڕە ناخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و بەشداریی کردنی بۆ زانینی پەرەسەندنی نێودەوڵەتی و بەرهەمە جیهانیەکانی بازرگانی و پیشەسازی.

چواردەم: پەرەپێدانی سیاسەتی کێبرکێ بۆ پتەوکردنی میکانیزمی بازاری ئازاد و کاراکردنی سیستەمی پاراستنی بەکاربەر و پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و بنیات نانی جیهاز و توانای پێویست بۆی.

**پازدەم: بلاّوکردنەوەی سیاسەتی بە پیشەسازیی کردن و دانانی ئامانج و ئاراستەی تایبەت بە کەرتی پیشەسازیی لە ڕێگەی پلانەکانی گەشەکردن لە هەرێمدا.**

**شازدەم: جێبەجێ کردنی پرۆژە پیشەسازیەکان و خزمەتگوزارییەکانی کە لە هەرێم بڕیاریان لەسەردراوە.**

**حەڤدەم: پلاندانان و سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانی کەرتەکانی پیشەسازی و چاودێری و ئاراستەکردنیان و هەلّسەنگاندنی ئەنجامەکانی پلانەکانی لە رووی چەندیی و چۆنیەوە و هەنگاوانانی گونجاو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و پاراستنی بەرهەمهێنراوەکان.**

**هەژدەم: ئامادەکردنی پلانی سالأنە و لێکۆلّینەوە و پلانی درێژخایەن بۆ پرۆژەکانی پیشەسازیی وبازرگانی و لێکۆلّینەوە لە سوودی ئابووری و هونەریی پرۆژەکانی پیشەسازیی بازرگانی و پیشنیازکردنی دانانی لە ناو پلانەکانی گەشەکردنی لە حکومەتی هەرێم.**

**نۆزدەم: مۆلّەتدانی دامەزراندنی پرۆژە بازرگانی و پیشەسازییەکان یان فراوانکردنیان یاخود گۆڕینی مەبەستەکانیان کە یاسای وەبەرهێنان بیانگرێتەوە بۆ مەبەستی چاککردنی ئاستی چالاکیەکانی و گۆڕینی بۆ چالاکی وەبەرهێن و بە سوود بۆ هەرێم دوای لێکۆلّینەوەی پێویست لە رووی یاساییەوە.**

**بیستەم: دانانی چاودێری لەسەر جۆری بەرهەمهێنراوی پیشەسازیی خۆجێیەتی بە جۆرێك هاوتایی لەگەلّ مواسەفاتی پشت پێبەستراوی جیهانی دا دابین بکات و ڕێبەرایەتی و ڕێنمایی لە بارەی جۆرەکەی ئەو بەرهەمانە پێشکەش بکات**

**بیست و یەکەم: ئامادەکردنی پلان بۆ دروستکردنی کۆمەلّگای پیشەسازیی وبازرگانی لەگەلّ بوونی خزمەتگوزاریی پێویستی لە چوارچێوەی پلانەکانی گەشەکردنی پیشەسازی لە هەرێمدا.**

**بیست و دووەم: ئامادەکردنی لێکۆلّینەوەی پێویست بۆ دامەزراندنی ناوچەکانی بازرگانی ئازاد و ناوچەکانی ئالّوگۆڕکردنی بازرگانی بۆ پشتگیریی کردنی ئابووری نیشتمانی.**

**بیست و سێیەم: ئاراستەکردن و پشتگیریی کردنی کەرتەکانی بازرگانی پیشەسازی لە چوارچێوەی پلانەکانی گەشە کردن و ئەمەش لە پێناوی چاککردنی جۆریی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکانی بازرگانی و پیشەسازیی و پەرەپێدانی پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و کەم کردنەوەی تێچووەکانیان بێت و تەکنولۆژیای نوێی بخرێتە ناو.**

**بیست و چوارەم: ئەنجامدانی ڕێکاری تایبەت بە پاراستنی ژینگە و لێکۆلّینەوە لە کێشەکانی پیسبوونی بە هەماهەنگی کردن لەگەلّ دەزگای پاراستنی ژینگە لە هەرێمدا و بە شداریی کردن لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بە پێی ڕێنماییەکان و لیژنە هاوبەشەکان.**

**بیست و پێنجەم: هەماهەنگی کردن لەگەلّ وەزارەتی کشتوکالّ بۆ پشتگیریی و هاندانی جوتیاران و لێکۆلّینەوەو لە چۆنیەتی گۆڕینی بەرهەمەکان بۆ پیشەسازیی خۆجێیەتی و گەشەکردنی ئەم لایەنە بە پێی ڕێنمایی و هەماهەنگی کردن لەگەلّ لایەنە دیاریکراوەکاندا.**

بیست و شەشەم: هاریکاری کردن لەگەڵ زانکۆکان و پەیمانگا هونەرییەکان و مەڵبەندو دەزگا تایبەتمەندەکان بۆ پەرەپێدان وگەشەکردنی هێزە کارگەرەکان و هاریکاری هاوبەش لە نێوان هەردوو لادا.

بیست و حەوتەم: بەدوا داچوونی جێبەجێ کردنی بەرزەفتیەکان و رێنماییە تایبەتەکان بەسەلامەتی پیشەیی پیشەسازیی و بەکارهێنان لە کارگەو شوێنە بازرگانیەکاندا.

بیست و هەشتەم: گرێبەستکردن لەگەڵ شارەزایانی بیانی و کۆمپانیاکان و دەزگا بازرگانی و پیشەسازیەکان، ئەوانەی تایبەتمەندن بە ئیشکردن لە فەرمانگەکان و کارگەکانی وەزارەت دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

بیست و نۆیەم: ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی لەگەڵ لایەنی دیاریکراوی تایبەتمەند بە پاراستنی مافی مۆڵکداریی تاك و تۆمار کردنی نیشانەکانی بازرگانی بە پێی یاسا و داوا کردنی هاریکاریی و هەماهەنگی کردنی مەڵبەندەکانی گومرگ بۆ پاراستنی نیشانەکانی ناردنە بازاری بازرگانی و پیادەکردنی یاسای بریکاریی بازرگانی بۆ پشتگیریی کردنی بەرهەم بە پێی رێنماییە تایبەتیەکانی.

سی یەم: هاندانی پشتگیری کردنی هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازیی و دانانی بانکی بازرگانی و پیشەسازیی بۆ پشتگیریی پرۆژەی بچووك و چالاك کردنی دەوریان .

سی ویەك: ئامادە بوون و ئامادەکردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ چوونە ناو رێکخراوی بازرگانی جیهانی و ئامادە کردنی کادیران لە پێناوی ئەم مەبەستە.

سی ودوو: ئامادەکردنی کادیران بۆ نوێنەرایەتی کردنی بازرگانی لە باڵیۆزخانەکانی عیراق لە دەرەوە بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تکایە؟، ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای ئەوەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی صەناعەو جەنابی وەزیر دانیشتین، بۆ دیراسە کردنی ئەو ماددەیە، بەڕاستی بۆمان دەرکەوت ئەو پڕۆژەی کە هاتووە بەنیسبەت مەهام خەلەلی تێدایە، لەبەر ئەوەی کە مولاحەزەمان کرد مەهامی قانونی وەزارەتی تجارەی مەلغی + مەهامی قانونی وەزارەتی صناعەی مەلغی هاتووەتە ناو یاساکە، بۆیە لەگەڵ جەنابی وەزیر وا ئیتیفاقمان کرد، کە ئیعادەی صیاغە بکرێتەوە، هی ئەو 32 فەقەرەیە، وە ئیختیصار کراو بوو بە 16 فەقەرە، بەدەمج کردنی هەندێك لە فەقەرەکان، وە لەهەمان کاتدا بەدەمج کردنی هەندێ فەقەراتی عام کە عیلاقەی بە صیناعەو تیجارەوە هەیە، بۆیە ئەوەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە ڕەئی لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیرە.

خامساً/ المادة الرابعة : نقترح اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

(تتولى الوزارة فى سبيل تحقيق اهدافها المهام و الاختصاصات الآتية:

1- اقتراح التدابير اللازمة لرفع المعوقات امام النشاط التجارى عن طريق وضع الاستراتيجيات و الخطط و البرامج للتنمية و تشجيع الصادرات و معالجة الاثار السلبية على اقتصاد الاقليم الناجمة عن تحرير التجارة الخارجية و ذلك بتعزيز القدرة التنافسية لقطع الاعمال و المنتجات الوطنية.

2- اتخاذ التدابيرالتي تضمن رعايةحقوق المستهلك و اعداد مشاريع القوانين اللازمةلحمايته بالتنسيق مع الجهات المعنية فيما يتعلق بمراقبة الاسعار في الاسواق المحلية و تنظيم و تعزيز بيئة المنافسة و مكافحة الاحتكار و غيرها من الممارسات التجارية الضارة.

3- تسجيل و رقابة نشاط الشركات المحلية والاجنبية وفروعها ومعالجة شؤون الوكالات التجارية و تسجيلها في الاقليم.

4- انشاء و ادارة المستودعات و المرافق الاخرى اللازمة لاعمال الوزارة و استئجارها و تأجيرها.

5- اعداد و تنفيذ البرامج اللازمة لاقامة المعارض و الاسواق المحلية و الدولية و المشاركة فيها للتعرف على التطور الدولي للمنتجات العالمية التجارية و الصناعية.

6- اعداد الخطط والدراسات السنوية والمتوسطة والبعيدة المدى للمشاريع الصناعية و دراسة الجدوى الاقتصادية و الفنية لها و الاشراف على المشاريع و المؤسسات الصناعية لمراقبتها و توجيهها و تقييم نتائج خططها كما ونوعا و المشاركة في اعداد التشريعات اللازمة لرعايتها و تطويرها بالتعاون مع الجهات المختصة.

7- اقامة المشاريع الصناعية و التجارية ، ومنح اجازات انشائها من قبل القطاع الخاص و تشجيعها و تهيئة البيئة الملائمة لها و شمولها بقانون الاستثمار لغرض استغلال الموارد البشرية و الطبيعية و تحويلها الى نشاطات منتجة و مثمرة في الاقليم.

8- اعطاء الرخص من اجل انشاء المناطق الصناعية المنظمة و تشجيع هذه المؤسسات و مراقبتها و التنسيق مع الهيئة العامة للمناطق الحرة العراقية في سبيل بذل الجهود لانشاء المناطق الصناعية و التجارية الحرة في الاقليم و الاشراف عليها و تطويرها و تفعيل دورها و اعداد مشاريع القوانين اللازمة لتحقيق ذلك.

9- التنسيق مع وزارة الزراعة لدعم و تشجيع الفلاحين و دراسة كيفية استخدام المنتجات الزراعية كمواد اولية في القطاعات الصناعية و تحويلها الى منتوجات صناعية محلية لاغراض الاستهلاك المحلي و التصدير الى الخارج.

10- تشجيع دعم القطاعين التجاري و الصناعي و انشاء مصرف تجاري و صناعي لدعم المشاريع التجارية و الصناعية و خصوصا الصغيرة و المتوسطة منها و تنشيط دورها.

11- تنظيم آلية لحماية الملكية الفكرية التجارية و الصناعية و منح العلامات الفارقة و الرسوم و النماذج الصناعية و براءات الاختراع.

12- الاعداد لعقد الاتفاقيات الدولية اللازمة لتنفيذ سياسة الاقليم الاقتصادية في مجال التجارة الداخلية و الخارجية و تعميق العلاقات مع مصادر التطوير التكنولوجي في حدود الصلاحيات المخولة للاقليم في الدستور العراقي.

13- تهيئة الكوادر للتمثيل التجاري في السفارات العراقية في الخارج و تمثيل الاقليم امام السلطة الاتحادية عند ابرام الاتفاقيات و العقود ذات الطابع الاقتصادي و التجاري و الصناعي و تعزيز دور الاقليم و حماية مصالحها وفقا للقانون.

14- اعداد مشاريع القوانين اللازمة بهدف المساهمة في تحسين المناخ الاستثماري و تسهيل الخدمات المتعلقة بالاستثمار و تصميم برامج و حوافز لتشجيع المستثمر المحلي و جذب المستثمرين الاجانب.

15- المساهمة مع الجهات المعنية في اقامة نظام متكامل للجودة بهدف تحقيق ممارسة الرقابة الفنية على المستوردات والصادرات ومتابعة نوعية المنتجات الصناعية المحلية بما يضمن مطابقتها مع المواصفات المعتمدة عالمياً وتقديم الارشادات والتوجيهات وذلك من اجل تحسين نوعية المنتوجات وتطوير العمليات الانتاجية وتخفيض كلفتها وادخال التقنيات الجديدة فيها.

16- تطوير وتحسين نوعية الخدمات التي تقدمها الوزارة للمواطنين من خلال تبني الاساليب الحديثة في مجال الادارة والاستفادة من تكنولوجيا المعلومات من خلال تبني تقنيات منظومات الحكومة الالكترونية من اجل الربط الفعال للوزارة مع شركائها والمواطنين وتحسين وتسهيل المعالجة والاجراءات للمعاملات وانشاء قواعد المعلومات مما تساهم في تحسين اداء الوزارة و توفير البيئة المطلوبة لتنمية اقتصاد الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكەن بە كوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم : پێشنیاز دەكەین ، ماددەكە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

" وەزارەت ئەم ئەركانەی خوارەوە لە پێناو بە دیهێنانی ئامانجەكانیدا دەگرێتە ئەستۆ:

1- پێشنیازكردنی ڕێگای گونجاوبۆ لابردنی ئاستەنگ لە بەردەم چالاكیی بازرگانی لە ڕێگەی دانانی ستراتیژیەت و پلان و بەرنامەی گەشەسەندن و هاندانی هە ناردەكردن و چارەسەركردنی ئەو كاریگەرییە نێگە تیڤانەی لەسەر ئابووری هەرێم لە ئەنجامی بازرگانیی ئازادەوە، خراوەتە ئابووریی هەرێم بە بەهێزكردنی توانای كێبركێ لە نێوان كەرتەكانی كارو بەرهەمی نیشتمانیدا.

2- ڕێگا دانان بۆ زامنكردنی چاودێری مافەكانی بەكاربەر و ئامادەكردنی پرۆژەی پێویست بۆ پاراستنی مافی بەكاربەر بە هاودەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەكاندا بۆ موراقەبەكردنی نرخ لە بازاڕەكانی ناوخۆدا ، و ڕێكخستن و بەهێزكردنی هەلومەرجی كێبڕكێ و نەهێشتنی قۆزخكاری و ئیشی تری خراپەكاری لە بازرگانیدا .

3- نووسین و موراقەبەكردنی چالاكیی كۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیەكان و لقەكانیشیان و ، چارەسەركردنی كاروباری وەكالەتە بازرگانیەكان و نووسینیشیان لە هەرێمدا.

4-دروست كردن وبەڕێوەبردنی کۆگاکان و جگە لە بەرەژەوەندیەکانی تر کە پێویستن بـە کارەکـانی وەزارەت و بەکرێدان و بەکرێگرتنیان .

5- ئامادەکردن و جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانـەی کـە پێویسـتن بۆکردنـەوەی پێشانگا و بـازاڕی نـاوخۆ و نێودەوڵەتی ، و بەشداری کردن لەو پێشانگا و بازاڕانەدا بۆ زانینی پەرە سەندنی نێودەوڵەتی و بەرهەمـەی بازرگانی و پیشەسازیە نێو دەوڵەتی .

6- ئامـادەکردنی پـلان و لێکۆڵینـەوەی سالانە و مامناوەنـدی و درێژخایـەن بـۆ پـڕۆژە پیشەسـازییەکان ، و لێکۆڵینــەوە لــە ســوودی ئــابووری و هونــەریی ئــەو پڕۆژانــە ، و سەرپەرشــتی ئــەو پڕۆژانــەو دامــەزراوە پیشەسـازییانەدا بـە مەبەسـتی چـاودێری کردنیـان و ئاڕاسـتەکردنیان ، و هەڵسـەنگاندنی ئەنجامـەکانی پلانـەکان لـە ڕووی چـەندی وچۆنیەتی و بەشـداریکردن لـە ئامـادەکردنی پـڕۆژە یاسـای پێوسـت بـۆ ئـەو پڕۆژانەی کە بۆ چاودێری و گەشەپێدانیان پێویستن بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان .

7-کردنەوەی پڕۆژەی پیشەسازیی و بازرگانی و پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنیان لەلایـەن کـەرتی تایبـەتـەوە و هاندان و ئامادەکردنی ژینگەی لەبار بـۆی و جێبـە جـێ کردنـی یاسـای وەبـەرهێنان بـۆ ئـەوەی سـوود لـە دەرامەتی بەشەری و سروشتی وەربگرێت و بۆ چالاکیی وەبەرهێنان و بەردار لە هەرێمدا.

8- پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازی رێکخراو ،هاندانی ئەم دەزگایانەوچاودێری کردنیـان و بە هەماهـەنگی لـە گـەڵ دەسـتەی گشـتی ناوچـەی ئازادەکـانی عێـراق لـە پێنـاو دروسـت کردنـی ناوچـەی پیشەسـازیو بازرگـانی ئـازاد لـە هـەرێم و سەرپەرشـتیکردن و پێشخسـتن و کـاراکردنی رۆڵی وئامـادەکردنی پڕۆژە یاسای پێویست بۆ ئەم مەبەستە .

9-هەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی کشـتوکاڵ ،بـۆ پشـتیوان وهانـدانی جوتیـاران و وەرزێرەکـانی لێکۆڵینـەوە لەسەرچـۆنیەتی بـەکارهێنانی بەرهـەمی کشـتوکاڵ وەك مـاددەی کەرەسـە لـە کەرتـەکانی پیشەسـازیدا و لێکولێنەوەی لەسەر دەکات و دیگۆڕێت بـۆ بـەربوومی پیشەسـازی خۆمـاڵی کـە بۆبـەکارهێنانی خۆمـاڵی و ناردنی بۆ دەرەوە.

10 – هاندانی پشتگیری هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی و دامەزراندنی بانکی بازرگانی و پیشەسازی دەدات بۆ پاڵپشتی کردنی پڕۆژە بازرگانی و پیشەسازیەکان ،بەتایبەتی پـرۆژە بچووك و مامناوەندیـەکان ، هەروەها چالاککردنی ڕۆڵیشیان .

11- ڕێکخستنی میکانیزمی پاراستنی مۆڵکایەتی هزری بازرگانی و پیشەسازی و پێدانی نیشانەی ناسینەوە ( العلامات الفارقە ) ، رەسم ، و نموونەی دروستکراوەکە و ، بەرائەتی داهێنان ( براءة الاختراع ) .

12- خۆئامادەکردن بۆ بەستنی ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی سیاسـەتی ئـابووری لە هەرێم لە بوارەکانی نـاوخۆ و دەرکیـدا و، قـوڵکردنی پەیوەندیـەکان لەگـەڵ سەرچـاوەکانی گەشـەپێدانی تەکنولۆجیدا ، لە سنوری ئەو دەسەلاتە کانی هەرێم بەپێی دەستوری عێراق.

13- ئامادەکردنی کادر بۆ نوێنەری بازرگانی لە باڵیوەزخانەکانی عیراق لە دەرەوەو نوێنەرایەتی هەرێم لەبەردەم دەسەڵاتی فیدرالدا لە کاتی بە ستنی ڕێککە وتنامە و گرێبەست کە مۆرکی ئابووری و بازرگانی وپیشە سازی وبەهێزکردنی ڕۆڵی هەرێم وپارستنی بەرژەوە ندیەکانی بەپێی یاسا.

14- ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای پێویست بۆ بەشداریکردن لە چاککردنی وەبەرهێنان و ئاسانکردنی خزمەتی وەبەرهێنان و داڕشتنی بەرنامە و ، هاندانی وە بەر هێنەری ناوخۆ و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی.

15-بە شداری کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تەواوکاری باش بە ئامانجی بەدیهێنانی کاری چاودێریکردن هونەری لەسەرهاوردەو هەنارده و بەدواداچوونی جۆری بەرهەمی ناوخۆی پیشەسازی کە لەگەڵ باوە ڕپێکراوی جیهانیدا بگونجێ و پێشکەش کردنی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی لە پێناوچاککردنی چۆنایەتی بەرهەم و گەشەپێدانی کارەکانی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی خەرجی و بەکارهێنانی میکانیزمی نوێ .

16- پەرەپێدان و چاکترکردنی جۆری ئەو خزمەتانەی کە وەزارەت پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکات لە ڕێگای بنیاتنانی شێوازی نوێ لە بەڕیوەبردن و ، سوود وەرگرتن لە تەکنولۆجیای زانیاری لە ڕێگای بنیاتنانی میکانیزمی ئەلیکترۆن حکومەتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی وەزارەت لەگەڵ هاوبەشەکانی و هاووڵاتیانیشدابە شێوەیەکەی کارا ببێت ، و چارەکردن و ڕێکارەکانیش باشتر و ئاسانتر بکرێن و ڕێساکانی زانیاری دابمەزرێن بە جۆرێك کە جۆری ئەدای وەزارەتەکە باشتر بکات و ، ژینگەی پێویست بۆ گەشەکردنی ئابوری هەرێم فەراهەم بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی و ئابووری ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی وئابووری هاتووە، تێبینیمان هەبوو لەسەر مەهامەکان کە زۆر بوون، تێبینی ئەوەشمان هەیە کە ئەم مەهامانە یەك بخرێن و کەم بکرێنەوە، ئەوەش وەکو بینیمان ئەنجامدرا لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشدا، ئێمە هاودەنگ و هاوڕاین، لەگەڵ ڕاپۆرتی هاوبەش تەنها تێبینیەك هەیە، ئەگەر ڕێگام بدەی باسی بکەم، ( هەبوونی تەنسیق وتەعاون و هاریکاری لەبەینی وەزارەتی دارایی و ئابووری و کەرتی تایبەت شتێکی زۆر گرنگە، کەژووره بازرگانی و پیشەسازییەکان تەمسیلی دەکەن، هیچ خاڵێك لەیاسادا نەهاتووە کە ئاماژە بەوە بدات، من لەسەر پێشنیاری کاك جەمال ئەم پێشنیارە پێشکەش دەکەم، (التنسيق والتعاون مع غرف التجارية والصناعية في الاقليم، بما يخدم تحقيق اهداف الوزارة في خدمة القطاعين الصناعي والتجاري في الاقليم) ئەمە هەماهەنگیەکی پێویستە لەمابەینی کەرتی تایبەت و وەزارەتی پیشەسازیی و بازرگانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز سینان احمد چلبی(وەزیری بازرگانی وپیشەسازیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نیە، کاتێ ئەوانەمان هەمووی دیراسەت کرد تەنها لەخاڵی دەیەم (10- تشجیع دعم القطاعين التجاري و الصناعي و انشاء مصرف تجاري و صناعي) صناعی هەیە، لەوەی کە بە تەفعیل دەڵێت دەوری مەصرەفی صناعی، چونکە ئێستا هەیە حاڵی حازر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان گوێتان لە ڕەئی هەر سێ بەڕێزان لیژنەکەو لیژنەی دارایی و ئابووری و جەنابی وەزیر بوو، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت موداخەلە بکەن لەسەر ماددەی چوارەم ناویان دەنووسم تکایە دەست بڵند بکەن، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (هاوڕاز خۆشناو، صباح بیت الله، بەیان احمد، سەمیرە عبدالله، شلێر محمد، شڤان احمد، سیوەیل عوسمان، پەروین عبدالرحمن، تارا ئەسعەدی، جمال تاهر، جەلال علی، حسن محمد، بیلال سلیمان، بەفرین حسین، احمد وەرتی، هاژە سلیمان، بەشیر خلیل) کەسی تر هەیە؟ نیە، هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو ماددەیەدا لەگەڵ زۆرینەی خاڵەکانی لیژنەی هاوبەشم، بەڵام پێم وایە تێبینیم هەبێ لەسەر کۆمەڵێك شت کە لە ئەرکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بێت، یەکەم: کەلوپەلی هاوردە کراو بەڕاستی پێویستە لەجۆری دۆستی ژینگە بێت، چونکە زۆر لەو وڵاتانەی کە غازی سامیان هەیە، لە ئامێرەکان بەکاریان دێنن، بەوڵاتانی ئێمە ساغیان دەکەنەوە، کە ئەمەش حەتمەن زیان بە تەندروستی و بەژینگە دەگەیەنێت، دووەم: هەر لە ئەرکی وەزارەتی بازرگانی و ژینگەیە کە ئەو کەلوپەلانەی زیان بەتەندروستی تاك و کۆمەڵ ناگەیەنن ئەو کەلوپەلانە هاوردە بکەن، یەعنی ئێمە لەهەواڵەکان گوێ بیست بووین لەم ماوەیە لە دەوڵەتێکی وەکو ئەمەریکا، هەرچی لەعابەی مناڵان هەیە هی صینی هەمووی کۆکردەوە، گوایە ئەو لەعابانە زیانیان هەیە بۆ تەندروستی منداڵ، لەکاتێکدا کە ئێمە دەزانین کە کوالێتی کۆنترۆڵی ئەوان، زۆر بەهێزەو شمەکەکانی ئەوانیش لە پلە یەکدان بەڕاستی، سێیەم: پێم وایە هاوکاری کردنی موستەهلیك لەڕێگای بە ئەقسات فرۆشتنی کەلوپەلی پلە یەك، زۆر گرنگە کە زیادەی نەچێتە سەر، بەتایبەتی بۆ فەرمانبەران، لەسەر خاڵی 13 کەباسی پێشانگا دەکات بەڕاستی من دەڵێم، پێویستە ئەو پێشانگایانەی کە دەکرێنەوە، کەلوپەلەکانیان لەئاستی بژێوی هاووڵاتیان بێت، لەئاستی توانای هاووڵاتیان بێت، من نموونەی یەکێك لەو پێشانگا ئیتالیانە دەهێنمەوە کە لەم ماوەیە لە هەولێر کرایەوە، تەبعەن تەماشا دەکەین

بچووكترين ئامێرى مواسەفاتى ئيتالى كە موزەخەيەكە بە 250 دۆلارە، تۆ لە هەولێر باشترين موزەخە دەكڕى بە 50 هەزار، لەبەر ئەوەى ئەو پێشنگايانەى كە دەكرێنەوە شتێكى باشن، بەس دەبێت ئاستى بژێوى هاووڵاتيان ڕەچاو بكرێت لەو حاڵەتەدا، چونكە بۆكێ دەكرێنەوە بۆ هاووڵاتيان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار صباح بيت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەماددا چوار كە بويە ماددا سێ لە مهامى وزارە، ((تتولى الوزارة فى سبيل تحقيق اهدافها المهام و الاختصاصات الآتية) بە ڕايا من بێتە صياغە كرن، سادساً: تنفيذ البرامج اللازمة لإعداد وتأهيل وتدريب الكوادر الادارية والقيادية) واتە ئيدارى بێتە ئيزافە كرن، ثامناً دووبارە بێتە داڕشتن، ثامناً: عقد الاتفاقيات الاقليمية والدولية في مجال الصناعة والتجارة بهدف تعميق الاتفاقيات مع مصادر تطوير التكنولوجي بما لايتعارض مع الدستور العراقي)، ثاني عشر: لە ڕيزا دوێ،( ودعم البنية التحتية لغرض تشجيع التوجه التصديري) بەڕەئيا من ببێتە (لغرض تشجيع الصادرات) رابع عشر: تطوير سياسة المنافسة لترسيخ آليات السوق الحر وتفعيل نظام حماية المستهلك وحماية المنتج المحلي وبناء) لەجياتى( الاجهزة والكفاءات المطلوبة لذلك) ببێتە (المؤسستات المطلوبة للكوادر الكفوءة لذلك، خامس عشر: لنشر سياسة تصنيع) بەڕەئيا من ببێتە(رسم سياسة تصنيع)، سابع عشر: التخطيط والاشراف على أنشطة القطاعات الصناعية) ببێتە(التخطيط والمتابعة) ثامن عشر: إعداد الخطط السنوية والدراسات) ببێتە(اعداد الخطط التنموية القصيرة والبعيدة المدى، لەڕيزا دوێ، (والتجارية ودراسة الجدوى الاقتصادية والفنية للمشاريع) ئەڤى دى بە ڕەئيا من بێتە ڕەش كرن، تاسع عشر: اجازة تأسيس المشاريع التجارية) ببێتە (الدراسات اللازمە لتأسيس المشاريع التجاريە والصناعيە، تاسع عشر: اجازة تأسيس المشاريع التجارية والصناعية أو توسيعها أو تغيير أغراضها وشمولها بقانون الاستثمار لغرض تحسين مستوى النشاطات ورفع انتاجها) بەڕەئيا من ئەوى دى بێتە ڕەش كرن، احدى وعشرون: لەڕيزا دوێ(اللازمة لها في اطار خطط التنمية الصناعية في الاقليم)بەڕەئيا من ببێتە(خطط التنمية الاقتصادية) اثنان وعشرون: إعداد الدراسات اللازمة) ببێتە(اجراء الدراسات اللازمة) خمسة وعشرون: لەڕێزا دوێ( والمنتجات الى صناعات محلية وتطويرها وفق التعليمات والتنسيق مع الجهات المعنية، سبع وعشرون: والتعليمات الخاصة بالسلامة المهنية الصناعية) بەڕەئيا من (في المؤسسة الصناعية والمحلات التجارية)، ثلاثون: تشجيع دعم القطاعين الصناعي و التجاري و انشاء مصرف صناعي و تجاري لدعم مشاريع القطاع الخاص بما فيها المشاريع الصغيرة و المتوسطة)، اثنان و ثلاثون، بە رەئيا من بەم ڕەنگە ئەڤ مادە بێتە داڕشتن(العمل على ايجاد التمثيل التجاري في السفارات العراقية في الخارج و بالتنسيق مع الحكومة الاتحادية و اعداد الكوادر اللازمة لذلك)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەو موناقەشانە یەعنی ئێوە ڕاپۆرتی هاوبەش و دارایی ڕەفز دەکەن، یەعنی دەچنە سەر ئەوەی حکومەت، بۆیە تکایە تەرکیز بکەنە سەر ڕاپۆرتەکانی خۆتان، ئەگەر ئەوەی هاوبەش ڕەفز دەکەن، ئەوە قەیناکە، بەڵام ئەگەر رەفزی ناکەن، پێویست ناکات بچنە سەر مەشروعی قانونەکە، ڕێزدار بەیان احمد، فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن دەست خۆشیا ل ڕاپۆرتا هاوبەشی دکەم، خالێتوا گەلەکی جوان بوو، بەس تشتەکی کو من تێدا نەدیتیە، ئەڤ چەند خالێت هەنێ بوون، (مراقبە الاسواق)، یەعنی بەهایێ کەل و پەلا کو گەلەکا زەروریە، استقرارەکی ل ڤێرەدا چێ ببیتن، ل بەر هندێ ئەز بێژم (مراقبة الاسواق حرصاً على مصلحة المواطن والتحقق من مراعاة احكام هذا القانون والانظمة الصادرة بموجبه) ، خالا دی دیتنامن (تنظيم بيع المواد الاساسية والمواد المخزونة الاستراتيجي العائدة للوزارة وتفعيلها وتوزيعها وتداولها وعرضها ونقلها وتخزينها واستعمالها فائز منها) ئەڤ خالە ژی بۆ بوارا تیجارەتێ ژ من ڤە خالا هاوبەشدا نەهاتبوون، خالا دی تر (ادارة المستودعات وانشاء وادراة المرافق الاخرى اللازمة لاعمال الوزارة واستئجارها وتأجيرها)، خالەکا دی (اعداد قاعدة بينات بالانشطة الصناعية والتجارية والاقتصادية والعمل على تطويرها وتحديثها)، خالەکا دی ژ من ڤە د ڕاپۆرتا هاوبەشدا نەهاتیە (تنظيم سجل صناعي للمشاريع القائمة في الاقليم) کو ئەڤێ ژی گرنگیا خۆیا هەی، خالا دیتر (دراسة التكتلات والهيئات التجارية والصناعية والاقليمية والدولية واعداد مشاريع الاتفاقات والبروتوكولات الصناعية والتجارية ذات العلاقة بعمل الوزارة)، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵم هەیە، یەکەم/ کوالیتی کۆنترۆڵی ئیجبار بکرێت لەو کەلوپەلانەی کە هاوردە دەکرێت بۆ کوردستان لە کاتی تۆمارکردنی دا، چونکە ئەم کەلوپەلانە شتی خراپی تێدایە کەسیش مەسئول نیە، تەنها میللەت زەرەرمەندە، دووەم/ پێشنیار دەکەم سوقێکی مەرکەزی بکرێتەوە، بازاڕی مەرکەزی وەکو جاران کە هەبوو، ئێستا هەیە، بەڵام کەمە بەشی میللەتەکە ناکات، لەڕێگەی شەریکە و کۆمپانیاکان و لە ڕێگەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دەست خۆشی لە هەر سێ لیژنەکە دەکەم، بەڵام وابزانم ئەگەر بەڕێز وەزیریش لەگەڵمان بێت، شتێك هەیە ناوی (الاشراف على المناطق المخصصة لاستخراج المواد المقلعية) چونکە ئێمە صناعەکەمان هەمووی ئەوەیە کە ئەگەر ئەو ماددەیەی بۆ ئیزافە بکرێ بۆ ئەوەی ئەمان بتوانن ئیشرافی شوێنی مەقالع بکەن بۆ چیمەنتۆش و گەچ و لەگەڵ مەعمەلی مەڕمەڕ، لە ئەسڵی پرۆژەکە فەقەرەی 27 سەلامەی میهەنی نازانم بۆ لابراوە، ئەگەر لە گەڵ ماددەی 6 دا دەمج بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکە هاتووە حەقیقەتەن زۆر دوور و درێژ بووە و ئەومەهامە رەئیسیانە، دەست خۆشی لە لیژنەی موشتەرەك دەکەین کە سیغیەکی تێر و پڕ و باشیان داڕشتووە، بەڵام دیسان لە هەمان ئەو سیغەیە کە لە 32 بڕگە بووەتە 16، شتێکی زۆر باشە، لەو 16 دا دەبینم تێکەڵیەك هەیە، من پێم باشە شەقی تیجارە بە جودا (أ) التجارە: 1 ـ 2 ـ3 ـ4 دابڕێژرێت، (ب) الصناعە دابڕێژرێت، ئەگەر موشتەرەکاتیش هەبێت (ج) المشترکات، لە بەینی صناعە و تیجارە، بۆ ئەوەی دیقەت لە موهامەکاندا هەبێت، چونکە لێرە تێکەڵیەکی پێوە دیارە، ئەوەی کە لە خاڵی 12 دا هاتووە، لە پرۆژەی موقتەرەح کە تەئیدی پرۆژەکە دەکەم بە شێوەیەکی عام، بەڵام لە (وتعميق العلاقات على مصادر التطور التكنولوجي في حدود الصلاحيات المخولة للاقليم في الدستور العراقي)، ئەم سیغەیە وەك ئەوەیە کە کەسێك شەرت لەسەر ئەمە دابنێت، بەو شێوەیە هاتووە، یەعنی شەرتی غەیرە، ئێمە بۆ خۆمان قانون دادەنێین، هەر لێرە بنووسن (وفقا للدستور) ئەوە سەلاحیەتێکی دەستووریە بە ئیقلیم دراوە، ئەمە بۆنی شەرتی غەیری لێ دێت، (وفقا للدستور)، هەروەها لە بڕگەی 13 یشدا هاتووە، (وفقا للقانون) نابێت ئەوە سەلاحیەتێکی دەستووریە، (وفقا للدستور) دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك، دوو تێبینی زۆر بچووکم هەیە درێژەی پێ نادەم، لەسەر ڕاپۆرتی موشتەرەك هی هەردوو لیژنەکە دەست خۆشیان لێ دەکەم، چونکە ئەوەی حکومەت زۆر دوور و درێژ بوو، هەمانە (ثالثا) تسجيل ورقابة نشاط الشركات المحلية والاجنبية وفروعها ومعالجة شؤون الوكالات التجارية وتسجيلها فى الاقليم)، یەعنی تەسجیل دووبارە هاتووە، ئەگەر یەکیان ڕەش بکەنەوە، یان ئەوەی ئەوەڵ یان ئەخیری وابزانم ڕێك ترە، بە نیسبەت خاڵی 9 (تاسعا): (التنسيق مع وزارة الزراعة لدعم وتشجيع الفلاحين)، لێرە تەشجیعی فەلاحین

به عەرەبیەکەی تەواوە، بەڵام بە کوردیەکەی نووسراوە (وەرزێڕ) ئەگەر وەرزێڕی بکەینە (جوتیار) باشترە، لەبەرئەوەی جوتیار خاوەن موڵکە، دوای ئەوە (تشجيع الفلاحين ودراسة كيفية استخدام المنتوجات الزراعية كمواد أولية في القطاعات الصناعية وتحويلها الى منتوجات صناعية محلية لاغراض الاستهلاك المحلي وتصديرها الى الخارج)، نەك (وتصدير الى خارج)، ئەگەر بکرێت ببێتە (وتصديرها الى الخارج)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش، بەڵام من چەند تێبینیەکم هەیە، بە نیسبەت پشتگیری کردن لە کەرتی تایبەت و تێکەڵاو، بەڵام لێرەدا پێویستە سیاسەتی حکومەت بەڕوونی دیاری بکرێت، چونکە ئەگەر بودجەی تایبەتی بۆ دانەنرێت بۆ بەشداری کردن لە کەرتی هاوبەش ئەوا پێویست نیە ڕاست بکرێت، بە نیسبەت خاڵی 6 من پێم باشە ئەو خاڵە وا بنووسرێتەوە (بۆ کارئاسانی باشتر و بەڕێوەبردنی بازرگانی و پیشەسازی پێویستە تۆڕی کۆمپیوتەر بەکاربهێندرێت و ببەسرێتەوە بە دەزگای وەبەرهێنان و کادیرانی وەزارەت پێش بخرێن لەم بوارەدا)، بە نیسبەت بەستنی ڕێککەوتننامەی هەرێمی و نێودەوڵەتی لێرە پێویستە دەستووری هەرێم پەسەند بکرێت ئەو کات ئەو جۆرە ڕێککەوتننامانە بکرێت، چونکە ئەوڕێککەوتننامانە لە دەستوور دا ڕوون تر دیار دەبێت، لێرە پێم خۆشە ئاماژە بە چەند خاڵێك بدەم کە باس نەکراوە، یەکێك لەوانە لە چۆنیەتی وەرگرتنی دانەوێڵەیە لە جوتیاران کە ئێستا کێشەیەکی زۆری ناوەتەوە و بۆ کرێی سەیارە شەو و ڕۆژ تەقریبەن 100 هەزار دینارە، هەروەها بۆ بە خەسارەت نەچوون و بۆ بەفیڕۆ نەچوونی بەروبوومە وەرزیەکان، بۆ نموونە تەماتە و هەنار و ترێ و ئەوانە و چۆنیەتی سوود وەرگرتنیان و خەسار نەبوونیان پێویستە حکومەت ڕێ و شوێنی لەبار بگرێتە بەر، خاڵی سێیەم کە باس لە بازرگانی و پیشەسازی دەکەین دیارە ئەوە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە کرێکارەوە هەیە، بەڵام لێرە هیچ باسی کرێکار نەکراوە، چونکە کرێکار دەوری سەرەکی دەبینێت لە بازرگانی و پیشەسازی دا، بۆ نموونە لە ساڵانی هەفتاکان حەدی ئەدنای مووچەی کرێکار 54 دینار بووە، بەڵام ئەگەر بنووسرێت کە مووچەکەی چەندە ئەگەر 30 دینار بوایە هەر بە 43 دینار دەیان نووسی، بۆیە پێویستە لێرە حەدی ئەدنای مووچەی کرێکار دیاری بکرێت، زۆر باشە، هەروەها بۆ دامەزراندنی کارگە و کارە بازرگانی و پیشەسازیەکان پێویستی بە زەوی هەیە بۆ ئەو  کارگانە لەسەری دابمەزرێت، بێ گومان زەویش پەیوەندی بە جوتیار و وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە، بۆیە لێرە پێویستە باس لە وەزارەتی کشتوکاڵیش بکرێت، چونکە دەوری سەرەکی دەبینێ لەم بوارەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی لێرەدا کە ئەم موناقەشانە دەکرێت، ئێمە ئەوەی لە دەستمانە و ئەوەی لە حکومەتەوە کە بۆمان هاتووە کە تێبینیەکانمان دەبێت وەکو خۆمان باسی دەکەین، کە تێبینیەکانمان ئەگەر بهاتبایە بەڕای من ئەو لیژنە هاوبەشە دەست خۆشی لێ دەکەین کە ماندوو بوون زۆر، بەڵام ئەگەر بهاتایە ماددە بە ماددە ئەمەی کە هاتبوو خاڵ خاڵەکە و چی دەمج بووە و چی زیادیان کردووە و چیان کەم کردووە، بە شێوەیەکی تر بوایە و تۆزێك هێن بوایە، بۆ ئەوەی موناقەشەکان لێرەدا کەم تر بێت، بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەشدا من شتێکم هەیە دەمەوێت لێرەدا ئیزافەی بکەم لە خاڵی 4 کە دەڵێت (تشجع رؤوس الاموال الاجنبیة) وای بە باش دەزانم وا بووترێت (العمل علی جذب الاستثمارات الاجنبیة)، خاڵێکی تریشم هەیە کە لە کۆتایی دا هەیە، وا بە باش دەزانم کە بنووسرێت (تفعیل دور الملحقیات التجاریة في السفارات العراقیة واستفادة الوزارة من هذه الملحقیات لصالحها)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک جمال فەرموو.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر بێتو سەیری ئەڤان مەهامێ تەنێ بکەن، ئێمە دبینین ویزارە زۆر ڕۆیشتیە ناو بابەتی مەهام، لێرە مەسائیلی فەنی و ئیداری تێکەڵاو کراوە، زیاتر لە بواری ئیجرائی ڕۆیشتووینە ناو، ئێمە ئەگەر بێین دیسان سەیر بکەین ئێمە فەلسەفەی ئیقتسادی هەرێم ئەی چیمان هەیە، فەلسەفەی حورە؟ ئیقتسادی سوقە؟ چیمان هەیە؟ یان ئیقتسادی موخەتەتی مەرکەزیە، ئێمە هەموومان دەزانین ئێستا لە هەرێم سیاسەتێك پەیڕەو دەکرێت، ئەوەیە کە ئیقتساد (السوق)ە، بۆیە ئەمن دبینم هاتنی ویزارە بەو تەفاسیلە ئیحتمالە پێچەوانەی کارڤەکات لگەڵ ئەم فەلسەفەی ئیقتسادی، بۆیە هەر سوپاسی لیژنەی هاوبەش دەکەم کە توانیان کەمتر لێ بکەن، 32 مەهام بکەنە 16 ماددە، بەڵام پێویست بوو مەسائیلی ئیجرائی و ئیداری لەیەك جیا بکردباوە لە مەسائیلی فەنی، دیسان دووپاتی دەکەمەوە مەسەلەی غورەفی تیجارە و صناعە کە ئەوە ئێستا لە عالەم دەور دبینێتن بۆ پەیوەندی کرن و بۆ هەموو شتێکی کە ئێستا بۆ بواری ئابووری ئێستای ئێمە دبینن، کە ئێستا ئابووری بویە مەسەلەکی عالی، بۆیە دبێت خالێك لێرە ئیزافە بکرێت، دەوری غورەفی تیجارە و صناعە ئایا لێرە چیە؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک جلال فەرموو.**

**بەڕێز جلال علی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ لیژنەی هاوبەش، پێشنیارێکم هەیە کە دیارە لەبیر کراوە، خاڵی 4 دەڵێت (انشاء وادارة المستودعات) باسی موستەودەعاتی عەصری و سایلۆیات و مەخازنی موبەرەد و موجەمەدەی نەکردووە کە پێویستە ئیزافە بکرێت، چونکە ئەوە مەهامێکی گرنگی وەزارەتی تیجارەیە، پرسیارێك و پێشنیارێکم هەیە لە بەڕێزانی لیژنەی هاوبەش و بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ، ئایا لە مەسەلەی بەشە خۆراکی مانگانەی بڕیاری 986 کە زیاتر لە 10 ساڵە ئیشی پێ دەکرێت و قسەی زۆری لەسەرە لە میدیاکان دا، ساڵانە نزیکەی 6 ـ7 ملیار دۆلاری تێ دەچێت پشکی هەرێم زیاتر لە ملیار و نیوێکە، ئایا دەتوانین لە ئەرکەکان دا جێی بکەینەوە؟ پێشنیازەکەم ئەوەیە کە بکرێتە خاڵێك کە وەزارەت هەوڵ بدات ئیش بکات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عیراق، بۆ چاککردن و پەرەپێدانی جۆر و پشکەکانی خۆراکی مانگانە، لیکۆڵینەوەو بەرنامەدانان بۆ کەڵك وەرگرتن لە بەرهەمە ناوخۆییەکان، بۆ کەم کردنەوەی تێچووی بەرنامەکە و گۆڕینی سیستەمی جۆری خواردەمەنیەکان و چاکترکردنیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حسن فەرمووو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە پرۆژە ئەسڵیەکە مەهامەکان بە 32 مەهام هاتووە، ئەمە گەورەترین ژمارەی مەهامە کە تا ئێستا بینیومانە، سەبەبەکەشی ئەوەیە کە هەرچی مەهام کە بە قانون و بەنیزام و بە تەعلیمات ڕێك بخرێت ئەوەی هێناویەتی خستویەتە ناو ئەو ئەرکانە و لێرە کۆی کردووەتەوە، دووەم/ زۆر شتی موکەرەرە، 7 و 10 و 28 ی لەسەر شەریکاتە، 8 و 31 ی لەسەر ئیتیفاقاتە، 11 و 25 و 26 ی لەسەر تەنسیق لەگەڵ وەزاراتە، بەشێکیشی تەعلیمات و نیزامە، بە ڕەئی من لیژنەی هاوبەش و لیژنەی دارایی شتێکی باشیان کردووە کە کردوویانە بە 16، بەڵام باشتر بوو بە چوار عینوان هاتبا، یەکەم/ ئەو مەهامانەی کە پەیوەندیان بە کەرتی صناعیەوە هەیە، دووەم/ ئەو مەهامانەی کە پەیوەندیان بە کەرتی تیجارەوە هەیە، سێیەم/ ئەو مەهامانەی کە پەیوەندیان بە مەسەلەی ئیتیفاقاتەوە هەیە، چوارەم/ ئەو مەهامانەی کە پەیوەندیان بە تەنزیم کردنی منافەسە و بە حیمایەی ئینتاجی وەتەنی و هەروەها تەئجیر و حیمایەی موستەهلەك و تەنزیمی تەسجیلەوە هەیە، لە کۆتایی دا دەڵێم هەندێك مەهامی تریش هەبوو کە زۆر گرنگ بوون لەناو مەهامی وەزارەتی تیجارە و صناعە هاتبا، من تەئیدی شلێر خان دەکەم کە پێویست بوو ئیشراف بکاتە ئەو شوێنانە و ئەو ناوچانەی کە مەقلەعیان تێدایە وەکو کارگەی بەرد، هەروەها تەئیدی

کاك جلال دەکەم لەسەر ئەوەی کە دابین کردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان، تەئیدی سەمیرە خان دەکەم لەسەر ئەوەی کە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی ئەم وەزارەتە مەسەلەی مواسەفات و مەقایسە، پێویست بوو یەکێك لە ئەرکەکانی ئەوە بێت بە تایبەتی بە نیسبەت مەوادی ئینشائی و نەسیجی، ئەرکێکی تریش ڕێکخستنی بازاڕی پارەی کاغەز و ئەسهوم و سەنەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بلال فەرمووو.

**بەڕێز احمد سلێمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە لیژنەی هاوبەش دەکەم، بە تایبەتی لەسەر ئەو ماددەیە، دوو تێبینیم هەیە لە خاڵی 7 و 10، کە لە خاڵی 7 باسی ئیهتمام دان بە کەرتی پیشەسازی دەکات، من پێم باشە بۆ ئەوەی کە ئەم پیشەسازیە دەستیانەی کە لە هەرێمی کوردستانی خۆمان هەمانە و مەحەلین و تایبەت بە خۆمانن، ئەوە ئیهتمامێکی زیاتری پێ درابا بەوەی کە ئیزافەیەك بکرابا لە خاڵی 7 کە پێشنیار دەکەم زیاد بکرابا بەوەی کە پیشە دەستیەکان و هەوڵدان بۆ بەردەوامی و پارێزگاری لێ کردنیان و برەو پێدانیان، ئەو پیشە دەستیانەی کە هی خۆمانن و مەحەلین و تایبەتن بە خۆمان ئیهتمامی زیاتریان پێ بدرێت و پارێزگاریان لێ بکرێت، لە خاڵی 10 کە باس لە تەشجیعی دەعمی قیتاعی تیجاری و صناعی دەکات، من پێموایە بۆ پشتیوانی کردن تەنها لە تەشجیع کردن نەبێت، لەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم پشتیوانی کردنە بە پێدانی قەرز و سلفە بێت بۆ ئەو تاجرانەی یان ئەو کەرتانەی کە دەیانەوێ شەریکەیەك دروست بکەن لە هەرێمی کوردستان بۆ پێشکەوتنی ئەو مەعمەل و بەرهەمی ناوخۆیی، حکومەت قەرزیان پێ بدات بەوەی کە لە داهاتوو دا بتوانن شەریکاتی گەورە دروست بکەن، بۆ ئەوەی کەمتر پێوستمان بە دەرەوە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرمووو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی 3 قسەم هەیە کە باس لە هاندان و پشتگیری کردنی کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو دەکات، ئێمە لاریمان نیە و هەمووان لەگەڵ ئەوەین گرنگی بە کەرتی تایبەت بدرێت بۆ ئەوەی بەرەوپێش بچێت، بەڵام پێم وایە تا ئێستا شتێك نیە لە هەرێمی کوردستان بەناوی کەرتی تێکەڵاو، بۆیە پێم باشە ئەوە هەر لە پرۆژە یاساکە لابدرێت، هەروەها باس لە پەرەپێدانی کار دەکات بۆ پرۆژە بچووکەکان، باشە بۆچی بەس تەنها پرۆژەی بچووك؟ ئەی پرۆژەی مامناوەندی؟ ئەی پرۆژەکانی دیکە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست خۆشی بۆ ليژنەی هاوبەش ديارە كورت كردنەوەو پوختەكردنەوەی ئەو خاڵە، ئەوانە بەڕاستی ئەو مەهامانە زۆر گرنگ بوون، چونكە زۆر تەفسيلێ بوو بەڕاستی، بەلاَم من چەند تێبينيەكم بۆ دروست بووە بە تايبەتی لە تەرجەمە كردنی ئەو خالاَنە كە لە مەهامی وەزارەتە كە بە كوردی تەرجومە كراوە، كە بەڕاستی زياتر لەسەر عەرەبيەكەی موناقەشەمان كردووە، تەرجەمە كورديەكەی بەڕاستی سەقەتی زۆر تێدايە، من لێرە ئيشارە بە چەند خالێك دەكەم، لە خالی 3 كە باس لەوە دەكات (تسجيل ورقابة نشاط الشركات المحلية والاجنبية)، لە كورديەكەی دەڵێت (نووسين و مراقەبەكردنی)، تەبعەن (تسجيل) بەمانای (تۆماركردن) دێت، نەك بە مانای (نووسين)، مراقەبە كردنيش زياتر لە كورديەكەی ئێمە (چاودێری) بەكاردێنين، نازانم (مراقبة) بۆ بووە بە (موراقەبەكردن)؟، .......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان تكايە بێ دەنگ بن، وا قسە دەكات با گوێمان لێی بێت، نەختێكی تر كە تەواو بوون لە دەرەوە قسە بكەن، كاك د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(وتسجيلها في الاقليم) ديسان هەر بە نووسين هاتووەتەوە، وەكالەتەكەش نەكراوە بۆ كورديەكەی، ئەگەر مەبەست بەوەكالات غەيری شەريكات بێت، دەبێت (بريكارەكان) بەكاربهێنی، لە خالی 9 دا (التنسيق مع وزارە التجارە دعم وتشجيع الفلاحين ودراسە كيفيە استخدام المنتجات) لە كورديەكە (هاندانی جوتياران...)پێم وايە ئەو وشەيەی ديكە هەر زيادە نووسراوە، (وەزيرەكان يان وەرزێڕەكان) تەنها جويتارانە (..........جوتياران و ليكۆڵينەوە........)، لەوێ دەڵێت (تشجيع الفلاحين ودراسة كيفية.......الخ)، لە خالی 16 دا لە تەرجەمەكەی بەڕاستی بە هەڵە نووسراوە، كە باس لە (من خلال تبنی تقنيات منظومات الحكومة الالكترونية)، كورديەكەی (تبنی) كردووەتە (بنيات نان)، تەبعەن (تبنی) بنيات نان نيە، (بناء) بنيات نانە، لەبەرئەوە ئەمە زۆر غەڵەتە دەبێت چاك بكرێتەوە، تەبەنی كردنی شێوازی نوێ لە بەڕێوەبردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرمووو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە لیژنەی هاوبەش دەکەم بە کورت کردنەوەی ئەرکەکانی وەزارەتەکە بۆ 16 ئەرك، بەلام تەنها لە خاڵی 9 بە تەنسیق کردن لەگەڵ وەزارەتی زراعە بۆ تەشجیعی فەلاحین، پێشنیار دەکەم کە لە کۆتاییەکەی ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، ئەویش (بەبەگەڕخستنی کارگەکان و کردنەوەی کارگەی نوێ لەناوچە کشتوکاڵیەکان)، چونکە بێ گومان مەنتوجی زراعی چۆن دەبێتە صناعی، دەبێت بە کارگەکان تێ پەڕێ ئەو کاتە دەبێتە صناعی، بۆیە لەو شوێنانەی کە ناوچەی کشتوکاڵین زۆر جار هەیە، ئەو مەعاملانەی لێ هەیە، هەر بۆ نموونە کارگەی فتوبەندی هەریر ئێستا بۆ ماوەیەکی زۆرە داخراوە، ئەگەر ئەو کارگانە بەگەڕ بخرێن و کارگەی نوێ لەناوچە کشتوکاڵیەکان بکرێتەوە، پێم وایە شتێکی زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بشیر فەرمووو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەکەم، بەڕاستی خاڵەکانیان زۆر بەرێکی کورت کردووتەوە و تەرشیق و تەنسیقێکی باشیان تێدا کردووە، مولاحەزاتم لەسەر بەعزێك لە خاڵەکان هەیە، لە خاڵی 3 باس لە تەسجیل و رەقابەی نەشاتی شەریکاتی تیجاری دەکرێت، ئەو رەقابەیە پێویستە بەڕاستی زۆر ئەکتیف بکرێت، ئەگەر بکرێت بەعزێك لەو شەریکاتانە شروتی شەریکاتیان ئەگەر تەواو نەبوو، شەریکاتەکە با ئیجازەی پێ نەدرێت، جاری وا دەبینین کابرا بەس دوکانێکی هەیە فتەعەیەکی لەسەر دراوە و بووە بە شەریکە و ئیجازەی وەرگرتووە و کاری خۆی دەکات ولەوانەیە پارەشی بێ و پارەی بڕوات، خاڵێکی تر لە خاڵی 5 باس لە (اعداد وتنفیذ برامج المعارض والاسواق)، ئەو ئەسواقانە ئەگەر بکرێت لە مەحەلی و لەخارجیش بێت، نەك بەس مەعارضی دەرەکی لە کوردستان بکرێت، بەڵکو مەعارضە کان با لە هەندێك لە نەشاتات و کەلوپەلی خۆمان لە خارجیش بکەینەوە لە وڵاتانی دەرەوە، ئێمە هەندێك بەروبوومان هەیە، دەکرێت مەعرەزی پێ بکەینەوە، وەکو مەسەلەی هەنگوین و میوەو مەعمەل روخام و صناعاتی یەدەوییمان هەیە، دەکرێت ئێمە مەعارزی بچووك و گەورە بکەینەوە لە دەرەوە، لەخاڵی 9 باس لە (تنسیق مع وزارە الزراعە) دەکرێت، ئەوە شتێکی زۆر زۆر چاکە بەتایبەتی صناعە لەگەڵ زراعە کە دەکرێت، شتێکی گرنگ هەیە هەتا لە موحافەزە لەسەر تەندروستی خەڵکی و هاووڵاتیان دەکرێت، بۆ نموونە دانانی مەعمەلێکی ئەلبان لە هەولێر و لە شارەکانی کوردستان کە ئەوە رزگارمان دەکات لە زۆر لە مەنتوجی ئەلبان و ماست و پەنیری خەڵکی کەوا بەس مەوادی حافیزەی زۆر تێدا بێت و تەئسیر لە سحەتیش بکات، خاڵی 13 باس لەوە دەکات کەوا تەمسیلی ئیقلیم دەکات لە بەغدا و لە سوڵتەی ئیتیحادی، ئەمە بەڕاستی شتێکی باشە، من لەو خاڵەدا پشتگیری لە کاك جلال دەکەم کە باسی مەوادی غزائی کرد، باسی مەوادی باییعی کرد، ئێمە ئەمڕۆ موشکیلەیەکی زۆر گەورەمان هەیە، نەك بەس لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو

عيراق بەشێوەیەکی گشتی موشکیلەیەکی گەورەی لەسەر مەوادی بایيعی هەیە، ئەمە تاوەکو ئێستا لە 91ەوە تاوەکو ئێستا هیچ مانگێك هیچ فەردێکی عیراقی مەوادی بایيعی مانگانەی بایيعی وەکو خۆی وەرنەگرتووە، شەکر هەیە و برنج نیە، برنج هەیە و رون نیە، مەوادەکانیش زۆربەی هەرە زۆری خراپ و ئیکس پایەرە، من بۆ ئەوە بەڕاستی دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك جلال بۆ ئەوەی کە وەزارەتی سناعە و تیجارە کار بکات لەگەڵ بەغدا، بەڵکو وا بکات کە ئێمە بۆ خۆمان مەوادەکان یان مەوادی مەحەلیش بەکاربێت لە شتەکان بە شێوەیەکی چاکتر و باشتر بکرێت، خاڵی 15 باس لە (مساهمة مع الجهات المعنية) باس لە رەقابەی فەنی دەکات (على المستوردات)، ئەمە شتێکی زۆ رزۆر باشە بەڕاستی، مستەورەداتی ئەمڕۆی کوردستان، زۆر پێویستی بە رەقابە هەیە، رەقابە لە دوو لایەنەوە، رەقابەی کەممی و رەقابەی نەوعی، رەقابەی کەممی ئێمە تەماشا دەکەین سەیارەکی زۆر داخلی کوردستان دەکرێت بە بێ حسابی عەدەد و بێ حسابی ئەوەی کەوا نە حسابی جادە دەکرێت، نە حسابی ژینگە دەکرێت، نە حسابی خەڵك دەکرێت، ئەمە لە لایەنی کەممیەوە دەبێت رەقابە بکرێت، لەلایەنی نەوعیشەوە ئەو مەوادانەی کە لە دەرەوە دێت بە تایبەتی لە صین و لەوانە کە دێت نەوعیەتێکی زۆر زۆر خراپی هەیە، جا بۆ ئەوەی ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، (من الناحية الكمية والنوعية)، لە ئەخیری دا خاڵێك هەیە کە پێم خۆشە و پێم باشە ئیزافە بکرێت کە زۆر بە گرنگیشی دەزانم، ئەوەیە کە لە مەهامی وەزارەتەکان یەك لەوانە ئەوە بێت (العمل على اعادة التشغيل واستعادة المنشأت والمراكز الصناعية والتجارية)، ئێمە زۆر مەعامل و مونشەئاتمان هەیە کە موڵکی وەزارەتی صناعە بوو، بەڵام ئێستا وەزارەتی صناعە نەماوە، ئیش بکەن بۆ گەڕانەوەی ئەوانە، وەکو مەعمەل نەسیج لە شارەکان، کە ئێستا لەسەر وەزارەتی صناعە نەماوە، مەعمەل روخام، مەعمەل جگەرە، ئەگەر بێتو جگەرەکەش خراپ بێت، بەرهەمی نەهێنین، بەڵام جێگاکە و شتەکان و مەعاملەکان ئیشمان پێی دەبێت، مەعمەل شەکر لە سلێمانی هەبوو، ئێستا کوا چی لێ هاتووە؟ ڕاگیراوە، ئەوانە ئیعادە بکرێنەوە و کاری پێ بکرێت، ئەسواق مەرکەزی لە شارەکان، ئەسواق مەرکەزی لەسەر ئەو هەموو موەزەفانەی خۆی و ئەو هەموو شتانە ئێستا وا ڕاوەستاوە و تەجمید کراوە، دەکرێت وەزارەت بۆ خۆی مەواد بۆ ئەو ئەسواقانە بێنێت کە زۆر مەخازنی موبەرەد و منەوەعیش هەیە کە موڵکی وەزارەتە کەوا ئیش بکات و ئەوە بگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ موداخەلەکانتان، ئێستا لیژنەی یاسایی رەئیتان لەسەر ئەو موداخەلانەی ئەم بەڕێزانە کردیان، کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی لیژنەی هاوبەشەوە وەڵام دەدەمەوە، هەر لەسەر موداخەلەی هاوڕاز خانەوە سەبارەت بە پیشەسازی خۆراك و ژینگە، وەزارەتی پیشەسازی باوەڕ ناکەم هیچ ئیجازەیەك و هیچ موڵەتی کارگەیەك بدات بە بێ

ئەوەی تەئیدی وەزارەت ژینگە بکات، یاخود دەزگای ژینگە بکات لە هیچ شوێنێك، سەبارەت بە پێشانگا دەڵێت دەبێت لەسەر مستەوای دەخلی فەرد بێت، دەخلی فەردی هاووڵاتی کوردستان بێت، ئەنواعی پێشانگا دەکرێتەوە، پێشنگای ئیتاڵی هەیە و پێشانگای ئێرانیش هەیە، هەرشتەکی سعری خۆی هەیە، بازاڕی ئازادە، ئێستا سیاسەتی بازاڕی ئازادە و هەردووکی هەیە، کاك صباح تەرحی ئەوەی کرد (بما لا یتعارض الدستور العراقی) منیش لەگەڵ جەنابتم، مومکینە نەختێك زیادی هەیە لە سیاغات، (بما لا یتعارض الدستور العراقی، کذلك صادرة)، فەقەرەی $14$ سەبارەت بە (الکوادر المطلوبة لذلك) وابزانم لە سیاغات ئەشکال نیە لەوانە موتەفقین لەسەری، (خطط التنمویة القصیرة والبعیدة ) ئەوە هەمووی لەخۆی دەگرێتەوە، مەهامی وەزارەت ئەو شتانە هەمووی لە خۆ دەگرێت، فەقەرەی $19$ سەبارەت بە (اجراء الدراسات اللازمة وشمولها بقانون الاستثمار) لە فەقەرەی $7$ هاتووە و داخلمان کردووە، بەڵام بە داخەوە لەو وەختەی کە دەستەی وەبەرهێنان هاتووە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و تەندروستی و دارایی و خوێندنی باڵا کەسیان سوودیان لە قانونی ئیستسمار وەرنەگرتووە، ئێستا پاشی تەعدیل کردنی قانونەکان وابزانم دەتوانن ئیستیفادە وەربگرن، ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەتیان دەدەن مەشمولن بە قانونی ئیستسمار، دەربارەی (مراقبة الاسواق وحرصا علی مصلحة المواطن) وابزانم لە مەهامی وەزارەت هاتووە، پاش چاودێری کردنی بازاڕ لە باری نرخ و باری جۆری، باری چۆنیەتی و باری جۆری و باری نرخەوە، لە مەهامی وەزارەتە و ئەوەی لە زمنی ئیختساسی ئەوانە لە خاڵی $2$ باسکراوە و مەوزوعی نەوعیەت کۆنترۆڵی جۆری مەرکەزی هەیە و سەر بە وەزارەتی تەختیتە و بۆیە زۆر بە تەفاسیلێ ناوی لێرە نەهاتووە، وەلەو سێ، چوار دەزگای پشکنین هەیە لە وەزارەتی پیشەسازی، لە وەزارەتی بازرگانی هەیە، لە وەزارەتی تەندروستی هەیە، لە زانکۆ هەیە، بەس مەسئولیەتی مەرکەزی فەحس کردن و کۆنترۆڵی جۆری لە وەزارەتی پلاندانانە، سەیتەرەی مەرکەزی لەوێیە، باسی تەنزیمی سجلی صناعی، کە سجلی صناعی بەناوی کارگەکان و کۆمپانیاکان هەبێت وابزانم ئەوەی سەردانی وەزارەتی پیشەسازی بکات چ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پیشەسازی، چ لە بەڕێوبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ئەو ئەرشیفە هەیە، گشت زانیاری و داتاکانی تێدایە، سەمیرە خان باسی سەیتەرەی نەوعی کرد، باسمان کرد ئێمە، باسی سوق مەرکەزی وابزانم سیاسەتی کوردستان، سیاسەتی بازاڕی ئازادە و بەڕێوەبردنی ئەو نەوعە پرۆژانە وابزانم سەرکەوتوو نەبووە حکومەت لەو جۆرە پرۆژانە، چ لە کارگەوە، چ لە سوق مەرکەزیەوە، ئێستا دەستی پێ کردووە بە ئەوەی بازاڕ کە کەرتی تایبەت بیکات، وەکو حکومەت و وەکو وەزارەتی بازرگانی و حکومەت بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری بکا و ئاسانکاری بۆ بکات و متابەعەی بکات و مراقەبەی بکات، شلێر خان باسی مەقالعی کرد، قانونی ئیستسماری مەعدەنی تایبەتە بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، مەسحی جیۆلۆجی و (الاستثمار المعدنی) لە سەلاحیاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە، ئەوان بە پێی قانونی ئیستسماری مەعدەنی تەعامولی لەگەڵ دەکەن و هیچ ئیجازەیەك نادرێت ئەگەر لەوێ نەبێ کاری پێ دەکرێت و لە ئیختساسی ئەوانە، وەرزێڕ و جوتیار وابزانم موتەفقین لەسەر ئەوە لە قانونی وەزارەتی کشتوکاڵ گۆڕیمان

و وەرزێڕمان کردووە بە جوتیار، پەروین خان تەرحی ئەوەی کرد سەبارەت بە بەروبوومی کشتوکاڵی هەرێم، وابزانم لەوە ئاگادارن گەنم ئێستا وەردەگیرێتەوە، هەروەها جۆش وەردەگیردرێت، گەنم هەر یەکسەر لە سایلۆکانەوە تەحویل دەکرێت بۆ ئاشەکان کە بەشێکە لە حسەی تەموینی، بەشێکە بە بیتاقەی مەوادی غەزائی خۆراك، بەس ئەوەی کۆنترۆڵی جۆری کە مەرکەزیە ولە مەسئولیەتی حکومەتی فیدراڵیە لە بیدایەتی 1991 ەوە تا ئێستا کێشەی کۆنترۆڵی جۆریان هەیە، زۆر لە گرێبەستەکان لەو ئاستە دانین کە مەوادەکانیان بە کەڵکی بەکارهێنانی بەشەری بێت، زۆریان خراپن، وابزانم هەمووتان لە تەلەفزیۆنیش گوێتان لێ دەبێت مەوزوعی فەساد لە وەزارەتی بازرگانی عیراقە، ئێستاش مەتڵوبە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عیراقی و حکومەتی فیدراڵ بە شێوەیەکی گشتی تەنسیق بکات لەسەر وەزارەت بەو مەوادەی کە لەسەر بیتاقەی تەموینی دێت لە ئاستی ئەوە بێت کە بۆ بەشەر بەکاربێت، هەروەها وەرگرتنی جۆ وابزانم وەردەگیردرێت بە جوتیارەکان دەدرێتەوە چ بۆ چاندن وەکو تۆو,چ بۆ بەکارهێنان وەکو ئالیك، تەبعەن مومکینە و دەبێت ئیزافەی ئەوە بکرێت لێرە لەسەر فەقەرەی 4 (انشاء وادارة المستودعات والمرافق الاخرى) سایلۆ تەحدید بکرێت شێوەیە وەرگرتنی ئەوە تەنسیقێکە و لە مومارەسە خەلەل هەیە، بەقەناعەتی من ئەگەر نەش نووسرێت (ضمنیا) کە دەڵێت (ادارة المستودعات والمرافق الاخرى لاعمال الوزارة واستئجارها وتاجيرها) وادەگەیەنێ شەرح بکرێت باشترە، ئەما مەوزوعی وەرگرتن و تەوزیع کردن ئەوە لە مومارەسەیە، ئەگەر لەقانون نەشهێت لە تەتبیقە لە نیزامە، (جذب الاستثمارات الاجنبية وجذبها) وابزانم هات لە ئەسڵی قانونەکە (جلب)ە، بەس لە ڕاپۆرتی هاوبەش (جذب الاستثمارات الاجنبية)، (تفعيل دور الملحقيات التجارية) ئەوە ئیعتماد دەکاتە سەر بەهێزی حکومەتی کوردستان و تەنسیق لەگەڵ سەفارات، یەك لەو نوقتانەی کە هات بوو ئامادەکردنی کەوادر بوو بۆ ئەوەی بتوانن واجبی خۆیان بگەیەنن لە مولحەقیاتی تیجاری لە سەفاراتی عیراقی، ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ ژووری بازرگانی و پیشەسازی زۆر زۆر پێویستە، بە قەناعەتی من هیچ ئیجازەیەك نادرێت، چ وەکو کەرتی پیشەسازی، چ وەکو کەرتی بازرگانی، ئەگەر بیدایەت لە غورفەی تیجارە و صناعەوە دەست پێ نەکات، ناوی تیجاری حجز بکات ئەوجا بێت لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی موباشەرە بکات بە وەرگرتنی مۆڵەتەکەی، باسی وەزارەتی کشتوکاڵ زیاتر تەنسیقی لەگەڵ بکرێت، چونکە پێویستە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەگەڵ زۆری وەزارەتەکان تەنسیق بکات، چ وەزارەتی کارەبا و چ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، وەزارەتی دارایی و محافەزەکان و وەزارەتی ژینگە، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی شارەوانی هەر کەس بە پێی پەیوەندی، لاکین وەزارەتی کشتوکاڵ زیاتر پەیوەندی پێی هەیە، چونکە ئەساسی دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی خۆراك لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵە، بۆیە زیاتر بایەخی پێدراوە و زیاتر هاتووە لێرە، باسی مونافەسە و ئیحتکار و ئیتفاقیات کراوە و هاتووە لە ڕاپۆرتی هاوبەش هەردووکی هاتووە و بە سەراحەت هاتووە ئەوانە، بۆ ئەوەی (حماية المنتوج المحلي ومنتج الوطني) باس کراوە لێرە، (مواصفات المقايس) باسمان کرد، (الصناعات الحرفيه)، وەختی خۆی حکومەت لە ئەستۆی خۆی

گرت بوو، خاسەتەن كارگەكانی مافور و كارگەی مافوری دەسكرد و شاتی وا، ئێستا بۆتە كەرتی تایبەت لاكینەهو بتوانن سوودمەند بن لەو قەرزانەی كە بانكی صناعی دەیدات بەو جۆرە پرۆژانە كە خەڵكێكی بەتوانای فكری و بەتوانای دەستی، لاكین كەم دەرامەتە مومكینە بتوانی ئەو جۆرە پرۆژانە دروست بكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ ماوە؟ باشە، بەڵام تكایە ئەوانەی كە لە یەكێ زیاتر رەئیەكانیان موشتەرەكە دەتوانی تەركیز بكەی لەسەری، چونكە دەدرێتە دەنگدان، كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دامەزراندنی مەسرەفی تیجاری و صناعی، مەسرەفی تیجاری مەوجودە، هەرێم و رافیدەین و رەشید، كە لە وەزارەتی دارایی مەتلۆبە كە زیاتر تەسهیلاتی مەسرەفی بداتە خەڵك، بۆ مەسرەفی صناعی لەگەڵ وەزارەتی زراعی لێك دراوە 30 ملیار دۆلاری بۆ تەرخان كراوە ئەو ساڵ، وابزانم وەزارەتی بازرگانی وەرەقەی عەمەلێك تەقدیم بە وەزارەتی دارایی لەسەر چۆنیەتی تەفعیلی ئەو پارەیە بكەن بۆ دانی قەرز بۆ پرۆژە بچووكەكان و مامناوەندیەكان، كاك دكتۆر باسی ئەوەی كرد كە لە دەرەوەی هەرێم مەعرەز كراوەتەوە لە دوبەی، وابزانم پێش دوو ساڵ مەعرەزێكی باش هەبوو لە كوردستان لە هەندێك بەروبووم نەجاحەتی هێناو یەكەمیش دەرچوو، تەنها لە كوردستان نیە لە دەرەوەش هەیە، كەرتی گشتی و كارگە ئەوانە باسمان كرد كە حكومەت ئێستا سیاسەتی بازاڕی ئازاد پەیڕەو دەكات، زیاتر ئەو كارگانە دەداتە كەرتی تایبەت، بەس دەوری حكومەت ئەوەیە كە موراقەبەی بكات و موتابەعەی بكات لە جۆریەتی و لە چۆنیەتی و نرخ و بەكارهێنانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، زۆر مەسائیل باس كرا، بەڵام ئێمەش هەندێكی وەڵام دەدەینەوە و تەوزیحاتی لەسەر دەدەین، بەڵام لە هەمان كاتدا ڕەنگە هەندێ تەوزیحات پێویست بكات جەنابی وەزیر خۆی وەڵامی بداتەوە بە نیسبەت ئەو قسانە و ئەو گفتوگۆیانەی كە كرا، یەكەم/ دوو، سێ بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان بە مەسەلەی مەقالع كرد بە شكلێكی عام، چ بە نیسبەت ئیشراف، چ بە نیسبەت ئیدارە، ئێمەش پێمان باشە ئەگەر مەقالع عایدی وەزارەت بێت بڕگەیەك لێرە ئیزافە بكرێت بە نیسبەت ئیشراف كردن و ئیدارە كردنی مەقالع، خاڵی دووەم/ مەسەلەی خۆراك كە بببێتە بڕگەیەك لێرە بۆ سەر نەوعیەتی خۆراك و چاك كردنی، بە پێی ئەو زانیاریانەی كە هەمە، مەسەلەی چاككردنی خۆراك و ئەوانە هەمووی پەیوەندی بە حكومەتی ئیتیحادیەوە هەیە، ڕەنگە زۆر جاریش ئەو مەسەلەیە باس كرابێت، لەهەمان كاتدا

ئەو مەسەلەیە پێموایە مەسەلەی قەراری 986 مەسەلەیەکی مەرحەلی و ئینتقالیە، بمێنێتەوە و بێتەوە ناو مەهامی وەزارەت، پێموایە ئەگەر ئەو مەسەلەیە ئیلغا کرا ئەسڵەن ئەو بڕگەیە هەر وجودی لە قانونەکە نامێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی مەسائیلی ریقابی هەیە لە وەزارەتەوە و دەزگای رقابی هەیە، ئیمکان هەیە موراقەبە بکرێ و بە تەنسیق و هەماهەنگی نێوان ئێرەو بەغدا ئەو مەسەلانە چارەسەر بکرێت، مەسەلەی دانەوێڵە کە هەر وەکو برای بەڕێزم کاك سالم ئیشارەتی پێدا، ئێمەش پشتگیری لەوە دەکەین کە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیانەی کە کراوە لە بەینی لیجانی پەرلەمانی و بەینی وەزارەتی صناعە و سایلۆکان، هەموو جەوابیان ئەوەیە کە ئێمە تەنها لەڕووی ئیداریەوە و لەڕووی فەنیەوە پەیوەندیمان هەیە بە سایلۆکانەوە، زیاتر هەمووی لەلایەن بەغداوە جێ بەجێ دەکرێت، بە نیسبەت ئیزافە کردنی بڕگەیەك بۆ هاوکاری و هەماهەنگی نێوان غورەفی تیجاری و غورەفی صناعی، ئێمە پێمان باشە ئەم خاڵە ببێتە بڕگەیەك لە زمنی مەهامی وەزارەت، ئەمە هەم خزمەتی وەزارەت دەکات، هەم خزمەتی ژوورە بازرگانیەکان دەکات لە هەرێمی کوردستان، بە نیسبەت وشەی (الدولیە) کە هاتووە ئێمە پێمان وایە (الدولیە) لابردرێت و تەنها و تەنها ئیشارەت بە ئیتیفاقیات بکرێت بە شکلێکی عام، نەوەك مەسائیلی دەولی بێتە خوارێ بۆ ئەوەی تووشی تەعاروزێك نەبین لێرەو لەوێ، بە نیسبەت ئینشائی مستەودەعات عەصری و سایلۆوات و مەخازن ئیشارەتی پێ نەدراوە، ئێمە پێمان باشە ئەگەر لێرەش ئیشارەتی پێی بدرێت بۆ دامەزراندنی ئینشایە و ئیدارەی موستەودەعاتی عەصری و سایلۆوات و مەخازنی موبەرەد، ئەمە شتێکی باشە بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، لێرەو لەوێ چەند موقتەرەحێك لەبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە ئیعادەی تەنزیمی مەهامەکە بکرێتەوە بەشکلێك صناعە و تیجارە تێکەڵی یەکتر بکرێن، لە هەندێ بڕگەکانی تێکەڵ کراوە، بەڵام لە هەندێ بڕگەکانی بە عام هاتووە، صناعە شمول دەکات و تیجارەش شمول دەکات، بە قەناعەتی من پێویست بەم تەنزیمە ناکات، بڕگەکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك هاتووە، ئەمە پوختەی سەرنج و تێبینیەکانی ئێمەیە لەسەر خودی ئەم ڕاو ئەو مولاحەزەتانەی  کە بۆمان هاتووە، پاشان بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر وەڵامی داینەوە ئێمە ئەو گۆڕانکاریەی کە ئێستا ئیشارەتم پێیدا هاتووینەتە ناو یاسایەکە و مەهامی ئەو وەزارەتە لەسەر ڕۆشنایی ئەو موقتەرەحاتە و ئەو ئیشارەتانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە دەست نیشان کرا بە تایبەتی ئەو بڕگانەی کە سێ یان چوار ئەندامی پەرلەمان ئیشارەتیان پێیدا بە نەزەر ئیعتبارمان وەرگرتووە لە یاساکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم سێ ئەندامی بەڕێز باسی ئەوەیان کرد کەوا جەودەو نەوعیە و کوالیتی کۆنترۆڵ بۆ ئەو شتانە کرا، هەرچەند کە بەڕێز کاک سالم تەوزیحێکی دا، بەڵام لێرە لە ڕاپۆرتی هاوبەشدا ئێمە باسمان کردووە لە خاڵی 15 کە دەڵێت (المساهمة مع الجهات المعنية في اقامة نظام متكامل لجودة بهدف تحقيق الممارسة الرقابة الفنية)، کەواتە (على المستوردات والصادرات والمتابعة النوعية على المنتوجات الصناعية المحلية)، کەواتە لێرە زکر کراوە، وابزانم کە ئەو سێ بەڕێزەش باسیان کرد، لەگەڵ زکری ئەمە ئیتر ئەوە پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان تکایە؟ فەرموو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی (وەزیری بازرگانی و پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی هاوبەش تەواوە، بەڵام لێرە دوو نوقتە هەیە من حەز دەکەم بەیانی بکەم کە چەند برادەرێك باسیان کرد، مەوادی غەزائی عایدی بەغدایە کە حکومەتی مەرکەزیە، ئێمە بەردەوام لەگەڵیان دەنووسین، پێیان دەڵێین لە نەتیجە حوکم لە دەست ئەوانە، حەز دەکەین بگەڕێتەوە ئێرە، بەس کە گەڕاوە ئێرە پێویستە ئێمە لێرە مستەودەعاتێکی زۆر بکەین، یەعنی ئیشەکە ئەوەندە سەهل نیە، بودجەی ئێمە و ماددەی ئێمە هەندەی تەحەمول ناکات، مومکینە بە 5 ـ 6 ساڵی دیش نابێت، ئێمە میزانیەکمان هەیە بە گوێرەی ئەو میزانیەیە و بە گوێرەی ئەو قەراراتانە بۆ نموونە 16 سایلۆی دی بکرێت، 16 سایلۆ بە شەو و ڕۆژێك ناکرێت، مەوادی غەزائی کە لە قەراری 986 دراوەتە بەغدا، مومکینە بە 2 و 3 ساڵی تر ئەوە نەمێنێت، مەوزوعی مەقالع پێمان خۆشە بێتە سەر سەیتەرەی وەزارەتی خۆمان لێرە، ئەوە باشتر دەبێت، مەوزوعی سەیارەکانی کە دێت، ئەوە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ لە تەنسیقین کە ئەو سەیارانەی دێت ئاوا بە کەیفی نەیەت زەوابتی هەبێت، یەعنی هەر سەیارەیەك کە دێت لێرە دەبێت مەوادی ئیحتیاتی، مەراکزی تەسنیع و ئەوانەی هەموو حازر بێت، باشتر دەبێت، لە بەغدا شەریکەی عەمەلی سەیارات هەیە، دەوری ئەویش ئەگەر تەفعیل بکرێت باشتر دەبێت، تەبعەن لێرە لەبەرئەوەی لەژێر قانونی بریمەر دەمانەوێت بازاڕی ئازاد هەبێت، ناتوانین مەنعی بکەین، بەڵام دەتوانین زەوابتی بۆ دابنێین، ئەگەر زەوابتەکان دابندرێت وا بزانم ئیشەکە لە جێی خۆی دەبێت، عامەتەن تەقریری موشتەرەك و ئەو تەغیراتەی کە ئەو کاکە باسی کرد، هیچ موشکیلەی نابێت بە نیسبەت ئێمە، مەوزوعی غورەفی تیجاری بە تەنسیق بێت هەتا ئەگەر لەگەڵ ئەوە بێت باشتر دەبێت، نەك جودا بکرێتەوە، وەلەو تەنسیقێکی غەیری موعلەنمان هەیە لە قانون زکر بکرێت، وابزانم پەسەند تر دەبێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز لیژنەی یاسایی ئێستا ئاخر سیاغەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ئاخیر سیاغە بخوێنمەوە دوو، سێ نوقتە هەیە دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەین، یەك/ دوای ئەوەی تەدقیقی ئەو بڕگانەمان کرد کە پەیوەندی بە تیجارەوە هەیە، ئەو بڕگانەی کە پەیوەندی بە صناعەوە هەیە، ئەو بڕگانەی کە موشتەرەکن، شەش مادده لەوانە پەیوەندی بە تیجارەوە هەیە، چوار مادده لەوانە پەیوەندی بە صناعەوە هەیە، شەش ماددەش موشتەرەکە لەبەینی صناعە و تیجارە، دوو/ بە نیسبەت مەقالعی حەجەری ئەگەر عایدی وەزارەتی صناعە بێت ئەوا ئێمە دەتوانین ئەو بڕگەیە لێرە داخل بکەین، بەڵام ئەگەر عایدی ئەوان نەبێت بە قەناعەتی ئێمە ناتوانین ئیدارەو ئیشرافەکە بکەین، ئەوجا ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە نازانم عایدی ئەوانە یان نا؟ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر ڕوونی بکەیتەوە و ڕەئیتان تکایە؟ فەرموو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی (وەزیری بازرگانی و پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەقالع عایدی ئێمەیە، چونکە عقودەکان ئێمە دەیکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی مەعلوماتی من کە تەئکیدیشم مەقالع وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئیجازەی دەدات، بە پێی مەتری موکەعەب دەیدات، بە پێی قانونی (استثمار المعدنی) وە مەسحی جیۆلۆجی ئیجازەکانی دەدات، لەوەزارەتی صناعە پێشان کە ڕاستە مەسحی جیۆلۆجی و قتاعی نەفت سەر بە وەزارەتی صناعە بوو، ئێستا ئەو کەرتە سەر بەوەزارەتی سامانە سروشتیەکانە، تەنها مەسحی جیۆلۆجی سلێمانی مابوو ئەویش پێش دوو ساڵ خرایەوە سەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی کەرەمکەن، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من دەیزانم، برادەرێك داوای مەقلەعەکی گەچی کرد کە بەردی گێچە لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان معامەلەکەی بەڕێوە چوو و ئەم مەقلەعانە سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانن، لەبەرئەوە ناکرێت ئێمە ئاماژەی پێ بدەین لێرە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە بەجێ بهێڵن، پاشان تەئكید بكەنەوە، بەس هەر دەزانم تەخمینەكەن لەسەر ئەوە نەڕۆن، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی وجهەت نەزەری جەنابت دەكەم، مەزوعی مەقالع با بمێنێ، ئەگەر لە موستەقبەل پێویست كرا تەعدیلاتەك بكرێت دەبێت تەنسیق هەبێت لەبەینی هەردوو وەزارەت، بۆ ئەوەی پرۆژەیەك تەقدیم بكرێت لەو بابەتەوە و چۆنیەتی بەڕێوە چوونی مەقالعەكان، بەڵام خاڵێكی تریش هەیە، دەمەوێت جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێ بدات، لە 10 دەڵێت (انشاء مصرف تجاری وصناعی) صناعیەكە تەبعەن مەسارفی صناعی مەوجودە ئیعتیادی، ئێمە لە موازەنە حسابمان بۆی كردووە، ئەوە ئیمكان هەیە بكرێتە (تفعیل المصرف الصناعی) بەڵام بەنیسبەت مەسرەفی تیجاری، نازانم ئینشائی مەسرەفی تیجاری لە زمنی دەسەڵاتی وەزارەتی تیجارەو صناعەیە یان خارجی دەسەڵاتی ئەوانە؟ حەق وایە ئەمەمان بۆ ڕوون بكەنەوە بۆ ئەوەی بە هەڵە نەڕۆین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان تكایە؟ فەرموو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی (وەزیری بازرگانی و پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زاتەن پێش ئەوە گوتم كە تەفعیلی دەوری مەسرەفی صناعی بكرێت لێرە، چونكە مەسرەفی صناعی هەیە، مەسرەفی تیجاری نیە حاڵی حازر، لێرە مەسارفی تیجاری ئەهلی هەیە، هی حكومی لێرە ئەگەر هەبێت بە نەزەری ئێمە ئەمە باش دەبێت، چونكە پێویستە بۆ ئەوەش.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕەئی من و برادەرانیش ڕەنگە لەگەڵم بن، ئێمە بچینە مەسەلەی تەفعیلی دەوری مەسارفی تیجاری و صناعی، نەك بچینە مەسەلەی ئینشاء، چونكە جیهاتی تر هەیە، ئینشای مەساریفی صناعی و تیجاری دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك سالم فەرمووو.**

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەر دوێنێ قانونی وەزارەتی داراییمان موناقەشە كرد، سێ مەسرەفی تیجاری هەیە رافیدەین و رەشید و هەرێم، دوو مەسرەفی ئیختساسیە، زراعی و عەقاری، زراعی و صناعی پێكەوەیە و عەقاری بە جودایە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ئێستا ئاخر سیاغەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، كاك عونی فەرمووو.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێستا صیاغەی ماددەی سێیەم دەخوێنمەوە، بەڵام ئەگەر تێبینی كرا كە شتێكمان لە بیر كردووە و ئیزافەمان نەكردووە، جەنابتان ئاگاتان لێ بێ دووبارە ئیزافەی بكەینەوە:**

**المهام الرئيسية للوزارة**

**المادة الثالثة:**

**تتولى الوزارة المهام الاتية:**

**أولاً: اقتراح التدابير اللازمة لرفع المعوقات امام النشاط التجاري عن طريق وضع الاستراتيجيات و الخطط و البرامج للتنمية و تشجيع الصادرات و معالجة الاثار السلبية على اقتصاد الاقليم الناجمة عن تحرير التجارة الخارجية و ذلك بتعزيز القدرة التنافسية لقطاع الاعمال و المنتجات الوطنية.**

**ثانياً: اتخاذ التدابير التي تضمن رعاية حقوق المستهلك و اعداد مشاريع القوانين اللازمة لحمايته بالتنسيق مع الجهات المعنية فيما يتعلق بمراقبة الاسعار في الاسواق المحلية و تنظيم و تعزيز بيئة المنافسة و مكافحة الاحتكار و غيرها من الممارسات التجارية الضارة.**

**ثالثاً: تسجيل و رقابة نشاط الشركات المحلية و الاجنبية و فروعها و معالجة شؤون الوكالات التجارية و تسجيلها في الاقليم.**

**رابعاً: انشاء ادارة المستودعات و المرافق الاخرى اللازمة لاعمال الوزارة و استئجارها و تأجيرها، كذلك انشاء السايلوات و المخازن المبردة.**

**خامساً:اعداد و تنفيذ البرامج اللازمة لاقامة المعارض و الاسواق المحلية و الدولية و المشاركة فيها للتعرف على التطور الدولي للمنتجات العالمية التجارية و الصناعية.**

**سادساً**:اعداد الخطط و الدراسات السنوية و المتوسطة و البعيدة المدى للمشاريع الصناعية و دراسة الجدوى الاقتصادي و الفنية لها و الاشراف على المشاريع و المؤسسات الصناعية لمراقبتها و توجيهها و تقييم نتائج خطتها كماً و نوعاً و المشاركة في اعداد التشريعات اللازمة لرعايتها و تطويرها بالتعاون مع الجهات المختصة.

**سابعاً**:اقامة المشاريع الصناعية و التجارية و منح اجازات انشائها من قبل القطاع الخاص و تشجيعها و تهيئة البيئة الملائمة لها و شمولها بقانون الاستثمار لغرض استغلال الموارد البشرية و الطبيعية و تحويلها الى نشاطات منتجة و مثمرة في الاقليم .

**ثامناً**: اعطاء الرخص من اجل انشاء المناطق الصناعية المنظمة و تشجيع هذه المؤسسات و مراقبتها و التنسيق مع الهيئة العامة للمناطق الحرة العراقية في سبيل بذل الجهود لانشاء المناطق الصناعية و التجارية الحرة في الاقليم و الاشراف عليها وتطويرها و تفعيل دورها و اعداد مشاريع القوانين اللازمة لتحقيق ذلك.

**تاسعاً**: التنسيق مع وزارة الزراعة لدعم و تشجيع الفلاحين ودراسة كيفية استخدام المنتجات الزراعية كمواد اولية للقطاعات الزراعية و تحويلها الى منتوجات صناعية محلية لاغراض الاستهلاك المحلي و التصدير الى الخارج.

**عاشراً**: تشجيع دعم القطاعين التجاري و الصناعي و تفعيل دور المصارف التجارية و الصناعية لدعم المشاريع التجارية و الصناعية و خصوصاً الصغيرة و المتوسط منها و تنشيط دورها .

**حادي عشر**:تنظيم ألية لحماية الملكية الفكرية التجارية و الصناعية و منح العلامات الفارقة و الرسوم و النماذج الصناعية و براءات الاختراع.

**ثاني عشر**: الاعداد لعقد الاتفاقيات اللازمة لتنفيذ سياسة الاقليم الاقتصادية في مجال التجارة الداخلية و الخارجية و تعميق العلاقات مع مصادر التطوير التكنولوجي في حدود الصلاحيات المخولة للاقليم في الدستور العراقي.

**ثالث عشر**:تمثيل الاقليم امام السلطة الاتحادية عند ابرام الاتفاقيات و العقود ذات الطابع الاقتصادي و التجاري و الصناعي و تعزيز دور الاقليم و حماية مصالحها وفقاً للقانون بموافقة مجلس الوزراء.

**رابع عشر**: اعداد مشاريع القوانين اللازمة بهدف المساهمة في تحسين المناخ الاستثماري و تسهيل الخدمات المتعلقة بالاستثمار و تصميم برامج و حوافز لتشجيع المستثمر المحلي و جذب المستثمرين الاجانب بالتعاون و التنسيق مع هيئة الاستثمار.

**خامس عشر**: المساهمة مع الجهات المعنية في اقامة نظام متكامل الجودة بهدف تحقيق ممارسة الرقابة الفنية على المستوردات و الصادرات و متابعة نوعية المنتجات الصناعية و المحلية بما يضمن مطابقتها المواصفات المعتمدة عالمياً و تقديم الارشادات و التوجيهات و ذلك من اجل تحسين نوعية المنتوجات و تطوير العمليات الانتاجية و تخفيض كلفتها و ادخال التقنيات الجديدة فيها.

**سادس عشر**: تطوير و تحسين نوعية الخدمات التي تقدمها الوزارة للمواطنين من خلال تبني الاساليب الحديثة في مجال الادارة و الاستفادة من تكنولوجيا المعلومات من خلال تبني تقنيات منظومات الحكومة

الالكترونية من اجل الربط الفعال للوزارة مع شركائها و المواطنين و تحسين و تسهيل المعالجة و الاجراءات للمعاملات و انشاء قواعد المعلومات مما تساهم في تحسين اداء الوزارة و توفير البيئة المطلوبة لتنمية اقتصاد الاقليم.

**سابع عشر:** التنسيق و التعاون مع الغرف التجارية و الصناعية لما يخدم تحقيق اهداف الوزارة في خدمة القطاعين الصناعي و التجاري في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، چونكە تەغیراتی لەسەر كرایە، عەربیەكەی دەكەینە ئەساس بۆ ئەوەی تەرجومەیەكی دروستی بۆ بكرێ، ئێستا ئێوەی بەڕێز گوێتان لێ بوو، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی پێنج لە ئەصڵی پرۆژەكە كە دەبێتە ماددەی چوار.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة في اصل المشروع و التي اصبحت برقم المادة الرابعة:

**تشكيلات الوزاره**

تتكون الوزاره مما يأتي :

اولا: الوزير:

هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ بأشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والأدارية والتنظيمية.وفق احكام القانون وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكلاء الوزارة او المدراء العاميين او من يراه مناسبا في الوزارة.

ثانياً : وكيل الوزارة للشؤون التجارية:

يساعد الوزير في توجيه الوزارة والأشراف على شؤونها الخاصة بالنشاط التجاري، وما يخوله من صلاحيات من قبل السيد الوزير.

ثالثاً : وكيل الوزارة للشؤون الصناعية:

يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها الخاصة بالنشاط الصناعي، وما يخوله من صلاحيات من قبل السيد الوزير.

رابعاً : مكتب الوزير :

يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاون عدد من الموظفين.

خامساً : مكتب وكيلي الوزارة:

يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

سادساً : المستشارون :

**لايزيد عددهم عن (اربعة) اعضاء، يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الأولية ولهم خبرة وممارسة.**

**سابعاً : المديرية العامة للديوان :**

**يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص.**

**ثامناً : المديرية العامة لتسجيل الشركات :**

**يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية في القانون او ما يعادلها من ذوى الخبرة والأختصاص.**

**تاسعاً : المديرية العامة للتجارة :**

**يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص.**

**عاشراً : المديرية العامة للتنمية الصناعية :**

**يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص.**

**حادي عشر : المديرية العامة للتخطيط والمتابعة :**

**يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص.**

**ثاني عشر : المجلس الأستشارى يتألف من :**

6 - **الوزير / رئيساً للمجلس.**

7 - **وكيلا الوزارة.**

8 - **المستشارون في الوزارة / أعضاء.**

9 - **المدراء العامون / أعضاء.**

10 **-أي شخص آخر يراه الوزير مناسباً من داخل الوزارة او خارجها / عضواً.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەرەمکە بە کوردیەکەی بخوێنەوە ئەڤین خان.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

***(( پێکهاتەکانی وەزارەت ))***

**ماددەی چوارەم:**

**وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێکدێ:**

**یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتی و چاودێری دەکات و هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکانی کە پەیوەندییان بە ئەرکی وەزارەت و پێهاتەکانی و دەستەلاتەکانی و هەموو کاروبارێکی هونەری و دارایی و کارگێریی و ڕێکخستن هەبن لەوەوە دەردەچن و ئەمەش بە پێی حوکمەکانی یاسا دەبێ و بۆی هەیە هەندێك لە دەستەڵاتەکانی**

بدات بە بریکارەکانی وەزارەت یان بەڕێوەبەرەکانی کە لە گەڵیدا کاردەکەن یاخود ئەوەی بە شیاوی دەزانێ لە وەزارەتدا.

**دووەم**: بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی:

یارمەتی وەزیر دەدات بۆ ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروباری تایبەت بە چالاکی بازرگانی بەو دەستەڵاتانەی کە ڕێزدار وەزیر پێی دەدات.

**چوارەم**: نووسینگەی وەزیر:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.

**پێنچەم**: نووسینگەی هەردوو بریکاری وەزارەت:

هەریەکەیان فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.

**شەشەم**: راوێژکاران:

ژمارەیان لە چوار ئەندام زیاتر نابێ و، دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێ و شارەزایی و کارکردنشیان لەو بوارەدا هەبێ.

**حەوتەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بێ و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیش بێت.

**هەشتەم**: بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێ لە یاسادا یان هاوتاکەی و خاوەن شارەزایی پسپۆڕیش بێ.

**نۆیەم**: بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بروانامەی بەرایی زانکۆبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆریش بێت.

**دەیەم**: بەڕوەبەرایەتی گشتی بۆ گەشەسەندنی پیشەسازیی:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بروانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەن شارەزایی پسپۆری بێت.

**یازدەم**: بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدوادا چوون:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆریی بێت.

**دوازدەم**: ئەنجومەنی راوێژکاریی لەمانە پێکدێ:

6. وەزیر: سەرۆکی ئەنجومەنە

7. هەدوو بریکاری وەزارەت: ئەندامن
8. راوێژکاران لەوەزارەتدا: ئەندامن
9. بەڕێوەبەرە گشتیەکان: ئەندامن
10. هەرکەسێکی تر کە وەزیر بە شیاوی دەزانیٚ لەناو وەزارەت یان لەدەرەوەی: ئەندامە

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لێژنەی دارایی رەئیتان؟ لێژنەی هاوبەش ببوورن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی هاوبەش لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین، هەندێ تێکەڵاویی هەبوو لە تەشکیلاتەکان، بۆ ئەوەی رێزبەندی بۆ تەشکیلاتی وەزارەتەکە دابنێین، لە وەزیرەوە هەتا ئاخیر نەفەر، بۆیە ئیعادەی صیاغەمان کردەوە، بەو شێوەی کە ئێستا بۆ بەڕێزتان دەخوێنینەوە:

سادساً: الماده الخامسه:

تقترح اللجنه اعاده صياغه الماده بالشكل الاتى :

تشكيلات الوزاره:

تتكون الوزاره من التشكيلات الاتيه:

اولا: الوزير:

هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ بأشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والأدارية والتنظيمية.وفق احكام القانون و يكون مسؤولآ امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه و له تخويل بعض من صلاحياته الى اي من وكيلي الوزارة او المدراء العاميين، او من يراه مناسباً في الوزارة.

ثانياً : وكيلي الوزارة:

أ- وكيل الوزارة للشؤون التجارية:

يساعد الوزير في توجيه الوزارة والأشراف على شؤونها الخاصة بالنشاط التجاري، وبما يخول له من صلاحيات من قبل الوزير.

ب- وكيل الوزارة للشؤون الصناعية:

يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها الخاصة بالنشاط الصناعي، وبما يخول له من صلاحيات من قبل الوزير.

ثالثاً : مكتب الوزير :

يرتبط بالوزير و يرأسه و يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونة عدد من الموظفين.

رابعاً : مكتب وكيلي الوزارة:

يدار كل مكتب من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامساً : المستشارون :

لايزيد عددهم عن (اربعة) ، و ان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الأولية ولهم خبرة وممارسة.

سادساً : المديريات العامة:

ترتبط بالوزارة المديريات العامة الاتية و يرأس كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص.

يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص:

1 : المديرية العامة للشؤون المالية و الادارية .

2-المديرية العامة للتجارة.

3-المديرية العامة للتنمية الصناعية.

4- المديرية العامة لتسجيل الشركات.

5- المديرية العامة للتخطيط.

ثامناً / أ/ المجلس الاستشاري للوزارة: يشكل المجلس الاستشاري للوزارة من:-

4 - الوزير/ رئيساً للمجلس.

5 - وكيلا الوزارة/ اعضاء .

6 - المستشارون / اعضاء.

4- المدراء العامون/ اعضاء .

5- للوزير استضافة اي شخص من ذوي الخبرة يراه مناسباً من داخل الوزارة او خارجها عند الضرورة للاشتراك في اجتماعات المجلس دون ان يكون له حق التصويت.

ب- يختص المجلس بمناقشة وتقييم نشاطات الوزارة ودراسة سبل ارتقاء ادائها وتقديم المقترحات المناسبة لحل المشاكل والمعوقات التي قد تواجهها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موديريەتە عاممەكان لەبەر ئەوەی زۆر تيكراری تێدا هەبوو، لە سەرۆكايەتيش مولاحەزەمان بۆ هات، علی اساس( و يرأس كل منها مدير عام) هەر لە بەندی يەكەمدا بنووسرێ لە فەقەرەی مودير عامەكان لەغو بكرێ بۆ ئەوەی شمولی هەموو فەقەرەكانی تری بكات و لە ئەندامانيشەوە ئەو موقتەرەحەمان بۆهات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

به كورديش ئێستا كەرەم بكەن بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێکهاتەکانی وەزارەتەکە**

وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت :

**یەکەم : وەزیر :**

ئەو سەرۆکی بالأی وەزارەتەکەیە و بەرپرسە لەکارەکانی و بە رێنمایی ئەو هەموو بڕیارەکان دەردەچن و جێبەجێ دەکرێن کە پەیوەندیان بە ئەرك و فەرمان و پێکهاتەکانی و دەسەلأتەکانی یان هەر لایەنێکی هونەری و دارایی و ئیداری و رێکخستنی وەزراەتەکەوە هەبێت . وەزیر ، بۆی هەیە هەندێ لە دەسەلأتەکانی خۆی بدات بە بریکارەکانی یان بە بەڕێوبەرە گشتیەکانی خۆی یان هەر کەسێك کە خۆی بە گونجاوی بزانێت لە وەزارەتەکە .

کەسێك کە خۆی بە گونجاوی بزانێت لە وەزارەتەکە .

**دووەم : بریکارەکانی وەزارەت :**

أ – بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی :

یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی وەزارەتەکە و هەروەها سەرپەرشتی کاروباری تایبەتی چالاکیی بازرگانی دەکات و وەزیریش هەر دەسەلأتێکی پێ دابێت جێ بەجێ ی دەکات .

ب- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری پیشەسازی :

یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی وەزارەتەکە و سەرپەرشتی تایبەتی چالاکیی پیشەسازی دەکات و وەزیر هەر دەسەلأتێکی پێ دابێت جێ بەجێ ی دەکات .

**سێ یەم : نووسینگەی وەزیر :**

بە وەزیرەوە بەندە ، فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی سەرتایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن .

**چوارەم : نووسینگەی بریکارەکانی وەزارەت :**

هەر نووسینگەیەك لەلایەن فەرمانبەرێك بەڕێوەدەچێت بە پلەی بەڕێوەبەر کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێکیش یاریدەی دەدەن .

**پێنجەم : ڕاوێژکارەکان :**

له چوارکەس زیاتر نەبن و پێویستە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیان بە دەست هێنا بێت و خاوەن ئـەزموون و شارەزابن و خزمەتیان لە دە ساڵ کەمتر نەبێت .

**شەشەم : بەڕێوبەرایەتیە گشتییەکان :**

1- **بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کاروبـاری دارایـی و ئیـداری** : بەڕێوبـەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکـات کـە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنابێت و خاوەن ئەزموون و شارەزا بێت .

سەرۆکایەتی دەکات، کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەسـت هێنابێـت، بـە ئـەزموون شـارەزا بێـت، دووەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی، شەشـەم/ بەڕێوەبەرایەتیـە گشـتیەکان، بەڕێوەبەرێتی گشتی کاروباری دارایی و ئیداری.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزارەت پێك دێت لـەم بەڕێوەبەرایەتیـە گشـتیانە، کـە هـەر یـەکێکیان بەرێوەبـەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکـات، کـە دەبێـت خـاوەن بڕوانامـەی زانکـۆ بێـت، وە خـاوەنی ئـەزمون بێـت، 1- بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کاروباری دارایی و ئیداری، 2- بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی بازرگـانی، 3- بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی گەشـە پێـدانی پیشەسازی، 4- بەڕێوەبەرایەتی گسشتی ناو نووسینی کۆمپانیاکان، 5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پـلان دانـان و بەدواداچون.

حەوتـەم/ أ- ئەنجومـەنی ڕاوێـژکاری وەزارەت پێـك دێـت لـە، یـەك/ وەزیـری سـەرۆکی ئەنجومەنەکـە، دوو/ هەردوو بریکاری وەزارەت ئەندامن، سێ/ ڕاوێـژکارەکانی وەزارەت ئەنـدامن، چوار/ بەڕێوەبـەرە گشـتیەکان ئەندامن، پێنج/ هەرکەسێ بە ئـەزموون بێـت، وەزیـر بـە گونجـاوی بزانێـت، چ لـە نـاوەوەی وەزارەت، چ لـە دەرەوەی وەزارەت، وەزیـر بـۆی هەیـە بـانگی بکـات، بـۆ بەشـداری کـردن لـە کۆبوونەوەکانـدا، بـەڵام مـافی دەنگـدانی نـەبێت. (ب)- کـاری ئەنجومـەن تایبەتـە بـە گفتوگـۆ و هەڵسـەنگاندنی چـالاکیەکانی وەزارەت و دیراسـەت کردنـی ڕێگاکـانی سـەرکەوتنی چالاکیەکان و پێشکەش کردنـی پێشـنیاری گونجـاو، بـۆ چارەسـەر کردنی ئەو کێشەو گرفتانەی دێنە بەردەمی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە لـە لیژنـەی دارایـی هاوڕاینـە لەگـەڵ ڕاپـۆرتی لیژنـەی هاوبـەش، پێمـان ڕاپـۆرتی زۆر باشـە، جێگـای پەسەندە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز هەمووی تەواوە، بەس ماددەی شەشەم (المديريات العامة) لەماددەکە (المديريات العامة لتسجيل الشركات يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون ومن ذوى الخبرة والاختصاص) صلاحیاتی قاضی جنحی دەدرێتێ، ئەوە دەبێت لە قانون تشتی هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی کە دەڵێت (شهادة جامعية اولية) مەعنای قانونی شمول دەکات، (بما فيهم) قانونیشی لەگەڵە، جەنابی وەزیر خۆی دەتوانێت، یەکەك لە وێ قانونیەکی لێ دابنێت، ئەگەرنا لەناو قانونەکە ئەگەر زکریشی نەیێتن زۆر تەبیعیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئێمە دەتوانین، بەس لێرە دەبێت تەخەسوس بێت، لە قانون تەخەروجی کردووە، لە ئیدارەو ئیقتیصادیش قسمی قانونی دەخوێنێتن، ئێمە ئەوەی لە ئیدارە وئیقتیصادی تەخەروجی کردبێت، ناتوانین صەلاحیاتی قاضی جونحی بدەینێ، چونکە بۆ قاضی جونح دەبێت بەلای کەمی 11ساڵ ممارسەی هەبێت، یان سێ ساڵ حاکم بێت، لەبەر ئەوەی کە شەرتە کە حوکم دەدرێتن، ئەو حوکمە دەچێتە مەحکەمەی تەمیز، لەوێندەرێ دەبێت تەمیز بکرێتن، یەکێکی ئیداری لە ئیدارە تەخەروج بکاتن، ئەو سەلاحیاتەی نادرێتێ، لەبەر ئەوەی دەبێت قانونی هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان بەرامبەر ئەو مداخەلەی جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

جارێ من نازانم، مەسەلەن ئەو مدیر عامە سەلاحیاتی حاکم جەزای درایتێ یان نەیدرایتێ؟ ئەوەی نازانم ئەوە یەك، دوو، من دیسان تەئکید دەکەم، ئەگەر مدیریە عامەی تەسجیل شەریکات، کە دەڵێین شەهادەی جامعیەی ئەولی هەبێت، شەهادەی قانون، شەهادەی جامعیەی ئەوەلیە، یەعنی جەنابی وەزیر دەتوانێت ئەو کادیرەی دەست نیشان بکات، کە شەهادەی قانونی هەیە، ئەو خزمەتەشی هەیە، لۆ ئەوەی ممارەسەی ئەو ئیشە بکاتن.

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان:**

بەڕێز ئێستا ئەچینە ناو مناقەشەوە، بەس حاكم هەیئەتێكە، نەك یەك شەخسێك بەتەنها ناكرێت، بۆیە لەویٚ نابێت، پاشان دێینەوە لای جەنابیشت، بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی كەئەیانەویٚ مداخەلە بكەن، تكایە ناویان بڵێن، دلێرمحمود، قادر حسن، عمر هەورامی، رفیق سابیر، ناسك تۆفیق، ڕۆژان دزەیی، سیوەیل، جمال طاهر، شلێر جەنابت، شڤان، سمیرە، حسن محمد، تارا اسعدی، احمد وەرتی، بەڕێزان ئەم ڕێزدارانە ناویات تۆمار كردووە، ڕێزدار دلێر محمود كەرەمكە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش، لە برگەی شەشەم، كە باسی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی كردووە، چوارەم بەریوەبەرایەتی گشتی تۆمار كردنی كۆمپانیاكان، ئەم كارە خۆی لەوەزارەتی پلان دانان دەكرێت، وە مۆڵەت دانی كۆمپانیاكانیش ناكرێت لە ولآتێكا لە دوولاوە بكرێت، ئەمە ئەركی وەزارەتی پلان دانانە، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەیە لە هەر شارێكیشا بەڕێوەبەرایەتیەك هەیە، بەناوی بەڕێوەبەرایەتی تۆماركردن و تەصنیفی شەریكات، لەبەر ئەوە من بەجیا دەزانم ئەو بەڕێوەبەرایەتیە، ئەركی ناكرێت لە ولآتێكا لە دوو وەزارەت، لە دوو شوێن تەصنیف بكرێت، تەسجیلی شەریكات بكرێت و مۆڵەتی پیٚ بدرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار قادرحسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم لە جیاتی دوو بریكاری وەزارەت، یەك بریكاری وەزارەت هەبێت، كە هەردوو وەزارەتەكە تەبیعاتی ئیشەكانیان زۆر لێك نزیكە، وە دەكرێت سوود لە بەڕێوەبەرە گشتیەكان وەربگیرێت، هەم بۆ تەرشیقی وەزارەت باشە، هەم تەسهیلی ئمورات دەكات، وەڕۆتینیش كەم دەكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار عمر، كەرەمكە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كاك قادر كردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ناسك، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

دیارە ئێمە لە لیژنە گفتوگۆمان زۆر كردووە، بەس یەك ملاحەزەی بچوكم هەبوو، ئەو المستشارون، ئێمە وتمان(لا یزید عددهم عن اربعە......الخ، لمدە لاتقل عن عشر سنوات) بۆچی نەمان خوێندەوە ئەوە؟ ئەو شتەمان بۆ لابرد، ئەو پرسیارەم هەبوو لە لیژنەی هاوبەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د.ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها یەك تێبینیم هەیە، سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان، پشتگیری لە بۆچوونەكەی جەنابی وەزیر دەكەم، هەروەها لە ڕاپۆرتی هاوبەشیش داهاتووە، كەوا باسی ئەوە بكرێت، كەوا پسپۆر بێت لە بواری یاسا، ڕاستە ئەگەر باس لە یاساش نەكەین، بڕوانامەی زانكۆی هەیە، بەڵام باشتر وایە وەزیر ئیلزام بكەین، ئەو فەرمانبەرەی كەوا سەرۆكایەتی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە دەكات، پسپۆر بێت لە بواری یاسا، بۆیە هەروەك لە ڕاپۆرتی هاوبەش هاتووە، پێشنیارەكەی وەزیر پشتگیری لێ دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د.رفیق صابر فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كۆمەڵێك یاسامان پێشتر بۆ وەزارەت دیاری كردبوو، كۆمەڵێ وەزارەتی تریش ماوە كە پرۆژە یاساكانیان دەوێ، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم كە بە یەكجار ئەو فۆرمەی وەزیر، وە دەسەڵاتی وەزیر دابڕێژرایە، ئێمە لە هەموو ئەو پرۆژە قانونانەی لە مەش و لەوانی داهاتوشدا دووبارە بێتەوە، بۆ ئیستیفادە كردن لە وەقت و لە مەسەلە قانونیەكەدا، خاڵی دووەمیان ئەوەیە لەو تەرجەمە كوردیەی كەمن لامە، لە بەشی بریكاری دووەمی وەزارەت تەرجەمە نەكراوە، ئەو برگە پەڕیوە یان پەڕێنراوە لە كاتی تەرجەمەدا، بریكاری وەزارەت بۆكاری پیشەسازی، لەبەر ئەوە نازانم ڕەنگە كابرای وەرگێڕ بە زیادی زانیبێت، كە دوو بریكاری وەزارەت دەبێت، من خۆشم لەگەڵ ئەوەم یەك بریكاری وەزارەت هەبێ، بەڵام لە دەقە كوردیەكە لابراوە، سێیەم، بەڕێوەبەرایەتی تۆماركردنی گشتی، ئەگەر ئەوەی هاوكارم كاك دلێر گوتی، لە وەزارەتی پلان دانان هەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە زیادی دەكەین، نەك هەرلە دوو سەنتەر، لە دوو شوێن، دوو دەسەڵات هەبێت بۆ پێدانی ئیجازە بە كۆمپانیا، ئەگەر نەبێت من پێم باشە، بۆ تەرشیق كردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیەوە بكرێتە بەڕێوەبەرایەتیەكی ئاسایی، لەگەڵ بەشی یاسایدا، چونكە ئەمە لە

بنەڕەتـدا مەسـەلەیەکی قـانونی و میهەنیشـە لـە هـەمان کاتـدا، لەوێـدا جێگـەی بکرێتـەوە، ئەمـە کـۆی سەرنجەکانمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عثمان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت وەکیلی وەزارەتەکان، منیش پێم باشە، هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم کـاك قـادرو کـاك عمـرو د.رفیـق، هەر یەك وەکیل وەزارەت بێت، بەنیسبەت مەجلسی ئیستیشاری، (للـوزارە) نووسـراوە، (المجلس الاستیشـاری للوزارة واحد، إثنین، ثلاثة، خمسة)، نووسراوە، لە ( خامسا) نووسراوە (استضافة اي شخص مـن ذوی الخـبرة یراە مناسباً من داخـل الـوزارة او خارجهـا)، پـێم باشـە ئەگـەر بنووسـرێ، (وکـذلك عـن غرفـة التجـارة عنـد الضرورة) ئەوە خامساً، بەنیسبەت فەقەر (ب)، ئەگەر فەقەرە (ب) لێرە ئیزافە کرابێت، لـە عنـوانی مجلس استیشاری للوزارە، بەس عنوانە، واتە هەیکەلی مەجلسەکەیە، ئەگەر ئەو فەقەرە بنووسین، دەبێت بنووسین (ومهامە)، دەنا چونکە ئەو مەهامەی لێرە کە لۆ مەجلسەکەی دیـاری کـراوە، لەوانـەیـە مەجلسـەکە زۆر زۆر مەهامی لەوە زیاتر بێت کە دیاری کراوە، جا ئەگەر (ب)یەکە دەنووسن، فەقەرە (ب) دەبێت مەهامی لـەوێ لۆ زیاد بکەی، ئەگەر نانووسن پێم باشە فەقەرە (ب) هەر الغـا بکرێـت، بـەس تەشـکیلاتی وەزارەتەکـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار شلێر محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تەشکیلاتەکان، بەتایبەتی مدیریە عامەکان، ئەو چوار مدیریە عامەیە، شئونی ئیداری و مالی، لەگەڵ مـدیریە عامەی تجارەو تنمیـە صـناعی، هـەروەها پـلان دانـان، ئـەوە شـتەکی زەرورە، دەبـێ هـەبێت، بەڵام من پشتگیری قسەکانی د.رفیق دەکەم، مدیریە عامەی تەسجیل شریکات، وابزانم مەرج نیە ئەوە هـەر مدیریە عامە بێت، دەتوانێ مدیریەك بێت رەبت بێـت بـە مدیریـە عامـەی تجارە، نـازانم لێـرە زۆر زەرور نیە، یەعنی ئیلا مدیریە عامە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەکەم، مشترك، کە بەشێوەیەکی ڕێك و پێکتر دایان ڕشتووە تەشکیلاتی وەزارەت، اولاً الوزير، لە ڕیزی دووەم هاتووە ( بالاشراف على جميع القرارات والاوامر ) لێرە (الاوامر) زیادە، قرارات واوامر یەکن، اوامر لێرە زیادە، یەعنی ئەوانەی کە قانونین باشتر دەزانن لەمن، لێرە وەکو مرادفە، چ قراراتی وزاری بێت، چ اوامری وەزاری بێت یەکە، ئەمە یەك، من تێبینیەکان تەنیا لەسەر پڕۆژەی موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش ئەوە دەکەم، چونکە باشتر تنظمیان کردووە، لە پاش ئەوە هاتووە( ولە تخويل بعض من صلاحياته، ولە تخويل جزء من صلاحياته) ئەوە ناکرێتن،( جزء)، جزئێکە لە (کل)، ئەو ئیختیصاصاتانەی کە وەزیر هەیەتی، بۆ وەزیر صلاحيات باس ناکرێتن، بۆ وەزیر صلاحيات نیە، اختصاصاته،(ولە جزء من اختصاصاته)، لە دوو، سێ جێی وەها صلاحيات هاتووە، ئەوانە من دەبینم اختصاص دروست ترە، شامل تریشە لە صلاحيات، وە شتێکی زۆر قانونی تریشە، (ثالثا/مكتب الوزير يرتبط بالوزير ويرأسه ويديره) يراسه زیادە، ويديره، (خامسا، المستشارون)، ئەوە مشکیلەیەکی عامە ئەوە بۆمان دێتن، دەبێت ئەوها بێت، دەبێت سیفەتی ئەوها بێتن،(ويتبع لتعينهم الشروط الواردة فی القوانين النافذة)، دەبێت مستەشار شەرتیان هەبێتن، شەرتی سابت هەبێت لە قەوانینی نافذ، هەرجار زیکر نەکەین دەبێت ئەوها و ئەوهابێت، (سادسا/ المديريات العامة)، پێموایە کاك شێروان خوێندیەوە بەس لێرە پەڕیتەوە، (ترتبط بالوزارة المديريات العامة الاتية)، عامەکە لێرە لە ئەوەکەدا نیە، بەس کاك شێروان خوێندیەوە، پێموایە بەس عامەکە لە لامان تۆمار نەکراوە، ئەوەی مدیریاتی عامەی تسجيلی شریکات، ويفضل ان يكون قانونيا، یەعنی مولزەم بێت مدير عام، کە قانونی بێتن، (ثامنا/ المجلس الاستشاری) من پێموایە باسی مجلسی وەزارەت نەکراوە، ئەم مەجلسە، مەجلسی وەزارەت بێت، دروست ترە لەوەی کە مجلسی استشاری بێت، (أ) مجلسی وەزارەت بێت، اقتراح دەکەم، لێرە ئەگەر مجلسی استشاریش مایەوە نائیبەکەی دیار نیە، کێ نائیبەکەیەتی؟ ئەگەر ئەو مەجلسە کۆبووەوە، دووەمیش ئەم ئەندامانە بە شێوەیەکی ئەوها هاتووە، ئەندام پێویست ناکاتن، هەر لەسەری بڵێ لەو ئەندامانە پێك دێتن، خاڵی پێنجەم، (للوزير استضافة اي شخص)، من پێم باشە (أ) ببێتە (ب)، للوزير دعوة أي شخص، استضافة چونکە ئەوە دەبێتە ئەندامێك لەو ئەوە، لەو مەجلسە، یان لەو مەجلسە استشاریە، یان لەو مەجلسی وەزارە، (ب) دەبێتە (ج) ئەو کات، (أ-ب-ج)، بەوشێوەیە تەسەلسلە، ئەوە دەکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سمیرە عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری خۆم دەردەبڕم بەرامبەر لیژنەی هاوبەش، سوپاسیان دەکەم، بە نیسبەت بریکار من پێم باشە دوو بریکار بێت، پشتگیری ئەوە دەکەم، ئایا لەم کابینەیە دادەنرێت؟، چۆن و چۆنیەتی، لە خاڵی

شەشەمیش ڕاوێژکاران ژمارەیان لە چوار ئەندام، ئەندامەکە لابرێت، هەر چوار بێت، بەلایەنی کەمیش لە 10 ساڵ خزمەتیان کەمتر نەبێت، بە نیسبەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، لە سەتری ئەخیر سادە یان هاوتاکەی، هاوتاکە بگۆڕێت بە ئەندازە، پسپۆڕیش بێت لە یاسا، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی پسپۆر بێت لە بازرگانی یان ئابووری، بە نیسبەت ئەنجومەنی ڕاوێژکاران، ئەگەر بکرێت ژمارەکەیان تەحدید بکرێت باشترە، کە پێنجەم دەڵێت( هەر کەسێکی تر کە وەزیر بە شیاوی دەزانێت لە ناو وەزارەت یان لە دەرەوە ئەندامە)، ئەگەر ژمارەکەیان تەحدید بکرێت، بەرەئی من باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەکەم، ئەم ماددەیان جوان ڕێکخستووە، لەگەڵ چاك کردنی هەندێك لەو تێبینیانەی کە لە مەسائیلی لۆغەوی هاتووە، خۆی پێنج مدیریە عامە هاتووە، دوویان ئیدارین، سێیان اختیصاصین، سێ مدیریە عامەی اختیصاصی، دوو وەکیل وەزارەتی پێویست نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین خاڵی شەشەم (المدیریات العامة ترتبط بالوزارة المدیریات العامة الاتیة)، لێرە یرأسها) چوار، پێنج جار یرأسها دووبارە کراوە، ئەگەر بنووسین (ترتبط بالوزارة المدیریات العامة الاتیة)، (ویرأس کل منها مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة اولیة ومن ذوی الخبرة والاختصاص)، وە لەجیاتی وەسفی شەهادەو ئەوانە، ئەگەر بێن موختەسەرێك لەسەر ئەوە بنووسین( المدیریة العامة للشؤن المالیة والاداریة) ئیشی چیە؟، دێرێك، دوو دێر لە جیاتی ئەو دووبارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار تارا اسعدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەدا لە مستشارون دەڵێ (لایزید عددهم عن اربعة) بۆی ئیزافە بکرێت، راستە کە خیبرە زۆر زۆر گرنگە، کە لە 10ساڵ کەمتر نەبێت، ئیزافە بکرێت (ویکون من حملة شهادة الدکتورا)، دێینە سەر مدیریەی عامە، دەبینین پێنج مدیریەی عامە دانراوە، هەریەکەیان شێوە ئیشێکی هەیە، بەڵام وای دەبینم کە مدیریە عامە للتجارە، وجودیشی ئەگەر نەبێت، هی پلان دانان کاردەکات، دەتوانین بە چوار بمێنینەوە،

**له مەجلسی استشاری بۆ وەزارەت، لە پێنجەم، خاڵی پێنجەم، (للوزير استضافة أي شخص ) لەباتی (استضافة أی شخص)ە، (من المهم جداً)، بەرەئی من ( ان يضم مجلس الاستشاری اعضاء من غرف التجارة والصناعة والزارعة كممثلين عن القطاع الخاص) سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ڕێزدار د. احمد، فەرمور.**

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من ئيقتراح دەكەم لە خاڵی سادسا( المديريات العامه) هەروەك لە ڕاپۆرتی ليژنەی هاوبەش هاتووە، جەنابی وەزيريش پێی باش بوو كە مديريەی عامەی تسجيل شريكات، خاوەن شەهادەيەكی قانون سەرۆكايەتی بكات، بەو شێوەيە دابڕێژرێتەوە، (يرأس كل من مديريات الاتية، مدير عام حاصل علی شهادة جامعية اولية ومن ذوی الخبرة والاختصاص علی ان يرأس المديرية العامة لتسجيل الشركات مدير عام حاصل علی شهادة جامعية اولية في القانون ومن ذوی الخبرة والاختصاص) مديريەتەكانيش لەدوای بێت، دوو ملاحەزەی سياغەی لۆغەويشم هەيە، لە خامسا، المستشارون دەبێتە المستشارين، لەسەر وەزنی ئەوانەی پێشەوە، مكتبی وەكيلی وزارە، المستشارين .......الخ)، وە هەروەها لە (ثامنا، المجلس الاستشاری للوزارة يشكل المجلس الاستشاری للوزارة من الوزير و وكيلي الوزارة والمستشارين والمدراء العامين) لەبەر ئەوەی (من) عطفة بۆ هەموويان دەگەڕێتەوە، يەعنی (من الوزير، ومن وكيلي الوزارة، من المستشارين، من المدراء العامين)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، لێژنەی ياسايی ئێستا ڕەئيتان دەربارەی مداخەلەی ئەندامە بەڕێزەكان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە هەندێك ملاحەزەمان هەيە، دوايی دەرفەت دەدەم بە برايانی بەڕێزم، ئەگەر ملاحەزاتی تريان هەبێت، هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئيشارەتيان بەوەدا، كە تسجيلی شەريكات ئەركی وەزارەتی پلان دانانە، ئێمە پێمان وايە تەصنيفی شەريكات ئەركی وەزارەتی پلان دانانە، نەك تەسجيلی شەريكات، هەندێ لە بەڕێزان ئيشارەتيان بەوەدا كە پێويست ناكات دوو وەكيل وەزير هەبێت، يەك وەكيل وەزير كافيە، ئێمە لە ليژنەی هاوبەش پشتگيری ئەو ڕەئيە دەكەين كە دوو وەكيل وەزيری هەبێت، لەبەر ئەركەكانی قورسی ئەم وەزارەتە، سەبارەت بە بوونی خزمەتی 10 ساڵی مستەشارەكان، ئێمە پێمان وايە ئەوە ستانداردێكی خۆی هەيە لە ئەنجومەنی وەزيران، وە عمرەكە تەحديد كراوە لە لايەن ئەوان، بۆيە ئەم 10 ساڵە ئێمە شتمان كرد لە مەسەلە، ئەو ستانداردەی كە لە ئەنجومەنی وەزيران هەيە، بەنيسبەت**

هەموو وەزارەتەكان بەو شێوەیە تەعامول لەسەر مەسەلەی تەعینی مستەشار دەكرێت، بەنیسبەت بوونی مومەسلی غورفەی تجارە، لەناو ئەنجومەنەكە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ جەنابی وەزیر، نازانم رەئی چیە؟، لەو مەسەلەیە، بەنیسبەت ئەو تكرارەی كە كاك جمال ئیشارەتی پێیدا، من لە خوێندنەوە ئیشارەتم بەوەدا كە ڕیزبەندی مدیر عامەكەمان كردووە، ئەو مەسەلەیە نەمان هێشتووە تكرار بێتەوە، موقەدیمەی ماددەكە دامان ناوە، دەمینێتەوە خاڵێكی گرنگ، مەسەلەی شەریكاتە بەڕاستی، من لێرەدا دەمەوێ تەوزیحێك بدەم، ئێمە هەموو بەرەو ئەوە دەڕۆین، كە دەڵێن سولتەی قەزائی موستەقل بێت، وە نابێت هیچ لایەنێك دەست لە كاروباری قەزا بداتن، باشە چۆن دەكرێت ئێمە سیفەتی قازی جونح بدەینە مدیر عامی شەریكات، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە دەعاویانە ببینێت، لە حاڵەتێكدا كە لە هەموو قەزاكان، لە هەموو مەراكزی محافەزەكان، قازی جونح هەیەو، شەریكاتەكانیش تەواجودیان لە ئەقزیەو لە مەراكزی محافەزاتە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین بەراستی، دەمانەوێ ئەمە بۆ قەزا بگەڕێتەوە، هەتا ئەگەر ئەو جیهەتەی كە ئەم سیفەتەی داوەتێ، پێویستە لێی بسێندرێتەوە، وە قەزا ئیستیقلالیەتی خۆی وەربگرێت، وە ئەگەر هاتو هەر كێشەیەك هەبوو ئیلاقەی بە تەنزیمی تجاریەوە هەبوو، حاكم بیبینێ نەوەك جیهاتی ئیداری و جیهاتی تر بیبینی، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوداین كە چۆن لە پڕۆژەكەدا هاتووە بە نیسبەت لیژنەی هاوبەش، بەم شێوەیە بدرێتە تەصویت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پیشەسازی كەرەمكەن.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها تەئیكید دەكەمەوە لەسەر سێ خاڵ كە كاك شێروان باسی كرد، یەكەمیان تەسجیلی شەریكات لە وەزارەتی بازرگانی، تەصنیفی شەریكات لە وەزارەتی پلان دانان ئاگادارم، ئەوەی تر دوو وەكیلی وەزارەت صناعی و تجاری هەردووكیان تەخەسوسین، تجاری، تجاریەو، صناعی مهەندسی میكانیك و كارەبا، موهەندیسە حەتمەن، یاخود كابرایەكی موتەخەسیسە لە بواری صناعە، ئەوەی تر ڕاوێژكار، قانونی ئەنجومەنی وەزیرانە $10$ساڵ كەمتر تەعلیماتیانە، حەقی تەقدیمی نیە بۆ ئەوەی ببێتە ڕاوێژكار، ئەوەی نوێنەری ژووری بازرگانی و پیشەسازی بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژكاری لە دەسەڵاتی وەزیرە، پێشان كە كارگەكانی حكومەت، كرێكاری زۆر بوو، سەرۆكی یەكیەتی نەقاباتی عمالیشی تێدابوو، وەكیل وەزارەتی دارایی و بەلەدیات و محافزو ئەوانەشی تێدابوو، بەس ئێستا لەبەر ئەوەی كەم كراوەتەوە، هەر بۆیە ئیكتیفا كرا بەو ئەنجومەنە، بەس لە دەسەڵاتی جەنابی وەزیرە ئەگەر خۆی میوانداری بكات، ئەو شتانەی كە پێویستی پێیە ڕاوێژی پێ بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو خاڵمان لەبیر چوو، یە کەکیان عیلاقەی هەیە بە تەحدیدی عەدەدی ئەعزای مەجلسی ئیستیشاری، ئێمە لە هیچ وەزارەتێك پابەند بە ژمارە نەبووینە، بەڵکو پابەند بە مەنصەبەکان بووینە، ئەوە مستەشارینە، ئەوە مدیر عامەکانن، ئەوە خوبەرانە، یان ئەوە وەکیل وەزیرە، بەو شێوەیە هاتۆتە خوارێ لە گەڵ تەحدید، ئەمە یەکیان، دووەم، د.أحمد لێرە نەدەبا بنووسرێ مستەشارون، پێویستە بنووسرێ المستشارین، ئێمە ئیعتیراف بەوە دەکەین، لە ڕووی لوغەویەوە کەم و کوڕیمان هەیە، ج بەزمانی کوردی، ج بە زمانی عەرەبی، بەڵام پێموایە لێرە المستشارون، بە سیفەتی موبتەدا هاتووە، ڕاستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی داراییدا دەربارەی سادسا، ماددەی پێنجەم، پێشنیاری ئەوەمان کردووە، دەستەواژەی خوارەوە لە کۆتایی ماددەکە زیاد بکرێت، (ویتم الاستفادة من المستشارین الحالین لوزارة التجارة والصناعة)، لە وەزارەتی تجارەو صناعە کۆمەڵێك موستەشار هەیە، خەڵك لەوێ بە عنوانی موستەشارە، ئەمانە شارەزانە لەکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ئەگەر بێتو ئیستیفادە لەمانە بکرێت، باشترە لەوەی خەڵکێکی تر تازە بێننە ناو وەزارەت، ئەگەر بکرێت ئیستیفادە لەمانە کارێکی باشە، دووەم ئێمە بەڕاستی تەئیدی ئەوە دەکەین لە یاسا زکر بکرێت، نوێنەری ژوورە بازرگانیەکان، ئەندام بێت لە ئەنجومەنی وەزارەت، چونکە ئەم وەزارەتە بەڕاستی پەیوەندی زۆر موباشرو زۆر هینە لەگەڵ کەرتی تایبەت، نوێنەری کەرتی تایبەت تەنها ژوورە بازرگانیەکانن، لەبەر ئەوە من وابەباشم زانی کە جەنابی وەزیر حەتمەن کە دادەنیشیت یەعنی بەدوایان دەنێریت، بەڵام ئەگەر لە یاسا بێت ئەمانە زامنی حەقی کەرتی تایبەت دەکەن، لەکاتی وەرگرتنی بڕیار لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، زۆر پێویستە ئەمە زکر بکرێت، وە ئیلتیزام بێت ئامادە بوونی ئەو نوێنەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز، بە نیسبەت مودەرای عامی حالی ئەمە یاسایە، پاش پێنج ساڵی تریش هەر دەبێتە حالی؟، نابێتن یەعنی ئێمە قانون دادەنێین، بڵێی ئیستیفادە بکەی لەو مودەرای حالی، ئیستیفادە خۆی دەیکات، بەس ئەگەر بیخەینە ناو قانونەوە، وابزانم 10 ساڵی تر ئەوانە چیە؟ دەبن، حالی نابن، بۆیە ئێستا جەنابی وەزیریش ئەگەر ڕەئیمان بداتێ، دەربارەی مداخەلەی ئەندامان و لیژنەی یاسای و، پیشەسازی و دارایی، کەرەمکە.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت هەموو مەوازعەكان، تەقریبەن موتەفقین لەسەری، بەس لێرانە ئی مەوزوعی 10 ساڵیەكەی، بە نەزەری من لۆ مستەشارین، بە نەزەری من موستەشار دوو نەوعی هەیە، یەك ئیدارەتەن موزەف تەرفیع دەكات هێدی هێدی دەبێتە موستەشار، یان ئەوی دیكەش وەسفی دەبێت، كە تۆ پێویستە یەكێكی وەسفی بینی، شەرت نیە ئەوە 10 ساڵی هەبیتن، هەیە نوێ تەخەروجی كردووە، ئەویش ئیشی خۆی زۆر زۆر چاك دەزانێ، پسپۆڕە لەوی، ئەتۆ دەیهێنیە ئەوێ ئیستیفادەی لێ دەكەی، شەرتی لەسەر دادەنێی ئیلا دەبێتە موزەفێك، لە مۆزەفەكانی حكومەتی خۆمان، ئەڵعان، حالیەن ئێمە لە موستەشارەكانی خۆمان هەیە، شەهادەی مەعهەدی هەیە، ئەمان 20 ساڵە، 30 ساڵە ئیشی كردیە، وە حاڵی حازر كە مدیرە ئیش دەكات، بەس لەقەبەكەی هەیە، لەبەر ئەوەی وەسفی بێت باشترە، ئەو 10 ساڵە شەرت نەبێتن، وەزیر هەنگینێ دەتوانێت، نەوەك لە وەزارەتی ئێمە، لە وزارەتەكانی تریش ئەشخاس بینێتن كە سوودی هەبێت، فایدەی هەبێت بۆ ئەو ئیشە، نەوەك هەر مۆزەف بێنی تەرفیع پێ بكات، بیبەنە سەرەوەش دەست نادات بۆ ئەوێندەر، دەمینێتن ماددەی مەجلسی ئیستیشاری، بڵێین لە وێندەرێكی مومەسلی غورفەی تجارە دابنێن جوانە، اتحادی مقاولیشمان هەیە، اتحاداتی تریشمان هەیە، ئەوانیش هەموو پەیوەندیان لەگەڵ ئێمە هەیە، ئێمە لە ماددەی پێنجەم زائیدەن شتی تریشمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هەندێ بەڕێز مداخەلەیان كرد، رەئیان ئەوەبوو لەسەر مستەشار قانونی بێت، رەئی لیژنەی هاوبەش و دارایش ئەوەبوو كە هەر ئیعتیادی بێت، تەخسیس نەكرێتن، بۆ مدیر عامی تەسجیلی شەریكات، تەنها بۆ مدیر عامی تەسجیلی شەریكات، جا چەند بەڕێزێك ئەو پێشنیارەیان كرد، ئەگەر پێشنیارەكەیان سەحب نەكەن، مەجبورین بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو پێشنیارەمان كرد، وە ئێستا ئاراستەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی دەكەین، سەحبیش ناكەینەوە، لەبەر ئەوەی یەك رەبتی ئەوی تری هەیە، وەلەبەر ئەو ئەسبابەی كە سەبارەت بە سوڵتەی قەزائی، ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین، هیچ لایەنێك دەست تێوەردان لە ئیش و كاری قەزا بكات، وە ناكرێت سوڵتەی حاكم جونح بدرێتە مدیر عامێكی شەریكات، لەبەر ئەوەی ئەو مەبدەئە نەماوە، پێشان مدیر ناحیەو قایمقامەكان سوڵتەی جونحیان دەدرایێ، ئێستا هەموو قەزاو، هەموو ناحیەك حاكمی تێدایە، بۆیە ئەو مەبدەئەی ئێستا مەبدەئێكی بەسەر چووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا لێژنەی یاسایی، ئاخر سیاغەتان بخوێنن، ئەی دەینـە دەنگدانـەوە چـونکە ئیستیشاریەکە لـە ئەصلی مەوزوعەکە هاتووە کە قانونی بێت، بۆیە ئێستا موسبەقەن نایدەینە دەنگدانـەوە، ئەگـەر لیژنـەی یاسایی دەنگیان نەهێنا، ئەوجا دەدرێتە دەنگدانەوە، نیزامیە کەرەمکە.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کرد کە یەك وەکیل وەزارەت بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، بەڕێزان زۆر زیاتر لە چەند ئەندام پەرلەمانێك داوایان کرد یـەك وەکیـل وەزارەت بێـت، جـەنابی وەزیریش پێی وایە دوو وەکیل وەزارە بێت، جەنابی وەزیر هەڵسە دیفـاع بکـە، بۆچـی دوو وەکیـل وەزارەت بێت؟.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشـی وەزارەتـی پیشەسـازی و بازرگـانی ئیشـەکی هەنـدە کـەم نیـە، ئەگـەر میسالێکی بەسـیت بڵێم، بـەس وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی پێنج هـەزارو قسـور مۆزەفمـان هەیـە، ئیشیشـمان و بارەکـەمان زۆر گرانـە، بازرگانی ئەوها بێت، پیشەسـازی عـەینن وەکـی ئەوەیـە، لەبـەر ئـەوەی پێویسـتمانە دوو وەکیـل وەزیرمـان هەبێتن، چونکە لە بنی هەڵناستین ئیشەکە زۆرە، ئیدارەتەن ئیمکان نابێت یەك وەزیر بیکاتن، حاڵی حـازر ئەمن کە ئەوەی دەکەم بەلای کەم پێنـج سەعات بەس ئیمزای ئەوراق دەکەم، ئێ ئەوە کو دەکـرێتن، نـاڕوات ئەو ئیشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا بۆچوونی چەند ئەندامێکی پەرلەمان هەیە، یەك وەکیل وەزارەت بێت، جـەنابی وەزیـریش ئەڵێ لەبەر زۆر ئیش و کار، پێویسـتم بـە دووانـە، ئێسـتا دەیخەینـە دەنگدانـەوە، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە یـەك وەکیل وەزارەت بێت دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ 27 بەڕێز لەگەڵە، سوپاس، کێ لەگەڵە دوو وەکیـل وەزارەت بێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ ئەغلەبیەتە، دوو وەکیل وەزارت ئەمێنێتەوە، ئەوە بـەو شـێوەیە مایـەوە، ئێسـتا ئـاخیر سـاغە بکـەن تکایـە؟، بیخوێننـەوە بـۆ ئـەوەی بیدەینـە دەنگدانـەوە، بـە عەرەبیەکـە دەکەینە ئەساس، چـونکە تـەغیرات لەسـەری هـات، بـەس بـە عەرەبیەکـە ڕێکـی بخـەن، بـۆ ئـەوەی بیدەینـە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة: والتى كانت برقم المادة الخامسة في المشروع.**

**(تشكيلات الوزارة)**

**تتكون الوزارة من التشكيلات الاتية:**

**اولا: الوزير:**

**هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الإشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق احكام القانون، ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى أي من وكيلي الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسبا في الوزارة.**

**ثانياً : وكيلي الوزارة:**

**أ-وكيل الوزارة للشؤون التجارية:**

**يساعد الوزير في توجيه الوزارة والإشراف على شؤونها الخاصة بالنشاط التجاري، بما يخول له من صلاحيات من قبل الوزير.**

**ب- وكيل الوزارة للشؤون الصناعية:**

**يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها الخاصة بالنشاط الصناعي، بما يخول له من صلاحيات من قبل الوزير.**

**ثالثاً : مكتب الوزير :**

**يرتبط بالوزير و يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**رابعاً : مكتبي وكيلي الوزارة:**

**يدار كل مكتب من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**خامساً : المستشارون :**

**لايزيد عددهم عن (اربعة)، وأن يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الأولية ولهم خبرة وممارسة.**

**سادساً : المديريات العامة:**

**ترتبط بالوزارة المديريات العامة الاتية:**

**و يرأس كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والأختصاص.**

1- **المديرية العامة للشؤون المالية والادارية**

2- **المديرية العامة للتجارة.**

3- **المديرية العامة للتنمية الصناعية.**

4- **المديرية العامة لتسجيل الشركات.**

5- المديرية العامة للتخطيط والمتابعة.

ثامناً :

أ- المجلس الاستشاري للوزارة: يشكل المجلس الاستشاري للوزارة من :

1- الوزير/ رئيساً للمجلس.

2- وكيلا الوزارة/ اعضاء

3- المستشارون/ اعضاء.

4- المدراء العامون/ اعضاء.

5- للوزير استضافة أي شخص من ذوى الخبرة يراه مناسباً من داخل الوزارة أو خارجها عند الضرورة للإشتراك في اجتماعات المجلس دون ان يكون له حق التصويت.

ب- يختص المجلس بمناقشة وتقيم نشاطات الوزارة ودراسة سبل إرتقاء أدائها و تقديم المقترحات المناسبة لحل المشاكل و المعوقات التي قد تواجهها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێ بوو، ئەوە پاشان بە ڕێکی تەرجومە دەکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، دەستتان خۆش بێ، ئێستا بۆ ماددەی (6) لە ئەصلی پرۆژەکە ماددەی شەشە، بووە (أحكام ختاميە)، کەرەمکەن لێژنەی هاوبەش، ڕاپۆرتەکەتان.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوى الخبرة والاختصاص داخل و خارج الاقليم للقيام بالمهام و الواجبات التى توكل اليه للمدة التى يراه مناسباً وذلك لغرض تحقيق اهدف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم کە دەبێتە پێنجەم:

وەزیر بۆی هەیە گرێ بەستی لەگەڵ کەسی سروشتی و مەعنەوی خاوەن شارەزایی پسپۆڕ لە ناوەوەو لە دەرەوەی هەرێم بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارو ئەرکانەی کە پێیان دەسپێردرێت، بۆ ماوەیەك کە بە گونجاوی دەزانێت، ئەمەش بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت و ماف و ئەرکەکانیان لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەمە ماددەی شەش بوو، کە لە ئەصلی پڕۆژەکە دەبێتە ماددەی پێنج، ئێستا ڕاپۆرتی هاوبەش، کەرەمکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین، کە وەکو خۆی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پیشەسازی رەئیتان.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش ئەو ڕاپۆرتی هاوبەشە، تەئیدی ماددەکە دەکەین کە وەکو خۆی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیە، تەئیدی ماددەکەم دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت، کەرەمکە.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە، هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ماددەی پێنج کە لە ئەصلی پڕۆژەکە شەشە، کێ ئەیەوێ مداخەلە بکات، ناویان بنووسین، کاك بشیر، ناوت بڵێ، د.بشیر، شڤان احمد، رفیق سابیر، بەڕێزان کە داوا دەکەین ناوتان بڵێن بۆ ئەوەی تۆمار بێت لە پرۆتۆکۆڵ پاشان ئەگەر ناوت نەڵێی، ناوت تەسجیل نابێت، کەرەمکە ڕێزدار د.بشیر.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم لێرە لە ئەصلی مەشروعەکە، دەڵێی (للوزیر التعاقد مع الأشخاص الطبیعیة والمعنویة) ئی تەبیعیەکە دەکرێت ببێتە اشخاص عادین، ئی مەعنوی اشخاص نیە، الشخصیات المعنویة، لۆیە مەسەلەن ئەگەر شەریکەك یان کۆمپانیایەك، ئەوە دەڵێ ذات الشخصیة المعنویة، جا ئەو شەخسە مەعنویەکە دەکرا

الشخصيات المعنوية، وطبيعيەكەش ببێتە اشخاص عاديين، وەلە تەرجمەی كوردیەكەشدا لە جیاتی سروشتی بڵێ، ئاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك شڤان كەرەمكە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەش كە بوەتە ماددەی پێنج، موفقتەرەحی لیژنەی هاوبەش، اولا، وە ثانیا، (للوزير استحداث أو دمج أو الغاء)، ئەوە لە زمنی اختصاصاتی وەزیرە، من ئەگەر ئەوە نەبن داوای لێبوردن دەكەم، یەعنی ماددەی سادسا، سابعاً، المادة السادسة، لە پرۆژەی موفقتەرەحی لیژنەی هاوبەش، من لەوێ تەماشام كردیە، نەچوومە سەر ئەصلی مەشروعەكە، ئەگەر ئەوە بێتن من مداخەلەم هەیە، ئەگەر ئەوە نەبێتن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، رەئی خۆت بدەو دانیشە، رەجائەن، ڕێزدار رفیق سابیر كەرەمكە.

**بەڕێز د. رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەمی پرۆژەكە، كە بۆتە پێنجەم، هاتووە كە وەزیر بۆی هەیە، عەقد لەگەڵ هەر كەسێك بكات لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات، من پێم باشە، شتێك دەڵێم هیوادارم جەنابی وەزیر بە شەخصی وەری نەگرێت، پێم باشە كە ژمارەكەی دیاری بكرێت، لە سنووری پێنج كەس زیاتر نەبێت، چونكە كردنەوەی بەم شێوە مەفتوح و موتلەقە، دەرفەت بەوە دەدات كە ئینسان، دەیان كەس وەكو هێن بهێنێت، بە تایبەتیش كە من پێموایە لە پێنج كەس زیاتر، زۆر زۆر زیاتر دەبێت، چونكە پێشتر چوار ڕاوێژكاری هەیە جەنابی وەزیر، لە هەمان كاتیشدا لە بڕگەی پێنجەمی ماددەی پێشوو، دەڵێت بۆی هەیە هەركەسێك ئیستیزافە بكات، یان بانگ هێشتن بكات بۆ كۆبوونەوەكە، من پێم باشە كە ئەو بڕگەیە ببێتە دوو بەش، ئەوەی كە گرێ بەست بێت لە ناوەوە، ئەوە صەلاحیاتی جەنابی وەزیر بێت، ئەو گرێ بەستەی كە لەگەڵ دەرەوە بێت، چ شەخصیاتی مەعنەوی یان، ئەوە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بێ، هیوادارم جارێكی تر كە جەنابی وەزیر ئەم مەسەلەیە بە شتێكی شەخصی وەرنەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی د.بشیر ئیشارەتی پێدا، بە نیسبەت طبیعی و مەعنەوی ئەوە زۆر جاریش لێرە باسمان کرد، طبیعی شەخصێکی اعتیادیە، وە زۆر طبیعیة، مەعنەویش ئەو شەخصیەتەیە کە، شەخصیەتی قانونی مەعنەوەی دەداتێ، ئەوە بە قەناعەتی ئێمە بە شکلێکی ڕێك و پێك هاتووە، ئەوەی د.رفیق ئیشارەتی پێیدا، کە وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت، تەحدید بکرێت بە پێنج خوبەرا، ئەوە ناکرێت بەڕاستی ئەتو وەزیر ببەستیەوە بە پێنج خوبەرا، ڕەنگە لە پێنج کەمتری بوێ و لە پێنج زیاتری بوێ، بۆیە ئەم نەصە وەکو نەصی وەزارەتەکانی تر هاتووە، بەڵام ئێمە پێمان باشە بە موافەقەتی مەجلس وزەرا، لە ئاخیری عیبارەتەکە بێت، لەبەر ئەوەی لە هەموو وەزارەتەکان بەو صیغەیە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پیشەسازی رەئیتان.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی هاوڕاین، هیچ تێبینیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نیە، تەنها ئەوە نەبێت، ئیزافەی بە موافەقەت لە مەجلس وزەرا لە ئەخیرەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرق ناکات قسەی ڕاستی، ئەنجومەنی وەزیران هەبیتن نەبێتن هەر عەینی حسێب دێتن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ئاخیر سیاغەتان، بخوێنن بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

**للوزير التعاقد مع الأشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والأختصاص داخل و خارج الأقليم للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم للمدة التي يراه مناسباً وذلك لغرض تحقيق أهداف الوزارة وتحدد حقوقهم و ألتزاماتهم من قبل الوزير بموافقة مجلس الوزراء.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ ماددەی حەوت لە ئەصڵی پڕۆژەكە كە دەبێتە ماددەی شەشە، كەرەمكە.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السابعة في المشروع والتى تصبح المادة السادسة:**

**احكام عامة وقضائية**

**أولاً: يحدد بنظام مهام وأختصاص تشكيلات الوزارة.**

**ثانياً: للوزير أصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**ثالثاً: للوزير استحداث أو دمج أو الغاء أي من المديريات أو الأقسام أو الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم كە دەبێتە ماددەی شەشەم:**

**حوكمە گشتی و دادوەریەكان:**

**یەكەم: ئەرك و تایبەتمەندی پێكهاتنی وەزارەت بە پەیڕەو دەست نیشان دەكرێت.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمای پێویست بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی حكومەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.**

**سێیەم: وەزیر بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەشێك یان هۆبەیەك لەناو پێكهاتەكانی وەزارەت دابمەزرێنێ یان لێكیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە، بە پێی پێویستی كارەكانیان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لێژنەی هاوبەش رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها یەك ملاحەزەمان هەیە، احكام عامة وقضائية، ببێتـة احكـام ختاميـة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان لەسەر، کەرەمکە.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

احكام ختاميە بێت، هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەوە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێ مداخەلە بکات لـەم ماددەیـە؟ کەرەمکـە کـاك شـڤان، یـەك کـەس هەیە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر کە مداخەلەم کرد، حەقیقەتەن لە پڕۆژەی موقتەرەحدا نەهاتبا ئەو ماددەیەی کە پێشـتر بـاس کـرا، بۆیە من داوای لێبوردن دەکەم، لێرە مـاددەی سادسـا لێـرە هەیـە، لـە پـڕۆژەی ئەصـلدا هـەبوو، لـە پـڕۆژەی موقتەرەحـدا نـەبوو، بۆیـە ئـەو باسـە دروسـت بـوو، زۆر داوای لێبـوردن دەکـەم، لێـرە مـاددەی سـابعاً، المـادة السادسـة، دوو بڕگەیــە، اولاً و ثانيــاً، اولا، جێـی خۆیـەتی، ثانيــاً، للـوزير اسـتحداث، مـن پێموایـە ئەمـە اختصاصـاتی وەزیـرە، لـە زمنـی اختصاصـاتە، دەبێـت بچێتە اختصاصـاتی وەزیـر، نـەوەك لێـرە لـە احكـام خیتامی باس بکرێتن، بەعنی هەر ئەوەندە تێبینیم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیر ئەم دەسەڵاتەی بە قانون دراوەتێ، یەعنی بەخۆی ناتوانێ بە کەیفی خۆی استحداث بکات، ئەگەر بە قانون ئێمە دەسەڵاتی نەدەینێ، ناکرێت استحداث و دەمج و الغائی مدیریات بکات، یان اقسام بکات، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی کە ئێمە دەیدەینێ بەو برگە یاساییە دەتوانێ ئەو دەسەڵاتە بەکاربهێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پیشەسازی رەئیتان.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ رەئی لیژنەی یاساین هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ رەئیانم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر سیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

**(الاحكام الختامية)**

أولاً: يحدد بنظام مهام وأختصاص تشكيلات الوزارة.

ثانياً: للوزير أصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

ثالثاً: للوزير استحداث أو دمج أو الغاء أي من المديريات أو الأقسام أو الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان گوێتان لێی بوو، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی هەشتەم لە ئەصلی پرۆژەکە کە دەبێتە حەوتەم، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة في المشروع :**

**لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی هەشتەم:**

**کار بەهیچ دەقێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە ئیعادەی سیاغەمان کردۆتەوە، وە فەقەرەیەکیشمان زیاد کردووە، ئێستا ئیعادەی سیاغەکەو فەقەرە زیادەکەتان بۆ دەخوێنینەوە، فەقەرەی یەك لەماددەکە، (لا يعمل بأي نص قانوني أوقرار يتعارض مع احكام هذا القانون)، دوو،(يلغى قانون وزارة الصناعة رقم(13) لسنة (2006) وقانون وزارة التجارة رقم (11) لسنة (2006).**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**هەشتەم:**

**ماددەی حەوتەم:**

**أ- کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.**

**ب-یاسای ژمارە (13) ساڵی (2006) ی وەزارەتی بازرگانی، یاسای ژمارە (11) ساڵی (2006) وەزارەتی پیشەسازی لادەبرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی رەئیتان.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ تەعدیلەکەین، پێویستە ئەو تەعدیلە بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە جێی خۆیەتی ئەو تەعدیلە، هچ اعتراٍزم لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەوە ماددەیە قسە بکات، یەك کەسێکە کەرەمکە.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دیار نابێت مەصیری مەوجودات و مومتەلەکات، وە مونتەسبی هەردوو وەزارەت بۆ کێ دەڕوات؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، دانیشە، باسی لایعمل بای نص دەکات، مومتەلەکاتی چی؟، براگیان، لیژنەی یاسایی تکایە، ئاخیر سیاغەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

المادة الثامنة:

أ-لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

ب- يلغى قانون وزارة الصناعة رقم (13) لسنة (2006) وزارة التجارة رقم (11) لسنة (2006).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بەڕێزان ئێستا پێشنیارێك هەیە، بۆ ئەوەی ماددەیەکی تر ئیزافە بکرێت، بۆ مومتەلەکاتی ئەو دوو وەزارەتەی کە هەڵوەشاوەتەوە، ئیزافە دەکرێت، کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو دوو مادەیەش بڕوێنین، یەعنی جەنابت موافق بی بڕوێنین، هەتا ماددەکە صیاغە دەکرێت.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەو ماددە پێشنیار کراوە، صیاغەکەی حازرە، بەو شێوەیەی کە ئێستا دەیخوێنینەوە.

(تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وملاكات وزارتي التجارة والصناعة الملغاة الى الوزارة).

وەزارەتیشمان تەعریف كردیە، لەماددەی تەعریف، پێیناوێ دووبارەی بكەینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت لەسەری.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاسی ئەو برادەرە دەكەم، بەس قسەی ڕاستی ئەگەر ئەوە نەبوایە، ئێمە بێ وەزارەت دەماین، بێ تشت دەماین، چمان لەگۆڕێ نەدەما، بێ مومتەلەكات دەماین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا بیخوێنە ئاخیر صیاغە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وملاكات وزارتي التجارة والصناعة الملغاة الى الوزارة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟سوپاس، كێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ ماددەكەی تر كەرەمكە.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كار بە هیچ دەقێك ناكرێت، گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە موختەلف خوێندتان، هەریەكەی شتێكتان خوێندەوە، چاكی كەنەوە، كاك عونی ماددەكە بخوێنەوە، كەرەمكە.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة :**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی نۆیەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەگەڵ دەقی ماددەكەین، وەهیچ تێبینیەكمان نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی رەئیتان.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین، هیچ تێبینیەكمان نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر رەئیت لەسەری.**

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش هیچ تێبینیەكمان لەسەری نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا ئاخیر ساغە، لیژنەی یاسایی بخوێننەوە بۆ ئەوە بخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی ئەخیر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

المادة العاشرة :

تنفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ اصداره ونشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی(وقایعی كوردستان) بڵاو دەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئیعادەی سیاغەمان بەو شكلە كردووە،(ینفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ نشره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕای لیژنەی هاوبەشین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ رەئی ئەو جەنابەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، كەس مداخەلەی هەیە، لیژنەی یاسایی ئێستا ئاخیر سیاغەتان، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ اسباب موجبە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(الأسباب الموجبة)

نظراً لأستحداث وزارة التجارة والصناعة في أقليم كوردستان بعد دمج وزارتي التجارة والصناعة وبغية تحديد تشكيلاتها وأهدافها ومهامها بما يحقق التنمية الأقتصادية و الاجتماعية وفق السياسة التجارية والصناعية لاقليم كوردستان فقط اصبح من الضروري تشريع قانون خاص بها ولتحقيق ما تقدم بها شرع هذا القانون.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**(هۆكارەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایە)**

بەلەبەر چاو گرتنی دروست بوونی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی كوردستان، دوای یەكخستنی هەردوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئامانجی دەست نیشان كردنی پێكهاتەو ئەرك و ئامانجەكانی

وەزارەتی ناوبراو، ئەو ئاراستەیەی کەلەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کاری گەشەی ئابوری و کۆمەلأیەتی بێت، گرنگ و یاسایەکی تایبەت بەم بوارە بوونی هەبێت، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی هاوبەش رەئیتان لەسەر ئەو هۆکارە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ئەسباب موجیبە دەکەین، هیچ ملاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی ئەسباب موجیبە دەکەین، هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هچ تێبینیەکمان لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، کەس مداخەلەی هەیە لەو اسباب موجیبە؟، نیە، ئێستا ئاخیر جار بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ گشت پڕۆژە یاسایەکە ئەیدەینە دەنگدانەوە، بەس ئاخیر جار بیخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**(الأسباب الموجبة)**

**نظراً لأستحداث وزارة التجارة والصناعة في أقليم كوردستان بعد دمج وزارتي التجارة والصناعة وبغية تحديد تشكيلاتها وأهدافها ومهامها بما يحقق التنمية الأقتصادية و الاجتماعية وفق السياسة التجارية والصناعية لاقليم كوردستان فقط اصبح من الضروری تشريع قانون خاص بها ولتحقيق ما تقدم بها شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا لەگەڵ ئەوەی لیژنەی یاسایی و دەسەڵاتیان دەدەینێ، هەمواری تسلسلی مادەکان بکەنەوە، چونکە گۆڕانکاری تیا بوو، لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان پێکەوە ئەوە ڕێك بخەن، ئێستا پڕۆژەکە بەگشت ماددەکانیان لەگەڵ اسباب موجیبە، دەدەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆزبایی دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان و لە وەزارەتی تجارەو صناعە و لە گشت خەڵکی کوردستان، کە ئیمڕۆ قانونەکەیان پەسەند کرا، وە ئومێدەوارین بە ڕێك و پێکی کار بکەن، وە ئومێدەوارین هەموو تێدا سەرکەوتووبن، خەڵکی کوردستانیش لێی سوودبەخش بێت، ئێستاش داوا لە بەڕێز وەزیر دەکەین کە وتەیەکی هەبێت بەو مناسەبەیە، کەرەمکە.**

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، سێ سەعات و نیو کاتی بۆمان وەرگرت، ئەمنیش چەند ڕۆژ ئێوەم تاخیر کرد، بە واجب دەرچوو بووم، زۆر سوپاستان دەکەم، انشائەللاّ خێردار دەبیتن بۆ هەموو میللەتمان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان سبەی ئەو پڕۆژانەی کە هەرچی ئەندام پەرلەمان تەقدیمی کردووە، چی لەبەر دەستمانەو خوێندنەوەی بۆ نەکراوە، سبەی هەموو خوێندنەوە بۆ گشتیان دەکرێت، بۆ ئەوەی لەناو پشووەکە ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەکان، خەریك بن حازرییەکی باشی بۆ بکەن، سبەی سەعات (12)، ئیمڕۆ کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین، سبەی سەعات 12، دانیشتنمان دەبێت خوا ئاگادارتان بێت.**

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) |
| سكرتێرى پەرلەمانى | جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى | سەرۆكى پەرلەمانى |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانى كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژمارە (21)ى**

**سێ شەممە رێكەوتى 29\6\2010**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (21)ی

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2010/6/29

کاتژمێر (12)ی نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2010/6/29 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (29)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (21)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (12)ی نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2010/6/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری تەرخانکردنی زیادەی بودجەی تایبەت بۆ ئەو قەزایانەی کە لەسەر دەستی ڕژێمی پێشووی عێراقی تووشی ڕاگواستنی بەزۆرە ملێ بوون لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای وانە بێژی مامۆستایان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتە بالآکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کۆچبەران و کۆچ پێکراوان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

7- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

8- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

9- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دیکۆمێنت پارێزی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

10- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

11- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری یەکخستنی چەند وشەو زاراوەیەك لە هەرێمی کوردستان.

12- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای سندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی کوردستان.

13- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (65) لە ساڵی 1972ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (21)، ڕۆژی دانیشتن (2010/6/29)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (21)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (12)ی نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (2010/6/29)دا بەو شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری تەرخانکردنی زیادەی بودجەی تایبەت بۆ ئەو قەزایانەی کە لەسەر دەستی ڕژێمی پێشووی عێراقی تووشی ڕاگواستنی بەزۆرە ملێ بوون لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای وانە بێژی مامۆستایان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتە بالاَکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کۆچبەران و کۆچ پێکراوان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

7- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

8- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

9- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دیکۆمێنت پارێزی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

10- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

11- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری یەکخستنی چەند وشەو زاراوەیەك لە هەرێمی کوردستان.

12- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای سندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی کوردستان.

13- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (65) لە ساڵی 1972ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆتان، بۆ پێشکەش کردنی ئەو بەرنامەیە بە ئەندامان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری تەرخانکردنی زیادەی بودجەی تایبەت بۆ ئەو قەزایانەی کە لەسەر دەستی رژێمی پێشووی عێراق تووشی راگواستنی بەزۆرە ملێ بوون لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەو پرۆژەیە بریتییە لە چوار ماددەو هۆکارەکانی دەرچوواندنی، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر ئەو پرۆژەیە کردووە، بەڕێزان:

1- عمر نورەدینی. 2- سۆزان شهاب. 3- دلشاد شهاب. 4- محمد شارەزووری. 5- فاضل بەشارەتی. 6- عمر هەورامی. 7- سەردار رشید. 8- د.حسن محمد. 9- قادر حسن. 10- عبدالله مام علی. 11- د.رفیق صابر. 12- شەونم محمد غریب. 13- عماد محمد حسین.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین، بۆ تاوتوێ کردن و گەڕانەوەی رەئیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، کەرەم بکەن بۆ خاڵی دوو لەبەرنامەی کار.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای وانە بێژی مامۆستایان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەو پرۆژەیە بریتییە لە حەوت ماددەو هۆکارەکانی دەرچوواندنی، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر ئەو پرۆژەیە کردووە، بەڕێزان:

1- حاكم رزگار محمد امين. 2- د.سەرووەر عبدالرحمن. 3- گەشە دارا جلال. 4- د.احمد ابراهيم. 5- پەيمان عزالدين. 6- ڤيان عبدالرحيم. 7- د.رفيق صابر. 8- بێريڤان سەرهەنگ. 9- پەروين عبدالرحمن. 10- تارا تحسين ئەسعەدی. 11- خليل عثمان. 12- دانا سعيد سۆفی. 13- سەرهەنگ فرج. 14- د.ڕێباز فتاح محمود. داوا لە سەرۆكايەتی پەرلەمان دەكەم، كە ئەم پرۆژەيە ئاراستەی ليژنەی پەيوەنديدار بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەی ليژنەی كاروباری ياسايی و ليژنەی پەروەردەو فێركردنی باڵاو توێژينەوەی زانستی و ئەندامە بەڕێزەكان دەكەين، كەرەم بكەن بۆ خاڵی سێ لەبەرنامەی كار.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی سێيەم لە بەرنامەی كار/ خوێندنەوەی يەكەمی پێشنياری ياسای تايبەت بە كورتە باڵاكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

ئەو پرۆژەيە لەلايەن ژمارەی ياسايی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوەو، بريتييە لە بيست ماددە، لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوواندنی ياساكە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە واژوويان لەسەر ئەو پرۆژەيە كردووە، بەڕێزان:

1- تارا تحسين ئەسعەدی. 2- صبيحە احمد. 3- پەروين عبدالرحمن. 4- ئەڤين عمر احمد. 5- سميرە عبدالله اسماعيل. 6- تارا عبدالرزاق. 7- كەيلی اكرم مەنتك. 8- شلێر محی الدين. 9- شلێر محمد نجيب. 10- شەونم محمد غريب.

داوا لە سەرۆكايەتی پەرلەمان دەكەم، كە ئەم پرۆژەيە ئاراستەی ليژنەی پەيوەنديدار بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەی ليژنەی كاروباری ياسايی و ئەندامە بەڕێزەكان دەكەين، كەرەم بكەن بۆ خاڵی چوار لەبەرنامەی كار.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی يەكەمی پێشنياری ياسای پێشينەی هاوسەرگيری لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

كە لەلايەن ژمارەی ياسايی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە واژوويان لەسەر ئەو پرۆژەيە كردووە، بەڕێزان:

1- سەرگوڵ رضا حسن. 2- احمد سلێمان عبدالله. 3- سمير سليم امين. 4- حمه سعيد حمه على. 5- هاوڕاز شێخ احمد. 6- سەرهەنگ فرج محمد. 7- نەريمان عبدالله قادر. 8- د.ڕێباز فتاح محمود. 9- د.شاهۆ سعيد. 11- پێشەوا تۆفيق مغديد. 12- د.احمد ابراهيم. 13- د.صباح محمد نجيب. 14- بەيان احمد حسن.

ئەم پرۆژەيە لە شەش مادده پێكهاتووه، داوا لە سەرۆكايەتى پەرلەمان دەكەم، كە ئەم پرۆژەيە ئاراستەى ليژنەى پەيوەنديدار بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەى ليژنەى كاروبارى ياسايى و ليژنەى كۆمەڵايەتى و داكۆكى كردن لە مافى ئافرەتان و ليژنەى دارايى و ئابوورى و ئەندامە بەڕێزەكان دەكەين، كەرەم بكەن بۆ خاڵى پێنج لەبەرنامەى كار.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

خاڵى پێنج لە بەرنامەى كارى ئەمڕۆ/ خوێندنەوەى يەكەمى پێشنيارى ياساى كۆچبەران و كۆچ پێكراوان لە هەرێمى كوردستان – عێراق.

كە لەلايەن ژمارەى ياسايى ئەندامانى پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەى كە واژوويان لەسەر ئەو پرۆژەيە كردووە، بەڕێزان:

1- ايوب نعمت قادر. 2- احمد سلێمان عبدالله. 3- د.صباح بەرزنجى. 4- سەرگوڵ رضا حسن. 5- سمير سليم امين. 6- ناسك تۆفيق عبدالكريم. 7- عمر عبدالعزيز بهاءالدين. 8- كاردۆ محمد پيرداود. 9- پەيام احمد محمد امين. 10- هاوڕاز شێخ احمد. 11- بەيان احمد حسن.

ئەم ياسايە بەزمانى عەرەبى هاتووە بريتييە لە دوازدە مادده، داوا لە سەرۆكايەتى پەرلەمان دەكەم، كە ئەم پرۆژەيە ئاراستەى ليژنەى پەيوەنديدار بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەى ليژنەى كاروبارى ياسايى و ليژنەى ناوخۆ و ليژنەى كۆمەڵايەتى و ليژنەى مافى مرۆڤ و ئەندامە بەڕێزەكان دەكەين، كەرەم بكەن بۆ خاڵى شەش لەبەرنامەى كار.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

برگەی شەشەم لە بەرنامەی کاری ئەمرۆمان/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان. کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر ئەو پرۆژەیە کردووە، بەڕێزان:

1- کوێستان محمد عبداللە. 2- نەسرین جمال مصطفى. 3- ڤیان عبدالرحیم عبداللە. 4- د.ڕێباز فتاح محمود.

5- پەیمان عزالدین عبدالرحمن. 6- سەرهەنگ فرج محمد. 7- برهان رشید حسین. 8- عدنان عثمان محمد.

9- سیوەیل عثمان احمد. 10- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر.

ئەم پرۆژەیە لە سێ مادده پێکهاتووە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین، کەرەم بکەن بۆ خاڵی حەوت لەبەرنامەی کار.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی حەوت لە بەرنامەی کاری ئەمرۆمان/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بریتیە لە شەش مادده لەگەڵ ئەسبابی موجیبە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر ئەو پرۆژەیە کردووە، بەڕێزان:

1- کوێستان محمد عبداللە. 2- نەسرین جمال مصطفى. 3- ڤیان عبدالرحیم عبداللە. 4- د.ڕێباز فتاح محمود.

5- پەیمان عزالدین عبدالرحمن. 6- سەرهەنگ فرج محمد. 7- برهان رشید حسین. 8- عدنان عثمان محمد.

9- کاروان صالح. 10- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی شارەوانی و لیژنەی کۆمەڵایەتی و ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین، کەرەم بکەن بۆ خاڵی هەشت لەبەرنامەی کار.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕگەی هەشت لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی كوردستان – عێراق.**

**ئەو یاسایە بریتیە لە چواردە ماددە، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە واژوویان لەسەر ئەو پرۆژەیە كردووە، بەڕێزان:**

**1- اسماعیل سعید گەلاڵەیی. 2- برهان رشید حسین. 3- پەیام احمد محمد امین. 4- پەیمان عزالدین عبدالرحمن. 5- پەیمان عبدالكریم عبدالقادر. 6- پێشەوا تۆفیق مغدید. 7- د.جعفر علی رسول.**

**8- د.ڕێباز فتاح محمود. 9- د.زانا رؤوف حمە كریم. 10- سەرهەنگ فرج محمد. 11- سیوەیل عثمان احمد.**

**12- د.شاهۆ سعید. 13- عدنان عثمان محمد. 14- عبدالله محمد نوری. 15- عظیمة نجم الدین. 16- ڤیان عبدالرحیم عبدالله. 17- كوێستان محمد عبدالله. 18- كاردۆ محمد پیرداود. 19- كاروان صالح احمد.**

**20 نەسرین جمال. 21- نەریمان عبدالله قادر. 22- د.پەریهان قوبلای.**

**داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم، كە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەندامە بەڕێزەكان دەكەین، كەرەم بكەن بۆ خاڵی نۆ لەبەرنامەی كار.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕگەی نۆیەم لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای دیكۆمێنت پارێزی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.**

**ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە واژوویان لەسەر ئەو پرۆژەیە كردووە، بەڕێزان:**

**- اسماعیل سعید گەلاڵەیی.2- برهان رشید حسین. 3- پەیام احمد محمد امین. 4- پەیمان عزالدین عبدالرحمن. 5- پەیمان عبدالكریم عبدالقادر. 6- پێشەوا تۆفیق مغدید 7- د.جعفر علی رسول. 8- د.ڕێباز فتاح محمود. 9- د.زانا رؤوف حمە كریم. 10- سەرهەنگ فرج محمد. 11- سیوەیل عثمان احمد. 12- د.شاهۆ سعید فتح الله. 13- عدنان عثمان محمد. 14- عبدالله محمد نوری. 15- عظیمة نجم الدین. 16- ڤیان عبدالرحیم عبدالله. 17- كوێستان محمد عبدالله. 18- كاردۆ محمد پیرداود. 19- كاروان صالح احمد.**

**20 نەسرین جمال مصطفى. 21- نەریمان عبدالله قادر. 22- د.پەریهان قوبلای.**

ئەم پرۆژەیە لە نۆ مادده پێكهاتووە، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم، كە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی كۆمەڵایەتی و لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی پێشمەرگەو ئەندامە بەڕێزەكان دەكەین، كەرەم بكەن بۆ خاڵی دە لەبەرنامەی كار.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دەیەم لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەس و كاری شەهیدو ئەنفالكراوەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە واژوویان لەسەر ئەو پرۆژەیە كردووە، بەڕێزان:

1- كوێستان محمد عبدالله. 2- د.شاهۆ سعید فتح الله 3- د.جعفر علی رسول. 4- د.زانا رؤوف حمه كریم. 5- د.پەریهان قوبلای محمد. 6- عظیمة نجم الدین. 7- پەیمان عبدالكریم عبدالقادر. 8- پەیام احمد محمد امین 9- نەسرین جمال مصطفی. 10- عدنان عثمان محمد. 11- كاردۆ محمد پیرداود. 12- ڤیان عبدالرحیم عبدالله. 13- سیوەیل عثمان احمد.

ئەم پرۆژەیە لە یەك مادده پێكهاتووە، كەخۆی دوازدە بڕگە دەگرێتەوە، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم، كە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ببوورن، بەنیسبەت خاڵی نۆ ئاراستەی لیژنەی رۆشنبیری و لیژنەی یاسایی و ئەندامە بەڕێزەكان دەكەین، ئەوەی پێشوو بە سەهو هات، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی كۆمەڵایەتی و لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی پێشمەرگەو ئەندامە بەڕێزەكان دەكەین، كەرەم بكەن بۆ خاڵی یازدە لەبەرنامەی كار.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یازدەم لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری بڕیاری یەكخستنی چەند وشەو زاراوەیەك لە هەرێمی كوردستان.

كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە واژوویان لەسەر ئەو پرۆژەیە كردووە، بەڕێزان:

1-گوڵێزار قادر اسماعیل. 2- د.احمد ابراهیم علی. 3- د.رفیق صابر قادر. 4- شوان کریم کابان. 5- بەفرین حسین خەلیفە. 6- ایوب نعمت قادر(ئارام). 7- فاضل حسن اسماعیل. 8- عبدالله حاجی محمود. 9- حمە سعید حمە علی. 10- احمد سلێمان عبدالله (بلال). 11- بەیان احمد حسن. 12- د.صباح بەرزنجی. 13- حاکم رزگار محمد امین. 14- سالار محمود مراد. 15- هاژە سلێمان مصطفی.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین، کەرەم بکەن بۆ خاڵی دوازدە لەبەرنامەی کار.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوازدە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای سندوقی پاڵپشتی گەنجان لە هەرێمی کوردستان.

ئەم یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بریتیە لە هەشت ماددە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندنی یاساکە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر ئەو پرۆژەیە کردووە، بەڕێزان:

1-عمر صدیق هەورامی. 2- ئەڤین عمر احمد 3- تارا عبدالرزاق. 4- کەیلی اکرم مەنتك. 5- پێشەوا تۆفیق مغدید. 6- سەرگوڵ رضا حسن. 7- بەفرین حسین خەلیفە. 8- د.ڕێباز فتاح محمود. 9- عماد محمد حسین. 10- خورشید احمد سلیم.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی وەرزش و لاوان و لیژنەی کۆمەڵایەتی و لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین، کەرەم بکەن بۆ خاڵی سێزدە لەبەرنامەی کار.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێزدە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (65) لە ساڵی 1972ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان.

کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بریتیە لە یەك ماددە بۆ تەعدیل کردنی لەگەڵ ئەسبابی موجیبە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر ئەو پرۆژەیە کردووە، بەڕێزان:

1- سالم تۆما کاکۆ. 2- ئەڤین عمر احمد. 3- عبدالسلام مصطفى صديق. 4- د.جهان اسماعيل. 5- امير گوگە يوسف. 6- د. ثائر عبدالاحد. 7- د.سەروەر رشيد. 8- محمد دلێر محمود. 9- عبدالقادر بازرگان. 10- ئارام شاهێن. 11- يشار نجم الدين. 12- سۆزان يوسف. 13- ناسك تۆفيق.

داوا لە سەرۆكايەتى پەرلەمان دەكەم، كە ئەم پرۆژەيە ئاراستەى ليژنەى پەيوەنديدار بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەى ليژنەى كاروبارى ياسايى و ليژنەى ئەوقاف و ليژنەى ئافرەتان و ئەندامە بەڕێزەكان دەكەين، هيواى سەركەوتنتان بۆ دەخوازين، نوقتەى نيزاميت هەيە كەرەم بكە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە برگەى يەكەمدا باسى قەزاو ناحيەكان كرا، قەزاو ناحيەكان زياتر سەر بە وەزارەتى ناوخۆن، جا من پێم باشە ئەمە بدرێتە ليژنەى ناوخۆش، رەنگە سوودى هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

دامانە ليژنەى ناوخۆش، باشە، سوپاس، ئەوە ئاراستەى ليژنەى ناوخۆش دەكەين، ليژنەى ئاوەدانكردنەوەش هەيە، نوقتەى نيزاميە، كەرەم بكە.

**بەڕێز نەريمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

خاڵى دەيەم/ خوێندنەوەى يەكەمى پێشنيارى ياساى هەموار كردنى دووەمى ياساى ماف و ئيمتيازاتى كەس وكارى شەهيدان و ئەنفالكراوەكان، بەڕاستى پێويست دەكات بدرێت بە ليژنەى ناوخۆش، لەبەر ئەوە ناوخۆ شەهيدى زۆرى هەيە لەو بوارە، بۆيە ئاراستەى ليژنەى پێشمەرگە كرا، بەلاَم ئاراستەى ليژنەى ناوخۆ نەكرا، ئەگەر بكرێت ئاراستەى ليژنەى ناوخۆش بكرێت، خراپ نييە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

نوقتەى نيزاميت هەيە، كەرەم بكە.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

خاڵى سێزدە، پێموايە ئەمە بدرێتە ليژنەى كۆمەلاَيەتى، ئەوقاف و ئافرەت و ياسامان دايە، كۆمەلاَيەتى نييە، ئەگەر ئيزافەش نەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان، دانیشتنی بەیانیمان، کە دانیشتنی کۆتایی پێهێنان بە دانیشتنەکان دەبێتن، سەعات (11)ی سەر لە بەیانی، تکایە هەمووتان لێرە بن بۆ کۆتایی هێنان بە دەورەکە، سبەی سەعات (11) لێرە بن، تا ئەو کاتە بەخواتان دەسپێرین، بەیانی نەختێك لەسەر وەزعەکە قسە دەکەین، خواتان ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (22)ی

## چوارشەممە رێكەوتی 30\6\2010

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22)ی

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/6/30

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/6/30 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (22)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/6/30 دا بەم شێوەیە بێت:

1- ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی دووەم لە خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەمی پەلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (22)، ڕۆژی دانیشتن (2010/6/30)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (22)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2010/6/30)دا بەو شێوەیە بێت:

1- ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی دووەم لە خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەمی پەلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.

خاڵی یەکەم/ بەڕێزان، لە (2010/3/13) خولی گرێدانی دووەم، ساڵی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دەستی پێکرد، لەم خولەدا پەرلەمانی کوردستان چالاکی زۆری نواند، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، کە دەوری خۆتان بینی لەم دانیشتنە، لەم خولە، تاکو ئێستا (22) دانیشتنی ئاسایی ئەنجام دراوە، (10) دانیشتنی نائاسایی ئەنجام دراوە، دانیشتنی دەستپێك و دانیشتنی ئەمڕۆش دێتە سەری، هەندێك لە دانیشتنەکان لە ڕۆژێك دووجار ئەنجام دەدرا، پێش نیوەڕۆ، پاش نیوەڕۆ، لەم دانیشتنانە (10) پرۆژە یاسا پەسند کراوە، لەگەڵ (4) بڕیار، هەر لەو دانیشتنانەی کە ئێوەی بەڕێز لەم پەرلەمانە ئەنجامتان داوە، (52) پرۆژە یاسا خوێندنەوەی بۆ کراوە، کە ئێستا لەبەر دەستی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، بۆ تاوتۆ و گفتوگۆکردن لەسەری، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز لەو ماوەیە (68) پرسیاریان ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، لەو وەڵامانە (37)ی وەڵام دراوەتەوە، (37) پرسیاری بە فەرمی لە کاتی یاسایی خۆی وەڵام دراوەتەوە، (31)یان تاکو ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، بۆیە ئەو پرسیارانەی کە وەڵام نەدراوەتەوە بە فەرمی لە کاتی یاسایی خۆی، ئێمە داوا لە حکومەت دەکەین وەختێ کە دانیشتنەکانمان دەست پێ دەکات، ئەو وەزیرە بەڕێزانە بێن بۆ ئەو وەڵامانە، کە بزانین سەبەبی دواکەوتنیان لە وەختی ئاسایی خۆی چیە؟ بۆ نەدراوەتەوە؟ (12) پرۆژە یاسامان بۆ حکومەت ناردووە، لەبەر ئەوەی ئیلتیزاماتی ماددی تێدا بووە، هەندێکی هی پێشتر خۆیان بووە، کە هەندێك لە ئەندامە بەڕێزەکان تەبەنیان کردووە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ کامیان وەڵامیان نەهاتۆتەوە، بۆیە ئەوەش بە فەرمی داوایان لێ دەکەین بۆ ڕوونکردنەوەی ڕایان، تا ئێستا (23) وەزیر بانگ کراون بۆ پەرلەمان، بۆ لیژنەکانی پەرلەمان، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەروەهاش وەزیر بۆ ڕوونکردنەوە، بۆ ناو پەرلەمان وەك ڕێزدار ئاشتی، کە تەشریفی هێناوەتە ئێرانە، بەڕێزان، لەم ماوەیەی ئەو خولە (114) جار وەفدی جۆراو جۆر لە دیپلۆمات، پەرلەمانتار، کۆمەڵگای مەدەنی، ئافرەتان، لاوان، جوتیاران، تەشریفیان هێناوەو هاتوونەتە پێش پەرلەمانی کوردستان، کە چاوپێکەوتنی ڕەسمی لەگەڵیان کراوە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، شاندی پەرلەمانی کوردستان لەم خولە بەڕەسمی لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە دەعوەت کران، دەعوەتی ڕەسمی سەرۆکی پەرلەمانی بەریتانیا بوو، هەر ئەو شاندە کە لە (14)ی مانگ تاکو (22)ی مانگی (3) لە بەریتانیا بوون، زۆربەی لایەنەکانی پەرلەمان بەشداریشیان دەکرد، سەردانی لەندەن و موقاتەعەی وێلزیان کردو هاتنەوە، هەروەها شاندی پەرلەمان لەم خولە

سـەردانی بەغـدایان کـرد، بـۆ بەشـداربوون لـە کردنــەوەی دانیشـتنی دەسـتپێکی خولەکـەیان، هـەر لـەو سەردانەش چاوپێکەوتن کرا لەگەڵ ڕێزدار سـەرۆکی کۆمـار، لەگـەڵ سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران، لەگـەڵ هەردوو جێگرەکەی سەرۆك کۆمار، هەردوو جێگرەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدار (عمار الحکیم)، هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی هەرێمی کوردستان، هـەموو کـە بەشـدار بوونـە لـە کردنـەوی خولەکـە، کەخۆیان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقن و نوێنەری هەرێمی کوردسـتانن، چـاوپێکەوتنیان لەگـەڵ کرا، لـەم پەرلەمانـە زۆر کـاری تـریش کـراوە، هـەر بـۆ ئامـادە کردنـی بەرنامـەی کتلـە کوردسـتانیەکان، بـۆ دانوستاندن لە بەغدا، بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق، دوای هەڵبژاردنەکە (52) سەعات کۆبوونـەوە کراوە لێرە، لەگەڵ گشت لایەنەکان بە تێرو تەسەل دانیشتن کراوەو گشت دانیشتنەکان لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووەو، تەسبیت کراوە کە ئەو شاندەمان لە بەغدا مفاوەزات دەکـات، گفتوگۆ دەکات، پاشان نەتیجەی دانوستاندنەکانیان دەهێننەوە پەرلەمانی کوردستان، دێـت لێـرە لـەناو ئـەم قاعەیـە ئێوەی بەڕێز بڕیاری لەسەر دەدەن، بۆ پێکهێنانی ئەو حکومەتە، ئینجا ئەگەر بکەوێتە ناو کاتی پشووەکە، ئەوە دانیشتنی نائاسایی بۆ گرێ دەدەین، ئەگەر وا پێش دەچێت زۆر پەلەیان لێی نەبێت، هەرچەندە ئێمە پێمان خۆشە زوو جێبەجێ بێت، بەلاَم ئەگەر تاخیریش بـوو، ئـەوا مەسـەلەیەکی تـرە، بـەڕێزان، ماوەیەکـە زۆر هێرش دەکرێتە سەر پەرلەمانەکـەتان، پەرلـەمانی هـەرێمی کوردسـتان، پەرلـەمانی میللەتەکـەمان، بـۆ ئەوەی لە رووی خەڵکی کوردستان، لە رووی ئێوەی بەڕێز، لە رووی گشت کەسێك ڕەشی بکەن، بۆیە حەقـە لەسەر چەند خاڵێك بوەستین بە ئینسافەوە، ئێمـە دڵمـان و سـینگمان فراوانـە، دڵمـان کراوەیـە بـۆ هـەموو ڕەخنەیەك، ڕەخنەیەکی بەننا کە دروستمان بکات، بمانهێنێتە سەر ڕێگای ڕاسـت، زۆر پێمـان خۆشـە، بـەلاَم ڕەخنەیەك کە هەوڵ بدات بتشکێنێتەوە بەبێ بنەما، بۆیە واجیبی هەمووومانە، هەموو پەرلـەمانتارێك کـە زۆر بە ئینسافەوە دیفاعی لێ بکەن، یەك لەوانـە باسـی پشـوو دەکرێـت، کـە پەرلـەمانی کوردسـتان دائیمـەن سـاڵی دوو وەخـتی هەیـەو دەرگاکـانی دادەخـات، ئاگایـان لـە هـیچ کارێـك نییـە، حەقـە ئەمـە روون بـێتن، حەقیقەت لە دەستوور هەیە، لە دەستووری عێراق، ئێمـە جوزئێکین لـە دەوڵـەتی عێـراق، پەرلـەمان سـاڵی دوو کاتی پشووی هەیە، ئەویش بە دەستوور دەست نیشان کراوەو، لە گشت پەرلەمانەکانی دنیا هەیە، هیچ پەرلەمانێك نییە کە پشووی نەبێتن، لەو پشووەش هەم پەرلـەمانتار سـوودی لێ دەبینێـت، هـەم حکومـەت، هەم پەرلەمان خۆشی ئامادە دەکات، ئامادەکاریەکی باشیشە، ئێستا ئەو کۆمەڵـە پـڕۆژەی کـە لەبـەر دەسـتی ئێوەی بەڕێزە کە تاوتوێ بکرێت، بڕیـاری لێ بـدرێت، ڕاپۆرتـەکان ئامـادە بکرێـت، بێتـەوە بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلـەمان، لەبەرنامـەی کـار دابنـێن، کـە خولەکـەمان دەسـتی پـێ کـرد، ئـەوجا پـێش چـاومان ڕوونـە، لـە وەختێکی قیاسی ئەو شتانەی لەبەر دەستە ئەنجامی بـداتن، بۆیـە ئـەو پشـووە مانـای ئـەوە نییـە تـۆ دەرگـا دادەخەی، ئەندامێکی پەرلەمان، ئەگەر ئیشێکی هەبوو لە شوێنێك، عینوان و تەلـەفۆنی خـۆی دانـا، لەهـەر دەقەو ساتێك کە پێویستی پێی بێت دەبێت لە پەرلەمان بێت، ئینجا لیژنـەکانیش دەوامـی خۆیـان دەکـەن، مانای ئەوە نییە هیچ لیژنەیەك کـار ناکـات، ئـەو وەختـە تـەنها جەلسـاتی ڕەسمـی نییـە، جەلسـاتی فـەرمی

دانیشتنی ناو ئەم هۆڵە لەو کاتە نابێت، بەخۆ داچوونەوەیەکە بۆ حازر بوون بۆ پرۆژەکان، بۆ چاککردنی ئەو نەواقسانەی هەیە، بۆ ئەوەی متابەعەیەکی تری باشتر لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بۆ ئیش وکاری حکومەت، دەتوانی ئەوجا کارەکان بەباشی و بە ڕێکو پێکتر بەرەو پێش ببەیت، خاڵێکی تر، زۆر باسی ئیعلام دەکرێت، بە گرنگم زانی لێرە باسی بکەین، ئێمە پێشانیش گوتوومانە لای یەکە یەکەی ئێوەش، ئەوانەی کە دانیشتنمان لەگەڵیان کردووە، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە لە میزانیە خۆتان دەنگتان بۆی داوە، ئیمکانیەك لەبەر دەستە بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان کارا بکەین، باش بکەین و، شوێنیش دابنێین بۆ ڕاگەیاندنەکانی تر کە بێن بتوانن، بەلاّم بۆ ناو قاعەی پەرلەمان هیچ ڕاگەیاندنێك لە غەیری ڕاگەیاندنی پەرلەمان ناهێڵین بێنە ناو قاعەکەو بەکەیفی خۆیان ئیزعاجی ئێوەی پەرلەمانتار بکەن، بەلاّم شوێنێك لەناو پەرلەمان دروست دەکەین، کە ئەو شتانەی لێرەوە ئەنجام دەدرێت، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەو بەڕێزانە بتوانن لە شوێنێکی ترەوە هەم ببینن، هەم تەصویریشی بکەن، باس دەکرێت کە بەپێی نیزام پەرلەمان دەبێت دانیشتنەکانی مەفتوح بێت، دانیشتنی مەفتوح مانای ئەوە نییە، ڕاگەیاندنی هەموو لایەك بێتە ناو قاعەکە، ئەوە مانای ئەو کراوەیە نییە، شوێنی میوان هەیە، خەڵك لەسەرەوە دادەنیشێتن، ڕۆژنامەنووس و ئیعلامیش دەتوانن لەسەرەوە بێن دابنیشن، گوێ بگرن، سەیر بکەن، شت بنووسن، ئەوە کراوەیە، بەلاّم بۆ ڕاگەیاندنی لایەنەکان، من تەمەنا دەکەم ڕێزم بۆ ئیعلام هەیە، ئیعلامیش زۆر گرنگە بۆ ئەوەی حەقیقەتەکان بگەیەنێتە میللەتی ئێمە، تەمەنا دەکەین و داواش لە حزبەکان دەکەین ڕاگەیاندنەکانی خۆیان، بەردەستیان، ناویان بنێن بە ڕاگەیاندنی ئەو لایەنە سیاسییە، هەموو ڕاگەیاندێك لایەنێکی سیاسیەو ناویشی لێ دەنێن ئەوە بێ لایەنە، یەعنی ئیزدیواجیەتێك دەبێت، هەمووشتان دەزانن، ئێمەش دەزانین، خەڵکی کوردستانیش دەزانێت، باشترە ئەو ڕاگەیاندنەی هی هەر لایەنێکی سیاسییە، ڕێزم بۆ گشت لایەنە سیاسیەکان هەیە، بڵێن ئەمە ڕاگەیاندنی ئەم حزبەیە (س من الاحزاب)، زۆر خۆشترە، بەلاّم بڵێت بێ لایەنەو بێتە ناو قاعەی پەرلەمان، مومکین نییە، هەتا ڕاگەیاندنی تریش ناهێڵین بێتە ناو قاعە، ناو قاعە دەبێت ڕاگەیاندنی پەرلەمان بە ڕێکو پێکی هەبێت، بتوانێت ئەوەی لێرە دەبێت، ئەوەی ئێوە دەتانەوێت بگەیەندرێتە گشت ڕاگەیاندنەکانی تریش، پاشان باس لەوە دەکرێت زۆر جار ڕاگەیاندنەکان وەکو خۆی دەرناچێت، ئێمە دوای ئێستا لێرە تەواو دەبێتن، ئەو سیدیانە دەدرێتە ئەو ڕاگەیاندنانەی کە بیانەوێت پێیان دەدرێت، یەعنی لە کەس ناشاردرێتەوە، بۆیە ئێمە ڕێزمان بۆ ڕاگەیاندن هەیە، دەمانەوێت پەرلەمان وەك پەرلەمانەکانی تری دنیا کاری خۆی بکات، زۆر خوشك و برا هەیە دەڵێت میسالێك وەردەگرین بۆ ئەو جێگەیەو ئەوە دەکات، ئێمە با میسالی باش وەربگرین، بمانەوێت ببینە پەرلەمانێکی کارا سوود لە تەجروبەی خەڵکی کە هەیانە باشترە وەربگرین، بۆ ئەوەی ئێمەش بچینە ریزی خەڵکەکانەوە، هەرچەند هێشتا زۆرمان ماوە، بەلاّم ڕێگەمان گرتووە، تەماناش دەکەین تێدا سەرکەوتوو بین.

کێشەیەکی تر هەیە، موشکیلەی سەیارە زۆر هاتە پێشەوە، ئەو ئیشەی کە ئێمە کردمان واجیبی ئێمەیە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ گشت ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە، دابینی وەسیلەی نەقل بکەین، کە بتوانن پێی هاتوو چۆ بکەن، وەکو پەرلەمانەکانی خەڵکی تریش، ئەوروپا نموزەجێکی باشە، پەرلەمانتار لەوێ چوار ساڵ دەتوانێتن بە کەیفی خۆی بە پاس، بە ڤیتار، بە میترۆ هاتووچۆ بکات، بەبێ ئەوەی ئەوە بکاتن مەسرەف بداتن، سەیارەی خۆشی هەبێتن، لە هەندێك وڵات حکومەت، یان پەرلەمان مەساریفەکەی دەداتن، کە ئەویش مەسرەفێکی زۆرە، هەروەها دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون، سەکەن، ئەمیش بۆ ئەوە نییە، کە تۆ ماڵی میللەت ببەیت، بۆ ئەوەی ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزە بتوانێت بە ئاسانی ئیش و کاری خۆی ئەنجام بداتن، بتوانێت هاتووچۆی بکات، بتوانێت ماڵی هەبێت، موحتاجی بە جۆرێك نەبێت، موحتاجی دەسەڵاتی تەنفیزی نەبێت لەو فەترەیە، بتوانێت بەکارەکانیشی بگاتن، زۆریش لە رۆژنامەکان هەندێك شت بڵاو دەکەنەوە ناعەدالەتیەکی پێوە دیارە، مەسەلەن ئەمڕۆ شتێك بڵاو کرایەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە، رەسمیشیان داناوە، وابزانم رووداو بوو، ئەسڵەن مەعلوماتەکە غەڵەتە، دووش/ ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی بەڕێز، کە لێرەن هەمووتان حەقی خۆتانە ئەو مافەتان هەبێت، بەو ئوسولەی کە ئێمە ئەنجامماندا، چونکە حیساباتێکمان کرد، راستە حەقە، ئینسان ئیقتیصادی بێت، ئێمە حیساباتێکمان کرد، جەدوەلیشمان هەیە لەسەر سایتەکەش دادەنێین، دەیبینن هەموو بە رێکی، ئەگەر بەم شێوەیە بوایە چەند مەسرەفمان لە پەرلەمان تێ دەچوو؟ ئەگەر بەشێوەکەی تر بوایە چەندی تێ دەچوو؟ راوێژکاری ئیقتیصادی لەگەڵمان کە ئیش دەکەن پرسمان پێیان کرد، تاخیرمان کرد، دیتمان ئەمە باشترین حەلەو کەمترین مەسرەفی دەکەوێتە سەر پەرلەمان، بۆیە بەو شێوەیەمان کرد، شێوەکەی ترمان حیساب کرد مەساریفی دوو قاتی تێ دەچوو، یان سێ قاتی زیاتر تێ دەچوو لەوەی کە ئێستا کردوومانە، ئەندامی پەرلەمانیش ئازادە، پێویستە موشکیلەی هاتووچۆی نەبێت، بەڵام ئازادیشە وەری نەگرێت، نەڵێت حەقم نییە، حەقیەتی و حەقتە وەر بگریت، حەقیشتە وەریشی نەگریت، دەتوانیت بڵێی من پێویستیم پێی نییە، چونکە وەسیلەی نەقلم هەیە، لەبەر ئەوە وەری ناگرم.

نامەوێت ناوی کەس بێنم، باسی خۆم دەکەم، ئەمڕۆ لە رۆژنامە نووسیانە کە قەسەمیشی خواردووە، بەسی وەریشی گرتووە، بەس وا نییە، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوە، من یەکێکم لەوانە کە لە وەختی ئیمزا کردنی وەسلەکە نووسیم لەبەر ئەوەی هەمە، من پێویستیم پێ نییە، بەڵام موحاوەلەیەك هەیە، ئینجا عەفەوی بێت، یان عەمدی بێت، بە هەر شێوەیەك بێت خەڵكێك موحاوەلە دەکات تەشهیرت پێ بکات، تۆ وەك سەرۆکایەتی، یان وەك ئەندامی پەرلەمان، یان وەك ئەندامی پەرلەمانی کوردستان باش نییە، من دووبارەی دەکەمەوە ئەو سەیارەیە مافی هەر یەکێك لە ئێوەی بەڕێزە، هی هەمووتانە، بە رێگایەکی یاسایی کراوە، بۆ تەسهیلاتی ئیش وکارەکانتان، ئەوەی کە دڵی بسووتێ و بڵێت من دەمەوێت بۆ پەرلەمان بمێنێت، خولەکەی تەواو کرد، دەتوانێت دووبارە پێشکەشی بکات، بیکاتە هەدیە بڵێت من دەیدەمەوە پەرلەمانی کوردستان، ئێمەش سوپاسی دەکەین لێی وەردەگرینەوە.

بەنیسبەت هەڵوێستی پەرلەمان، ئێمە لە زۆر موناسەبات هەڵوێستمان هەبووە، یەعنی ئەوە نەبووە پەرلەمان خەوت بێتن، لە هەموو موناسەبەیەکی حەساس مەسی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانی کردووە، پەرلەمان لێی هاتۆتە جواب، مەسەلەن لە قانونی هەڵبژاردن، لێرە شاندێکمان پێك هێنا، لێرە هەڵوێستمان هەبوو، موداخەلەمان کردو جەلسەمان کرد، چووینە بەغدا وەعدمان وەرگرت و گەیاندمانە سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بکەوێتە تەلەفۆن و تەلەفۆنکاری، ئینجا وەعدمان وەرگرت، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان راستی نەکرد، یەعنی بە حەقیقەت ئەو وەعدانەی دای، ئێستاش هەوڵ دەدات بێت لە جەلسەیەك لێرە قسە بکات، مەجالمان پێ نەدا، گوتمان چونکە ئەو وەعدە رەسمیەی دات پشتگوێت خست، لەبەر ئەوە پەرلەمان هەڵویستی هەبووە، ئینجا لە 6/ ئازار دابوو رۆژی ئیتیفاقیەی جەزائیر کە هەڵبژاردنی نیشتمانی لە عێراق بکرێت، وەفدی پەرلەمانی کوردستان رەفزی کرد، باش ئاگاتان لێیە، راستە رۆژەکەی گۆڕا، بەلاَم بەلایەنی کەم نەمانهێشت لەو رۆژە کە لە تاریخی میللەتەکەمان رۆژێکی تاریك و نا لەبارە، نەمانهێشت ئەو رۆژە ببێتن.

بەنیسبەت تۆپبارانەکان، هەم لەسەرۆکایەتی پەرلەمان، هەم لە سەرۆکایەتی لیژنەکان، هەم لەناو پەرلەمان هەڵوێست بەردەوام هەبووە، ئیدانە کردنی تیرۆر کردنی رۆژنامەنووس خوا لێخۆش بوو سەردەشت، هەڵوێستمان هەبووە لەبەرامبەری، ئێستاش موتابەعەی دەکەین، زۆر بە وردیش موتابەعەی دەکەین، بەلاَم تۆ هەموو شتێك کە رۆژانە دەیکەیت، ناتوانیت بیخەیتە سەر ئیعلام و جەریدەو رۆژنامەکان بلێین ئەمەم کرد، ئەوها رۆیی، گەیشتە ئەوێ، لەوێ نییە، بەلاَم موتابەعەیەکی دەقیقی بۆ هەیە، ئومێدیشمان ئەوەیە کە دەرکەوێت، حەقیقەتەکە دەرکەوێت، بۆ ئەوەی لە خەڵکی کوردستان بزر نەبێت.

هەڵوێست لە مەسائیلی تری ناوخۆ، کە مەسائیلی سیاسی پێوە بوو، زۆر هەڵوێستێکی بەقوەتمان هەبوو، وەعدیش درا کە ئەوەش چاك بکرێت، بەشێکی چاك کراوە، بەشەکەی تریشی لە رێگایە، ئێستا بەرەو چاك بوون دەچێت، پەرلەمانی کوردستان هەموو تاقەتی خستۆتە کار، بۆ ئەوەی یەك هەڵوێستی لەناو هەرێمدا هەبێت، بۆ ئەوەی گشت لایەنە سیاسیەکان پێکەوە خۆیان بە خاوەنی کوردستان بزانن، خۆیان بە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتەکە بزانن، خۆیان بە خاوەنی ئەم ئەزموونەی هەمانە، کە خاوەنی بەحرێکی خوێنە بزانێت، ئومێدەواریشین کە سەرکەوتوو دەبین، چونکە دڵسۆزانی میللەت گەلێك زۆرترن لەوەی دەستێکی لەملایە، لەولایە بیەوێتن نارەحەتیەك، یان دڵ ساردییەك دروست بکاتن، بە ئومێدی خواو پشتیوانی میللەتەکەمان و ئێوەی بەرێز سەرکەوتوو دەبین لەسەر هەموو کۆسپێك کە دابنرێتن، یان موحاوەلە بکرێتن زوڵم لەم کەس، یان لەو کەس، یان لەو حزب، یان لەوی تر بکرێت، ئیشیشمان بۆ ئەوەیە گشت لایەنە سیاسیەکان بە دڵنیاییەوە لە هەرێمی کوردستان مورتاح بن، بۆ ئەوەی بتوانین مەکسەبەکانی ترمان لە دەستی لایەنی تردا لەناو عێراقدا تەحقیق بکەین، نامەوێت هەموو ئەو هەڵوێستانە زۆرن لێرە باسی بکەین، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم پەرلەمانی کوردستان بە دەوری خۆی هەڵستاوە، ساڵی یەکەم بوو، زۆربەی هەرە زۆری ئێوەی بەرێزیش تازە بوون، ئەزموونێکی تازە بوو، پێویستە ئینسان زیاتر خۆی حازر بکات، زیاتر بخوێنێتن، زیاتر خۆی فێر بکاتن، بۆ ئەوەی تەجروبەکەی باشترو سەرکەوتووتر بێت.

بەنیسبەت ئەم عوتلەی کە ئێستا لە پێشمانە، تەمەنا دەکەم ئێوەی بەرێز ئەو پرۆژە یاسایانەی لەبەر دەستە بەجوانی دیراسەت بکرێت و هەوڵ بدەن لەناو لیژنەکان موناقەشەیەکی تێرو تەسەل بکرێت، فراکسیۆنەکان ئیش و کاری خۆیان بە رێك و پێکی بکەن، بۆ ئەوەی کە دەورەکەمان دەستی پێ کردەوە حازرییەکی تەواو هەبێتن و گفتوگۆیەکان لە لیژنەکان بکرێت، ئینجا رەئی موخالیف و موقابیل چەند رێزدارێك روون کردنەوەی بۆ بدات و لەسەری قسە بکات، ئەمڕۆ

2010/6/30یە بەپێی نیزامی ناوخۆی خۆمانەوە، بەپێی دەستووری عێراقیش، کە پەرلەمان دوو دەورەی هەیە لە ساڵی، دوو پشووشی هەیە، کۆتایی دێنین بە خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، تەمەنای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین، ئومێدەوارین ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی کە متمانەی خەڵکی کوردستانیان وەرگرتووە لەگشت فراکسیۆنەکان، لەگشت لایەنەکان بە خۆشی و بە رێك و پێکی بەڕێوەی ببەن، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بايز اسماعيل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |